# نووسینەکانم
# لە بواری رەخنە و لێکۆڵینەوەدا

كۆی بەرهەمەكانی

**حسەین عارف**

**٦**

# نووسینەكانم

# لە بواری رەخنە و لێكۆڵینەوەدا

وتار و لێكۆڵینەوە

دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی كوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حسەین عارف
نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا – وتار و لێکۆڵینەوە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٤٤
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٣٦٣ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: نساران بورهان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

# وتەیەك

خوێنەری بەڕێزم..

ناوەڕۆکی ئەم کتێبەی بەردەستت، بریتییە لە زۆربەی ئەو نووسینانەی، کە شەقڵی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییان پێوەیە و، بەدرێژاییی ساڵانێك و لە سەردەمانێکی جیاجیادا نووسیومن و، لە ڕۆژنامە و کۆڤارەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە.

بێگومان زۆرێکیان بۆ ڕۆژگاری ئێستامان، بایەخێکی پراکتیکیی ئەوتۆیان نەماوە و گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە و، بیروڕا و بۆچوونی نوێیان تێدا لە ئارادایە، کە گەلێ مشتومڕ و دەمەتەقێیان لەلایەن ڕەخنەگران و توێژەرانەوە لێ دەوەشێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا، لە بایەخی مێژوویی خۆیان لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیماندا بێبەش نین و، دڵنیام کە بۆ ئەو بەڕێزەی بۆ لەمەودوا لێی دەکۆڵێتەوە و بەتایبەتی لە ڕووی مێژووییەوە، سوودی زۆریان بۆی دەبێ. سا وا تێ دەگەم کە چاپکردنی کتێبەکە ئەگەر بەتەنیا ئەم ئامانجەش بەدی بێنێ، ئەوا کارێکی باش و بەجێیە و کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ دەکاتەوە.

وەکی تر پێویستە ئەوەش بڵێم کە تەنیا لە ڕووی زمانەوە، بەهەردوو باری یەکخستنی ڕێنووس و جوانکردنی داڕشتندا، یا لابردنی دەستەواژەیەك یا دێرێك لەملا یا لەولا و یا زیادکردنیان، سووکەدەسکارییەکم کردوون. دەنا لە مانا و مەغزا و لە بیر و بۆچووندا، واتە لە ناوەڕۆکدا بەگشتی دەسکاریم نەکردوون، با تەنانەت لەگەڵ باری سەرنجی ئێستاشمدا نەگونجێن و، ئەمیش هەر لەبەر بایەخە مێژووییەکەیان.

هیوادارم سوودێکم گەیاندبێ.

ح. ع

مایسی ٢٠٠٢

## قوتابخانەی شیعری تازە

هەرکە شیعرەکەی کاك (نووری وەشتی)م، لە (ژین)ی ژمارە (١٢٧٤)دا بەناونیشانی (چۆن گەنجێکم)ەوە بەرچاو کەوت، هەستم بە بەختیاری کرد و گەشکە گرتمی.. بۆچی؟. وا بەکورتی باسی دەکەم:

لەم چەند ساڵی دواییەدا، بەپێگەیشتن و هاتنە بەرمەیدانی تاقمێك شاعیری خاوەن بەهرە، قوتابخانەیەکی تازە لە شیعری عەرەبیدا پێکهات و، ئەم قوتابخانەیە لە ریزی شیعری عەرەبیدا جێگەی خۆی گرت و، بگرە جێگەی بەشیعری کۆن لێژ کرد. مەبەستی ئەم قوتابخانەیە، رزگارکردنی شیعرە لە کۆت و زنجیری وەزن بەگشتی و، لە قافیەش لە هەندێ جاردا. یانی لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیەش دوو بەشن، هەرچەندە کە ئامانج و ئاواتیان یەکێکە. یەکەمیان خۆیان تەنیا لە وەزن رزگار کردووە، لە کاتێکدا کە قافیە دەهێڵنەوە. بەڵام دووەمیان خۆیان بەتەواوی لە وەزن و لە قافیەش رزگار کردووە. مەبەستیش لەم رزگاربوونە، بایەخدانە بەمانای شیعرەکە زیاتر لە شێوەکەی. واتە زیاتر لە رازاندنەوەی بەوشەی تامدار و ئاوازدار، چونکە وەزن و قافیە دەبنە هۆی لەناوچوونی ئەو مانایەی، کە شاعیرەکە دەیەوێ دەری ببڕێ.

ئینجا ئەگەر کەمێ لە بەرهەمی شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە ورد ببینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو لەو شاعیرانەن، کە باوەڕیان بە (هونەر بۆ کۆمەڵ – **الفن للمجتمع**) هەیە. یانی باوەڕیان وایە کە هونەریش ئەرکێکی بەرامبەر بەکۆمەڵ لەسەر شانە و دەبێ جێبەجێی بکا. هەروەکو لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە، هەست دەکەن کە بەرامبەر بە کۆمەڵەکەیان، لە رووی پێشخستنیەوە بەرەو شارستانێتی، شان بەشانی گەلە پێشکەوتووەکانی جیهان بەرپرسیارن.

بەڵێ.. شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە لەو شاعیرانەن، کە لە ناوجەرگەی میللەتەکەیانەوە هەڵقووڵاون و، ئاگەداری دەرد و مەینەتییەکانین. هەر لەبەر ئەمەشە کە دەبێ دەرد و مەینەتییەکانی بخەنە سەر کاغەز و، ئێش و ئازارەکانی بخەنە بەرچاو و چارەسەری بکەن، نەك لەسەر بەرزەخێکی بڵند دابنیشن و، بە چاوێلکەیەکی رەش سەیری چوارلای خۆیان بکەن و، بەپێی حەز و ئارەزوویان بەچەشنی ئەوانەی دەڵێن: (هونەر بۆ هونەرە – **الفن للفن**) بنووسن. نووسەر پێویستە باسی نووسینەکانی، لە

ناوجەرگەی کۆمەڵەکەیەوە دەربهێنێ و گیانی بەبەردا بکا. کەوابوو رزگاربوون لە وەزن و قافیە، ڕێگا بۆ ئەو شاعیرانە خۆش دەکا بەئاسانی بەو ئامانجە بگەن، کە لە شیعرەکانیاندا بۆی دەچن و، بەم جۆرەش دەتوانن ئەو بیروباوەڕەی لە مێشکیاندا گێژ دەخوا، بێ کەمکووڕی بیخەنە سەر کاغەز و، لە ئەنجامیدا ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ بهێنن.

ئێستا بابێینەوە سەر شاعیرانی کورد و دەڵێم: داخی گرانم کە هەتا ئێستاش روویان لەم جۆرە شیعرە نەکردووە، بەتایبەتی توێژە تازەپێگەیشتووەکەیان، کە پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی رادەی شیعری کوردییان کەوتووەتە سەرشان. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم: پارچە شیعرەکەی کاک (وەشتی)، سەرەتای دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیەیە لە شیعری کوردیدا. هەروەکو دەتوانین بڵێین کە بەر لە کاک وەشتی، مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)یش لە (بەرەو ڕووناکی)دا بۆی چووە. بەهەرحاڵ بۆیە لە سەرەتادا وتم: کاتێ شیعرەکەی کاک وەشتیم خوێندەوە گەشکە گرتمی، چونکە بۆم دەرکەوت کە بناغەی ئەم قوتابخانەیە لە شیعری کوردیدا لە دامەزراندندایە.

رۆژنامەی ژین – ژ/١٢٧٧ – ١٩٥٥/١٢/١٥

بەناوی (محمد صدیق عارف)ەوە

## رەخنەی ئەدەبی

رەخنەگرەکان دوو بەشن. بەشێکیان دەڵێن: رەخنە تا بەتوندی بگیرێ، بازاڕی ئەدەب گەرمتر و بەجۆشتر دەکا و، سوودی زیاتر بە رەخنە لێگیراو دەگەیەنێ، چونکە هانی دەدا کە هەوڵ و کۆششی باشتر لە نووسیندا بدا. بەشەکەی تریان بە پێچەوانەوە دەڵێن: پێویستە بە گیانێکی پاك و زمانێکی شیرین و مەبەستێکی بێگەردەوە بێ و، هەستی رەخنە لێگیراو بریندار نەکا.

ئێستا بابزانین مەبەست لە رەخنەگرتن چییە؟. مەبەست راستکردنەوەی ئەو هەڵانەیە، کە رەخنە لێگیراو تێیان کەوتووە، وەك بیروڕای چەوت و کەموکووڕی و دەرخستنی باری چاکی و خراپیی نووسینەکە. ئەمەش بە: یەکەم: تا ئەو نووسەرە رازی بکرێ کە جارێکی تر نەکەوێتە ئەو هەڵانەوە. دووەم: روونکردنەوەی هەڵەکان بۆ خوێنەران. سێیەمیش: لەبەرئەوەیە کە رەخنەگرتن یەکێکە لە هۆیەکانی پێشخستنی

چۆن پێك دەهێنیٚ؟!.

دوو شت هەن کار دەکەنە سەر نووسەر و نووسینەکانی. یەکەمیان: ژیانی سەرزاری کە مەبەست ژیانی رۆژانەیەتی، بەگشت کارەسات و بەسەرهات و بەیەکدادانێکیانەوە. دووەمیشیان: ژیانی ناوخۆیەتی کە باس لە ناخی دڵ و دەروونی تایبەتیی ئەو دەکا. واتە هۆش (عقل) دەوری بینین و وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە دەگێریٚ و، هەست (شعور) دەوری وەرگرتن و گەیاندنی ئەو بینراوانە بە دڵ و دەروون. هەر نووسەرێك کاتیٚ دەنووسیٚ، دەبیٚ پێشەکی رێگەی بۆ خۆش کردبیٚ و بناغەی دارِشتبیٚ و، گەیشتبێتە رادەی پێگەیشتن. یانی چاو و بیر و هۆشی دیمەنێکی وەرگرتبیٚ، کە هەست و ئارەزووی جووڵاندن بیٚ و، ئینجا لە بۆتەی دەروونیدا توابێتەوە، دوای وردکردنەوە و پوختکردنی دایبرِێژێتە چوارچێوەیەکی هونەریی رازاوەوە. بەم جۆرە سەرلەنویٚ لە قاڵبێکی ئەدەبیی کاریگەردا دەری دەبرِێتەوە. واتە هونەر لە ئەنجامی وەرگرتنێکی هۆشی (عقلي) و دانەوەیەکی دەروونیدا پێك دیٚ.

ئینجا رادەی بەرزی و نزمیی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، بەم پێیە دەپێوریٚ. ئەو نووسینەی لە دەروونێکی گەرم و بەتین و راستگۆوە دێتە دەرەوە، کاریگەر و پتەوە و شێوەی نووسینی (أسلوب)، شیرین و رازاوە و یەکگرتوو دەردەچیٚ و، وەك موگناتیس لە کاتی خوێندنەوەیدا، خوێنەر بەلای خۆیدا رادەکێشیٚ. بەڵام ئەگەر نووسەرێك ئەوەی دەیبینیٚ، تەنیا بەو جۆرە بیخاتە سەر کاغەز کە دەیبینیٚ و، لە بۆتەی دەروونیدا نەیتوێنێتەوە و خۆشەی نەکا و، لە چوارچێوەیەکی هونەریی رازاوەدا داینەرِێژێتەوە، بێگومان وشك و بیٚ تام و چێژ دەردەچیٚ. ئەدەبی روودراو (واقعي) ئەوە نییە کە هەرچی دەبینیت هەر بەو جۆرە بینووسیت، وەکو هێندێك تێی گەیشتوون. نەخێر.. ئەمە شێواندنی ئەدەبی واقیعییە. باری هونەریی ئەدەب نابیٚ پشتگویٚ بخریٚ. دەبینیت نووسەرێك چیرۆکێك دەنووسیٚ و هەرچەندە باسەکەی لاوازە، بەڵام لە شێوەی نووسین و هۆنینەوەیدا تا بڵێیت کاریگەر و بەپێزە. بەپێچەوانەشەوە یەکێکی تر باسی چیرۆکەکەی تا بڵێیت بەرز و بەهێزە، بەڵام لە شێوەی نووسینیدا وشك و کز و لاوازە.

هۆی ئەمە چییە؟!. هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەویان لە دەروونێکی قووڵ و بەجۆشەوە هاتووەتە دەرەوە بۆیە گیانی بەبەر ئەو باسە لاوازەدا کردووە و، ئەمیان لە دەروونێکی ساردوسرِەوەیە، یانی ئەوەی دیبووی وەك خۆی نووسیبووی، بۆیە لاواز و پەرپووت دەرچووبوو، هەرچەندە باسەکەشی بەهێز بوو. بەم جۆرە پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان

ئەدەب و، وەك سووتەمەنی گڕی خۆش دەکا. کەوابوو ئەدەب بێ رەخنەگرتن، وەك ئاگردانی بێ ئاگر وایە.

جا ئەگەر بەڕاستی مەبەستمان لە رەخنەگرتن ئەم ئامانجە بێ، بێگومان دەبێ بەنیازێکی پاك و، بەزمانێکی شیرین و، بەدڵێکی فراوان و گیانێکی دوور لە دوژمنایەتی و رق و کینەوە، یا دوور لە پەستی و تۆڵەسەندن و خۆنیشاندانەوە بەکار بهێنرێ، نەك بە سەختی و تووڕەیی و بەکارهێنانی وشەی رەقی ئەوتۆ، کە هەندێ جار لە دەستدانە یەخەی یەکتری نزیك دەبێتەوە. ئەوسا رەخنەگرتنەکە دەبێتە شەڕەدەنووك و دووبەرەکی و رقەبەرایەتی و، هەریەکەیان سەروپۆتەلاکی ئەوی تر دەکوتێتەوە، تا وەك درەختی بێ گەڵا و لقوپۆپیان لێ دێ. ئەم جۆرە رەخنەیە وەك ئاوێکە و بڕژێتە سەر گڕی ئاگرێك و دایمرکێنێتەوە، نەك سووتەمەنییەك و کڵپە و بڵێسەی زیاتر لێ بەرز بکاتەوە. لەلایەکی ترەوە رەخنەگرتنی توندوتیژ، هەرگیز لەگەڵ ئەدەبەکەی ئێمەدا رێك ناکەوێ، چونکە (سەبارەت بەئەدەبی تازەمان) لە سەرەتای جووڵانەوەدایە و پەروەردەکردن و هاندانی، پێویستە شان بەشانی بەکارهێنانی رەخنەی لەسەرخۆ و پاکوخاوێن بێ، کە ئامانجی راستکردنەوەی هەڵە و هاندان و ئامۆژگاریکردن بێ. بەڵام لام وایە بەهەڵە ناچم ئەگەر بڵێم: هێشتا باری رەخنەگرتن لە ئەدەبەکەماندا ساوایە و، هەر لەبەر ئەوەشە کە دەڵێم: پەروەردەکردنی زۆر پێویستە، تا دەوری بالای لە پێشخستن و پەرەپێدانی ئەدەبەکەماندا ببینێ.

رۆژنامەی ژین – ژ/١٢٩٦ – ١٩٥٦/٥/١٠
بەناوی (محمد صدیق عارف)ەوە

## نووسەر چۆن دەنووسێ؟

نووسین چ هەڵبەست بێ چ پەخشان، هێندە ئاسان نییە وەك دێتە پێش چاوی خوێنەران. ئەو نووسینەی ئەمان بەچەند سەعاتێك لە خوێندنەوەی دەبنەوە، نووسەرەکەی ماوەیەکی زۆر پێوەی خەریك بووە. رەنجی لەگەڵدا داوە و ماندوو بووە. بە هێزی مێشك و دڵی، بەکڵپە و بڵێسەی دەروونی، بە ئێش و ئازاری گیانی پێکی هێناوە. ئەو پیت و وشانەی کە ئێمە سووك و ئاسان بەسەریاندا رادەبوورین، ئەو بەهەڵپچڕین لە دڵ و دەروونی خۆیانی هەڵپچڕیون و، ئینجا بەنووکی قەڵەم خستوونێتە سەر کاغەز. جا بابزانین ئەو نووسەرە چۆن دەنووسێ و نووسینەکەی

ژیانی سەرزاریی نووسەر و ناوەخۆیدا هەیە و، هیچیشیان بەتەنیا ئامانج ناپێکێ، ئەگەر یەك بەوی ترەوە بەند نەبێ و لە کاتی نووسیندا، لەگەڵ یەکتردا نەگونجێن.

لەلایەکی ترەوە، نووسەر پێویستە وریا و ئاگەدار بێ، کە جڵەو بۆ هەست و دەروون بەرنەدا و دوای ئارەزووی قەڵەم نەکەوێ، بەڵکو قەڵەم پێویستە بخرێتە ژێر چاودێریی مێشك و هۆشەوە، چونکە زۆرجار هەست و دەروون لە ڕادە دەردەچن و، لە واقیع دوور دەکەونەوە و، لە ژیان و کۆمەڵ جیا دەبنەوە، وەك چۆن ئەمە بەسەر نووسەرە ڕۆمانتیکییەکاندا دێ!.

ڕۆژنامەی ژین – ژ/١٣٠٥ – ١٩٥٦/٧/١٩

بەناوی (محمد صدیق عارف)ەوە

## هەڵبەست یا چیرۆك

ئاخۆ کامیان پەسندترە، هەڵبەست یا چیرۆك؟!. ئەم پرسیارە بووەتە مایەی لێکۆڵینەوە و مشتومڕێکی زۆر، لە نێوان شاعیران و نووسەراندا. هەندێك هەڵبەست بە پەسندتر و، هەندێك چیرۆك بەپەسندتر دادەنێن. جا ئاخۆ کام لایان ڕاستە و لەبەر چی؟!. جۆرج سیمینۆن کە نووسەرێکی بەناوبانگی بەلجیکییە دەڵێ: ئێمە ئێستا لە ئەدەبدا بەرەو سەردەمی چیرۆك دەچین، سەردەمێك کە چیرۆك لە ئەدەبدا دەبێتە سەرقافڵە و، هیچ بابەتێکی تری ئەدەب ناتوانێ شان لە شانی بدا. جا بەڕاستی ئەم باوەڕەی جۆرج سیمینۆن، ئێستا بە تەواوی ڕوون بووەتەوە و بەدی هاتووە. چونکە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، چیرۆك کەوتە زاڵبوون بەسەر جۆرەکانی تری ئەدەبدا وەك: هەڵبەست و وتار و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و، تەنانەت خۆی بەسەر زۆرێك لە زانا و فەیلەسووفەکانیشدا سەپاند، دوای بێزاربوونیان لە تێگەیاندنی خوێنەرانی سەدەی بیستەم، بەو جۆرە ڕێوشوێنە ئاکادیمییە وشکانەی کە لەوەبەر بەکاریان دەهێنا. وەك (جان بۆڵ سارتەر)، کە لە دوو توێی چیرۆکەکانیدا فەلسەفەکە بەخوێنەران ڕادەگەیەنێ.

بەڵام ئاخۆ چییە کە یارمەتیی چیرۆك دەدا، تا ئەو جێگە بڵند و مەزنە لە ڕیزی ئەدەبدا داگیر بکا؟!. یەکەم هۆ ئەوەیە کە چیرۆك وەك هەڵبەست، بەکۆت و زنجیری وەزن و قافیەوە نەبەستراوەتەوە و، گیرۆدەی نەغمە و ئاوازێکی تایبەتی نەبووە. لەبەر

ئەوە ماوەی نووسینی تێدا فراوانە و، نووسەر دەتوانێ پەلی بیر و هۆشی بۆ قووڵاییی گشت باس و خواز و مەبەست و نیازێك بهاوێ و، هەرچییەك لە دڵ و دەروونیدایە دەری ببڕێ و، هیوا و ئاوات و داخوازییەکانی بەئاسانی بخاتە ڕوو. هەروەها چیرۆکنووس چونکە ئازادە و بەری لە بەردەمدا لێ بەرەڵایە، دەتوانێ سەر بەگشت کون و قوژبنێکی ژیاندا بکا و، لە کارەسات و بەسەرهاتی ئەوتۆ بدوێ، کە شاعیر هەرگیز ئەوەی لە توانادا نییە، چونکە شیعر وەك چیرۆك ملی بۆ نادا و، توانای لە ڕووخستنیانی نییە.

لەلایەکی ترەوە، هەڵبەست سەرچاوەکەی دڵ و دەروونە و، چیرۆك بیر و هۆش. ئەو بەرهەمی لێشاوی هەست و سۆزێکی بەجۆشە و، ئەم بەرئەنجامی وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەیەکی قووڵە. بەکورتی ئەو خۆییە (زاتی) و ئەم بابەتی (موضوعی). جگە لەمانەش خوێنەرانی وا هەست دەکەن، کە لە ناوجەرگەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەدا دەژین و، هاوبەشی کەسەکانین لە تاڵی و شیرینی و خۆشی و ناخۆشی و بەختیاری و کەساسییاندا و، لە هەموو گفتوگۆ و جموجۆڵێکیاندا لەگەڵیاندان. کەوابوو چیرۆك لە باسەکەیدا، ئاسۆیەکی زۆر فراوانتر لە شیعر لە خۆ دەگرێ. یانی چیرۆك لە کۆمەڵێك ڕووداو و کارەسات و بەسەرهاتی ژیان پێك دێ، لە کاتێکدا هەڵبەست تەنیا لە یەکێکیان، بەم جۆرە چیرۆك، ڕووی چەوت و نالەبار و رزیوی ژیان و کۆمەڵگە دەردەخا و چاریان دەکا و، لە پەرەپێدان و پێشخستنیاندا بەشدار دەبێ. ئینجا کە ئەم ئامانجە بەدی دێنێ، مانای وایە بەنرخترین ئامانج و بڵندترین مەبەستەکانی ئەدەب و هونەر بەدی دێنێ. نووسەران و هونەرمەندانیش بێگومان، بەپێی ئەو خزمەتە سەربەرز دەبن، کە پێشکێشی ژیان و کۆمەڵ و مرۆڤایەتی دەکەن.

ڕۆژنامەی ژین – ژ/ ١٣٤١ – ١٨/٤/١٩٥٧

بەناوی (محمد صدیق عارف)ەوە

## کورد و شیعری تازە

زۆر باش بوو کە ڕۆژنامەی (خەبات)ی خەباتگێڕ لە لاپەڕە ئەدەبییەکەی ژمارە (٩٦)یدا، دەرگەی لێکۆڵینەوەی لەسەر باسێکی ئەدەبیمان خستە سەرپشت، کە ماوەیەکە بووەتە مایەی لێکۆڵینەوە و لێدوانێکی توندوتیژ، لە نێوان شاعیران و نووسەرانماندا. جا ئەگەرچی ویستراوە بەو وتارەی کاك (هـ) کە لەو ژمارەیەدایە دەرگەکە بکرێتەوە، بەڵام قسەی خۆمان بێ وتارەکە ئەو کلیلە نەبوو کە دەبوو دەرگەکەی پێ بکرێتەوە، بەڵکو چەکوشێکی ئاسنینی قورس بوو بەربووە گیانی پیرەدەرگە!. با بزانین چۆن؟!.

کاك (هـ) نووسیوتە: (ئەو قوتابخانەیەی بە قوتابخانەیەکی تازەی ئەزانن بۆ شیعری کوردی، هەر ئەو قوتابخانەیەیە کە هەزاران ساڵە قوتابخانەی شیعری کوردییە). بەڵێ دەزانم کە لێرەدا مەبەستت شێوەی نووسینە (أسلوب). چونکە هەر دوای ئەوە نووسیوتە: (ئەگەر مەبەست لە جیاوازیی شیعری کۆن و تازە گۆڕینی کێش و قافیە بێت، ئەوا کورد لە پێش سەدان ساڵەوە شیعری وتووە و، هەر لەسەر ئەو کێش و قافیەیەی کە ئەمڕۆ شاعیرەکان شیعری پێ دەنووسن). ئەمە بیروڕاتە لەبارەی شێوەی نووسینی شیعری کوردییەوە، کە گوایە لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا، هیچ نەگۆڕاوە و وەکو خۆیەتی!. ئینجا لەبارەی ماناشەوە نووسیوتە: (خۆ ئەگەر مەبەست لە جیاوازیی شیعری کۆن و تازە – مانا – بێ، ئەوا زۆر شیعری کوردی کە لە پێش سەدان ساڵەوە وتراون، لە رووی ماناوە ئەگەر لەم شیعرانەی ئەمڕۆ بەرزتر نەبن، نزمتریش نین). هەروەها وتووتە: (کەواتە شیعری کوردیی جاران و ئەمڕۆ، هەر ئەوەیە کە بووە و هەیە) و (هیچ کەسێك لەم ڕۆژانەدا نەهاتووە ئینقیلابێك بکات لە شیعری کوردیا). کەچی دوای ئەوە پاشگەز بوویتەتەوە و بەزۆر بێ یا بەخوایشت پێت لەوە ناوە: کە (ئەگەر گۆڕانێك هەبێت لە رووی ئیتیجاهەوە) ئەوا (گۆڕانی ژیان و جیهان پێویستی کردووە). ئەمانە پوختەی بیروباوەڕتن سەبارەت بە باسەکە.

ئینجا ئێستا با ورد ورد لە بیروڕاکانت بدوێین و دەڵێم: کاك (هـ) قەت ناشێ و باوەڕ ناکەم لەگەڵمدا نەبیت، کە بەحوکمی مێژوو ئەوە چەسپیوە و گومانی تێدا نەماوە، کە

کۆمەڵی ئادەمیزاد بەردەوام لە گۆڕان و پێشکەوتندا بووە و دەبێ. واتە هەموو بوارەکانی ژیانی ئادەمیزاد، لە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و زانیاری و هونەری و ئەدەبی، لە گۆڕان و پێشکەوتن ناکەون. بەم پێیە شیعریش کە بەشێکە لە ئەدەب و کە سەرچاوەکەی ئەو ئادەمیزادەیە، هەروەها لە گۆڕان و پێشکەوتندایە. واتە هەردەم لە (ئینقیلاب)دایە و نە من و نە تۆ و نە هیچ هێزێك، چەندە بەدەسەڵات و زەبربەدەستیش بێ، ناتوانێ بیوەستێنێ. ئەگەر وەستاندنی ئەم گۆڕان و پێشکەوتنە لە توانادا بوایە، مرۆڤەکانی سەردەمی شیوعییەتی سەرەتایی، نەیاندەهێشت سەردەمی کۆیلەیەتی دابێ و، خاوەن کۆیلەکان بواریان نەدەدا دەرەبەگایەتی بێتە کایەوە و، دەرەبەگەکان ماوەیان بەپەیدابوونی سەرمایەداری نەدەدا و، سەرمایەدارانیش رێگەیان لە بەرپابوونی سۆشیالیزمی دەگرت.

جا کەوابوو کاك (هـ)، تەنیا ئەم سەرنجە زانستییە چەسپیوە، بەسە بۆ ئەوەی هەموو بیروڕاکانت لە بناغەوە هەڵتەکێن. بەڵام لەبەرئەوەی دەزانم کە تۆ بەمە رازی نابیت، بۆیە دەڵێم: لەگەڵتدام کە وەزنی پەنجە (هیجا) وەزنی نەتەوایەتیی شیعرمانە و، لەگەڵیشتام کە شاعیرەکانی ئێستامان، ئەو وەزنانەیان لە گیرفانی خۆیان دەرنەهێناوە کە بەکاریان دێنن و، وەزنی نەتەوایەتیی باو و باپیرانە. لەگەڵ ئەوەشدا قەت ناشێ بڵێین: وەزن و قافیەی شیعری ئێستامان، لەگەڵ کۆندا هیچ نەگۆڕاون و هەروەکو خۆیانن. ناشێ چونکە:

یەکەم: شیعری کوردی بەگشتی بەپێی سەرنجەکەی پێشوومان، گۆڕاوە و پێشکەوتووە.

دووەم: کە گشت گۆڕدرا، بەشیش (جزء) دەگۆڕدرێ و وەزن و قافیەش دوو بەش (جزء)ن لە کۆی شیعرنووسین.

سێیەم: لە ڕاستیدا گۆڕانی (گشت)، ئەنجامی گۆڕانی (بەشەکان)ە.

ئیتر ئەگەر باوەڕت بەمانە هەیە، کە هەموو سەرنجی زانستییانەن و چەسپیون، ئەوا پێویستمان بەوە نییە درێژە بەباسەکەمان بدەین. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ مەسەلەی (ئینقیلاب) دەڵێم: بەڵێ.. تا ئێستا دەیان ئینقیلاب لە شیعری کوردیدا کراوە و، هەریەکەشیان هەنگاوێك شیعری کوردیی بۆ پێشەوە بردووە. من دەڵێم: حاجی قادری کۆیی، مەولەوی، شێخ نووری، گۆران هەریەکەیان ئینقیلابێکی کردووە و کامەران و دەستەشاعیرە لاوە بەجۆشەکانمان لە دوا ئینقیلابدان و دڵنیاشت دەکەم، کە چەندان

ئینقیلابی تر بەرێوەن و لە هەناوی شیعری کوردیدان.

لەبارەی ماناشەوە کە ئەمەیان لایەنی گرینگتری شیعرە و، کە هەر گۆڕان و ئینقیلابێك لە شێوەی نووسیندا، لە بناغەوە ئەنجامی گۆڕان و ئینقیلابە لە مانادا و، هەردووکیشیان ئەنجامی گۆڕان و ئینقیلابن لە ژیانی گەلدا لە هەموو بوارەکاندا، ئەوا من دەڵێم: خانی و مەولەوی و نالی و عێلی بەگیش کە تۆ بە فەیلەسووفت لە قەڵەم داوە، شیعرەکانیان تا بڵێیت بەرز و بالآن، بەڵام بەپێی پلەی ژیان لە سەردەمی ئەوسای خۆیاندا، نەك بەپێی پلەی ئێستای ئێمە، چونکە شاعیر ئاوێنەی ژیانی سەردەمی خۆیەتی. لەبەر ئەوە من بەپێچەوانەی تۆوە دەڵێم: مانا لە شیعری ئێستاماندا لەگەڵ کۆنماندا، جیاوازییان ئەرز و ئاسمانە.

کاك (هـ) من دەزانم تۆ دەتویست بەو وتارەت، پارێزگاری لە سامانی نەتەوایەتیی شیعرمان بکەیت و، سەری بەرز بکەیتەوە. بەڵام داخی گرانم بێ ئەوەی هەست بەخۆت بکەیت، گوناهت بەرامبەری کردووە کە وتووتە: شیعری کوردیی جاران و ئەمڕۆ، هەر ئەوەیە کە بووە و هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شیعری کوردی لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە و تا ئێستا، نەگۆڕاوە و پێشنەکەوتووە. ئەمە گوناهێکی گەورەیە بەرامبەر بەنەتەوەکەشت، کە من دڵنیام تۆ زۆر بۆی دڵسۆزیت.

ڕۆژنامەی ژین – ژ/١٤٩٢ – ١٩٥٩/١٢/٣

بۆ پێش چاوی چیرۆکنووسەکانمان

## چەند سەرنجێکی سەرەتایی لەبارەی چیرۆکنووسینەوە

ئەمەی دەینووسم، پوختەی بیروڕای زۆر لە نووسەر و ڕەخنەگرە بەناوبانگەکانە و، لە ئەنجامی خوێندنەوەی نووسینەکانیانەوە وەرم گرتووە و بەو نیازەی چیرۆکنووسەکانمان سوودی لێ ببینن، دەیخەمە پێش چاو.

١ – هەڵبژاردنی باسی چیرۆك:

دەتوانم بڵێم: زۆرێك لەو ژمارە کەمەی چیرۆکنووسان کە هەمانن، تا ئێستاش لە هەڵبژاردنی باسی چیرۆکەکانیاندا بەهەڵە دەچن. ئەمەش بەزۆری لە نەشارەزایی و کەمیی زانیارییەوە هاتووە، لە ڕووی هونەری چیرۆکنووسینەوە. چیرۆك وەك دەزانین

دوو جۆره: کورت و درێژ و بەر لە هەموو شتێکیش، دەبێ لەوە تێ بگەین کە هەر جۆرەیان باسی تایبەتیی خۆی هەیە و، دەبێ ئەو توانایەشمان هەبێ، کە لە یەکتریان جیا بکەینەوە. با جارێ لە چیرۆکی کورت بدوێین و، ئەو مەرجانە روون بکەینەوە کە پێویستە لە باسەکەیدا هەبن. یەکەمین و گرینگترینیان کاتەکەیەتی. مەبەستیشمان ئەو وەختەیە، کە لە دەستپێکردنی رووداوەکانیەوە تا کۆتایی تێ دەپەڕێ. جا لەم بارەیەوە ئەوەی کە هەموو نووسەر و رەخنەگرەکان لەسەری رێك کەوتوون، ئەوەیە کە ماوەی کاتی چیرۆکی کورت سنووردارە. بۆ نموونە: چیرۆکەکەی ژمارە (٢)ی کۆواری بلێسە (زایەڵەی هەڵەکۆك)، یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە نووسەرەکەی لە هەڵبژاردنی باسەکەیدا بەهەڵە چووە. بۆچی؟!. چونکە کاتەکەی بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك درێژ دەبێتەوە و، رووداوەکانی ئەو ماوەیە، لە وزەی چیرۆکێکی کورتدا نییە لە خۆیانی بگرێ و، بەزۆر تێی ئاخنراون. واتە باسەکە لە بنەڕەتەوە، باسی چیرۆکێکی درێژە و کاك (م) بەزۆر ئاخنیوێتییە چوارچێوەی چیرۆکێکی کورتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەو چیرۆکە، شێوەی راپۆرتی وەرگرتووە و، لە رووی هونەرییەوە ناتەواوە.

مەرجێکی تری چیرۆکی کورت ئەوەیە، کە لە تەنیا رووداوێك یا کارەساتێك پێك دێ و، لەگەڵ کۆتاییهاتنیدا کۆتاییی دێ. لە کاتێکدا چیرۆکی درێژ لە کۆمەڵێك رووداو و کارەساتی پێکەوەبەستراو پێك دێ. مەرجێکی تری ئەوەیە کە ڕستەکانی کورت و ئاراستەکراو، ماناکانیان پڕوچڕن و، دەربڕینیان پوخت و بەهێز بن. بۆچی؟!. چونکە لە چیرۆکی کورتدا، نووسەر ئەو ماوەیەی نییە بە ئارەزووی خۆی بەدەمییەوە بدا و، بگرە بەپێچەوانەوە، دەبێ تا کۆتایی ئاگای لەوە بێ کە لە سنوور دەرنەچێ. ئەمانە هەندێك بوون لە مەرجەکانی چیرۆکی کورت. بەڵام بۆ چیرۆکی درێژ بەپێچەوانەوەیە. ماوەفراوانی لە وەختدا.. لە رووداو و کارەساتدا.. لە قووڵبوونەوە و درێژەپێدانی رستە و مانا و دەربڕیندا.. لە باسکردنی زۆر شتی لاوەکیدا، کە دوور یا نزیك پێوەندییان بەباسەکەوە هەبێ.. هتد.

جا چیرۆکنووسی سەرکەوتووی چیرۆکی کورت یا درێژ، ئەوەیە کە بزانێ چۆن باسی چیرۆکەکەی هەڵدەبژێرێ. خوێندنەوەی بەرهەمی چیرۆکنووسە بەناوبانگەکانیش بەوردی، باشترین یاریدەرە بۆ سەرکەوتن لەم بوارەدا.

٢– ئەو باسەی هەڵت بژارد، بەکام شێوە دەری دەبڕیت؟!.

دوای هەڵبژاردنی باسەکە و سنوور بۆکێشان و دیاریکردنی و، پێش دەستکردن

بەنووسینی، دەبێ لە بیری خۆتدا ئەوەش دیاری بکەیت، کە بەکام شێوە باسەکە دەردەبڕیت؟. بێگومان زۆر شێوە هەن. بەڵام ئەوانەی کە زۆر باون و ئێستا بەبیری مندا دێن ئەمانەن:

یەکەم: لەسەر زمانی نووسەرەکە خۆیەوە. واتە نووسەر خۆی باسەکە دەگێڕێتەوە و، رووداو و کارەساتەکان بەناوی کەسانی چیرۆکەکەوە دەخاتە ڕوو، کە دەبێ خۆی بکاتە زمانحاڵی هەریەکەیان و، لە کاتی باسکردنی هەر کامیاندا، بەرگی ئەو بپۆشێ و کەسایەتیی ئەو بنوێنێ و بیروڕای ئەو دەرببڕێ. ئەم شێوەیە باوترینە و، بەتایبەتی بۆ چیرۆکی درێژ بەکار دەهێنرێ. نموونەش لەسەر ئەمە: چیرۆکی (دایك)ی گۆرکی و (کڵۆڵان)ی هۆگۆ و (چیرۆکی دوو شار)ی دیکنزن. لە هی خۆشمان (خانزاد)ی جەمال بابان و (ڕێگای ئازادی)ی موحەرەم محەمەدئەمین.

دووەم: لەسەر زمانی یەکێك لە کەسانی چیرۆکەکەوە. لێرەدا نووسەر یەکێك لە کەسانی چیرۆکەکە هەڵدەبژێرێ و، گێڕانەوەی باسەکەی پێ دەسپێرێ و سێ جۆری هەن:

أ– ئەو کەسە لە ئەنجامی بارودۆخێکی تایبەتیدا کە دەبێتە هاندەری، باسەکە بۆ کەسێکی تر دەگێڕێتەوە. وەك چیرۆکی (دواڕۆژی مرۆڤێك)ی شۆلۆخۆف یا (زیندووی مردوو)ی موحەرەم محەمەدئەمین. ئەم شێوەیە بۆ چیرۆکی کورت و درێژیش بەکار دەهێنرێ.

ب– ئەو کەسە بەشێوەی مۆنۆلۆجی ناوەخۆ، باسەکە لە خۆیەوە بۆ خۆی دەگێڕێتەوە، واتە خۆی لەگەڵ خۆیدا دەدوێ و، لە نێوانییەوە باسەکە روون دەکاتەوە. وەك چیرۆکی (چای شیرین)ی من.

ج– ئەو کەسە بە تێکەڵکردنی هەردوو شێوەکە، باسەکە دەگێڕێتەوە. ئەم شێوەیە پێشی دەوترێت: دوو چیرۆك لە چیرۆکێکدا. وەك چیرۆکی (کارخواز)ی چیرۆکنووسی تورك ئەریسۆی، کە کوردییەکەی لە کۆواری (هیوا)دا بڵاو بووەتەوە. دەتوانین بڵێین کە ئەم سێ شێوەیە، بەزۆری بۆ چیرۆکی کورت بەکار دەهێنرێن.

سێیەم: لە شێوەی نامەنووسیندا. ئیتر یا یەك نامە بۆ چیرۆکی کورت یا چەند نامەیەك

بۆ چیرۆکی درێژ. بەڵام ئەم شێوەیە زۆر باو نییە و هێندەش سەرکەوتوو نییە. لەبەر ئەوە چیرۆکی نووسراو بەم شێوەیە زۆر کەمە.

٣- سەرەتا، لووتکە، کۆتایی:

هەر چیرۆکێك پێویستە بەم سێ پلەیەدا تێبپەڕێ:

سەرەتا: دەستپێکردنی باسەکە و ڕێگا خۆشکردن، بۆ پێشکێشکردنی ڕووداو و کارەساتەکان.

لووتکە: ئەو ساتەی باسەکەی بە تەواوەتی تێدا ڕوون دەبێتەوە و، ڕووداوەکانیش دەگەنە ئەوپەڕی جۆش و خرۆش.

کۆتایی: دوایی پێ هێنان و دەرخستنی ئەنجام.

بەڵام چیرۆکنووس بۆی هەیە، ئاڵوگۆڕیان پێ بکا و پاش و پێشیان بخا. دیارە بەپێی ئەو نەخشەیەی بۆ باسەکەی دادەڕێژێ و، چۆنێتیی دەربڕینی. وەك ئەوەی کۆتایی بکەوێتە پێشەوە و، بەدوایدا سەرەتا و لووتکە. یا لووتکە لە پێشەوە و ئەوانی تر بەدوایدا. یاخۆ یەك بەدوای یەکدا، کە ئەمەیان بەزۆری بۆ چیرۆکی درێژ بەکار دەهێنرێ. چیرۆکنووسی سەرکەوتووش ئەوەیە، کە دەزانێ چۆن ئاڵوگۆڕەکەیان پێ دەکا و، بۆ چ باسێك و لە چ کاتێکدا؟!.

ئەوی ڕاستی بێ ئەمانە ئەو پێچوپەنایانەن، کە دەبێ هەر چیرۆکنووسێك شارەزایان بێ و، ئەو نهێنییانەن کە دەبێ بچێتە بنج و بناوانیانەوە. ئینجا ئەوسا دەبینێ کە لە باتی دەرگەیەك، سەد دەرگەی لە بوارەکەدا لێ خراوەتە سەرپشت و، ئینجا دەبێتە خاوەنی کلیلی داهێنانیش. بەڵام بەئاشکرا و بەداخەوە دەڵێم، کە چیرۆکنووسانمان ئەگەرچی بەژمارە هێجگار کەمیشن، بەڵام هێشتا ئەو زەحمەتەیان نەکێشاوە، پێچوپەناکان بپشکنن و بچنە بنج و بناوانی نهێنییەکانەوە. من ئەمە بۆ ئەو مەبەستە دەڵێم، کە هانی چیرۆکنووسەکانمان بۆ ڕاپەڕینێك بدەم، نەك ئارەزوویان بمرێنم و ساردیان بکەمەوە.

بەم جۆرە دەبینین کە سەرەتا و لووتکە و کۆتایی، دیارترین نیشانەن بۆ سەرکەوتنی هەر چیرۆکنووسێك لە ڕووی هونەرییەوە. چونکە کارێکی گەورە دەکاتە سەر ئاگایی و هۆشی خوێنەر و دەتوانین بڵێین: خوێنەر بێ ئەوەی هەست بەخۆی بکا، بەوردی چاودێریی سەرەتا و لووتکە و کۆتاییی ئەو چیرۆکە دەکا کە دەیخوێنێتەوە و،

بەپێی لاوازی و بەهێزییان، لەگەڵ خوێندنەوەیدا دەگونجێ.

٤– گرێ و نهێنی و کارەساتی کتوپڕ:

مەبەستم لەم لایەنانە، بێزارنەبوونی خوێنەرە لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا و، ماوەی نەدرێ دەست لە خوێندنەوەی هەڵبگرێ. واتە وای لێ بکرێ بەشێوەیەك هۆگری خوێندنەوەی چیرۆکەکە ببێ، کە هەست بکا ئەویش یەکێکە لە کەسانی و، لە خۆشی و ناخۆشییاندا هاوبەشیانە. هەروەها مەبەست لەوەیە، کە باسەکە لە ئاگا و هۆشی خوێنەردا جێ بگرێ و، هان بدرێ بۆ تێگەیشتنی، کە ئەمە ئامانجی هەرە بەرزی چیرۆکنووسینە. واتە مەبەست لە گرێ و نهێنی و کارەساتی کتوپڕ بەشێوەیەکی گشتی، ئامادەکردن و هاندان و راکێشانی خوێنەرە، بۆ بەردەوامی لەسەر خوێندنەوەی چیرۆکەکە و بردنی بەرەو ئامانج، کە چەسپاندنی باسەکەیە لە ئاگا و هۆشیدا. جا با کەمێکیش لە هەریەکەیان بدوێین:

أ– گرێ: هەر چیرۆکێك دەبێ گرێیەکی تێدا هەبێ، کە باسەکەی بەدەوردا کۆ بکرێتەوە. یا بەشێوەیەکی تر بڵێین: ببێتە کرۆکی باسەکە. جا ئەو گرێیە چەندە سفت و توند و پتەو بێ، هێندە باسەکە بەهێز و کاریگەر دەبێ و، لە کۆکردنەوەی ئەو گرێیەشدا چەندە ورد و شارەزا، واتە داهێنەر بێ، هێندە چیرۆکەکەی لە رووی هونەرییەوە سەرکەوتوو دەبێ. لەبەر ئەوە دەبێ چیرۆکنووس پێشەکی، گرێی چیرۆکەکەی دیاری کردبێ و نەخشەی بۆ کێشابێ.

ب– نهێنی: مەبەست لە نهێنی، بەدەستەوەنەدانی ناوەرۆکی باسەکەیە تا ساتی پێگەیشتن و، ئامادەکردنی هەموو رووداوەکانی. بۆچی؟. چونکە دەبێتە هۆی راکێشان و هاندانی خوێنەر، بۆ بەدواداچوون و بەردەوامی لەسەر خوێندنەوەی چیرۆکەکە و جۆشدانی ئارەزووی، بۆ زانینی ئەنجامی نهێنییەکە. بەم جۆرە دەتوانین ئەو مەبەستەمانی پێ رابگەیەنین کە بۆی چووین.

ج– کارەساتی کتوپڕ: ئەمەش کارێکی گەورە دەکاتە سەر سۆزی خوێنەر و دەروونی رادەچڵەکێنێ و، هەروەها دەبێتە هۆی جۆشدانی ئارەزووی بۆ بەردەوامبوونی لەسەر خوێندنەوەی چیرۆکەکە.

مایەوە سەر ئەوەی بڵێم: مەرجیش نییە هەر چیرۆکێك پڕ بوو لە گرێ و نهێنی و کارەساتی کتوپڕ، سەرکەوتوو بێ. بەڵکو دەبێ بەپێی پێویست و، لە بارودۆخی

تایبەتیی خۆیاندا بەکار بهێنرێن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی و توانای داهێنان لەلای چیرۆکنووسەکە.

٥– وردکردنەوەی باری دەروونیی کەسانی چیرۆکەکە:

دەتوانم بڵێم: گرینگترین لایەن لە هونەری چیرۆکنووسیندا، وردکردنەوەی باری دەروونیی کەسانی چیرۆکەکەیە. بگرە بەهێزترین هۆی سەرکەوتنێتی و، نووسەر چەندە تێیدا قووڵ ببێتەوە و دەستی بەسەریدا بڕوا، هێندەش چیرۆکەکە سەرکەوتوو دەبێ. ئەوی ڕاستی بێ ئەم وردکردنەوەیە، کە جووڵە و جۆش و خرۆشێکی کاریگەر بەچیرۆکەکە دەبەدا، نەك کارەسات و هەڵسوکەوتی ئاشکرای باسەکە. یا بەجۆرێکی تر بڵێین: کارەسات و هەڵسوکەوتی کەسان دیوی دەرەوەی باسەکەیە و، دیوی ناوەوەی برێتییە لە باری دەروونیی شاراوەیان. ئێمە دەبێ ئەوەمان لەلا ڕوون بێ، کە کەسانی ئەو چیرۆکەی دەینووسین، داشی دامە نین و بەئارەزووی خۆمان هەڵیان سووڕێنین. ڕاستە ئێمە دروستیان دەکەین، بەڵام یەکەم: ئەو دروستکردنە دەبێ لەسەر بناغە و بنەمای یاساکانی ئەو کۆمەڵە بێ کە تیایدا دەژین. (بێگومان بیروباوەڕی فەلسەفیی نووسەر و ئەو چینەی نوێنەرێتی، دەوری خۆی دەبینێ). دووەم: دوای دروستکردنیشیان بەو شێوەیەی باس کرا، هەروەها دەبێ بەو بنەما و یاسایانەوە بەسترابنەوە. کەوابوو چ دروستکردن و چ هەڵسووڕاندنی کەسان، پابەندی بنەما و یاساکانی کۆمەڵەکەیانن و داشی دامە نین.

دەچینەوە سەر باسەکەمان و دەڵێین: جووڵە و جۆش و تین لە چیرۆکەکەدا، لەوەدا نییە کە تەنیا بنووسین: کەسی چیرۆکەکەمان وا هەڵسا و وا دانیشت و وا دوا و لەم بابەتە شتە ڕووکەشییانە، بەڵکو لەوەدایە کە بچینە ناخی دەروونییەوە. ئەو ڕاز و نیازەی بخەینە ڕوو، کە لەبەر هەر هۆیەك بێ حەشاری داوە. ئەو هیوایەی دەربڕین کە خەواندوویەتی. ئەو ترس و سامەی ئاشکرا بکەین کە متی کردووە. بەکورتی ئەو پەردەیە لابدەین، کە ئەو بەسەر زۆر لە نهێنییەکانی خۆیدا داوە و، لە کون و قوژبنی دەروونیدا شاردوونییەوە. ئەم جۆرە ڕاز و نیازانە، لە نێوان هەڵسان و دانیشتن و قسە و گفتوگۆی سەر زارییەوە ناکەونە ڕوو، بەڵکو لە ڕێگەی وردکردنەوەی باری دەروونیی کەسەکەوە لە ڕوو دەخرێن. ئینجا دیارە کە دەرخستنی ئەو نهێنییانە، تام و چێژ و بەهایەکی تر بەم چیرۆکە دەدا. بۆچی؟!. لەبەر هۆیەکی ساکار، ئەویش ئەوەیە کە

خوێنەری چیرۆکەکە خۆشی، زۆری لەو جۆرە نهێنییانەی لە ناخی دڵ و دەروونیدا حەشار داون و ئەوەی دەیخوێنێتەوە، دەبێتە ئاوێنەی ئەوەکانی خۆی. بەم جۆرە هەر چیرۆکنووسێك کە دەست بەنووسینی چیرۆکێك دەکا، دەبێ پێشەکی باری دەروونیی کەسانی، لە بیر و هۆشی خۆیدا دیاری کردبێ و، نەخشەی بۆ چۆنێتیی روونکردنەوەی بۆ خوێنەران کێشابێ.

٦ – وەسفکردن:

ئەگەرچی وەسفکردن لە بنەڕەتەوە، شێوەی نووسینی رۆمانتکییەتە، بەڵام ریالیزمیش پشتگوێی ناخا. ئەوی راستی بێ قوتابخانەی ریالیزمیی نوێ، لە رۆمانتیکییەت لە شێوەی نووسین و لە ریالیزمی لە ناوەڕۆکدا پێك دێ. وەسفکردن بەشێکە لە شێوەی نووسین. واتە رازاندنەوەی نووسینەکەی لە ئەستۆیە. بەڵام مەبەستی راستینە لە وەسفکردن، چەسپاندنی ئەو دیمەنانەیە لە بیر و هۆشی خوێنەردا، کە بایەخێکیان لە چیرۆکەکەدا هەیە. وەك وەسفکردنی ئەو شوێنەی، دەبێتە شانۆی کارەسات و رووداوەکانی چیرۆکەکە. یا دیمەنێکی ئەوتۆ کە کارێکی گەورە بکاتە سەر ئەنجامەکەی. کەوابوو وەسفکردن دەبێ لە جێی خۆیدا و بۆ مەبەستێك بێ، نەك بێهوودە و بێ پێوەندی و تەنیا بۆ درێژەپێدان و ئارەزوویەکی خۆی بێ، کە ئەمە چیرۆکەکە بەرەو وشکی و رەقی دەبا و، خوێنەر بێزار دەکا. جگە لە وەسفکردن، وردەقسەش هەندێ جار پێویستە، بەمەرجێ لە شێوەی سەرنجی قووڵ یا لاقرتێیەکی بەهێز یا وتەیەکی کاریگەردا بێ، نەك لە بابەتی ئامۆژگاری و دەرسداناندا، کە باوی نەماوە و ئێستا خەڵکی بایەخی پێ نادەن. چاکتریش وایە لە نێوانی گاڵتەوگەپ یا توانج و پلارەوە بێ، نەك بەڕووتی. هەروەها ئەمەش نابێ جڵەوی بۆ شل بکرێ و بەدەمییەوە بدرێ، ئەگینا چیرۆکەکە دەچێتە شێوەی وتارێکی کۆمەڵایەتییەوە.

٧– گفتوگۆ:

مەسەلەی گفتوگۆ لە چیرۆکدا، زۆر ناسکە و ئەو ئاسانە نییە وەك هەندێك تێی گەیشتوون. لێرەدا دوو شت زۆر گرینگن:

أ– ئەو گفتوگۆیەی لە نێوانی کەسانی چیرۆکەکەدا دەکرێ، دەبێ ئاسایی بێ و دروستکراو نەیەتە بەر زەینی خوێنەر.

ب– قسەکردنی هەریەکەیان، لەگەڵ کەسایەتیی هەریەکەیاندا بگونجێ و، جۆری

هەڵسوکەوت و بارە دەروونییەکەی بنوێنێ. ئەوسا خوێنەر ماوەی نامێنێ، بیر لەوە بکاتەوە کە قسەکان هەموو سەرەڕای جیاوازیشیان، زادەی بیری تاکەکەسێکە کە چیرۆکنووسەکەیە. ئەمەش بێگومان دەبێتە مایەی سەرکەوتنی چیرۆکەکە.

هەندێ وردەسەرنجی تریش هەن، کە دەبێ ئیشارەتیان پێ بدەم. وەك ئەوەی کە زۆر لە چیرۆکنووسانمان، هێشتا باش شارەزای ئەو نیشانانە نین، کە بۆ نووسین زۆر پێویستن و دەتوانم بڵێم: کارێکی گەورەی تێ دەکەن. لەوانە:

١- نیشانەی سەرسوڕمان (!)

٢- نیشانەی پرسیار (؟)

٣- بۆشایی/ ماوە پێدان (....)

٤- خاڵ (.)

٥- وێرگول (،)

٦- چوونەسەری دێر بۆ قسەکردن (–)

٧- کەوانەی بچووك « »

٨- کەوانەی گەورە ( )

٩- چوونەسەری دێڕ/ پەڕەگراف

کۆواری بڵێسە – ژ/٦- ك٢/١٩٦٠

## چیرۆك و چیرۆكی شانۆیی كوردی لە نیو سەدەی ڕابردوودا

تێبینی: ئەم لێكۆڵینەوەیە بەو مەبەستە ئامادە كرا، سوودی بۆ ئەو ڕاپۆرتە لێ ببینرێ، كە نیاز وابوو سەبارەت بەئەدەبی كوردیمان، پێشكێش بەكۆنگرەی نووسەرانی عێراق لە ساڵی (١٩٦٠)دا بكرێ. لێكۆڵینەوەكە كۆششی هەندێ لە نووسەرانی تری شارەكەشمانی تێكەڵاوە، كە لە كاتی خۆیدا لە ڕێگەی پرسیار لێكردن و خواستنی سەرچاوەوە، سوودم لێ بینیون. بەتایبەتی ئەوانەی لەو كۆبوونەوانەدا بەشدار دەبوون، كە بۆ خۆئامادە كردن بۆ كۆنگرە دەكران.

**پێشەكی**

**باری ڕۆشنبیریی گەلی كورد لەو ماوەیەدا**

ئیمپراتۆرێتی عوسمانی، كە بەشی هەرە گەورەی ناوچەكانی هەموو كوردستانی لەژێر چنگدا بوو، واتە كوردستانی توركیا و عێراق و سووریا، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە گرۆڵەی كەوتە لێژی و، رووی لە گیانەڵا كرد. لەلایەكەوە ئیمپریالیزمی ڕۆئاوا، بەپەرۆشەوە خۆی بۆ ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دەكوتا و، كەوتبووە هەڵپەی داگیركردنی. لەلایەكی تریشەوە هەم میللەتانی ناوچەكە، زۆر و جەوری سەدان ساڵەی عوسمانییەكان داخی كردبووە دڵیانەوە و، ئارەزووی ڕاپەڕین و رزگاربوون لە چنگیان پڕی كردبوون. هەم جەماوەری گەلی توركیا خۆشی چاوی كرابووەوە و، ئەویش لەلای خۆیەوە بەرەو ڕاپەڕینێك دەچوو. بۆیە دەتوانین بڵێین كە تەختی سوڵتانێتی، خۆی لە خۆیدا بەجۆرێ كرمەڕێز بووبوو، كە ڕوو لە ڕزین و داتەپین بوو. ئینجا دیارە كە گەلی كوردیش وەك یەكێ لە گەلانی ژێردەستەی عوسمانییەكان، لەو حاڵە بەدوور نەبوو. ئەمیش لەلای خۆیەوە جموجووڵی تێ كەوت و، گیان و هیوا و ئاواتی نەتەوایەتی، كەم و زۆر تیایدا سەریان هەڵدا. لە سەرەتادا و بەتایبەتی لە كوردستانی توركیادا، كە خۆی ڕاپەڕینێكی تێدا بەرپا بووبوو، هەلێكی تایبەتی و لەباری بۆ هەڵكەوت. كۆمەڵەی (أتحاد و ترقی) جڵەوی ئەو ڕاپەڕینەیان گرتبووە دەست و، بەزۆر دروشمی بریقەدار، جەماوەری گەلی توركی لە دەوری خۆی گرد كردبووەوە. بیروڕای بەرامبەر بزووتنەوەی گەلانی ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بە تایبەتی عەرەبەكان، ناكۆك نەبوو. لە ناوەخۆشدا پشتگیریی گەلی

کوردی مسۆگەر کردبوو. جەماوەری گەلی کورد خۆشی، لە دەوری چەند کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی تایبەتیی خۆی کۆ بووبووەوە، وەك کۆمەڵەی (هێڤی) و هەموو گیانێکی نەتەوایەتی، لە یەك ئامانجدا یەکی پێ دەگرتنەوە. باری سیاسیی تورکیا وەها بەڕێوە دەچوو، تا کۆمەڵەی (أتحاد وترقی) لە ساڵی (١٩٠٨)دا، حوکمڕانیی تورکیای گرتە دەست. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وەرچەرخانە نەخشەی گشتیی سیاسەتی تورکیای نەگۆڕی و، وەها نەبوو وەك چاوەڕوان دەکرا.

بەهەرحاڵ لەو ساڵانەدا، واتە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی فراوان، کەوتە ناو گەلی کوردەوە لە تورکیا و، لەگەڵیدا نووسین بەکوردی و ئەدەبی کوردی، لە ڕێگەی ئەو ڕۆژنامە و کۆوار و بڵاوکراوانەوە کە دەردەچوون، وەك ڕۆژنامەی کوردستان و کۆواری ڕۆژا کورد و هەتاوی کورد... هتد، بووژاندنەوەیەکی باشی تێ کەوت کە دەتوانین بە ماوەی یەکەمی بووژاندنەوەی نووسین و ئەدەبی کوردیی دابنێین. لە ئەنجامی کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانیدا:

١ – ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەتەواوەتی هەڵوەشا.

٢– ئیمپریالیزمی ڕۆئاوا ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی داگیر کرد.

٣– عێراق و لەگەڵیدا کوردستانی عێراق، کەوتە ژێر چنگی ئیمپریالیزمی بەریتانییەوە.

جا با جارێ لەسەر باسی بزووتنەوە ڕۆشنبیرییەکەی کوردەکانی تورکیا بڕۆین. دەتوانین بڵێین کە دوای جەنگیش، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە تورکیا هەر بەردەوام بوو، بگرە هەر لە پەرەسەندن و هەڵچووندا بوو. تا وای لێ هاتبوو کە مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی، کەوتبووە بەردەمی کۆنگرە جیهانییەکانی دوای شەڕ، وەك کۆنگرەی (سیڤەر و لۆزان). ئەمەش بێگومان ئەنجامی پەرەسەندن و بەهێزبوونی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکەی بوو، ئەگەرچی نیاز و مەبەستی تایبەتیی ئیمپریالیستەکانیش، دەوری تێدا دەبینێ.

شان بەشانی ڕاپەڕینە نەتەوایەتییەکە، بزووتنەوەی ڕۆشنبیرییش بەدەرچوونی ژمارەیەك کۆوار و ڕۆژنامە، چ لە تورکیا و چ لە دەرەوەیدا وەك قاهیرە و لەندەن و سویسرا، هەر بەردەوام بوو. بەڵام دوای شۆڕشەکەی ئەتاتورك و جێگیربوونی حوکمە

فاشستییەکەی لە ساڵی (١٩٢٤)دا، ئیتر ئەو ماوەی بووژاندنەوە رۆشنبیرییەی گەلی کورد لە تورکیا کپ دەبێ و، ئەنجامی هێرش و پەلامارداني درندانەی رژێمی ئەتاتورك بۆ سەر بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد، پەردەیەکی رەشی بەسەردا دێ. ئیتر لەو کاتەوە بزووتنەوەکە، روو لە کوردستانی عێراق و بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی دەکا، بۆچی؟!. چونکە:

١- داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئیمپریالیزمی بەریتانیاوە، خۆی لە خۆیدا گۆڕانێك بوو بەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی عێراقدا هات.

٢- ئەم گۆڕانە گەلی کوردیشی لە کوردستانی عێراقدا گرتەوە. ئینجا دیارە گۆڕانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەحوکمی پێویست باری رۆشنبیریش دەگرێتەوە و، بواری بووژاندنەوەی بۆ دەرەخسێنێ، بە تایبەتی کە دەرگەی رۆشنبیریی بێگانەشی لێ دەکاتەوە. لەلایەکەوە ئەدەب و نووسینی تازەی عەرەبەکان، بەهۆی ئەو پێوەندییە تازەیەوە کە کەوتە نێوانەوە و، لەلایەکی تریشەوە ئەدەب و نووسینی گەلانی رۆئاوا، لە رێگەی پێوەندی تازەی عێراقەوە لەگەڵیدا. بەم جۆرە لە ناوچەی سلێمانیدا، بەدانانی چاپخانە و دەرکردنی رۆژنامەی (پێشکەوتن)، بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و کۆوار و کتێبی کوردی دەستی پێ کرد. هەر لەو ساڵانەدا (ژیان و ژیانەوە و ژین و کوردستان و ئومێدی کوردستان) هاتنە کایەوە و، لەگەڵیاندا زمان و نووسینی کوردییش بووژانەوە. لە کاتێکدا لەوەبەر نووسین لە داوودەزگاکانی حکوومەتدا بە تورکی و، لەناو جەماوەردا بەفارسی بوو.

بەم جۆرە کوردستانی عێراق و بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی، جڵەوی بزووتنەوەی رۆشنبیری و ئەدەبی کوردیی کەوتە دەست و، هەتا ئێستاش هەر بەدەستییەوەیە. بگرە رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو پێشکەوتن و پەرەسەندنیش دەچێ. لەبەر ئەوە لەسەر هەقین ئەگەر کردمانە کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان، بەتایبەتی کە باسەکەی ئێمە لە سنووری (٣٠ - ٤٠) ساڵی رابردووی سەرهەڵدان و گەشەکردنیدایە.

ئینجا پێش کۆتاییهێنان بەم پێشەکییە، دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین، کە هەر لەو (٤٠-٥٠) ساڵەدا، چەند شوێنێکی تری کوردەواری لەو بابەتە بزووتنەوەیەیان تێ کەوتووە، لەوانە:

١– ئەریوان (یەریڤان): کە لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیستییەوە دەستی پێ کردووە و، هەتا ئێستاش بەردەوامە. ئێمە ئەگەرچی هێشتا بۆمان نەرەخساوە بەرهەمی ئەوان بخوێنینەوە، بەڵام لە پەرەسەندن و پێشکەوتنی دڵنیاین. چونکە ئەدەبێك لەژێر سایەی ڕژێمی سۆشیالیستیدا بەرهەم بهێنرێ، بێگومان دەبێ وەها بێ.

٢– شام: جەلادەت بەدرخان، کامەران بەدرخان، قەدری جان، ڕەوشەن بەدرخان، عوسمان سەبری، جگەرخوێن و زۆری تر، دەستەیەك نووسەری کوردن لە سووریا کە لە ساڵانی (١٩٣٠) بەدواوە، بەرهەمیان بەکوردی هەبووە و چەند ڕۆژنامە و کۆوارێکیان دەرکردووە، وەك (هاوار/١٩٣٣–١٩٣٥/جەلادەت بەدرخان) و (ڕووناهی–١٩٤٢) و (ڕۆژا نو–١٩٤٣/کامەران بەدرخان).

٣– مەهاباد: لە ماوەی ژیانی کۆماری مەهابادda، کە بووە مایەی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان و، پێگەیشتنی دەستەیەك نووسەر و شاعیر وەك: مەلا محەمەد سدیق ئەنجیری، غەنی بلووریان، قومری و لەوەدا بوو بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی تێدا بەرپا ببێ، بەڵام بەلەناوچوونی کۆمارەکە، بزووتنەوەکەش کپ بووەوە.

**چیرۆکی کوردی لەو ماوەیەدا**

بڵاوبوونەوەی گیانی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕی لەناو گەلی کورددا و، گۆڕان و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و، بەیەکداچوون و ئاڵۆزبوونی پێویستییەکانی ژیانی وەك هەموو ئەو گەلانەی، تیشکی شارستانێتیی سەدەی بیستەم کەموزۆر گرتبێتییەوە و، دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی کۆوار و ڕۆژنامە و لەگەڵیاندا، بووژاندنەوەی دانان و وەرگێڕان و لە ئەنجامدا پێشکەوتن و پەرەسەندنی زمانی کوردی و، ئینجا دروستبوونی پێوەندیی لەگەڵ ئەدەبی تازەی بیانی، ئەمانە هەموو پێکەوە بوونە هۆی سەرهەڵدانی چیرۆکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا. چونکە بارودۆخێکی ئەوتۆیان پێك هێنا، کە ڕۆشنبیرانی کورد بیریان بەلای چیرۆکنووسیندا بچێ و وریایان بکاتەوە، کە ئەدەبەکەیان لەم بارەیەوە کووڕە و چارەسەرکردنی، پێویستییەکە لە ئەستۆیان. نووسەرانی کورد لە سەردەمی تازەیاندا، ئاسۆی بیر و زانیارییان فراوانتر و پەلهاویشتووتر بوو. سەرنج و

وردبوونەوەیان دوورتر و قووڵتر بووەوە. چونکە ژیانی کۆمەڵایەتیی نوێیان ناچاری دەکردن. نووسەرانی کورد هەستیان بەوە کرد، کە کاتێ دەیانەوێ لە گیروگرفتەکانی کۆمەڵەکەیان بدوێن، تەنیا پارچە شیعرێك نایانگەیەنێتە ئامانج و مەبەست. بۆیە ناچار بوون ڕوو لە بابەتێکی تری ئەدەب بکەن کە چیرۆك بوو. نووسەرانی کورد شان بەشانی ئەو دوو لایەنە، ئەدەبی بیانیشیان ناسی و بەتایبەتی ئەدەبی گەلانی ڕۆژئاوا. سەیریان کرد چیرۆك لە ریزی پێشەوەی ئەدەبەکەیاندایە و، ئەمانیش ئاواتێك لەو بابەتە بووە خولیایان.

ئینجا نووسەرانی کورد، چاپخانە و ڕۆژنامە و کۆواریان لە کایەدا بینی، کە ماوەیان بۆ دەڕەخسێنێ ئەو چیرۆکەی دەینووسن، بیخەنە بەرچاوی هەزاران کەس. هەروەها هەستیان کرد کە زمانەکەیان لە بووژانەوەدایە و، بەرەو ئەوە دەچێ کە بەئاسانی مل بۆ نووسین بدا.

نووسەرانی کورد ئەمانەیان لە ئاسۆی ئەدەبەکەیاندا بەدی دەکرد. یا وەکی تری بڵێین: ئەمانە خۆیان لە ئاسۆی ئەدەبی کوردییەوە، نیشانی نووسەرانی کورد دەدا. بۆیە هەستی پێویستیی بوون و نووسینی چیرۆك، کەوتە بیر و هۆشیانەوە و هانی دان کە خەریکی بن. بێگومان هیچ کارێك لە سەرەتادا، چاوەڕێی لێ ناکرێ بێ کەموکووڕی و ناتەواوی بێتە کایەوە و، یەکسەر بگاتە لووتکەی سەرکەوتن. بەم پێیە چیرۆکیش کە لە ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵدا، لە سەرەتادا بریتی بوو لە تەنیا هەوڵ و کۆششێك لە بوارەکەدا.

کۆنترین چیرۆك کە بەرچاومان کەوتبێ چیرۆکێکی درێژی (جمیل صائب)، کە بەزنجیرە لە ڕۆژنامەی (ژیان و ژیانەوە)دا بەناوی (لە خەوما)دا، لە ساڵی (١٩٢٥)دا بڵاوی کردووەتەوە و بەڕاستی دەهێنێ، بەسەرەتا و سەرهەڵدانێکی زۆر بەهێز و پتەو لە چیرۆکی کوردیدا ناو ببرێ. چیرۆکەکە بۆ مەبەستێکی سیاسی نووسراوە و، ئەو مەبەستە هەر چۆنێك بێ تا بڵێیت تیایدا سەرکەوتووە، بەتایبەتی کە خراوەتە چوارچێوەیەکی هونەریی ڕێکوپێکەوە. لە خوێندنەوەیدا بۆمان دەردەکەوێ کە نووسەرەکەی، شارەزاییەکی باشی لە هونەری چیرۆکنووسیندا هەبووە.

ئێمە کە باس لە چیرۆکی هونەریی ئەو ماوەیەمان دەکەین، دوو سەرچاوەمان لەبەردەستدا هەن. یەکەمیان: ئەو ڕۆژنامە و کۆوار و کتێبانەی لەو ماوەیەدا

دەرچوون. دووەمیان: بەرهەمی دەستنووسی لە چاپنەدراوی ئەو نووسەرانەی لە ژیاندا نەماون. لەبارەی یەکەمیانەوە دەتوانین بڵێین: تا کاتی دەرچوونی کۆواری گەلاوێژ، لە چیرۆکەکەی جەمیل سائیب زیاتر هیچی تریان تێدا نابینین، کە بەتەواوی بەلای هونەری چیرۆکنووسیندا ساغ ببێتەوە، لەگەڵ چیرۆکەکەی پیرەمێرددا (دوانزە سوارەی مەریوان)، کە لە ساڵی ١٩٣٣دا بەنامێلکەیەك بڵاوی کردووەتەوە. لەبارەی دووەمیشەوە، چەند نووسەرێکمان هەن کە خۆیان نەماون و چیرۆکیان هەیە و بڵاو نەکراونەتەوە، وەك چیرۆکی (خەویك)ی زێوەر و (لەسەر لووتکەی هەڤرێست)ی فایەق زێوەر. دیارە ئێمە لێرەدا ناتوانین هیچیان لەبارەوە بنووسین، تا رووناکی دەبینن.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەو رۆژنامە و کۆوارانەدا، شتێکی تر سەرنجمان رادەکێشێ کە پێوەندیی بە چیرۆکنووسینەوە هەیە. ئەویش زۆر پارچە نووسینی ئەدەبییە، کە لە شێوەی پەخشاندان و دەتوانین بڵێین: لە بنەڕەتدا چیرۆکێکی کورتی ناتەواوی پێنەگەیشتوون. پیرەمێرد بەتایبەتی لەم نووسینانەی زۆرن. پوختەی مەبەست لەم بارەیەوە ئەوەیە، کە ئەم پارچە نووسینە ئەدەبییانە، دەوری خۆیان لە پێگەیاندن و هاندانی ئارەزووی چیرۆکنووسیندا گێڕاوە.

لەدایکبوونی کۆواری گەلاوێژ لە ساڵی (١٩٣٩)دا، سەرەتای جووڵانەوەیەکمان لە بواری هونەری چیرۆکنووسیندا پێ ڕادەگەیەنێ. گەلاوێژ بۆ ماوەی دە ساڵ بالاترین کۆواری کوردی بووە و، دەتوانین بڵێین کە لەو ماوەیەدا، لێهاتووانە ئاڵای ئەدەب و رۆشنبیری گەلی کوردی هەڵگرتبوو. ئێمە ناڵێین گەلاوێژ ئەدەب و رۆشنبیریی گەلی کوردی بووژاندەوە و ڕای پەڕاند، چونکە ئەو ئەرکە بەتەنیا کۆوارێك نایەتە دی و وەکو باسمان کرد، بەباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەلەکە خۆیەوە بەستراوەتەوە. بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین کە کۆواری گەلاوێژ لە سەردەمی گونجاوی خۆیدا سەری هەڵدا و، ئەرکە مێژووییەکانی خۆی بەجێ هێنا و یەکێکیش لەوانە، هەوڵدانی بوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە ئەدەبی کوردیدا هەبوو، کە ئەویش هونەری چیرۆکنووسین بوو. کۆواری گەلاوێژ لە دوو سەرەوە هانی چیرۆکنووسینی دەدا. یەکەمیان: بڵاوکردنەوەی بەرهەمی چیرۆکنووسەکانی خۆمان و دووەمیان: بڵاوکردنەوەی وەرگێڕدراو لە چیرۆکی بێگانە، کە دەبووە مایەی رێ نیشاندان و شارەزایی پەیداکردن بۆ چیرۆکنووسەکانمان و، خۆشکردنی گڕی ئارەزوویان لە هونەرەکەدا.

لاپەڕەکانی کۆواری گەلاوێژ، دەستەیەك نووسەری راکێشایە کۆڕی هونەری چیرۆکنووسینەوە. لە ناویاندا دووانیان کە مامۆستایان (ئیبراهیم ئەحمەد و شاکر فەتاح)ن، ریزی پێشەوەیان داگیر کرد. ئینجا لەگەڵیاندا زۆر ناوی تر دەکەونە بەرچاو وەك: مستەفا سائیب، نووری. س، عەلائەدین سەجادی، فائیق کاکەمین، ع.ح، ف.م، م. مەحموود، کە هەریەکەیان چیرۆکێك یا دووانیان بڵاو کردووەتەوە و، ئیتر بێدەنگ بوون. جا سەرنجدانێك لە بەرهەمی ئەم چیرۆکنووسانەمان، بۆمانی دەردەخا، کە باری کۆمەڵایەتی شێوەی گشتییانە و، کرۆکی باسەکانیان، گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانە. لە رووی هونەریشەوە خراپ نین و، بگرە بەرهەمی جوانیشیان تێدایە.

جگە لە چیرۆکەکانی کۆواری گەلاوێژ، هەندێکی تریش هەر لەو ساڵانەدا بەنامێلکە بڵاو کراونەتەوە. لەوانە سێ بەرهەمی (ئازاد – مەحموود ئەحمەد) بەناوی (گوڵاڵە) و (ئادەمیزاد لە سایەی دەربەگیا) و (بەهەشتێکی ونبوو)ەوە. ئێمە ئەگەر نەتوانین دە ساڵەی تەمەنی دەرچوونی کۆواری گەلاوێژ، بە ماوەی گەشەسەندن و پێگەیشتن لە چیرۆکی هونەریی کوردیدا دابنێین، دەکرێ بڵێین کە لەو ماوەیەدا هونەری چیرۆکنووسین، جێپێیەکی بۆ خۆی لە ئەدەبی کوردیدا کردەوە و، نووسەرانی کوردیشی چاکتر لێ بەئاگا هێنا، کە دەبێ بایەخی زیاتری پێ بدەن.

هەروەها لە پێنج شەش ساڵی پێشوودا، دووبارە هونەری چیرۆکنووسینمان جووڵانەوەیەکی تری تێ کەوتووە، کە تازەتر و بەجۆشتر و فراوانترە وەك لە سەردەمی کۆواری گەلاوێژ. لەم ساڵانەدا چیرۆکمان بەوەوە نەوەستاوە، کە تەنیا لە رۆژنامە و کۆوارەکاندا بڵاو بکرێتەوە، بەڵکو چووەتە دوو توێی نامێلکە و کتێبیشەوە و، ئەمەش ئەنجامی زۆریی بەرهەم و زیادبوونی ژمارەی چیرۆکنووسەکانمانە. لەم ساڵانەدا زۆر چیرۆکنووسی تر و، بەنیاز و هیوا و ئاواتی فراوانتر و بەرزتر و، بەتین و توانایەکی بالاترەوە هاتنە کایەوە. وەك (موحەڕەم محەمەدئەمین، مستەفا ساڵح کەریم، محەمەد مەولوود مەم، جەمال بابان، محەمەد ساڵح سەعید، عەبدوڵڵا میدیا و... هتد)، ئەمە لەگەڵ بەردەوامیی (شاکر فەتاح)دا بەبڵاوکردنەوەی (ژینی نوێ)، کە برێتییە لە چەند چیرۆکێکی کورت و شانۆگەرییەك و، بێدەنگبوونی (ئیبراهیم ئەحمەد) ئەگەرچی نامێلکەی (کوێرەوەری)ی بڵاو کردووەتەوە، کە چیرۆکەکانی ناو کۆواری گەلاوێژن واتە لەوەوبەر بڵاو کراونەتەوە. بەم جۆرە ناچارین بڵێین کە بەردەوامیی ئەو

لەسەر چیرۆکنووسین، خزمەتێکی گەورەی بەئەدەبی کوردی دەگەیاند و، ئەو بێدەنگبوونەی (ئیتر لەبەر هەر هۆیەك بێ) بووەتە مایەی زیانێکی گەورە.

دەگەڕێینەوە سەر بەرهەمی چیرۆکنووسەکانی ئەو سالانەی دواییمان و دەڵێین: لەگەڵ ئەوەشدا کە چ لە مانا و باسەکانیدا و چ لە شێوەی نووسینیدا، هەنگاوی باشی بۆ پێشەوە ناوە و لە بەرهەمی پێشوو بەجۆشتر و فراوانتر و پتەوترە، بەڵام هێشتا لە توێژاڵێکی ئەم هونەرە بایەخدارە بەولاوە نییە، کە ئێستا لەم سەدەی بیستەمەدا ریزی پێشەوەی لە ئەدەبدا داگیر کردووە. هێشتا دوو کەموکووڕیی زۆر گرینگ لەو بەرهەمانەدا دەبینین. یەکەمیان: رووکەشی و ساکاریی ئەو باسانەی چیرۆکەکان لێیان دەدوێن. دووەمیان: کزیی شێوەی تایبەتیی کوردەواری لە باسەکاندا. هەردووکیشیان لەوەوە هاتوون، کە چیرۆکنووسەکانمان تا ئێستا نەیانتوانیوە بەتەواوی بچنە ناوجەرگەی جەماوەری گەلی کوردەوە و، ببنە ئاوێنەی دڵ و دەروونی. خۆشی و ناخۆشی و هیوا و ئاوات و گیروگرفتەکانی تۆمار بکەن و، بیانخەنە چوارچێوەی چیرۆکێکی هونەریی بەرزەوە. چیرۆکنووسانی کورد پێویستیان بەوە هەیە، بەباسێکی رووکەشیی ساکار رازی نەبن و، بەپێی قووڵیی هیوا و ئاوات و مەبەست و نیازی ناخی دەروونی جەماوەری گەلەکەیان قووڵتری بکەنەوە، بەتایبەتی ئەو جەماوەرەی کە دوارۆژی رووناکی لە ئاسۆوە دیار و روونە. دەبێ وردتر سەرنج بدەن و بکۆڵنەوە و، کەلوقوژبنی ژیانی گەلەکەیان بۆ باسی چیرۆکەکانیان بپشکنن. چونکە ئەو لایەنەی کە ئاشکراکردنی سوودگەیێن بێ و زۆربەی جەماوەر هەستی پێ ناکەن، لەو کەل و قوژبنانەدا حەشاری خواردووە. باسکردنی دەردی هەژاری بە بارە رووکەشییەکەیدا چیرۆکەکە سەرناخا، بەڵکو یەکالاکردنەوەی ئەو دەردە سەری دەخا. باسکردنی دڵداریی کوڕە هەژارێك و کچە دەوڵەمەندێك و بەیەك نەگەیشتنیان هەروا بەساکاری، نرخێکی ئەوتۆ بە چیرۆکەکە نادا. بەڵکو وەختێك نرخی تەواو پەیدا دەکا، دیوە شاراوەکەی باسەکەی تێدا لە ڕوو بخرێ کە چینایەتیی کۆمەڵە و، ڕق و کینەی جەماوەریشی بەرامبەر بەو کۆمەڵە چینایەتییە پێ ببزوێنرێ.

هەروەها چیرۆکنووسانمان پێویستییان بە زانیارییەکی فراوان، لەبارەی هونەری چیرۆکنووسینەوە هەیە. ئێمە دەبێ پێ لەوە بنێین کە ئەدەب و زمانەکەمان خۆیان هێندەیان کەموکووڕی تێدایە، کە لە زۆر لاوە دەبنە کۆسپ لە ڕێگەی چیرۆکنووسەکانماندا. بەڵام هێندەش هەیە کە ئێستا هەموو نووسەرانی کورد،

بـەقـۆنـاغـێکـی مـێژوویـیدا تـێ دەپـەڕن کـە ئـەرکـێکـی دوولایـەنـەیـان بـەرامـبـەر بەئەدەبەکەیان دەخاتە سەرشان، ئەرکی پێشکێشکردنی بەرهەم بەحوکمی ئەوەی دەستەی نووسەرانی گەلەکەیانن، ئەرکی چارەسەرکردنی کەموکوورییەکانیش شان بـەشانـی جـێبـەجـێکـردنـی یـەکـەمـیـان. کـەوابـوو شکـایـەتـی حـاڵ بـەدەست ئـەو کەموکوورییانەوە، وەك ئەوەی گوایە زمانەکەمان لە ڕادەیەکی پێشکەوتنی ئەوتۆدا نییە، کە مل بۆ دەربڕینی هەموو نیاز و مەبەستەکان و... هتد بدا، نامانگەیەنێتە ئەنجام. بەڵکو پێویستە خۆمان ماندوو بکەین و، هەردەم چاومان لە دوارۆژێکی ڕووناك بێ بۆ چیرۆکی کوردی. چاومان لەو ڕۆژە بێ کە چیرۆکمانی تێدا شان لە شانـی چـیـرۆکـی گـەلـە پێشکەوتووەکـان دەدا، ئـیتر سا لـەسەر دەستی ئـێمـەدا بـێ یـا نەوەکانی دوای ئێمە. دوا شت کە باسی بکەین، بزووتنەوەی چیرۆکنووسینمانە لە دوای شۆڕشی (١٤ی تەمووز)ەوە. بێگومان ئەوە براوەتەوە کە شۆڕشێك بوو عێراقی لە پلەیەکەوە بردە پلەیەکی لە پێشووتر، کە شۆڕشەکەی شۆڕشی هەموو گەلی عەرەب و کوردە و، لە ئەنجامدا ئەدەبی کوردی لە کوردستانی عێراقدا، پەردەی تاریکی و کپی و ئیرهـابی ڕەشی سەردەمی گۆڕکراوی لەسەر لاچووە و، سەردەمێکی تری بۆ هەڵکەوتووە کە ماوەی نەشونماکردن و بووژاندنەوەیەکی ئەوتۆی بۆ ڕەخساوە، کە هەرگیز لەوەبەر بـۆی نـەڕەخساوە. ئـیـنـجـا هـەقـمـانـە بـپـرسین: کـوا و کـامـەیـە ئـەو بـووژانـدنـەوە و نەشونمایە؟!.

لەبەر ئەوەشی کە من لێرەدا بەتایبەتی لە چیرۆکی کوردی دەدوێم، ڕووی دەمم لە چیرۆکنووسانمان دەکەم و لەگەڵ کـەمیی ژمـارەشیـاندا دەپرسم: کوا کـامـەیـە؟!. بۆ وەرامیش من لەلای خۆمەوە دەڵێم: ئەوە نییە کە دەبوو هەبێ. کێی تر ڕای بەپێچەوانەی منییەوەی هەیە، با بفەرمووێ و ئەوەیان باسێکی ترە و وەختێکی تری بۆ لێدوان پێ دەوێ.

**چیرۆکی شانۆییی کوردی لەو ماوەیەدا**

بێگومان نووسین بۆ شانۆ وەختێك لەدایك دەبێ و دێتە کایەوە، کە شانۆ و هونەری تەمسیلکردن لە بەرچاو بن و هەست بەپێکهاتنیان کرابێ. جا ڕۆشنبیرانی کورد یەکێك لەو شتانەی هەستیان بە پێویستیی بوونی کرد، شانۆ و هونەری نواندن بوو کە دیارە ئەمەش چیرۆکی تایبەتی خۆی دەوێ. بەم جۆرە پێویستیی نووسین بۆ شانۆ،

خۆی بەسەر نووسەرانی کورددا سەپاند و، دەری خست کە دەبێ جێگەیەکی لە ئەدەبی کوردیدا بۆ تەرخان بکرێ. ئێمە ئەگەرچی لێرەدا باسمان تەنیا لە چیرۆکی شانۆییە، لەگەڵ ئەوەشدا ناچارین لە پاڵ هونەرەکانی تری شانۆدا لێی بدوێین، چونکە یەك بەیەکترەوە بەستراون. یەکەم چیرۆکی شانۆییشمان (مەمی ئالان)ی (عەبدورەحیم رەحمی)یە کە کوردێکی کوردستانی تورکیایە. باسی چیرۆکەکە هەر لە (مەمی ئالان)ی فۆلکلۆرییەوە وەرگیراوە، کە دەڵێن گوایە (ئەحمەدی خانی)ش باسی (مەم و زین)ی هەر لەوەوە وەرگرتووە. من بەشبەحاڵی خۆم نەمدیوە. بەڵام ئەو بەرێزانەی دیویانە و خوێندوویانەتەوە، وای باس دەکەن کە چیرۆکێکی شانۆیی سەرکەوتووە و، شێوە درامییەکەی هێندە بەهێز و کاریگەرە، کە نرخێکی گەورەی دەداتێ و دەیخاتە ریزی شانۆییە سەرکەوتووەکانەوە. ئەوەش نابێ لە یاد بکەین کە عەبدورەحیم رەحمی، یەکێك بووە لەو کوردە دلێرانەی تورکیا، کە خۆی لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەیدا کردووەتە قوربانی و، بەدەستی کەمالییەکان لەناوچووە. هەروەکو یەکێك بووە لە نووسەرە بە تواناکانی گەلی کورد لە تورکیا لە سەردەمی خۆیدا.

لە باسی پێشوومانـدا وتمان کـە لـە دوای داگیـرکـردنـی عـێراقـەوە لـەلایـەن ئیمپریالیزمی بەریتانییەوە، بووژانەوەی رۆشنبیری و ئەدەبیی کوردی، ڕوو لە کوردستانی عێراق دەکا. جا لەگەڵیدا جووڵانەوەی هونەری سەر شانۆش، دەست پێ دەکا و دێتە کایەوە، بەتایبەتی لە شاری سلێمانیدا لە ساڵانی (١٩٣٨–١٩٣٩)وە، کە چەند شانۆگەرییەکی مێژوویی پێشکێش کراون وەك: سەلاحەدینی ئەیوبی و کەریم خانی زەند و لەم بابەتە. دیارە ئەم جووڵانەوەیە بووەتە هۆی وریا کردنەوەی نووسەران و، هاندانیان بۆ نووسین بۆ شانۆ. بۆیە بە دووری نازانم کە پیرەمێرد لە ئەنجامیدا چیرۆکە شانۆییەکەی (پییەسی تەمسیلییەکی راستی تەئریخییە)ی لە ساڵی (١٩٤٢)دا نووسیبێ، کە بە نامێلکەیەك بڵاوی کردووەتەوە. هەروەها (أ. ب. هەوری)ش لە (دڵداری و دادپەروەری)دا، کە ئەمیش هەر لەو ساڵەدا بەنامێلکەیەك بڵاوی کردووەتەوە. ئینجا لە ساڵانی (١٩٤٧–١٩٤٩)دا، جووڵانەوەیەکی تر بەرپا بووە. لە (١٩٤٧)دا بە نیازی یارمەتیدانی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی شاری (پێنجوێن)، ئۆپەرێتە شیعرییەکەی مامۆستا گۆران (گوڵی خوێناوی)، بەدەستکارییەوە لەسەر شانۆ تەمسیل کراوە. لە دوو ساڵی (١٩٤٨–١٩٤٩)دا، کە لە

ئەنجامی هەڵچوونی بزووتنەوەی نیشتمانیدا، کەمە سەربەستییەکی دیموکراتی سەنرابوو، چیرۆکی تەمسیلی (تێکۆشانی رەنجبەران)، کە لە چیرۆکی (کەرەلۆتیی مەنووچەر)ی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدەوە وەرگێڕابوو، پێشکێش کراوە تا ئێستاش لە یادی جەماوەری سلێمانیدا دەژی.

هەروەها لە ساڵی (١٩٥٢)ەوە، جووڵانەوەکە دیسان دەست پێ دەکاتەوە و، هەتا ئێستا بەردەوامە. ئەو شانۆگەرییانەی لەم ساڵانەدا لە سلێمانیدا پێشکێش کراون ئەمانەن:

| | | |
|---|---|---|
| ١– بروسکە و شیرین | رەئووف یەحیا | ١٩٥٢ |
| ٢– دەستی ماندوو لەسەر سکی تێر | نووری وەشتی | ١٩٥٤ |
| ٣– ئافرەت و نوشتە | کامل ژیر | ١٩٥٥ |
| ٤– کاوەی ئاسنگەر | کامەران موکری | ١٩٥٧ |
| ٥– مەم و زین | – | ١٩٥٧ |
| ٦– چۆن بووم بەهونەرمەند | ئەمین میرزا کەریم | ١٩٥٨ |
| ٧– تاوانی چی بوو | مستەفا ساڵح کەریم | ١٩٥٨ |
| ٨– رەهێلە | کامەران موکری | ١٩٥٨ |
| ٩– کچە نەغەدەیییەکە | کامەران موکری | ١٩٥٩ |
| ١٠– زێڕین | ئەمین میرزا کەریم | ١٩٥٩ |

بەم جۆرە دەبینین کە لەم ساڵانەی دواییماندا، جووڵانەوەیەکی شانۆییی باش پەیدا بووە و، بەرهەمێکی زۆر لە ژمارە و پێشکەوتووتر لە ڕووی هونەرییەوە پێشکێش کراون، بەتایبەتی لە دوای شۆڕشی (١٤ی تەمووز)ەوە کە دەتوانین بڵێین: لە لایەنەکانی تری بزووتنەوەی رۆشنبیریمان لە پێشتر بوو. جگە لەو چیرۆکە شانۆییانە، کە زۆربەیان تەنیا لەسەر شانۆ تەمسیل کراون و لە چاپ نەدراون، ژمارەیەکیشمان هەن کە چاپ کراون و، تا ئێستا بە تەمسیل لەسەر شانۆ پێشکێش نەکراون. لەوانە: (دادپەروەری)ی مامۆستا شاکر فەتاح، کە ئەمساڵ لە نامێلکەی (ژینی نوێ)دا بڵاوی کردووەتەوە و (عەلی ئەفەندی) و (رووخا)ی مامۆستا نەریمان.

ئەمە کورتەی جووڵانەوەی هونەریی سەر شانۆمان بوو، لە ماوەی (٤٠ –٥٠) ساڵی

ڕابردوومـاندا. جا ئێستـا بـا جووڵانـەوەکـە ورد بکـەینـەوە و بزانین نیشانـەکانی چین..

١– شێوە گشتییەکەی تا ئێستا قوتابییانە بووە. واتە لە قوتابییان و مامۆستایانی قوتابخانەکان وەشاوەتەوە.

٢– بەدرێژاییی مێژووی تا ئێستای، تەنیا یەك ڕێکخراو دەبینین لە دەرەوەی سنووری چالاکی قوتابییاندا بێ، ئەویش کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانە لە سلێمانی کە لە (١٩٥٥)دا دامەزراوە و، تا ئێستا و لەو تەمەنە کورتەیدا، هێشتا نەیتوانیوە ئەو ئەرکە بەجێ بێنێ کە لێی چاوەڕوان دەکرا.

٣– جووڵانەوەیەکیش کە قورساییەکەی لەسەر شانی قوتابییان بێ، بێگومان چاوەڕێی ئەوەی لێ ناکرێ کە بەرفراوان و پێگەیشتوو بێ و لە ڕادەی بەدیهێنانی دروشمی (شانۆ قوتابخانەی گەلە)دا بێ، چونکە بەتەبیعەتی حاڵ ئەو توانا و ماوەیەیان نابێ، کە ئەم دروشمە بکەنە ئامانج و بەدیی بهێنن، ئەگەرچی لەم ڕووەوە درێغیشیان نەکردووە.

جـا هـەر کـاتێك بـزووتـنـەوەی شانـۆیـیمـان لـەم سنـوورە چـووە دەرەوە و، لـە شێوە هونەرییەکەیدا تایبەتمەندیی خۆی سەلماند و، تیپ و ڕێکخراو و کۆمەڵەی تایبەتیی خۆی پێکهێنا، ئەو کاتە ڕادەی چیرۆکی شانۆییمان بەرز دەبێتەوە و پەرە دەسێنێ. بێگومان ئەمەش بەپێشکەوتنی گەلەکەمانەوە لە هەموو بارەیەکی ژیانەوە بەستراوەتەوە و دیسان ئەمیشیان، پەیوەندی بەبارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتەوە هەیە. دواجار نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین، کە ئەو تەمسیلییانەی لە رادیۆوە پێشکێش دەکرێن، پێوەندییان بەم باسەمانەوە هەیە و، لەم بارەیەوە دەڵێین: ئەمانیش لەلای خۆیانەوە، هاوبەشی لە نزیککردنەوە و ئاشناکردنی گوێگرانیان بەهونەرەکە دەکەن، واتە دەوری خۆیان لە هاندانی نووسیندا بۆ شانۆ دەبینن.

کۆواری بڵێسە – ژ/٩، ١٠–نیسان، مایس/١٩٦٠

## ناوی کەسانی چیرۆکمان چۆن هەڵبژێرین؟

لە زۆربەی چیرۆکەکانماندا، دیاردەیەکی سەیر سەرنجم ڕادەکێشێ!. دیاردەکە ئەوەیە کە با بڵێین: چیرۆکێك بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

(ئـاسۆ پـیـرێکـی پـەککـەوتـەی نـاو گـەڕەکـەکـەمـان بـوو، کـە سەری بـچـوایـە نوێژی

نەدەچوو.. هتد). من ئەوی راستی بێ کە لە خوێندنەوەی چیرۆکێکدا شتێکی وەهام بەرچاو دەکەوێ، هەر خێرا لە دڵدا دەڵێم: ئەم برا چیرۆکنووسە لە بنچینەیەکی گرینگی هونەری چیرۆکنووسیندا، نەشارەزاییی خۆیم پێ ڕادەگەیەنێ کە چۆنێتیی هەڵبژاردنی ناوی کەسانی چیرۆکەکەیە، چونکە لەو باوەڕەدا نیم کە ئێستا لە هەموو کوردستانی بچووك و (گەورەشماندا)، بتوانیت پیاوێکی تەمەن (٦٥–٧٠) ساڵی بدۆزیتەوە، کە ناوی (ئاسۆ) بێ.

هەڵبژاردنی ناوی کەسانی چیرۆك، هێندە ئاسان نییە وەك هەندێ لە برا چیرۆکنووسەکانمان تێی گەیشتوون. من بەشبەحاڵی خۆم بەدەست هەڵبژاردنی ناوی کەسانی چیرۆکەکانمەوە زۆر ماندوو دەبم و، هەردەم تەقەلا دەدەم ناوەکە پڕ بەپێستی ئەو کەسە بێ، کە لە زەینی خۆمدا نەخشەم بۆ جۆری جموجۆڵ و جێگە و پایە و پلەی لە کۆمەڵدا کێشاوە. بەلای منەوە خراپ هەڵبژاردنی ناوی کەسانی چیرۆك، راستەوخۆ کار دەکاتە سەر هەست و بیر و هۆشی خوێنەر و، زوو تێی دەگەیەنێ کە ئەو لەو چیرۆکەدا، کارەسات و بەسەرهاتی کەسێکی راستەقینەی ناو ئەم ژیانە ناخوێنێتەوە، بەڵکو هی کەسێکە کە دەسکردی چیرۆکنووسێکە و، بەپێی حەزی ئەو ناوی نراوە (ئاسۆ)، لە بریی ئەوەی (خاڵە عەوول) بێ کە ئەمیانی بۆ دەگونجێ. دیارە ئەمەش لەو نیازە پاکەوە هاتووە، کە گوایە زمانەکە لە وشە و ناوی بیانی پاك دەکاتەوە. بەبڕوای من چیرۆکنووسەکانمان لە ئێستادا، بۆ ئەوەی خۆیان لەو خراپ هەڵبژاردنەی ناوی کەسان بەدوور بگرن، دەتوانن پەیڕەوی ئەم چەند تێبینییە بکەن:

یەکەم: بەکارهێنانی ناوە عەرەبییەکان لە قاڵبە کوردییەکانیدا، بۆ کەسانی بەتەمەنداچووی لە بیست ساڵی بەرەوژوورتر وەك: (حەمە، عەوول، مچە، سالە، خولە، ئایشێ، فاتە.. هتد).

دووەم: بەکارهێنانی ناوی کوردیی کۆن بۆ پیر و لاو، بەمەرجێ ئاگەداری پایە و پلەی کۆمەڵایەتیی کەسەکە بکرێ. وەك: (بارام، شاسوار، سەرحەد، وەیسی، گوڵچین، خاوەر، خەرامان.. هتد).

سێیەم: بەکارهێنانی ناوی کوردیی نوێ بۆ نەوەی نوێمان، کە تەمەنیان لە بیست ساڵ خوارترە. وەك: (ئاسۆ، نەوزاد، بەختیار، گەلاوێژ، ژیان، ئاواز.. هتد).

وەکی تر بەباشی دەزانم کە ئاگەداریی ئەم تێبینییانەش بکەن:

یەکەم: زۆربەی هەرە زۆری جووتیارانمان تا ئەم ساتە (لە کوردستانی لای خۆماندا)، منداڵانیان بەناوی عەرەبییەوە ناو دەنێن، کە وەك وتمان لە ئەنجامدا دەچێتە قاڵبی کوردیی تایبەتییەوە.

دووەم: ئەم ڕێژەیە لەناو کرێکاران و زەحمەتکێشانی شارەکاندا، کەم دەبێتەوە و کەسانی چاووبیر کراوەیان، ڕوو لە ناوی کوردی دەکەن.

سێیەم: لەلای ڕۆشنبیر و خوێندەوارانمان، ئەم ڕێژەیە بەتەواوی کەم دەبێتەوە و ناونانی منداڵیان، ڕوو لە کوردییەکی پەتی دەکا.

ئەم شەش تێبینییە بەلای منەوە، یارمەتییەکی باشی چیرۆکنووسە تازەپێگەیشتووەکانمان، لە مەسەلەی هەڵبژاردنی ناوی کەسانی چیرۆکەکانیاندا دەدا. ئەمە بێگومان ئەگەر وریایی و شارەزاییی چیرۆکنووسەکان خۆشیانی چووە پاڵ.

کۆواری بەیان – ژ/٣– نیسان/١٩٧٠

## پیرەمێردی چیرۆکنووس

بەلای منەوە ئەگەر پیرەمێردی شاعیر و ڕۆژنامەنووس و، پیرەمێردی ئاهەنگی سالآنەی نەورۆز تا رادەیەك هەقی خۆی درابێتێ و باسی کرابێ، ئەوا پیرەمێردی چیرۆکنووس تا ئێستا زۆر کەم لێی کۆڵراوەتەوە. پیرەمێرد لەم مەیدانەی تری ئەدەبدا، لە چاو پلەی ئەو وەختەی هونەری چیرۆکنووسینماندا، بەرهەمێکی فراوان و بایەخداری هەیە و، لەم ڕووەوە خزمەتێکی گەورەی ئەدەبی نەتەوەکەمانی کردووە. جارێ بابزانین بەرهەمەکانی لەم مەیدانەدا کامانەن؟.

١– دوانزە سوارەی مەریوان.

٢– مەحموود ئاغای شێوەکەڵ.

٣– شەریف هەمەوەند.

٤– ژمارەیەکی زۆر کورتەچیرۆك لە کۆوار و ڕۆژنامەکاندا، بەتایبەتی (گەلاوێژ).

٥– لە پاڵ ئەوانەدا چیرۆکی (کەمانچەژەن)یشی لە تورکییەوە کردووە بەکوردی.

٦– هەروەکو (مەم و زین)ەکەی ئەحمەدی خانیشی گۆڕیوەتە سەر شێوەی سۆرانی و،

خستوویەتییە قاڵبی چیرۆکی شانۆییەوە. ئینجا تەنیا سەرنجێك لە لیستەی ئەم بەرهەمانە دەری دەخا، کە پیرەمێرد چ هاوبەشییەکی گەورە و بایەخداری، لە مەیدانی چیرۆکنووسیندا کردووە و لە قۆناغێکیشدا، کە ئەم بابەتەی ئەدەب هێشتا تازە لە ئاسۆی ئەدەبەکەمانەوە تروسکەی دەدا. ئاشکرایە کە هەرسێ چیرۆکەکەی (دوانزە سوارەی مەریوان و مەحموود ئاغای شیوەکەڵ و شەریف هەمەوەند)، سێ کارەساتی مێژوویین و لەوەبەر دەماودەم وەك سێ رووداوی پڕ لە ئازایەتی و مەردایەتی، لەناو خەڵکیدا باس کراون. بەڵام پیرەمێرد دەستپێشخەریی کردووە و، لە قاڵبێکی ئەدەبیدا تۆماری کردوون.

جا ئەو کە لەو وەختەدا سەرنجی بۆ چیرۆکی مێژوویی چووبێ و، ئەو بەرهەمە زۆرەی بۆ ئەو کاتە لێ بەرهەم هێنابێ، بێگومان دەبێ شایانی باسکردن و لێدوان بێ، بەتایبەتی کە دەبینین دوای ئەو گوایە هونەری چیرۆکنووسینمان چەند قۆناغێك چووەتە پێشەوە و پەرەی سەندووە، کەچی کەسێك تا ئێستا وەك ئەو بیری بۆ ئەوە نەچووە، ڕوو لە نووسینی چیرۆکی مێژوویی بکا، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم بابەتە چیرۆکانە بۆ پلەی ئێستای نەتەوەی ئێمە، گەلێ پێویستە و زۆریش سوودگەیێنە.

وەکی تر لەبەرئەوەی کە پیرەمێرد ئەو بایەخە زۆرەی بەچیرۆك داوە، بەپێویستی زانیوە نموونەیەکیش لە چیرۆکی بێگانە، بخاتە پێش چاوی خوێنەرانی کورد. بۆ ئەم مەبەستە (کەمانچەژەن)ی ئەلفرێد مۆلەری هەڵبژاردووە و کردوویەتی بەکوردی. لەملای تریشەوە (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی لەمەڕ خۆمانی لە شێوەی چیرۆکدا، گۆڕیوەتەوە سەر شێوەی سۆرانی و هەوڵی داوە بۆ سەر شانۆ دەست بدا. بەم جۆرە دەبینین کە پیرەمێرد چیرۆکی شانۆییشی فەرامۆش نەکردووە و، هەوڵی داوە نموونەی ئەم جۆرە چیرۆکەش بێنێتە کایەوە.

جگە لەمانە زۆر کورتە چیرۆکی هەن، کە لە رۆژنامە و کۆوارە کوردییەکاندا و بەتایبەتی لە گەلاوێژدا بڵاوی کردوونەتەوە. ئەمانە بەڕای من ئەگەرچی کارەساتی هەریەکەیان باسی چیرۆکێکی کورتی تەواوە، بەڵام لە رووی هونەری چیرۆکی کورتەوە و بەپێی زانیاریی ئێستای ئێمە لەم بارەیەوە، ناتەواوییان تێدا هەیە و پتر شێوەی پارچە پەخشانی ڕازاوەیان تێدا دەردەکەوێ وەك لە کورتە چیرۆك.

دواجار دەبێ ئەوەش بخەینە پێش چاو، کە بەسەربردنی پتر لە بیست ساڵ لە

تورکیادا و، لەو ڕێگەیەوە چاو هەڵهێنان بە بەرهەمی ئەوروپادا لە ڕووی هونەری چیرۆکنووسینەوە، پیرەمێردی هان داوە و ڕێگەی بۆ خۆش کردووە، کە ئاوەها و بەو گورجوگۆڵییەوە ڕوو بکاتە چیرۆکنووسین.

ئەم نووسینەم تەنیا باسکردنێکی سەرپێیی بوو، بەو نیازەی سەرنجی نووسەر و ڕەخنەگرەکانمانی بۆ ڕابکێشم و، قەت نابێ بە لێکۆڵینەوە لە قەڵەم بدرێ.

ڕۆژنامەی (هاوکاری) – ژ/٢٤–٢٠/٦/١٩٧٠.

چەند سەرنجێکی سەرەتایی

## لەبارەی کات و شوێنەوە لە هونەری چیرۆکنووسیندا

ئاخۆ مەبەست لە کات و شوێن لە هونەری چیرۆکنووسیندا چییە؟. مەبەست لە کات ماوەی ڕوودان و بەسەرچوون و کۆتاییهاتنی کارەساتەکانی هەر چیرۆکێکە. واتە کات لە سێ شێوەدا، یا وەك سێ پلە دەچێتە ژێر ڕکێفی هەستپێکردنی چیرۆکنووسەوە کە ئەمانەن:

یەکەم: ڕوودانی کات: بەڵام ئاخۆ ڕوودانی کات هەروا بەڕووتی و، بێ بەستنەوەی بەزنجیرەیەکی لە ژمارەنەهاتووی قووڵاییی مێژووەوە، بەگیر دێ و دەستی دەخرێتە سەر؟!. هەرگیز نەء!.. چونکە ئەو ساتەی تۆ لە ماوەیەکی دیاریکراودا، دەیکەیت بەساتی دەستپێکردنی ڕوودانی کارەسات، بەمێژوویەکی هێندە کۆنەوە بەندە، کە مەگەر تەنیا زانیاریی هەرە پێشکەوتووی ئەم سەردەمە بتوانێ تروسکەیەکمان لەبارەی ئەو سەرەتایەوە پێ ڕابگەیەنێ.

دووەم: بەسەرچوونی کات: لەمیاندا ڕاستە کە چیرۆکنووس دەتوانێ، هەستی تەواوی پێ بکا و، سنوورێکی بۆ بکێشێ، چونکە لە ساتی حاڵی حازری هەستکردنی خۆیدا ڕوو دەدا. بەڵام ئاخۆ ئەو لەو سنوور بۆ کێشانەدا بێ سنوور سەربەستە؟!. یا ئەو دەسەڵاتەی پابەندی چەندان مەرج و بنەما و یاسای دەرەوەی هەستکردنەکەیەتی، کە ناچاری پەیڕەوکردنیانە؟!. بەسەرچوونی کات لێرەدا، بەتوندی بەشوێنەوە بەندە و لەگەڵیدا جووت دەبێ. گرفتی هەرە گەورە و ئاڵۆزی هونەری چیرۆکنووسینیش، لێرەدا بەکوڵکی چیرۆکنووسەوە دەبێ. ئەو ڕێبازە نوێیەشی من لە هونەرەکەدا مەبەستمە و، لە کۆتاییی ئەم

نووسینەدا دەیخەمە ڕوو، هەر لێرەدا دەکەوێتە ژێر ڕکێفی تاقیکردنەوەوە.

سێیەم: کۆتاییهاتنی کات: من دەپرسم: ئاخۆ کات کۆتایی هەیە؟!. بێگومان وەك چۆن دەستپێکردنی ڕوودانی کات، شوێنەواری لەلامان ونە و تا ئەم ساتەش دیاریکردنی لە تواناادا نییە، هەروەها دیاریکردنی کۆتاییهاتنیشی دەبێتە ئەرکێکی ستەمتر!. ئەمە لەبارەی کاتەوە. خۆ شوێنیش لەلای من، چ لە ڕوودان و چ لە بەسەرچوون و چ لە کۆتاییهاتندا، هەرگیز لە کات جیا ناکرێتەوە. چونکە کات و شوێن، یەك یەکتر دیاری دەکەن و یەك سنووری یەکتر نەخشە دەکێشن. (ئەگەر مرۆڤ ڕۆژێك لە ڕۆژان توانی سنووری یەکێکیان نەخشە بکێشێ!). جا ئەوەی لەبارەی کاتەوە دەوترێ، کتومت بۆ شوێنیش دەگونجێ، ئەگەرچی ڕاهاتن بۆ ئەمیان لە ئێستادا، لە ڕووی هەستپێکردنەوە کەمێ ستەمترە.

بەم پێیە ئەگەر بچینەوە سەر باسی کات و شوێن لە چیرۆکی کوردیماندا دەڵێین:

(ئێمە چیرۆکمان گێل و گەمژەی کات و شوێنە!). ڕەنگە وتەکە کەمێ لە بەرگوێ گران بێ. بەڵام منێك کە لەسەر لووتکەی زانستیی سەردەمی خۆم ڕاوەستابم و، چاوی پەستی و نارەزایی بەسەر واقیعی حاڵدا بگێڕم، هەر دەبێ وتەکەم وەها بێ!. جا ئاخۆ چیرۆکێکی گێل و گەمژەی کات و شوێن، لەم چەرخی خێراییەدا لە ئاڵوگۆڕکردنی کات و شوێندا، چیمان دەخاتە پێش چاو. بەلای منەوە چوار نیشانەی گێل و گەمژەیی:

یەکەم: ڕووکەشی: واتە ساکاری و سادەیی چ لە ناوەڕۆك و چ لە شێوەدا. دیارە هەندێك دەڵێن: ئەمە لە ئیرادەی من و تۆدا نییە و، پێوەندیی بە زۆر باس و خوازی ترەوە هەیە. باشە و من هەرگیز لاریم لەم قسەیە نییە و، ڕاستیی تێدا دەبینم. بەڵام لەو باوەڕەشدا نیم ئاوات بەوە بخوازم، کە چیرۆکنووسێکی ڕووسی یا فەرەنسی یا ئینگلیزی بوومایە. خۆ فارسەکان لە سەردەمێکدا (خیام)یان هەبوو، کە لە مێژوو بەولاوە هیچی تریان نەبوو. یا هیندستانییەکان لە ڕۆژگارێکدا (تاگوور)یان هەبوو، کە دیسان وەك ئێستای ئێمە، لە مێژوو بەولاوە هیچی تریان نەبوو. وەکی تریش ئاخۆ دەبێ دەوری منی تاکە مرۆڤ، لە گۆڕین و پێشخستنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی و، کوردەواریدا بەتایبەتی چی بێ؟!.

دووەم: درێژدادڕی: واتە درێژەپێدانی بێ سوود و بگرە زیانگەیێن. لێرەشدا با ڕاستگۆ

بین و بپرسین: ئەگەر دڵسۆزین بۆ ڕاستی و باری سەرنجمان لەبارەیەوە بێگەردە، بۆچی لوولی بدەینە ناو گێژاوی ئەو درێژدادڕییەوە و، لە پێچ وپەنای ئەو درێژکردنەوە بێ سوودەدا بیشارینەوە؟!. ئەوەی دەیەوێ ڕاستی بخاتە ڕوو، پێویستی بەو هونەری پێچەڵپێچییە نییە، بەتایبەتی لە سەردەمێکدا کە زانست دەبێتە یاریدەری جیاکردنەوەی ڕاستی لە ناڕاستی. ئەوەی ئەو ڕێگەیە دەگرێتە بەر، لە یەکێك لە دوو حاڵەتدایە: یا دژ بەڕاستییە و توانای بۆ ونکردنی تەرخان کردووە، یا سەرلێشێواوە و ناچێتەوە سەر ڕێگەی ڕاستی.

سێیەم: کورتڕوانین: چیرۆکنووسانی ئێمە گیرۆدەی تەنیا ساتێکی بوونی خۆیانن و، ساتەکانی تری ژیانیان، یا بڕێتییە لە بیرچوونەوە و بەلاوەنان، وەیا یادکردنەوەیەکی کاڵوکرچ!. بەڵام خۆ ڕۆژانی داهاتوو لەلایان، بێ بایەخە و بێ پەیوەندی. گێلی و گەمژەیی کات و شوێن لەلای چیرۆکنووسەکانمان، زۆر بەزەقی لێرەدا دەردەکەوێ.

چوارەم: ئاشکرابینین: هەر مرۆڤێك کە کردارێك دەکا، ئەو کردارە بە هەزار و یەکی تری ئاشکرا و نهێنییەوە بەندە. چیرۆکنووسانی ئێمە، چیرۆکەکانیان تەنیا لەسەر کرداری ئاشکرا بنیات دەنێن و، زەفەر بەنهێنییەکان نابەن و توخنیان ناکەون، کە لە ڕاستیدا ئەوانە ئاوێنەی ڕاستینەی جۆری ڕەفتاری هەر مرۆڤێکن و، ئەوانیش ئەنجامی باری (مادی)ی دیوی دەرەوەی ئەو مرۆڤەن.

لە بەرامبەر ئەم چوار نیشانەیەدا، چوار نیشانەی پێچەوانە چارەسەرن:

یەکەم: قووڵی لە بیرکردنەوەدا و بەدەستەوەدانی بەرهەمێك، کە ڕووناکی بخاتە سەر یەکێك لە نهێنییە لەبننەهاتووەکانی ئەم ژیانە پڕ مەتەڵەی ئادەمیزاد.

دووەم: چڕی لە کارەسات و پڕی لە مانا و من بەئاواتەوەم، لە هەر چیرۆکێکدا لە کارەساتێکی ئەوتۆ بدوێم، کە لە هەر چوار لای پەڕە کاغەزەکەوە، پەل بۆ ئەوپەڕی دنیا و بگرە بۆ گشت ئەو گەردوونە بەرینە بهاوێ!. بەڵێ.. من چیرۆکێکم لەم بابەتە مەبەستە، نەك چیرۆکێك کە کارەساتەکەی لە چوارچێوەی لاپەڕەکەدا قەتیس مابێ و، لە مانادا ببێتە چەند وشەیەك و لە ناوەڕاستیدا مۆڵ بخۆن و، ئەو سەدان و بگرە هەزاران وشانەی تر، ببنە تۆپەڵە پەشمەکێك و هیچی تر.

سێیەم: سەراپایی بینین: ڕاستە کە من لە ساتی ئێستامدا هەم، بەڵام بوونی ئەم

ساتەم، هەرگیز لە بوونی ملیۆنێك ساڵی لەوەبەرم جیا ناكرێتەوە. هەروەكو لە ملیۆنێك ساڵی دوای ئەم ساتەشم جیا ناكرێتەوە. بەم پێیە مەودای بینین لەلای من، قەت ناشێ لە ساتی ئێستامدا گیر بخوا، یا جۆری بینینم ملكەچی ئەمسات و ئەوسات بێ. بوونی من تێكەڵیبوونی كاتە، چ لە ڕابردوویدا و چ لە ئێستا و چ لە داهاتوویدا. خۆ سەبارەت بە شوێنیش، كە لەگەڵ كاتدا تەواوكەری یەكترن هەر وەهام. كەواتە بینینی من سەراپاییە و، ئەو كورتبینییە لەخۆ ناگرێ.

چوارەم: پاڵپشتێكی فەلسەفی: وەك دەبینین ئێمە داكشاینە سەر باسێكی بایەخدارتر.. باسی پرسیاری (بۆ؟!). زۆرن ئەوانەی لەدایك دەبن و دەژین و دەمرن، بێ ئەوەی لە خۆیان بپرسن: بۆ؟!. بەڵام منی چیرۆكنووس لەو زۆرە نیم. چیرۆكنووسانی ئێمە، یا وەك هەر باسێكی ساكاری تری ڕۆژانەی ژیان تێی دەڕوانن. یاخۆ وەك تووتی و قەوان مامەڵەی لەگەڵدا دەكەن. هەموو ترسێكی كوشندە زمانیان لە گۆ دەخا. ترس لە ژیان.. لە ساتی بوونی خۆیان. بۆیە ناوێرین بپرسین بۆ؟!. چونكە بۆیەكە بۆ ڕابردوویان رادەكێشێ.. بۆ ساتی لەدایكبوونیان.. لەدایكبوونە هەرە كۆنەكە. هەروەكو بۆ داهاتووشیان رادەكێشێ.. بۆ ساتی مردنیان.. مردنی لە بننەهاتووی وەچە لە دوای وەچە!. لە كاتێكدا ئەو سێ ڕووداوە، لەدایكبوون و ژیان و مردن، سەرنجی من بەجۆرێكی تر ڕادەكێشن. بایەخیان لەلای من، بەكێشەی كات و شوێنەوە بەستراوە و، لەو سنوورەدا سەرنجیان دەدرێتێ. بۆیە ئەو ترسە ساوێلكانەیە من ڕانامالێ و، كات و شوێنم لێ گێل و گەمژە ناكا.

لێرەدا ئینجا دەپرسم: ئاخۆ ڕێگە بۆ بەرهەمهێنانی چیرۆكێك، كە لە كوورەی ئەو چوار مەرجەدا جۆش درابێ كامەیە؟!. ڕێگە لەلای من خێراییە لە ئاڵوگۆڕكردنی كات و شوێنی كارەساتدا. مەبەست لەو خێراییە چییە؟. بۆ ڕوونكردنەوەی دەبێ سەرنجێك بدەینە مێژووی كات و شوێن لە ڕووی هەستپێكردنی ئادەمیزادەوە. زانستیی ئەم سەردەمە وامان پێ دەسەلمێنێ، كە ماوەیەكی دوور و درێژ بەسەرچووە و كات و شوێن (لەباری سەرنجی هەستپێكردنی ئادەمیزادەوە، نەك خۆیان وەك دوو یاسای سروشتی)، ڕاوەستاو بوون و جووڵەیان تێدا نەبووە، چونكە هێشتا هەستكردنی پشتی هەرە كۆنی ئێمە، بەجموجۆڵی ئەو كات و شوێنە ساز نەبووبوو. ئینجاش كە دوای تێپەڕبوونی سەدان هەزار ساڵ ساز بوو، بەو خێراییەی لەمەڕ ئێستای من و تۆ نەبوو. واتە هەستكردنی مرۆڤ بەكات و شوێن و یاساكانی جموجۆڵكردنیان، مەسەلەیەك

نییە کە کتوپڕ ساز بووبێ و، ئیتر هەتاهەتایی لەنگەری لەسەر گرتبێ، بەڵکو لە نەبوووەوە دەستی پێ کردووە و لە سەرەتادا ساکار و لەسەرخۆ بووە، تا گەیشتووەتە ئەم رادەی خێرایییەی کە ئێستا هەیە.

بۆ نموونە: با وای دابنێین کە من سەد هەزارساڵێك لەمەوبەر، لە ئەشکەوتەکەی (هەزار مێرد)دا دەژیام و، ئەو کاتەش وەك ئێستا هەر چیرۆکنووس بووم. جا ئاخۆ لەو چیرۆکەدا کە ئەو وەختە دەمنووسی، چۆن لە کات و شوێن تێ دەگەیشتم و سنووریانم لە چیرۆکەکەمدا چۆن دەکێشا؟!. بێگومان کات ئەو وەختە لەلام تەنیا بریتی دەبوو، لە هەڵهاتنی رۆژ لە دەمکەلی گۆیژەوە، تا داچوونی بەودیو شانی چەپی ریزە شاخی ئەشکەوتەکەی لەمەڕ خۆمدا. کاتی شەویشم بریتی دەبوو لە کەمێك لە رووناکیی مانگ و، ئەوەکەی تری تاریکییەکی سامناك. خۆ شوێنیش بریتی دەبوو لە تەنیا ئەمدیو و ئەودیوی زنجیرە شاخی گڵەزەردە!. جا ئاخۆ ئەو وەختە من لە توانامدا دەبوو، کە هەست بەکات و شوێنێکی تر بکەم؟!.. کات و شوێنێکی لەوسا خێراتر و بەرینتر؟! بێگومان نەء. بۆچی؟!. چونکە ئەوسا رادەی هەستکردنم بەو دوو یاسا سروشتییە، تەنیا هێندە بڕی دەکرد. لە کاتێکدا ئێستا هەستکردنی مرۆڤ بە کات و شوێن، نەك تەنیا لە تەوق و کۆتی ئەو خاوی و سستییە رزگاری بووە و، سەراپای رووی زەمین تەی دەکا، بگرە پەل بۆ ئەو ئەستێرانەش دەهاوێ، کە ئەو وەختە سوژدەی پەرستنێکی ساوێلکانەیان بۆ دەبرا.

ئەوەی باسم کرد لەلای من، دەبێتە رێبازێکی کاریگەر لە کاروانی تەقەلادانda، بۆ رزگارکردنی چیرۆکمان لەو سستی و خاوییەی و راچەناندنی بەرەو پێشکەوتن، چونکە من بەتاقیکردنەوە بۆم دەرکەوتووە، کە جۆرە کۆت و زنجیرێك هونەری چیرۆکنووسی لە ئەدەبەکەماندا بەستووەتەوە و لە گێژاوی دواکەوتندا گیری دەدا. هەر لە رێگەی تاقیکردنەوەی خۆشمەوە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی، کە هۆی هەرە گەورەی ئەو بارە ناهەموارەی چیرۆکمان، لە هەڵوێستی ساکارانەی چیرۆکنووسانماندایە، سەبارەت بە مەسەلەی کات و شوێن. وردکردنەوەی ئەم باسە و تێگەیشتنی بەباشی و پەیرەوکردنی ئەو رێبازەی لێی دێتە بەرهەم (بەڵام شارەزایانە)، گەلێك بایەخدار و گەلێکیش سوودگەیێنە، بۆ پلەی هونەری چیرۆکنووسینمان. هیوادارم بتوانم لە هەلێکی تردا، فراوانتر لە باسەکە بدوێم.

نووسینی: تشرینی یەکەمی/ ١٩٧٠

بڵاوکردنەوەی: کۆواری (روانگە) – ژ/١–١٩٧١

## گیانی یاخیبوون و بەگژداچوون لە شیعری نەوەی نوێماندا

ئێمە لە زۆر نووسین و کۆڕی قسە و باسدا وتوومانە کە شاعیر و نووسەری نەوەی نوێمان، وەختێك لەم پلەیەی ئێستای کۆمەڵەکەماندا چاو بەژیاندا هەڵدەهێنن، وا هەست دەکەن کە بەشوورەیەکی بەرز و ئەستووری درۆودەلەسە و تەڵەکەبازی ئابلۆوقە دراون. کە دەشچنە کۆڕی ئەو ژیانەوە، دەستەویەخە ڕووبەڕووی ئەو شوورەیە دەبنەوە و، تیژتر ئەو باوەڕەیان لەلا دەچەسپێ، کە هەر خۆبزواندنێکیان لەو ژیانەدا دەبێ لە بازاڕی سەودا و مامەڵەی ئەودا هەڕاج بکرێ و، لە سوژدەیدا بە چۆکدا هاتبێ!. ئەوسا خۆیان لە ئاستی دوو ڕێگەدا بەدی دەکەن. یەکەمیان: بەرەو باوەشی سەرشۆڕی و ملکەچکردن بۆ شوورەی ستەمکار و، دواجار خۆدۆڕاندن لە زەلکاوی کۆمەڵێکی بۆگەندا. دووەمیان: بەرەو کۆڕی جەنگی یاخیبوون و بەگژداچوونی شوورە و، خۆپاراستن لە زەلکاو. بەڵام شاعیر و نووسەری نەوەی نوێ.. نەوەی سەردەمێك کە لە چارەی نووسراوە ئاڵۆزترین گیروگرفتی مێژوو یەکالا بکاتەوە و، گەورەترین هەنگاوی گۆڕان و پێشکەوتن لە کۆڕی نهێنییەکانی بوون و نەبوونی ناو ئەم کەونە بەرینەدا بنێ، شاعیر و نووسەری ئەم نەوەیە هەرگیز مل بۆ ئەوە نادەن کە لە باوەشی شوورەی درۆودەلەسە و تەڵەکەبازیدا، وەك مەرومالات مۆڵ بدرێن. سەرشۆڕی و ملکەچی لە ئاستی ئەو شوورە تەلیسماوییەدا، ببێتە مایەی ژیانیان. بەڵکو بێ سڵکردنەوە ملی ڕێگەی دووەم دەگرنە بەر.. ڕێگەی یاخیبوون و بە گژداچوون، کە ڕێگەی پڕ بەپڕی سەردەمی خۆیانە. ئێمە کاتێ وەهامان نووسی و وەها دواین، لەوەش دڵنیا بووین کە هەر زوو لەناو شوورە و زەلکاوەکەوە، تیربارانی جۆران تۆمەت و تانە دەکرێین و، چەندان کۆسپ و کەندمان دەخرێتە سەرڕێ. هەروەکو سەراپای دەسەلاتی لەشکری زەبربەدەستی شوورەمان لێ دەخرێتە کار. تەقەلای خەفەکردنی هەناسەی یەکەممان دەبێتە شا کرداری. بەڵام پڕ بەسینەی خۆمان هەناسەی یەکەممان دا.. گەلێکی تریش بەدوایدا بێ ئەوەی ئەو تەقەلای خەفەکردنە بتوانێ دەنگی زولاڵی لاساری کپ بکات. سا من لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵ دەدەم تەنیا لە کۆڕی شیعر وتندا، کەمێك لەو گیانی لاساری و یاخیبوون و بەگژداچوونەی نەوەی نوێمان روون بکەنەوە.

***

بەلای منەوە لەم پلەیەدا شێرکۆ بێکەس و جەلالی میرزا کەریم، دوو شاعیری پتر دیار و دەرکەوتوون، کە روونتر شێوە و رەنگ و بۆی گیانی یاخیبوون و بەگژداچوونی نەوەی نوێ دەنوێنن و، کارامەتر دەنگی خۆیان لەم رووەوە رادەگەیەنن. تکایە کەسیش وەها تێ نەگات کە تەنیا ئەم دوو شاعیرە لە کایەدان. نەخێر.. شاعیرانی لاوی وەك جەمال شارباژێڕی و عەبدوڵڵا پەشێو و سەلاح شوان و لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر شاکەلی، دەستەیەك شاعیری نەوەی نوێن کە توانیویانە زۆر و کەم، لەم کۆڕەدا خۆیان بسەلمێنن و رێگە بگرنە بەر. لەلایەکی تریشەوە من وردکردنەوەی باسەکە لەباری سەرنجی گشت ئەو شاعیرانەوە، لە کورتە لێکۆڵینەوەیەکی وەهادا بەکارێکی ئاسان نازانم، چونکە ئەگەرچی هەموویان لە سنووری گیانی یاخیبوون و بەگژداچووندا یەك دەگرنەوە، بەڵام تێگەیشتن و بۆچوونی هەریەکەیان جیاوازە لەوانی تر، کە ئەمە لێدوانێکی دوور و درێژی دەوێ. بۆ نموونە: جیاوازیی نێوان جەمال و لەتیف، لەتیف و شێرکۆ، وە یا جیاوازیی نێوان شێرکۆ و جەلالیش و هەروەها.

***

ئاخۆ شاعیری نەوەی نوێ، لە چی یاخی دەبێ و بەگژ چیدا دەچێ؟!. وتمان شوورەی درۆودەلەسە و تەڵەکەبازی و، زەلکاوی کۆمەڵێکی بۆگەن. بەڵام ئاخۆ شوورە و زەلکاو، لە کوانووی هەستپێکردن و تێ وردبوونەوەی تیژدا، وەك کارێکی دەستکردی ئەم رۆژانەی ئێستای خۆی دێتە پێش چاوی، یا وەك میراتییەکی هەزارانساڵەی باو و باپیران و، چین لەسەر چین نرابنە سەریەك؟. بێگومان وەك میراتییەکی قووڵاییی ئەوتۆی مێژوو دێتە پێش چاوی، کە لە سەرەتادا شێوەی تەلیسمێکی ستەمی لە شکاندن نەهاتووی پێشینان دەدەن و، کە هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی هەرە گەورەی ناڕەزایی و بێزاریی دەربڕینی توندوتیژی، بەرامبەر بە رووی تەڵخ و چەپەڵی میرات کە لەباری سەرنجی ئەمەوە، رووی زاڵ و زەبربەدەستی ساتی ئێستای ژیانی ئەم دەگرێتەوە.

شاعیری نەوەی نوێ لە سەرەتای چاوکردنەوەی بەسەر ژیاندا، بەقسە لەلایەن دایك و باوك و مامۆستا و مەلا و سەرجەم کاربەدەستانی ناو کۆمەڵەکەیەوە، رۆژی سەدان وتەی وەك (چاکەکاری و پیاوەتی و مەردایەتی و فیداکاری و سەربەرزی و خواپەرستی و.... هتد) هەڵدەدرێن بە گوێیدا و، دەمێك بەشێنەیی و دەمێکیش بە هەڕەشەوگوڕەشە، داوای لێ دەکرێ کە پەیڕەوی ئەو وتە پیرۆزانە بکا و لە سنووریان

دەرنەچێ. کەچی بەکردار سەدان تاقیکردنەوەی رۆژانەی و هەر لەگەڵ ئەو زاتانەدا، سەدان جار ئەو وشە شیرینە پیرۆزانەی لەلا بەدرۆ دەخەنەوە و، ئەنجامێکی سەرومڕ پێچەوانەی دەدەنێ!. سا لێرەوە ئیتر کار لە کار دەترازێ و، رەفتاری داهاتووی شاعیری لاومان یەکالا دەبێتەوە، کە ئاخۆ وەك زۆربەی هەرە زۆری ئەو خەڵکە، وەك مەڕومالات کردار دەکا و، لە سوجدەی شوورەی ستەمدا بەچۆکا دێ؟!. یاخۆ یاخی دەبێ و دەماری لاساریکردنی، لە ئاستی شوورەی خاوەن مێژوودا لێ هەڵدەئاوسێ و، رێگەی بەگژداچوونی پێ دەگرێتە بەر؟!. شێرکۆ بێکەس دەڵێ:

سەعاتژمێر ورد ورد ئەڕوات
تەمەن لەگەڵ خۆیدا ئەبات
پیاو لەسەر کورسیی تەمەڵی
هەموو گیانی باوێشك ئەدات
رەفتار دوو شەشی تۆپیوە
قسە.. زیت و راپەڕیوە
بینین چاوی کوتوکوێرە
دەس.. دەنکی تەزبیحژمێرە
خەیاڵ.. ئازا و پۆشتە و تێرە
وا باڵی گرت، سەعات فڕی
نیوەی رێگەی زەوی و مانگی
دووری بڕی!.

(٢٤سەعات)

بڕوانن!.. مرۆڤەکانی کۆمەڵەکەی ئێمە، لە سەردەمی ژیانی شاعیری لاوماندا.. سەردەمی تەکاندان و هەنگاونانی گەورە بۆ پێشەوە، چ بابەتە مرۆڤێکن؟!. تەمەڵی.. رەفتاری تۆپیو.. قسەی زیت و بینینی کورت و کوێر.. دەست و مەچەکی دەنکی تەزبیحژمێر.. وەکی تریش خەیاڵ ئازا و پۆشتە و تێر، تا رادەی بڕینی نیوە (تەنیا نیوە)ی رێگەی نێوان مانگ و زەوی!. دیارە شێرکۆ باش لەوە بە ئاگایە، کە کەشی و مێژەر و باری چەوتی قوببەی شارەکەی، چ تلیاکێك دەرخواردی مەردمەکەی دەدا، تا

لە ئەنجامدا ئەو نموونە تەمەڵ و تۆپیوە، یا قسە زیت و چاو کوێریان لێ دەردەچێ!. بۆیە لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

ڕووبارەکان..
کاتێ بەدەریا و گۆم ئەگەن
تف لە سەرچاوەی خۆ ئەکەن

(وێنەیەك)

بۆچی؟!. وەرام لەلای شێرکۆ لەوەدایە کە:

سەلاحەدین..
ئاگرێك بوو لەسەر لووتکە کرایەوە
لە دەریادا کوژایەوە
هەتاوێ بوو لەسەر بەفر لەدایك بوو
بەڵام لەناو چنگی گرەی
سەحرای دۆزەخا توایەوە

(هەنگاوی سەرنج)

شێرکۆ هەنگاوی سەرنجی لە ئەنجامدا وەها هەڵدێنێ. واتە کە کەشی و مێزەر و قوببەی شارەکەی!.. کە رەفتار و قسە و بینین و دەست و مەچەکی کوڕوکاڵی نەتەوەکەی!.. کە ڕووبارەکانی!.. کە سەلاحەدینە قارەمانەکەی!.. کە گشتیان رستێکن لەو درۆودەلەسە پووچانەی لە پشتاوپشتەوە بە گوێیدا دەدرێن، رۆژ و ساڵ و مانگی پێ بەسەر دەبەن.. ئەگینا:

مافی مرۆڤ درۆیەك بوو
ڕۆژیی لە ڕۆژان لە دەمی
هەڵەوەڕی مێژوو دەرچوو..

(ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك)

***

هەر لەم ڕووەوە جەلالی میرزا کەریمیش، بەباری سەرنج و جۆری تێگەیشتنی تایبەتیی خۆیدا، دەنگی بێزاریی خۆی بەرز دەکاتەوە و دەڵێ:

دەمێکە نەڕەی کەللە سەری گۆڕ
لەناو چیرۆکی
بێ ناوەڕۆکی
مێژووی خەزانی
ژێر تیشکی کزی مەشخەڵی چاوشۆڕ
ئەخوێنینەوە
هەزار جەنگاوەر
گەشترین باوەڕ
بۆ یەك بەڵێنی درۆی خوێنەخۆر
ئەگۆڕینەوە.

واتە نەڕەی کەللەسەر.. مێژوو.. مەشخەڵ.. جەنگاوەر.. باوەڕ.. ڕستێکی ترن لەو وتە پیرۆزە تەلیسماوییانەی، کە دەبێ نەوەی ئێستای کوردەواری، بێ چەندوچۆن شایەتمانییان پێ بهێنن!. ئەمە لە کاتێکدا هەر ئەو وتانە، لە چاوترووکانێکدا بەیەك بەڵێنی درۆی دوژمنی خوێنخۆر دەگۆڕنەوە، وەك ژمارەیەك ئەسپێی شاخداری ناو کلۆجەی دێوانەیەك، دادەتەکێنرێتە ناو تەنووری شوورەوە. ئەوسا پەردە لە ڕووی درۆ هەرە گەورەکەش هەڵدەماڵدرێ و، شاعیری لاومان تیژتر ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کە دەڵێ:

ڕێبواری ڕێگەی بێ ناونیشانین
بێ گۆڕستانین
بێ کوردستانین

(سەرەتای داستانێکی ونبوو)

بۆچی وەهاین؟!. چونکە گیرۆدەی تەلیسمە تەمەن هەزارانساڵەکەین!.. چونکە ملکەچی شوورە ستەم کارەکەین!.. چونکە نوقمی ناو زەلکاوەکەین!.. دواجار چونکە:

خنکاین.. خنکاین..
لە دووکەڵی بوخوردی درۆی ئاشتییا

(سووتان لە ئاهەنگی ئاشتییا)

وەختێکیش ئەم خۆخواردنەوە پڕ لە ئازارە، لە دەروونی شاعیرماندا لوول دەخوا و، هەست و هۆشی دێنێتە جۆش و خرۆش، تەنیا ڕێگەی یاخیبوون و بەگژداچوون لە بەردەمی خۆیدا بەدی دەکات، کە بتوانێ شالآوی تەقینەوەی ئەو خۆخواردنەوەیەی بگرێتە بەر. بۆیە دەبینین لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

ئەسووتێنم
ئەو وێنە بێ ڕوخسارانەی
لکاوی دیواری هۆشن
ئەخنکێنم
ئەو ئاوازە بێدەنگانەی
بە چڵپاوی درۆ گۆشن
ستوونێکی بەرز و بۆشن
ڕواڵەتی ئەو وتانەی
بۆ چڵکی دەست خۆفرۆشن

(گۆرانیی ڕێبوارێکی یاخیبوو)

بێگومان ئەوەی لەم چەند دێڕەدا دەکەونە بەرچاو، تەقینەوەیەکی پڕ لە ڕقوکینەیە لە ڕووی وێنەی بێ ڕوخساری لکاوی دیواری هۆش... ئاوازی بێدەنگی بە چڵپاوی درۆگۆش.. ستوونی بەرز و بۆش.. وتەی بۆ چڵکی دەست خۆفرۆش!. بەم پێیە نیشانەی هەرە دیار و ئاشکرا لە شیعری شاعیرانی نەوەی نوێدا، کە جێگەی شانازی هەرە گەورەشیان دەبێ، ئەوەیە کە ئازایانە و دوور لە ترسی دەسەڵاتی سامناکی حووجی درۆ و تەڵەکەبازی ناو کۆمەڵەکەیان. جێپێی خۆیان دیاری دەکەن و، ڕستێك درۆ و درۆزنی هەم زل و هەم زەبربەدەست بەدرۆ دەخەنەوە. خۆ ئاشکراشە کە گرتنی ئەم ڕێگەیە چەندە سامناك و پڕ لە مەترسییە و، چ جۆرە ئەشکەنجە و ئازارێکی لە دوایە!.

***

بەڵام ئاخۆ شاعیرانی نەوەی نوێ چۆن بەگژدا دەچن و، لە پێناوی چ ئامانجێکدا؟!. زۆر کەس وتیان: یاخیبوون و بەگژداچوونی بێ سەروبەرە.. بێ پرۆگرام و ئامانجە.. واتە ڕووخێنەر و گێرەشێوێنە و، لە ئەنجامدا زەرەرگەیێن و بێ قازانجە!. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو زاتانە نەك تەنیا بەهەڵە چوون، بگرە تەمومژی تەلیسمەکە هێندە

بەخەستی بەرچاوی تەنیون، کە ئاگری نەورۆزی نێو شیعرەکانی ئەم شاعیرانە بەدی ناکەن و، ڕۆژی ڕووناکی ناو گەرووی هەر وتە و دێرێکی شیعرەکانی ئەوانیان لە بەرچاو ونە!. سەرجەم نموونەی شیعری شاعیرانی نەوەی نوێ، یاخیبوون و بەگژداچوونێکی ژیر و وریا دەخەنە پێش چاو، کە لەلای هەر یەکێکیان بەپێی ئایدۆلۆجیا و فەلسەفەی تایبەتیی خۆی، لەسەر پرۆگرامێکی دیار و ئاشکرا و بۆ ئامانجێکی روون بەرپا دەکرێ. شێرکۆ بێکەس دەڵێ:

من شاعیر نیم..
بەڵام ئەگەر لێیان پرسیم
کام هۆنراوە پەسەند ئەکەی
ئەڵێم ئەوەی
لەسەر لێوی وشەکانی
زەردەخەنەی منداڵانی
رووت و قووتی کوردی تیایە
ئەو هۆنراوەیەم خۆش ئەوێ
وەك پێشمەرگەی تینوو وایە

(رۆژمێری پێشمەرگەیەك)

هەروەکو لە تابلۆیەکی تردا دەڵێ:

ئەم بەیانییە خۆرم دی
بۆ دوارۆژی نەوەی هاتوو
پێئەکەنی.

وەك دەبینین شاعیری نەوەی نوێ، بەرچاو تاریك و بێ بڕوا نییە وەك هەندێك بوختان دەکەن. ئەوەتا شێرکۆ هۆنراوەیەك پەسەند دەکا کە لێوی وشەکانی، زەردەخەنەی منداڵانی رووت و قووتی کورد بنوێنێ.. کە وەك پێشمەرگەیەکی تینووی ئازادی و سەرکەوتن بێ. بەهەرحاڵیش لە ئەنجامدا، ئەو خۆرە هەر بەدی دەکا کە لە بەرەبەیانێکدا، بۆ دوارۆژی نەوەی هاتوو پێ دەکەنێ. هەر شێرکۆ لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

کاتێ ئەهریمەن بۆ ئەنجام
بۆ کۆتایی پێئەکەنێ

لەو کاتەدا دیسانەوە

جارێکی تر

وەرزێکی تر

وەرزی پێنجەم

بۆ زەردەشتێکی کەی دووەم

بۆ مرۆڤی وەك فریشتە

دێتەوە ناو

جارێکی تر

مەزدەی ژیان، مەزدەی بەهار

ئەژێنەوە

ئەژێنەوە.. ئەژێنەوە

(وەرزی پێنجەم)

ئەوەی لێرەدا دەکەوێتە پێش چاو، سەراپای ئامانجی شێرکۆ بەدەستەوە دەدا کە بریتییە لە بەدیهێنانی وەرزێکی جیاواز لە چوار وەرزەکەی ئێوە، کە وەرزی چەوساندنەوە و زۆر و جەور و خەڵەتاندنی مرۆڤی کوردن و، کە وەرزی پێکەنین و شادمانین بۆ ئەهریمەن. لە کاتێکدا وەرزی پێنجەمی شێرکۆ، وەرزی زەردەشتێکی دووەم و مەزدەی ژیان و بەهار و مرۆڤی وەك فریشتەی دوور لە چەوساندنەوە و ئازاردان و لەخشتەبردنە. جا ئاخۆ شێرکۆ بە چ ڕێگەیەك، ئامانجی وەرزی پێنجەمی خۆی بەدی دێنێ؟!. تاقە ڕێگە، ڕێگەی بەگژداچوونێکی شۆڕشگێڕانەی دەستەویەخەی دوژمنە کە دەڵێ:

تەنیا لە لوولەی تفەنگا

ئازادی چاوی هەڵدێنێ

هەق بانگ ئەدا

تەنیا هەر لە ئاستی چەکا

داگیرکەر ملی کەچ ئەکا

***

دەنگی دووەمی خاوەن پرۆگرام و ئامانجی دیار و ئاشکرا لە شیعرێکیدا دەڵێ:

ئەی کوردستانی پێشمەرگە
راستە دڵی چیاکانت
چاوی گەشی منالآنت
ئەم ساڵ پڕ شایی و ئاهەنگە
بەلآم.. قسە.. هێشتا.. رەنگە
خواست و مەرام
یاقووتێکی شەوچراخی
ناو گەرووی تاری نەهەنگە

(یاد و یاقووت و نەهەنگ)

دیارە ئامانج لەلای جەلالی میرزا کەریم، برێتی نییە لە تەنیا شایی و ئاهەنگی چەند رۆژێکی ئەمساڵ. چونکە ئەو لەوە دڵنیایە، کە قسە رەنگە و خواست و مەرام، یاقووتێکی شەوچراخی ناو گەرووی نەهەنگێکە!. ئامانجی راستەقینە لەلای ئەو وەختێك بەدی دەهێنرێت کە:

لە سەنگەرا
لە سروودی تەواونەبووی جەنگاوەرا
داستانی تەمەنی ئاشتی
ئاشتیی راستی
بنووسنەوە.

(سووتان لە ئاهەنگی ئاشتییا)

خۆ لەلای ئەمیش وەك شێرکۆ، تاقە رێگە بۆ بەدیهێنانی ئامانج، هەر رێگەی بەگژداچوونی شۆڕشگێڕانەی چەکدارە کە دەڵێ:

بەبیری نوێ
بەوتەی نوێ
کرداری نوێ
ئەکەومە رێ

بۆ هەڵگرتنی تفەنگێ

بۆ هەڵگیرساندنی جەنگێ

جەنگێ.. پیرۆز

کێوی ستەم لەبن بێنێ.

(گۆرانیی ڕێبوارێکی یاخی)

شاعیرانی نەوەی نوێ لەم سەردەمەدا، کە لە بۆتەی هەست و نەست و تاقیکردنەوەی تایبەتیی خۆیاندا، رۆژی هەزار و یەك جار قسە و کردار ر رەفتاری پشتاوپشتی ناو کۆمەڵەکەیان بەدرۆ دەخەنەوە، یاخیبوون و بەگژداچوونی شوورەی درۆدەلەسە و تەڵەکەبازییان، لەلا دەبێتە ئەرکی هەرە پیرۆزی سەرشان و لە پێناوی جێبەجێکردنیدا، ئازایانە بەپیر هەر ئەشکەنجە و ئازارێکەوە دەچن، کە دێتە رێگەیان.

نووسینی: نیسان/١٩٧١.

بڵاوکردنەوەی: کۆواری روانگە – ژ/٢–١٩٧١

## شتێ لەبارەی چیرۆکی سیاسیی کوردییەوە

چیرۆکی کوردی لە ئەدەبی هاوچەرخماندا، هەر لە بنەڕەتەوە وەك چیرۆکێکی سیاسی لەدایك بوو، بۆ نموونە: (لە خەوما)ی جەمیل سائیب و (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف. ئینجا هەرچەندە لەلای نەوەی چلەکان و پەنجاکان، بۆچوونیان هەندێ فراوانتر بوو کە لە ڕاستیدا ئەمان ڕابەری راستەقینەین و، هەر ئەمانیش لە رووی هونەرییەوە رەنگی تەواویان ڕشت و، وەك شێوازێکی ئەدەبیی نوێ لە ئەدەبەکەماندا چەسپاندیان، بەڵام بۆچوونی سەرەکی لە زۆربەیدا هەر سیاسییەکی راستەوخۆ بوو، کە ئامانجی بەگژداچوونی حوکمی پاشایەتیی کۆنەپەرستی سەرشۆڕی ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و بۆرجوازییەکی خوێنمژ بوو، لە پاڵ هاندانی زەحمەتکێشان و هەموو خەڵکێکی خێرخوادا، بۆ تێکۆشان دژی چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری ئەوان و، رووخاندنی حوکمی بەجەور و ستەمیان. چیرۆکەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد و عەلائەدین سەجادی و شاکر فەتاح و موحەڕەم محەمەدئەمین و محەمەد مەولوود مەم و مستەفا ساڵح کەریم و عەبدوڵڵا میدیا و ساجد ئاوارە و محەمەد ئەحمەد تەها و ئەحمەد مەحموود و محەمەد رەسووڵ هاوار و مەعرووف بەرزنجی و

ئەوانی تر)، گەلێ نموونەیان لەو بابەتە تێدایە، بەتایبەتی چیرۆکنووسانی پەنجاکان کە کارەساتی چیرۆکەکانیان بەگشتی، بەسێ لادا پەل دەهاون و روو دەدەن. ئەشکەنجە و ئازاری زەحمەتکێشە چەوساوەکان، ئەنجامی ئەو زۆر و جەورەی لێیان دەکرا بەسەریێك. دڵرەقی و خراپەکاری فەرمانڕەوا و زۆردارەکان و، دەرەبەگ و بۆرجوا خوێنمژەکان بەسەریێکی تر. ئینجا خەباتکەرانی بزووتنەوەی نیشتمانیی شۆڕشگێڕ، کە لە کۆڕی تێکۆشاندا دژی زۆرداران، تووشی دەرد و سزا دەبوون. بەدرێژاییی سالآنی خەباتکردن دژی حوکمی پاشایەتیی کۆنەپەرست و دەرەبەگایەتی، حاڵی چیرۆکی کوردی عێراقی وەها بوو.. لە چوارچێوەی گشتیدا ریالیزمی کۆمەڵایەتیی رەخنەگری و، وەکی تر سیاسییەکی راستەوخۆ کە ئامانجی هاندان بوو بۆ تێکۆشان لە پێناوی رووخاندنی ئەو رژێمە پڕ لە زۆر و جەورەدا، کە هەر ئەمەش حاڵی چیرۆکی عێراقی بوو بەگشتی.

(بەڵام ئەو بەرهەمانە بەحوکمی تاقیکردنەوەی کەمی نووسەرانیان و، بایەخدانیان بە دەربڕینی راستەوخۆی کاریگەر، لە رووی گەلێ پێداویستیی فیکری و تەکنیکییەوە لاواز بوون و، لەوەی دەخستن رێبازێکی ئایدۆلۆجیی روون و پرۆگرامێکی رەخنەگرانەی زانستانە و تێڕوانینێکی گشتگیری (شمولی)یان، سەبارەت بەژیان و کۆمەڵ و مرۆڤ هەبێ. هەروەکو لەوەشی دەخستن کە سنعەتکارییەکی مەحکەمی هونەرمەندانەیان تێدا بەکار هێنرابێت و، لە ئەنجامدا رووکەشی و ساکاری روویان کردە ئەدەب و، نووسەرانیش کەوتنە بەر حاڵەتی تێگەیشتنێکی سیاسی و رووکەشیی هەژاو، بەگیانی شۆڕشگێڕێتییەکی رۆمانسییانەی هەندێ جار سەرکێش و لە هەندێ جاری تردا شەرمن. لە کاتێکدا بەشێوەیەکی ڕاپۆرتنووسانەی میکانیکی ئەنقەستیش، هەست و سۆز و بیر و هۆشی خۆی دەردەبڕێ. بۆیە بەرهەمەکانی لاواز و شێواو دەردەچوون و هەستیان بە ئەستاتێك و جوانیی هونەر تێدا نەدەکرا). ئەمە قسەیەکی (مؤيد طلال) بوو سەبارەت بەڕابەرانی چیرۆکی عێراقی. جا ئاخۆ من کە باسم لە ڕابەرانی چیرۆکی کوردییە، شتێکی زیادەم پێیە بیخەمە سەر قسەکەی ئەو.. هەرگیز نەء!. ئەوەی منیش لە نێوانی ئەو لێکۆڵینەوەیەمەوە کە لەبارەی چیرۆکی کوردیی سالآنی (١٩٢٥-١٩٦٠)وە نووسیومە و ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتووم، لە بابەتیی بۆچوونەکانی ئەون، لەگەڵ جیاوازیی ڕادەی ڕۆشنبیری بەتایبەتی و شارستانێتیدا بەگشتی، لە نێوان هەردوو چیرۆکنووساندا. چیرۆکی کوردیی عێراقی لە پلەکانی

پەرەسەندنیدا، پێش شۆڕشی تەمووزی (١٩٥٨) وەها بوو. بەڵام دوای شۆڕش دوو هۆ، کارێکی گەورەیان لە کاروانی پێشکەوتنی چیرۆکی کوردی کرد.

هۆی یەکەم: نووچدانی شۆڕش و لادانی لە رەوتی ئاسایی خۆی. ئاشکرایە کە لە هەموو وەرگەڕانێکی سیاسیی بنەڕەتیدا، کارەسات هێندە بەخێرایی روو دەدات و تیَ دەپەڕێ، کە ئەدەب و هونەری رەسەن پێدا راناگەن، چونکە داهێنان و خوڵقاندن جۆرە جۆشخواردنێکی زیندووی وەهایە، کە وەختێکی پیَ دەویَ تا پیَ دەگا و دەخەملیَ. جا لەبەرئەوەی شۆڕش لە ماوەیەکی هێندە کورتدا هەڵنووت و لە رێبازی خۆی لای دا، کە نووسەران و هونەرمەندان چاوەڕوانی نەبوون. واتە پێش ئەوەی ئامادە بن بۆ سەرلەنویَ داهێنان و خوڵقاندن، شۆڕش بەم مانایە لە بری ئەوەی پیت و فەڕیان بداتیَ، سست و سڕی کردن. جا با ئەم دیاردەیەتان وەك نموونەیەك بخەمە پێش چاو. ئەگەر سەرنج بدەینە دوو توێی کۆوار و رۆژنامەکانی پێش شۆڕش و دوای، تا ساڵی (١٩٦٠) دەبینین هەموویان پێش شۆڕش لە هەر ژمارەیەکدا، سیَ یا دوو یا بەلایەنی کەمەوە یەك چیرۆکیان تێدایە. کەچی دوای شۆڕش مەگەر بەدەگمەن چیرۆکێکمان بەرچاو بکەویَ. خۆ شیعر و شانۆگەری و هونەریش بەگشتی حاڵیان هەروا بوو.

هۆی دووەم: هەڵگیرسانی شەڕی بەجەخاری براکوژی بوو لە ساڵی (١٩٦١)دا، کە بەدوایدا چیرۆکی کوردی بۆ ماوەی چەند ساڵێك کپ و خامۆش بوو. تا لە ساڵی (١٩٦٩)وە وەك سەرەتایەك سەری هەڵدایەوە و، ئینجا لە دوای بەیانی (١١)ی ئاداری (١٩٧٠)وە، بەرەو لووتکەی نەشونما و گەشەسەندنی چووەوە. پێشتر چیرۆکی عێراقی بەگشتی نووچدانە بچکۆلەکەی هەزم کردبوو و لەگەڵیدا جۆشی خواردبوو.

مەبەستم نووچدانەکەی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨)ە. ئەوسا چیرۆکنووسانی نەوەی شەستەکان لە دۆزەخیدا سووتا بوون و، تووشی گەلیَ دەرد و سزا بووبوون. نائومێدی بەدوای نائومێدیدا و، لە هەموو لایەکەوە دابارینی ئەشکەنجە و ئازار و کەڵەکەبوونی لە دەروونیاندا، تا کردنی بەدینامیتی ئامادەی تەقینەوە. ئینجا نووچدانە گەورەکەی (حوزەیرانی ١٩٦٧) رووی دا و، دینامیتەکەی تەقاندەوە. نووسەرانی نەوەی شەستەکان شاڵاویان برد و بەوپەڕی تین و توانایانەوە، لە نێوانی

لێشاوێکی بەرهەمەوە کە زۆری لەبارەوە وتراوە، کەوتنە دەربڕینی ئەشکەنجە و ئازاری کەڵەکەبوویان.

بەڵام سەبارەت بەچیرۆکی کوردی، مەسەلەکە لێرەوە جیاواز هاتە پێشەوە. لە کاتێکدا چیرۆکی عەرەبی لە عێراقدا لە پۆپەی هەڵچوونیدا بوو، وەك وتم چیرۆکی کوردی لە خامۆشییەکی تەواودا بوو. زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکنووسەکانمان، کپ و بێدەنگ بوون. لەولاوە شەڕ لە نێوان دوو برادا کە سەدان ساڵ پێکەوە ژیاون و گەرمە. لەملاشەوە شەڕەکەیان ماڵوێرانی و سەرگەردانی و مەرگ دەبەخشێتەوە. جا داخۆ چیرۆکنووسی کورد لە ئاستی ئەم حاڵەدا چی دەتوانێ بڵێ؟!. لە وەفادا بۆ پاراستنی شەرەفی وشە، بێ دەنگیی هەڵبژارد. لەبەر ئەوە بەدرێژایی ئەو ساڵانە (١٩٦١-١٩٦٩)، هیچ بەرهەمێکی بایەخدار نابینین. بەڵام لە ساڵی (١٩٦٩)وە وەك سەرەتا و، ئینجا لە دوای بەیانی ئاداری (١٩٧٠)وە بەتایبەتی، شاڵاوە گەورەکە بەدەستووری هەمان توندوتیژیی چیرۆکی عەرەبی لە شەستەکاندا لێشاوی هێنا، لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا. بۆ نموونە: هەرچەندە چیرۆکنووسی کوردیش وەك برای عەرەبی، کارەساتەکانی دوای شۆڕشی تەمووزی (١٩٥٨) کاریان تێ کردبوو، بەڵام ئەم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە نزیکەوە، بەدەست کارەساتێکی تایبەتیی خۆیەوە ئازاری دەچەشت. مەبەستم کارەساتی شەڕی ناوەخۆ و، دەرد و ئازار و گێچەڵەکانێتی لە هەموو بارەیەکەوە، کە لە ویژدانی چیرۆکنووسەکاندا کەڵەکە بووبوو، تا بەدوای بەیانی ئاداردا لە نێوانی لێشاوێکی بەرفراوانەوە دەرفەتی دەربڕینی لێ هێنا.

بەرهەمی چیرۆکمان لە ساڵانی دوای ئاداردا، چ بەچەندەکی و چ بەچۆنەکی، بەقەدەر هەموو ساڵانی (١٩٢٥-١٩٧٠)ی پەرەی سەند و پێش کەوت. ئەو بیبلیۆگرافیایەی لەم ماوەی دواییەدا بۆ چیرۆکەکانم ساز کرد دەری دەخا، کە بەرهەمی ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٥) بەژمارە، پێنج ئەوەندەی هەموو بەرهەمی چل و پێنج ساڵی لەوەبەرە. هەروەها لە ڕووی چۆنەکیشەوە باس و خوازەکانی گەلێ فراوانتر بوون و، جۆری لێدوان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی پەلی هاویشت و، لەڕووی تەکنیك و فەنتازییەوە ڕادەی بەرز بووەوە و، چەندان ڕێبازی هونەریی جیاجیای تێدا هاتە کایەوە بێگومان چیرۆکنووسانی کورد گەلێ سوودیان لە شێوەی نوێ و تەکنیکی تازەی چیرۆکنووسە عەرەبەکان وەرگرت و لێیانەوە فێر بوون.

لە گەرمەی ئەم شاڵاوەدا، باسی چیرۆك لەسەر ئەو بارەی پێش شۆڕشی تەمووزی

(١٩٥٨) نەمايەوە و گۆڕدرا. چونكە پلەی نوێی دوای شۆڕش، لە چوارچێوەی كێشە سیاسییەكانی ناو كۆمەڵدا وەزعی كێشەی كوردیشی گۆڕی و، دروشمی ئۆتۆنۆمی بە حوكمی ئەو (واقع)ە نوێیە، لەلای هەموو تەرەفەكانی بزووتنەوەی نیشتمانی و جەماوەریی گەلی عێراق بەگشتی، بووە دروشمێكی ڕەوا و پەسند. بەڵام نووچدانی شۆڕش و لادانی، بووە هۆی ئاڵۆزاندنی كێشەكە و ئینجا شڵەقاندنی، تا گەیشتە ڕادەی شەڕی ناوەخۆ كە كارەساتە بەجەخارەكانی، چیرۆكنووسەكانی خستە بەر ئەندێشە و ئازار و ساڵ لە دوای ساڵ لە ویژدانیاندا كەڵەكە دەبوو، تا دوای بەیانی ئاداری (١٩٧٠) دەرفەتی دەربڕینیان هێنا. لەبەر ئەوە چیرۆكی سیاسیی كوردی، یا باشتر وایە بڵێین: بۆچوونی سیاسی لە چیرۆكی كوردی عێراقیی ئەو ماوەیەدا، بریتییە لە ڕەنگدانەوەی وەیشوومە و دەرد و سزای شەڕ و، خۆشحاڵی بەكۆتاییهاتنی و جێگیربوونەوەی ئەمن و ئاسایش و ستایشكردنی بەیانی ئادار. هەروەكو گەلێ نموونەش هەن كە ڕەخنە لە كردار و ڕەفتاری بیرۆكراتی و ئینتهازی و خۆپەرستانەی كەسانێك دەگرن، كە هێز و دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو. ئەمە جگە لە بەردەوامبوونی وەك پلەكانی لەوەبەری، لەسەر بەگژداچوونی چەوساندنەوەی چینایەتی و پارێزگاریكردن لە زەحمەتكێشان و هەژاران و، بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕی عەدالەت و یەكسانی و ئیشتراكیەت.

من لێرەدا تەنیا باسی ڕووی سیاسیی چیرۆكی كوردیم كرد، ئەگینا ڕووەكانی تری زۆر و فراوانن.

كۆواری ڕۆشنبیری نوێ – ژ/٥٣ –١٩٧٦

## چەوساندنەوەی دووسەرەی ئافرەت لە چیرۆكی كوردیدا

چیرۆكنووسانمان لە ساڵانی چلەكان و پەنجاكاندا، بەشێوەیەكی تایبەتی بایەخیان بەباری ناهەمواری ژیانی ئافرەت دەدا و، لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەو چەوساندنەوە دووسەرەیەی لە ڕوو بخەن، كە تووشی بووبوون. واتە بەسەرێك چەوساندنەوەی لەگەڵ پیاودا وەك مرۆڤێك لەلایەن ڕژێمی پاشایەتیی كۆنەپەرستەوە و، بەسەرێكیش چەوساندنەوەی لەلایەن پیاوەوە وەك ئافرەتێك، كە چارەنووسی لە چنگیدابوو. چۆن ڕەنگی بۆ برشتایە و بە چ بارێكیدا بخستایە، دەبوو ملكەچی ئیرادەی بێ و بێ چەندوچۆن تاعەتی بكا!.

رژێمی کۆنەپەرست لەلای خۆیەوە، بەدەردی هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری و، بەلاوکردنەوە و چەسپاندنی بیروباوەڕ و داوونەریت و رەوشت و کرداری کۆنەپەرستانەی پروپووچ، کە وەك ژەهر دەیرژاندنە بیر و هۆشی خەڵکەوە و، وەك تەلیسم بینایی پێ دەبەست، ئازار و ئەشکەنجەی بەقورگی ئافرەتدا دەکرد و، وەك هەر هاووڵاتییەك لوولی دەدایە گێژاوی دەرد و مەینەتییەوە. بەم بارەدا ئافرەت و پیاو وەك یەك دەچەوسێنرانەوە و، هەردووکیان پێکەوە بەگڕی ئاگری زۆر و جەوری رژێم دەسووتان. بگرە دەتوانین بڵێین: لەبەرئەوەی ئافرەت لە رووی ئابوورییەوە، ژیان و گوزەرانی بەند بوو بەژیان و گوزەرانی پیاوەوە (مێردی بووبێ یا باوك یا برای)، ئاگرەکە لەمەوە تەشەنەی دەسەند بۆ ئەو و بەردەبووە گیانی. هەروەکو بیروباوەڕ و داوونەریت و رەوشت و کرداری کۆنەپەرستانەی سەپێنراو، بەسەر ئەمی دەسەڵات لە دەستدا لە رووی ئابوورییەوە، دەبووە تەوق و کۆت و دەچووە گەردن و دەست و پێی ئەوەوە.

هەر ئەم دەسەڵاتدارییەی پیاو، لە پاڵ میراتییەکی پشتاوپشتی بیروباوەڕ و نەریتی کۆنەپەرستانەدا، کارێکی وای کردبوو کە ئافرەت ببێتە نیمچە کۆیلەیەکی پیاو و بتوانێ بەپێی حەز و ئارەزووی خۆی یاری بەچارەنووسی بکا، بەتایبەتی لە مەسەلەی بەشوودانا، کە ئەو دەسەڵاتە بەزۆر شێوەی جیاجیا خۆی تێدا دەنواند. وەك بەزۆر بەشوودان یا نەدانی بەدڵخوازی خۆی، یا تەماعێکی شەخسی (مادی یا مەعنەوی)ی تێ کەوتبێ، یا داواکردنی خشڵ و جیازی و مارەییی زۆر، یا تەنانەت گەیشتبێتە رادەی فرۆشتن بەپارە. هەروەها لە حاڵەتی ژن و مێردایەتیدا، بەلێدان و ئازاردان و جنێوپێدان و دەرکردن و تەڵاقدان لە هیچە و، بەندکردنی لەناو چوار دیواری ماڵەوەدا و.. هتد. بەزۆر بەشوودانی کچ و ئەنجامی پڕ لە مەینەتی و جەخاری، لەم رووەوە سەرلیستەی باس بووە و لەلای گەلێ لە چیرۆکنووسەکان دووپات بووەتەوە. هەمووش وەك زوڵمێکی زۆر گەورە و ئەوپەڕی بێ ویژدانی لێی دواون و، ئەم کردەوەیەیان بەتوندی گوناهبار کردووە، چونکە بەمە رەواترین و بایەخدارترین مافێك کە کچ لە ژیاندا هەیبێ، لێی زەوت دەکرێ و لەو ساتەوە ئیتر رۆژانی تەمەنی لێ دەکرێتە دۆزەخ.

بۆ نموونە: لەلای محەمەد ساڵح سەعید لە (کاروانی)(١)دا و، محەمەد رەسووڵ هاوار لە (خاڵەی رێبوار)(٢)دا و، رەئووف بێگەرد لە (ئەنجامی کچفرۆشی)(٣)دا، کچ لە دڵدارەکەی دابڕ دەکرێ و، بەزۆر بەشوو دەدرێ بەیەکێك کە حەزی لێ ناکا. یا مستەفا

سالّح کەریم لە (بریا نەهاتیتایەوە)[٤]دا، ڕازی نابن بیدەن بەدڵدارەکەی. ئەنجام لە هەر چواریاندا بەجەخارە و، مەم و زینانە کۆتاییان پێ دێ. واتە لە هەر چواریاندا هەردوو دڵدار، بەکوشتن یا بەخۆکوشتن یا لە خەم و خەفەتدا یا بەسووتان پێکەوە دەمرن. یا لەلای نووری عەلی ئەمین (نووری. س) لە (ژانی ژیان)[٥]دا و، ف. محەمەد لە (شیربایی)[٦]دا و، جەمال بابان لە (خانزاد)[٧]دا، هەروەها بەزۆر و بەپێچەوانەی حەزی خۆیانەوە بەشوو دەدرێن، بەڵام بێ ئەوەی کۆتاییە مەمو زینییەکەی تێ بکەوێت، بگرە هەریەکەیان بەجۆرێ دەرد و سزا و مەینەتیی ئەو بەزۆر بەشوودانە دەنۆشێ و ژیانی لێ دەبێتە دۆزەخ.

لەلای چەند چیرۆکنووسێکی تر، ئافرەت لە ئەنجامی دەردی هەژاری و برسێتیدا، سەرباری ئەشکەنجە و ئازاری ئافرەتییەکەی، تووشی بەڵا و مەینەتیی تایبەتیش دەبێ، وەك ئەم سیفەتی ئافرەتییەی بۆ بووبێتە لەعنەتێك و هێندەی تر نوقمی دەریای ئازار و ئەشکەنجەی بکا. بۆ نموونە: لەلای موحەرەم محەمەدئەمین لە (مام هۆمەر)[٨]دا و، عەبدوڵڵا میدیا لە (دەروازەکەر)[٩]دا، برسێتی و نەبوونی دەیانخاتە داوی لەشفرۆشییەوە و، بەوە سەرباری خەمی هەژارییەکە، تووشی خەفەتی لەعنەتی کۆمەڵیش دەبن. یا لەلای کاکەمەم بۆتانی لە (تاوانم چی بوو)[١٠]دا، بۆ پارێزگاریکردن لە ناموسی خۆی، کوشتنێکی دەچێتە ئەستۆ و ئەو کابرایە دەکوژێ کە دەیەوێ لە ڕێگەی ئەو برسێتی و نەدارییەوە، فرسەتی لێ بێنێ و دەستدرێژی بکاتە سەر ئابڕووی. هەروەها لەلای کامەران موکری لە (سزا)[١١]دا، کچە بەناچاری لە ئاوایی هەڵدێ و، لە ئەنجامی ئەم هەڵاتنەیدا، تووشی گەلێ دەرد و مەینەتی دەبێ، چونکە کوڕی ئاغا دوای ئەوەی تەقەلای دا دەست درێژ بکاتە سەر ئابڕووی و ملی بۆ نەدا، بوختانێکی بۆ هەڵبەست کە بەدەستی براکەی بەکوشتی بدا و، ئەویش لە ترساندا هەڵهات. بەڵام لەلای ئیحسان مستەفا لە (سکاڵای مردوو)[١٢]دا، دڵڕەقی و بێ ویژدانی مێردێك نیشان دەدا بەرامبەر ژنەکەی، کە دوکتۆر وتوویە نابێ منداڵی ببێ، چونکە منداڵبوون دەیکوژێ. کەچی مێردەی بێ ویژدان و خۆپەرست هیچ گوێ ناداتێ.. گوایە چۆن دەبێ وەجاخی کوێر بێ. لە ئەنجامدا قسەی دوکتۆر ڕاست دەردەچێ و، ژنە بەسەر منداڵەوە زایە دەبێ.

ئاشکرایە لە هەموو ئەم نموونانەدا، چیرۆکنووسەکان مەبەستیان پتشگیریکردن بووە لە ئافرەت و ویستوویانە ئەو چەوساندنەوە دووسەرەیە گوناهبار بکەن و پەردەی

لە ڕووی هەڵبماڵن. هەموو بەگیانێکی پێشکەوتنخوازانەوە، ڕوانیویانەتە ئەو بارە ناهەموارەی ئافرەت و، بەتەنگەوەبوون ئازاد و سەربەست بکرێ و، ببێتە خاوەنی هەقی ڕەوای خۆی، لە نەخشاندنی چارەنووسی خۆیدا وەك مرۆڤێك. بەڵام چونکە لەوە تێگەیشتبوون کەکێشەکە لەباری گشتیی کۆمەڵەکە دابڕ ناکرێ و، ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستەی دەسەڵاتدارە و بووەتە هۆی دواکەوتنی لە کاروانی پێشکەوتن و شارستانێتی، بۆیە هەست دەکەین زۆربەی زۆریان لە نێوانی چیرۆکەکانیانەوە، هۆی سەرەکیی ئەو بارە ناهەموارەیان داوەتە پاڵ رژێم و کۆمەڵەکە. واتە ئەگەرچی بەسەرزاری بانگیان بۆ پێویستیی ئازادکردنی ئافرەت و سەربەستی پێدانی هەڵداوە و، ویستوویانە چاوی خەڵکەکەی پێ بکەنەوە، بەڵام ئەوەشیان سەلماندووە کە چارەسەری تەواوەتی لە گۆڕینی بنەڕەتیی ڕژێم و کۆمەڵەکەدایە و، هێنانە دیی رژێم و کۆمەڵێکی ئەوتۆ، کە سەرتاپا بەچاوێکی نوێ بڕوانێتە کێشەی چەوساندنەوەی ئافرەت و لە بنەڕەتەوە چارەسەری بکا.

پەراوێزەکان:

(١) بە کتێب – ١٩٥٧.

(٢) ڕۆژنامەی ژین – ژمارە (١٠٨٠) – ١٩٥١.

(٣) کۆواری هەتاو – ژمارە (١٣٢) – ١٩٥٨.

(٤) کۆواری هیوا – ژمارە (٣) – ١٩٥٧.

(٥) کۆواری گەلاوێژ – ژمارە (١) – ساڵی (٤).

(٦) کۆواری گەلاوێژ – ژمارە (١١) – ساڵی (٥).

(٧) بەکتێب – ساڵی ١٩٥٧.

(٨) بەکتێب – ساڵی ١٩٥٤.

(٩) کۆمەڵە چیرۆکی (خەبات) – ١٩٥٨.

(١٠) کۆواری پێشکەوتن – ژمارە (٩) – ١٩٥٨.

(١١) ڕۆژنامەی ژین – ژمارە (١١٠٣، ١١٠٤) – ١٩٥٢.

(١٢) کۆواری دەنگی گێتیی تازە – ژمارە (٤) – ١٩٤٤.

هاوکاری – ژ/٣١٠ – ١٩٧٦/٣/٢٥

## ورشەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی

گۆشەیەکی ڕەخنەئامێز بوو، بەدوو خول لە هەفتەنامەی (هاوکاری)دا بڵاو بووەوە خولی یەکەم لە ژمارەکانی (٣٢٥-٧/٧/١٩٧٦)ەوە تا (٣٦٧-٥/١١/١٩٧٧). خولی دووەم لە ژمارەکانی (٩٧٠-٢٨/٤/١٩٨٨)ەوە تا (١٠٢١-٣/١١/١٩٨٨).

**نووسینەکانی خولی یەکەم**

### شێر و هێما

یەکەم شتێ کە لە ژمارەی پێشوودا سرنج ڕادەکێشێ، گۆڕینی ناوی لاپەڕەی (ئەدەب و ژیان)ە بە(ڕۆشنبیری). ئەمە بۆچی؟!. دەستەی نووسەران ڕایان وایە کە وەها سوودگەیێنترە، ئەو دوو لاپەڕەیە تەرخان نەبێ تەنیا بۆ شیعر و چیرۆك و وتاری ئەدەبی، بەڵکو با بەریان فراوانتر بێ و جگە لە ئەدەب، بواریان بەفۆلکلۆر و زمانەوانی و هونەر و هەموو بابەتەکانی تری ڕۆشنبیری بەگشتی تێدا بدرێ، چونکە ئەوانەش وەك ئەدەب، هەقی هاندان و گەشە پێ سەندن و پێشخستنیان بەسەر ڕۆژنامەکەوە هەیە، جگە لەوەی کە خوێنەریش هەقی ئەوەی بەسەرییەوە هەیە، ئەو بابەتانەشی بخرێنە پێش چاو و ئاسۆی ڕۆشنبیری لەلا فراوانتر بکرێ.

ئینجا لە ژمارەی پێشووی (ڕۆشنبیری)دا، چیرۆکی (شێر)ی (کریستۆف مێکێل) کە کاك عەزیز گەردی لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی، کەوتە بەرتیشکی سەرنجی ڕەخنەگرانەم. با بپرسین: داخۆ چی لێ تێ دەگەین؟!. چیرۆکەکە بەسەرزاری باسی من دەزانم کە ئەمانە کلیلی ڕەمزەکەن. بەڵام ئەوی ڕاستی بێت بەش بەحاڵی خۆم، تەواو زەفەر بەوە نابەم دەرگەی ڕەمزەکەیان پێ بکەمەوە. ڕەنگە بتوانم ئەوە بڵێم کە شێرەکە هێزە و پەپووەکە وێرانەیە و، دەگونجێ هەردوو کابراش یەکێك بن بەدوو وێنە. یا ڕەنگە کابرا (چیرۆك گێڕەوەکە) سەرانسەر باسی لە کەسێکی هەرە خۆشەویستی بێ و لە دەستی چووبێت، با ئەو کەسە تەنانەت خۆیشی بێت. یا ڕەنگە هەروا ڕەنگدانەوەی تەنیایی و سەراسیمەییی خۆی (یا هەر کەسێکی وەك خۆی) بێت لە ژیاندا!. نازانم.. تەواو لەلام ڕوون نییە. بەڵام ئەوەم باش لەلا ڕوونە کە چیرۆکێکی کاریگەری بە تام و چێژی لە بابەتێکی تایبەتیم خوێندەوە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو زمانە کوردییە

پەتییە پوخت و ڕەسەنەی، کە کاك عەزیز گەردی لە وەرگێڕانیدا بەکاری هێناوە و، بەو دارشتنە ئەدەبییە ڕێك و ڕەوانە، هێندەی تر چیرۆکەکەیان لەلا شیرین کردم. ئەگەرچی وەك دانم پیّ دانا، لە دەستم نەهات باش بچمە بنج و بناوانی ڕەمزەکەوە و پەنجەی بخەمە سەر، کە ڕەنگە گیروگرفتەکە پتر لەوەدا بێت، لە وزەمدا نەبێت بەڕوونی دەری ببرم. ئەگینا لە قووڵاییی ناخمدا، تروسکەی بەدی دەکەم و لەوانەیە چیرۆکنووسەکە خۆیشی، تەنیا داگیرساندنی ئەو تروسکەیەی لە ناخی خوێنەردا لەلا مەبەست بووبێت!.

ژمارە/ ٣٢٥-٧/٧/١٩٧٦

## نهێنییەکانی ژیان

نهێنییەکانی ژیان لەودیو شتەکانەوە نین، بگرە لە ناویاندان.. لە قووڵاییياندان. هەروەکو دۆزینەوە و ئاشکراکردنیشیان لە غەیبەوە و بەوەحی نادرێت، بگرە ئەنجامی سەرنج لێدان و وردکردنەوەی بزووتن و بە یەکدادانی ئەو شتانە لەگەڵ یەکتردا بەدی دەهێنرێن. ئەم وتەیە شتێکی تازە نییە و زۆر وتراوەتەوە و، بگرە گەلیّ بە دوور و درێژی باسی لێوە کراوە. بەڵام من تەنیا بۆ ئەوەم دووپات کردەوە، کە دەرگەی باسەکەمی پیّ بخەمە سەرپشت و بڵێم: لە کۆڕی ئەدەب و هونەریشدا وەك هەموو چالاکییەکانی تری ژیان، کلیلی تەلیسمی داهێنان و خوڵقاندن تیایدا هەر لێرەدایە.

لە ژمارەی پێشووی (ڕۆشنبیری)دا نووسیبووم، کە بەهرە و ڕاهاتن و رادەی ڕۆشنبیری، سیّ مەرجی سەرکەوتنن لە کۆڕی هونەری چیرۆکنووسیندا و پێم وایە، لە کابرایەکی جووتیارە و، شێرێکی ماندوو لە شەوێکدا، خۆی بەماڵەکەیدا دەکا و ئیتر هەردووك هۆگری یەکتر دەبن و پێکەوە دەژین و، بەئاسانیش لە یەکتری حاڵی دەبن. دوای ماوەیەك شێرەکە کابرا جیّ دێڵیّ و دەڕوا. بەڵام دوای ماوەیەکی تر بەدەست کەر سوارێکەوە دەیبینێتەوە، کە پەتی کردووە و بەدوای خۆیدا کێشی دەکا و، پەپوویەکی بەسەر پشتەوەیە کە لە خۆی گەورەترە و، ئەویش ماسییەکی ڕەشی بەدەنووکەوەیە. کاروانەکە ڕادەبوورێت و لە چاوی ون دەبن. ئەم زۆر خەفەت بۆ شێرەکەی دەخوا. چیرۆکەکە وەك بەم بارەدا دەیبینین تەواو نامەعقوولە و ئەقڵ نایگریّ. چیرۆکێکی فۆلکلۆری ئەفسانەییش نییە و بڵێین: هەقایەتی گویّ ئاگردانە. نووسەرەکەی بەپێی قسەی کاك عەزیز، ئێستا لە تەمەنی (٤١ ) ساڵیدایە و زرت و زیندووە. ئیّ خۆ ناشبیّ

بڵێین ورێنەیەکە و هەڵی ڕشتووەتە سەر کاغەز. دە کەوابێ مەسەلە لەوە بەدەر نییە کە ئەوەی دەیخوێنینەوە، چیرۆکێکی ڕەمزییە و بەدیوی ئاشکرایدا، شێوەی فۆلکلۆری ئەفسانەیی لە ڕوو خراوە و، بەودیوی تریدا ڕەمزە. جا ئاخۆ ڕەمزەکە چی بێت؟!. تکایە سەرنج بدەن.. شێرێك و پەپوویەك و ماسییەکی ڕەش و کەرێك و ئەو کابرای کەرسوارە و ئەمیانی جووتیارەکەی لەمەڕ خۆمان!. پێوەندی لە نێوانیاندا چییە و چۆن هەڵدەسووڕێن؟!. شێرەکە لەملا دۆستی کابرای لەمەڕ خۆمانە و، لەولا لەلایەن کابرای کەرسوارەوە، پەت کراوە و بەکێش دەکرێ. پەپووەکە یەکەم جار کابرای کەرسوار، پەتێکی بە قاچیەوە بەستووە و بەژوورسەریەوە فڕکەفڕکێتی. کەچی دووەم جار چووەتە کۆڵی شێرەکە و ماسییە ڕەشەکەی بەدەنووکەوەیە. ماسییەکە یەکەم جار بەدەمی گوێدرێژەکەوە دەبینرێ، کە لەوە دەچێت هەر ئەوەکەی کابرای کەرسوار بێت. وەکی تر ئێمە لە چیرۆکەکەدا پێ دەزانین کە کابرای لەمەڕ خۆمان (چیرۆك گێڕەوە). لە ماڵەکەیدا بەتەنیایە و کەسی تری لەگەڵدا نییە. چونکە کە دەچێ بۆ سەفەر، بە شێرەکەی دەسپێرێت کە ئاگەداری بێت. هەروەها پێ دەزانین کە کاتێ کاروانەکە (کەرسوار و کەرەکەی و ماسی و شێر و پەپوو) بەلایدا تێ دەپەڕن و لە چاوی ون دەبن، هێندە خەم و خەفەت دایدەگرێت کە دەستی نایگرێت ئیش بکات و دار لەسەر بەرد بنێت!.. بۆچی؟. چونکە بەئاواتەوە بوو ببنە میوانی و نەبوون!.

لە کۆڕی شیعر و شانۆگەری و گۆرانی و مۆسیقا و ڕەسم و پەیکەرتاشی و هەموو هونەرە جوانەکانی تریشدا هەروەهایە. ئەوە بوو سەبارەت بەهەریەکە لەو مەرجانەش، زۆر بەکورتی مەبەستم دابوو بەدەستەوە و، تەنیا دەمویست بڵێم کە دەتوانرێت بەرەچاوکردنی ئەو مەرجانە، نووسەر و هونەرمەندی لێهاتوو بناسرێت و پەنجەی بۆ درێژ بکرێت. بەڵام ئەمجارەیان دەمەوێ سەرنجتان بۆ بارێکی تری باسەکە ڕابکێشم.. باری ڕادەی لێهاتوویی ئەو نووسەر و هونەرمەندانە و ئەو جیاوازییانەی لەم ڕووەوە دەکەونە نێوانیانەوە.

بەردەوام لە بەراوردکردندا دەوترێت: فڵانە نووسەر یا هونەرمەند، لە فیسارە نووسەر یا هونەرمەند لێهاتووترە. واتا لە داهێنان و خوڵقاندندا دەستی باڵاترە.. بەتواناترە و زیاتر بەسەر کارەکەدا زاڵە. داخۆ ئەمە لە چییەوە هاتبێ، لە کاتێکدا کە هەردوو لا خاوەنی سێ مەرجەکەی سەرکەوتنن؟!.

ئاشکرایە ئادەمیزاد جگە لە غەریزە زگماکییەکان، هیچ زانیارییەك سەبارەت بەژیان

لە سکی دایکییەوە لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ، بگرە لەو ساتەوە کە لە بەری دایکی دەکەوێتە خوارەوە، ئیتر ڕۆژانە تۆزقاڵ تۆزقاڵ ئەو زانیارییانە وەردەگرێ و، تا بێ لە دوو توێی بیر و هۆشیدا کەڵەکەی دەکا و، وردە وردە بەری ئاسۆی تێگەیشتن و فامکردنەوەی فراوان دەبێت، تا ئینجا ڕوو لە سەرنج لێدان و وردبوونەوەی تایبەتی خۆی سەبارەت بە ژیان و نهێنییەکانی دەکات. ئەم کرداری سەرنج لێدان و وردبوونەوە تایبەتییە لەلای نووسەر و هونەرمەند، یەکسەر بەمەسەلەی داهێنان و خوڵقاندنەوە دەنووسێ و، وەك میلی قەپانێك قورسایی بەرهەمەکانیان لەم کۆڕەدا دەخوێنێتەوە!.

وتم نـهێنـیـیەکـان لـە قـووڵاییدان و ئـاشکراکردنیشیـان، لـە سەرنـج لێدانـی وردی بزووتنی شتەکاندایە. سا کام نووسەر و هونەرمەند بتوانێ زیاتر لە نزیکەوە.. لە بن دەستەوە بەبنج و بێخی شتەکان و جۆری پێوەندی و بەیەکدانیاندا بچێتە خوارەوە، ئاسانتر دەتوانێ بچێ بەودیو سنووری مەملەکەتی نهێنییەکاندا و، دوورتر بۆ ناو کون و کەلەبەرەکانی هەنگاو دەنێت و، باشتریش شارەزایان دەبێت و ئاشنایەتییان لـەگـەڵـدا پـەیـدا دەکـا. جـا دیـارە ئـەم دەستـە نـووسەر و هـونـەرمـەندە، دەگـەنـە پـۆپـەی لێهاتوویـی خـۆیـان.. دەڵێم پـۆپـەی لێهاتوویـی خـۆیـان، چـونکـە گەیشتن بەپۆپەی لێهاتن بەشێوەیەکی ڕەها، بەمانـای نـاسین و ئـاشکراکردنی سەراپـای نهێنییەکانی ژیـان، کارێکە لە وزەی هیچ کەسێکدا نییە، چەندە ئەو کەسە بلیمەتێکی هەرە مەزنیش بێت. بەدوای ئەم دەستەیەدا، ئیتر بەرودوا هەن توانا و دەسەڵاتیان (لێهاتووییان) نزیکتر بڕ دەکات.. سەرنج و وردبوونەوەیان کورتتر دەڕوا. کەمتر زەفەر بەنهێنییەکان دەبەن و، لە ئەنجامدا توانای داهێنان و خوڵقاندنیان لاوازتر دەبێت، کە لێرەوە ئیتر دەوترێت: فڵانە نووسەر و هونەرمەند لە فیساریان لێهاتووترە. سەرەنجام مەبەستم بوو بڵێم: ئەدەب و هونەری ڕەسەن و کاریگەری بە بەها، لە قووڵییە نەك لە تەنکی!.. بەبنج و بێخە نەك بە لق و پۆپ.. تەلیسم شکێنە نەك تەلیسم سازدەر!. ئەدەب و هونەری ڕەسەن و کاریگەری بەبەها، نهێنییەکانی ژیان لە نێوانی بزووتن و بەیەکدادانی شتەکانەوە لە ڕوو دەخا و، چاوی مرۆڤیان پێدا هەڵدێنێ و، بیر و هۆشی لە ئاستیاندا دەکاتەوە و، هەست و نەستی بەرامبەریان دەهەژێنێ. واتە لە ژیانیدا یاریدەی دەدەن کە زیاتر چاوکراوە بێت و، فراوانتر بیر بکاتەوە و، باشتر تێ بگا و وردتر سەرنج بڵاو و دوورتر بڕوانێت و، دواجار پڕوپووچڕتر و گەشتر ڕۆژانی تەمەنی بەسەر بەرێت.

ژمارە/٣٢٨-١٩٧٦/٧/٢٨

## ئەدەب و زانست

ئەدەب و زانست.. ئەدەب و تەکنۆلۆجیا.. ئەدەب و گەشتی مرۆڤ بۆ قووڵاییی ئاسمان.. هتد، یەکێکە لەو باسە گرینگ و بایەخدارانەی زۆر بەقووڵی و فراوانی لە کۆڕی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هونەریدا تێروتەسەل لەسەری نووسراوە. بێگومان کۆڕی باسەکە لە وەختێکەوە تەواو گەرم بووە، کە ئەنجامی هەنگاوە هەرە گەورە و کاریگەرەکانی زانست و تەکنۆلۆجیا، لە چارەکی دووەمی سەدەی بیستەمدا، هەندە کەسێك هاواری ئەوەیان لێ هەڵسا گوایە کار بەرەو ئەوە دەچێت، (ئالەت) ببێتە سەروەری مرۆڤ. یا وەکی تر بڵێین: مرۆڤ ببێتە کۆیلەی ئالەت و لە ئەنجامدا سەرجەم مرۆڤایەتی، تووشی جۆرە کۆیلەیەتییەکی تر ببێت و، وەك تەوقی عەزازیل بچێتە گەردنی. ئیتر لێرەوە باسەکە پەلی هاویشت و تەشەنەی سەند و زۆر لکی لێ بووەوە.

لە ژمارەی پێشوودا وتاری (ئەدەب لە چەرخی زانست)دا، کە کورتەی وتارێکی نووسەری میسری (فکری أباظة)یە و، لە کاتی چاپکردندا ناوی بەهەڵە لاچووبوو، سووکە تیشکێك دەهاوێتە سەر ئەم باسە و، زیاتر لە وەرامی ئەو پرسیارەی دەدوێ کە دەڵێ: (چی لەم چەرخی زانستەدا ئاوا ئەدەبی پاراستووە و، ئاوا بەگەشەکردوویی و بۆشناخی و فراوانی ماوەتەوە؟!). دوایی نووسەر چەند پرسیارێکی تر دێنێتە کایەوە و دەڵێ: (چی پاڵ بەخوێنەرەوە دەنێ، کە ڕۆمانێك یا کۆمەڵە چیرۆکێکی کورت یا شانۆگەرییەك بخوێنێتەوە؟!). ئینجا هەر لە شێوەی پرسیاردا سێ حاڵەت دیاری دەکات: یا ئەوەتا ئەوەی دەیخوێنێتەوە ئاوێنەیەکە و خۆی تێدا دەبینێ. یا شاشەیەکە و دەروونی خەڵکی تری تێدا بۆ نیشان دەدرێ. وەیا ئاوێنە و شاشەیە پێکەوە و ناخی خۆی و خەڵکی تریشی تێدا بەدی دەکات.

نووسەر لەو کورتەیەی وتارەکەیدا ڕوونی نەکردووەتەوە، کە ئاخۆ خوێنەر بۆ کام مەبەست لەمانە، ئەو بەرهەمە ئەدەبییە دەخوێنێتەوە؟!. بەڵام بەڕای من ئەگەر مەسەلە برێتی بێت لە تەنیا وەرامدانەوەی ئەو پرسیارە، ئەوا دەڵێین: خوێنەر بۆ هەردوو مەبەستەکە پێکەوە (واتە هەم ئاوێنە بێت و هەم شاشە)، ئەو بەرهەمە دەخوێنێتەوە. هەروەکو لە باری سەرنجی سایکۆلۆجیای خوێندنەوەوە، هیچ لە یەکتر دابڕانێك لە

نێوانیاندا نییە و، بەردەوام لە یەکەم دێرەوە تا دوا دێر، شان بەشانی یەکتر دەڕۆن. چونکە لە سات بەساتی ئەو کردەوەی خوێندنەوەیەدا، کردەوەیەکی بەراوردکردنی با بڵێین هەست پێنەکراوی نهێنی، لە نێوان خوێنەر خۆی و کەسان و هەڵسوکەوت و بەسەرهاتەکانیان لەو بەرهەمەدا ڕوو دەدا، کە ئەنجامەکەی بێگومان (إیجابی) یاخۆ (سلبی) دەبێت.

ئەمە سەبارەت بەتەنیا وەرامی پرسیارەکە. بەڵام ئاخۆ ئەمەیە مەبەستی سەرەکیی خوێنەر؟!. هەرگیز نا. بگرە ئەمە ڕێگەیە بۆ گەیشتن بەئامانجی سەرەکی، کە بریتییە لە دۆزینەوە و پێزانینی شتی نوێ لەلای خوێنەر. واتە ئەم لە بنەڕەتدا تا ڕادەیەك خۆی دەناسێت. ئینجا لە نێوانی بەرهەمەکەوە خەڵکەکەی تریش دەناسێ. هەر لەو ساتانەدا بەراوردەکەش ڕوو دەدا. دوایی لە ئەنجامدا شتی نوێ پێ دەزانێت.. شتی نوێی ئەوتۆ شێواو و ئاڵۆز بووە. جا کە ئەمە بێ ئامانجی سەرەکی، دەبێ بپرسین: ئاخۆ زانست و تەکنۆلۆجیا دەتوانن، ئەو ئەرکەی ئەدەب و هونەر بەجێ بێنن و ڕۆڵی ئەمان کوێر بکەنەوە؟!. نووسەر لێرەدا نموونەی زانستی دەروون (علم النفس)ی هێناوەتەوە کە لەمیشدا هەر بەڕوونی ئەنجامی نەداوە بەدەستەوە. بەڵام بەدوایدا نووسیویەتی: کە تا ئەو وەختە لەلای شاراوە بووە، یا تەواو ئاشکرا و روون نەبووە، یا لەوەبەر لەلای (لەوانەیە یەکێکیش بڵێ: خوێندنەوەی زانستێکی رەق و بێ گیانی دەروونناسی لە کوێ و، خوێندنەوەی ڕۆمانێك یا شانۆگەرییەك یا دیوانە شیعرێك لە کوێ، کە وردە وردە بەناو دەمار و شیتەڵەکانی لەشدا پەل دەکوتێ و وەك ئاوێنەیەکی بێگەرد هەموو کون و قوژبنێکی ناخی مرۆڤ دادەخا؟.).

ئەوەی لە بەرچاوە ئەوەیە کە تەوژمی زانست و تەکنۆلۆجیا، هەرچەندە ترانسستەر و تەلەڤزیۆن و سینەمای بە بست بەبستی سەر زەویدا بڵاو کردووەتەوە، بەڵام دەوری ئەدەب و هونەریان کوێر نەکردووەتەوە. بگرە بەپێچەوانەوە.. پتر لە هەر سەردەمێکی تر گەشەیان پێ سەندوون و پەلیان هاویشتووە و تین و توانای داهێنان و خوڵقاندنیان خستوونەتە بەر. چاوگێڕانێك بە بەرهەمە شاکارەکانی نیو سەدەی رابردوودا (نیو سەدەی تەکاندانی زانست و تەکنۆلۆجیا بەرەو پێشکەوتن)، بەئاسانی ئەم راستییەمان بۆ دەردەکەوێت.

ژمارە/٣٢٩-١٩٧٦/٨/٤

## پێوەندیی نێوان ڕەخنەگر و ڕەخنەلێگیراو

هەندێ برادەرمان هەن کە رەخنەگرێك ستایشی بەرهەمێکیان دەکات، با لە ناهەقیش بێت، پێی شادمان دەبن و وەك گوڵ دەگەشێنەوە. بەڵام کە پەنجە بۆ ناتەواوییەکیان درێژ دەکات، با لەسەر هەقیش بێ، گرژ و پەست دەبن و دەتۆرێن. خۆ ئەگەر لە ناهەق بێ، ئەوا هەر تەواو کەللەیی دەبن. هەروەها دەستەیەکمان لەو هەندە هەن، کە ئەگەر رەخنەکە لەسەر هەق بێ یا ناهەق بێ، هەر هێندەی خوێندیانەوە بە شێوەیەك کێچ دەچێتە کەوڵیانەوە (نەعوزوبیللا)، هەتا یەك و دە تۆڵە نەسەندنەوە ئارام ناگرن و دڵیان ئاو ناخواتەوە. ئەوسا دەبێتە بگرە و بەردەیەك ئەوسەری دیار نەبێ.

بەڵام من بەشبەحاڵی خۆم و (وا تێ دەگەم تا ڕادەیەکیش بەکردار سەلماندوومە)، نە ستایشی بەناهەقم لێ خۆش دێ و نە بەرەخنەی لەسەر هەق گرژ و پەست دەبم و، تەنانەت نە ڕەخنەی بەناهەقیش کەللەییم دەکات. بگرە سووك و ئاسان دەیخەمە پشتگوێ و سەری خۆمی پێوە نایەشێنم. دواجار نە بە پێویستیشی دەزانم (چ بۆ خۆم و چ بۆ هەموو برایەکی نووسەری تر)، کە هەر هێندەی رەخنەیەکی ئەدەبیم لێ گیرا (بەهەق بێت یا بەناهەق)، من پەلاماری قەڵەمەکەم بدەم و هەڵپەی وەرامدانەوە بکەم. نەخێر.. ئەم کارە تەنیا لە هەندێ حاڵەتی تایبەتیدا، پێویستی خۆی دەسەپێنێ و زۆر شێوەشی هەیە.

من لێرەدا دێم و نەك بۆ وەرامدانەوەی رەخنەکەی کاك (حسین صابر)، کە لە ژمارەی پێشوودا بڵاو کرابووەوە و کە لەوەبەر وتم مەرج نییە وەرام بدرێتەوە، بەڵکو بەو بۆنەیەوە باسێکی چیرۆکەکەی خۆم دەکەم، کە دەشزانم ئەمە کردەوەیەکی ئاسایی نییە. بەڵام هێندەم بیروڕای جیاجیا لەسەر بیست، کە وایان لێ کردم بەچاکی بزانم خۆشم قسەیەکی تێدا بکەم و بڵێم: کاکی براینە.. بیر و راکانی ئێوە هەمووی لەسەر سەرم. بەڵام خۆشم ئا بەم شێوەیە لە چیرۆکەکەی خۆم تێ دەگەم:

هێندەی خۆم لە چیرۆکی (شەفەق) تێ گەیشتبم، وای دەبینم کە دەڵێ: سێکس بۆ ئادەمیزاد وەك نان و ئاووهەوایە. بەڵام جیاوازیی هەرە گەورەیان لەوەدایە، کە ئەو ئادەمیزادە بێ نان و ئاووهەوا دەمرێت، لە کاتێکدا بێ سێکس نامرێت. کە دەشڵێم نامرێت، بەمانای جەستەیی نامرێت، دەنا زۆرن ئەوانەی بێبەشی لە سێکس، بە گیان

و بە دەروون بەردەوام دەیانمرێنێ و دەیانژێنێتەوە و، ناخی گەلێکیش گۆج و ئیفلیج دەکات. بێگومان ئەمە جەمسەری ناوەندی (شەفەق)ە و (بەبێ هیچ مەبەستێکی بازاڕییانە)، ئەو راستییە لە روو دەخات کە سێکس سەرباری هەموو ماندووبوون و خەم و ترس و دەربەدەری و دەردەسەرییەکیش، وەك نان و ئاووهەوا پێویستی خۆی لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی پەسەندا، بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێت.

ئینجا ئاخۆ ئەو راستییە لە (شەفەق)دا چۆن لە روو خراوە؟!. ئاشکرایە بەو بارە تایبەتییەیدا، کە لە کۆمەڵی کوردەواریی خۆمان بەتایبەتی و کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیدا بەگشتی، دەبزوێت و کرداری پێ دەکرێ. وەك دەزانین سێکس لەم جۆرە کۆمەڵەدا، بەندی هەزار و یەك کۆت و زنجیری کۆنەپەرستانەیە و، کەمتر لێکدانەوە و تێڕوانینی پێشکەوتنخوازانەی سەردەمی گەیشتووەتێ. نان و ئاووهەوایە و، کەچی تەنانەت ئەوەشی لە حزووری خوادا و بەپێی شەریعەت و بەحوکمی قازی و بە ئاگەداریی هەموو خەڵکەکە رێگەی پێ دراوە، هێشتا هەر ترس و سامی ئەو کۆت و زنجیری میراتییانە لە خوێن و گۆشت و ئێسقانیدایە و، هەموو (ئەولا و خاوەر)ەکان، دەبێت ئەو مافە رەوا شەرعییەی ناو مشتی خۆیان بەدزین لە خۆیانی بدزن!!. من دەزانم مرۆڤ ئاژەڵ نییە و دەبێت لەم بارەیەوە، ئاگامان لەو جیاوازییەی نێوانیان هەبێت، کە بەرهەمی دەیان هەزارساڵی کاروانی پێشکەوتنی بیر و هۆش و ئیدراکێتی. بەڵام ئەو کۆت و زنجیرە ناهەموارانە، ترسی ئەوەیان لێ ناکرێت ببنە هۆی ئەوەی، مرۆڤ لەم رووەوە بەسەرزاری مرۆڤ بێ و، کەچی بەدزییەوە ببێتە ئاژەڵ؟!.

(سێکسکارییە) بەترس و لەرزەکەی (ئەولا و خاوەر)ی ژن و مێرد، لە حزووری خوادا بە ئاگەداریی هەمووان، نموونەیەکی باری تاڵ و تفتی کێشەی سێکسە لە کۆمەڵگەی ئێمەی رۆژهەڵاتیدا. لەگەڵ ئەوەشدا (گوڵچین) بە خاوەر دەڵێ: (خۆتم لێ گێل مەکە.. دیمن.. ئەولا لە تالە ئازاترە). لە نێوانی ئەو بارە ناهەموارەوە، ئەم دەنگە بەرز دەبێتەوە. ئەمە چ مەغزایەك دەدا؟!. تکایە سەرنج بدەن.. گوڵچین و تالەش وەك ئەولا و خاوەر برسین.. تینوون.. هەوایان دەوێ بۆ هەناسەدان.. بۆ سێکس.. بەڵام ترسە ئەفسانەییەکە گیریان دەدا. دەیانقرچێنێ. بۆیە گوڵچین ئەگەرچی بەسەرزاری بەخیلی بەخاوەر دەبا، بەڵام بەزمانی حاڵی خواوەندی سێکس، پڕ بەدڵ ئافەرین و پیرۆزبایی لەو ئازایەتی و خۆشبەختییەیان دەکا و، دەیەوێ بڵێ: خۆزگەمان پێتان. ئەمە سەبارەت بەجەمسەری ناوەندیی (شەفەق). بەڵام ئەی ئاخۆ چیرۆکەکە هیچ

جـەمسەرێکـی تـری تـێدا نـیـیـە؟!. بـێگـومـان هـەیـەتـی و جـەمسەری هـەرە گـرینـگ و بـایـەخداری مرۆڤـایـەتـی، بـەوەی کـە چـیـرۆکـەکـە لـە بـنـەڕەتـدا بـاسی لـە کـۆمـەڵـە ئـادەمـیـزادێکـە، کـە دەرد و ئـەشکـەنجە و ئـازاری خـۆیـان داوە بـە کـۆڵـیـاندا و، بـەرەو مەڵبەندی دڵنیایی و ئاسایش خۆیان دەکوتن. داخۆ دیمەنی ئەو کلۆڵانە، تەوژمێکی هەست و سۆزی مرۆڤانە و، بەتەنگەوەهاتنێکی جوامێرانە لە ناخدا نابزوێنێ؟!.

ژمارە/ ٣٣٠ – ١٩٧٦/٨/١١

## دیسان پێوەندیی نێوان ڕەخنەگر و ڕەخنەلێگیراو

تـیـر و تـوانـج و پـلار و تـانـوتـلـێدانـی شەخسی لـە کـۆڕی ڕەخـنـەگری و لـێکـۆڵـینـەوەدا، دیاردەیەکی ئاشکرا و لە رووە و هەموو هەستی پێ دەکەین. بەڵام هەر لە نێوانی ئەوەوە، من هەستم بەدیاردەیەکی تر کردووە، کە ئەگەر بەسەررزاری پاشەڕۆك یا بەچکەیەتی، کەچی لە راستیدا ماکەکەیەتی و سەرنجلێدان و شیکردنەوەی وردی، تەواو لە جەمسەری دیاردە گەورەکەمان نزیك دەکاتەوە. ئێوە هەروا لەگەڵمدا سەرنج بدەن.. برادەرێك دێ و ڕەخنەیەکی پڕ لە پلار و تیر و توانج، لە بەرهەمی برادەرێکی تر دەگرێ. ئینجا ڕەخنە لێگیراو خۆی یا تەرەفێکی سێیەم دێ و، بەتایبەتی دەست دەداتە قەڵەم و بەو نیازە دەنووسێ، کە ئەو شێوە پلار و تانوتلێدانە گوناهبار بکات و بڵێ: (کاکی خۆم.. ڕەخنە نابێت برێتی بێت لە سەروپۆتەڵاك کوتانەوە، بگرە دەبێت هێمن و لەسەرخۆ و بابەتی و سەنگین و بێ غەرەز و راستگۆ و دڵسۆزانە بێ). ئێ زۆر باشە.. ئەمە راستە و کارێکی پیرۆزە. گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم لەو ساتەدا وەهای نیازە و، رەنگە لە دڵی خۆیدا بڵێ: ئێستا من بە لۆجیك و بەڵگەی بابەتییانە و هێمنی و ئاغری و قسەی شیرین و بەجێ، کارێکی وەها دەکەم ئەو لەلای خۆیەوە، لە پلار و تیر و توانجەکانی خۆی تەریق ببێتەوە. کەچی.. دەبینی تەنیا چوار پێنج دێری سەرەتای لەم رووەوە دڵ خـۆش دەکـا. ئـەگـینـا ئـیـتـر کـە دەدا بـەدەمـیـیـەوە، فـڕی بـەسەر بـەڵێن و بڕیارەکەی خۆیەوە نامێنێ و، لە بری گوناهبارکردنی دیاردەکە، ئەم خۆیشی دێ ئاگرەکەی هێندەی تر خۆش دەکا و، چەندە ڕەخنەگرەکە تانووتی هاویشتووە، ئەم دە ئەوەندەی تێ دەگرێتەوە!!. سەیرە.. من دەزانم ئەو برادەرە (کە دەزانین بە چ نیازێك دەستـی کـردە نـووسـین)، تـا نـووسیـنـەکـەی دەنێرێ بـۆ بـڵاوکردنـەوە، نـاچـار دەبـێت بەلایەنی کەمەوە سێ جار پیایدا بچێتەوە.  واتە سێ جار پلار و تیر و توانجەکانی

خۆی دەكەونەوە بەرچاوی.. سێ جار سەبارەت بە بڕیار و بەڵێنەكەی، دەكەوێتە بەر تاقیكردنەوەوە. كەچی هەروەك چاوبەست كرابێت و بیر و هۆشی جەرێنرابن، بەسەریدا تێ دەپەڕن و لەو سەرەوە بە چاپكراوی بۆی دێنەوە!!.

دەبێ هۆی ئەمە چی بێ؟!. بەڵێ.. دواكەوتوویی لە رووی شارستانێتییەوە و نزمیی رادەی رۆشنبیری و كزی و لاوازی لە تێگەیشتندا و ساوایی ئەم لقەی ئەدەب لەلای ئێمە، هۆی بابەتین و ئابلۆوقەی قەڵەمەكەی دەستی ئەو برادەرەیان داوە. بەڵام لە پاڵیاندا هۆیەكی خۆییش كە لە راستیدا ئەنجامی هۆیە بابەتییەكانە، لە كایەدایە و لە دیوی ناوەوەیدا.. لە قووڵاییی دەروونیدا كاری تەلیسماویی خۆی دەكا و لەو ساتانەدا، لە ئیرادەی دەخا و بڕیار و بەڵێنەكەی ئیفلیج دەكا.

من دڵنیام كە زۆربەی نموونەی ئەو جۆرە برادەرانە، ساتێ بڕیار و بەڵێنەكە دەدەن و دەست دەكەنە نووسین، دڵسۆز و راستگۆن و كەمیان پێشەكیی بڕیاری سەروپۆتەڵاك شكاندنی ئەنقەستیان داوە. بەڵام هەر هێندەی بەدەم نووسینەوە كەوتنە سەر هەوای خۆیان، ئیتر وردە وردە مێردزمەی هەستی تۆڵەسەندنەوەی مت و مەڵاسی قووڵاییی ناخیان، سەر بەرز دەكاتەوە.. دەبزوێ.. تەكان دەدا و سواری كۆڵی قەڵەمەكەیان دەبێ. ئەوان لە ئیرادە دەخا و خۆی دەنووسێ!. شاڵاو دەبا و بەراست و چەپدا گورز دەوەشێنێ. بەبێ ئاگای ئەو كام تیر و توانج گورچكبڕە.. كام پلار و تانووت لە مۆخ دەدا، لەسەر كاغەزە سپییەكە ریزیان دەكا و دەیانهاوێژێ!. تەنانەت كاتێ جارێك و دووان و سیانیش پێدا دەچنەوە، هێشتا هەر ئەو سەروەرە و جڵەوكێش. دەنا لە یەكێك لەو جارانەدا بەخۆی دەزانێ و، هەر هیچ نەبێت نەك با بڵێین نووسینەكەی دەدڕاند و لە نووكەوە دەستی پێ دەكردەوە، بگرە تەنیا خەتێكی بەسەر پلار و تانووتەكاندا دەهێنا و، سووكە دەسكارییەكی ئەم رستە و ئەو دێڕی دەكرد و، بەوە لە وەختی خۆیدا بەفریا دەكەوت و، مێردەزمەكەی لە كۆڵی قەڵەمەكەی فڕێ دەدایە خوارەوە، دەبووەوە خاوەنی ئیرادە بە ئاگا و هۆشەكەی سەرەتای دەستپێكردنی نووسینەكەی و، بڕیار و بەڵێنەكەی خۆی بەجێ دەهێنا.

واتە هۆی هەرە كاریگەر بەدیوی ناوەوەی مەسەلەكەدا و لە رووی سایكۆلۆجییەوە، ئەو گیانی تیرەگەرییە پشتاوپشتەیە كە هێشتا لە قووڵاییی دەروونی ئەو برادەرانە خۆی مەڵاس داوە و، هەر هێندەی دەرفەتی بۆ هەڵكەوت شاڵاو دەبا.

ژ/٣٣١-١٩٧٦/٨/١٨

## باس یەکە و دیو هەزار

ئەگەر دووپاتکردنەوەی باسێك لەلای چەند چیرۆکنووسێك قەدەغە بکرایە، چی رووی دەدا؟!. بێگومان مەسەلە وەها دەکەوتەوە کە دەبوو لە هەموو ئەدەبی جیهاندا، تەنیا یەك چیرۆك لەسەر باسی ئازایەتی و یەکێك لەسەر خەم و یەکێك لەسەر مردن و.. هتد بنووسرایە!. واتە ژمارەی هەموو چیرۆکەکان لە جیهاندا بەقەدەر ژمارەی باسوخوازەکانی ژیان دەبوو. ئەمەش مانای ئەوەیە کە لە دێرزەمانەوە، باس نەدەما لەسەری بنووسرێت (جگە لەوەی تازە دادێ) و لە ئەنجامدا، چیرۆك لە ئەدەبدا و ئەدەب خۆشی ئەستێرەی دەکوژایەوە.

ئەمەی وتم تەنیا شیمانەیەکە کە لە واقیعدا روو نادا. بۆچی؟!. چونکە هەر باسێك لەلای سەدان چیرۆکنووس، سەدان جار دووپات بووەتەوە و کەچی هیچ کامیان نەبووەتە وێنەیەکی کتومتی ئەوانی تر. ئەمەش لە بنچینەدا لەوەوە هاتووە، کە هیچ چیرۆکنووسێکیان (کە خوڵقێنەری چیرۆکەکەیە)، بە هەست و نەست و بیر و هۆش و ئایدۆلۆجیا و رێبازی فەلسەفی و جۆری تێگەیشتنی لە ژیان و نهێنییەکانی و.. هتد، وێنەیەکی کتومتی ئەوانی تر نییە. بۆ نموونە کاتێ سەد چیرۆکنووس، با بڵێین لە یەك وەختدا، هەریەکەیان چیرۆکێك لەبارەی ئازایەتییەوە دەنووسێ، قەت روو نادا دووانیان کتومت وەك یەك بۆی بچن و لە هەموو روویەکەوە، لە سەدا سەد وەك یەك تێی بڕوانن. لەبەر ئەوە ئێمە سەد چیرۆکی جیا لە یەکتر دەخوێنینەوە نەك یەك چیرۆك.

باسی چیرۆکەکەی ژمارەی پێشوو (ئەو بەلەمە تەنهایە)، باسێکە رەنگە لە سەدان چیرۆکدا و لە هەموو سەردەمەکانی تەمەنی هونەری چیرۆکنووسیندا دووپات بووبێتەوە و، تا ئەو رۆژەشی چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە هەر دەوترێتەوە. باسەکە برێتییە لە نەزۆکیی مرۆڤ، کە ئەمە یەکێکە لەو ئەشکەنجە سروشتییانەی مرۆڤایەتی دووچاری بووە و تا ئێستاش پێوەی دەناڵێنێ. حەزکردن لە منداڵ جگە لەوەی سروشت ئیدامەی رەگەزی بەشەری پێ دەدا، لەلای مرۆڤ غەریزەیەکە و لەکارکەوتنی کارێکی ناسروشتانەی ئەوتۆیە، کە دوو مرۆڤ، (ژن و مێرد) تووشی ئەشکەنجەیەك دەکات کە بە درێژاییی تەمەنیان پێوەی دەتلێنەوە. بێگومان باسەکە وەك لەوەبەر وتم، دەشێت

سەدان چیرۆکنووس بەسەدان شێوە و باری جۆراوجۆردا بینوێنن و لێی بدوێن.

لەلای ئیبراهیم کانیی نووسەری ئەم چیرۆکە، جەمسەری سەرەکیی چیرۆکەکە لە بەیەکدادانی دەروونیی مێردەکەدایە، ئەنجامی ئاشکرابوونی نەزۆکیی ژنەکەی. واتە ئەوەی لەلا روون بووەتەوە، کە ئەگەر تەمەن تا سەر بەتەنیا لەگەڵ ئەو ژنەدا بەسەر بەرێت، هەرگیز نابێتە خاوەنی منداڵ. بۆیە غەریزەکە لە ناخدا دەیقرچێنێ و وەهای تەنگەتاو دەکا، کە سەرەڕای هەموو خۆشەویستییەکی بۆ ژنەکەی، بیر لە هێنانی ژنێکی تر بکاتەوە و ئیتر لێرەوە، بەیەکدادانە دەروونییەکەی دەگاتە پۆپەی توندوتیژی و هەژان. چیرۆکنووس لە نواندنی باسەکەیدا، مێردەکەی کردووە بەکەسی سەرەکی نەك ژنەکە و، لە نێوانی ئەوەوە کێشەکە هەڵدەسووڕێنێ. بۆچی؟. چونکە ئەگەرچی ئازار و ئەشکەنجەی ژنەکە سەختتر و بەجەخارترە و ئەمیش قرچە لە جەرگی دێت، بەڵام بەیەکدادان و زۆرانبازی سەبارەت بە گرفتەکە، لە دەروونی مێردەکەدا توندوتیژترە، لەبەرئەوەی کە خەتای نەزۆکی لەوەوە نییە و لە ژنەکەوەیە. جا چیرۆکنووس بە قووڵی چووەتە ناو ئەو بەیەکدادانە دەروونییەی مێردەکەوە و زۆر هونەرمەندانەش، بەدیوی ناوەوەدا نەك ڕاستەوخۆ و رووکەشییانە، ئەو بەیەکدادانەی نواندووە. هەروەکو شارەزایان پێوەندیی بێ قرەوبڕەی ئەو رۆژانەی، نێوان ژنە و مێردەی بۆ خستووینەتە پێش چاو. هەر بەوە پێمان رادەگەیەنێ کە دوو مرۆڤی تێگەیشتووی ژیرن و، هەریەکەیان لە دەردی ئەوی تر حاڵییە.

هەروەها چیرۆکنووس لووتکەی شارەزایی و هونەرمەندیی خۆی، لە جۆری کۆتا پێهێنانی چیرۆکەکەدا دەنوێنێت، بەوەی کە بەیەکدادانە دەروونییەکە لەلای مێردەکە، وەك خۆی دەهێڵێتەوە و وازی لێ دێنێ. چونکە گرفتەکە گرفتی درێژایی تەمەنێتی و وەکی تریش، بۆ ئەوەی خوێنەر لەلای خۆیەوە بیرێکی لێ بکاتەوە و بەتەنگییەوە بی، مێشکی خۆی بەو گرفتەوە خەریك بکا، کە زۆر کەس لەم ژیانەدا دووچاری دەبن.

ژ۳۳۲-۱۹۷٦/۸/۲۵

## باری دەروونیی کەسان لە چیرۆکدا

شێرزاد حەسەن یەکێکە لەو لاوانەی لە کۆڕی هونەری چیرۆکنووسیندا، گورجوگۆڵە و بەدڵسۆزییەوە دەستی داوەتێ و بۆی بەپەرۆشە. لەو چەند چیرۆکەیدا کە کەوتوونەتە

بەرچاوی من و خوێندوومنەتەوە، سەرنجم دا هەوڵ دەدا بایەخ بەباری دەروونیی کەسانی چیرۆکەکانی بدا و، بچێتە قووڵاییی ناخیانەوە و، لەوێوە هەست و نەست و تەنگوچەڵەمەی ناو دەروونیان بنوێنێ. بێگومان ئەمە تەقەلایەکی گەلێ پەسند و چاکە. بەڵام ئاخۆ تا چ رادەیەك تیایدا سەرکەوتووە؟. با لەم رووەوە لە چیرۆکی (ئێوارە و شتی تر)ی بدوێین، کە لە ژمارەی پێشوودا بڵاو کرابووەوە. لاوێکە و.. (بەدەستی شیشی پەنجەرە ژەنگاوییەکەی گرتبوو.. بەدەستەکەی تری جگەرەیەکی زەل و تیژ تیژ قومی لێ دەدا.) و (.. چوار دیوارەکە هەتا ئەهات لە بەرچاوی نزیك دەبوونەوە بەرەو ئەو جێگەیەی ئەو لێی وەستابوو.. سەربانەکەش ئەخزایە سەر سەری تا کەوتە نێوان دوو کاریتەری ئەستوور.. ) و (.. بۆ برێك دەستی لە شیشەکە بەردا و بەژوورەکەدا هات و چوو، وەك کەسێ هەنگاوەکانی خۆی بژمێرێ..). کەواتە لاوەکە کە خۆی گۆڕیوە لە ماڵ بچێتە دەرەوە و ئەمە حاڵێتی.. مرڤێکە کە گرفتێکی دەروونی ناخی دەهەژێنێ و ئۆقرە و ئارامی لەبەر بڕیوە. ئینجا لە چیرۆکەکەدا روون دەبێتەوە کە ئەگەرچی گرفتەکە ئەنجامی دڵدارییەکە، کە لەبەر هەر هۆیەك بێت بۆی نەچووەتە سەر (چاکیشی کردووە هۆیەکەی نەخستووەتە روو)، بەڵام وردە وردە لەلای بووەتە گرفتێکی (سەراپاگیری)ی گەورە و فراوان و، سەرجەم ئەشکەنجە و ئازارەکانی مرۆڤایەتیی گرتووەتە خۆ.. (من ئەوەندەی فرمێسکی چاو کارم تێ دەکا، هیچ چاوێك کارم تێ ناکا..). وەکی تر گرفتە سەراپاگیرییەکەیە کە زیاتر بەرەو خۆراگرتن و کۆشش هانی دەدا و (تووڕەیی دایدەگرت و هاواری دەکرد، پێ ناکەنین تا فرمێسکی جیهان کۆتاییی نەیەت).

بەم بارەدا دەبینین هەم باسی چیرۆکەکە و، هەم نواندنی لە نێوانی چەڵەمە دەروونییەکەی لاوەکەدا، کۆك و پەسەندە. بەڵام کە باس دێنینە سەر تەکنیك لە چیرۆکەکەدا، واتە ئەو چوارچێوەیەی باسەکەی تێدا خراوەتە پێش چاو، رادەی ئەو کۆك و پەسندییەی نزم دەبێتەوە. شێرزاد حەسەن هێشتا لە کۆڕی هونەری چیرۆکنووسیندا، زەفەری بە تەکنیکی نوێ نەبردووە و لە وردەکاریی هونەریدا دەستی کورتە. هێشتا نەیتوانیوە دەستبەرداری شێوەی هەقایەتخوانی و وەسفی زیاد لە پێویست و درێژە پێدانی بێزارکەر ببێ، کە لە چلەکان و پەنجاکاندا باو بوو. ئەمە لە کاتێکدا کە بەرهەمێکی زۆری سەر بە تەکنیکی نوێی، چ چیرۆکنووسانی بێگانە و چ نەوەی خۆی لە عێراقدا لە بەردەستدایە و، بەئاسانی دەتوانێت سوودیان لێ وەربگرێت

و ئەو بەهرەیەی بخاتە سەر ڕێگەی ڕاست و ڕەوانی خۆی. بۆ نموونە لاوەکە لەگەڵ خۆیدا لەبارەی گرفتە سەراپاگیرییەکەی ناو دەروونییەوە دەدوێ و دەدا بەدەمیەوە و دەچێت بەپیر هەموو ئازارەکانی مرۆڤەوە لە سەراپای سەر زەویدا. ئەمیش شێوەی خوتبەدانێکی تووڕەی وەرگرتووە، نەك ئەشکەنجە و ژانێکی مرۆڤانەی دەروونی سەبارەت بەو ئازارانە. دوو وتەی تری وەك (من ئەوەندەی فرمێسکی چاو کارم تێ دەکا، هیچ چاوێك کارم تێ ناکا.. )، بە زیادەوە مانای هەموو ئەو دێڕانە بەخوێنەر دەدا. هەروەها زۆروتن لە چیرۆکدا، وەك هەر شتێکی تر بەڵگەی لێوەشاوەیی نییە، بگرە کەموتن و بەڵام بەپڕوچڕی لە مەغزا و مانادا، ئەو بەڵگەیە دەدەن. بەتایبەتی لە کورتەچیرۆکدا کە دیمەنێك یاخۆ چەند دیمەنێکی ئان و ساتی دەگرێت و دەیاننوێنێ بێ ئەوەی لە زۆرجاردا تەنانەت گوێ بداتە کات و شوێنیش، بەو شێوەیەی لەوەبەر گوێی دەدرایە. جا ئەمانە لە هەمان کاتدا کۆڵەواریی هەڵەی زمانیشیان بەڕادەیەك دەچێتە پاڵ، کە من لەلای خۆمەوە وا تێ دەگەم ئەم برادەرە، زۆر خۆی بەزمانەوە ماندوو نەکردووە.

شێرزاد حەسەن وەك لە سەرەتاوە وتم: لە کارەکەیدا گورجوگۆڵە و، بەدڵسۆزییەوە دەستی داوەتێ و بەهرەشی بەدەستەوەیە. بۆیە ئەگەر هەوڵ بدا لە ڕووی تەکنیکەوە زیاتر شارەزایی پەیدا بکا و پێوەی ماندوو ببێ، بەئەنجامێکی باشتر و سەرکەوتووتر دەگا.

ژ/٣٣٣-١٩٧٦/٩/١

## شیعر و ماتماتیك

(وەڵامی نیگایەك) پارچە شیعرێکە، لە ژمارەی پێشوودا بڵاو کراوەتەوە و سەرنجی ڕاکێشام. من لێرەدا باسم لە چاکی و خراپیی شیعرەکە نییە. بگرە باسم تەنیا لە کێشەکەیەتی و ئینجا لەوێشەوە دەچمە سەر ئەسڵی مەبەستەکەم. کێشەکەی بەگشتی شەش بڕگەییە. بەڵام لە چەند دێڕێکدا هەشت بڕگەییشی بەکەرتکراوی تێ دەکەوێ، بێ ئەوەی بەزەقی هەستی پێ بکرێ. واتە ئەگەر لەسەری نەوەستیت تا ڕادەیەك (دەڵێم تا ڕادەیەك) لە ڕووی ئیقاع و مۆسیقاوە تێ دەپەڕێ.

جا وەك دەزانن من لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیمدا، هەندێ خۆم بەڕەخنە و

لێکۆڵینەوەی شیعرەوە خەریك كردبوو (نامیلكەی كامەران و هۆنراوەی نوێ و دوو سێ وتار). هەر لەو ماوەیەشدا كەڵكەڵەی كێشەكانی شیعری كوردی نوێمان، دابووی لە كەللەم و هەوڵم دەدا تێیان ورد ببمەوە و دەستنیشانیان بكەم و ئەنجامێكیان لێ بەدەست بێنم. بەڵام لەوە بەدواوە ئیتر وازم لێ هێنا و لە كۆڕی رەخنە و لێكۆڵینەوەدا، پتر هەر خەریكی چیرۆك بووم. تا پار بەبۆنەی كتێبێكەوە كە نەك خۆی، بگرە دوو سێ وتارم لە بارەیەوە خوێندووەتەوە، كە گوایە نووسەرەكەی بۆ لێكۆڵینەوەی شیعری نوێی عەرەبی پەنای بردووەتە بەر ماتماتیك، منیش كەڵكەڵەی زەمانی زوو سەری لێ هەڵدامەوە و لە دڵدا هاوارم كرد: (دۆزیمەوە.. نهێنییەكە لە ماتماتیكدایە) و ئیتر خووم دایە. من هەرچەندە شاعیر نیم، بەڵام جارجار شیعرم بۆ خۆم نووسیوە. جا تەقەلام دا شیعرێك بۆ خۆم بەرهەم بێنم (بێ ئەوەی گوێ بدەمە ناوەڕۆك)، كە لە یەك كێشی زیاتر تێدا بێ و، چەند جارێكیش و هەر جارە و تەقەلاكە دووپات بكەمەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێشەكی بەژمارە، نەخشەی بڕگەكانی كۆپلەیەكم دەكێشا و ئەوسا وشەم بۆ دەدۆزینەوە، بەمەرجێك ئیقاع و ئاواز بێ ساتمە و گرێ و قۆرت ئاسایی تێ پەڕێت. ئەوی راستی بێت تا ڕادەیەك شتێكم تێدا بە شتێك كرد و، بەڵام جەسارەتم نەكرد پیشانی كەسی بدەم. تەنیا فیكرەكەم لای چەند برادەرێك باس كرد و، دوای ئەوە ئیتر وازم لە مەسەلەكە هێنا. جا ئاخۆ ئێستا من چیم مەبەستە؟.. بێگومان حەز دەكەم فیكرەكە بەشاعیرانمان رابگەیەنم و بپرسم: تۆ بڵێیت مێشكی شاعیرێكی لێهاتووی كەمێ ماتماتیكزان، ئەگەر خۆی بەمەسەلەكەوە ماندوو بكا، نەتوانێ لە رێگەی ماتماتیكەوە، چەندان كێشی نوێ لە شیعری كوردیدا بدۆزێتەوە؟. دیارە نەموت بۆ شیعری كوردی، بگرە وتم لە شیعری كوردیدا، چونكە من وای دادەنێم كە كێشەكان خۆیان هەن، بەڵام لە حەشاردان و دەبێ بدۆزرێنەوە. چۆن؟.. وەك ئەوەی لە پاڵ كێشی هەشت بڕگەیی و كەرتەكانیدا، یا دە و دوازدە و كەرتەكانیدا.. هتد، كێش هەبێت ٣+٤+٥ بێ، یا ٢+٣+٥، یا ٤+٥+٦، یا ٥+٣+٦ یا.. هتد، كە ئەگەر ئەمە راست دەرچێ و، توانای بەدیهێنانی بەفراوانی بێ تەگەرە و كەموكووڕیی هەبێ، ئەوا شاعیرانمان دەتوانن زەفەر بەژمارەیەكی هێجگار زۆری كێش بەرن لە شیعردا، لە بریی ئەوەی لە سنووری چەند كێشێكدا گیر بخۆن، كە ئێستا هەرە باوترینیان هەشت بڕگەییە و بەشی هەرە زۆری شیعری نوێمانی پێ دەهۆنرێتەوە. دیارە دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت، كە مەرجی سەرەكی لە رێكوپێكیی كێشدا ئیقاع و ئاوازە، كە دەبێت رەوان

و بێ گرێ و قۆرت بڕژێنە گوێی خوێنەر یا گوێگرەوە.

واتە ئەگەر ماتماتیك توانی لەم رووەوە یاریدەمان بدا، تۆ بڵێیت ئەوەی وتم، لە خەو و خەیاڵەوە نەبێتە راستی؟. من باوەڕم وایە کەمێشکە شاعیرێکی لێوەشاوەی کەمێ ماتماتیکزان، ئەگەر خۆی پێوە ماندوو بکا (وەك شاعیر و وەك زاناش لە شیعردا)، لەم رووەوە دەتوانێت بەئەنجامێکی باش بگا و، ئەوسا لە بریی شەش حەوت کێش، کە وەکو وتم هەرە باویان تەنیا یەکێکە، چەندان کێش لە شیعری کوردیدا بدۆزێتەوە.

هەر بەم بۆنەیەوە دەبێ بەشێوەیەکی تایبەتی، ئیشارەتێ بەدەستپێشکەری و هەوڵی سەرکەوتووی (گۆران)ی نەمر بدەم لەم بوارەدا. بۆ نموونە لە شیعری (بەستەی دڵداری) و لە (ئاواتی دووری)دا، دوو یا سێ کێشی جیاجیای پێکەوە بەکار هێناون، بێ ئەوەی هەست بە ساتمە و قۆرتیان تێدا بکرێ و، ئیقاع و ئاوازیشیان هارمۆنیایەکی رێك و رەوانە. دیارە گۆرانی مەزن کە ئەم کارەی کردووە، چاك لە خۆی ئاگەدار بووە چی دەکا و چی مەبەستە. بەڵام دەشپرسم: چ عەجەب ئیدامەی بەو کۆششەی نەداوە؟!.

ژ/٣٣٤-٨/٩/١٩٧٦

## چیرۆکی سایکۆلۆجی

کاك محەمەد رەشید فەتاح لە ژمارەی پێشوودا، وتارێکی بەناوی (چیرۆکە دەروونییەکان)ەوە لە عەرەبییەوە کردووە بەکوردی، کە بەشێوەیەکی گشتی و بەکورتی، باس لە پەیدابوونی چیرۆکی سایکۆلۆجی دەکا لە ئەدەبدا و، گەشەسەندنی بەشێوەیەکی تایبەتی، دوای بڵاوبوونەوەی تیۆرییەکەی (فرۆید) لە بارەی زانستی دەروونەوە. سا من بەو بۆنەیەوە، لێرەدا هەوڵ دەدەم باسەکە نزیکتر بکەمەوە و، پتر وەرامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، کە ئاخۆ چیرۆکی سایکۆلۆجی چییە و چۆنە و، کام چیرۆك پێی دەوترێت سایکۆلۆجی؟!.

ئاشکرایە زانا دەروونناسەکان، شێوە و جۆری هەڵسوکەوت و رەفتاری مرۆڤ، دەدەنە پاڵ هۆیەك یا هێزێك، کە لە ناخی دەروونیدا کاری خۆی دەکا و بەدیوی دەرەوەدا رەنگ دەداتەوە، کە غەریزەکان لەم رووەوە رۆڵی سەرەکی دەبینن. واتە لەلای ئەوان رەگی نهێنییەکانی ژیانی مرۆڤ لە جیهانی ناوەخۆیدایە.. لە ناخی

دەروونـیـدایــە. ئــەمــە لــەلای فـرۆیـد و لایـەنـگـرانـی. بــەڵام لــەلای هــەنـدێـکـی تـر لـە دەرووونناسان و لە پێشیانەوە (ولیام رایش)، کە پێیان دەوترێ چەپی فرۆید، وەك ئەوانی تر جیهانی دەرەوەی مرۆڤ ناخەنە پشتگوێ و وای دادەنێن، کە بەگۆڕینی ئەمیان جیهانی ناویشەوە دەگۆڕدرێت، ئەگەرچی غەریزە و سێکس و گرێ و گرفت و.. هتد، لە جیهانی ناوەوەدا بەسەر دەرەوەدا کاریگەرن.

بەم پێیە دەبێ ئەرکی سەرشانی چیرۆکنووسی سایکۆلۆجیست چی بێ و، ئەگەر بیەوێ چیرۆکێکی سایکۆلۆجی بنووسێ چی بکا؟!. دیارە دەبێ بایەخی سەرەکی بەجیهانی ناوەوەی مرۆڤ بدا و، لەبەر رۆشنایی زانستی دەروون، بە بنجوبێخی نهێنییەکانی ناو دەروونی کەسانی چیرۆکەکەیدا بچێتە خوارەوە و بە شێوەیەکی هونەرمەندانە کە لە زانستە رووتەکەی جیا دەکاتەوە، ئاشکرایان بکا و ئەو ئامانج و مەبەستەیان پێ بەدەستەوە بدا کە بۆیان چووە. بەڵام ئاخۆ ئەمە لە رووی هونەرییەوە چۆن دەکا؟.

لە وتارەکەی کاك محەمەد رەشید فەتاحدا، چیرۆکنووسە سایکۆلۆجیستەکان کراون بە دوو بەشەوە: رەسەنەکان و لاساییکەرەوەکان. ئەمە راستە. بەڵام رەسەنەکان بە چیدا رەسەنن؟. بەسەرزاری لە خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە سایکۆلۆجییانەدا، وا دەردەکەوێ کــە لــە نــێوانــی دیــالــۆگ یــا مــۆنــۆلــۆگ یــا لــە رێگــەی وەسفـکـردنـی راستــەوخــۆی چیرۆکنووسەوە دەنوێنرێ. بەتایبەتی مۆنۆلۆگ کە مرۆڤ (کەسانی چیرۆك) خۆی لـەگـەڵ خـۆیـدا دەدوێ و، بــەبـێ تـرس لـە رەقـیب (لـە مـرۆڤـێکـی تـر)، بـە سەربـەستی هەرچییەکی لە دڵدایە.. حەز و ئارەزوو، رق و کینە، بڕیاری نهێنی، نیازی چاك و خراپ.. هتد بۆ خۆی دەردەبڕێ، کە ئەمانە هەموو شتی جیهانی ناوەوەی ئەو مرۆڤەن و تەنیا خۆی لێیان ئاگەدارە و لە دەروونیدا دەسووڕێن. بەڵام دیالۆگ و وەسفکردن لەلایەن چیرۆکنووسەوە، رەنگدانەوەی مۆنۆلۆگن (بەسلبی یا بەئیجابی) بە دیوی دەرەوەدا، کە شێوەی گفتوگۆ و هەڵسوکەوت و رەفتار و کرداری مرۆڤەکە دەنوێنن، وەك ئەوەی بە مۆنۆلۆگ بەخۆی بڵێ (ئەم کابرایە بەجگەرەکێشان هەراسانی کردم)، ئینجا بــە دیــالــۆگ پــێی بــڵــێ: تـۆ جگـەرە زۆر دەکێشیت. دوایـی بـەوەسفـکـردن لـەلایـەن چیرۆکنووسەوە بوترێ: لە تەنیشتییەوە هەڵسا و چوو لەولاوە دانیشت.

لـەگـەڵ ئـەوەشدا نـهێـنـیی رەسـەنـی چـیـرۆکـنـووسێك، تـەنـیـا لـەوەدا نـیـیـە کـە لـەم سێ قۆڵییەدا، تەواو بەهرەدار و وەستا و شارەزا بێ. بگرە لەوەدایە کە لە هەرسێکیاندا

پێکەوە شتە سەرەکییەکە.. مەبەستە سەرەکییەکە (ئامانجە سایکۆلۆجییەکە) پێك بێنرێ و بەدەستەوەی بدا. ئەو لە ئەسڵدا چی مەبەست بوو؟. با بڵێین مەبەستی بوو هێزی سێکسی ناخی مرۆڤێك، بکاتە هۆی ئەوەی خراپەکارییەك بکا، کە لە عورفی کۆمەڵدا خراپەیە و کە هەن دەڵێن: نەخێر.. هۆی ئەو خراپەکارییە برسێتی و دەستکورتییە. جا کەوابوو ئەو لە سەرجەمی کارەساتەکانی چیرۆکەکەی، کە لە نێوانی سێ قۆڵییەکەوە نواندنی و هەڵی سووڕاندن، لە بنەڕەتدا ئەمەی مەبەستە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئایدۆلۆجیا تایبەتییەی خۆیدا لێی بدوێ و تەقەلا بدات بیسەلمێنێ. ئەمەیە مەبەستە سەرەکییەکەی کە بە بەدیهێنانی، چیرۆکێکی سایکۆلۆجی بەدەستەوە دەدا. دەنا بەپێچەوانەوە، چیرۆکەکە ئاسایی دەردەچێ.

ژ/٣٣٥-١٩٧٦/٩/١٥

## هۆگۆ و دوا داخوازییەکەی

«.. هۆگۆ دوای ئەوەی پازدە ساڵی تر ژیا و کە ساڵی ١٨٨٥دا دوا هەناسەی دا، دوو ملیۆن فرەنسای دوای تەرمەکەی کەوتن. دوا داخوازیشی ئەوەبوو کە لە تابووتێکی هەژاراندا بینێژن».

ئەمە دوا چاپتەری وتارێکی ژمارەی پێشووە بەناوونیشانی (هۆگۆ.. شاعیری یاخی)یەوە و، ئەوەی تیایدا سەرنج ڕادەکێشێ، دوو ملیۆنەکە و داخوازییەکەیەتی!. بۆچی دوو ملیۆن و بۆچی ئەو داخوازییە؟!. لێحاڵیبوونی زەحمەتە و زەحمەتیش نییە!. زەحمەتە.. چونکە هۆگۆیەك پەنجەی کردبێت بەچاوی ئیمپراتۆرێکدا و بۆی چووبێتە سەر و زاڵ و سەرکەوتوو بووبێت، چ عەجەب ئەویش نەبووەتە ئیمپراتۆرێکی نەگریس و چارەگران و، لە بریی ئەوەی دوو ملیۆنەکە فرمێسکی بۆ بڕێژن، تف و لەعنەتی بکەن و بڵێن ئەولاتر چی؟!. زەحمەتیش نییە.. چونکە هۆگۆیەك دوا داخوازیی ئەوە بووبێ، کە وەك هەر هەژارێك لە تابووتێکی هەژاراندا بینێژن، دەبێت بەدرێژایی تەمەنی ساتێ لە هەژارە چەوساوەکان غافڵ نەبووبێ و، بەردەوام و زۆر لە نزیکەوە، هەستی بە ئەشکەنجە و ئازاریان کردبێ و، لە سووتانێکی هەمیشەییدا بووبێ بۆیان. هۆگۆ دەیتوانی لە وەزعی تەرمەکەی بێدەنگ بێ و، جۆری ناشتنی واز لێ بێنێ بۆ دوو ملیۆنەکە، کە دیارە بە خۆشنوودییەوە لە تابووتێکی زێڕینی شاهانەدا دەیاننناشت. بەڵام هۆگۆی دڵسووتاو بۆ حاڵی هەژاران، تەنانەت لە دوا ساتەکانی ژیانیشیدا، لەو

خەمخۆرییە هەر دانەبڕاوە و، دوا کار و فرمان کە لە دەستیدا مابێ و بۆ سەلماندنی بیروباوەڕەکانی بیکات، ئەوەبوو کە داوا بکا لە تابووتێکی هەژاراندا و وەك هەر هەژارێك بینێژن، کە ئەمە چەندە مانای بەتەنگەوەهاتن و خەمخۆری و خۆشەویستی بۆ هەژارە چەوساوەکان دەدا، پتر رق و کینە و قێزهاتنەوەی دەنوێنێ، بەرامبەر بەرەی چەوسێنەرە زۆردارەکان.

هۆگۆ بەدرێژاییی تەمەنی و تا دواساتی ژیانی، لەگەڵ خۆیدا.. لەگەڵ بیروباوەڕ و خواست و ئامانجەکانی خۆیدا، دڵسۆز و راستگۆ بووە و لای نەداوە لێیان و هەر بەو دڵسۆزی و راستگۆیییەش، ئەو بەرهەمە ئەدەبییە نەمرانەی بە مرۆڤایەتی داوە و، رێز و خۆشەویستیی ئەو دوو ملیۆن کەسە و سەدان ملیۆنی تری بۆ راکێشاوە.

لە هەموو دەوروزەمانێکدا، ئەو نووسەرەی دڵسۆزی و راستگۆیی لە سات بەساتی ژیانیدا، هەوێنی هەست و نەست و بیر و هۆش و کردار و رەفتاری بێ و، هەردەم لە دڵ و دەروونیدا زیندوو بن و لە قووڵاییی ناخیدا بدرەوشێنەوە، بێگومان ئەو نووسەرە سەرفراز ژیان بەسەر دەبا و سەربەرز لێی دەردەچێ.

ژ/٣٣٦-١٩٧٦/٩/٢٢

## لە نێوان ئەدەب و واقیعدا

دەوترێ نووسەر دەبێ کەرەسەی بەرهەمی لە واقیعەوە هەڵێنجێ و، بەداهێنانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکا و، ئینجا وەهای بخاتەوە پێش چاو، کە ئاسۆی زانستی خوێنەری پێ فراوانتر بکا، لەوەی کە خۆی لەبارەی ژیانەوە دەیزانێ و، دواجار بەشداربێ لە گۆڕینی ئەو واقیعەدا، بەرەو بارێکی چاکتر و پێشکەوتووتر و گەشاوەتر. ئەم وتەیە زۆر راستە و هەموو نووسەرێکی پێشکەوتنخواز و بیرڕۆشن، باوەڕیان پێیەتی و کاك گوشاد حەمەسەعیدیش لە ژمارەی پێشوودا، لە وتارەکەیدا (کۆن و نوێ لە نێوان گۆڕانی کۆمەڵدا)، هەر بەم باوەڕەوە دواوە کە نووسیویە: «ئەوەندەی مرۆڤ لە واقیع بکۆڵێتەوە، سەرەنجام گەیشتنە بەواقیع و پاش واقیع شتێکی تر نییە، جگە لە گۆڕان لە واقیعی شتەکانی سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر. بەڵام ئاخۆ ئەگەر مرۆڤ گەیشتە واقیعی سەردەمەکەی، ئیتر ئەوە هەموو راستییەکەیە و بەس؟!. ئاخۆ واقیعی ئەمڕۆ جیاوازیی نییە لەگەڵ واقیعی سبەینێ؟!».

بێگومان پرسیارێکی بەجێیە و، هەر خۆی لە شوێنێکی تری وتارەکەیدا نووسیویە: هەر لەگەڵ پەیدابوونی ئەو بیرکردنەوە نوێیەدا – کە یاسای ناکۆکی لە نێوان کۆن و نوێدا دەیخولقێنێ – زۆرانبازی لە نێوان کۆن و نوێیەکەدا پەیدا دەبێ. ئەمەش دەبێتە هۆی بەرپابوونی شۆڕش لەلایەن بیرە نوێیەکەوە بەسەر کۆنەکەدا، لە پێناوی گۆڕینی ئەم واقیعە بەرەو واقیعێکی تر. کەواتە شۆڕش مانای ئیبداعکردنە و، ئیبداعکردنیش یانی هێنانە کایەوەی شتێکی نوێیە. بەڵام ئاخۆ ئەم وتەیە لە کارپێکردندا لەلایەن زۆربەی نووسەرانەوە چۆن کەوتووەتەوە؟!. جێگەی داخە کە ئەوان ئەگەرچی بە قسە باوەڕی تەواویان پێیەتی و، بەدڵسۆزییەوە دەیانەوێ پەیڕەوی بکەن، کەچی بەکردار لە بەشی گەورەی بەرهەمیاندا، لە ئاستیدا دەستەوستانن و نەیانتوانیوە بەدی بهێنن. بەباوەڕی من هەڵێنجانی کەرەسەی بەرهەم لە واقیع، بۆ هەر قەڵەمبەدەستێك کە کەمێ ئەزموونی لە کۆڕی نووسیندا هەبێ و، تۆزێکیش زیرەك و سەرنج ورد بێ، کارێکی گران نییە. بگرە زەحمەتییەکە لە چۆنێتیی مامەڵەکردندایە بە داهێنانەوە لەگەڵیدا و، ئینجا زەحمەتتر لەمەش ئەوەیە وەها بخرێتەوە پێش چاو، کە ئاسۆی زانستی خوێنەری پێ فراوانتر بکرێ و، دواجار بەشدار بێ لە گۆڕینی واقیعەکەدا.

بۆ نموونە: ئێمە دەزانین ناردنی کچ بۆ قوتابخانە سی چل ساڵێك لەمەوبەر، بەعەیبە دەزانرا و ئەو تاك و تەرایەی کچی خۆیان دەخستە بەرخوێندن، دەکەوتنە بەرتیروتوانج. لە کاتێکدا ئێستا بەپێچەوانەوە، ئەوەی کچی نەخاتە بەرخوێندن، بەکۆنەپەرست و دواکەوتوو دەدرێتە قەڵەم و بگرە کار بەرەو ئەوە دەڕوا، ئەو تاك و تەرایەی تا ئێستا نایانەوێ کچیان بنێرنە قوتابخانە، دەوڵەت ناچاری ئەم کارەیان بکا و، ئەگەر هەر نەیکرد سزایان دەدا. جا من دەمەوێ بپرسم: ئاخۆ ئێستا ئەگەر نووسەرێکمان هات و بەرهەمێکی ئەدەبیی سەبارەت بەو باسە پێشکێش کرد، واتە بەپێویستیی ناردنی کچان بۆ قوتابخانە، چی لە زانیاریی خوێنەر زیاد دەکا و، دواجار چ بەشدارییەك لە گۆڕینی واقیعدا بەرەو چاکتر دەکا؟. بێگومان هیچ، چونکە واقیع لە دەمێکەوە ئەو باسەی بەمێژوو سپاردووە و، لێدوانی لە ئێستادا بە ئەدەب و هونەر، مەگەر سووکە بایەخێکی مێژوویی هەبێ و هیچی تر.

یا وەکی تر باوکی یا وەلی ئەمری هەر ئەو کچە، کە ئاسایی دەخرێتە بەرخوێندن و تەواوی دەکا و، ڕەنگە بشبێتە مامۆستا یا ئەندازیار یا دوکتۆر و، کەچی لە واقیعی ئێستادا وەختێ دێتە سەر شووکردن، هێشتا گیرۆدە و بەندی (ئا) یان (نا)یەکی ئەو

باوکە یا ئەو وەلی ئەمرەیە. جا ئەگەر نووسەرێکمان لە ئێستادا هات و ئەم باسەی داڕشتە کارێکی هونەرییەوە، بێگومان بەشداری لە گۆڕینی واقیعی نالەباری ئەو کچەدا دەکا، واتە نەهێشتنی ئەو زوڵمەی لە کچ دەکرێ.

جارێکی تریش دەڵێم بەداخەوە، زۆربەی بەرهەمی ئەدەبیمان لە پەراوێزی واقیعدان، نەك لە ناوجەرگەیدا. چونکە دەردێك چارەسەر دەکەن یا دیاریدەیەك ریسوا دەکەن، یا لە جۆرە باس و خوازێك دەدوێن کە لە دەمێکەوە بوونەتە پەراوێزی واقیع و، لە کرداری بەیەکدادان و گۆڕانی ژیانی ئێستادا هیچ بایەخێکیان نەماوە. کەوابێ بەڵێ بۆ هەڵێنجان لە واقیعدا.. بەڵام یەکەم بەداهێنانەوە و دووەم شتێکی نوێی لەربارەوە بخرێتە بەرچاوی خوێنەر و، سێیەمیش بەشداری بکا لە گۆڕینی واقیعدا بەرەو بارێکی چاکتر، ئەگینا ئەو هەڵێنجانە دەبێتە تەنیا جوونەوەی واقعێکی ڕاوەستاو.

ژ/٣٣٨-١٣/١٠/١٩٧٦

## لەبارەی دزیی ئەدەبییەوە

لەم ماوەی دواییەدا مەسەلەی دزی لە ئەدەبدا، سەرلەنوێ هاتەوە کایەوە و ئەوەتا کاك محەمەد کەریم لە ژمارەی پێشوودا (چەند سەرنجێك لەسەر شەوێکی سامناك و مەلەفی ٦٨)، لە بەرپەرچدانەوەی کاك رەفیق سابیردا هەر لەو باسە دەدوێ. هێندەی من پێی بزانم لە ساڵانی پەنجاکانەوە تا ئێستا، ئەم مەسەلەیە جارەها هێنراوەتە ناوانەوە و زۆرجار لەسەری بووە بەمشتومڕ و عاجزیشی تێ کەوتووە. من هەر کات قسە لەم باسە کرابێ وتوومە: گریمان یەکێ هات و شاکارێکی ئەدەبیی جیهانیی دزی و کردی بەهی خۆی. ئێ!.. دوای ئەوە چی روو دەدا؟... هیچ.. چونکە خۆ ئەو قەڵەمی خۆی ناخاتە سەر کاغەز. ئەگەر خستبێتیشی چی بەدەستەوە دەدا؟. بەرهەمێکی گەندەڵ کە لەگەڵ دزراوەکەدا، بەینیان ئاسمان و رێسمان دەبێ. ئەوسا دەستی دەکەوێتە روو. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو دزییەی رۆژێك لە رۆژان هەر دەردەکەوێ. کەوابێ بەم بارەدا مەسەلەکە ئەوە ناهێنێ، ئەسڵەن کەس سەری خۆی پێوە بیەشێنێ.

بەڵام من بەبارێکی تریدا سەری خۆمی پێوە دەیەشێنم.. من حەز دەکەم بزانم چۆن چۆنی ئەو دزییە دەکا؟. ئاشکرایە دزی پارە و پوول و کەلوپەل لە وەختی دزیکردنکەیدا، دەبێ هەست بە ترس و لەرزێك بکا. چونکە دەزانێ لەوانەیە پێ بزانرێ.

کە پێی زانرا لەوانەیە بیگرن. کە گرتیان تووشی زیندانیکردن و ئازاردان دەبێت. جا ئاخۆ دزەکەی ئەدەب، کە بەرهەمە ئەدەبییەکەی نووسەرێك دێنێ و لە بەردەمی خۆیدا دایدەنێ و، ئینجا کاغەزی سپی دەخاتە ژێردەستی و نووکی قەڵەمی ئامادە دەکا و، دەڕوانێتە بەرهەمەکە و، ڕستە بەڕستە دەیخوێنێتەوە و، بەقەڵەمەکەی دەیگوێزێتەوە سەر کاغەزەکە و، جارجارە لەسەری دەوەستێ و، بیرێکی لێ دەکاتەوە ئەم ڕستەیە بگۆڕێ و ئەو چاپتەر یا ئەو کۆپلە کەمێ بشێوێنێ و ئینجا کە تەواوی کرد بەنووسینەکەدا دەچێتەوە و، دیارە کەمێکی تریشی دەسکاری دەکا و، ئەوسا جوان دەیپێچێتەوە و دەیخاتە زەرفێکەوە و لەسەری دەنووسێ (بۆ بەڕێزان دەستەی نووسەرانی..) .. هتد، ئاخۆ کە هەموو ئەمانە دەکا، هیچ هەست بە ترس و لەرزەکەی لە بابەتی دزەکەی تر ناکا؟.. دەستی بەقەڵەمەکەوە نالەرزێ؟.. دڵی ناکەوێتە ترپەترپ؟.. ویژدانی هیچ ورتە و جووڵەیەکی پێ ناکەوێ؟.. سەر و سەکوتی هیچ گەرم دانایەت و، ئارەق بەلاجانگیدا چۆڕاوگە نابەستێ؟.

من بەشبەحاڵی خۆم حەز دەکەم، زیاتر بەم بارەدا بچمە بنج و بناوانی مەسەلەکەوە. بەرهەمێکی دزراو بڵاو دەبێتەوە یا نابێتەوە، بەلای منەوە هیچ بایەخ و مەترسییەکی نییە. بڵقێکە و تەقینی درەنگ و زوو کەوتووە. بەڵام من دەمەوێ بزانم بۆ وا دەکا و، چۆن دەتوانێ وا بکا؟. دیارە.. بۆیە وا دەکا چونکە دەیەوێ ببێتە نووسەر و ناوی بکەوێتە ناوانەوە و بچێتە ریز. کەچی هەرچەند دەکا بە کۆششی خۆی نایگاتێ و، ئێ پەلەشێتی و، ئیتر شەیتان لە خشتەی دەبا. بۆیە دەتوانێ وا بکا، چونکە حیساب لەلای لەوە دەردەچێ، کە ئەوەی دەیکا دزینی وشەیە.. دزینی ئەدەبە و مەسەلەکە دەبێتە دزییەکی رووت.. دزییەکی ئاسایی لە بابەتی دزینی پارە و پوول و کەلوپەل و، خۆشی دەبێتە دزێك وەك ئەو دزانە.

بێگومان لێرەدا من مەبەستم لە دزیی ئەدەبە، ئەوەیە کە یەکێك بێت بەرهەمێك، یا بەشێ لەو بەرهەمە دەقاودەق وەربگرێ، یا کەمێ دەستکارییی بکا و بیکاتە موڵکی خۆی. ئەگینا لە هەموو دەوروزەمانێکدا هەبوون و هەن، دوو نووسەر یا زیاتر لە باسێکدا چوونیەك بۆی چووبن و، لە ئەنجامدا بەرهەمەکەیان بشوبهێنە یەکتر، کە بەهەرحاڵ قەتیش ئەوە روو نادا کتومت و لە سەدا سەد لە یەکتر بچن. یا دەشێت من ئەمرۆ ڕۆمانێك یان چیرۆکێك بخوێنمەوە و کار بکاتە هەست و نەست و بیر و هۆشم و لە قووڵاییمدا بنج دابکوتێ، چونکە لایەنێ یان چەند لایەنێکی تری ژیانم لەلا روون

دەکاتەوە، کە لەوەبەر لەلام نهێنی بوون، واتە شتی نوێم بۆ ئاشکرا دەکا. ئینجا ئەمە لە مێشکمدا دەمێنێتەوە و، لەگەڵ شتی تری خۆمدا جۆش دەخوا. تا دوای ماوەیەك (کەم یا زۆر) لە بەرهەمێکمدا تێکەڵ لەگەڵ شتەکانی خۆمدا، واتە لەگەڵ تاشین و لێ زیادکردن و پەرەپێدان و لێ گۆڕیندا، لە بەرگێکی تایبەتی و بە ڕەنگ و بۆیەکی جیاوازەوە ڕەنگ دەداتەوە. ئەم دوو حاڵەتە هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ دزیدا نییە و لێی دوورن.

ژ/٣٣٩ –١٩٧٦/١٠/٢٠

## هەزار سەعاتەکەی (جیمس جویس)

لەم ڕۆژانەدا کتێبی (مەوسووعەی جیمس جویس)ی ، دوکتۆر (تەها مەحموود تەها)م بەردەست کەوت و خوێندمەوە، کە لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژە لەسەر هەموو بەرهەمەکانی جویس. دوکتۆر تەها کاتێ باس لە بەشی چواردەمی ڕۆمانی (یۆلیسیس) دەکا کە بەناوی (گایەکانی ڕۆژ)ەوەیە دەڵێ: (جویس هەزار سەعات ئیشی لە نووسینی ئەم بەشەدا کردووە). هەزار سەعات ئیشکردن لە بەشێکی ئەو ڕۆمانەدا، کە هەژدە بەشە و (٧٤٢ ) لاپەڕەیە و (٣٦٠٨٩٩) وشەیە. تکایە باش وردی بکەنەوە.. هەزار سەعات.. واتە (٤٢) ڕۆژ بێوچان بە شەو و بە ڕۆژ هەر خەریکی بێت.. ئەمە چ سەبر و کۆڵنەدانێکە؟!.. چ سووتان و دڵسۆزییەکە بۆ ئەدەب و فیکر؟!.. ئەمە خۆشویستنی وشەیە تا ڕادەی پەرستن.. تا ڕادەی خۆتواندنەوە لە میحرابیدا. بەڵێ خۆتواندنەوە.. چونکە لە کتێبەکەیدا کە سەرگوزشتەی ژیانی دەخوێنێتەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە بە درێژایی ئەو هەزار سەعاتە و هەزارەکانی تری ئەو ساڵانەی، بەردەوام پێیەکی لەسەر مێزی نەشتەرگەری بووە و پێیەکیشی لە پشت مێزی نووسینەوە.. نۆ جار چاوی نەشتەرگەری کراوە. کە لێی هاتووەتە سوێ لە تاو ئازار لەسەر سەر خولاوەتەوە. بەڵام هەر هێندەی ئازار بەرۆکی بەرداوە، خێرا دەستی داوەتەوە قەڵەم. نەك تەنیا ئازاری چاو، بگرە ئازاری نەداری و دەستکورتی توندوتیژتر و بەردەوام یەخەی گرتبوو.. دبلن – پاریس – دبلن – لەندەن – تریست – ڕۆما – تریست – دبلن – پاریس – تریست – زیوریخ.. هتد، وەك مەکۆی جۆڵا بەدوای بژێویدا ئەم شارە و ئەو شاری دەکرد. تەنانەت تا کۆمەڵە چیرۆکی (خەڵکانی دبلن) و ڕۆمانی یەکەمی (وێنەی هونەرمەند لە لاویدا) و شانۆگەری (دوورخراوەکان) و تا

(یۆلیسیس)یشی بڵاو کردەوە و، لە هەموو ئەوروپا و ئەمەریکا ناوبانگی دەرکرد، هێشتا نەداری و دەستکورتی بەرۆکیان هەر بەر نەدابوو.

بەڵێ.. هەزار سەعات ئیشکردن لە تەنیا بەشی چواردەمی (یولیسیس)دا. بەڵام بڕوانن.. بزانن لە کەیەوە باسی ڕۆمانەکە لە مێشکیدا سەری هەڵداوە و، کەی دەستی بەنووسینی کردووە و، لە کەیدا تەواوی کردووە؟!. لە نامەیەکیدا بۆ براکەی بە مێژووی (٣٠ /١٩٠٦/٩) نووسیویە: (چیرۆکێکی نوێم لە مێشکدایە کە باسی میستەر هینتەر ناوێك دەکا. وشەکە مانای (ڕاوکەر)ە. لە (١٩٠٦/١١/١٣)دا بۆی نووسیوە: (بیرم لەوە کردەوە دەست بکەم بە نووسینی یۆلیسیس. بەڵام لە حاڵی حازردا بە شتی ترەوە خەریکم). لە (١٩٠٧/٢/٦)دا بۆی نووسیوە: (یۆلیسیس هێشتا لەلام تەنیا ناوی هەیە و هیچی تر). سەرهەڵدانی فیکرەکەی وەها. بەڵام کەی دەستی بەنووسینی کردووە؟. ساڵی ١٩١٤ دەستی لێداوەتە قەڵەم و یەکەم وشەی لێ نووسیوە. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢١دا، قەڵەمی لەسەر دوا وشەی هەڵگرتووە. واتە هەشت ساڵ بیرلێکردنەوە و، خۆخواردنەوە لەگەڵ فیکرەکەیدا و، حەوت ساڵ بەدەم ئازار و سوێی چاو و، داخ و خەفەتی نەدارییەوە نووسینی!.

نەك تەنیا ئەمە.. جویس بەدرێژاییی ئەو پازدە ساڵە و، بەتایبەتی کە دەستی کردووە بە نووسینی، هەزاران تێبینی و سەرەقەڵەمی بۆ تۆمار کردووە. لە هەموو وەخت و سەعاتێکدا، ئان و سات هەرچی سەرنجی ڕاکێشایە و، بیزانیایە دوور و نزیك و زۆر و کەم بۆ ڕۆمانەکەی کەڵکێکی دەبێت، یەکسەر کاغەز و قەڵەمی لە گیرفان بۆ دەرهێناوە و نووسیویێتی. دەڵێن زۆرجار کە بەرێککەوت کاغەزی پێ نەبووە، لەسەر کراسەکەی نووسیوێتی، تا چووەتە ماڵەوە و خستوویەتییە سەر کاغەز. بەردەوامیش لە ڕاوێژ و پرسیارکردندا بووە لە خەڵکی. زۆرجار لە (تریست)ەوە نامەی بۆ کەسوکار و برادەرانی ناردووە، کە بچنە فلان کڵێسا یان فیسار کۆشکی کۆن یا.. هتد و، بەوردی وەسفی ناوەوە و دەرەوەی بۆ بنووسن. لەبەر ئەمانە شتێکی سەیر نییە، کە زمانناسێك فەرهەنگێکی بە (بیست و نۆ هەزار و هەشت سەد و نەوەد و نۆ) وشە لە یۆلیسیس ساز کردبێت. ئا بەڵێ.. ئەمە سەبر و سووتان و خۆشەویستییەکە بۆ ئەدەب و فیکر.. بۆ وشە.. تا ڕادەی پەرستن و تا ڕادەی خۆتواندنەوە لە بۆتەیاندا.

من بەم بۆنەیەوە دەپرسم: ئاخۆ هەق نییە ئێمەی نووسەرانی کورد، کەمێ مێشکی خۆمان بەم مەسەلەیەوە ماندوو بکەین؟!. هەروەها سووکە بەراوردێکی خۆمان لەم

رووەوە (هەزار سەعاتەکە)، لەگەڵ جیمس جویسدا بکەین، تا بەباری راستەقینەدا لە واقیعی حاڵی خۆمان تێ بگەین و هەر هیچ نەبێت، پەنجە بنێینە سەر هۆیەکی زاتی دواکەوتنمان؟!. با لە جیمس جویسەوە فێر ببین، کە کۆشش و ماندووبوون و سووربوونی زاتی نووسەر، لەسەر ئەوەی کە هەر دەبێت ببێتە نووسەر و، بەرهەمێکی رەسەن و گەشەدار بەدەستەوە بدا، چ رۆڵێکی باڵا و کاریگەر دەبێت.

ژ/٣٤٠-٢٧-١٠-١٩٧٦

## متالاكردنی دەرەوەی قوتابخانە

ئاشکرایە کە لاوانی ئێمە، درەنگ روو لە متالاکردنی کتێبی دەرەوەی دەرسەکانی قوتابخانە دەکەن. بە گشتی لە پلەی ئامادەیی و زانکۆدا دەستی دەدەنێ. ئەگەرچی هەن لە سەرەتای پلەی ناوەندییەوە، یا رەنگە لە کۆتاییی پلەی سەرەتاییشەوە خووی دەدەنێ، کە لەم بابەتە زۆر کەمن. ئینجا ئاخۆ ئەمە بۆ ئەو لاوانەی ئارەزوویان دەچێتە سەر ئەدەب و دەست بەنووسینی دەکەن، لە رووی سایکۆلۆجیای نووسینەوە چ ئەنجامێك دەدا؟!.

جارێ با وای دابنێین ئەم لاوە، بەو شێوەیەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەیە، هەر لە پلەی سەرەتاییییەوە بەمتالاکردنی ئەدەبی منداڵ ئاشنا دەکرێ و، لە پلەی ناوەندیدا هەنگاوێك بەرەو پێشتر دەبرێ، تا لە پلەی ئامادەیی و زانکۆدا وەها پەروەردە دەبێ، کە تەواو هۆگری خوێندنەوە ببێ و، لەلای ببێتە زادێکی رۆژانەی گیان و مێشك. دیارە ئەم لاوە کاتێ لە یەکێ لەو قۆناغانەدا روو لە نووسین دەکا، ئەگەر بەهرەدار و بەسەلیقە بێ، بەماوەیەکی کورتی تاقیکردنەوە و خۆراهێنان، ئەو بەهرەیەی لە کۆڕی ئەدەبدا دەنوێنێ و، دوارۆژی رووناکی خۆی دیاری دەکا.

بەڵام لاوانی ئێمە کە هێشتا بەگشتی ئەمەیان بۆ نەلواوە، وەك وتم درەنگ دەست بەموتالاکردن دەکەن. کە درەنگیش دەستیان پێ کرد، ئەوانەی ئارەزووی ئەدەب و نووسینیان هەیە، کە ئارەزووەکە لە بنەڕەتدا ئەنجامی موتالاکردنەکەیە، درەنگ پێدا رادەگەن بەدیی بهێنن و لە پرێکیشدا لەلایان سەر هەڵدەدا، نەك وەك لاوەکەی تر کە ئارەزووەکە هەر لە منداڵییەوە لەلای پەیدا دەبێت و، شان بەشانی پەرەسەندن و بەرزبوونەوەی زادەی موتالاکردنی، نەشونما دەکا و پێ دەگا. بۆیە لاوەکەی ئێمە لە رووی سایکۆلۆجییەوە، مەسەلەکەی وەها لەلا دەکەوێتەوە کە هەر هێندەی سیحری

خوێندنەوەی سێ چوار کتێب کاری لێ دەکات، کە زۆربەشیان کتێبی رۆمانسییانە دەبن، ئیتر ناخی وەك بورکانێك دەتەقێتەوە و، دەروونی دەهەژێ و، لە ناکاوێکدا ئارەزووی نووسین دایدەگرێ و، هەر زوو دەستی لێ دەداتە قەڵەم و، وەك لە پڕ فوارەیەك لە دڵ و دەروونیدا تەقیبێ، ئاوەها دەست دەکاتە نووسین.

بەڵام چۆن دەنووسێ و چی دەنووسێ؟!. دیارە ئەو کە دەست دەداتە قەڵەم و دەنووسێ، دەیەوێ بورکانەکە یەکسەڵەف هەڵڕێژێتە سەر کاغەز. با ئەوەشمان لەبەرچاو بێ، کە ئەمە بەزۆری لە ماوەی هەرزەکاریدا روو دەدا. ئینجا کە لێ دەبێتەوە و قەڵەم لەسەر پارچە شیعرەکە یا چیرۆکەکە یا وتارەکە هەڵدەگرێ، ئەو بە حیسابی خۆی وای دادەنێ کە ئەگەر هەموو گڕ و کڵپەی بورکانەکەی هەڵنەڕشتبێ، خۆ هێندەی لێ خستووەتە سەر کاغەز بەرهەمێك پێك بێنێ، کە هیچی لەو بەرهەمانەی سەر لاپەڕەی کۆوار و رۆژنامەکان کەم نەبێ. بۆیە هیچ سێ و دووی لێ ناکا و، بەپەلە دەینێرێ بۆ بڵاوکردنەوە و، بەپەرۆشەوە دەکەوێتە چاوەڕوانکردن. بەڵام کە رۆژ و هەفتە و مانگ تێدەپەڕن و هیچ دیار نابێ، یا کە دەبینێ لە سووچێکەوە بەیەك دوو دێڕ وەرامیان داوەتەوە، کە (بەداخەوە بەرهەمەکەی بەکەڵکی بڵاوکردنەوە نایەت)، ئەوسا دڵگیر و خەفەتبار دەبێ و، وا هەست دەکا کە زوڵمێکی گەورەی لێ کراوە. ئینجا هەن تەنیا بەوجارە و هەن دوای دوو سێ جاری وەها، ئیتر ببڕای ببڕ واز لە نووسین دێنن. هەشە کۆڵ نادا تا بەم شەڕەشەقە بەمەرام دەگا، دوایی کە لە کۆڕی ئەدەبدا جێگەی خۆی دەکاتەوە، وەك هیچ رووی نەدابێت لە بیری دەچێتەوە و لەوانەیە دوای چەند ساڵێك رێی بکەوێتە سەر پیشەی رۆژنامەگەری و خۆی خۆش خۆش لە وەرامی ئەو لاوانەدا کە تازە دەست دەدەنە قەڵەم بنووسێ: (بەداخەوە بەرهەمەکەت بەکەڵکی بڵاوکردنەوە نەهات).

ئەوەی باسم کرد واقیعی حاڵە و ئەوانەی ئێستا پێیان دەوترێت (نووسەر)، هەموو کەم و زۆر دەردیان بەدەستییەوە چەشتووە و، کاتێ ئەم نووسینە دەخوێننەوە، بیریان دەکەوێتەوە و لێی حاڵی دەبن. بەڵام چۆن بتوانین ئەمە لەو لاوە بگەیەنین کە بورکانەکە لە دەروونیدا تەقیوەتەوە و دەستی لێ داوەتە قەڵەم و دەیەوێت بیخاتە سەر کاغەز؟!. وا تێ دەگەم قسە بۆ کردنی کاری کەمی تێ دەکا و، زیاتر تاقیکردنەوەی خۆی و رۆژگار ئەمەی بۆ دەسەلمێنن.

ژ/٣٤١-٣/١١/١٩٧٦

## ئەدەب و واقیع .. ئەدەب و ئەفسانە

لە ژمارەیەکی پێشوودا وتم: هیچ بەرهەمێکی زادەی بیر و هۆشی مرۆڤی هونەرمەند و نووسەر، سەر بەهەر رێبازێکی دەربڕین بێت، ناشێت بەڕەهایی ناواقیعی بێت، لەبەرئەوەی کە خوڵقێنەرەکەی ناتوانێ ببڕای ببڕ پێوەندی لەگەڵ واقیعدا ببڕێ. سا وا لێرەدا تەقەلا دەدەم، باسەکە کەمێ زیاتر روون بکەمەوە و دەپرسم: ئاخۆ دەبێت نهێنی لەوەدا چی بێ، کە دوای چوار پێنج هەزار ساڵ مرۆڤی ئەم سەردەمە (مەلحەمەی گەلگامش)، کە گوایە فڕی بەسەر واقیعەوە نییە، وەك شاکارێکی ئەدەبی دەیخوێنێتەوە و کاری تێ دەکا و دەیهەژێنێ؟!. هەروەها ئەفسانەکانی گریك.. یا کەلیلە و دمنە.. یا هەزار و یەك شەوەکەی شەهرەزاد.. یا هەقایەتە فۆلکلۆرییەکانی لەمەڕ خۆمان. کە ئەمانە هەموو ئەگەر حیسابی واقیعیان بۆ بکەین، بەو مەفهوومەی لەبارەی واقیع و واقعییەتەوە باوە، دەبنە مایەی گاڵتەجاڕی!. کەچی لە راستیدا هەموومان لە ئاستیاندا دەهەژێین.. نەك تەنیا لە منداڵیدا، بگرە بەگەورەیی و بەکامڵیش کە دەیانخوێنینەوە یان دەیانبیستین، هەست دەکەین وەك پەنجەیەکی تەلیسماوی لە قووڵاییی مێژووەوە درێژ ببێت، دێت و خۆی دەگەیەنێتە تەلەکانی هەست و نەست و سۆزمان و، بەهێواشی دەیانلەرێنێتەوە و، ئاوازێکی فریشتەییی ناسکیان لێ دەبزوێنێ، کە بە تۆونێلێکی تەنگەبەردا دەڕژێتە بیر و هۆشمانەوە و، بە شێوەیەکی ئەفسانەییی ئەوتۆش دەنگی تێدا دەداتەوە، وەك بیەوێت بمانخاتە بەر ئەرکی شکاندنی تەلیسمێك.. تەلیسمێکی هێجگار کۆنی لە شکاندن نەهاتوو.

دێتەوە یادم تەمەنم حەوت هەشت ساڵان بوو، دراوسێیەکمان هەبوو پینەچی بوو. شەوان یا ئێمە بەمیوانی دەچووین بۆ لای ئەوان، یان ئەوان دەهاتن. دێتەوە یادم هەقایەتێکی بۆ دەکردین بەناوی (گای زەرد)ەوە. هەقایەتەکە شەوانێکی زۆری خایاند و تەنیا هێندەیم لە بیر ماوە، کە کابرایەك گایەکی زەردی لێ پەیدا دەبوو. قۆچێکی لێ دەدا و لەم شار و وڵاتەوە، دەیهاویشت بۆ ئەو شار و وڵات. ئینجا ئەوەی لەو شار و وڵاتەدا بەسەری دەهات، دەبووە باسی بەشی ئەو شەوەی هەقایەتەکەمان. شەوی دواییش قۆچێکی تر و شار و وڵاتێکی تر و بەسەرهاتێکی تر. ئێستا وا (٣٢ –٣٣) ساڵ تێ پەڕیوە و من ئەوەم هەر لە یادە.. گایەك و قۆچێك لە زەلامێك بدا و ئەم شارە و ئەو

شار تووڕی هەڵبدا.. ئەمە لەگەڵ واقیعدا چەندی بەچەند؟!. سەیر ئەوەیە چیرۆکنووس مەعرووف بەرزنجی چیرۆکێکی هەیە بەناوی (گای پیرۆز)ەوە و، من لەو لێکۆڵینەوەیەمدا کە لەبارەی چیرۆکی کوردییەوە نووسیومە، لە دوا نووسینەوەیدا پێم زانی، کە هەر جارێك ناوی چیرۆکەکەی ئەوم بردبێت، لە باتیی (گای پیرۆز) نووسیومە (گای زەرد) و ئەوسا ڕاستم کردەوە.

بەڵێ.. ئاخۆ نهێنی لەمەدا چی بێ؟!. تۆ بڵێیت لەوەدا بێ کە بڵێین: ئادەمیزاد لە بنەڕەتەوە چەندە واقیعییە، هێندەش ناواقیعییە و ئەمەی لێ بووەتە حوکمێکی ئەزەلی؟!. یان تۆ بڵێیت ئەم ناواقیعییەی کە هێشتا ئاوەها کار دەکاتە واقیعییەتی مرۆڤی ئەم سەردەمە، ئەنجامی ئەوە بێت کە فیکری میتافیزیکی بەدرێژایی هەزارەها ساڵ، بەسەریدا زاڵ و سەروەر بووە و بەندی ناواقیعییەتی ئەفسانەیی دەکات؟!. هەرگیز نا.. مرۆڤایەتی لە بەرهەمهێناندا قەت ناواقیعی نەبووە. بەڵکو تەنیا شێوەی بەرهەمهێنانەکەی جۆراوجۆر بووە و تا ئێستاش هەر وەهایە. من وای تێ دەگەم کە ناواقیعییەتی سوریالییەکان یا داداییەکان یا ڕۆمانسییەکان.. هتد، هیچی زیاتر نییە لە ناواقیعییەتی مەلحەمەکەی گەلگامش و، ئەفسانەکانی گریك و، کەلیلە و دمنە و، هەزار و یەك شەوەکەی شەهرەزاد و، گای زەردەکەی پینەچییەکەی دراوسێمان.

کەوابێ ئەگەر ئێستا بڵێین مرۆڤایەتی ڕوو لەوە دەکا، لە ڕژێمی چینایەتی و یاسای چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە ڕزگاری ببێ و، کۆمەڵگەیەکی جیهانیی دوور لە شەڕوشۆڕ و مەینەتی و ئازاردان بێ و یەکسانی و برایەتی و خۆشەویستی تیایدا باو بێ و خەڵکی بەخۆشی و شادی ژیان بەسەربەرن، ئاخۆ لە کۆڕی ئەدەب و هونەردا دەبێ چاوەڕوانی چی بکەین؟!. ئاخۆ یەکێ لەو ڕێبازە جۆربەجۆرانەی واقیعییەت، کە دەشێ لە ئێستادا یەکێکیان لەوانی تر کارامەتر و عادیلانەتر مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکا، زاڵ دەبێ و ئەوانی تر لە کار بکەون و بپووکێنەوە؟!. ڕەنگە.. بەڵام لەم حاڵەتەدا بە (مەنتق) وەهایە، کە بڵێین ئەوساش گەلێ ڕێبازی جۆراوجۆری شێوەی دەربڕین، لەو واقیعیەتە سەرەکییە زاڵبووە دەبێتەوە، کە دەشێت ئەو زۆرانبازی و بەیەکدادانەی ئێستا هەیە ئەوسا لە نێوانیاندا نەبێ.

ژ/٣٤٣-١٩٧٦/١١/١٧

## ئەمجاریش ماتماتیك

نووسەر (علی الشوك) لە کتێبەکەیدا (الاطروحة الفنتازیة) نووسیویە: (ڕەنگە ئەوە قسەیەکی ڕاست نەبێ ئەگەر بووترێ.. هەموو شتێك لە سروشت و وجوودا، پێوەندیی بەماتماتیکەوە هەیە. بەڵام مرۆڤ دەتوانێ گەلێ یاسای ماتماتیك، لە گەلێ دیاردەی سروشتیدا بدۆزێتەوە. (ل/٤٤). هەروەها لە زمانی گالیلۆوە دەڵێ: ( سروشت بەزمانی ماتماتیك نەخشەی کێشراوە). ئینجا لە زمانی کۆنفۆشیۆسەوە دەڵێ: (ژمارە وردەکانی ١، ٢، ٣، ٤ سەرچاوەی کەماڵ و جوانین لە هەموو شتێکدا). لە شوێنێکی تردا ئیشارەت بەو یاسایەی (جۆرج بیرکهۆف) دەدا، کە سەبارەت بە ئەستاتیك بە (جبر) داینـاوە و، گوایە بەپێوانەیەکی وردی (ر – ڕێکوپێکی) و (ئا – ئاڵۆزی) و (ج – جوانی) یەکسان دەبێ بە ر/ئا.

دانەری (ئەتروحەی فەنتازی) بەدرێژایی لاپەڕەکانی کتێبەکەی، لەبەر ڕۆشناییی بیر و ڕاکانی چەندان فەیلەسووف و زانا و هونەرمەند و نووسەردا، لە کۆنفۆشیۆسەوە تا سلفادۆر دالیی ئەم ڕۆژگارە، لە پێوەندیی نێوان هونەر و ئەدەب و ماتماتیك دەدوێ. بەڵام کام بابەتی ماتماتیك؟!. (ژمارە) یا (جەبر) یا (ئەندازە)؟. ئینجا لە هەریەکەیان کام لایەن و کام بەشی؟. بۆ نموونە ئەوەتا کۆنفۆشیۆس وتوویەتی، ژمارە و تەنیا ئەو چوار ژمارە وردەش. بەڵام هەن وتوویانە نەخێر ژمارە (٧)، چونکە ڕۆژانی هەفتە حەوتن، ڕەنگەکان حەوتن، نۆتە سەرەکییەکانی مۆسیقا حەوتن، عاجباتییەکانی دنیا حەوتن.. هتد. یا (أحمد بن عبدالوهاب) وتوویەتی: ئەندازە و لە ئەندازەشدا تەنیا بازنە (دائرة)، چونکە گەردوون و هەرچی سەرزەوین و هەرچی لەسەرە، بە گیاندار و بێگیانەوە، هەموو لە شێوەی بازنەدان، شتی دەستکردی لێ دەردەچێ، کە ئەویش هەر دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵ. هونەرمەند و پزیشك (قتیبة شیخ نوري) هەر لەم باری سەرنجەوە، لە دەلیلی پێشانگەیەکیدا کە بۆ بازنەی تەرخان کردبوو نووسیویە: (ئێمە لە ناوجەرگەی سیمفۆنیایەکی بازنە و کەوانەی جەنجاڵی یەك بەدوایەکی یەکترڕاکێشەری تێکەڵدا دەژین). یان هەن دژی بازنەن و هێڵی ڕاست بە بنچینە دادەنێن. ئەوەتا (جاحز) وەختی خۆی گاڵتەی بەڕایەکی ئەحمەد بن عەبدولوەهاب هاتووە و وتوویە: (هێشتا دەتبینم کە پانی پێش درێژی دەخەیت و، وا ئیدیعا دەکەیت

کە زەمین لەبەر ئەوە بە پانی وەسف کراوە نەك بەدرێژی، چونکە پانی فەزڵی بەسەر درێژیدا هەیە، هەر لەم ڕووەوە (مستقبلی)یەکان و (تکعیبی)یەکان لەسەر ئەوە هەرایان بوو، کە ئەوان دەیانوت هێڵی کەوانەیی بنچینەیە و، ئەمان دەیانوت نەخێر هێڵی ڕاست. هەروەها (حلاج) وتوویە: خاڵ (نقتە) ئەسڵی هەموو هێڵێکە و، هێڵ بریتییە لە کۆمەڵە خاڵێك. هەموو هێڵێك ڕاست یا خوار، لە خاڵێکەوە دەست بەبزووتن دەکا. هەرچی چاو دەیبینێ، خاڵێکە لە نێوان دوو خاڵدا).

لێرەدا دەبێ بێتەوە یادتان کە جارێکیان لەم گۆشەیەدا، ئیشارەتم بەپێوەندیی شیعر بەماتماتیکەوە دا. کەچی وا ئێستا لەم کتێبەدا دەخوێنمەوە، کە (ئەحمەدی خەلیلی فەراهیدی) بەپشتی ماتماتیك، بووە بەو (فەراهیدی)یە و دەرکەوتووە، کە ژمارە (سفر)ی بۆ پیتی بێدەنگ و (١)ی بۆ پیتی بزوێن داناوە و، بەوە کێشەکانی ورد کردووەتەوە و، دەستنیشانی کردوون. هەروەها دەخوێنمەوە کە وەختێ بەبازاڕی مزگەرەکاندا تێ پەڕیوە، (تك تك تتك تك، تك تتك)ی مزگەرەکان سەرنجی ڕاکێشاوە و، بۆ کارەکەی خۆی مێشکی لێ خستووەتە کار. یا (بدر شاکر سیاب) لە پەراوێزی شیعرەکەیدا (جیکۆر دایکمە) نووسیویە: ئەگەر ٣ (فاعلاتن مستفعلن فاعلاتن) یەکسان بێ بە (٣ فاعیلاتن، ٣ مستفعلن، ٣ فاعلاتن)، ئەوا ئەو گریمانە مۆسیقییەی شیعرەکەمی لەسەر دارێژراوە، ڕاست دەردەچێ. ئینجا (علی الشوك) خۆی کردوویە بەم یاسا ماتماتیکییە:

س(أ+ب+ح) یەکسانە بە (س أ+س ب+س ح...).

وەکی تر دانەری کتێبەکە لە شوێنێکی تردا لە زمانی (ئۆیۆ)وە دەڵێ: حاڵەتی شت لەباری شاقووڵی، سەختتر و توندوتیژترە وەك لەباری ئاسۆیی. یەکەم لەبەرئەوەی سەیرکردنی سەر تا خواری هێڵی شاقوولی، زیاتر چاو ماندوو دەکا. دووەم لەبەرئەوەی شاقووڵی باری زیندووی شت دەنوێنێ، لە کاتێکدا ئاسۆیی باری نووستن و مردنێتی) تا دەڵێ: (قووڵایی باری هەرە کاریگەرە، چونکە پێوەندیی بە فیکرەی بەربوونەوەوە هەیە). ئینجا خۆی دەڵێ: (مۆسیقازانەکانیش هەر بەم زمانە قسە دەکەن. بۆ نموونە دەڵێن گوایە مۆسیقای نەغمە مۆسیقایەکی ئاسۆیییە، (چونکە دەنگەکانی بەدوای یەکدا درێژ دەبنەوە). لە کاتێکدا مۆسیقای هارمۆنی شاقووڵییە. (چونکە دەنگەکانی بە شاقووڵی ڕیز دەکرێن). تەنانەت بۆ ئەدەبیش وەك ڕۆلان بارت وتوویە: گوایە قسە بنیاتێکی ئاسۆییی هەیە. بەڵام شێواز (اسلوب) قووڵاییەکی

شاقوولّیی هەیە، کە بە بیرەوەریی مرۆڤدا دەچێتە خوارەوە.

دواجار (ابن خلدون) نووسیویە: (پیرەکانمان رەحمەتی خوایان لێ بێ وتوویانە، کە زانستی ئەندازە بۆ فیکر، وەك سابوون وایە بۆ ئەو کراسەی چڵکەکەی لێ دەشۆرێ و، پاك و پوخت دەکرێتەوە). جا بێگومان ئەدەب و هونەریش هەر ئەمەیە ئامانجیان. بۆیە دەگونجێ ماتماتیك و ئەدەب و هونەر، رەگ و ریشەیان پێکەوە بەند بێ و دوو رووی یەك راستی بن.

ژ/٣٤٤-١٩٧٦/١١/٢٤

## کوردیی پەتی

لەو وەختەوە بۆ یەکەم جار دەستەواژەی (کوردیی پەتی) وترا و نووسرا، چەندان جار هێنراوەتەوە کایەوە و، لەسەری بووەتە دەمەتەقێ و مشتومڕ. هەر کەسێکیش هاتووەتە بەرمەیدانی ئەم باسە، بەنیازی خزمەتکردن ویستوویەتی بڵێ: با هەوڵ بدەین بەکوردییەکی پەتی بنووسین. چاکە.. بەڵام کامەیە کوردیی پەتی؟.

باسەکە لە پەنجا ساڵی رابردوودا، بە گەلێ قۆناغدا تێ پەڕیوە و، زۆر بیروڕای جۆراوجۆری لەسەر وتراوە. بەڵام لە ئەنجامدا، بەتایبەتی لەم دە پازدە ساڵی دواییەدا، لە دوو بیروڕای سەرەکیدا خەست بوونەتەوە. یەکەمیان دەڵێ: نابێ بەهیچ کلۆجێ، تەنانەت وشەی (بێگانە رەگ)یش لە زمانی کوردیدا بهێڵرێ. دووەمیان دەڵێ: نەخێر. زۆر وشە هەن کە بێگانە رەگن و، بوونەتە موڵکی زمانی کوردی و، دەبێت بە کوردیی پەتی بدرێنە قەڵەم و بەکار بهێنرێن. جا بێگومان دەستەی یەکەم، دووەم بە کەمتەرخەم دادەنێن و دووەمیش، یەکەم بە ساوێلکە دەزانن.

من بەشبەحاڵی خۆم کە ئێستا لەم باسە دەدوێم و بەخۆمدا دەچمەوە، دەزانم چۆن ساڵانی زوو لە نووسیندا یەخەمی دەگرت و، بەدەستییەوە دۆش دادەمام. بۆ نموونە لە کاتی نووسینی چیرۆکێکدا، پێویستم بەوە دەبوو بڵێم: (بەتەبیعەتی حاڵ.. فلان شت وەهایە). چیم بەسەر دەهات؟. لە دڵی خۆمدا وردم دەکردەوە و دەموت: (تەبیعەت) لە (تەبیعە)ی عەرەبییەوەیە. هەروەها (حاڵ)یش لە (حال)ەوە هاتووە. کەوابێ هیچیان کوردیی پەتی نین. ئەی ئاخۆ دەبێت کوردییەکەیان چی بێت؟. ئا.. دەموت: (سروشت) مانای (تبیعە)یە و (بار) مانای (حال)ە؟. کەوابێ دەبێ بڵێم: (بەسروشتی بار). ئینجا

دەموت: بەڵام ئاخر (بەسروشتی بار)یش نەك تەنیا کوردیی پەتی نییە، بگرە هەر کوردی نییە. ئەی چار؟. سەرم لێ دەرنەدەکرد و لە ئەنجامدا، لە کوردەکەی هەردوو چەژن دەبووم. لەوێوە فیکرەی چیرۆکەکەم لێ دەقرتا و دەشێوا. لێرەشەوە ناچار خۆم لە رستەکە لادەدا.. خۆم لێ دەدزییەوە و یەکێکی ترم دەخستە جێگەی، کە دیارە پڕ بەپێستی دەرنەدەچوو.

سالآنی زوو وەها بووم.. بێدەنگ سزام پێوە دەچەشت. بەڵام لەم سالآنی دواییەدا هەستم کرد، وردە وردە لەو پەتایە رزگارم دەبێ و لە مەسەلەی نووسینی کوردیی پەتیدا، لەسەر باری گونجاو و راستەقینەی لەنگەر دەگرم و، تا رادەیەکی باش (نالێم تەواو) لەو باری سەرنجە ساوێلکانەیە رزگارم دەبێ. با تەنیا لەو وشانەی رەگیان عەرەبییە، چەند نموونەیەك بهێنمەوە کە جەماوەری کورد رۆژانە هەزاران جار دەیڵێنەوە.. دەڵێن: (فەزیعەتی پێ کرد – فەزیحەتێك رووی دا – لێی قبووڵ ناکا – زەرەری هەیە – برام واقیعی بە – کاکە ئەوەندە عەزابی رۆحم مەدە – قسەکە نامەعقوولە – سەعات چوارە – ئەوەڵ جار – مەسەلا تۆ – مانای نییە – بەتەبیعەتی حاڵ – عاجز مەبە – ئەرز خڕە – عێزەتی نەفسی هەیە – هەقی بەسەرتەوەیە – خەتی خۆشە – خنکا – رەسمی گرت – مەسەلەکە ئاشکرایە.. هتد). جا تکایە سەرنج بدەنە رەگەکانیان: فزیعة.. فزیحة – قبول – زەرەر – واقعی – عزاب – لا معقول – ساعة – أول – مسلاً – معنی – بطبیعة الحال – عجز – أرز – عزة النفس – حق – خص – خنق – مسالة، هەموو لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون.. وا نییە؟. باشە ئەوانەی کە وەك وتم لە سالآنی ساڵەوە بەسەر زمانی خەڵکی کوردەوەن و، رۆژانە هەزاران جار دەوترێنەوە، لە چاو رستەی لە بابەتی (بە سروشتی بار)دا، کامیان پەتیترن؟.. کامیان رەوانترن؟. بێ شك (دەڵێم بێشك دەشتوانم بڵێم بێگومان)، ئەوانەی رەگەکانیان عەرەبییە و کورد بەدرێژاییی سالآنی ساڵ بەکاری هێناون و، وەهاشی لە بڕبەند داون کە قاڵبی زمانەکەی خۆی پێ گرتوون و بەوە کردوونی بەموڵك.. موڵکێکی ساغڵەمیش نەك چرووك.

ئاشکرایە زۆربەی ئەو نموونانە، کوردییە هاومانا رەسەکانیشیان هەن، وەك: ئابڕووچوون – جنێوپێدان – زیان – ئازار و گیان – یەکەم – زیز – زەمین – ماف – وێنە.. هتد. بەڵام ئێمە بە بەکارهێنانی هەردووکیان، قازانج دەکەین نەك زەرەر. لە کاتێکدا هەندەکەی تریان حیسابیان وەك (بە سروشتی بار) دەکەوێتەوە، وەك ئەوەی

بلێین برام ڕووداوی بە – سەربەرزیی دەروونیی هەیە – هێڵی خۆشە..

من دەمەوێ بڵێم: با سڵ لە (ڕەگە بێگانە)ی ئەم وشە و ئەو وشە نەکەینەوە. ئەمە لە هەموو زمانێکدا هەیە. با ئەو ترسە لە دڵی خۆمان دەربکەین و، ئینجا بنووسین و ئیتر ئەوەی دەینووسین، تەواو کوردیی پەتی دەردەچێ.

ژ/٣٤٥– ١٩٧٦/١٢/١

## خۆبەزلزانین

خۆبەزلزانین لە ئەدەبدا، سیفەتێکی خراپ و ناڕەسەنە و، هەندێ نووسەر تووشی دەبن. ئەو هەندە نووسەرەش دوو دەستەن: دەستەیەکیان بە هەقیانەت نووسەرن و، لە کۆڕی ئەدەبدا داهێنەرن و، بەرهەمی چاك و ڕەنگە شاکاریش بەدەستەوە بدەن. بەڵام کە تووشی ئەو دەردە دەبن، بەسەرێك وایان لە مێشك دەچەسپێ، کە قەت ناشێ نووسەرێك لە خۆیان بەهرەدارتر و بەتواناتر و گەورەتر هەبێ و، بەوە دەردەکە وەهایان دەشکێنێتەوە، کە لە داهێنان دەکەون و دەپووکێنەوە. چونکە لە ناخی خۆیاندا بەزیادی دەزانن، کە کەسێك هەبێ شان لە شانیان بدا و، ئیتر بۆ خۆشیان چیی تر پێویست بە خۆماندووکردن ناکا، وەك مەسەلە بۆڕبۆڕێنێك بووبێ و ئەمان بردبێتیانەوە و بڕابێتەوە. بەم بارەدا ئەنجام وای لێ دێ، کە قەڵەمی ئەو جۆرە نووسەرانە وشك دەکات و ئەستێرەی دەکوژێتەوە، بێ ئەوەی خۆیان قەت دانی پێدا بنێن. بەسەرێکی تر بەچاوی نزمی بێ بایەخییەوە دەڕواننە نووسەرانی تر و، بە لەخۆباییبوون و بەفیزەوە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەکانیاندا دەکەن. هەر بەرهەمێکی ئەمانەیان بکەوێتە بەرچاو، لەچی لێ هەڵدەقورتێنن و گاڵتەی پێ دەکەن و بەزەرەبین، بەدوای هەڵە و کەموکووڕییەکانیاندا دەگەڕێن، تا تانووتیان لێ بدەن و بگرە ڕووە گەشەکانیشیان بە پلار و تەوس ونجڕ دەکەن و، بەهرە و توانا ئەدەبییەکەی خۆیانی وەها لێ دەخەنە کار، کە بەئاسانی سپی و ڕەشی تێدا بەیەکتر بگۆڕنەوە. خۆ لە ئاستی بەرهەمی نووسەرە لاوەکاندا، ئەوە هەر مەپرسە.. چەندە سەرکەوتووش بێ و تیشکی بەهرە و توانای بەئاشکرا پێوە دیاربێ، لەلای ئەوان هەر کاڵ و کرچە و بەئاستەم تروسکاییی تێدا نییە و، خەتی ڕاست و چەپی بۆ بەسەردا دێنن. ئەم جۆرە مامەڵەیەش لەگەڵ نووسەرانی تردا، لە ڕووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە تووشی گۆشەگیری و دوورەپەرێزییان دەکا لە ژیانیاندا و، وردە وردە ئەنجامی ئەمیشیان وەها بەسەریاندا

دەشکێتەوە، کە دەبنە نووسەرێکی رووتەوەبوو لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، هەڵدەنیشنە سەر بەرزەخێك و چوارمشقی لەسەر سەرکەوتن و ناوبانگی پێشوویان کڕ دەکەون.

دەستەکەی تری ئەو هەندە نووسەرە، هەر لە بنەڕەتەوە نووسەری راستەقینە نین و، لە بەهرە و تواناڕدا پەتیارە و لە داهێناندا پیادەن. بەڵام یەکی کتێبێ یان دووان یان رەنگە دەشیان بەچاپ گەیاندبێ، کە لە راستیدا بۆش و پووتن و کەچی وایان لە مێشك چەسپیوە، کە پڕن لە دوڕ و گەوهەری فیکر و فەلسەفە و، بەخشیون بەو خەڵکە. ئەم دەستە نووسەرە خۆبەزلزانە، هەر تەواو کلۆڵ و گوناهن و بە تایبەتی کاتێ لە ژیاندا، لەگەڵ دەستەی یەکەمدا تووشیان بە تووشی یەکەوە دەبێ و بەیەکدا دەدەن، موستەهەقی بەزەیی دەبن، چونکە وەك نەخۆشێکی دەستەوستانی بەر مشتەکۆڵەی نەخۆشێکی بەهێز دێنە بەرچاو.

بەلای منەوە نووسەری گەورە لە کۆڕی ئەدەبدا، تەنیا لە چاو نووسەرانی نەتەوەکەی یا وڵاتەکەی یا با بڵێین هەموو نووسەرانی سەروزەمیندا گەورەیە، دەنا لە چاو ژیانە قووڵ و بەرینەکەدا.. لە چاو واقیعی جەنجاڵی رۆژانەدا.. لە چاو نهێنییەکانی بوون و نەبووندا، قەت ناشێ هیچ نووسەرێك بتوانێت بەپۆپەی گەورەیی بگا. یا هەر ناشێت پێی بوترێت گەورە. بابڵێین من لە ئێستەوە تا دە ساڵی تر، دەتوانم دە شاکاری ئەدەبی بهێنمە بەرهەم. ئینجا دەشێت من دوای شاکاری دەیەم پێم بوترێ نووسەرێکی گەورە.. چاکە.. بەڵام دوای ئەوە دەبێ چەند شاکارێکی تریش بنووسم، تا گەورەییم شان لە شانی گەورەیی نهێنییەکانی ژیان و بوون و نەبوون و گەردوون بدات؟!. ئاشکرایە ئەگەر ژمارەی بۆ دابنرێ هێندە زۆر دەبێ، کە هەرگیز لە وزەمدا نابێ جێبەجێی بکەم.

مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە خۆبەزلزانین لە ئەدەبدا، سیفەتێکی بلّح و پەتایەکی بێ رەزایە و، تووشی هەندێ نووسەر دەبێ. چاك و ئاسایی ئەوەیە، کە نووسەر بێ فیز و هەوا بێ و قەت بەوە نەخەڵەتێت، کە بووەتە نووسەرێکی گەورە.. کە گوایە چەندان شاکارێکی هێناوەتە بەرهەم و، ئیتر ئەوە لووتکەی گەورەیییە. چونکە نەك چەندین بگرە ئەگەر بێ شوماریش شاکار بەرهەم بێنێ، هێشتا هەر دەیمێنێ و هەرچەندی تریش بەرهەم بێنێت، هەر نایگاتێ. ئەمە راستییەکی بچووك و سادەیە و کەچی خۆ بەزلزانەکان لێی بێ ئاگان.

ژ/٣٤٦-١٥/١٢/١٩٧٦

## ڕۆمان و شارستانییەت

ئاشکرایە ئێمە لە کۆڕی ئەدەبدا، لە شیعردا باشین لە چیرۆکی کورتیشدا تا ڕادەیەك شتێکمان بە شتێك کردووە. بۆ نموونە: من لەو بیبلۆگرافیایەدا کە بۆ چیرۆکم ڕێك خستووە، پتر لە هەزار و سەد چیرۆکم تۆمار کردوون، کە لە نیو سەدەی پێشوودا (١٩٢٥–١٩٧٥) نووسراون. جا ئەگەرچی زۆربەیان لاواز و کاڵ و کرچن و هەر بەناو چیرۆکن، بەڵام هەر چۆنێك بێت تەقەلان و دراون و، لە ئەنجامی هەردوو جۆرەکەدا، ئەم تەقەلا سەرنەکەوتووانە و ئەوانی تری سەرکەوتوو، چیرۆکی کورتمان گەیشتووەتە ئەوەی ئێستا بڵێین: شتێکمان تێدا بەشتێك کردووە. کەچی لە ڕۆماندا هەر تەواو کزین و ئەو هەوڵانەی دراون، بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن و ئەوانیش زۆربەیان لە بابەتی چیرۆکە کورتە سەرنەکەوتووەکانن. ئەمە جگە لەوەی زۆربەی ئەو بەرهەمانەی نووسەرەکانیان بەڕۆمانیان داونەتە قەڵەم، لە ڕاستیدا چیرۆکی درێژن نەك ڕۆمان، چونکە باسەکەیان باسی چیرۆکێکی کورتە و درێژ کراوەتەوە، یا هی ڕۆمانێکە و پەستێوتراوە یا قرتێنراوە. جا ئاخۆ بۆچی لە ڕۆماندا وەها کزین؟.

هەندێ ڕەخنەگر دەڵێن گوایە، سەرچاوەی سەرەکیی شیعر هەست و نەست و سۆزە و، ئینجا بیر و هۆشی تێکەڵ دەبێ. لە کاتێکدا پەخشان (کە ڕۆمان بابەتێکێتی) بەپێچەوانەوەیە. پۆل ڤالیری و، تی. ئێس. ئەلیوت لەسەر ئەو باوەڕە بوون، کە (شیعر جەوهەرێکی ئەستاتیکیی پاك و پوختی دەگمەنە و، هیچ پێوەندییەکی بەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە نییە، کە پەخشان زیاتر بۆی دەگونجی – قەڵای ئەکسل – ئەدمۆند ولسون – ل/١٠٠). هەروەها هەن دەڵێن کە چیرۆك و ڕۆمان لەم دوو سێ سەدەیەی دواییدا، شان بەشانی شارستانێتیی نوێ سەری هەڵدا و پێ گەیشت و گەشەی سەند. لەبەر ئەوە هونەرێکە کە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەندە بەڕادەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیەوە لە ڕووی شارستانێتیی هاوچەرخەوە.

بێگومان ئەگەر سەرنجێ بدەینە کۆمەڵگەی کوردەواریی لای خۆمان، دەبینین لە ئەم باوەڕە پتر لەگەڵ وەزعی ئێمەدا دەگونجێ. ئەوەبوو کە وتم لە پەنجاساڵی پێشوودا، لە چیرۆکی کورتدا شتێکمان بە شتێك کردووە و، دیارە لەو ماوەیەشدا پلە لە دوای پلە چەندە لە ڕووی شارستانێتییەوە پێشکەوتبین، هێندەش لەو هونەرەدا پێشکەوتووین.

بەڵام بۆچی وەهامان بۆ نەلوا، کە وەك چۆن لە چیرۆکی کورتدا (بێ گوێدانە چاکی و خراپی)، هەزار و سەد چیرۆکمان بۆ بەرهەم هاتووە، لە ڕۆمانیشدا هەر هیچ نەبێ دووسەد یا تۆ بڵێ سەدمان بۆ بەرهەم بهاتایە؟!.

بەلای منەوە هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندیی نێوان جۆری هونەرەکە و، رادەی پێشکەوتنی شارستانێتیمان. ئاشکرایە ڕۆمان نووسین گەلێ زەحمەت و سەختترە وەك لە چیرۆکی کورت. لە ڕۆماندا سەربارى بەهرە و تاقیکردنەوە و شارەزایی و وەستایی لە نووسیندا، وەختێکی زۆری وەهاشی پێ دەوێ، کە لەلای هەندێ لە چیرۆکنووسە بەناوبانگەکانی جیهان، بەجۆرێك بووە کە پازدە بیست ساڵ بە ڕۆمانێکەوە خەریك بوون و، ئەمەش سەبر و تاقەتێکی زۆری دەوێ و، دەبێ ڕۆماننووس سیفەتی کۆڵنەدان و بەردەوامبوونی تێدا هەبێ. هەروەکو دەبێت زەینی هێندە تیژ و بەرفراوان بێ و، هێندە توانا و دەسەڵاتی هونەریی بەسەر ورد و درشت و هەموو کون و قوژبنێکی کارەساتەکانی ڕۆمانەکەیدا زاڵ بێ، کە بەدرێژاییی ئەو ماوە زۆرەی پێوەی خەریك دەبێ، لێیان غافڵ نەبێ و تینی خوڵقاندن و داهێنان لە ئاستیاندا کز نەبێ و نەکوژێتەوە. دەمەوێ بڵێم: ڕۆماننووس ئەو ساتەی دەست دەداتە نووسینی ڕۆمانێك، دەبێت گەیشتبێتە لووتکەی بەهرەداری و تاقیکردنەوە و وەستایی لە نووسینی چیرۆکی کورتدا (کە مەرج نییە تەنانەت یەك چیرۆکی کورتیشی نووسیبێ)، تا ببێتە ڕۆماننووسێکی سەرکەوتوو. هەر بۆیەشە زۆر لە نووسەرانی کورتە چیرۆك کە دەگەنە ئەو لووتکەیە، دەست دەدەنە ڕۆمان نووسین.

بەڵام لەلای ئێمە کە رادەی پێشکەوتنی شارستانێتی و ڕۆشنبیریمان، تەنیا هێندەی بۆ رەخساندووین لە نووسینی چیرۆکی کورتدا شتێك بەشتێ بکەین و بەگشتی نەمانگەیاندووەتە لووتکە، دیارە کە لە ڕۆماندا دەستمان تەنیا ئەوەندە دەڕوا کە رۆیشتووە و ئیتر دەست بەدەست دادان هیچ سوودێکی نییە.

بەهەرحاڵ ئەمە نابێ وەها بگەیەنێ، کە گوایە کۆشش و و هەوڵ و تەقەلا کەڵکی نییە و دەبێت چاوەڕێ بین، تا باری شارستانێتی و ڕۆشنبیریی گونجاوی بۆ هەڵدەکەوێ!.. هەرگیز نا.. چونکە راستییەکەی ئەوەیە، کە هەردووك (مەرجی خۆیی و بابەتی) شان بەشانی یەکتر پێ بگەن و گەشە بسێنن و وابکەن، لە نووسینی ڕۆمانیشدا شتێ بەشتێ بکەین.

ژ/٣٤٧ – ١٩٧٦/١٢/٢٢

## لەبارەی داهێنانەوە

هەموو کار و پیشەیەك ئەگەر مرۆڤ بە سۆز و عەشقەوە خەریکی بوو، خوڵقاندن و داهێنانی تێ دەکەوێ. هەموو کار و پیشەیەکیش ئەگەر مرۆڤ هەروا رۆتینی و میکانیکییانە جێبەجێی کرد، ئەوا مەیسەر دەبێ، بەڵام بەخوڵقاندن و داهێنان. بۆ نموونە دوو دارتاش، هەریەکەیان کتێبخانەیەك بەیەك بابەتی چوونیەکی کەرەسە و ئامێری دارتاشی دروست دەکات. یەکەمیان عاشقی پیشەکەیەتی و نەك تەنیا هەرچی وەستایی و شارەزاییەکی هەیە بۆی بەکار دێنێ، بگرە بە عەشقیشەوە مێشکی لێ دەخاتە کار و بیری لێ دەکاتەوە. کون و قوژبنی بەهرە و توانای خۆی بۆ دەپشکنێ و لە ناخەوە حەز دەکا کتێبخانەیەك دروست بکا، کە جوانتر و تۆکمەتر بێ لە هەر یەکێکی تری لەوەبەری خۆی و بگرە لە هەر یەکێکی تری هەموو دارتاشەکانی تر. بەرهەمی ئەم دارتاشە عاشقە، گومانی تێدا نییە کە خوڵقاندن و داهێنانی تێ دەکەوێ. بەڵام دووەم کە رۆتینی و میکانیکییانە دەستی دەداتێ و تەنیا ئەو وەستایی و شارەزاییەی هەیەتی بێ زیاد و کەم بۆی بەکار دێنێ، ئاشکرایە بەرهەمەکەی وێنەیەکی کتومتی ئەوانەی لەوەبەری دەبێ، کە رەنگە لە ساڵەهاوە دەقی لەسەر گرتبێ و، تۆزقاڵێ گۆڕینی بەسەردا نەهێنابێ. یا ئەگەر بەسەریشیدا هێنابێ، هی خۆی نەبووە و لە کەسانی وەك یەکەمییەوە وەرگرتووە و، ئەم لاساییی کردوونەتەوە.

مەسەلە لە ئەدەبیشدا وەهایە. ئەو نووسەرەی عاشقی ئەدەب دەبێ و، بەعەشقەوە خۆی پێوە خەریك دەکا (بێگومان وەك سنعات نەك ئایدۆلۆجیا و رێباز و ئامانج)، ئەو نووسەرە لە کۆڕی ئەدەبدا دەخوڵقێنێ و دادەهێنێ. ئەوەشی لەلای دەبێتە تەنیا کارێکی رۆتینی و میکانیکی، ئەدەب دێنێتە بەرهەم و بەڵام ناخوڵقێنی و داناهێنێ. بۆ نموونە: دوو شاعیری پێشکەوتنخواز، هەریەکەیان بەشیعرێك رەگەزپەرستی تاوانبار دەکا. فیکرەکە ئاشکرایە. رەگەزپەرستی لەم چەرخەدا تاوان و دڕندەیەتییە و بەرامبەر بەمرۆڤ دەکرێ. یەکەمیان بەعەشقەوە سنعاتەکەی لێ دەخاتە کار. لەگەڵیدا خۆی دەخواتەوە. کە بە قووڵاییی فیکرەکەدا دەچێتە خوارەوە، سنعاتەکە لەگەڵ خۆیدا دەبا و جێی ناهێڵێ. کە پەنجەش دەنێتە سەر رەگ و ریشەکانی، ئان و سات لێی دەخاتە کار. ئەوسا قووڵبوونەوە بە بیر و هۆش و بە بەکارهێنانی سنعاتەکە بەعەشقەوە، هەردووك

پێکەوە خولْقاندن و داهێنانی دەستگیر دەخەن، کە بەم پێیە بەهرە و توانای خولْقاندن و داهێنانی هەردەم گەشەدار دەبێ. بەڵام دووەمیان کە ئەویش هەم بە بیر و هۆش قووڵ دەبێتەوە و، هەم سنعاتەکەشی بەدەستەوەیە، چونکە بەعەشقەوە بەکاریان ناهێنێ و تەنیا وەك کارێکی رۆتینی میکانیکی دەستی دەداتێ، شیعرەکەی لە خولْقاندن و داهێنان بێبەش دەبێ و، وەك هەر پارچە شیعرێکی ئاسایی دەکەوێتە بەرچاو و دەخوێندرێتەوە و رادەبووریّ، بێ ئەوەی بتوانێ لە قووڵایی بیر و هۆش و دڵ و دەروونیدا جێی خۆی بکاتەوە و بچەسپێ.

هەموو نووسەرە ناودارەکانی جیهان مێژووی ژیانیان دەری دەخا، کە بەو عەشقەوە بەئەدەبەوە خەریك بوون و، هەروەها نووسەرە ناودارەکانی خۆشمان. بۆ نموونەی نزیك لە ئەدەبی هاوچەرخماندا، ئەوە پیرەمێرد و گۆران کە ئەگەرچی بەوردی لە ژیانی ئەدەبییان نەکۆڵراوەتەوە، بەڵام هێندەیان لەبارەوە دەزانین کە چ عاشقێکی بەپەرۆشی ئەدەب بوون. سا نەوەی ئێستای نووسەرانی کورد، مەبەستم هەموو ئەوانەیە کە لە ژیاندا ماون، با لە خۆیان بپرسن کە ئاخۆ تا چ رادەیەك عاشقی ئەو ئەدەبەن، کە خۆیانیان پێوە خەریك کردووە، تا هیچ نەبێ هەریەکە لەگەڵ خۆیدا و لە دڵی خۆیدا، لە وەزعی خۆی حاڵی ببێ و ئاگەدار بێ. من دەزانم کە ئەو عەشقە، کارێك نییە بەبڕیاردان بەجێ بهێنرێ. وەك ئەوەی یەکێك بڵێت: من بۆ لەمەودوا عاشقی ئەدەب دەبم و، بەعەشقەوە خۆمی پێوە خەریك دەکەم. بگرە شتێکە کە گەلێ هۆی خۆیی و بابەتی پێکەوە، لە ناخی ئەو مرۆڤە نووسەرەدا دروستی دەکەن. هەروەکو گەلێ هۆی خۆیی و بابەتی، زۆر مرۆڤی نووسەری تری لێ بێ بەش دەکەن و بەری ئەوەی لێ دەگرن بە ئاواتی خولْقاندن و داهێنان شاد ببێ.

کەوابێت خولْقاندن و داهێنان بەری عەشقێکن، کە لە کەللەی هەندێ نووسەر دەدات و لە میحرابیدا دەسووتێن و، لەم سووتانە تیشك و رووناکی هەمیشەیی وەردەگرن وتیشم هەندێ، چونکە ئاشکرایە کە بەسەدان نووسەر لە هەر سەردەمێکدا، خۆ بەئەدەبەوە خەریك دەکەن و دەنووسن و بەرهەمێکی زۆریش بەدەستەوە دەدەن، کەچی تەنیا ئەو هەندە دەخولْقێنن و دادەهێنن.

ژ/٣٤٨-١٩٧٦/١٢/٢٩

## چیرۆك و شتەكانی دەوروپشت

مامەڵەكردن تەنیا لەگەڵ مرۆڤدا و پشتگوێخستنی شتەكانی دەوروپشتی، دیاردەیەكی زەقی چیرۆكی كوردییە و ئەوەی سەرنجی بداتێ و لێی بكۆڵێتەوە، بەئاسانی دەستی دەنێتە سەر. چیرۆكنووسمان كە چیرۆك دەنووسێ، تەنیا مرۆڤ خۆی و گرفتەكانی دەرەوە و ناوەوەی و، ئینجا پێوەندیی گرفتەكانی لەگەڵ هی مرۆڤەكانی تردا، دێنێتە بەر خەیاڵ و پێش چاو. بەڵام پێوەندیی و گرفتەكانیان لەگەڵ ئەو هەموو شتانەی دەوروپشتیاندا، بەگیاندار و بێگیانەوە، دەخاتە پشتگوێ و هەقی بەسەریانەوە نییە. دیارە كە دەڵێم هەقی بەسەریانەوە نییە، مەبەستم ئەوەیە كە چیرۆكنووسمان (بەگشتی) هێشتا زەفەری بەوە نەبردووە، كە چەندە پێوەندیی ئادەمیزاد لەگەڵ خۆیدا و، لەگەڵ ئادەمیزادەكانی تردا بایەخدار و شادەمار و بڕبڕەی پشتی چیرۆكێكە، هێندەش مامەڵەكردن و پێوەندیی نێوان مرۆڤ و شتەكانی دەوروپشتی بە گیاندار و بێگیانەوە، ئەو شادەمار و بڕبڕەی پشتەیە.

بۆ نموونەی زیندوو، ناسیاوێكم دوو ژووری لە خانوویەكدا بەكرێ گرتووە. خاوەن ماڵ مانگایەكیان هەیە و، پۆلیس دەكەنە سەریان كە ڕاگرتنی مەڕوماڵات لەناو ماڵ و لە شاردا قەدەغەیە و دەبێت بیفەوتێنێ. ژنەی خاوەن ماڵ دەیكاتە شین و فوغان و، دەستبەرداری مانگا نابێ. پۆلیس هەڕەشەی سزادانیان لێ دەكەن و، كەچی ژنە هەر دەستبەرداری نابێ، بگرە دەیئاخنێتە ژوورێكی خانووەكەوە و حەشاری دەدات.

(خانووەكە لە بابەتی رۆئاواییە و كۆنكرێت و گەچكاری و تازەیە).

یا نموونەیەكی زیندووی تر.. خانوویەك بە تەنیشتمانەوە لە دروستكردندایە. خاوەنەكەی دڵداریی لەگەڵدا دەكا. هەر كەسێ كە خانوو دەكا زۆر و كەم بەتەنگییەوە دەبێ. بەڵام ئەم دەیبینم ئیشی تێدا بكرێ و نەكرێ، بەعەشقەوە پیایدا دەسووڕێتەوە و، سەرنجی دەداتێ و لێی ورد دەبێتەوە و.. هتد. ئەو خانووەشی ئێمەی تێداین تازە تەواو بووە. بەڵام چەند جارێك لێمان بیستووە دەڵێت: خانووەكەی من ڕێكوپێكتر و جوانتر و پتەوتر دەردەچێ.

ئەمە دوو نموونەی زەقی ڕاستەوخۆی مامەڵەكردنی مرۆڤ بوون، لەگەڵ غەیری مرۆڤدا.. لەگەڵ شتدا. بەڵام تۆ وەرە سەرنج بدە و بزانە ڕۆژانە لەگەڵ چەند شتدا مامەڵە

دەکەی و، چۆن لەگەڵ هەندێکیاندا خۆشنوود دەبی و، چۆنیش بەدەست هەندێکی تریانەوە، ئەرك و ئازار دەچێژی. دیارە من ناڵێم چیرۆکمان لەم رووەوە هەر تەواو رووتە. نەخێر.. چیرۆکمان هەن باسەکەی یەکسەر مامەڵەکردنە لەگەڵ شتدا، لە نێوان پێوەندییەك یا چەند پێوەندییەکی مرۆڤەوە لە تەکیدا. بەڵام جگە لەو ژمارە کەمە، ئەوانی تر ئەگەر جۆرە مامەڵەیەکی لەم بابەتەشیان پێوە بەدی بکرێ، ئەوە تەنیا بابەتی سەرپێیییە و لە سووکە خۆلێدانێك یا بە لادا رابووردنێك یا ئیشارەتێك زیاتر نییە، وەك ئەوەی بوترێ: شەوێکی سارد و تووش بوو.. منداڵەکە لە سەرماندا دەلەرزی و، ئیتر چیرۆکەکە دەبێتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی منداڵەکە و، سەرما و سروشت حیسابیان نامێنێ. یا دوور نەڕۆین لە مەسەلەی مانگا و ژنەکەدا وەك ئەوەی بوترێ: ژنەکە بەدیار مانگاکەوە دەگریا و، ئیتر چیرۆکەکە ببێتە گێڕانەوەی هاتنی پۆلیس و قەدەغەکردنی راگرتنی مانگاکە و.. هتد. لە کاتێکدا پێوەندیی نێوان ژنەکە و مانگاکەو، چوونە بنج و بناوانییەوە و قووڵبوونەوە بەدەروون و بیر و هۆشی ژنەکە لەم مەسەلەیەدا و... هتد، رووی کاریگەری باسەکەیە و، باری راستەقینەی مامەڵەکردن لەگەڵیدا لەوەدایە، کە بەلای ئەو پێوەندییەدا بشکێتەوە، نە تەنیا پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان (پۆلیس و خاوەن مانگاکە و ژنەکەی). خۆ ئەگەر هەردوو پێوەندییەکە شان بەشانی یەکتر و بەجەنجاڵی لەگەڵ یەکتردا، بەتوندوتۆڵی پێکەوە نوێنران و خرانە قاڵبێکی هونەریی سەرکەوتووەوە، ئەوە بێگومان چاکتر و پەسندترە.

ئاشکرایە ئەو دیاردەیە لە چیرۆکی کوردیدا، نیشانەی کەموکوورییە و دەبێ چیرۆکنووسەکانمان، لە بەرچاوی بگرن و وردی بکەنەوە و هێندەی دەستیان بەسەریدا بڕوا و پێیان بکرێ، بەرهەمەکانی خۆیانی لێ رزگار بکەن. ئەمەش بەوە دەکرێ کە چ هەریەکە لەگەڵ خۆیدا و، چ بەنووسین و لێکۆڵینەوە رەگ و ریشەی دەستنیشان بکرێ و ئاسۆی بیرلێکردنەوە و تێگەیشتنی فراوان ببێ.

ئەوەی وتم راستییەکە و لە بەرچاوە و، تێگەیشتنی زەحمەت نییە.. مرۆڤ چەندە پێوەندیی بەمرۆڤی ترەوە هەیە و مامەڵەی لەگەڵ دەکا، هێندەش (لەگەڵ هەندێ جیاوازدا)، پێوەندیی بەشتەکانی دەوروپشتییەوە هەیە. واتە پێوەندیی مامەڵەکردنەکە سێقوڵییە نەك دووقۆڵی.

ژ/٣٤٩- ٥/١/١٩٧٧

## نووسەر و رۆڵی تەمەن

هەندێ شت هەن، کارێکی گەورە دەکەنە سەر چارەنووس و دواڕۆژی ئەدەبی و هونەریی نووسەر و هونەرمەند و، کەچی لە کاتی جیاکردنەوەی رادەی خوڵقاندن و گەورەییی ئەم نووسەر لەگەڵ ئەو نووسەردا، کەمتر حیسابیان بۆ دەکرێ و بایەخی هەقیانەتی پێ نادرێ. بۆ نموونە بەرناردشۆی تەمەن (٩٥) ساڵە نووسەرێکی گەورەیە. هەروەها لۆرکای تەمەن (٣٧) ساڵەش. بەڵام ئاخۆ هەردوو تەمەنەکە چەند ساڵیان بەینە؟!.. (٥٨) ساڵ!. واتە (شۆ) پەنجاوهەشت ساڵ لە لۆرکا زیاتر ژیاوە. واتە ئەگەر هەردووکیان بابڵێین لە تەمەنی (٢٠) ساڵیدا دەستیان دابێتە نووسین، مانای وایە لۆرکا بەماوەی (١٧) ساڵ، ئەو رادەی گەورەیییەی بەدی هێناوە، لە کاتێکدا (شۆ) ماوەی (٧٥) ساڵی لەبەردەمدا بوو. سا دەبێ بپرسین: ئاخۆ ئەگەر لۆرکاش لە باتیی (١٧) ساڵ، (٧٥) ساڵی بەدەستەوە بووایە و، بەمەرجێکیش وەکو شۆ لەسەر نووسین بەردەوام بووایە، ئاخۆ رادەی گەورەیییەکەی ئێستای، لە چاو شۆدا جیاواز نەدەبوو؟!. ئاخۆ لە خوڵقاندن و داهێناندا (بەمەرجێك تەگەرەی نەهاتایەتە رێ)، دە ئەوەندەی ماوەی حەڤدە ساڵەکەی بەرهەم نەدەهێنا؟!.

یا ئەوە پیکاسۆی تەمەن (٩١) ساڵە و، بەراوردی لەگەڵ هەر هونەرمەندێکی نەوەی خۆیدا بکە، کە لە تەمەنێکی وەك لۆرکادا ئەستێرەی ژیانی کوژابێتەوە. پیکاسۆش ماوەی نزیکەی (٧٥) ساڵ دەرفەتی بۆ هەڵکەوت، کە بەدرێژاییی ئەو سێ چارەکە سەدەیە هەر خەریکی خوڵقاندن و داهێنان بێ، تا بوو بەو هونەرمەندە بلیمەتە مەزنەی کە هەیە. ئەی ئەگەر هونەرمەندێکی هاونەوەی خۆی. لە بریی پازدە بیست ساڵ دەرفەتی شەست حەفتایەکی بۆ برەخسایە و، وەك ئەمیش بەردەوام بووایە، ئاخۆ لە بلیمەتی و مەزنیدا نەدەگەیشتە رادەی ئەم؟!. یا ئاخۆ نەدەشیا لەمی تێپەڕاندایە؟!. کەوابێ کورتی و درێژیی تەمەن، کە لە واقیعدا بەدەست نووسەران و هونەرمەندان خۆیان نییە و، بەندی یاسا سروشتییەکە و، چەندان یاسای تری دەسکردی مرۆڤ خۆیەتی، کارێکی گەورە دەکاتە سەر چارەنووس و دواڕۆژی ئەدەبی و هونەریی نووسەر و هونەرمەند.

یا خۆشگوزەرانی و سەرقاڵنەبوون بە دەست ئەرکی ڕۆژانەی ژیانەوە.. بۆ نموونە:

سان جۆن بێرس و جیمس جویس. ئەویان هیچ نەبوونییەکی لە ژیاندا نەچەشت و، ئەمیان زەلالەتی بوو بەدەست نەبوونییەوە. هەردووکیان بوون بەنووسەری گەورە. بەڵام ئاخۆ جویسی گەورە، ئەگەر ئەو سەریەشەی دەستکورتییە لە کۆڵ مێشکی بووبووایەتەوە، گەورەتر نەدەبوو؟!. یا بابڵێین: ماوەی بۆ خۆش نەدەبوو شاکاری زیاتر بەرهەم بێنێ؟!. هەن دەڵێن: چەندە سەرڕەحەتی و خۆشگوزەرانی یاریدەی نووسەر و هونەرمەند دەدا، کە زیاتر خۆی تەرخانی ئەدەب و هونەر بکا و زۆرتر و چاکتر بەرهەم بێنێ، هەندەش ئەشکەنجەی نەبوونی و دەستکورتی، بەهرە و توانای بەرهەمهێنانی لەلا قاڵ دەکا و لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی راستەوخۆوە، قەڵەم دەخاتە سەر کاغەز و دەنووسێ. ئەمە تا ڕادەیەك راستە و بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین، کە سکی برسیش مێشك لە چالاکی دەخا و، بەپەیداکردنی پاروەوە نانەکەوە خەریك دەبێ.

یا بارودۆخی ناو خێزان.. زۆر نووسەر و هونەرمەند هەن، چ لە ڕۆژانی منداڵی و لاوییاندا تا لە باوەشی دایك و باوکدان و چ دوای تر لەناو خێزانی خۆیاندا، بەخۆشی و شادی و لە سایەی ئارامی و ئاسوودەییدا ژیاون و، هەلی خوێندنەوە و پشکنین و وردبوونەوە و بیرفراوانییان بۆ هەڵکەوتووە و، ئەمە یاریدەی زۆر داون کە لە خوڵقاندن و داهێناندا سەرکەوتوو بن، زیاتریش بەرهەم بێنن. لە کاتێکدا زۆری تر هەن کە بەدرێژاییی تەمەنیان، ژیانی ناو خێزانیان پڕ لە سەریەشە و نائومێدی و جەخار و ئاژاوە بووە و، ئەمەش ئەگەرچی وەك تاقیکردنەوەی راستەوخۆ، دەشێ ببێتە یاریدەر بۆ خوڵقاندن و داهێنان، بەڵام ئەوی راستی بێ زیاتر دەبێتە مایەی دروستبوونی کۆسپ و تەگەرە و، نووسەر و هونەرمەند چوارچاو دەکا.

یا ناساغی و لەشبەباری کە بەدرێژاییی تەمەن، یا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ یەخەی هەندێ نووسەر و هونەرمەند دەگرێ.. بۆ نموونە: هەر ئەو جیمس جویسە، تا مرد بەدەردی چاویەشەوە دەیناڵاند و کە لێی دەهاتە سوێ، لە هەموو چالاکییەکیان دەخست. لە کاتێکدا یەکێکی وەکو (هەمەنگوای)، باری تەندروستیی باشی یاریدەری بوو کە بۆ نموونە: بە شاخی (کلیمەنجارۆ)دا هەڵزنێ و لە ئەنجامی ئەو گەشتەیدا، ڕۆمانی (بەفری کلیمەنجارۆ) بەرهەم بێنێ. بێگومان لەم بابەتە شتانە زۆرن، کە بەتوندی کار دەکەنە سەر ژیانی ئەدەبی و هونەریی نووسەر و هونەرمەند و، کەچی لە لێکۆڵینەوەدا کەمتر بایەخیان پێ دەدرێ و هەقی خۆی نادرێتێ.

ژ/٣٥١-١٩٧٧/١/١٩

## ئەخلاقی ئەدەبی
## هەڵەی زانستی

### ١

خوشکە ئاواز محەمەد ساڵح لە ژمارەی پێشوودا، پەنجەی بۆ باسێکی گرینگی کۆڕی رۆشنبیری و رۆشنبیران درێژ کردووە، کە من لێرەدا راستەوخۆتر و ئاشکراتر لەو، ناوی بەکێشەی ئەخلاقی ئەدەبی یا ئەخلاقی ئەدیبانە دەبەم، دیارە من بە هیچ کلۆجێ لە رەوشتی کۆمەڵایەتیی جیا ناکەمەوە، کە ئەمیان سەرەکییە و ئەویان پاشکۆ و، لەمیاندا چۆن بێت و لەویشیاندا هەروەها دەبێت و هەڵدەسووڕێ. ئەگەر لەمیاندا خۆی بەمرۆڤێکی هێجگار مەزن زانی و بە لەخۆباییبوونەوە وای دانا، کە لە هەموو خەڵکەکە زیرەکتر و لێهاتووترە و، لە کارامەییدا کەس بە تۆزی پێیدا ناگا، ئەوا لەویشیاندا وای لێك دەداتەوە و وای لە مێشك دەچەسپێ، کە هیچ قەڵەمبەدەستێکی تر ناتوانێ شان لە شانی بدا و، بگرە لە ئاستی ئەمدا هیچ کەسێك هەر قەڵەم بەدەست نییە.

یا ئەگەر لەمیاندا لە رەفتاری رۆژانەی ژیانیدا، لە فرتوفێڵ و درۆودەلەسەی شاخدار و فیتنەبازی و کرداری بەد و نالەبار و.. هتد، بەڵایەکی خوا بێ و نازڵ بووبێ و خەڵکی بەدەستییەوە زەلالەتیان بێ، ئەوا لەویشیاندا هەر ئەو بەڵایە دەبێ و نووسەران نەك لە یەك سەرەوە وەکو خەڵکەکەی تر، بگرە لە دوو سەرەوە بەدەستییەوە زەلالەتیان دەبێ، یەکەمیان وەك مرۆڤێکی ئاسایی و دووەمیان وەك نووسەرێك. واتە لە ئەخلاقە ئەدەبییەکەشیدا هەر بەهەمان شێوە، رەوشت دەنوێنێ و کۆڕی ئەدەبی دەشێوێنێ. ئەگەر بیەوێ فرتوفێڵ بکا، دەچێ بەرهەمێك دەدزێ و دەیکا بە هی خۆی. یا هی خۆیەتی و دەڵێ هی فلانە نووسەری بەناوبانگی جیهانییە و وەری گێڕاوە، بەوە بواری بڵاوکردنەوەی بۆ دەرەخسێنێ. یا ئەگەر بیەوێ پاشقول بگرێ، بەزەرەبین بەدوای هەڵەیەکی بەرهەمی یەکێکدا دەگەڕێ و، بەرق و کینەوە لێی دەکا بەهەڵڵا. یا ئەگەر بیەوێ درۆ بکا، بەرهەمێکی ئەو کەسە دێنێ و بەنووسین و بەقسە، هەزار درۆی بەدەمەوە دەکا و دەیخاتە قاڵبی رەخنە و رەخنەکارییەوە. واتە کابرا لە بواری رەوشتی کۆمەڵایەتی چۆنە و چی دەکا، لە کۆڕی ئەدەب و رۆشنیریشدا کتومت وەها دەکا و بەزیادیشەوە.

بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم دیاردەیە تەنیا لەلای کورد نییە، بگرە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا تا فرتوفێڵ و درۆودەلەسە و رەفتاری ناپەسند و نەگریس، وەك رەوشتێکی کۆمەڵایەتی هەبن، لە کۆڕی ئەدەب و رۆشنبیرییشدا هەر دەبن. تەنیا هێندە هەیە کە دواکەوتوویی و پێشکەوتوویی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، دەبنە هۆی زیاد و کەمیی ئەو رەوشتە ناپەسندانە.

٢

هەرکە نووسینە هەفتانەکەی پێشووی کاك مەحموود زامدارم خوێندەوە، فیکرەیەکی لەوەبەرم هاتەوە بیر کە زۆرجار لە مێشکمدا بزواوە. فیکرەکە دەڵێ: ئەگەر بەحیسابی زانستی بێ، ئەوا گەلێ وشە و زاراوە و رستە هەن. کە تا ئێستاش رۆژانە لە نووسین و گفتوگۆدا بەکاریان دێنین و کەچی هەڵەشن ، چونکە زانست سەلماندوویێتی کە هەڵەن. بۆ نموونە بە نووسین و لە گفتوگۆدا دەڵێین: رۆژ هەڵهات یا ئاوابوو. سا ئەگەر ئەم وتەیە بخەینە بەرتیشکی زانستی، بۆمان دەردەکەوێ وتەی دەوروزەمانێکە، کە دەوترا ئەرز چەقی گەردوونە و راوەستاوە و، رۆژ و مانگ و ئەستێرەکان بەدەوریدا دەخولێنەوە. بەڵام لە ئێستادا کە زانست پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی سەلماندووە، دەبێتە وتەیەکی هەڵەی زەق. چونکە خۆر نە هەڵدێ و نە ئاوا دەبێ، بگرە ئەرزە کە بەدەوری خۆی و ئەودا دەخولێتەوە، ئەو دیاردەیەی لێ پەیدا دەبێ. یا هەر بابەتە دەڵێین: دەرۆم و دەرۆم تا دەگەمە بنی. کامەیە بنی دنیا؟. راستییەکەی ئەوەیە کە هەر دەرۆیت و ناگەیتە بنی دنیا. چونکە وەك (ماجەللان)ێك دەرۆیت و دەگەرێیتەوە ئەو شوێنەی، یەکەم هەنگاوت بەرەو بنی دنیا هەڵهێنا. یا کە دەڵێین: مانگ هەڵهات و دنیای رووناك کردەوە. یەکەم وەك باسمان کرد مانگ هەڵنایەت. دووەمیش خودی مانگ نییە کە دنیا رووناك دەکاتەوە، بگرە رووناکییەکەی لە رۆژەوە وەرگرتووە و دەیداتەوە بەئەرز. جگە لەوەی کە تەنیا بەشێکیشی لە یەك کاتدا رووناك دەکاتەوە و، لە بەشەکەشدا رەنگە هەور و تەومژ بەشێکی تری لێ بێبەش بکا.

لەم بابەتە شتانە لە زماندا (هەر زمانێك) زۆرن، کە هێشتا نەك تەنیا لە قسەکردندا، بگرە لە نووسین و بەتایبەتی لە بواری ئەدەبدا، زۆر ئاسایی بەکاریان دێنین، بێ ئەوەی کەسێکمان لە ساتی نووسینیدا و، خوێنەریش لە کاتی خوێندنەوەیدا، بیرمان بۆی بچێ و لە ئاستیدا دەست و قەڵەممان تەتەڵە و چاومان ساتمە بکا. بەهەرحاڵ

دەتوانین بڵێین، کە لەلایەکەوە مەسەلە ئەدەب زمانە و ئەو دیاردەیە ئاساییە و لەلایەکەی تریشەوە کە ئەگەر زانست لە بەرچاو بگیرێ، چەوت و هەڵە و نائاساییە.

ژ/٣٥٢- ١٩٧٧/١/٢٦

## رەخنەگری شانۆیی

لە ژمارەی پێشوودا، دوو مەسەلە لە قسەکانی هونەرمەند کاك فوئاد محەمەد ئەمیندا سەرنجمیان راکێشا و، هانیان دام لەسەریان بنووسم. یەکەمیان نەبوونی رەخنەگری هونەرییە بەگشتی و، رەخنەگری شانۆیی بەتایبەتی. دووەمیشیان کەمیی دەقی شانۆگەریی خۆماڵییە. کە لەلایەن نووسەرانی کوردەوە بەرهەم هێنرابن.

ئاشکرایە شانۆ بریتییە لە چەند هونەرێك و، هەموو پێکەوە ئەم هونەرە بەرز و کاریگەرە پێکدێنن، وەك: ئەدەب (دەق) و نواندن و ئاواز و دیکۆر و رووناکی و.. هتد، کە لەم سەردەمەدا بە پەیدابوون و پێشکەوتنی ئەم هونەرانە، هونەرە مەزنەکەش (شانۆ) پەیدا دەبێ و پێش دەکەوێ. واتە تەنیا شانۆگەریی سەرکەوتوو، یا تەنیا ئەکتەری لێهاتوو، یا تەنیا ئاوازی باڵا.. هتد، هونەرەکە پێك ناهێنێ و نایگەیەنێتە ئەنجام. بگرە دەبێ شان بەشانی یەکتر پێگەیشتبن و، لەو رادەیەدابن کە یەك یەکتر تەواو بکەن و، شانۆیەکی راستەقینەی کاریگەر بڕەخسێنن.

سا لەم باری سەرنجەوە، دێمە سەر باسی رەخنەگری شانۆیی و دەڵێم: ئەگەر مەسەلەی شانۆ خۆی وەهابێ، ئاخۆ دەبێ رەخنەگرەکەی چ مەرجێکی لەسەر بێ، تا بتوانێ لێی بکۆڵێتەوە و رەخنەی لێ بگرێ و حوکمی بەسەردا بدا؟!. دیارە دەبێ شارەزاییەکی باشی لە هەموو ئەو هونەرانەدا هەبێ و، ئینجا لە بەهرە و زیرەکیی رەخنەگرییش بێبەش نەبێ، تا لێی بوەشێتەوە ئەو ئەرکە بەجێ بێنێ چەندە لە رووی ئەدەبییەوە شارەزای شانۆگەرییە و سەری لێ دەردەکا، هێندەش لە نواندن و ئاواز و دیکۆر و رووناکی و.. هتددا، شارەزا بێ و چ بەتاقیکردنەوە و چ بەخوێندنەوە و بینین و بیستن چووبێتە بنجوبناوانەوە و، لە نهێنییەکانی هونەرەکە حاڵی بووبێ. دەنا ئەگەر ئەوەی دەیزانێ تەنیا هێندەی هەر بینەرێك بێ و، جیاوازییەکە تەنیا ئەوەندە بێ کە ئەم دەیخاتە سەر کاغەز و بڵاوی دەکاتەوە، ئەوا پێی ناوترێ ڕەخنەگر و، قەتیش بەم جۆرە نابێتە رەخنەگر.

بە هەرحاڵ ئەمانە لقوپۆپی باسەکەن و، لایەنی سەرەکی لەوەدایە بوترێ: رەخنەگر یاریدەی پێشخستنی شانۆ دەدا، بەڵام دروستی ناکا. بگرە شانۆی سەرکەوتوو، رەخنەگری لێهاتووی خۆی دێنێتە بەرمەیدان. هونەری شانۆ لەلای ئێمە هێشتا لە دوایە و، ئەمەش کارێکی سەیروسەمەرە نییە، چونکە تەمەنێکی (٣٠) ساڵە بۆ هونەرێکی وەها، کە لە ڕاستیدا کۆمەڵە هونەرێکە و پێکەوە هەڵدەسووڕێن، ماوەیەکی زۆر کەمە و ئەو قۆناغەی لەو ماوەیەدا پێی گەیشتووە (با هێشتاش لە دوابێ)، بەو شێوەیە نییە نائومێدمان بکا. جا کە ئەمە حاڵی مەسەلە سەرەکییەکە بێ، دەبێ هەمان حیسابیش بۆ رەخنەگرەکەی بکەین و، بەهەمان چاو تێی بڕوانین.

ئینجا بابێینە سەر باسی کەمیی شانۆگەریی خۆماڵیمان، کەمن دەزانم ئەو کەمەش بەدەگمەن دەقی سەرکەوتوویان تێدایە. من حەز دەکەم بیهێنینە بەرچاومان، کە ئاخۆ نووسەرێکی بەهەق نووسەر، کاتێ دەست دەداتە قەڵەم و خەریکی نووسینی شانۆگەرییەك دەبێ، چی دەکا؟!. بەمەزەنەی من ئەو نووسەرە لەگەڵ دێر بە دێری شانۆگەرییەکەیدا، ناو کاسەی سەری خۆی دەکاتە شانۆیەك و، دەوری هەر یەکێ لە ئەکتەرەکانی لەسەر دەبینێ.. ئاوازیان بۆ لێ دەدا.. دیکۆری دیمەنەکانیان بۆ دیاری دەکا.. بۆ رووناکی پەنجەی لەسەر دوگمەکانە.. هیتد. بێگومان ئەمانەش هەموو ئان و سات و لە یەك کاتدا دەکا. واتە نووسەری شانۆگەری بەڕای من، چەندە دەبێ نووسەر بێ، هێندەش دەبێ (بەشارەزایی نەك بەکردار)، ئەکتەر و مۆسیقازان و دیکۆریست و هەموو ئەو بابەتانە بێ، هەموو ئەمانە بێ، کە لە شانۆدا هەن. دەبێ ئان و سات لە کاتی نووسینی وتە بەوتەی دەقەکەیدا، هەموو ئەمانە بێ و لەگەڵیاندا بهەژێ. ئینجا دوای ئەو، هەریەکە لە پسپۆڕانی نواندن و دەرهێنان و دیکۆر و رووناکی و ماکیاج و جلوبەرگ نووسەر جێبەجێ دەکەن. واتە داهێنانەکەی نووسەر، بەداهێنانەوە بەبینەر رادەگەیەنن.

کەوابێ حاڵی نووسەری شانۆگەری لەلای ئێمە، وەکو حاڵی رەخنەگرەکەیە. نووسەرە و زمانی پاراوە و داڕشتنی باشە و باس هەڵدەبژێرێ و رەنگی کەسان دەرێژێ، بەڵام شارەزای هونەرەکانی تر نییە. یا زەفەر بەوە نابا کە لە کاتی نووسیندا، هیچ نەبێ تەقەلا بدا کە خۆی لەگەڵ ئەو لایەنانەدا ماندوو بکا و زیندوو بنووسێ.. کارەسات و کەسانی زیندوو هەڵبسووڕێنێ و، ئاگای لە بزووتن و قسە و گفتوگۆی راستەقینەیان بێ و، لە ساتی نووسیندا بەزەین دەورەکانیان پێشکێش بکا. هەر لەبەر

ئەمەشە کە هەست دەکەین شانۆگەرییە خۆماڵییەکانمان، زیندوویێتییان تێدا کزە و، زۆربەیان تەنیا گفتوگۆی رووتی بێزارکەرن!.

ژ/ ٣٥٣- ٢/٢/١٩٧٧

## چیرۆکێك و چەند سەرنجێك

بێگومان عەبدوڵڵا سەراج یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەمان، کە جێپێی خۆی لە کۆڕی ئەم هونەرەدا قایم کردووە و، گەلێ بەرهەمی سەرکەوتووی بەدەستەوە داوە. چیرۆکەکەی ژمارەی پێشووی (هاوکاری)شی، بەناوەرۆك وەك زۆربەی ئەوانەی تری، ژان و ئەشکەنجەی مرۆڤێکی زەحمەتکێش دەنوێنێ و، بەبارێکی کاریگەردا پێشچاوی دەخا. بەڵام لە تەکنیکدا (کە من لەم رووەوە بەشارەزا و بەهرەمەندی دەناسم)، لەم چیرۆکەیدا هەندێ هەڵە و کەموکورتی سەرنجیان راکێشام، کە زیاتر لە غەفڵەتەوە هاتوون.

لە چەند شوێنێکی چیرۆکەکەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە وەرز بەهارێکی زووە.. (دوو تۆڕی چاوی لکانە چڵێکی سەوزەوە.. بارانیش لەسەرخۆ ئەباری و..). (.. باران نم نم ئەباری و رەنگی شتەکان گۆڕان..). (ئاسمان خۆڵەمێشییە و پڕووشە ئەکات). بەڵام لە شوێنێکی کۆتایی چیرۆکەکەدا دەڵێ: (ئا لەم کاتەدا، بێچووە پاسارییەك بەباڵەفڕکێ لەم چڵ بۆ ئەو چڵ پەرەوازەی ئەکرد). من دەپرسم: ئاخۆ لە چ وەرزێکدا، بێچووە پاساری دەبینین؟!. لە بەهارێکی درەنگ و سەرەتای هاویندا. ئەمە جگەلەوەی کە پڕووشەکردن بۆ بەفربارینە و، ئەگەر لە هەندێ ناوچەشدا بۆ باران بەکار بهێنرێ، ئەوا دەبێ لە رۆژێکی زۆر سارد و تووشدا بێ، کە ئەمە وادەکا بڵێین: ئەگەر چڵە سەوزەکە و لە شوێنێکی تردا (گوڵی ئاڵ)ی ناونەبردایە، دەمانتوانی بڵێین وەرز زستانە یا زستانێکی سارد.

هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێ: (.. کات چەشنی جووتە هەڵماتەکەی چاوی، لە خول کەوت و ژوورەکەی لێ بووە ئەسکیمۆیەکی بەرین). ئاشکرایە مەبەست لەوەیە کە جوامێری قارەمانی چیرۆکەکە، ژوورەکەی لە ساردیدا لێ دەبێتە سەرسەر. بەڵام ئەسکیمۆ بەو قەومە دەوترێ، کە لەناو بەفر و سەهۆڵدا و نزیکی جەمسەری باکوری زەوین دەژین و، کوختەکانیان لە سەهۆڵ دروست دەکەن. واتە چیرۆکنووس لە مانای

و شەی ئەسکیمۆدا کەوتووەتە هەڵەوە و، دەبوو بیوتایە: ژوورەکەی لێ بووە بەژووری ئەسکیمۆکان. بەڵام لە وەختێکدا کە من ئەمە دەڵێم. لەوەش بەئاگام کە دەگونجێ مەبەستی ئەو تەرمۆسە بێ کە (لیکی ستیك و مۆتە) و بەستەنییەکانی تری تێ دەخرێ و، دەسگێڕەکان بۆ منداڵانی دەگێڕن. وەك چۆن سابوونی تاید ئێستا نەماوە و، جۆری تر چوونەتە جێگەی و کەچی هەر بەتاید ناودەبرێن، ئەوانیش هەر ئاوەها بانگ دەکەن (ئەسکیمۆ)، چونکە زوو بەستەنییەك بەو ناوەوە هەبوو.

هەروەها هێندەی من بزانم دەستوور وەهایە، کە کرێکاری قوڕ ڕۆژانە کرێ وەردەگرێ. کەچی لەم چیرۆکەدا بووە بەهەفتانە کە نووسراوە: هەفتانەی پێشەکیت بۆچییە؟. یا (چەند هەفتانەیەکی تری لێ داوا ئەکەم و...). یا (.. بتوانرێ هەفتانەکە پێشەکی وەربگیرێ).

لە شوێنێکی تردا دەڵێ: (ئەم نەریتە کۆنە کەی لائەچێت). دەپرسم: کام نەریت؟. دەری ناخا و لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم: قەیناکا. بەوەدا کە مەسرەفی دەوێ و هەوڵی پارەی بۆ دەدا، دەشێ بۆ داوەتی ناونان و گوێزەبانە یا هەر شتێکی لەم بابەتە بێ. بەڵام ئەی ئاخۆ کرێکارێکی قوڕی بەئەسڵ جووتیار، دەکرێ بڵێ: ئەم نەریتە کۆنە کەی لادەچێت؟. یا دروستتر وایە بڵێ: قوڕی کوێ بەسەر خۆمدا بکەم.. پارەی تێ دەچێ و پارەش نییە، دەنا خۆ منیش حەزی پێ دەکەم. دیارە لەم بابەتە چیرۆکانەدا، ئاگەدارنەبوون لەم جۆرە شتانە، خوێنەر دەخاتە گومانەوە و، بەوە راستگۆییی چیرۆکنووسی لەلا لەق دەبێ.

دواجار دیاردەیەکی سەیر لەم چیرۆکە و لە چیرۆکی کوردیدا بەگشتی دەبینرێ. ئەویش ئەوەیە کە ئاغا و دەرەبەگ و سەرمایەدار و خوێنمژ و زۆرداران، هەردەم بە سەر و سیما وەها وەسف دەکرێن، کە ناشیرین و ڕەزاگران و پۆرخز و ئێسکگران بن!. ئەوەتا لەم چیرۆکەشدا دەڵێ: گۆشتی گەردنی ئاغا شۆڕ بوو، هەروەکو مارێك بێ و چۆلەکەیەکی قووت دابێ. ئەمە بەڕای من بۆچوونێکی ساکارانەیە. چونکە مەسەلە لەشولار و سەر و سیما نییە. مەسەلە گەندەڵیی بیر و هۆش و گەنیویی دڵ و دەروونە. دەشێ و بگرە لە زۆربەی حاڵەتدا وەهایە، کە ئەو جۆرە کەسانە بەسەر و سیما و لەشولار، قۆز و جوان و ڕێکوپێکن.

ژ/٣٦٢ –٦/٤/٩٧٧

## چیرۆکێکی تر و چەند سەرنجێکی تر

زۆربەی ئەو نووسەرە لاوانەمان، کە لە دوای ساڵی (١٩٧٠)وە روویان کردە هونەری چیرۆکنووسین، هەر یەکسەر یا دوای چەند تاقیکرنەوەیەك، کەوتنە هەوڵدانی بەکارهێنانی تەکنیکی نوێتر لەوەی لە پێشتردا (پەنجاکان و شەستەکان) باو بوو. جا ئەوەی سەرنەکەوت یا تاقەتی نەما، وازی هێنا و ئەوەشی سەرکەوت، جێپێی خۆی لە کۆڕی ئەم هونەرەدا کردەوە. بەڵام هەندێ نووسەری لاوی ترمان، هەر هەمان رێگەی لەوەبەریان تێدا گرتە بەر و، هەوڵیان نەداوە جۆرەکانی تەکنیکی نوێ بەکار بێنن. واتە زیاتر هەر لەسەر شێوەی گێڕانەوە و راپۆرتنووسی دەڕۆن. بێگومان ئەمانیش تیایاندا هەیە، تەنانەت لە سنووری تەکنیکە کۆنەکەشدا هەر دواکەوتووە و، تیاشیاندا هەیە سەرکەوتووە و هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکا. کە شێرزاد حەسەن یەکێکە لەمانە و لەو بەرهەمانەیدا کە لە سێ چوار ساڵی پێشوودا بڵاوی کردوونەتەوە، بەردەوام بەرەوپێش چووە و هەوڵی داوە، هونەر و بەهرەی تێدا بەکار بێنێ.

چیرۆکی (ئەوینێکی کپ)ی لەژمارەی پێشوودا، وەك زۆربەی چیرۆکەکانی تری، ئازار و ئەشکەنجەی هەژاران و مرۆڤی کلۆڵ و کەساسی ناو کۆمەڵ نیشان دەدا. راست وەك ئازار و ئەشکەنجەی کەسانێك، کە پێیان دەوترێ: کەسانی مەکسیم گۆرکی و، لە چیرۆکی ساڵانی پەنجاکاندا، گەلێ بەفراوانی باوی بوو. کوڕێکی کوێر و کچێکی قەموور و هەردووکیشیان، لەوپەڕی هەژاری و کوێرەوەریدان و، لە کۆڵانێکی کلۆڵی وەك خۆیاندان.. (بەڵام کە چاوم ئەکەوت بەحاڵی فەرهاد و، قوڕ و چڵپاوی کۆڵانی ئەو گەڕەکە هەژارەی خۆمان و، دووکانە بچکۆلەکە و بۆنی ریخ و قۆڕەی گا و زەڕەزەڕی کەر و قیژەی مریشك و قاز و مراویی ناو سیانەکان و.. هتد). هەروەها فەرهاد... (سیپاڵێکی شڕی بۆر و کڵاوێکی دڕاو.. تەنکە ڕدێنێکی بەردەوام..)و ئینجا لەگەڵ (خونچە)ی قەموووردا (دوو بەلەمی شکاوی بەجێماوی کۆنە بەندەرێك بوون).

شێرزاد خۆی دەڵێ: (فەرهاد تەنیا دوو چاوی دەویست. خونچە پشتێکی راست. گەر ئەم دوو ئاواتە بهاتنایە دی، دەگونجا جوانترین جووت بن لەسەر زەوی.. خێزان و منداڵ و ئاگردان پێکەوە بنێن). بەڵام ئاشکرایە کە ئەگەر ئەوانەیان بووبووایە، ئەم چیرۆکە نەدەبوو. یا بەم شێوەیە نەدەبوو. نهێنییەکە لێرەدایە. نووسەر وەك مرۆڤێکی

هەستناسك، ئەشكەنجە و ئازاری مرۆڤی تر لە ناخی دەدا و دەیهەژێنێ. بەڵام کام ئەشکەنجە و ئازار حازربەدەست و ڕاستەوخۆیە؟. دیارە ئەوەی مرۆڤی کوێر و قەموور و سەقەت. دەنا زۆر مرۆڤی ساغوسەلیم هەن، کە ئەشکەنجە و ئازاریان لەوان سەخت و ستەمترە.

هەستی مرۆڤپەروەریی پاك و ناسکی شێرزاد، لێرەدا گەردی پێوە نییە. بەڵام ئەنجامی ئەشکەنجە و ئازارێکی حازربەدەست و ڕاستەوخۆ و لە بەرچاوە و، لە ڕووخستن و دەربڕینیان ماندووبوونێکی زۆری ناوێ، بەتایبەتی کە هەروا بەدیوی دەرەوەدا بێ، کە ئەویش جۆری تەکنیکەکە دەیسەپێنێ. چیرۆکەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی، پتر هەستە رووکەشییەکەی چیرۆکبێژ دەنوێنێ، بەرامبەر بە دوو مرۆڤە کلۆڵەکە. بەڵام لە نێوانیەوە تروسکەی کارەساتێك بەکزی نیشان دەدا، کە ئەگەر وازی لەو وەسفکردنە دوور و درێژەی دیوی دەرەوە بهێنایە و، خەریکی ئەمەیان بووایە و بەهرە و توانای خۆی ئاراستە بکردایە، چیرۆکەکە شتێکی تری لێ دەردەچوو. ئەویش پەیوەندیی نێوان کوڕە و کچەیە، کە لە بنچینەدا ماکی هونەری و مەغزا مرۆڤایەتییەکەی چیرۆکەکەیە. کەچی ئەم لایەنە سەرەکییە، دەبێ بەژێر درێژەپێدانی وەسفی هاتوچۆی چیرۆکبێژ خۆی و هەست و نەستی و منداڵان و کوڵان و دووکانەکە و... هتد ئەم تروسکەیە (پەیوەندیی نێوان کوڕە و کچە)، لە دوای نیوەی یەکەمی چیرۆکەکەوە بەماوەیەك ئینجا سەرهەڵدەدا. تەنانەت ئەویش ئەگەرچی یەکەم جار کەمێ بەجۆش و خرۆشە، کە کچە منداڵەکانی لێ دوور دەخاتەوە و.. (خونچە دەستی دەخستە ناو دەستی فەرهاد و، پەنجەکانی دەخزانە کەلێنی پەنجەکانی.. توند ئەقرسایە یەك.. ئەویش وەك هەر نێرێك مچرکی لەزەت، بەدەمارەکانی لەشیا دەهات و دەڕۆی..).

تا لە شوێنێکی تردا دەڵێ: (گەر لێم گەڕێن بەشادییەوە شووی پێ بکەم). کەچی دوای ئەوە و لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا، ساردی دەکاتەوە و تروسکەکەش تەواو لە کوژانەوە نزیك دەبێتەوە. ئەو هۆگری و ئاشنایەتییەی پێشوویان دێنێتە سەر ئەوەی کچە.. (چاوێکی دەبڕییە راست و چەپی کۆڵانەکە. کەسی نەدەدی. دەخزی بۆ پێش دووکانەکە.. فەرهاد بنێشت هەیە؟. خونچە؟.—ئا...) دوا وتەش چیرۆکبێژ دەڵێ (لەنێوان هەردوویان بێدەنگی کاوێژی دەکرد).

لەگەڵ ئەمەشدا دەیڵێمەوە، کە لە سنووری ئەم جۆرە تەکنیکەدا، شێرزاد سەرکەوتووە.

بەتایبەتی لەوەسفکردنی هەندێ دیمەن و وردەکاری لە نێوانیاندا وەك: (چورکەکانی پڕ دەکرد لە پەمۆ و دەیخستە سەرسنگی.. گریانی داخی مێردە سمێڵ بۆیاخکراوەکەی.. دوو بەلەمی شکاوی بەجێماوی کۆنە بەندەرێك...). هەروەها بەردوەشاندنی کوڕەکە لە منداڵان.. (لەو ڕۆژەوەی کێشای بەبنگوێی مام خدری دراوسێیان).

ژ/٣٦٦- ١٩٧٧/٥/٤

## دەنگ و سیمای تایبەتی

دەنگ و سیمای تایبەتی، بەری ئەو ڕەنجە گران و زۆرەیە، کە نووسەر و هونەرمەند لە کۆڕی ئەدەب و هونەردا دەیدەن. زۆرن ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی، کە بەدرێژاییی چەندان ساڵ خۆیان ماندوو دەکەن و، سەدان لاپەڕە ڕەش دەکەنەوە و دەیان بەرهەمی جۆراوجۆر بەدەستەوە دەدەن و، دەیان هەزار کەسیش ئەو بەرهەمانە دەخوێننەوە، بەڵام کەمن ئەوانەی دەتوانن ببنە خاوەنی دەنگ و سیمای تایبەتیی خۆیان و وەهایان لێ بێ، کە لە کۆڕی ئەم جۆرە چالاکییەی ژیاندا، شوێنێکی تایبەتیی جودایان لەوانی تر هەبێ.

حەیدەر عەبدوڕەحمان لە ژمارەی پێشوودا، بەوتارێك لەم باسە گرینگە دواوە و ئەو ناوی بەخۆدۆزینەوە لە ئەدەبدای بردووە و دەڵێ: (خۆدۆزینەوە دوا قۆناغی تاقیکردنەوەکانی ئەدەبە و، لە ئەنجامی سەرەتایەکی مەوزووعی و، بەردەوامبوونێکی ئیجابییانەو، ئاکامێکی داهێنەرانە دێتە کایەوە). ئینجا زیاتر باسی خۆدۆزینەوەی تەکنیکی و ئایدۆلۆجی دەکا و، ئەگەرچی دەڵێ کە ئایۆلۆجیاکە لە (خۆدۆزینەوە تەکنیکییەکە جودایە)، بەڵام بەدوایدا دەڵێ کە کار ناکەنە یەکتر و، یەك بۆنی ئەوی تری لێ دێ.

ئەوی راستی بێ مەسەلە خۆدۆزینەوە نییە و، ناوبردنی ئەم باسە بەخۆدۆزینەوە لە جێی خۆیدا نییە، بگرە پتر پێکهێنان یا گەیشتن بە دەنگ و سیمای ئەدەبی و هونەریی تایبەتیی بۆ دەگونجێ. ئەوەتا خۆشی دەڵێ: (خۆدۆزینەوە لە شێوەدا، یا لە ڕووی تەکنیکی نووسینەوە، ناسینەوەی – دەنگ –ە). ئینجا ئەو لەوەدا حیسابەکەی لێ دەگۆڕدرێ، کە خۆدۆزینەوەی ئایدۆلۆجی (واتە ساغبوونەوە بەلای ئایدۆلۆجیایەکدا)ی تێکەڵاو دەکا. لێرەدا دەشێ ئەم خۆساغکردنەوەیە، یاریدەی نووسەر و هونەرمەند بدا، لەرووی پێکهێنانی دەنگە تایبەتییەکەیەوە (کە لە واقیعدا

هیچ نووسەر و هونەرمەندێکیش نییە، کە هەر تەواو لە ئایدۆلۆجیا رووت بێ). بەڵام زۆرن ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی بەدرێژاییی ژیانیان سەر بە ئایدۆلۆجیایەك بوون و، کەچی نەبوونەتە خاوەنی دەنگە تایبەتییەکە. ئینجا ئەگەر مەبەست لە دروستبوون و گەشەکردنی ئایدۆلۆجیایەك بێ، لە خودی مرۆڤی نووسەر و هونەرمەند خۆیدا سەبارەت بەژیان و بوون و نەبوون، کە دەگونجێ ئەم ئایدۆلۆژیا دروستبووەی لای خۆی، لەگەڵ هەر ئایدۆلۆجیایەکی تردا یەك بگرنەوە. کە ئەو وەختە دەشێ ئیلتیزامیشی تێ بکەوێ، ئەوا مەسەلەکە ئاساییە و بەباری راست و دروستی خۆیدا دەنوێنرێ. چونکە لەم حاڵەتەدا پێکهێنانی دەنگ و سیما تایبەتییەکە دەبێتەوە بەو شتەی کە لە خودی مرۆڤە نووسەر و هونەرمەندەکەوە، سەر هەڵدەدا و پێ دەگا . بەڵام بێگومان لە ئەنجامی چەندان هۆی کاریگەری خۆیی و بابەتییەوە، نەك لە پڕێکدا و لەخۆوە.

هەروەها پێکهێنانی دەنگی تایبەتی، تەواو بەندی توانای داهێنان و خوڵقاندنەو، پلە و بایەخیشی بەندی رادەی کاریگەرییانە. بە تەنیا بەرهەمێکی سەرکەوتووی ئەدەبی و هونەری، لە سنووری شێوە تەکنیکێکی زانراو و بارودۆخێکی ئاساییی ئایدۆلۆجیایەکدا، دەنگە تایبەتییەکە دروست ناکا و لەم حاڵەتەدا، تەنیا بەنووسەر یا هونەرمەندێکی سەرکەوتوو دادەنرێ، کە لە هەموو دەورووزەمانێکدا نموونەیان زۆرە. لە کاتێکدا داهێنەر و خوڵقێنەر بەو مانایەی ببنە خاوەنی دەنگی جودای خۆیان، شتی تازەی لەوەبەر نەزانراو لە تەکنیکدا و، بۆچوونی نوێی لەوەبەر زەفەرپێنەبراو لە ئایدۆلۆجیادا، بەدەستەوە دەدەن. دیارە ناڵێم خاوەن دەنگی تایبەتی، ئیستەرەم دەبێ فەیلەسووف بێ و، فەلسەفە و ئایدۆلۆجیایەکی جیا لەوەی هەیە دابهێنێ. نا. ئەمە کاری نووسەر و هونەرمەندی خاوەن دەنگی تایبەتی نییە. بەڵام دەبێ خشتێکی تری گەورە یا بچووك بنێتە، بان دیواری بینای شارستانێتی، لە بواری ئەدەب و هونەر و رۆشنبیریدا.

ئەوجا دەمێنێتەوە ئەوەی کە ئاخۆ، لەم پلەیەی مێژووی شارستانێتی یا لەو پلەیەدا، مرۆڤی نووسەر و هونەرمەندی خاوەن دەنگ و سیمای تایبەتی ئەم گەلە یا ئەویان، چۆنی بۆ هەڵدەکەوێ و چی بۆ دەلوێ و چەندی لەباردا دەبێ بیخاتە سەر بیناکە، ئەمەشیان لاباسێکە و لە سەرەکییەکە دەبێتەوە و، حیساب و کیتابی خۆی پێ دەوێ دیارە کەشتیش بەشتی ترەوە بەندە.

بەهەرحاڵ حەیدەر عەبدورەحمان بەو نووسینە کورتەی، دەستی بۆ باسێك بردووە کە گەلێ گرینگە و خۆشی دەڵێ (خۆدۆزینەوە زەوق و چێژێکی زاتی نییە، بگرە گۆڕانکارییەکی مەوزووعییە و، لە نەشونماکردن و قووڵبوونەوەی بیر و بیرکردنەوەی نووسەرەوە، ئەو چوارچێوە هونەرییە بەشێوەیەکی سروشتی دەخەملێت و، هەردووکیان دەبن بەتەواوکەری یەکتری). دەنا هەموو کەسێك دەیتوانی، (کن فیکون)ێك لە خۆی بکا و بەو ئامانجە بگا.

ژ/٣٦٧-١١/٥/١٩٧٧

## مۆنۆلۆجی ناوەخۆ لە چیرۆکی نوێی کوردیدا

لە نێوان ساڵانی هەردوو شەڕی گەورەدا، سێ چیرۆکنووسی مەزن لە هەموو جیهاندا ناوبانگییان بڵاو بووەتەوە و، بەپێکهێنانی رێبازێکی نوێ لە کۆڕی چیرۆکنووسیندا ناسراون، کە رێبازی شەپۆلی هۆش (تیار الوعي)یە. سێ چیرۆکنووسەکەش ئەمانەن: جیمس جویسی ئیرلەندی (١٨٨٢- ١٩٤١) و، فرجینیا ولفی ئینگلیزی (هەروەها ١٨٨٢-١٩٤١) و، ولیام فۆکنەری ئەمەریکایی (١٨٩٧-١٩٦٢). بێگومان پێش ئەمان گەلێ چیرۆکنووس بەشێوەیەکی ساکار و پێنەگەیشتوو، بێ ئەوەی خۆیان پێ بزانن یا مەبەستیان بووبێ، جاروبار لە بەرهەمەکانیاندا ئەم رێبازەیان گرتووەتەبەر، یا لەم شوێن و، لەو شوێنی بەرهەمێکیاندا پەیرەو کراوە. بەڵام لەلای ئەمان وەك رێبازێکی تایبەتی خۆی چەسپاند و، زۆربەی بەرهەمەکانیان لەسەر ئەم رێبازە دارێژراون. بۆ نموونە: رۆمانی (یۆلیسیس) و (فینیگاتزوێك)ی جویس و، (میسز دالوای)و (شەپۆلەکان)ی فرجینیا ولف و، (ئاژاوە و تووڕەیی) و (لە کاتی راکشانی سەرەمەرگمدا)ی ولیام فۆکنەر.

ئەم رێبازە بەوە بەناوبانگە، کە هەرچەندە دیوی دەرەوەی مرۆڤ لە هەڵسوکەت و کردار و رەفتاریدا ناخاتە پشتگوێ، بەڵام پتر بایەخ بەدیوی ناوەوەی دەدا و، شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناخی و، چیرۆکنووس لەگەڵ نواندنی کەسانی بەدیوی دەرەوەدا، جڵەویشیان بۆ شل دەکا کە بێ حیساب لەگەڵ خۆیاندا، لە هەست و نەست و راز و نیاز و خواست و ئاواتیان و.. هتد بدوێن، کە مرۆڤ ئاسایی ئەم بابەتە شتانە لە ناخی خوێدا حەشار دەدا و بۆ کەسیان دەرنابڕێ، چونکە لەگەڵ دەرەوەدا ناگونجێن، یا دژ بەیەکن، یا قەدەغەن، یا قابیلی بەدیهێنان نین، یا عەیبوعارن... هتد.

جا ئەم ڕێبازە کە هێندە بایەخ بەدیوی ناوەوەی بدا، دەبێ جۆرە تەکنیکێکیش بەکار بهێنێ، کە ڕێگەی گەیشتن بەئامانجی بۆ خۆش بکا و، کە دیارە تەکنیکی مۆنۆلۆجی ناوخۆ (واتە قسەکردن لەگەڵ خۆدا بەبێدەنگ) باشترینە. بۆیە نووسەرانی ئەم ڕێبازە ئەگەرچی گەلێ تەکنیکی جۆراوجۆریان بەکار هێناوە، بەڵام ئەمەیان لەلایان کاریگەرترینە و، زیاتر لەوانی تر پەنایان بۆ بردووە و بەکاریان هێناوە.

(ڕۆبەرت هەمفری) لە کتێبەکەیدا (شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێدا)، مۆنۆلۆجی ناوخۆ وەها پێناسە دەکا: (ئەو جۆرە تەکنیکەیە لە چیرۆکدا کە ناوەڕۆکی سایکۆلۆژیای شەخسیەت و کردارە سایکۆلۆژییەکانی پێشکەش دەکا، بێئەوەی لە هیچ ساتێکی ڕوودانیدا، پێش ئەوەی وەك دەربڕین پێبگاو دروست ببێ و بەئەنقەست قسەی لێوە بکرێ، بکاتە دەمودوو– ل٤٤). هەروەها مۆنۆلۆجی ناوخۆ دەکا بە دوو جۆر: مۆنۆلوجی ڕاستەوخۆ. لەبارەی ڕاستەوخۆوە دەڵێ: (ئەو جۆرە مۆنۆلۆجەیە کە بەیاخ بە وجوودی نووسەر ناداو، وەهاشی دادەنێ کە هیچ گوێگرێك لە کایەدا نییە– هەر ئەو لاپەڕەیە). بەم پێیە دەبێ بڵێین کە مەرجەکانی مۆنۆلۆجی ڕاستەوخۆ برێتین لە:

١– نەبوونی هیچ گوێگرێك گوێڕایەڵی ئەو قسانە بێ، کە کەسانی چیرۆك لەگەڵ خۆیاندا دەیکەن. واتە نەبوونی هیچ خوێنەرێکیش لە کایەدا، کەوا دابنرێ زانیاریی پێڕادەگەیەنرێ.

٢– حازرنەبوونی نووسەر، واتە خوێنەر کە ئەو خۆشی وا دادەنرێ لە کایەدا نییە و (بەڵام لە واقیعدا هەیە)، دەبێ لە خوێندنەوەدا هەست بەبوونی نووسەر نەکا، کە ئەمە پێی دەوترێ نەبوونی تەواوەتی نووسەر.

٣– دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکەی دەروون، دەبێ لەشێوەی لێشاو دابێ و، پێوەندییەکی بابەتیی توندیش، لە نێوان ئەو شتانەدا نەبێ کە دەیانڵێ و، دەبێ ئەم باس و ئەو باس و ئەم فیکرە و ئەو فیکرە بقرتێنێ.

بەناوبانگترین نموونە بۆ ئەم جۆرە مۆنۆلۆجە وەك ڕۆبەرت هەمفری باسی دەکا، دوایین (٤٥) لاپەڕەکەی ڕۆمانی (یۆلیسیس)ی جویسە، کە کات سەعات (٢)ی دوای نیوەشەو، (مۆلی بلۆم) لەناو جێگەدا ڕاکشاوە و، هاتنەوەی مێردەکەی بە ئاگای هێنا و، ئەو لە پاڵیدا ڕاکشاو نوست و، ئەم بە مۆنۆلۆژ لەگەڵ خۆیدا لە ناخدا، بە لێشاو و یەکژەمی و بێ ڕاوەستان دەدوێ و، ڕۆمانەکە بەدوا وشەی کۆتا دێ کە (بەڵێ)یە.

لەبارەی مۆنۆلۆجی ناڕاستەوخۆشەوە نووسیویە: (ئەو جۆرە مۆنۆلۆجەیەکە لە بری راناوی تاکی قسەکەر، راناوی نادیاری قسە لەگەڵدا کراوی تێدا بەکار دەهێنرێ. واتە بەپێچەوانەی راستەوخۆوە، ئینجا بەخوێنەر دەدا کە خۆشی و نووسەریش لە کایەدان. جگە لەوەی وەسفکردن و لێکدانەوە و، پێوەندیی نێوان شتەکان و یەکەتییان و هۆیەکانیان و هەستکردن بەواقیعی تێدا بەکار دەهێنرێ– ل/٤٩– سەرچاوەی پێشوو). واتە لەمیاندا نووسەر خۆی لە زمانی ناخی کەسەکەوە دەدوێ و شۆڕ دەبێتەوە بۆ قووڵاییی دەروونی و، ئەگەرچی زۆر بەوردی راز و نیاز و خواست و ئاوات و ئەو شتە نهێنییانەی دەخاتە ڕوو، کە حەشاریان دەدا و لە چاو و گوێی دەرەوەیان ون دەکا، بەڵام خوێنەر هەست بەوجوودی خۆی و نووسەر دەکا و، کەم و زۆر لێی بە ئاگایە.

ئەم جۆرە تەکنیکە لە هەموو پلەکانی پێشکەوتنی چیرۆکی کوردیدا، بەشێوە ساکارەکەی و بەتایبەتی لە شێوەی ساکاری مۆنۆلۆجی ناڕاستەوخۆ بەدی دەکرێ. بەڵام هێندەی تا ڕادەیەك لە هەردوو رووی چەندەکی و چۆنەکییەوە بەخۆ داهاتبێ و پەرەی سەندبێ، لەم سالانی دواییەدا بووە، واتە لە ساڵی (١٩٧٠)وە بۆ ئێستا. لەگەڵ ئەوەشدا کە لێ دەکۆڵینەوە و لە ئەنجامدا بەگشتی سەرنج دەدەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەگەرچی نموونەیەکی زۆرمان هەیە و، زۆربەی چیرۆکنووسەکان بەرهەمیان بەم جۆرە تەکنیکە هەیە، بەڵام بەشی هەرە زۆریان لە بابەتی مۆنۆلۆجی ناڕاستەوخۆن، کە نووسەر و خوێنەریان تێدا لە کایەدایە و حازرن، ئینجا چەند نموونەیەکی کەممان لەو بابەتە بەدەستەوە دەمێنێ، کە نووسەر و خوێنەریان بەتەواوەتی تێدا ونە و، شەپۆلی هۆشیان بەلێشاو تێدا پێشکەش دەکرێ و، بەباری جەنجاڵ و تێکەڵوپێکەڵی راستی خۆیدا لە ناخی قارەماندا قوڵپ دەدا و هەڵدەچێ، کە بەڕای من ئەم بابەتەیان لە رووی تەکنیکەوە، بالاترین و زەحمەتترینیانە و، هەر لەمیشیاندا ئەو راستییە دەنوێنرێ کە دەڵێ: (زەین یا هۆش کە بەردەوام و بەبێ ساتێك راوەستان لە چالاکی و گورجوگۆڵیدایە، لە توانادا نییە بزووتنی بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر یەك شت راگیر بکرێ، با زۆر بە توندیش هەوڵی ئەوە بدرێ–ل/٤٤– سەرچاوەی پێشوو). دیارە مەبەست لەو کاتانەیە کە مرۆڤ یا تەواو بەتەنیایە، یا لەگەڵ خەڵکی تردایە و ، بەڵام لە حاڵەتی بێدەنگیدایە و نەشنوستووە.

جا پێش ئەوەی بێمە سەر نموونەی چیرۆکی خۆماڵیمان، با چەند نموونەیەکی ئەم جۆرە تەکنیکە لە بەرهەمی داهێنەرەکانی بهێنمەوە. هەر رۆبەرت هەمفری خۆی بۆ

بـابـەتـی مـۆنـۆلـۆجـی راسـتـەوخـۆ، چـەنـد دێڕێکـی لـە (٤٥) لاپـەڕەکـەی (یـۆلـیسیس) هـەڵبژاردووە کە ئەمـانـەیە: (بـەڵێ هـیچ کـەسێ لـەمـەوبـەر قـەت شتی وای داوا نـەکردووە کە ئەو لەنـاو جێگەکەیدا بێت و خواردنی بـەیـانیی بخرێتە سەر کۆش و دوو هێلکەشی لەگەڵدا بێ لە ڕۆژانی ئوتێلی (چەکەکانی شار)ەوە فێری ئەم بەزمە بوو کە ڕادەکشا و خۆی نەخۆش دەخست و دەستی دەکرد بە ئاخ و ئۆئۆف بۆ ئەوەی پیرێژنە تێکقوپاوە میسز ریۆردان بەزەییی پێدا بێتەوە کە ئەم وای دەزانی قـەرزێکی بەسەریەوە هـەیە و کەچی چارەکە بنسێکیشی بۆ جێ نەهێشتین ئەمە هـەمووی لە پێناوی سەلاواتدانیدا بۆ خۆی و گیانی خۆی گەورەترین پیسکەیە و تا ئێستا خوڵقابێ لەوە سڵی دەکردەوە چوار بنس بۆ کڕینی شەرابەکەی سەرف بکا و دایم گیروگرفتی خۆی بۆ دەگێڕامەوە– ل/٤٥– سەرچاوەی پێشوو). (٤٥) لاپەڕەکە بەوە بەناوبانگە، کە بەهیچ جۆرێ نوقتە و فاریزە و کەوانە و داش و ئەم بـابـەتە شتانە، لە نێوان دێرەکانیدا نییە.

یا من بۆمۆنۆلۆجی ناڕاستەوخۆ کە نووسەر و خوێنەری تێدا حازرە، ئەم نموونەیە بە پەسندتر دەزانم کە ئەو بۆ مەبەستێکی تری هێناوەتەوە:

(میستەر بلۆم یەك یەك سەیری ناونیشانەکانی کرد. (زۆرداره مامناوەندییەکەن) بەقەڵەمی جیمس لافسبیرت. دەیزانم چ بابەتێکە. ئەم کتێبەت هەیە؟!. بەڵێ کردییەوە. وای بـەخـەیـاڵدا هـات. (دەنگی ژنێك لـەودیو پـەردە چڵکنـەکـەوە دەبیسم. پـیـاوەکـە).. بەپەنجە کەوتە خوێندنەوەی ئەو لاپەڕەیەی کەوتە سەرپشت. ل/٧٦– سەرچاوەی پێشوو). ئاشکرایە لێرەدا بلۆم لە کتێبخـانەکەیدایە وە دەیەوێ کتێبێك بۆ ژنەکەی بکڕێ و لەم بارەیەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوێ. بەڵام تۆ هەست دەکەیت کە جارجارە نووسەر قسەیەکی تێدا دەکا و، لەگەڵ مۆنۆلۆجەکەی بلۆمدا تێکەڵ دەبن و بەیەکدا دەچن.

بـەڵام بـۆ بـابـەتـی مۆنۆلۆجی نـاڕاسـتـەوخـۆ، بـا سەرنـج بـدەینـە ئـەم چـەنـد دێڕەی فرجینیا ولف لە ڕۆمانی (مسز دالوای)دا. (هەردەم بەم شێوەیە دەهاتە بەرچاو.. کاتێ لە دالتۆن هەلاتە دەرەوە بۆ هەڵمژینی هەوای پاك، جیرەیەکی لاواز لە جومگەکانەوە دەبیسرا.. بیتر والش.. ڕۆژێك لە ڕۆژان لە هیندستانەوە دێتەوە، یۆنیۆ یا یۆلیۆ، لە بیری نەماوە چونکە نامەکانی هێجگار دڵ دەگوشن. هێندەی مرۆڤ لە بیری بمێنێ وەهـای وت. لەسەر کەنارەکە کەمێ ڕاوەستا. چاوەڕوانی پەڕینەوە دەکا، چونکە نیشتەجێبوون لـە ویستمـنستـەردا، لـە نـاوجـەرگـەی قـەڵـەبـاڵغیشدا مـرۆڤ وا لـێ دەکـا تـووشی جـۆرە ڕاوەستانێك ببێ کە وەسف ناکرێ.. چەند گەوجین.. ل/٩٥). بێگومان دەبینین کە

لێرەدا بەردەوام نووسەر خۆی دەوێ، بەڵام لە زمانی ناخی قارەمانی ڕۆمانەکەوە. واتە نووسەر لێرەدا ئاگای لە ورد و درشتی هەست و نەستی شاراوەی قارەمانە و، لە سات بەساتیدا دەری دەبڕێ.

ئێستا دێمەوە سەر چیرۆکی خۆمان و دووپاتی دەکەمەوە، کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەرهەمانەی تەکنیکی مۆنۆلۆجی ناوەخۆیان تێدا بەکار هێنراوە، بابەتی مۆنۆلۆجی ناڕاستەوخۆیە و، بەڵام بێگومان لە شێوە سەرەتاییەکەیدا. بۆچی شێوەی سەرەتاییە؟!. با روونی بکەمەوە.

ئێمە لە پێناسەی رۆبەرت هەمفرییەوە بۆمان دەردەکەوێ، مۆنۆلۆجی راستەقینەی ناوەخۆ ئەوەیە، کە ئەو شتانەی لە ناخی قارەماندا دەوترێن نەگەیشتبنە رادەی ئەو پێگەیشتنەی بووبن بەقسە و بتوانرێ بەزمان دەرببڕدرێن. واتە لە ناخدا لە پلەی پێش قسەکردندا بن (کە ئەمە ئەوی راستی بێ تەنیا کۆششێکی سەختە و نووسەر بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو حاڵەتەدا دەیکا، دەنا هیچ هێزێك نییە و بابڵێین تا ئێستا نەبووە، کە بتوانێ لە ڕێگەی زمانەوە.. لە ڕێگەی وتە و رستەوە ئەو حاڵەتە بخاتە ڕوو چونکە هەرچی بکا هەر دەبێ پەنا بەرێتە بەر زمان. کە پەناشی بردە بەر زمان، مانای ئەوەیە ئەم (نووسەر) لەبریی قارەمانەکە، شتەکانی گەیاندە رادەی پێگەیشتنێکی ئەوتۆ، کە بەقسە بتوانرێ بوترێن و بخرێتە سەر کاغەزیش!).

باشە.. کەوابێ کێشەکە کۆششە سەختەکەی نووسەرە و رادەی سەرکەوتنی. جا منیش هەرئەمەم مەبەستە، کاتێ کە دەڵێم سەرەتاییە. چونکە چیرۆکنووسەکانمان ئەگەرچی بەدەیان بەرهەمیان هەیە، کە تەقەلایان داوە خۆیان ون بن و، خوێنەر و گوێگر لە کایەدا نەبن و قارەمان بۆ خۆی و تەنیا بۆ خۆی بدوێ، کەچی هەست دەکەین بە (مەنتیق) و بەزنجیرەیەکی ڕێکوپێك و، بەوپەڕی ئاگایی و هۆشیارییەوە دەدوێن و، شتەکانی ناخیان وەها دەردەبڕن، کە هەموو تەواو پێگەیشتوون و بوونەتە قسەی تەواو و، خوێنەر لەلای خۆیەوە بەئاسانی هەست بەوە دەکا، کە نووسەرێك لە کایەدایە و ئەو کەسەی ناو چیرۆکەکەی هێناوەتە بەردەمی ئەمی خوێنەر تا قسەی بۆ بکا. بۆ نموونە: لەتیف حامید لە چیرۆکی (بەشێك لە داستانی سواڵکەرە بەناوبانگەکە)دا[١] وەها دەست پێ دەکا: (ئەو داستانەی کە نەنکم چێژی هۆشمی پێ دابوو، وەکو زالوو چەپکی رۆشنایی لە هەستم ئەچنی..). یا تاهیر ساڵح سەعید لە چیرۆکی (کاتێ لەیەك ناگەین)دا[٢] دەڵێ (قینی لێمە؟!. تۆ بڵێیت وابێ؟!. ئەی کەوایە بۆ بێ هۆ ئارام ناگرێت

گەر ڕۆژی چەند جارێك نەنێرێ بەدواما). یا عەبدوڵڵا سەڕاج لە (خۆراك)دا[٣]. نووسیویێتی: (سەرنجی جلوبەرگەکەیم دا. هەرچەندەش پانتۆڵەکەی لە ڕەنگی چاکەتەکەی بوو، بەڵام نەشازییەکم تێدا بەدی نەکرد). یا کاکەمەم بۆتانی لە چیرۆکی (سێبەری بەر سەنگەری مەرگ)دا[٤]. دەڵێ: (لەناو دارەمەیتێکدا خۆم بەدی دەکەم. مەیتەکەم لەناو قەفەزێکی گەورەی لە شووشە دروستکراودا دیت. قەفەزەکە چواردەورەی بەخەڵکی گێژۆکە چنرابوو). یا سەڵاح شوان لە چیرۆکی (لاسارێك لە کاروانە وێڵەکە)دا[٥]، وەها دەست پێ دەکا: (هەنگاوم ئەنا و بیرم لە شوێنێکی تر بوو. دوێنێ زیاد لە پێویستم خواردەوە. لە ناکاوێکدا سەیری ئەولا و ئەولای خۆم کرد). یا سەدرەدین عارف لە (گەشتێك)دا[٦]، کە دەست پێ دەکا دەڵێ: (لەشم تۆزێ گران بووبوو. مێشکیشم زۆر وڕ بووبوو. پۆلیسێك لەولاوە لەسەر سنووقێك دانیشتبوو). یا محەمەد موکری لە (مرد عەسکەریشی نەکرد)[٧]دا، دەتوانین بڵێین لە شێوەی مۆنۆلۆج لەناو مۆنۆجدایە.

لەلای هەموویان قارەمانی چیرۆك، خۆی بۆ خۆی دەدوێ. واتە چیرۆکەکان تەکنیکی مۆنۆلۆجی ناوخۆیان تێدا بەکار هێنراوە، بەڵام کە دەیانخوێنیتەوە لەگەڵ دێر بە دێردا لەوە بە ئاگایت، کە نووسەرێك ئەم قارەمانەی لێ هێناویتە زمان و، کارەسات و بەسەرهاتی ژیانی خۆیت بۆ دەگێڕێتەوە. یا ئەگەر نووسەریشت لە بیربچێ، تۆ دەزانیت قارەمانە ئەگەرچی لەبەر خۆیەوە بۆ خۆی دەدوێ، بەڵام بەئەنقەست وادەکا تا تۆ گوێت لێ بێ و، ئەوەی دەیەوێ پێتی رابگەیەنێ. لە کاتێکدا مۆنۆلۆجی راستەوخۆ وات لێ دەکا. کە بەهیچ کلۆجێ هەست بەوە نەکەیت و، خۆت لە ناخەوە تەواو باوەڕ بەوە دێنیت، کە ئەو قارەمانەی بۆ خۆی دەدوێ، نە کەسێك هێناوێتییە زمان و نە مەبەستیشێتی، شتێك بۆ تۆ ڕابگەیەنێ و گوێی لێ بگریت. واتە دەتوانم بڵێم کە مەسەلە دەگەڕێتەوە بۆ کۆششە سەختەکەی نووسەر، کە ئەگەرچی لە سەرەتادا تۆ دەزانیت شتێك دەخوێنیتەوە، کە ئەو بەدەست و قەڵەمەکەی خستوویێتییە بەرچاوت، بەڵام کە دەیخوێنیتەوە دەتخاتە حاڵەتێکەوە کە لەگەڵ قارەمانەکەدا تێکەڵ بەیەکتر دەبن و، ساتێك وا دەزانیت خۆتی قسە دەکەیت و لەگەڵ خۆتدا دەدوێیت، چونکە تۆش وەك هەر مرۆڤێك سەدان جار و بگرە هەزاران جار، کەوتوویتە ئەو بابەتە حاڵەتەوە و بەسەرت هاتووە. خۆ تۆ بێگومان لەو ساتەدا قسەکانت مەبەست نابێ، کە داخۆ کتومت وەك هینەکانی خۆتن یان نا؟!. بگرە گرینگ حاڵەتەکەیە کە تێوەی

گلاویت. جا ئا ئەمە لەو چیرۆکانەدا کە ناوم بردن ونە و، قارەمانەکان ڕێکوپێك و بە (مەنتیق) قسە دەکەن و، بەزنجیرە و لە ئاگەداری و ئیدراکەوە دەدوێن و، ئیتر تا لە خوێندنەوەیان دەبیتەوە، ناکەوێتە ئەو حاڵەتی تێکەڵاوبوونەوە.

هەر لە بابەتی مۆنۆلۆجی ناوەخۆی ناڕاستەوخۆ، نموونەی زۆری ترمان هەیە کە تێکەڵە لە قسەکردنی کەسان لەگەڵ خۆیاندا و، بەیناوبەین قسە تێداکردنی نووسەر. محەمەد ڕەشید فەتاح لە (وەستان لەسەر یەك قاچ)[٨]دا، لەگەڵ قارەمانەکەیدا بە مۆنۆلوجی ناوەخۆ دەست پێ دەکا، تا دەیگەیەنێتە ناو چاخانەیەك و، ئیتر خۆی دەکەوێتە گێڕانەوەی کارەسات. یا ڕەئووف بێگەرد لە (لە فەرهەنگی ئارەزووی ئەم شارەدا)(٩) هەروەها تا نیوەی چیرۆکەکەی، قارەمان کە کچێکە لە باخچەی ماڵەکەدا دانیشتووە و بۆ خۆی دەدوێ، ئینجا لەوە بەدواوە نووسەر دێتە کایەوە. یا ڕەئووف حەسەن لە (ئاه و نزوولەکانی کچێکی سەروعوزرشۆر)[١٠]دا، پەرەگرافێك قارەمان دەدوێ و، یەکێکی تر نووسەر گفت دەدا. یا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە (ئەنجامی پەیامێکەوە)(١١)دا، تێهەڵکێش دەمێ نووسەر وەسفی کارەسات دەکا و، دەمێ قارەمان بەناخ لەگەڵ خۆیدا دەدوێ، بەتایبەتی کە لە حاڵەتی گرفتێکی دەروونیدایە و، لە نێوان ئا و نەء دا دێ و دەچێ و دوودڵ و ڕاڕایە، کە بێگومان ئەم جۆرە تەکنیکە (مۆنۆلۆجی ناوەخۆ)، پتر دەگونجێ و، لە نواندنی کەسانی دەروون بەگرفت و هەژاردا بەکارترە.

دواجار بابەتێکی تری مۆنۆلۆجی ناوەخۆی ناڕاستەوخۆ ئەوەیە، کە نووسەر خۆی دەچێتە قووڵاییی دەروونی قارەمانەوە و، لە بریی ئەو دەدوێ و هەست و سۆز و خواست و نیاز و شتە نهێنییەکانی لە ڕوو دەخا. بۆ نموونە: لە چیرۆکێکی خۆمدا (مرۆڤە جەنجاڵەکە)[١٢] لە چاپتەری (خەو)دا کە قارەمان لە حاڵەتی زیندەخەونێکدایە، (بۆ ناو دۆڵێکی هەزاربەهەزار دائەکشا. هەر دائەکشا و نەئەکەوتە سەرزەوی. بەرەو ئاسمانێکی بێ بن هەڵئەکشا. هەر هەڵئەکشاو نەئەگەیشتە بنمیچی. جارێك و دووان و سیان داکشاو هەڵکشایەوە. هەڵکشاو داکشایەوە. بێزاربوون. وای هەست کرد تەشقەڵەی پێ ئەکرێ. ڕوانییە بەرەوخوار. ملیۆنەها ریزەدانی ژەنگاوی لە ڕوویا ریچ ئەبوونەوە. سەرنجی دایە بەرەوژوور. ملیۆنەها زمانی ڕەش بەرەوڕووی فیشکەیان ئەکرد. تووڕە بوو. خۆی ڕاپسکاند. پەلەقاژەی کرد..) تا چاپتەرەکە وەها کۆتایی دێ: (.. شالاویان بردە سەر. ویستی دەرباز بێ. نەیتوانی. هەڵواسرابوو. لەنێوان دۆڵی هەزاربەهەزار و ئاسمانی بێ بندا هەڵواسرابوو. خۆی گرمۆڵەکرد.).

بەڵام بۆ مۆنۆلۆجی راستەوخۆ، چیرۆکی (زەرد، سوور، سەوز، شین)[١٣]ی لەتیف حامید نموونەیەکی چاکە. چیرۆکەکە وەها دەست پێ دەکا: (باخچەکە رازابووەوە. تۆزێ شڵەژام. بلیتەکەم دەرکرد: مێزی خەبات، رووم تێ کرد. دانیشتم. چاوێکم بەدەوری خۆمدا گێڕا. تەریقەوە بووم. خۆزگە نەهاتمایە. پیاو ئەبێ پێش هاتنی بۆ شوێنی ئاوها خۆی باش رێك بخات..). بێگومان دەستپێکردنەکە بەم جۆرە، تەواو مانای مۆنۆلۆجی راستەوخۆ ناگەیەنێ. چونکە کە دەڵێ: (باخچەکە رازابووەوە. تۆزێ شڵەژام. بلیتەکەم دەرکرد. (مێزی خەبات). رووم تێ کرد. دانیشتم). هەڵسوکەوتی دەرەوەیە نەك ناخ. بەڵام ئەگەر لەوساتەوە دەستی پێ بکردایە، کە لەسەر مێزەکە دانیشتووە و کەوتووەتە قسەکردن لەگەڵ خۆیدا، ئەو کەلێنەی تێ نەدەکەوت. بەهەرحاڵ لەوە بەدواوە دەخوێنینەوە، کە قارەمانی چیرۆك لەسەر مێزەکە دانیشتووە و وا تێ دەگەین، کە کچێك دێ و لەگەڵیدا دادەنیشێ و، ئەم قسەی بۆ دەکا و دەیدوێنێ. بەڵام کچە بێدەنگە و بەهیچ کلۆجێ ورتەی لێوە نایە. تەنانەت ئەگەر پرسیاریشی لێ بکا ئەم (قارەمانی چیرۆك)، چاوەڕوانی وەڵامی لێ ناکا: (بۆچی سەرت دائەخەیت؟!.. لە بیرتە ئەو ساڵەی پێکەوە لە سینەما بووین؟!..). یا کە داوای لێ دەکا کردارێ بکا، لەسەری ناوەستێ و هەر دەدا بەدەمییەوە: (بۆ ناچیتە دەرەوە دەستێك بە دەموچاوتا بهێنی..) بەمانەداو بەشێوەی قسەکانیدا بۆمان دەردەکەوێ، کە کچەکە لەسەر مێزەکە وجوودی نییە، بگرە رەمزێکە و قارەمان شتەکانی ناخی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێ و، بەهۆی ئەوەوە دەری دەبڕێ و، دیارە هەر بۆ خۆیشی دەردەبڕێ. واتە کەسێك لە کایەدا نییە گوێڕایەڵی بێ، تەنانەت هەست بەبوونی نووسەریش ناکەین، تەنیا لەو سەرەتایەدا نەبێ کە دوای ئەوە لە بیر دەچێتەوە. ئەمە جگە لەوەی هەر بەمۆنۆلۆجی ناوەخۆ، لە کاتێکدا لەسەر مێزەکە دانیشتووە و لەگەڵ خۆیدا دەدوێ، لە کارەساتەکانی دەوروپشتی خۆیشی ورد دەبێتەوە و ئەوەی دەیبینێ، بەکێشی دەکاتە ناو دەروونییەوە و، بەمۆنۆلۆجی ناوەخۆ لەبارەیانەوە دەدوێ. بۆ نموونە دەڵێ: (ئەم لافیتەیەم پێ ناخوێنرێتەوە. باران شێواندوویەتی. هەموو شتێك بەپێی پرۆگرام دەڕوا. هەندێکیان دەمی خۆیان ئەلێسنەوە. بۆ شیلەی هەنگوین دەگەڕێن. چاوەکانت وەك هەنگوین پڕ لە شیلەن...).

هەروەها چیرۆکی (دەنهێڵ و شتی تریش)ی[١٤] دڵشاد محەمەدئەمین، نموونەیەکی ترە بۆ بابەتی مۆنۆلۆجی ناوەخۆی راستەوخۆ، کە برێتییە لە قسەکردنی قارەمان

لەگەڵ خۆیدا بەناخ، بێ ئەوەی هەست بکرێ کە نووسەر و خوێنەر لە کایەدان. کە دەست پێ دەکا دەڵێ: (ئەم وەڕسییە چییە؟.. ئەم بێزارییە بۆ؟!.. ڕەنگە هۆی.. ئا.. مەعنای تیا نییە.. کتێب.. نەخێر زۆر زۆر حەزی لەم بابەتە کتێبانە نییە. خێرا بیگرە. ناونیشانێکی تری خوێندەوە. (لەزەتی داوێنپیسی). ئەمە بۆ ئەو باشە. با سەیر کەین. دەفتەر.. خوێندنەوە.. نووسین... بیرکردنەوە.. بگرەوبەردەی ئەم جیهان و خەڵکە.. ئینجا بیروهۆشی قارەمان هەرچەندە پتر دەئاڵێتە کرێنی دوو جگەرەی دەنهێڵ، بەڵام بەدەمییەوە لەگەڵی قسەو باس و فیکرەی جیاجیا و جۆراوجۆر دەدوێ و، لەمیانەوە دەچێتە سەر ئەویان لەویانەوە بۆ یەکێکی تریان، کە بەمە زیاتر لە چیرۆکەکەی لەتیف حامید بچڕبچڕی و خێراییی گواستنەوەی لەم شتەوە بۆ ئەو شت تێ دەکەوێ. واتە زیاتر حاڵەتی لێشاوی گفتوگۆکردنی لەگەڵ خۆدا تێدایە و، شێوەی شەپۆلی هۆش دەنوێنێ. هەروەها بۆ نموونەی تری ئەم بابەتە مۆنۆلۆجە، دەتوانم ئیشارەتێکیش بە چیرۆکەکەی خۆم (بەیەکداچوونی شتەکان)(١٥) بدەم، کە قارەمان بەشێوەی راناوی قسەکەر و لە حاڵی حازردا، بەدەم شەپۆلی هۆشی خۆیەوە دەدا و، یەکژەمی دەدوێ و کوتوپڕ باس و خوازەکانی ناخی خۆی، بەخۆی رادەگەیەنێتەوە.

من دەزانم ئەم باسە زۆری بەبەرەوە هەیە و، ئەگەر یەکێك خۆی بۆ تەرخان بکا و دوای بکەوێ، لێکۆڵینەوەیەکی فراوان و بەنرخی لێ پێك دەهێنێ. ئەوەی من لێرەدا کردوومە، دەتوانم بڵێم هەروا ئیشارەتدانە بەبایەخی باسەکەوە، ڕوونکردنەوەیەکی گشتییە. یا بابڵێین دەستنیشانکردنی پرۆژەی لێکۆڵینەوەیەکی فراوانە. دیارە من دەستم بۆ تەنیا چەند نموونەیەکی چەند چیرۆکنووسێکمان بردووە، کەدەشێ چ ئەم چیرۆکنووسانە خۆیان و، چ ئەوانەی بەرهەمیانم بەم سەرپێییە نەکەوتە بەردەست، نموونەی چاکتر و گونجاوتریان بۆ باسی لێکۆڵینەوەکە (مۆنۆلوجی ناوەخۆ) هەبێ و، ئەوەی دێ بەدوور و درێژی و بەوردی لێ دەکۆڵێتەوە، دەتوانێ دەستیان بخاتە سەر.

بەڵێ: لێکۆڵینەوە جگە لە توانا و بەهرە و شارەزایی، پێویستی بەسەبر و تاقەتی گەڕان و پشکنینیش هەیە، بەدوای نموونە و سەرچاوەدا.

پەراوێزەکان :

١- گۆڤاری بەیان- ژ/٦- ١٩٧٢.

٢- کۆمەڵە چیرۆکی (لە گەرووی مەرگەوە)

٣- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٢٢- ١٩٧٤/٦/٢١.

٤- کۆمەڵە چیرۆکی (سمکۆڵی ئەهریمەن)

٥- ڕۆژنامەی هاوکاری- ژ/٥- ٦/شوبات/١٩٧٠.

٦- بەیان- ژ/٥- ک٢/١٩٧١.

٧- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٤- ١٩٧٣/١٢/٢١.

٨- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٢- ١٩٧٣/١٢/١.

٩- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٤٤، ٤٣- ١٩٧٥/٩/٢١.

١٠- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٣- ١٩٧٣/١٢/١١.

١١- کۆمەڵە چیرۆکی (دەستی ئۆخەی).

١٢- نووسەری کورد- ژ/٨- مایس/١٩٧٣.

١٣- بەیان- ژ/٩-١٩٧٣.

١٤- بەیان- ژ/١٥- ١٩٧٤.

١٥- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٥٦، ٥٥- ک٢/١٩٧٧.

هاوکاری ژ/٣٥٧، ٣٥٨، ٣٥٩- ٢، ٩، ١٩٧٧/٣/١٦

# حەسەنی قزڵجی لە (پێکەنینی گەدا)دا

**کورتە پێشەکییەك**

بێگومان ئەدەبیش وەك هەر چالاکییەکی تر لە ژیانی ئادەمیزاددا، لە چینایەتی و بەیەکدادانی چینایەتی بەدەر نییە. بەردەوام ئەدەب هەبووە و هەیە لە خزمەتی چینە چەوسێنەرەکاندایە و، هەبووە و هەموو کات بەپێچەوانەوە. سا هەر لەم باری سەرنجەوەیە کە دەوترێ: هەر نووسەرێك خۆی بیەوێ یا نەیەوێ.. مەبەستی بێ یا نا.. لە خۆی ئاگەدار بێ یا بێ ئاگا، بەرهەمەکەی لە ئەنجامدا خزمەتی یەکێ لە چینەکانی کۆمەڵەکەی دەکا و، بۆ سوود و بەرژەوەندیی ئەو دەجەنگێ. واتە دەبێتە ئاوێنەی ڕێبازی ئایدۆلۆجیی ئەو و، لە کۆڕی پێکدادان و زۆرانبازیی نێوان چینەکانی ئەو کۆمەڵەدا دەبێتە چەکێکی کاریگەر. ئەم تیۆرە کە پوختەی بیروڕای ئایدۆلۆجیایەکی تایبەتین و، بنچینەی هەڵوێستین سەبارەت بە ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری، بەلای منیشەوە ڕاست و دروستە و، تاقیکردنەوەکانی ڕابردوو و ئێستای ژیان لەم مەیدانەدا دەیانسەلمێنێ.

(پێکەنینی گەدا)کەی حەسەنی قزڵجی، ئەدەبێکی بەم مانایە چینایەتییە. ئەدەبێکە کە نووسەرەکەی بە ئاگا و هۆشەوە و بەهۆشیاری، بەپێی نەخشەی ڕێبازێکی ئایدۆلۆجیی تایبەتی و، بۆ ئامانجێکی چینایەتی نووسیویێتی. واتە ئامانجی پشتگیریکردنی چینێك و، بەگژداچوونی چینێکی تر. ئەو دوو چینە کامانەن؟. یەکەمیان: چینی چەوساوەکانە.. چینی زەحمەتکێشانی لادێ. دووەمیان: چینی چەوسێنەرەکانە.. چینی دەرەبەگ و لەگەڵیدا ڕژێمی کۆنەپەرست بە داوودەزگاکانییەوە. ژمارەی ئەو چیرۆکنووسانەمان کە لەبارەی زەحمەتکێشانی لادێ و، ژیانی سەخت و کولەمەرگیی پڕ لە کوێرەوەرییان و، زۆر و جەور و ستەمکاریی بازرگانە سووخۆرە چاوچنۆکەکان و، ناپاکی و بێویژدانیی کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانەوە بەرهەمیان بەدەستەوە داوە کەم نین. بگرە دەتوانم بڵێم زۆرن و، بەشێکی گەورەی بەرهەمی چیرۆکیشمان، بەتایبەتی لە پلەی دووەم و سێیەم (١٩٣٩– ١٩٦٠)دا لەم بابەتانەیە. بەڵام کەسیان وەك حەسەنی قزڵجی، شارەزاییی ورد و تاقیکردنەوەی زیندووی ڕاست و، ئاگەدارییەکی زیرەکانە لە نزیکەوە لەم باسە

نەدواون. هۆی ئەمەش ئاشکرایە. ئەوان وەك ڕۆشنبیرێکی مووچەخۆری بچووك یا گەورەی میری، ماوەیەکی زۆر یا کەمیان لە لادێدا بەسەربردووە. دڵسۆزی و دڵپاکی و هەستی مرۆڤایەتی و، رادەی تێگەیشتن و دواجار مەبەست و ئامانجی سیاسی جووڵاندوونی... یا بابڵێین لە ناخەوە هەژاندوونی و، دەستیان داوەتە قەڵەم و ئەو چیرۆکانەیان هێناوەتە بەرهەم. بەڵام ئەم لە پاڵ ئەو خاسیەتەی ئەوانیشدا، لە شارەزاییەکی وردی تایبەتیی خۆیەوە سەبارەت بەپێچوپەنا و بنجوبناوانی باسەکە، دەستی داوەتە قەڵەم و ئەم (پێکەنینی گەدا)یەی هێناوەتە بەرهەم.

## چیرۆکەکان لە چی دەدوێن؟

هەر چواردە چیرۆکەکەی (پێکەنینی گەدا)، تێکرا لەم باسانە دەدوێن:

١– زۆر و جەوری ئاغا و دەرەبەگەکان، دژی زەحمەتکێشانی لادێ.

٢– رژێمی کۆنەپەرستی پاڵپشتی ئاغا و دەرەبەگ و، زۆر و جەوری داوودەزگاکانی.

٣ – بازرگانە چاوچنۆکەکانی ناو شار و، هاوبەشیکردنیان لەگەڵ ئاغا و دەرەبەگ و کاربەدەستانی کۆنەپەرستدا، لە چەوساندنەوەی ئەو زەحمەتکێشانەدا.

٤– ریسواکردنی فرتوفێڵی هەندێك شێخ و مەلا و دەروێش و، بازرگانیکردنیان بەدینەوە.

٥– ریسواکردنی رەوشت و رەفتار و دابوونەریتی پڕوپووچی کۆنەپەرستانەی ناو کۆمەڵ و بەتایبەتی لە لادێدا.

٦– بەرامبەر بەمانە، لە رووخستنی ئەو ئازار و ئەشکەنجە و برسیێتی و سەرگەردانییەی، کە لەژێر سایەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستیدا، تووشی جووتیاران و زەحمەتکێشانی لادێ دەبێ.

ناوەڕۆکی هەر چواردە چیرۆکەکە، لە سنووری ئەم باسانەدایە. بەڵام وەك وتمان بەشارەزاییەکی باشی هەموو کون و قوژبنێکی ژیانی لادێوە و، لە تاقیکردنەوەیەکی ڕاستگۆ و تێگەیشتنی وردەوە، لەبارەیانەوە دەنووسێ و بەخوێنەریان دەسەلمێنێ، کە هەر ئەمەش دەبێتە نیشانەی هەرە دیار و ئاشکرای بەرهەمی، لە کۆڕی چیرۆکنووسیندا. لە چیرۆکی (پێکەنینی گەدا)دا، حەمەرەشی جووتیار تووشی نەهامەتی دێ و هیجرەت بۆ شار دەکا. ئەم هیجرەتکردنە بۆ شار ڕزگاری ناکا و

لەوێش نەهامەتییەکەی پێوە لکاوە. لە ئەنجامدا ناچار دەبێ دەست بکاتە گەدایی. هەر ئەم هیجرەتکردنەی جووتیاران بۆ ناوشار، لە (شەهیدی زوڵمە و کفن و شۆردنی ناوێ) و (نە دیداری حاجی و نە خەوی مزگەوت)دا باس دەکرێتەوە، کە ئەنجامی (هەیاس)ی وەرزێر مردنێکی بەجەخار دەبێ و ئەنجامی (بایز)یش پاشگەزبوونەوە و بڕیاردانی گەڕانەوەی بۆ لادێ. نووسەر لە هەرسێ چیرۆکەکەیدا دەیەوێ ئەوەمان پێ بسەلمێنێ، کە لەژێر سایەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستیدا، چەوساوەکان ڕوو لە هەر کوێ بکەن، هەر چەوساوەن و هەڵهاتن بۆ ناو شارەکان، لە زوڵم و زۆر ڕزگاریان ناکا. ئەمە لە کاتێکدا کە جۆری تێڕوانینی باسەکە لە چیرۆکی سێیەمیدا (نە دیداری حاجی و نە خەوی مزگەوت)، جیاوازە لە دووانەکەی تر. چونکە لەمیاندا بایز لە ڕووی دەرامەتی ژیانەوە بەمەرام دەگا، بەڵام لە ڕووی سۆزەوە تووش دێ. واتە هێنانی ژنێکی تر بەفیتی حاجی ڕەحیمی بەدین و تێکچوونی وەزعی ماڵەوەی. (لەعادەتی بازاڕ)دا، عەبدولقادر ئەفەندی بازرگانێکی پیسکەی چاوچنۆکە و، بەهەر فرتوفێڵ و ناپیاوی و نامەردییەك بێ، پارەکۆکردنەوەی مەبەستە و هیچی تر. لە (لە سەرفترە) و (چای دیوەخان)یشدا، هەروەها ئەم باسە دێتەکایەوە و دەتوانم بڵێم کە (سەرفترە)، وێنەیەکی کتومتی (عادەتی بازاڕە) و چیرۆکنووس دەبوو یەکێکیان بەلاوە بنێ. بەڵام لە سێیەمیاندا (چای دیوەخان)، لەبارێکی تری زۆر جیاوازدا لە باسەکە دەدوێ. لەویاندا (عادەتی بازاڕ)، بازرگانە پیسکە چاوچنۆکەکە تا سەر بەبازرگان دەمێنێتەوە. کەچی لەمیاندا بەرگ دەگۆڕێ و دەبێتە دەرەبەگێك. واتە جێگەگۆڕکێ لە چینێکەوە بۆ ڕیزی چینێکی تر. لە بۆرجواوە بۆ دەرەبەگ. بێگومان ئەم جۆرە بۆچوونەی چیرۆکنووس، لە ڕووی ئایدۆلۆجییەوە (لە چوارچێوەی گشتیدا)، ئەو هەڵەیەی تێدا دەبینرێ کە بۆچوونێکی ئاوەژووە، چونکە ڕاستترە و گونجاوتر ئەوە دەبوو، کە ڕەحمان ئاغای دەرەبەگ لە ئەنجامدا، بووبووایە بەمیرزا ڕەحمانی بازرگان نەك بەپێچەوانەوە. بەهەرحاڵ چیرۆکەکە لەو مەغزا سەرەکییە بەدەر نییە، کە ئاغا میرزا ڕەحمان بازرگانێکی بۆرجوا بێ یا ئاغایەکی دەرەبەگ، هەر زۆردار و چەوسێنەری خوێنمژی زەحمەتکێشانە و جیاوازییەکەی تەنیا هێندەیە کە بوترێ: میرزای بازرگانی پیسکە و چاوچنۆك. کە دەبێ بەڕەحمان ئاغای دەرەبەگ، ئەو هەموو چاخواردنەوەی دیوەخانەی بەلاوە نابەجێ دەبێ، لە کاتێکدا ئەمە بەلای دەرەبەگێکی ڕەسەنەوە، نیشانەی سەروەری و دەسەڵاتدارییە.

لە (بیهێنە ئەمما ناوی مەبە) و (ئاغا وەجاخی ڕۆشنە)دا، ئەگەر بەدیوی نادیاردا مەبەست هەر لە زۆر و جەور و ستەمکاریی دەرەبەگەکان بێ، بەدیوی ئاشکرادا نیاز لە گاڵتەپێهاتن و ڕیسواکردنی لافلێدانی زەبروزەنگ و دەسەڵاتداری و کەشوفشیانە، کە ئەمە بەلای منەوە سەرنجێکی وردی هۆشیارانەیە سەبارەت بەئەرکی سەرشانی ئەدەب، وەختێك دەکرێتە چەکێکی بایەخدار لە کۆڕی خەباتدا دژی دوژمنە زۆردارەکان. بەڵام من لێرەدا بەپێویستی دەزانم بڵێم: ئەو دوو وێنە کاریکاتێرییەی، کە حەسەنی قزڵجی لەم دوو چیرۆکەدا ویستویێتی بیانخاتە پێش چاو، وەختێك تەواو کاریگەر و لە پۆپەدا دەبوو، کە هەردوو ئاغای ناو هەردوو چیرۆکەکەی، وەها دەستەوستان و بێوەی نەنواندایە، بەتایبەتی لە هەڵوێست و کرداریاندا بەرامبەر جووتیارە زەحمەتکێشەکان. (لە خەمڵی پەمۆ و نوشتەی ئامینە خان و هێلکەی هادی خانی و قورئانخوێندن لە جیاتیی پارەی بەرتیل)دا، دەرەبەگ و جەندرمە و شێخ و مەلا چوارقۆڵی، دەنیشنە گیانی جووتیارە هەژارەکان و دەیانچەوسێننەوە. هەر لەم چوار چیرۆکەشدا، مرۆڤی بەگژداچوو توندوتیژتر دێنە کایەوە و بەربەرەکانی دەکەن. بەتایبەتی لە (هێلکەی هادی خانی)دا کە سەرهەڵدانی ئەفەندییە ڕۆشنبیرەکانی شار، لێرەدا مەغزایەکی تایبەتی دەگەیەنن و ئیشارەتدانێکی هۆشیارانەیە بەو دەورەی لێیان چاوەڕوان دەکرێ. لە (خەمڵی پەمۆ)دا شەڕی مەسڵەحەتە.. شەڕی ژیانە و بەڵام بەهێمنی، لە نێوان زۆراب بەگ و شێخ لە تەرەفێکدا و جووتیاران لە تەرەفەکەی تردا. لە (نوشتەکەی ئامینەخان)دا، ساوێلکەیی جووتیاران و نوشتە و نوشتەکاریی ئامینەخان و باوکی ڕەحمەتی و براکانی دەنوێنرێ. لە (هێلکەی هادی خانی)دا، حەشری جووتیارە چەوساوەکان لە حزووری هادی خاندا، بەپێی گەورە و بچووکیی هێلکەکانیان دەکرێ. دایکی ئەورەحمانی خاوەنی هێلکەی بچووك، سەروڕووخساری لەلایەن نۆکەرەکانی هادی خانەوە، بەهێلکە بچکۆلەکانی خۆی سواغ دەدرێ. ئەورەحمان لە ڕق و کینە و تۆڵەدا بەگژدا دەچێ و هەڵدێ. چیرۆکگێڕەوەش لە چنگی زۆردارانی ناو شار هەڵاتووە. چونکە بۆرجوا درەکان، ئەوی بۆرجوای بەسەزمانیان هەڵلووشیبوو. هەروەها لاوێکی تریش بەدەردی ئەم چووبوو، وەك ئەم هەڵاتبوو؟. چیرۆکەکە جەنجاڵە.. پڕوچڕە.. ئاوسە بەگەلێك باس و خواز و بەبەرییەوە هەبوو، خۆی بدا لە زۆر مەسەلەی ئاسایی یا ئاڵۆز و.. کەچی.. ئەوەی بەئاواتەوە بوو.. ئەوەی بەتەنگەوە بوو.. ئەوەی لە ناخەوە زۆری بۆ دەهێنا بیڵێ، نایڵێ و ناچار باس دێنێتەوە سەر هێلکە بەناوبانگەکانی هادی خانی و بەوە بورکانە تەقیوەکەی ناخی خۆی

دادەمرکێنێتەوە!. (لە قورئانخوێندن لەباتی پارەی بەرتیل)دا، نۆرە دێتە سەر رژێم بەگشتی کە لە ڕێگەی جەندرمە جانەوەرەکانییەوە، زەحمەتکێشان دەڕووتێنێتەوە. جەندرمە پێنج تمەنی لە مەلا کەریم دەوێ. مەلا و مەلاژن و حەمەشەریفی دراوسێی دڵسۆزیان، تەنیا سێ تمەنیان پێ هەڵدەسووڕێ. جەندرمە سێ تمەنەکە وەردەگرێ و لە بریی دوو تمەنەکەی تر، داوا لە مەلا دەکا قورئان بۆ دایکی ڕەحمەتیی بخوێنێ، کە دوو سێ مانگ لەوەبەر مردووە.

ئینجا دێینە سەر چیرۆکی (تاجوتەختی کوێخا هۆمەر)، کە لێرەشدا باسی هەر لەو زوڵم و زۆرەیە، کە لەلایەن جەندرمە و کاربەدەستانەوە لە جووتیاران دەکرێ. بەڵام ئەمجارەیان کوێخا هۆمەری سەرۆکی هۆز، دەبێتە پارێزگاریکەر لە جووتیاران و داوای ئەوەیان بۆ دەکا، کە جەندرمە و کاربەدەستان وەك ئینسان لەگەڵیاندا ببزوونەوە. ئەگەرنا ئەوا خۆی و هۆزەکەی (سوینی)، ئیدامە بەیاخیبوونەکەیان دەدەن و دەستی لێ هەڵناگرن. هەروەها لە (کەشکۆڵی جادوویی)شدا، کە لەوە دەچێ لە بنەڕەتدا چیرۆکێکی فۆلکلۆری بووبێ و خرابێتە قاڵبی چیرۆکێکی هونەرییەوە، دەیەوێ بڵێ کە (دەروێش– کەشکۆڵ زەوی بەجووتیار دەدا و ئاغا دەبێ باوکەڕۆی بێ). لە هەردوو چیرۆکەکەدا، مەبەستی سەرەکیی نووسەر ئاشکرایە و تێ دەگەین چیی دەوێ. بەڵام بۆچی کوێخا هۆمەری سەرۆکی هۆز و دەروێش– کەشکۆڵ پێشەنگ و ڕابەرین؟.

بەم پێداچوونەوە خێرایەی ناوەرۆکی چیرۆکەکاندا، ئەوەمان لەلا ئاشکرا دەبێ کە دەتوانرێ حەسەنی قزڵجی بەیەکێك لەو چیرۆکنووسە کوردانە ناوببرێ، کە زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمی خۆی، بۆ زەحمەتکێشانی لادێ تەرخان کردووە و ئەمە وەك لەوەبەریش وتوومە، کارێکی پەسند و پیرۆزە، ئەگەرچی دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکرێ، کە هەر لەسەر قسەی (هێمن)ی پێشەکینووسی کۆمەڵە چیرۆکەکە، تەمەنی باسوخوازی چیرۆکەکان دەگەڕێتەوە بۆ سی ساڵی پێش بڵاوکردنەوەیان. هەرچەندە بەڕای من بە (هێلکەی هادی خانی)یەکەیدا، بیستیشی تێ دەکەوێ. چونکە کارەساتەکانی، دوای ڕووخانی حوکمی دوکتۆر (مصدق)ە. جا لێرەدا دەبێ ئەم پرسیارە بکەین: ئاخۆ وەختی نووسینیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیست سی ساڵ لەوەبەرە؟. وەڵامی ئەم پرسیارە لەباری سەرنجی منەوە، بۆ ڕاگەیشتنی نووسەر بەکارەساتەکانی پلەبەپلەی ژیانی خۆی و کۆمەڵەکەیدا و جۆری بیرکردنەوە و تێگەیشتنی دەربارەیان و چۆنیەتی هەڵوێستی لە ئاستیاندا، بایەخێکی تەواوی هەیە. نووسەر خۆی مێژووی نووسینی

چیرۆکەکانی دیاری نەکردووە. بەڵام هێندە هەیە کە من ئەگەر بزانم وەختی نووسینیان، لە ماوەی دە ساڵی پێش بڵاوکردنەوەشیاندا بووبێ (١٩٦٢–١٩٧٢)، ئەوا بەپێچەوانەی پێشەکینووسەوە دەڵێم: ئەو باس و خوازانە ئەگەرچی تا ڕادەیەك هێشتاش لە کایەدا مابن، بەڵام باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی چ لەمدیو و چ لەودیو، لە پازدە ساڵی ڕابردوودا، ئەوەندەیان کارەسات دیوە و ئەوەندە گۆڕاون، کە ئەو جۆرە لێدوان و باسلێکردنە لە ئاستیاندا دواکەوتوون و نابنە هاوشان و هاوتا. تۆ بڵێیت هۆی ئەمە دوورکەوتنەوەی چیرۆکنووس بێ لە کۆمەڵەکەی، بۆیە ناچار بووبێ باس و خوازی شێوە یادگاری (٢٠–٣٠)ی ساڵی لەمەوبەری بجوێتەوە؟. لام وایە ئەمە باسێکی جیاوازە و لەوە دوورمان دەخاتەوە، کە وەك کارێکی ئەدەبی لە کۆمەڵە چیرۆکەکەی بدوێین. ئاشکرایە هەر چیرۆکنووسێك بەجۆرێکی تایبەتی خۆی لە باسەکانی دەدوێ. ئەو جۆرە لێدوانەش بەر لە هەموو شتێك، پێوەندیی بە جۆری بیرکردنەوە و باری سەرنجی نووسەرەوە هەیە، سەبارەت بەسەراپای لایەنەکانی ژیان و چۆنیەتیی هەڵسووڕان لە ئاستیاندا و شێوەی کارتێکردنیان. بێگومان هەزاران ئامۆژگاری و قسەی نەستەق و دروشمی بریقەداری بەزۆر تێئاخنراو، لە وزەیاندا نییە هیچ شیعرێك یا چیرۆکێك یا شانۆگەرییەك، بکەنە کارێکی ئەدەبیی سەرکەوتووی بایەخدار لە کۆڕی ئەدەبدا، چەندە بەپەرۆشیش بێ بۆ ئامانجێکی پەسند و پیرۆز. ئەم ڕێبازە ڕیالیزمییە فۆتۆگرافییە، لە دەمێکەوە لە کۆڕی ئەدەبی زیندووی ڕاستەقینەدا بەلاوەنراوە و بەڕێبازێکی مردوو دانراوە. ئەگەر لەم بارى سەرنجەوە بڕوانینە (پێکەنینی گەدا)کەی حەسەنی قزڵجی، پێشەکی دەتوانین ئەوە بڵێین: ئەگەر بەزۆر کۆششی هونەرمەندانە، زۆر کون و کەلەبەری لەم ڕووەوە نەگرتایە و زۆر کەموکووڕیی نەشاردایەتەوە، مەترسیی ئەوەی لێ دەکرا کە چیرۆکەکانی سەروبەر دابخزانایەتە سەر ڕێگەی ئەو ڕێبازە مردووە.

وەك لەوەپێش باسمان کرد، ناوەرۆکی هەرە زۆری هەرچواردە چیرۆکەکە، لە خزمەتی ئامانجێکی پەسند و پیرۆزدایە.. ئامانجی لە ڕووخستنی زۆر و جەوری دەرەبەگ و کۆنەپەرستان و بازرگانە چاوچنۆکەکان و فرتوفێڵی شێخ و مەلا تەڵەکەبازەکان و ڕیسواکردنیانە. وەکی تریش نیشاندانی ئەشکەنجە و ئازار و کوێرەوەری و دەردی برسێتی و نەخۆشی و نەخوێندەواریی جووتیارە زەحمەتکێشان و پەستی و بێزاری و ناڕەزاییبان لە ڕووی چەوساندنەوەیاندا. بەڵام حەسەنی قزڵجیی

هونەرمەند، لە نواندنی زۆربەی ئەم باسانە و ڕاگەیاندنیاندا بەخوێنەر، ماوەی بەخۆی نەداوە کە:

١– ڕێگەی ئامۆژگاریکردن و قسەی نەستەق بگرێتەبەر.

٢– کلێشە و دروشمی بریقەدار بئاخنێتە بیر و هۆشی خوێنەرەوە.

٣– دیمەنی ڕووداویان بەمردوویی نیشان بدا.

٤– بەر لە هۆشیاری و زیرەکی و ئارەزووی هاوبەشیکردنی تایبەتییان بگرێ.

ئینجا ئێستا با کەمێ بەوردی ڕوونی بکەینەوە و بزانین چیرۆکەکان چۆن دەدوێن بۆ ئەم مەبەستە بەچەند بارێکی جیاجیادا لێیان دەدوێم:

**١– چۆنیەتیی هەڵسووڕاندنی کەسانی چیرۆکەکان:**

بێگومان هەڵە و خەتای هەرە گەورەی سەرجەم چیرۆکنووسەکانمان لە زۆربەی بەرهەمەکانیاندا، ئەو مامەڵە ڕووکەشییەیە کە لەگەڵ کەسانی چیرۆکەکانیاندا دەیکەن. واتە بینین و نواندنی تەنیا کرداره میکانیکییە ڕۆژانەکانی ئەو کەسانە، لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و ڕەوشت و خوویاندا، چ لەگەڵ خۆیان و چ لەگەڵ یەکتردا. وا هات.. وا هەڵسا.. وا دانیشت.. هتد. بێ ئەوەی بتوانن زەفەر بەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بەرن، ئەوا هەر بەزنجیرەیەك کرداری ڕووکەشیتر وەڵام دراوەتەوە و لە ئەنجامدا ئەم کەسانە کراونەتە لەشکرێك داشی دامە و بێ بیر و هۆش و هەست و گیان بزوێنراون. ئەمە لە کاتێکدا کە ژیانی پڕوچڕ و ئاڵۆزی ڕۆژانەی ئادەمیزاد خۆی، ئەم جۆرە مامەڵەیە پووچ دەکاتەوە و لێی بێبەرییە، چونکە ڕووکەشییە و ڕەگی دانەکوتاوەتە ناو قووڵاییی ئەو ژیانەوە. بەڕای من هەموو کەسان لەم ژیانەدا، بەپێی باری ژیان و تاقیکردنەوەی تایبەتیی خۆیان، خاوەنی هەست و نەست و جۆری بیرکردنەوە و بۆچوون و ڕێوشوێندانانی تایبەتیی ناخی خۆیانن. واتە خاوەنی جیهانی تایبەتی ناوەخۆی خۆیانن و کردەوەکانی دەرەوەیان (دوای زنجیرەیەك تێشکدانەوە و کارتێکردنی دەرەوە بەسەر ناوەوەدا و خۆخواردنەوە و گینگڵدان و زۆرانبازی و دۆزینەوەی باری گونجاوی لەگەڵ دەرەوەدا)، لەوێوە سەر هەڵدەدەن و لەسەر شانۆی ژیان خۆیان دەنوێنن. ئاشکرایە ئەم مەسەلەی ئاوێنە و ئاوێنەکارییە (واتە دەرەوە– ناوەوە، ناوەوە – دەرەوە)، ئەو باسە گرینگ و ئاڵۆزەیە، کە مرۆڤایەتی لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ئێستا پێوەی خەریك بووە و، بەدوای وەرامی ڕاست و دروستیدا

وێڵ بووه. بۆیه ئاوێنەکه له کۆڕی هونەری چیرۆکنووسیندا، له بابەتێکی تایبەتییه.. بابەتی هەم نواندنی وێنەکه وەك خۆی و هەم تێکدانەوەشی بە هەزارویەك جۆر؟.

بۆ نموونە: حەمەڕەشی چیرۆکی (پێکەنینی گەدا) کە لێی قەوما، چۆن لە جووتیارێکەوه بوو بەگەدا؟. بۆ نەبوو بەشتێکی تر؟. بۆ نەبوو بەنۆکەر.. بەپۆلیس.. بەباخەوانی باخچەیەکی گشتیی ناوشار؟. یاخۆ بۆ وەها نەشکایەوه لێقەومانەکەی بەخێر بۆ بگەڕێ و لە ئەنجامدا ببێتە بازرگانێکی قورس؟. یا کاربەدەستێکی (نەخوێندەواری) بەزەبروزەند؟. یا هەر هیچ نەبێ، قاچاخچییەکی گەورەی بەدەستوبرد؟ دیاره لەو وەڵامەدا دەوترێ: لۆجێکی زنجیرەی کارەساتەکان وەهای سەپاندووه. بێگومان ئەگەر باس بەتەنیا لە دیوی دەرەوەی حەمەڕەش بێ، ئەمە وەڵامێکی بەجێیە. بەڵام حەمەڕەش بەدرێژایی رووداو و تێپەڕبوونی ئەو کارەساتانە، خاوەنی دیوی ناوەوەش بووه، کە لەوەبەر ناوم بەجیهانی ناوەخۆ برد و کە ئەمیش لۆجێکی خۆی دەوێ و خاوەنی پاڵەپەستۆ و زۆرانبازی و تەقەلادانی سەپاندنی ئەو لۆجیکه جیاوازەیە، بەسەر ئەوەی دەرەوەی دا. واته نهێنییەکه لەم پێوەندییه ئاڵۆزەدایە.. لەوەدا کە شان بەشانی سەلماندنی بوونی حەمەڕەش بەگەدا و نەبوونی بەشتێکی تر، بە دەلالەتی لۆجێکی کارەساتەکان بەدیوی دەرەوەدا، بەدیوی ناوەوەشدا هەر بەو ئەنجامە بگەیەنرێ و بکرێتە هاوتا.. یا تەواوکەری یەکتر. ئاشکرایه حەمەڕەش بە ئۆقرەگرتنی لەسەر ئەو چارەنووسی (گەدا)یییەی، لە بەربەرەکانیکردن و پەلهاوێشتن کەوت، بەڵام چۆن و دوای چەند خۆخواردنەوه و ئازارچەشتنی دەروونی و بیر و هۆش هەڵلوشینی خۆی لێ کەوت؟. دیار نییه. کە ئەوەش دیار نەبوو، چارەنووسی گەداییەکەی دەبێتە تەنیا رێگە و ئیتر گشت ئەو زنجیرەی کارەساته لۆجیکییانە بەفریای ناکەون و ناتوانن ئەو ئامانجەمان پێ بسەلمێنن کە گوایه حەمەڕەش بۆیە بوو بە گەدا، چونکە بۆی نەدەلوا بەهیچ شتێکی تر ببێ.

**٢- وەسفکردن:**

ئەمیش نیشانەیەکی زەقی تره بەشێوەی چیرۆکی کوردیمانەوه. واته درێژەپێدانێکی بێزارکەر لە وەسفکردنی چ وێنە و دیمەن و چ پێوەندی و هەڵسوکەوت و چ هەست و نەستی کەساندا، وەك ئەوەی بەلاپەڕەیەك وەسفی سەروڕووخسار و قەدوباڵای جوان یا ناشیرینی مرۆڤێکت بۆ بکا. بەدوایدا لاپەڕەیەك وەسفی کات و شوێن. ئینجا لاپەڕەیەك پێوەندی لەگەڵ خەڵکی تردا.. هتد. ئیتر لەوه بەدواوه بەسەرهات، زۆر

بەخەستی و توندیوتیژی دەست پێ دەکا.. سەردەکەوێ بۆ پۆپە.. بۆ گرێ.. بۆ کۆتایی، کە بەردەوام وەسفکردنەکەشی دەبێ وەك هەوێن لەگەڵدابێ!.

یەکێك لە هۆیە کاریگەرەکانی ئەو شێوە ڕاپۆرتییەی، کە هونەری چیرۆکنووسینمان تووشی بووە، ئەو درێژدادڕییەیە لە وەسفکردندا. خۆ وەنەبێ شێوەی نوێ لە چیرۆکنووسیندا، وەسفکردن لەخۆ نەگرێ. بەڵام لەمیاندا بەپێچەوانەی ئەویانەوە، وەسفکردن تیایدا تێکەڵ بەجەوهەری چیرۆکەکە دەبێ.. وەك خوێن بەدەمارەکانیدا دێ و دەچێ.. وەك تیشك لە ناخی کارەسات و ڕووداوەکانییەوە پرشنگ دەدا. سا ئەگەر ئەم حاڵەتە لەگەڵ شیعری نوێدا بەراورد بکەین، دەتوانین بڵێین: وەك چۆن لەمدا مۆسیقای (ناوەخۆ)ی، نهێنییەکی مەزن یا کۆڵەکەیەکی پتەوی سەرکەوتنێتی، هەروەها لە چیرۆکی نوێشدا، وەسفکردن لە (ناوەخۆ)وە.. وەسفکردنی تێکەڵی جەوهەر، هەر هەمان نهێنی و کۆڵەکەیە. لەم لایەنەوە حەسەنی قزڵجی لە چیرۆکەکانیدا، هەر پەیرەوی شێوە کلاسیکییەکە دەکا و زەفەری بەم شێوە نوێیە نەبردووە، بەتایبەتی لە دەسپێکردندا کە زۆربەیان، بەلاپەڕەیەك یا دووانی وەسفکردنی کات و شوێن و سەروسیمای کەسان و بزواندنی بەسەرهات دەست پێ دەکەن. بۆ نموونە: دانیشتنەکەی حەمەڕەش لەبەر بەرۆچکەکەدا و بیرکردنەوەی لە (پێکەنینی گەدا)دا. بازاڕی بەغدا و خانەکەی عەبدولقادر ئەفەندی و عەبدولقادر خۆی لە (عادەتی بازاڕدا). کۆشکی مەجیدخانی ئاغای دێی سەرکەل لە (بیهێنە ئەمما ناوی مەبە)دا.

ئەمە وەك لەوەبەر ئیشارەتم پێ دا، دەردی بەرهەمی تەنیا حەسەنی قزڵجی نییە. بەڵام پێویستە ئەو ڕاستییە بخەمە ڕوو، کە ئەم لە سنووری ئەو شێوە کلاسیکییەی وەسفکردندا، وەستایانە و هونەرمەندانە دێتە بەرمەیدان و لە چیرۆکەکانیدا وەها مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا دەکا، کە کەمتر وەڕسی و بێزاری بدەن و زیاتر خۆشنوودی، چونکە لە زۆر شوێندا نزیك دەبێتەوە لەوەی، کە وەسفکردنەکەی تێکەڵ بەجەوهەری چیرۆکەکە بکا و بۆ ناوەوەی کارەساتەکان بیانکا بەودیو سنووردا و دواجار تیشکیان پێ بداتەوە بۆ دەرەوە، کە بەمە لەنێو چیرۆکنووسانی سەر بەو ڕێبازەماندا، دەچێتە ڕیزی پێشەوە و ڕاستگۆتر شوێنی خۆی داگیر دەکا. بۆچی؟. چونکە لە نزیکترەوە و ڕاستتر مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکەی بەردەستیدا دەکا!

**٣- گاڵتەجاڕی، یا تەوس و پلارتێگرتن:**

لەم ڕووەوە دەتوانم بڵێم: حەسەنی قزڵجی وەك چۆن ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی،

بـەگشتـی بـۆ بـاسوخـوازی ژیـانـی زەحـمـەتکێشانـی لادێـیە و ئـەمـەیـان پێوە بـووەتـە نیشانـەیەکی تـایبـەتی، هـەروەهـا گـاڵتـەجـاڕی و تـەوس و پـلارتێگرتن، بـەگشتی بووەتـە نیشانـەیەکی تـایبـەتی بـەشێوەی نووسینیانـەوە، تـا ڕادەیـەکی ئـەوتـۆ کـە هـەر چواردە چیرۆکەکە ئـەم شەقڵەیان پێوەیە و جیاوازی لە نێوانیاندا تەنیا لەوەدایە، کە بۆ نموونە (لە عادەتی بازاڕ و سەرفیترە و بیهێنە ئەمما ناوی مەبە و خەملّی پەمۆ)دا توندوتیژترە و لـە (پـێکـەنـیـنـی گـەدا و هـێلـکـەی هـادی خـانـی و نـە دیداری حـاجی و نـە خـەوی مزگەوت)دا هێمنترە.

بـەڕای مـن ئـەم ڕێبـازی گـاڵتـەجـاڕی و تـەوس و پـلارتـێگرتنـە، کـە لـە (پـێکـەنـیـنی گـەدا)کـەی حـەسـەنـی قـزڵـجیـدا، بـۆ مـەبـەستـی لـەسەرکردنـەوە و پشتـگیریکردنـی چەوساوەکانە و بە نیازی ڕیسوا و ڕەجاڵکردنی چەوسێنەرەکان خۆیان و بیروباوەڕ و کردار و نەریتی پڕوپووچ و بۆگەنی ڕژێمەکەیانە، ڕێبازێکی بایەخدار و پایە بڵندە لە هونەری چیرۆکنووسیندا، چونکە ئەم بابەتە چیرۆکانە چەندە لە ڕێگەی نواندنی کارەسات و ڕووداوەکانیانەوە، کار دەکەنە سەر خوێنەر و لە ناخەوە دەیهەژێنن، هێندەش ئەم جۆرە پلار و نوقورچگرتن و گاڵتەجاڕییە، کە لە ناکاویدا و زیرەکانە لە قووڵاییەوە لە بنی هەمانەکە دەدەن، کاری تێ دەکەن و بیر و هۆشی ڕادەچەنێنن.

وەنـەبـێ حـەسـەنـی قـزڵـجی لـەم کـۆڕەدا یـەکـەم چیـرۆکـنـووسمـان بـێ. بـۆ نموونـە: (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار، کەم و زۆر شەقڵی ئەو ڕێبازەی پێوەیە. بەڵام ئەم بەوەیدا کە وەك وتمان لە سەرجەمی چیرۆکەکانی (پێکەنینی گەدا)دا، ئەوەیان پێوە بووەتە نیشانەیەکی تایبەتی، دەبێتە یەکەمین چیرۆکنووسمان کە لە شێوەی دەربڕیندا، ئەم ڕێبازەی لەلا جێگیر دەبێ و لەسەری دەڕوا. بۆ نموونە: لە (عادەتی بازاڕ)دا، بازرگانێکی پیسکەی بەغەشوغایلەی چاوچنۆکمان دەخاتە پێش چاو، کە بـەنیشاندانی زنجیرەیەك دیمەنی کاریکاتێری، کارەساتـەکانی چیرۆکەکەیمان بۆ دەگێڕێتـەوە و هـەوڵ دەدا لـە ڕێگـەی ئـەو دیمەنـە کـاریکـاتێرییـانـەوە، کـەسایـەتـیی عەبدولقادر ئەفەندی و هەموو بازرگانە چاوچنۆکەکانی وەك ئەومان، لە نزیکەوە پێ بناسێنێ.. تەڵەکەبازی و فرتوفێڵیمان بەوردی لەلا ئاشکرا بکا و بەوە لە بەرچاومان چارەگران و ڕیسوایان بکا و بشمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامە گشتییەی، کە لەژێر سایەی ڕژێمی سەرمایەداریدا (.. بازاڕ هەمووی سێبەر و حەشارە بەتەنیشت یەکەوە. لە هەر حەشارێکدا ڕاوکەرێك دەستی داوەتە چەکی نیوگەز. یا تەڵەی تەرازووی ناوەتەوە و

خۆی مات داوە. نێچیر وەك لافاو لەم سەرەوە بەساخی دێن و لەو سەرەوە کە دەردەچن، هی وایان هەیە نیوگەز گیرفانی دڕیوە و هی واشیان هەیە کیسەکەی بەتەڵەوە بووە). بێگومان پەرەگرافەکە خۆی لە خۆیدا ئەگەر بەوردی سەرنجی بدەین، دیمەنێکی کاریکاتێریی کاریگەر لە بەرچاو دروست دەکا.. بازاڕێك و بازرگانە ڕاوکەرەکان هەریەکە داوێکی بەدەستەوەیە و لە بەردەرگەی موغازەکانیاندا ڕاوەستاون و نێچیرەکانیش بەلافاو دێن و دەکەونە داوەکانەوە. ئەنجام.. گیرفانەکانی ئەمان دەدرێن و ئەوی تێیاندایە دەڕژێنە گیرفانەکانی ئەوانەوە. لە سەرجەمی هەر چواردە چیرۆکەکەی (پێکەنینی گەدا)دا، دەیان دیمەنی کاریکاتێریی وەها دەبینین، کە لە بنەڕەتدا بەرهەمی ئەو ڕێبازی گاڵتەجاڕی و تیروتوانج و پلارتێگرتنەن و لەم چوارچێوەیەدا دەنوێنرین.

٣- **زمان**:

لە هەر چواردە چیرۆکەکەی (پێکەنینی گەدا)دا، ئەو زمانەی پێیان نووسراوە، بەشێوەیەکی تایبەتی سەرنج ڕادەکێشێ. کوردییەکی پەتیی پوختە و پاراوی شیرین، داڕشتنێکی سفتی ساف و ڕەوان. بە بەکارهێنانی ڕستەی کورتی بەتەوژم، لە ڕاگەیاندنی مانا و مەبەستدا. دەوڵەمەندی لە وشەی کوردیی ڕەسەندا و بەکارهێنانیان لە شوێنی خۆیاندا، بێ زۆر لەخۆکردن و تەقەلادانی سەپاندنیان بەسەر ڕستەدا، بۆ ئامانجی ڕووتی زمان. لەگەڵیاندا پەنابردنە بەر شێوەی سادە و ساکاری زمانی میللیی ڕۆژانەی خەڵکی لادێ. ئەمانە پێکەوە وەختێك لەلای حەسەنی قزڵجی یەکدگیر دەبنەوە و هەم لە شارەزاییەوە و هەم هونەرمەندانە لە هۆنینەوەی چیرۆکەکانیدا بەکاریان دێنێ، زمانێکی ئەدەبی کاریگەر و ڕەونەقداری ئەوتۆ پێك دێنن، کە دەبێتە نیشانەیەکی گەلێ گەش، بە ڕووی هونەریی (پێکەنینی گەدا)وە و، پێویستە بەتایبەتی پەنجەی بۆ درێژ بکرێ.

من باوەڕم وایە کە جیهانی چیرۆکەکانی (پێکەنینی گەدا)ی حەسەنی قزڵجی، لەوە بەرینتر و قووڵترە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە توانیبێتی هەقی خۆی بداتێ. لەگەڵ ئەوەشدا و بەهەرحاڵ وای تێ دەگەم، کە هەر هیچ نەبێ بووەتە سەرەتایەك و کلیلێك دەداتە دەست ئەو کەسەی، مەبەستی دەبێ فراوانتر و قووڵتر لێیان بدوێ.

هەفتەنامەی بیری نوێ – ژ/٢٦٧، ٢٦٨/١٠،٣/١٢/١٩٧٧

## بەراوردێك

## لە نێوان چیرۆکەکانی ژمارە (٣٦)ی (بەیان)دا

لە ژمارەی پێشووی (بەیان)دا (٣٦)ی ئایاری (١٩٧٦)، چوار چیرۆکمان دەکەونە پێش چاو، کە ئەگەر بەئەنقەست بووبێ یا بەڕێککەوت، وا هاتوونە پێشەوە کە دووانیان خۆماڵی (کوردی) بن و دووانیشیان وەرگێڕدراو لە ئەدەبی بێگانەوە. دووانە خۆماڵییەکە (کولیچەی جەژن)ی ئیسماعیل ڕۆژبەیانی و (خۆشەویستی کڕنووش نابا)ی شێرزاد حەسەنە، کە دوو چیرۆکنووسی لاون و لەم سێ چوار ساڵی دواییەدا، هاتوونەتە کۆڕەوە. دوو چیرۆکی بێگانەش، (تەنیا هەمیشە تەنیا)ی مۆپاسانی چیرۆکنووسی فەرەنسایی بەناوبانگی سەدەی نۆزدەم، کە شێوە و ڕێبازێکی تایبەتیی لە جیهانی هونەری کورتە چیرۆکدا بەناوەوە ناودەبرێ و (مادلێن)ی (صادق هدایت) کە ئەویش هەر لەو مەیدانەدا، چیرۆکنووسێکی بەناوبانگی فارسە و هەردووکیشیان لە فارسییەوە کراونەتە کوردی. من لەوە ئاگەدارم کە ناشێ دوو لاوە تازەپێگەیشتووەکەی لەمەڕ خۆمان و دوو بەرهەمەکەیان، لە تای تەرازوویەکدا لەگەڵ ئەو دوو کەڵەنووسەرە بێگانەیە و دوو بەرهەمەکەیاندا بەراورد بکەم و وەك یەك حیسابیان بۆ بکەم. نا.. ڕەنگە ئەگەر ئیسماعیل ڕۆژبەیانی و شێرزاد حەسەن، بۆ ماوەی بیست سی ساڵی تر لەسەر چیرۆکنووسین بەردەوام بن و لێ نەکەون (سەرباری هەموو جیاوازییەکانی تریش لە نێواندا)، نووسەرێکی وەك ئەوانیان لێ دەربچێ. بەڵام من لێرەدا پتر ئەوەم مەبەستە سوود لە ڕێککەوتەکە ببینم و لە ڕێگەی بەراوردێکی گشتییەوە، هەندێ لەو بابەتە تێبینییانە دەرببڕم، کە ڕەنگە ئەگەر دوو ناوەکەی خۆمان (ئیسماعیل و شێرزاد)یش نەبوونایە، بەڵکو دووانی لەوان زۆر ناسراوتر و بەبەرهەمی سەرکەوتووتریش بوونایە، بواری ئەو تێبینییانەیان هەر بدامایە.

دووانەکەی خۆمان لە چی دەدوێن؟!. (کولیچەی جەژن) باسی لە خەمێکی بچووکی ژن و مێردێکە، کە دیارە مێردە مووچەخۆرێکی بچووکە.. (بێ ئەقڵ حەماڵی ئەمڕۆ کوێخاییە. ئەوی هیچ نەبێی ئەمڕۆ مووچەخۆرە. ناومان هەیە و ناوکمان نییە.) خەمەکەی لە دەوری کولیچەی جەژن دەخولێتەوە، کە ژنە زۆر لەلای مەبەستە و مێردەش حیسابی ئەوە دەکا، کە زۆری تێ دەچێ و تیایدا نابێ. سا وەك دەبینین

خەمەکە بە سادە و ساکار و رووکەشییش بێ، خەمێکی مرۆڤانەی ڕۆژانەیە و لە واقیعدا نموونەی زۆرە. قەیناکا!. بەڵام ئەوەی زۆر زەق سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە، کە خەمەکە لەسەر ڕەوتی گشتیی چیرۆکی کوردیمان، هەر دەبێ بەبارێکی دراماتیکیدا بکەوێتەوە و هەر دەبێ لەعنەتی قەزاوقەدەرێکی بەدواوە بێ!. لە بەردەم فڕنەکەدا.. (دوو ئافرەتەکەی تەنیشتی لە ناکاو بووە شاتەشاتیان.. بەدەم قژڕاکێشانی یەکترەوە، کەوتنە بۆقدانی یەکتر... سینییە نیشانکراوەکانیان دووگاسنەیەکی باش کرد). باشە نەدەبوو ئەمە ڕوو نەدا و، سینییە کولیچەکان بەسەلامەتی بگەڕانایەتەوە ماڵەوە و ژنە و مێردە لە جەژنی پیرۆزدا پێی شاد و شوکور بوونایە؟!.

ئەویان وا. ئەی (خۆشەویستی کڕنووش نابا) باسی لە چییە؟!. مام وسووی هەژار، خزمەتکاری کوڕە دەوڵەمەندێکی بابڵێین ئیفلیجە و جگە لە خزمەتکردنیشی، لە عەرەبانەیەکدا دەیگێڕێ. مام وسوو کچێکی منداڵکاری هەیە و کوڕە ئیفلیجەکە مرخی لێ خۆش دەکا. زۆر نامەردانە (کە لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە ناگونجێ لەگەڵ ئەو باری ئەشکەنجە زلەی کوڕەدا، با دەوڵەمەندیش بێ)، کچەی لێی دەوێ و هەڕەشەی لێ دەکا، کە یا دەبێ کچەکەی بداتێ یا دەری دەکا!. مام وسووش مەردانە مل نادا و واز لە نۆکەریی کوڕە دێنێ و دەچێ کرێکاری بکا!.

جا ئێستا بابزانین ئاخۆ دوو چیرۆکە بێگانەکە لە چی دەدوێن؟!. (تەنیا هەمیشە تەنیا)ی مۆپاسان کورت و موختەسەر دەڵێ: (هەرگیز دوو ئینسان نابن بەیەك) و، ئیتر چیرۆکەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی، دەوروخولی ئەم مەسەلەیە دەدا.. (نانا.. هەرچی بڵێن، هەرچی بیر بکەنەوە، هەرچی خۆ لە دار و بەرد دەن، کەس کەس ناناسێ..).. (من هیچ کاتێك لەو کاتە خۆبەتەنیاتر نابینم، کە ڕۆچنەی دڵم بۆ دۆستێکم دەکەمەوە). ئەمە جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤێکی پاریسیی سەدەی نۆزدەمە، کە لەگەڵ برادەرێکیدا (چیرۆکگێڕەوە) بەشەقامی (شانزلیزێ)دا پیاسە دەکەن و دوا دێری چیرۆکەکە بەوتەیەکی چیرۆکگێڕەوە کۆتایی دێ کە دەڵێ: (جاری وایە بیر دەکەمەوە هەقی بوو، جاری واشە پێم وایە ئەقڵی نەمابوو!).

ئەمیان وا. بەڵام (مادلین)ی سادق هیدایت، باسی لە (مادلین)ێك و خوشکێکی و دایکیان و چیرۆکگێڕەوەیەکە، کە لە (پێرێ شەو)ێکدان و ئەم ئێستا (ئەمرۆ.. ئەمشەو)، کارەساتەکانی ئەو شەوە و لەوەبەری دەگێڕێتەوە، (پێرێ شەو چوارقۆڵی دانیشتبوون و هەموو کشومات گوێیان بۆ ئاوازی خەمناکی (کەشتییەوانانی ئۆڵگا) ڕایەڵ

کردبوو.. ئەم (چیرۆکگێڕەوە) سەرنج دەداتە (مادلین)ی پەژارەوارە و لێی ورد دەبێتەوە. بەدەمییەوە بە (مۆنۆلۆجی ناوەخۆ) دەگەڕێتەوە دواوە و باس دەکا کە چۆن لەگەڵ (مادلین) و خوشکی و دایکیاندا، ناسیاوییان پەیدا کرد. رۆمانتیکییانە.. یا باشتر وایە بڵێین شاعیرانە لێی دەدوێ و بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مادلین و چیرۆکگێڕەوە، نوقمی دەریای عەشقێکی تەلیسماویی لە ناخدا قووڵ و بەسەرزاری سادە و ساکار بوون. بەڵام ئاخۆ بۆچی مادلین ئێستا (پێری شەو) وەها کشومات و خەمناکە؟!. ئاخۆ کارێکی خراپ ڕووی داوە؟!. نا!.. (لە پڕا مادلین وەکو لە خەو ڕاپەڕیبێ بەرزەپێ هەستا، چوو نۆتە مۆسیقاییە پرژوبڵاوەکانی دایەیەکدا و یەکێکی لەو نۆتانە جیا کردەوە و خستییە بەردەمی دایکی و خۆشی هات بەڕوویەکی گەش و پێکەنیناوییەوە، لەلای منەوە وەستا. دایکی دەستی کرد بەپیانۆلێدان. مادلینیش بەهێمنی گۆرانیی ئەوت. ئەمە هەر ئەو ئاوازی سەمایە بوو، کە لە (ویلرویل) بیستبووم، هەر گۆرانیی مسی سپییەکەیە). واتە خەمناکییەکەی (مادلین) ئەوە نەبوو پێش ڕەشەبایەك بێ، کە لە ناکاوێکدا بە ڕووی چیرۆکگێڕەوەی عاشقیدا هەڵبکا و ئەوەی پێ بکا با بەدەواری شڕی نەکردبێ!. ئێستا من دەپرسم: ئاخۆ ئێوە لەم خەستکردنەوەیەی کارەسات و ڕووداو و ئینجا مەبەست ئامانج و دواجار ئەنجامی هەر چوار چیرۆکەکەی چی تێگەیشتن و چیتان بۆ ڕوون بووەوە؟!. ئێوە خۆتان و بیرورای خۆتان. بەڵام با منیش لە چەند بەندێکدا، کورتەی سەرەنجامی کارەکەتان بۆ بنووسم:

١– هەردوو چیرۆکەکەی خۆمان، تەنیا بەدیوی دەرەوەدا باس لە مرۆڤ دەکەن و وەك قاوغێك لە ئەشکەنجە و ئازاری دەدوێن. لە کاتێکدا هەردوو بێگانەکە بەدیوی ناوەوەدا.. بەشاقووڵی لێی دەدوێن و لە هەڵسوکەوت و سەروسیما و ڕەنگ و ڕوویاندا تیشکی پێ دەدەنەوە. لە (کولیچەی جەژن)دا ژن و مێردەکە و خەڵکەکەی دەوروپشتیان و لە (خۆشەویستی کرنووش نابا)دا کوڕە دەوڵەمەندەکە و مام وسوو و کچەکەی، تەنیا کردار و هەڵسوکەوت و بزووتنیان دەنوێنرێ و ئیتر جیهانی ناوەوەیان کپ و خامۆشە.. یا چۆڵەوانییە. لە کاتێکدا لە (مادلین) و (تەنیا هەمیشە تەنیا)دا، کەسان لە یەك کاتدا بەهەردوو دیودا دەخرێنە پێش چاو.

٢– لەوەکانی خۆماندا، ئەشکەنجە و ئازار مرۆڤەکان دەپرووکێنن و لەژێر باریدا دەپسێن و ئەگەرچی ناکەونە حاڵەتی ورەبەردان و هەڵاتنە و بەڵام ئەشکەنجە و ئازاریان هەر لەباری ئاسۆیی دەوام دەکا. مام وسوو کۆڵی ئەشکەنجەی دەنێتەوە

سەرشان و لە باتیی نۆکەریی کوڕە دەوڵەمەندەکە، دەچێ هێزی پووزوبازوو بفرۆشێ بەخاوەن کار و، ژن و مێردەکەی (کولیچەی جەژن)یش بەئاوات شاد نابن و دەبێ چاوەڕوان بن، لە جەژنێکی تردا پێی شاد ببن. کەچی لە (مادلین)دا، مادلین بەدوای تەوژمی ئەندێشەکەیدا هەڵدەستێ مۆسیقا لێ دەدا و بەشادمانییەوە گۆرانی دەڵێ. لە (تەنیا هەمیشە تەنیا)دا هاوەڵەکەی چیرۆکگێڕەوە، سەربارى ئەو هەستی تەنیایی و دابڕانەی لە کەسانی تر کە بەردەوام هەراسانی دەکا، وەك هەر مرۆڤێکی تر لە ژیاندا، هەست بەلەزەت و خۆشی دەکا و دەڵێ: (نازانم بۆ شەوانە لێرەدا لە هەموو جێیان ئاسوودەتر هەناسەم دێ و دەچێ؟!. بیرم پان و بەرینتر دەپێوێ.. لە پڕ برووسکەیەك مێشکم ڕووناك دەکاتەوە کە بۆ تاوێك دەمەوێ لە هەموو ڕازەکانی جیهان بگەم.)

٣- وەك بینیتان من خۆم نەدا لە قەرەی بەراوردکردنی هەردوولا لە ڕووی تەکنیکەوە، چونکە لە سەرەتادا وتم کە ئەوەکانی خۆمان دوو نووسەری لاوی تازەپێگەیشتوون و ئەوان دوو نووسەری گەورە و بەناوبانگی بێگانەن.

کۆواری (بەیان)- ژ/ ٣٩-١٩٧٧

## شێوەکانی تەکنیك

## لە چیرۆکی ساڵانی دوای (١٩٧٠)دا

**پێشەکییەکی کورت**

گومانی تێدا نییە کە لە دوای بەیاننامەی یازدەی ئاداری (١٩٧٠)ەوە، کاروانی ئەدەبی هونەری و ڕۆشنبیریمان، چووە بارودۆخێکی تەواو جیاوازی لەوەبەریەوە. دوای نزیکەی نۆ ساڵی نیمچە خامۆشی و سستییەك، ڕێگەی ڕاپەڕین و گەشەسەندنێکی ئەوتۆی گرتە بەر، کە دەتوانرێ بەهەقیانەت ناوی پلەیەکی نوێی لێ بنرێ. ئەمە ئەوی ڕاستی بێ دەهێنێ قسەی زۆر لەسەر بکرێ و ئەگەر بمانەوێ بچینە بنجوبناوانییەوە، پێچوپەنای زۆر تێ دەکەوێ. بەڵام بۆ ئەم باسەی ئێمە لێرەدا، تەنیا هێندە بەسە ئیشارەتێك بەوە بدەین، کە بۆ ماوەی شەش ساڵ (١٩٦١-١٩٦٧) بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیریمان، هەر زۆر کپ و خامۆش بوو. جگە لە دوو ساڵی پێش حەفتا، کە ئاسۆیان ڕووی لە ڕووناکبوونەوە کرد و ئینجا بەدوای

یازدەی ئاداری ۱۹۷۰دا، کانییەکە تەقی. کە دەشڵێم تەقی مەبەستم لەوەیە بڵێم: دوای پەنگخواردنەوەیەکی زۆری ساڵانی لەوەبەر و هەر هێندەی کات و ساتی خۆی بۆ هەڵکەوت، یا باشتر وایە بڵێین داهات، هورووژمی هێنا و بەرێگەی خۆیدا سێڵاوی بەست. واتە ئەوەی رووی دا ئاسایی بوو نەك دروستکراو.. ئاسایی بوو نەك سەپێنراو و ئەنجامی بارودۆخی (زاتی و مەوزووعی) خۆی بوو، نەك وەرگرتن و لاساییکردنەوە. هەڵچوونەکە هەموو لایەنێکی باری رۆشنبیریمانی لە ئەدەب و هونەردا گرتەوە.. لە شیعر و چیرۆك و شانۆگەری و لە رەخنەگریدا. من بەپێویستی نازانم لەسەر ئەمە رابوەستم، چونکە ساڵانێکی وەها دوور رانەبردوون کە لە بیر چووبنەوە. هەروەکو تا حاڵی حازریش، هێشتا کەم و زۆر لەو واقیعەدا دەژین. بۆیە وازی لێ دێنم و یەکسەر دەچمە سەر باسی لێدوانەکەم و دەڵێم: ئەم هەڵچوونە چیرۆکیشی وەك هەموو لایەنەکانی تر وەها شڵەقاند، کە چ لە ناوەرۆك و چ لە شێوەدا، بچنە پلەیەکی تەواو جیاوازەوە لە پلەکانی لەوەبەر و ببێتە خاوەنی شێواز و رەنگ و رووی تایبەتیی خۆی. بەڵام من لێرەدا تەنیا لایەنی شێوەی دەگرم، بەتایبەتیش ئەو جۆرانەی تەکنیك، کە لەم ساڵانەدا لە هونەری چیرۆکنووسیندا بەکار هێنراون.

ئاشکرایە شێوەی گێرانەوە، بەدرێژاییی تەمەنی چل و پێنج ساڵەی لەوەبەری ئەم هونەرە لە ئەدەبەکەماندا، لە هەموو پلەکانی سەرهەڵدان و نەشونماکردنیدا زاڵ و سەروەر بوو. واتە سەرجەمی چیرۆکنووسانمان، ئەم جۆرە تەکنیکەیان بەکار هێناوە و سەرجەمی بەرهەمەکانیشیان (مەگەر تاك و تەرای لێ دەرچێ) لەم بابەتەن. لە کاتێکدا دەبینین لە ساڵانی دوای ۱۹۷۰دا، روو کراوەتە گەلێ جۆرە تەکنیکی تر، کە لەوەبەر زەفەریان پێ نەبراوە و نەبوون و بەمە شێوەی گێرانەوە لەوەکەوت، کە تاقە جۆری تەکنیك و تاقە ئامرازی دەستی چیرۆکنووس بێ، بۆ داهێنان و خوڵقاندن لە کۆری ئەم هونەرەدا. جا ئەگەر بمانەوێ بۆ ئەم مەبەستە سەرنجێکی خێرا بدەینە ناو و جۆری بەرهەمی چیرۆکنووسانمان و سەرئەنجامێکی خێرای گشتی دەسگیر بخەین، دەبینین مەسەلەکە لەم ساڵانەدا جەنجاڵ بووە و جۆرە بەیەکداچوون و تێکەڵاوییەکی چڕی تێ کەوتووە و جیاکردنەوە و ریزکردنی یەك بەیەکی نووسەرەکان و بەرهەمەکانیان و دانانی هەریەکەیان بەخۆی و بەرهەمیەوە لە خانەی شێوە تەکنیکی تایبەتیدا، کارێکی ئاسان نییە و بگرە زۆر زەحمەت و گرانە. بۆچی؟!. با هێندەی پێم دەکرێ روونی بکەمەوە، وەکو نەخشەیەك بیخەمە بەرچاوتان.

چیرۆکنووسمان هەن لە نەوەی لەوەبەرن (پەنجاکان و شەستەکان) و لەم ساڵانەدا هەر لەسەر تەکنیکی لەوەبەریان بەردەوام بوون. وەك جەمال بابان و موحەرەم محەمەدئەمین و جەلال مەحموود عەلی و محەمەد نووری تۆفیق و محەمەد ساڵح سەعید و دوکتۆر مارف خەزنەدار. لە کاتێکدا هەمانن لە نەوەی نوێن و کە دەستیان دایە چیرۆکنووسین، هەر یەکسەر بەتەکنیکی نوێ دەستیان پێ کرد. وەك: لەتیف حامید و سەدرەدین عارف و محەمەد موکری و سەلاح شوان و رەئووف حەسەن. یا هەمانن لە نەوەی لەوەبەرن و بەڵام لەم ساڵانەدا، تەکنیکی گێڕانەوەیان واز لێ هێنان و ڕێگەی تەکنیکی نوێیان گرتە بەر. وەك: کاکەمەم بۆتانی و رەئووف بێگەرد و محەمەد رەشید فەتاح و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و حسەین عارف. کەچی هەمانن نوێن و کە دەستیاندایە چیرۆکنووسین، تەکنیکی نەوەی لەوەبەریان گرتە خۆیان و هێشتا لەسەری بەردەوامن. لەوانە: زاهیر ئەحمەد سەوز و سۆران مەحوی و شێرزاد حەسەن و ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی و ئەحمەد سەعید عەلی بەرزنجی. یا هەمانن لە نەوەی لەوەبەرن و لەم ساڵانەدا، هەرچەندە بەزۆری لەسەر تەکنیکی لەوەبەریان ڕۆیشتوون، بەڵام تەقەلای بەکارهێنانی تەکنیکی تازەشیان داوە. وەك: محەمەد مەولوود و دوکتۆر کاوس قەفتان و مستەفا ساڵح کەریم و ئەمین میرزا کەریم و جیهان عومەر. ئینجا لە بەرامبەر ئەماندا، هەمانن نەوەی نوێن و سەرەتا بەتەکنیکی کۆن دەستیان پێ کرد و دوایی بەلای تازەدا لایان دا وەك: عەبدوڵڵا سەراج و تاهیر ساڵح سەعید و محەمەد فەریق حەسەن و سەلام مەنمی.

ئەمە باری سەرنجی گشتییە. دەنا لە وردکردنەوەدا، دەشێ من لەم ناو یا لەو ناودا بەهەڵە چووبم، یا سەرنجە گشتییەکەش گۆڕینی پێ بووێ. بەهەرحاڵ من مەبەستم ئاڵۆزی و تێکەڵاوییەکەیە و دەمەوێ ئەوە بخەمە پێش چاو، کە ڕەخنەگر گەر بیەوێ لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوە، دەبێ خۆی بۆ ماندووبوونێکی زۆر ئامادە بکا. دیارە منیش کە دەستم دایە ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەر زوو ڕووبەڕووی ئەو واقیعە بوومەوە. بەڵام پێویستم بەوە نەبوو زۆر لەسەری بوەستم، چونکە من لە نموونە دەگەڕام بۆ شێوەکانی تەکنیك، یا بەپێچەوانەوە لە شێوەکانی تەکنیك دەگەڕام لەو نموونانەدا، بوونە نیشانەی ڕێبازی تایبەتیی خاوەنەکانیان لە تەکنیکدا. بەڵام ئەوەی بێتو بەدوور و درێژی لێ بکۆڵێتەوە و هەموو لایەنەکانی باسەکەی شی بکاتەوە، دەبێ لە شوێنی خۆیدا هەریەکەیان لەو حاڵەتی ئاڵۆزی و تێکەڵییە دەربێنێ و لە تەکنیکدا بیخاتە

خانەی تایبەتیی خۆیەوە و ئەنجامی وردکردنەوە و هەڵسەنگاندن، شوێن و پایەی هونەرییشی دەستنیشان بکا. واتە من لەم لێدوانەدا، تەنیا هێندەم خستووەتە سەرشانی خۆم، کە بتوانم شێوە جۆراوجۆرەکانی تەکنیکی چیرۆکی ساڵانی دوای ١٩٧٠ بەگشتی دیاری بکەم و هێندەی بتوانم روونیان بکەمەوە، کە ئەمە بێگومان دەبێتە یاریدەدەر، بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و فراوان سەبارەت بەم باسە. هەر بۆیە پێش دەکەوم و دەڵێم: هەرچەندە تەقەلام داوە باشترین نموونەی، چ ناوی چیرۆکنووسان و چ بەرهەمەکانیان، بۆ هەر شێوەیەك لە شێوەکان هەڵبژێرم، کە دەشگونجێ تیایدا سەرم کردبێ و بەهەڵە چووبم، یا بەرچاوم نەکەوتبێ، یا هەر کۆشش و خۆماندووکردنەکەم بەرامبەری باسەکە نەبووبێ و ئەوە کەلەبەری تێ خستبێ. هەر چۆنێ بێ من تەنیا توانیومە ئەم چەند شێوەیە دەستنیشان بکەم، کەوا لێرەدا دەیانخەمە پێش چاوتان.

**یەکەم: شێوەی گێڕانەوەی ئاسایی**

ئەگەرچی ئەم جۆرە تەکنیکە لە ساڵانی دوای ١٩٧٠دا، وەك وتم لەوە کەوت شێوەی هەرە سەرەکی و باو بێ، بەڵام لە واقیعدا وەك یەکێ لە جۆرەکانی تەکنیك لە چیرۆکنووسیندا لە کایەدا هەر مایەوە و وەك لە شوێنی خۆیدا ئیشارەتم پێ دا، زۆر لە چیرۆکنووسانی نەوەی لەوەبەر و ژمارەیەکیش لە نەوەی نوێ، هەر لەسەری بەردەوام بوون و پەیرەوییان کردووە. شێوازی سەرەکیی ئەم جۆرە تەکنیکە بریتییە لە گێڕانەوەی کارەسات بەزنجیرە، لە سەرەتاوە بۆ لووتکە و بۆ کۆتاییەکی مۆپاسانی و وەسفکردنی دوور و درێژ و رووکەشی لە نواندنی کەسان و رووداو و کارەساتەکاندا بەدیوی دەرەوەیاندا و کات و شوێن لە بزووتنی ئاساییی خۆیان دەخرێن و زمان خاو دەکرێتەوە و دەبێتە زمانی فەرهەنگ و وێنەی واقیع فۆتۆگرافیانە دەگیرێ و نیشان دەدرێتەوە، کە ئەمانە هەموو وا دەکەن خوێنەر تووشی بێزاری و وەرسبوون بکەن و دواجار بیخەنە بەر حاڵەتێکی گومانلێکردنیشەوە لەبارەی ئەوەی دەیخوێنێتەوە. واتە گومان لە راستگۆییی نووسەر سەبارەت بەو زانیارییانەی، لە دوو توێی چیرۆکەکەدا پێی رادەگەیەنێ، چونکە ئەم کەموکورتییانە وا لە خوێنەر دەکەن، کە وەك راپۆرتێك سەبارەت بەکارەساتێك بیخوێنێتەوە و رێگەی بۆ خۆش ناکەن تەواوی هۆش و ئاگای بئاڵێنە رووداوەکانی کارەساتەکە و لەگەڵیدا جۆش بخۆن و وردی بکەنەوە و لێکی بدەنەوە. با بۆ ئەم مەبەستە تەنیا دوو نموونەی بەرهەمی دوو چیرۆکنووستان بخەمە

پێش چاو، کە لە ڕاستیدا لەم جۆرە تەکنیکەدا لە چیرۆکنووسە لێهاتووەکانمانن. یەکەمیان چیرۆکی (بەڵام کوردم)ی[1] دوکتۆر کاوس قەفتانە، کە سەیرکەن و بزانن هەر دەستپێکردنەکەی چەند دەخایەنێ. لە پەرەگرافی یەکەمدا دەڵێ: (لەبەردەمما وەکو کـێوێکـی سەخت قـووت بـوونـەوە) و، بـۆ مـاوەی چـەنـد دێڕێك بـەدەمـیـیـەوە دەدا. لـە پەرەگرافی دووەمدا دەڵێ: (بەباڵا تێکسمڕاوێکی مامناوەندی بوو). ئینجا لە سێیەمدا دەڵێ: (جێگەکەشمان شوێنێکی خۆش و دڵڕفێن بوو). دواجار لە چوارەمدا دەڵێ: (لە پڕ ڕاچڵەکی) و ئیتر لێرەوە کارەسات دەست پێدەکا، کە تا ئێرە دوو لاپەڕەی قەوارەی گەورەی پێ چووە.

دووەمیان چیرۆکی (بێ وڵات)ی[2] محەمەد مەولوودە، کە لە پەرەگرافی یەکەمدا دەڵێ: (هەتا لە ژیاندا بم وێنەکەیم لە بەرچاو ون نابێ). لە دووەمدا (کات شەوێکی زستان بوو). لە سێیەمدا: (ئاسمان ساف و مانگی چواردە). لە چوارەمدا: (لەم جۆرە شەوانەی زستان). ئینجا پێنجەم و شەشەم و ئیتر لەوەبەدوا کارەسات دەست پێ دەکا، کە ئەمیش دوو لاپەڕەی پێ دەچێ.

گومان لەوەدا نییە کە چیرۆکنووسی لێهاتووی سەر بەم جۆرە تەکنیکەش، دەتوانێ لە بەرهەمەکانیدا سەرکەوتن بەدی بێنێ و بەڕاستی چیرۆك بدا بەدەستەوە و تا ڕادەیەکی باش لەو کەموکورتییانە خۆی بەدوور بگرێ، کە لە بنەڕەتدا دواکەوتوویی جـۆری تـەکـنـیـکـەکە خۆی، بەسەر نووسەریاندا دەسەپێنێ. زۆریشمان لەو نموونە سەرکەوتووانە، لە بەرهەمی چ پێش و چ دوای ساڵانی ١٩٧٠دا هەن، کە بەهەقیانەت چیرۆکن و لە کۆڕی ئەم هونەرەدا، شوێنی دیاری خۆیان هەیە و هەر دەشمێنێ. ڕەخنەگر لە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ساڵانی دوای ١٩٧٠دا، هێندەی بەشێوەکانی تری تەکنیکەوە ماندوو دەبێ، بەمیانەوە نابێ. چونکە هەم رابوردوویەکی دوور و درێژی دەستنیشانکردنیان کارێکی ئاسانە و زەحمەتییەکی ئەوتۆی تێدا نییە. بۆ نموونە: سەرجەمی بەرهەمەکانی جەمال بابان و جەلال مەحموود عەلی و محەمەد نووری تـۆفـیـق و دوکـتـۆر مارف خـەزنـەدار و مـحـەرەم مـحـەمـەدئـەمـین و تـەهـا بـابـان و لـە لاوەکانیش شێرزاد حەسەن و ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی و سۆران مەحوی و زاهیر ئەحمەد سەوز و م. ئارام، یا زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکەکانی دوکتۆر کاوس قەفتان و محەمەد مەولوود، بەم جۆرە تەکنیکە نووسراون.

بەڵام چیرۆکنووسی ترمان هەن، کە هەر لەم ساڵانەدا بەم تەکنیکە و بە جۆرەکانی

تریش بەرهەمیان هەیە، لەلای هەمووانیش وەها کەوتووەتەوە، کە سەرەتا ئەم تەکنیکی گێڕانەوەیان بەکار هێناوە و دوایی وازیان لێ هێناوە و ڕوویان کردووەتە جۆرەکانی تر. بۆ نموونە: (گوڵناز)ی[٣] عەبدوڵڵا سەراج و (سێبەری ئەسپەشێ)ی[٤] محەمەد فەریق حەسەن و (تانە و ئارەزوو)ی[٥] کاکەمەم بۆتانی و (ئنگریزە سوور)ی[٦] محەمەد رەشید فەتاح و (شانۆی ژیان)ی[٧] تاهیر ساڵح سەعید، کە هەریەکە و ئەم تەنیا نموونەیەم بۆ هێنایەوە، دەنا بەرهەمی تریان بەم جۆرە تەکنیکە زۆرە، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لە پێش ساڵی ١٩٧٠ەوە، دەستیان دابووە چیرۆکنووسین. هەر چۆنێ بێ، لە زووەوە بەم جۆرە تەکنیکە ئاشناین و وەك وتم دەسنیشانکردنی کارێکی زەحمەت نییە و لەبەرئەوەی تا ئێستا زۆریشی لەسەر نووسراوە و وتراوە، بەپێویستی نازانم لەوە زیاتری لەسەر بڕۆم.

**دووەم: شێوەی پەنابردنە بەر رەمز**

باسی ئەم جۆرە تەکنیکە، کە لە چیرۆکی ساڵانی دوای **١٩٧٠دا** بەلێشاو سەری هەڵدا، باسێکی هەم پڕوچڕ و هەم ناسکە و وەك کوردەکەش دەڵێ: ئاو زۆر دەکێشێ. بۆچی و چۆن سەری هەڵدا و چی دەڵێ و چی دەوێ.. هتد..؟!. پرسیارەکان زۆرن و ئاڵۆزن و وەڵامدانەوەیان کارێکی ئاسان نییە، ئەگەرچی ئەو ڕۆژگارە هەر دادێ، کە باسەکە چووبێتە ئەستۆی مێژوو، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیش ببێتە ئیشی مێژوونووسانی ئەدەب. بەڵام بۆ ئەم لێدوانەی ئێمە لە ئێستادا، تەنیا هێندە بەسە کە بڵێم: چەندە پەنابردنە بەر رەمز، ئەنجامی گەڕان بوو بەدوای شێوەی نوێ لە تەکنیکدا، پتر بۆ ئامانجێکی سیاسی بوو. یا باشتر وایە بڵێم: هەم سیاسەت بەسەر چیرۆکنووسانیدا سەپاند و هەم سەرپێچیکردن لە سیاسەتەکە خولْقاندی. بەو باریاندا بارودۆخی بابەتی ڕۆڵی تێدا گێڕا و بەم باریاندا لایەنی خۆیی (زاتی)ی چیرۆکنووس، لە ئەنجامی ئەو قەناعەتە تایبەتییانەدا، کە سەبارەت بەهەڵوێست و کێشە و کردار و ڕەفتارە جۆراوجۆرەکان لەلای دروست دەبوون. ئەمە لە کاتێکدا کە ئیلتیزامی ئایدۆلۆجی و سیاسی و حزبیش، وەك هەموو ڕۆژگارەکانی تر لەکایەدا بووە و گەلێ لەو چیرۆکنووسانەی پەنایان بردووەتە بەر ئەم جۆرە تەکنیکە، سەر بەم ئایدۆلۆجیا و لایەنی سیاسی یا بەویان بوون. ئەمەش بۆ خۆی دیاردەیەکە و سەرنج ڕادەکێشێ. هەر چۆنێ بێ ئەم لێشاوی پەنابردنە بەر رەمزە، لە سێ بابەتی سەرەکیدا خۆی نواند و خەست بووەوە. واتە سێ ڕێگەی جیا لە یەکتر، ئەگەرچی بەهەرسێکیان شێوە

سەرەکییەکەی ڕەمز پێك دێنن.

**یەکەمیان: ڕەمزییەتێکی شێوە ئەفسانەیی**

چـۆن؟. بـا بـاسی بکـەم.. تکـایـە بـەدوامـدا وەرن و هـەوڵ بـدەن ئـەو دیمەنـانـەی ئیشارەتیـان پـێ دەدەم، وەك لـە خـەونێکی نـاخـۆش یـا نـائـاساییدا بن وەهـا بیـانـهێننە پێش چـاوی خـۆتـان. دەڕۆین.. دەگەینـە بـەردەرگەی شـارێکی شوورەدار. دەرگەکە زۆر زل و زەبـەلاحـە. دوو پـاسـەوانی لـە بـەردان. هـەر مـاسوولکـەیـەکی پـووز و بـازوویـان، هێندەی بـاگـردێنێکە. چـاوانیـان تـەنوورن و کڵپـەی ئـاگـریـان لـێ دەردەپـەڕێ. ئـەو دیمـەنـەیـان دەبـێ ئێمە زارەترەك بکا. کەچی نا!. ئەوان خۆیـان دەرگەکەمـان بۆ دەخـەنە سەرپشت و دەچینە ژوورەوە. شار و خەڵکەکەی، لە شوورە و دەرگە و پاسەوانەکان سەیرترن!. زەلام دەبینین یەك دەست و دە قـاچی هـەیە. هی تر یەك قـاچ و دە دەست!. مزگەوتێك منـارەکەی بیرێکە. مـەلهـایەك ئـەرتێستـەکـانی، دوای پێشکێشکردنی هـەر سـەمـایەك ڕەکعەتێك نوێژ دەکەن. وڵاخ ئێسقـانی لـە بـەردەمدایە. سـەگ کـا کـاوێژ دەکـا و ئیتر خـۆتـان چـی ترتـان لـەم بـابـەتە دیمـەنـانـە بـەخـەیـاڵدا دێ، بیخـەنـە سـەری و بدەن بـەدەمییەوە. تـا دەگـاتـە ئـەو ساتـەی، هـەست بکـەین مـەترسییەکی نـەبینرا و و نـەزانراو، لـەوەدایـە لێمـان نزیك ببێتـەوە. ئێمە ڕەنگ و ڕووی مـەترسییەکە نـابینین. بـەڵام هـەستی پـێ دەکـەین و لـەگـەڵیدا، هـەست بـەوەش دەکـەین کـە ڕزگـاربوونمـان مسۆگـەرە. کـەچی رق و نـاڕەزاییـیەك لـە قووڵایـیی هـۆشمـانـدا، بـەرامـبـەر بـەو شـارە ئـەفسانـەییـیـە سەر هـەڵـدەدا و حـەزێك بـۆ تەفروتووناکردنی، لە دڵماندا جێی خۆی دەکاتەوە. ئینجا کە لە خوێندنەوەی دوا دێری چیرۆکەکە دەبینـەوە، حـەزەکە خۆی دەگوێزرێتـەوە بۆ نـاو بیر و هـۆشمـان و دەکـەونـە وردکردنـەوەی و، بـەوە ڕەمزە وردەکـان و ئینجا ڕەمزە گـەورە ئـەفسانـەیییـەکە، ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن.

سـەرنجم دا دروستکردنی ئـەم شـارە ئـەفسانـەیییە، بـەشی زۆری نموونـەی چیرۆکی ڕەمزیـەتی شێوە ئـەفسانـەیی داگیر کردووە. دیـارە شـارەکـان لـەلای هـەمووان چوونیـەك نین. بـەڵام هـەموو لـە نـەخشە گشتییەکەیدا یەك دەگرنـەوە. بۆ نموونـە: لـەلای عـەبدوڵڵا سەڕاج لە (کۆمەڵگەیەکی ئاسنین)دا[٨]، هەموو شتێکی شارەکە و ئادەمیزادەکانیشی، لە ئاسن و مس و پۆڵان. دەڵێ: (جا شارەکە دیمەنێکی ڕەنگینی هەبوو. زەلامێکی سەوز منداڵێکی سووری بـەدواوە. مرۆڤێکی ڕەنگاوڕەنگ، ژنێکی ژەنگـاوی لـە پێش. زۆری واشم دی دەستێك یا پایەکی ناتەواو بوو، یا گوێیەکی لەوی تر زلتر بوو، یاخۆ بێ لاق

بوو، که ناچار پارچه بورییەکی بۆ دامەزراندبوو). یا لە چیرۆکی (بەندی دووەم لە وەچەی یاسای خۆڵ و دۆ)ی[٩] حوسێن عارفدا دەڵێ: (لە شەوی حەوتەمدا.. لە رۆژی حەوتەمدا.. ڕەشەبایەکی ڕەش هەڵی کوتایە سەر شار. لەگەڵ خۆیدا حەوت هەزار شێر.. حەوت هەزار پڵنگ.. حەوت هەزار گورگی دەهاویشتە ناوشارەوە. لە دەرگەی ماڵەکان خۆیان بۆیان دەکەوتنە سەرپشت). هەروەها لەلای محەمەد مەولود مەم لە (قووچکە)داو[١٠]، ڕەووف بێگەرد لە (گەڕیدەی شاری کۆیلەکان)دا و[١١]، تاهیر سالح سەعید لە (بینین لە چاوی هەڵۆوە) و[١٢]، ڕەئووف حەسەن لە (گۆڕە و شار لە توونی بابادا) و[١٣]، لەتیف حامید لە (بەشێك لە داستانی سواڵکەرە نەناسراوەکە)دا[١٤]، باس هەر لە هەمان ئەو شارە ئەفسانەییەیە، بەڵام هەریەکە بەشێوەی تایبەتیی خۆی و بۆ ڕەمزێکی سەرەکیی دیاریکراوی خۆی لە نموونەی تری وەك (سمکۆڵی ئەهریمەن لە زامی هەڤرێستەکەدا)ی[١٥] کاکەمەم بۆتانی و (ژانی دیمەنێك)ی[١٦] عەبدوڵڵا ئاگرین، لە بریی شارەکە ئەهریمەن و ئاهورامەزدە و مووغەکان، دەبنە دەلالەتی ڕەمزەکە و تەنی شێوەکە بەسەر کارەساتەکاندا دەچنن.

بێگومان بایەخی گەورەی پەنابردنە بەر ڕەمز، ئیتر چ دروستکراوی خەیاڵی نووسەر خۆی بێ و چ بنچینەیەکی مێژوویی هەبێ، لەوەدایە کە هێندەی دەبنە ڕەمز بۆ مانا و مەبەست و دواجار ئامانجێکی تایبەتی لەلای نووسەر، هێندەش پێز و بڕشت بە ناوەڕۆکە ڕەمزییەکە دەدەن. بۆ نموونە: ئیشارەتدان بە ئەهریمەن و ئاهورا و مووغەکان و زەردەشت یا کاوە و ئەژدەهاك، ڕاستەوخۆ و یەکسەر تەوژمی زانیارییەکی ئەوتۆ بەخوێنەر دەدەن، کە لەوەبەر لەلای دروست بووە و لە بیر و هۆشیدا خەست بووەتەوە، ئینجا دەمێنێتە سەر ئەوەی بیبەستێتەوە بەو زانیارییە تازانەوە کە نووسەر لە دووتوێی کارەساتەکانی چیرۆکەکەدا بۆی حەشار داوە و خوێنەری زیرەك و وریا دەبێ هەر زوو لێی حاڵی ببێ و ئەوسا ئیتر تەوژمەکەی لێ دەبێ بە دوو، کە تێکەڵ بەیەکتر دەبن و بەهاژە دەڕژێنە دەریای سەرجەم زانیارییەکانییەوە، سەبارەت بە ژیان و نهێنییەکانی. بەڵام لە حاڵەتی دروستکردنی لە خەیاڵی نووسەردا، کارەکە بۆ خوێنەر کەمێ گرانتر دەبێ، ئەگەرچی نووسەر هونەرکاری و وەستاییی زیاتر پێ دەوێ. لەمیاندا (وەك حاڵەتی شارە ئەفسانەییەکە)، خوێنەر تەنیا تەوژمی حاڵی حازری زانیاری وەردەگرێ و مێژوو لە کایەدا نییە تا یاریدەی بدا، چونکە ڕەمزەکان دروستکراوی خەیاڵی نووسەرن.

### دووەمیان: ڕەمزییەتێکی تارماییئامێز

لەمیاندا کەسانی چیرۆك وەك تارماییيەك هەڵدەسووڕێن و کارەساتەکانیش وەك لەناو تەمومژێکدا، یا لە نێوانی تاریك و لێڵییەکەوە ڕوو بدەن وەهایە. بەڵام چ کەسان و چ کارەساتەکان، دەلالەتێکی ڕەمزی دەدەن و لە سەرجەمی هەڵسوکەوت و چۆنیەتیی زنجیرەی ڕوودانیانەوە، مەبەست و ئامانجی سەرەکیی نووسەر دەردەکەوێ. بۆ نموونە: لەلای محەمەد رەشید فەتاح لە (وچان لە قۆناغی خونچەی کراوەدا)[١٧]، هەست دەکەین داپیرەیەك بڕبڕەی پشتی چیرۆکەکەیە و دەدوێ و کارەسات هەڵدەسووڕێنێ، کە لە ئەنجامدا تێ دەگەین داپیرە مرۆڤێك نییە و لە خوێن و گۆشت و ئێسقان بێ، بگرە مێژووە و هاتووەتە زمان و خۆی دەگێڕێتەوە. وەهاش خۆی دەگێڕێتەوە، کە ببێتە دەلالەتێکی ڕەمزی بۆ مەبەستێکی تایبەتی. یا لەلای کاکەمەم بۆتانی لە (زەرووی تەمەنی ئەرخەوان)دا[١٨]، کرێکارێك ناودەبرێ کە تەمەن و ئەرخەوان و زەروو، ئینجا بازیبەند و دیوارێکی پێنجەم دەوریان تەنیوە و بەسەرێك لەگەڵ ئەودا و بەسەرێك لەناو خۆیاندا، پێکدا دێن و دەبزوون و کارەسات دروست دەکەن. بەڵام لە واقیعدا کرێکارەکەش وەك داپیرەکە، کرێکارێکی دیاریکراو نییە و ئەوەکانی تریش، ئەو شتانە خۆیان نین وەك لە ژیاندا هەن، بگرە ڕەمزن بۆ شتی تر کە سیفەتی گشتییان هەیە. یا سەلام مەنمی لە (خەیاڵی نەزۆکی ئەهریمەن)دا[١٩]، کەسایەتییەکمان نیشان دەدا کە بەکردەوەکانیدا دەزانین ئەهریمەنانەیە، بێ ئەوەی بتوانین ناوی فلانی کوڕی فیساری لێ بنێین، بگرە سێبەری هەر شەڕخوایەکە و لە ژیاندا هەڵدەسووڕێ، یا لەلای محەمەد مەولوود لە (سەرەتا و کۆتایی)دا[٢٠]، هەر خۆی کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکە بە –تارمایی– ناودەبا و دەوریشی بەژمارەیەك ڕەمزی تر دەتەنێ، وەك: دێو، زریان، بورکان، شاخ، ڕۆژو مانگ و زۆری تریش، کە هەریەکە دەلالەتێکی تایبەتیی خۆی هەیە و لە مامەڵەکردن لەگەڵ تارماییيەکەدا مەغزایەك دەدا. یا لەلای رەئووف بێگەرد لە (سوار)دا[٢١]، سوار و ئەسپ و باز و پاشا و سەرباز و دراوسێ و تۆڕ، دەنکەکانی تەزبیاحە ڕەمزێکن و لە تێهەڵکێشکردن و بەیەکدادان و هەڵسووڕاندنیان و ئینجا ڕیزکردنیاندا بەپاڵ یەکەوە، ڕەمزێکی سەرەکی دەدەن بەدەستەوە، کە باسی لە مەسەلەیەکی زانراوە. یا لەلای جیهان عومەر لە (گۆڕستانی زیندووەکان)[٢٢]، ڕەمزە سەرەکییەکە لەبارەی هەمان مەسەلەوەیە و بینەران و نوێنەری ئەنجوومەن و گۆڕستان و لێپرسراوی گۆڕستان،

کلیلەکانی پێك دێنن و ئامانج و مەبەستی نووسەر ئاشکرا دەکەن.

بەهەرحاڵ ئەم بابەتەیان پتر لە یەکەم بەتەمومژە و تێگەیشتنی زەحمەتترە و خوێنەر دەبێ لەناو کۆمەڵێك کلیلدا، بەمەزەنەی خۆی یا بەپێی جۆری تێگەیشتنی تایبەتیی خۆی، کلیلەکەی بدۆزێتەوە و دەرگەی ڕەمزەکەی پێ بکاتەوە و لە مەبەستی نووسەر حاڵی ببێ.

**سێیەمیان: ڕەمزییەتێکی واقیعی**

ئەوی ڕاستی بێ ئەم شێوەیە، لە دووانەکەی تر باوترە و زیاتر ڕووی تێ کراوە. چونکە لە ڕووی هونەرییەوە ئاسانتر بەدەستەوە دێ و تێگەیشتنیشی لەلایەن خوێنەرەوە، وەك ئەوان زەحمەت نییە. چیرۆکەکە بەدیوی دەرەوەیدا، چیرۆکێکی واقیعیی ئاساییە و چ کەسانی و چ کارەساتەکانی، وەك چۆن لە ژیانی ڕۆژانەدا هەن و ڕوو دەدەن، ئاوەها هەڵدەسووڕێن. بەڵام بەدیوی حەشاردراویدا، کەسان و کارەساتەکانی تێدا دەبنە ڕەمز و هەموو پێکەوە ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکەی نووسەر ڕادەگەیەنن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هاتو خوێنەر زەفەری پێ نەبرد (کە ئەمە تەنیا شیمانەیەکە)، ئەوا چیرۆکێکی واقیعیی ئاسایی دەخوێنێتەوە. ئەگەرچی لە زۆربەی حاڵەتدا بەم بارەدا، بەلای ئەو خوێنەرەوە سادە و ساکار دەردەچێ و شتێکی وەهای تێدا نابێ پێی بوترێ خوڵقاندن و داهێنان. زۆرن ئەوانەی لەم بوارەدا بەهرەی خۆیان تاقی کردووەتەوە. دیارە لە ڕادەی سەرکەوتنیشیاندا چونیەك نین و هەن هونەرمەندانە و زیرەکانە نەخشەیان لە دوو توێی چیرۆکەکەدا بۆ ڕەمزەکان کێشاوە و هەن نەشارەزاییان تیایدا پێوە دیارە. بەڵام من لێرەدا گوێ نادەمە ئەم لایەنە، بگرە زیاتر ئەو نموونانە دەخەمە پێش چاو، کە باشتر بۆ شێوە تەکنیکییەکە دەگونجێن، هەر وەکو تەنیا ئیشارەتێکیش بە کلیلەکانی ڕەمزەکانیان دەدەم و ئیتر لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بەئیشی ئەوڕەخنەگرە دەزانم، کە لە ناوەڕۆك دەکۆڵێتەوە.

بۆ نموونە: لەلای محەمەد ڕەشید فەتاح لە (پیاوچاك)دا[٢٣]، پشیلە و پیاوچاك و شاخ و مشك کلیلی ڕەمزەکەن. یا لەلای ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە (هەیاس)دا[٢٤]، هەتاڤ و منداڵەکانی تر و جۆری یاریکردنیان. یا لەلای محەمەد موکری لە (داستانێ سەرەتاکەییم لە بیر چووەوە)دا[٢٥]، شانۆ و ئەکتەر و چوار بینەر. لەلای مستەفا ساڵح کەریم لە (سێ وێنەی ڕێبوارێکی ماندوو)دا[٢٦]، گێلاس و پرشنگ و یادگار. لای

کاکەمەم بۆتانی لە (گۆرانیی دەربەدەرێکی یاخیبوو)دا[٢٧]، یاخیبووەکە و بەرامبەرەکەی و ئاوایی و خەڵکەکە. لەلای سەلام مەنمی لە (ڕەنجی شانی جووتیارێك)دا[٢٨]، جووتیار و کوڕەکانی ئاغا و خەرمان. لەلای دڵشاد مەریوانی لە (گرەوی ئینجانەیەکی خڕ و سیانزە گوڵ)دا[٢٩]، شاری سەهۆڵبەندان و کوڵەبۆزی یەکەم و دووەم و ئینجانە و گوڵ.

هەرچۆنێ بێ، پەنابردنە بەر ڕەمز کە پتر هۆی بابەتی سەپاندی و، بەڵام هۆی خۆییشی بۆ لەسەر پێ بوو، وەك تاقیکردنەوەیەکی نوێ لە تەکنیکی چیرۆکی کوردیدا، بووە مەشقێکی بایەخدار و کاریگەریش بۆ چیرۆکنووسانمان، بەرێگای خولْقاندن و داهێناندا و تا ڕادەیەکی باش بەهرە و توانایانی لەم بوارەدا لە بڕبەنددا و ئاسۆی شارەزایی و وەستاییانی لە کۆڕی هونەری چیرۆکنووسیندا فراوان کرد.

**سێیەم: شێوەی مۆنۆلۆگ**

ڕێبازی (شەپۆلی هۆش– تیار الوعي) لە هونەری چیرۆکنووسیندا، بەوە بەناوبانگە کە هەرچەندە دیوی دەرەوەی مرۆڤ، لە هەڵسوکەوت و کردار و ڕەفتاریدا ناخاتە پشتگوێ، بەڵام پتر بایەخ بەدیوی ناوەوەی دەدا و شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناخی و جڵەوی بۆ شل دەکا کە بێ سڵکردنەوە، لە هەست و نەست و ئاوات و نیاز و ڕازی خۆی بدوێ، کە مرۆڤ ئەم بابەتە شتانە لە دەرەوەی خۆی دەشارێتەوە و لە ناخی خۆیدا حەشاریان دەدا، یا قابیلی بەدیهێنان نین.. هتد.

جا ئەم ڕێبازە کە هێندە بایەخ بەدیوی ناوەوەی مرۆڤ بدا، دەبێ جۆرە تەکنیکێکیش بەکار بێنێ، ڕێگەی گەیشتن بەو ئامانجەی بۆ خۆش بکا کە دیارە تەکنیکی مۆنۆلۆگ (واتە قسەکردن لەگەڵ خۆدا) باشترینە. ئەم شێوەیەش یەکێکە لەو تەکنیکانەی، کە داهێنەرانی ڕێبازی (شەپۆلی هۆش)، لە هونەری چیرۆکنووسیندا نەشونمایان پێ کرد و گەشەیان پێ سەند و بەفراوانی بەکاریان هێنا. لەوانە (جیمس جویس و فرجینیا وولف و ولیام فۆکنەر).

ڕۆبەرت هەمفری لە کتێبەکەیدا (شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێدا)، کە لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی شێوەکانی تەکنیکەوە لەلای ئەم ڕێبازە، مۆنۆلۆگ وەها پێناسە دەکا: (ئەو جۆرە تەکنیکەیە لە چیرۆکنووسیندا، کە باری سایکۆلۆجیی کەسێتی و کردارە سایکۆلۆژییەکانی دەنوێنێ، پێش ئەوەی وەك دەربڕین پێبگا و دروست ببێ و

بتوانرێ بەئەنقەست قسەی لێوە بکرێ ببێتە وشە و ڕستە – ل٤٤). هەروەها مۆنۆلۆگ دەکا بە دوو جۆرەوە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. لەبارەی ڕاستەوخۆوە دەڵێ: (ئەو جۆرە مۆنۆلۆگەیە کە بایەخ بە وجوودی نووسەر نادا و وەهاشی دادەنێ کە هیچ گوێگرێك لە کایەدا نییە– هەمان لاپەڕە). بەم پێیە دەبێ بڵێین مەرجەکانی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ بریتین لە:

١– نەبوونی هیچ گوێگرێك و گوێ لەو قسانە بگرێ، کە کەسانی چیرۆك لەگەڵ خۆیاندا دەیکەن. واتە نەبوونی هیچ خوێنەرێکیش کە گریمانەیی لە کایەدابوونی بکرێ و زانیارییەکی پێ ڕابگەیەنرێ.

٢– حازرنەبوونی نووسەر. واتە خوێنەر دەبێ لەساتی خوێندنەوەدا، هەست بەبوونی نووسەر نەکا. ئەمە لە کاتێکدا وا گریمانە دەکرێ، کە خوێنەر خۆشی بوونی نییە.

٣– دەربڕینی ئەوەی لە دەرووندایە، دەبێ بەلێشاو بێ و پێوەندییەکی بابەتیی توندیش، لە نێوانی ئەو شتانەدا نەبێ کە دەریان دەبڕێ و قسە و باسوخوازەکان زوو زوو یەکتر بقرتێنن.

لەبارەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆشەوە نووسیویە: (ئەو جۆرە مۆنۆلۆگەیە کە لە بریی راناوی کەسی یەکەم، راناوی کەسی دووەم و سێیەمی تێدا بەکار دەهێنرێ. واتە بەپێچەوانەی ڕاستەوخۆوە، ئەمیان ئەو ئیحایە دەدا بەخوێنەر، کە خۆشی و نووسەریش لە کایەدان. جگە لەوەی وەسفکردن و لێکدانەوەی پێوەندیی نێوان شتەکان و یەکەتییان و هۆیەکانیان و هەستکردن بەواقیع تیایاندا بەکار دەهێنرێ– ل/٤٩). واتە لەمیاندا نووسەر خۆی لە زمانی کەسەکەوە دەدوێ و شۆڕ دەبێتەوە بۆ قووڵاییی دەروونی و ئەگەرچی زۆر بەوردی و لە نزیکەوە، ڕاز و نیاز و خواست و ئاوات و شتە نهێنییە حەشاردراوەکانی لە ڕوو دەخا، بەڵام خوێنەر هەست بەبوونی خۆی و نووسەر دەکا و کەم و زۆر لێی بەئاگایە. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم جۆرە تەکنیکە، لە هەموو پلەکانی کاروانی پێشکەوتنی چیرۆکی کوردیدا، بەشێوە ساکارەکەی و بەتایبەتی لە شێوەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆدا بەدی دەکرێ. بەڵام هێندەی بەخۆدا هاتبێ و لە هەردوو رووی چەندەکی و چۆنەکییەوە پەرەی سەندبێ، لەم ساڵانی دواییەدا بووە، واتە لە ساڵانی دوای (١٩٧٠)دا.

جا ئێمە لە پێناسەکەی ڕۆبەرت هەمفرییەوە بۆمان دەردەکەوێ، مۆنۆلۆگی

راستەقینە ئەوەیە کە ئەو شتانەی لە ناخی قارەماندا دەوترێن، نەگەیشتبنە رادەی پێگەیشتنێکی ئەوتۆ، کە بووبن بەقسە و بتوانرێ بە زمان بوترێن. واتە لە ناخدا لە پلەی پێش قسەکردندا بن (کە ئەوی راستی بێ ئەمە تەنیا کۆشش و هەوڵدانێکی سەخت و ستەمە و نووسەر بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو حاڵەتەدا دەیدا. دەنا لە واقیعدا هیچ هێزێك نییە، یا بابڵێین تا ئێستا نەبووە، کە بتوانێ لە ڕێگەی زمانەوە.. لە ڕێگەی وشە و ڕستەوە ئەو حاڵەتە بەگیر بێنێ و بیخاتە ڕوو. چونکە هەرچی بکا، هەر دەبێ پەنا بەرێتە بەر زمان. کە پەناشی بردە بەر زمان، مانای وایە ئەو لە بریی قارەمانەکە، شتەکانی گەیاندە ڕادەی پێگەیشتنێکی ئەوتۆ، کە بتوانرێ بەقسە بوترێن و بخرێنە سەر کاغەز و کە ئیتر لێرەوە حیسابەکە دێتە سەر سفر و مەسەلەکە لە نووکەوە دەست پێ دەکاتەوە. واتە لە بۆشاییەکدا دەخولێتەوە، یا دادەخزێتە کۆلانێکەوە کە دەرناچێ.

بەهەرحاڵ سەبارەت بەخۆمان دەتوانم بڵێم: هەرچەندە لەم جۆرە تەکنیکەدا لەم سالانی دواییەدا، بەخۆداهاتووین و لە چاو لەوەبەردا زۆر تێیدا پێشکەوتووین، بەلام بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی نووسەرانی بیانی لەم بوارەدا بەدییان هێناوە، ئێمە هێشتا لە سەرەتادایین و هەنگاوی گەورەمان تێدا نەناوە، بەتایبەتی لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا کە شێوە زەحمەت و گرانەکەیەتی و هەم بەهرەیەکی ڕەسەن و هەم شارەزایی و لێزانییەکی باشی پێ دەوێ. ئەمە لە کاتێکدا بۆ مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ دەتوانم بڵێم: چ لە زۆریی نموونە و چ لە ڕووی سەرکەوتنەوە تیایدا، لە ڕاستەوخۆ لە پێشترین و هەنگاوی زیاترمان تێدا ناوە. بۆ نموونە:

لەتیف حامید لە چیرۆکی (بەشێك لە داستانی سواڵکەرە نەناسراوەکە)دا، وەها دەست پێ دەکا: (ئەو داستانەی کە نەنکم چێژی هۆشمی پێ دابوو، وەکو زالوو چەپکی ڕۆشنایی لە هەستم ئەچنی..) تاهیر ساڵح سەعید لە (کاتێ کە لەیەك ناگەین)دا(٣٠) دەڵێ: (قینی لێمە؟!. تۆ بڵێیت وابێ؟!. ئەی کەوایە بۆ بەبێ هۆ ئارام ناگرێت گەر ڕۆژی چەند جارێك نەنێرێ بەدواما). عەبدوڵڵا سەڕاج لە (خۆراك)دا(٣١) نووسیویە: (سەرنجی جلوبەرگەکەیم دا. هەرچەندەش پانتۆڵەکەی لە ڕەنگی چاکەتەکەی نەبوو، بەلام نەشازییەکم تێدا بەدی نەکرد). کاکەمەم بۆتانی لە (سێبەری بەرسنگەری مەرگ)دا(٣٢) دەڵێ: (لەناو دارەمەیتێکدا خۆم بەدی دەکەم. مەیتەکەم لەناو قەفەزێکی گەورەی لە شووشە دروستکراودا دیت. قەفەزەکە چواردەوری بەخەڵکی گێژۆکە چنرابوو..) سەلاح شوان لە (لاسارێك لە کاروانە وێڵەکەدا)دا(٣٣) وەها دەست پێ دەکا:

(هەنگاوم ئەنا و بیرم لە شوێنێکی تر بوو.دوێنێ زیاد لە پێویستم خواردەوە. لە ناکاوێکدا سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆم کرد).

سەدرەدین عارفیش لە (گەشتێك)دا[٣٤] هەر لە دەستپێکردنەوە دەڵێ: (لەشم تۆزێ گران بووبوو. مێشکیشم زۆر وڕ بوو. پۆلیسێك لەولاوە لەسەر سنووقێك دانیشتبوو). لە هەموو ئەم نموونانەدا، قارەمانی چیرۆك خۆی بۆ خۆی دەدوێ. واتە گوێگرێك لە کایەدا نییە بۆی بدوێ، کە بەمە دەشێ بڵێین: تەکنیکی مۆنۆلۆگیان تێدا بەکار هێنراوە. بەڵام کە دەیانخوێنینەوە، لەگەڵ دێڕ بە دێڕدا لەوە بەئاگاین، کە نووسەرێك هەیە و ئەم قارەمانەی بۆ هێناوینەتە زمان و کارەسات و بەسەرهاتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە. یا ئەگەر نووسەریشمان لە خەیاڵدا نەمێنێ، ئێمە دەزانین ئەو قارەمانە ئەگەرچی لەبەر خۆیەوە بۆ خۆی دەدوێ، کەچی لە ڕاستیدا بۆ ئەوەیە کە ئێمە گوێمان لێ بێ و ئەوەی دەیەوێ پێمانی ڕابگەیەنێ. ئینجا کە سەرنج دەدەینە جۆری ڕاگەیاندنەکەش، دەبینین ڕێکوپێك هۆنراوەتەوە و بەپێی لۆجیکە و کارەساتیش بە هۆشمەندی و ئیدراکەوە باس دەکرێ. واتە قارەمان لە خۆی هۆشیارە چی دەڵێ و چۆن دەدوێ.

ئەمە شێوەی هەرە باوی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیە، لە چیرۆکی ساڵانی دوای ١٩٧٠دا. بەڵام لە پاڵیدا دوو شێوەی تریش هەن کە زۆر روویان تێ کراوە، یەکەمیان لە قسەکردنی کەسانی چیرۆك لەگەڵ خۆیاندا و بەیناوبەین قسەکردنی نووسەر بەوەسفکردن و لێکدانەوە و ڕادەربڕین. بۆ نموونە: محەمەد رەشید فەتاح لە (وەستان لەسەر یەك قاچ)دا[٣٥]، لە سەرەتادا بە مۆنۆلۆگ دەست پێ دەکا و لە ناوەڕاستی چیرۆکەکەوە ئیتر خۆی (نووسەر)، دەکەوێتە گێڕانەوەی کارەسات. یا رەئووف بێگەرد لە (فەرهەنگی ئارەزووی ئەم شارەدا)دا[٣٦]، هەر وەها دەکا. لە کاتێکدا رەئووف حەسەن لە (ئاه و نزوولەکانی کچێکی سەروعوزرشۆر)دا[٣٧]، تێهەڵکێش دەمێ قارەمان لەگەڵ خۆیدا دەدوێ و دەمێ نووسەر قسە دەکا. بەڵام لە دووەمیاندا، نووسەر خۆی دەچێتە قووڵایی دەروونی قارەمانەوە و لە بریی ئەو دەدوێ و وەك یەکێ چۆن خۆی ئاگای لە هەموو شتێکی بێ، هەست و سۆز و خواست و نیاز و شتە نهێنییەکانی ناخی لە روو دەخا. بۆ نموونە: لە (مرۆڤە جەنجاڵەکە)ی حوسێن عارفدا، زیندەخەونەکەی قارەمان لە چاپتەری (خەو)دا وەها نیشان دەدرێ: (بۆ ناو دۆڵێکی هەزار بە هەزار داکشا، هەر دادەکشا و نەدەکەوتە سەرزەوی. بەرەو ئاسمانێکی بێ بن هەڵکشا، هەر هەڵدەکشا و نەدەگەیشتە بنمیچی. جارێك و دووان و سیان داکشا و

هەڵکشایەوە. بێزار بوو. وای هەست کرد تەشقەڵەی پێ دەکرێ. روانییە بەرەوخوار. ملیۆنان ریزە ددانی ژەنگاوی لە ڕوویدا ریچ دەبوونەوە. سەرنجی دایە بەرەوژوور. ملیۆنان زمانی رەش بەڕوویدا فیشکەیان دەکرد. تووڕە بوو. خۆی ڕاپسکاند. پەلەقاژەی کرد..) یا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە (تابلۆیەکی سوریالی)دا[٣٩]، کە لە چەند ساتێکی نێوان بەئاگایی و لەهۆشچوونی قارەمانەکەی دەدوێ و دەڵێ: (چاوی بڕییە ئاوێنە بچکۆلەکەی بەردەم شۆفێرەکە. دەیان وردە درزی تێ کەوتبوو. ڕووی خوێناویی شۆفێرەکە، شێوەی تابلۆیەکی سوریالیی دەنواند. بەرە بەرە لێڵ بوو. تەمێکی خەست بەرچاوی گرت. ئاگای لە خۆی نەما. لەناو تەمەکەدا چەند تارماییەکی بینی، لە تەنیشتییەوە راوەستاون. ئەو وزەیەی لە مێشکیدا مابوو، نەیتوانی کات و جێگەکەی بۆ دیاری بکات و.. هتد).

ئەمە لەبارەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆوە. بەڵام مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ بەپێچەوانەوە، وامان لێ دەکا لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا، بەهیچ کلۆجێ هەست بەوە نەکەین، کە نووسەر و گوێگر و ئێمەی خوێنەریش لە کایەدا هەبن، بگرە لە ناخەوە باوەڕ بەوە دێنین کە ئەو قارەمانەی بۆ خۆی دەدوێ، نە کەسێك هێناویێتییە زمان و نە مەبەستیشێتی، ئێمە گوێی لێ بگرین و شتێکمان پێ ڕابگەیەنێ. واتە مەسەلە لێرەدا دەچێتەوە سەر کۆششە سەختەکەی نووسەر، کە ئەگەرچی تۆ لە سەرەتادا دەزانیت شتێك دەخوێنیتەوە کە بۆتی هۆنیوەتەوە، کەچی هەر زوو دەتخاتە حاڵێکەوە کە لەگەڵ قارەمانەکەدا تێکەڵ بەیەکتر ببن و ئیتر تۆ وا دەزانیت خۆتی قسە دەکەیت و لەگەڵ خۆتدا دەدوێیت، چونکە تۆش وەك هەر مرۆڤێکی تر، سەدان و بگرە هەزاران جار، کەوتوویتە ئەو بابەتە حاڵەتەوە و بەسەرت هاتووە و تێوەی گلاویت.

بۆ نموونە: لەتیف حامید لە (زەرد، سوور، سەوز، شین)دا[٤٠] وەها دەست پێ دەکا: (باخچەکە ڕازابووەوە. تۆزێ شڵەژام. بلیتەکەم دەرکرد–مێزی خەبات–. رووم تێ کرد. دانیشتم. چاوێکم بەدەوری خۆمدا گێڕا. تەریقەوە بووم. خۆزگە نەهاتمایە. پیاو ئەبێ بۆ هاتنی بۆ شوێنی ئاوها ئاوا خۆی ڕێك بخات.). بێگومان دەستپێکردنەکە بەم جۆرە، تەواو مانای مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ ناگەیەنێ، چونکە کە دەڵێ: (باخچەکە ڕازابووەوە. تۆزێ شڵەژام و بلیتەکەم دەرکرد.. هتد)، ئەمانە هەڵسوکەوتی دەرەوەن نەك دەمودووی ناخ. بەڵام مۆنۆلۆگە ڕاستەوخۆکە لە دوای ئەوەوە دەست پێ دەکا، کە ئیتر لەسەر مێزەکە دادەنیشێ و بەسەرزاری وا دەردەکەوێ کە گوایە کیژێك دێ و لەگەڵیدا

دادەنیشێ و قارەمان بۆی دەدوێ. کەچی لە ڕاستیدا هاتنی کچەکە خەیاڵە یا (وەهمی)یە و بۆ مەبەستێکی ڕەمزییشە. دەنا قارەمان هەر خۆی بۆ خۆی دەدوێ و بەدەمییەوە ئاگایشی لە ئاهەنگەکە هەیە و بە مۆنۆلۆگ تێهەڵکێش لەویش دەدوێ. واتە قارەمان ئەگەرچی لە ئاهەنگێکدا و لەسەر مێزێك دانیشتووە و دەبیسێ و دەبینێ و دەدوێ، لە ڕاستیدا لە ناخی خۆیدا گفتوگۆ لەگەڵ خۆی دەکا و هیچ مەبەستی نییە کەسێك گوێی بۆ ڕایەڵ کردبێ و ئەم زانیارییانەی پێ ڕابگەیەنێ. هەروەکو خوێنەر و نووسەریش ونن و لە کایەدا نین.

یا دڵشاد محەمەدئەمین لە (دەنهێل و شتی تریش)دا[٤١] وەها دەست پێ دەکا: (ئەم وەڕسییە چییە؟!. ئەم بێزارییە بۆ؟!. ڕەنگە هۆی.. ئا.. مەعنای تیا نییە.. کتێب.. دەفتەر.. خوێندنەوە.. نووسین.. بیرکردنەوە.. بگرەوبەردەی ئەم جیهان و خەڵکە..). ئینجا دوای ئەوە ئەگەرچی بیر و هۆشی قارەمان وەك مەسەلەیەکی سەرەکی لە چیرۆکەکە، دەئاڵێتە کرێنی دوو جگەرەی دەنهێڵ، بەڵام وەك ئاهەنگەکەی لەتیف حامید، ئەمیش هەر بە مۆنۆلۆگ بەدەمییەوە لەگەڵی قسە و باس و فیکرەی جیاجیا و جۆراوجۆر دەدوێ و لەمیانەوە دەچێتە سەر ئەویان و لەویانەوە بۆ یەکێکی تر، کە بەمە زیاتر لە چیرۆکەکەی لەتیف حامید، پچڕاندن و خێراییی گواستنەوەی لەم چیرۆکەوە بۆ ئەو چیرۆك تێ دەکەوێ. واتە شەپۆلی هۆشی زیاتر بەلێشاو تێدا دەنوێنرێ. یا دوکتۆر کاوس قەفتان لە چیرۆکی (لە ژوورێکی بێ دیواردا)[٤٢]، ئەگەرچی سەراپا دیالۆگی شانۆییی تێدا بەکار هێناوە، بەڵام قارەمان دەکاتە دوو کەرتەوە و هەر کەرتە دەبێتە کەسایەتییەکی جیا لەو پتر و یەکتر دەدوێنن. واتە وەك چۆن لەتیف حامید کیژێکی (وەهمی)ی هێناوەتە بەردەم قارەمان و قسەی بۆ دەکا، ئەمیش هاتووە وێنەیەکی قارەمانەکە خۆی خستووەتە بەردەمی و بۆی دەدوێ، لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە لەولا کیژەکە بێدەنگە و لەملا وێنەکە دەدوێ و گفتوگۆ دەکا.

بەچیرۆکی (بەیەکداچوونی شتەمان)ی[٤٣] حوسێن عارفیش بدرێ، کە قارەمان بەشێوەی راناوی قسەکەر لە حاڵی حازردا، بەدەم شەپۆلی هۆشی خۆیەوە دەدا و هەروەها بۆ نموونەی ئەم بابەتە مۆنۆلۆگە، دەتوانرێ ئیشارەتێك یەکژەمی و بێ پشوودان و بەخێرایی، لێشاوی باسوخوازەکانی ناخی خۆی و دیمەنەکانی پێش چاوی بەخۆی ڕادەگەیەنێتەوە، بێ ئەوەی مەبەستی بێ کەسێك لێی بەئاگا بێ و ئەو زانیارییەی پێ ڕابگەیەنێ.

چوارەم: شێوەی بەکارهێنانی مۆنتاج

ئاشکرایە کە مۆنتاج لە بنچینەدا لایەنێکی گرینگی هونەری سینەمایە و بەڵام ڕێبازە تازەکانی هونەری چیرۆکنووسین و بەتایبەتی ڕێبازی (شەپۆلی هۆش)، سوودی لێ بینیوە و بەفراوانی بەکاری هێناوە. رۆبەرت هەمفری لە کتێبەکەیدا (شەپۆلی هۆش لە رۆمانی نوێدا)، کە پێناسەی دەکا دەڵێ: (مۆنتاج بەمانا سینەماییەکەی، بریتییە لەو ڕێوشوێنانەی بۆ ڕوونکردنەوەی بەیەکداچوونی بیروڕا و شەپۆلدانیان بەکار دەهێنرێن، وەك تێپەڕبوونی دیمەنەکان بەخێرایی، یا دانانی دیمەنێك بەسەر یەکێکی تردا، یا دەورەدانی دیمەنێکی سەرەکی بەچەندانێکی ناسەرەکی کە پێوەی بەندبن). ئینجا دەڵێ: (داچیز بۆ چیرۆك ئیشارەتی بەدوو جۆری مۆنتاج داوە. یەکەمیان ئەوەیە کە مرۆڤ لە شوێندا ناجووڵێ، بگرە بیر و هۆشی لە کاتدا هەڵدەسووڕێ و دەبزوێ، کە ئەمە پێی دەوترێ مۆنتاج لە کاتدا. واتە سەپاندنی دیمەن و کات و وەختێکی زانراو بەسەر دیمەن و کات و وەختێکی تردا. دووەمیشیان ئەوەیە کات نەگۆڕ و ڕاوێستاو بێ و شوێن بگۆڕدرێ کە ئەمەش پێی دەوترێ مۆنتاج لە شوێندا). هەروەکو بە (چاوی کامێرا)ش ناودەبرێ، چونکە کۆمەڵە دیمەنێك بەسەر یەکەوە لە یەك ساتدا نیشان دەدا.

لە چیرۆکی پێش ساڵانی ١٩٧٠دا، ڕەنگە بەشێوەیەکی سەرەتایی تروسکەی ئەم جۆرە تەکنیکە، لەم یا لەو بەرهەمی چیرۆکنووسێکدا ببینین. بەڵام لە چیرۆکی ساڵانی دواییدا، بەفراوانی و لە گەلێ نموونەدا دەبینرێن. مەسەلەش پتر پێوەندیی بەشێوە هەقایەتخوانییەکەوە هەیە. لە سەردەمێکدا کە هەقایەتخوازی لە کۆڕی هونەریی چیرۆکنووسیندا سەروەر بێ، تەکنیکی وەها جێگەی نابێتەوە، چونکە تەواو پێچەوانەی یەکترن. لەولا کارەسات بەزنجیرە و ئەڵقە بەدوای ئەڵقەدا دەنوێنرێن و کەسان بەڕێکوپێکی هەڵدەسووڕێنرێن و سەرەتا و لووتکە و کۆتایی و گرێ، بەپێی سیستەمێکی تایبەتی نەخشەیان بۆ دەکێشرێ و هەنگاویان بۆ دەنرێ و وەسفکردنی ورد و درێژەپێدان دەبێتە هەوێنیان. لە کاتێکدا لەملا، قرتاندنی ئەڵقەکان لە یەکتر و سەرلەنوێ پێکەوەبەستنیان و گرتنی دیمەنی پەرت و بڵاو و کۆکردنەوەیان بەدەوری دیمەنێکی سەرەکیدا، کە لە چەندان گۆشەوە سەیر دەکرێ و نواندنی کەسان لە کات و شوێنی جیاجیادا و تێهەڵکێشکردنی کارەساتەکان و تاووتوێکردنیان لە کات و

شوێندا، شێوازی سەرەکیی ئەم جۆرە تەکینکەن، کە ئەگەرچی ئەمە بەسەرزاری جۆرە ئالۆزی و ئاژاوەیەك دەگەیەنێ، بەڵام لە ڕاستیدا ڕووی ڕاستەقینەی ژیان دەنوێنێ و زیاتر نزیکبوونەوەیە لە دینامیکییەتی ئەو واقیعەی، شێوەی هەقایەتخوانی بەهەناسەبڕکێ بەدوایدا ڕادەکا و پێی ڕاناگا. واتە دەتوانین بڵێین: ئەگەر شێوەی هەقایەتخوانی گیرخواردن بێ لە پەراوێزی واقیعی زیندووی ژیاندا، شێوەی مۆنتاج تەقەلادانی خۆهاویشتنە بۆ ناوجەرگەی ئەو واقیعە و، هەوڵدانی زەفەربردنە بەزۆرترین ژمارەی نهێنییەکانی.

هەر کارەساتێکی ڕۆژانەی ژیان بگریت، لە هەرە ساکارییەوە بۆ هەرە ئالۆزی، گەلێ لەوە جەنجاڵ و ستەمترە، کە هەقایەتخوانێك بێت و بڵێ: وا هات و وا چوو و، ئیتر تەواو. چونکە کە دەچیتە بنجوبناوانییەوە و بەرەچەڵەکیدا دەچیتە خوارەوە، دەبینیت سەدویەك رووی هەیە و هەزارویەك لقوپۆپی لێ دەبێتەوە، کە ئەم تەکنیکی مۆنتاجە هەوڵدانێکە بۆ بەگیرهێنانی زۆرترینیان و توانادانە بە نووسەر لە نیشاندانیاندا، لەو چەند لاپەڕەیەدا کە چیرۆکەکەیان لێ پێك دێنێ. چیرۆکنووس بەم تەکنیکە دەیەوێ دیمەنێك لە ژیان بەوپەڕی زیندوویییەوە وێنە بگرێ و بچێتە بنجوبناوانی نهێنییەکانییەوە و ئینجا تێکەڵ لەباری سەرنج و بۆچوون و تێگەیشتنی تایبەتیی خۆی و بەپێی توانا و دەسەڵاتی ئیستاتیکی خۆی، بیخاتەوە پێش چاوی خوێنەر و، بەوە زانیارییەکی تازەی بەهاداری پێ بدا، کە لەوەبەر خۆی نەیتوانیبێ زەفەری پێ بەرێ. بۆ نموونەی ئەم بابەتە تەکنیکە، لەلای محەمەد فەریق حەسەن لە (خاڵێکی ڕەش بەسەر شەقامە گشتییەکەوە)دا[٤٤]، کات ئەگەرچی لە حاڵی حازردایە، بەڵام لە ڕێگەی شەپۆلی هۆشی قارەمانەوە، هەم گەڕانەوەی تێ دەکەوێ بۆ دواوە و هەم چوون و بۆ داهاتووش، کە هونەرمەندانە کارەسات لە حاڵی حازردا دەقرتێنرێ و دەچێتە سەر دیمەنێکی تر و دوایی دەگەڕێتەوە سەر حاڵی حازر. مۆنتاج لەم چیرۆکەدا لەگەڵ مۆنۆلۆگدا تێکەڵە و لەم ڕێگەیەوە باری هونەریی بۆ ساز دراوە.

ئەم گۆڕینەی کات و بەیارمەتیی بەکارهێنانی مۆنۆلۆگ، شێوەی هەرە باوی ئەم تەکنیکەیە لە چیرۆکماندا. لە زۆربەی هەرەزۆری نموونەکانیدا، لەبەرئەوەی قارەمان بە مۆنۆلۆگ دەدوێ و هەڵدەسووڕێ، دەبینین کات لەلای لە حاڵەتی ڕاوەستان و نەگۆڕیدایە و شوێن و گۆڕانی تێ دەکەوێ و بیر و هۆشی دەبنە چاوی کامیرایەك و لەگەڵ شەپۆلی هۆشیدا دەگەڕێ و دیمەنی جۆراوجۆر و لە شوێنی جیاجیادا دەگرێ و

نیشانی دەدا. وەك لەلای ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلیش لە (تابلۆیەکی سوریالی)دا، دەبینین قارەمان لە خەستەخانەیە و لە نێوان بێ ئاگایی و بەئاگاهاتنەوەدایە و لە نێوان گەڕانەوە بۆ لەوەبەر و حاڵی حازردا دێ و دەچێ. یا رەئووف حەسەن لە (ئاه و نزوولەی کچێکی سەروعوزرشۆر)دا و محەمەد رەشید فەتاح لە (شاری کوێران)دا(٤٥)، لەلای ئەو قارەمان لەسەر مێزی تاقیکردنەوە دانیشتووە و، بەمۆنۆلۆگ شەپۆلی هۆشی کچە و، بەگێڕانەوە لە زمانی نووسەر خۆیەوە سەبارەت بەهەڵسوکەوتی ناو پۆلەکە، کارەسات دەخاتە ڕوو. لەلای ئەمیش قارەمان لە گرتیگەدایە و لە ڕێگەی شەپۆلی هۆشییەوە، کارەسات لە دەرەوەیدا کەرت کەرت دەکا و بەدیمەنی پچڕپچڕ و لە شوێنی جیاجیادا نیشان دەدرێ. یا عەبدوڵڵا سەراج لە (بێدەنگیش زمانی هەیە)دا(٤٦)، کە دەست پێ دەکا دەڵێ: (دوو رۆژە جوامێر لەبەردەرگەی ژووری خەستەخانەیەکدایە و، ڕۆژی گۆڕەپانی کرێکارانی هاتەوە یاد). واتە جوامێر لە بەردەرگەی ژووری خەستەخانەیەکدایە و ئیتر کارەسات لەنێوان بەر ئەم دەرگەیە و مەیدانی راوەستانی کرێکارانی قوڕ و دێیەکەی و ناو ژوورەکە و ماڵی خۆیان و.. هتد، دەهێنرێ و دەبرێ و ئاڵوگۆڕ دەکرێ، تا هەر لەبەردەرگە و ناو ژوورەکەی خەستەخانەشدا کۆتایی دێ.

لە پاڵ ئەم بابەتەدا، بابەتێکی تریش باوە کە چیرۆکنووس ڕاستەوخۆ خۆی (نەك لە ڕێگەی مۆنۆلۆگی قارەمانەوە)، دێ و مەقەست دەنێتە زنجیرەی کارەسات و پارچەپارچەی دەکا و، سەرلەنوێ هونەرمەندانە یا بابڵێین هەوڵ دەدا هونەرمەندانە پێکیانەوە بلکێنێتەوە، دوای ئەوەی زیادەی لێ فڕێ دەدا و گۆشەی نواندنیان دەگۆڕێ و ئەمیان دەکا بەسەرەکی و لەسەر ئەم و ئەویان ڕادەوەستێ و ئەوانی تر بەخێرایی تێ دەپەڕێنێ و... هتد، کە لەم حاڵەتەدا کات و شوێنیش لە بزووتندا ئاڵوگۆڕ دەبن و گورجتر دەنوێنرێن. ئەوەشی لە ڕواڵەتی ئەم بابەتەدا بەتایبەتی سەرنج ڕادەکێشێ، ناولێنانی کەرتەکانی چیرۆکەکە، یا باشتر وایە بڵێین: کەرتەکانی کارەساتەکەیە لە پاڵ ناوە سەرەکییەکەدا، کە ئەمە لە واقیعدا تەقەلادانێکە لەلایەن چیرۆکنووسەوە، بۆ سەرلەنوێ دەستگرتنەوە بەسەر زنجیرەی کارەساتەکەدا کە لەوەبەر کەرت کەرتی کرد و شڵەقاندنی و ئێستا دەبێ پێکیانەوە بلکێنێتەوە و دایانڕێژێتە ئەو قاڵبە هونەرییەوەی مەبەستێتی. واتە بەکورتی مۆنتاجیان بکا. نموونەمان بۆ ئەم بابەتە زۆرە و تەنیا ئیشارەت بەمشتێکیان دەدەم:

محەمەد رەشید فەتاح لە (سێ بەند لە یاسای سروشتی ئادەمیزاد)دا و(٤٧)، کاکەمەم

بۆتانی لە (زەرووی تەمەنی ئەرخەوان)دا و، سلام مەنمی لە (خەیاڵی نەزۆکی ئەهریمەن)دا و، تاهیر ساڵح سەعید لە (سێ هەڵوێست لە گیانێکدا)دا و(٤٨)، رەئووف حەسەن لە (سێ دالآن)دا و(٤٩)، عەبدوڵڵا سەراج لە (بارام ناوێك هەبوو)دا و(٥٠)، حسەین عارف لە (وەچەی یاسای خۆڵ و دۆ)دا(٥١)، هەموو ئەو هەوڵەیان داوە و ئیتر سا هەریەکە بەجۆرێکیان هەڵسووڕاندوە و دیارە سەرکەوتنیشیان تیایدا جیاوازیی تێدا هەیە. بەڵام با لەناویاندا باسێکی ئەوەکەی خۆمتان بۆ بکەم. ناوە سەرەکییەکەی (وەچەی یاسای خۆڵ و دۆ)یە. لاوەکییەکان (هەڕەشە و ڕەشبەڵەك، سەرەتای هەنگاو، غەزا، ژمارە ١، ژمارە ١٦، چڵپاوی ناودەمی شار، بەندی یەکەم لە یاسای خۆڵ و دۆ و فاتە)ن. ئاشکرایە دیمەنی سەرەکی بەسەرهاتی (فاتە)یە. بەڵام دەوری بەدەیان دیمەنی تر تەنراوە و لەگەڵیدا بەناویەکدا دەچن و جەنجاڵ دەبن و دەرەوێنەوە و گرد و جەنجاڵ دەبنەوە. بەدەمەیەوە ڕوو دەدا کات نەگۆڕ بێ و شوێن ببزوێ. یا بەپێچەوانەوە، شوێن نەگۆڕە و کات دەبزوێ. کەسایەتیی سەرەکی فاتەیە. قورسایی لەسەر ئەوە. بەڵام ئەو لە بۆشاییدا هەڵناسووڕێ. ئەو لەگەڵ قورساییەکەدا بەیەکدا دەدەن. هەر تۆزقاڵێك لە قورساییەکە فاتەیەکە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: هەر دیمەنێك لە دیمەنەکانی سەرجەمی کارەساتەکە، دەچێتە پاڵ ئەوانی تر، یا دەچەسپێتە سەریان، یا لەگەڵیاندا بەیەکدا دەدا و لە بێهێزیدا کەنار دەکەوێ. شارێکە و بەیانییەك لە خەو هەڵساوە و وەك چۆن لە واقیعدا دەکەوێتە بزووتن نیشان دەدرێ (هەڕەشەیە و ڕەشبەڵەك). ئینجا کارەسات ڕێگەی مێژوویی ئاسایی خۆی دەگرێتە بەر و مل دەنێ. فاتە سواری کەرەبۆز دەکرێ و خۆڵ و دۆی بەسەردا دەرژێنرێ و شاربەدەر دەکرێ (فاتە). بەڵام ئاخۆ ئەوە کۆتاییە و سەرئەنجام؟!. نا.. دەمی مقەستەکە هێشتا کراوەیەوە و لە وزەیدا ماوە زۆر دیمەنی قرتاوی ترت، بۆ پێکەوە بلکێنێتەوە و نیشانتی بداتەوە. ڕەنگە ئەمجارەیان فاتەت لە کۆڵانێکی تردا وەها نیشان بدا، کە خەڵکەکە هەموو بۆی بەچۆکدا بێن و دەستی ڕێزلێنانی بۆ بەسنگەوە بگرن!.

نهێنیی هەرە گەورەی بەرفراوانی شێوەی مۆنتاج، لە هونەری چیرۆکنووسیندا لێرەدایە. ژیان خۆی چۆن کراوە و پانوبەرین و بەرفراوان و ئاڵۆز و جەنجاڵ و پڕ لە هەیتوهووت و کارەساتی بەسەیروسەمەرە و بەئەشکەنجە و جەخارە، وەهاشت دەخاتە پێش چاو و بۆتی دەنوێنێ و ئینجا لەم ڕێگەیەوە وریات دەکاتەوە و هانت دەدا و پاڵت پێوە دەنێ، کە هەڵوێستێك لەبارەیەوە وەربگریت و بۆی هەڵبسووڕێیت و هەوڵی زاڵکردنی بدەیت.

پێنجەم: شێوەی برووسکەیی لە داڕشتندا

یەکێ لە شێوازەکانی شێوەی هەقایەتخوانی درێژدادڕییە، کە جاری وا هەیە لاپەڕەیەك یا دووان لەسەر شتێك دەڕوا، کە چیرۆکنووسی بەتوانا لە تەکنیکی نوێدا، بەچەند ڕستەیەك بەدەستییەوەی دەدا و دەیبڕێنێتەوە و ئەمەش پێی دەوترێ: شێوەی برووسکەیی لە داڕشتندا. واتە بەدەستەوەدانی فراوانترین مانا و مەبەست بەکەمترین رستە و دێر، کە ئەمە پتر پێوەندیی بەدەسەلاتی نووسەرەوە هەیە بەسەر زماندا و قالبوونی لە بواریدا. جا ئاخۆ ئەم دەسەلات و قالبوونە لە چییەوە دێ؟!. دەڵێم: ڕاستە کە ڕاهاتن و زۆر نووسین و خۆماندووکردن، نووسەر قاڵ دەکا و دەسەلاتی بەسەر زماندا پێ پەیدا دەکا و بەم بارەدا دەگونجێ نووسەرێکی سەر بەتەکنیکی هەقایەتخوانی، بتوانێ تا ڕادەیەك لە درێژدادڕی دوور بکەوێتەوە، بەڵام وەکی تر نووسەری سەربەتەکنیکی برووسکەیی لە داڕشتندا، ئەو دەسەلاتەی پتر لەو جۆرانەی تەکنیکی نوێوە پەیدا دەکا، کە لە هونەری چیرۆکنووسیندا بەکاریان دێنێ، بەتایبەتی لە ڕێگەی شێوەی مۆنۆلۆگ و مۆنتاجەوە، کە خێرایی و خەستی و پڕوچڕی بەسەر زماندا دەسەپێنن. ئاشکرایە مرۆڤ کە لەگەڵ خۆیدا دەدوێ (بەتایبەتی لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا)، پێویستی بەبزواندنی ماسوولکەکانی زمانی نییە، تا وشە و ڕستەکان بکاتە دەنگ و ڕایان بگەیەنێ و ئەمەش بێگومان ڕێگەی بۆ کورت دەکەنەوە و بواری خێراییی پێ دەدەن. بەڵام نووسەر دەبێ ئەمە لەسەر کاغەز بەدی بێنێ، کە ناچارە و هەردەبێ پەنابەرێتە بەر بزواندنی ماسوولکەی زمان و ڕاگەیاندنی وشە و ڕستەکان بەدەنگ. جا ئاخۆ لەم کۆشش و خۆماندووکردنە چی دەخوڵقێ؟!. دیارە ئەو شێوەی برووسکەییەی کە مەبەستمانە. واتە ئەگەر نەتوانێ ئامانجە ستەمەکە بەدی بێنێ، خۆ دەتوانێ بەو شێوە برووسکەییە، کەمێ لێی نزیك ببێتەوە.

ئەوەی لەبارەی مۆنۆلۆگەوە وتم، بۆ مۆنتاجیش هەر وەهایە، بەتایبەتی لە حاڵەتی چاوی کامێرادا، کە برێتییە لە گرتنی وێنەی خێرای دیمەنەکان و نیشاندانیان. واتە گرتنی بۆ نموونە دە وێنەی جۆراوجۆر و ڕاگەیاندنیان بە زمان لە دە ڕستەدا، لە بریی دە دێر. مەسەلەش بەهەرحاڵ تەنیا ئەوە نییە. کە کەمترین وشە لە کورتترین ڕستەدا بەکار بهێنرێ، بگرە پتر خەستی و پڕوچڕییە لە مانادا. جا هەرچەندە ئەم شێوەی برووسکەیییە، زۆر کەم لە بەرهەمی ئەو نووسەرانەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە مۆنۆلۆگ و

مۆنتاجیان بەکار هێناوە، بەڵام لەلای هەمووان تەواو دەقی نەگرتووە و چاك پێ نەگەیشتووە و لەمیانەوە بۆ ئەویان جیاوازیی هەیە، کە دەتوانم بڵێم ئەمەش پێوەندیی بەڕادەی سەرکەوتنەوە هەیە لە دوو شێوەکەی تردا و لە پاڵیاندا قەوارەی کۆشش و خۆماندووکردنیش.

بۆ نموونە هێنانەوە ناو و بەرهەم زۆرن، لەوانە: (لەتیف حامید و محەمەد موکری و محەمەد ڕەشید فەتاح و ڕەئووف حەسەن و ئەحمەد ئیسماعیل و ڕەئووف بێگەرد و سەلاح شوان و خۆم). بەڵام شێوەکە ئاڵۆز نییە و تەنیا سێ چوار پەڕەگرافێك بۆ نواندنی بەسن. وەك ڕەئووف بێگەرد لە (١+١-١)دا[٥٢] نووسیویە: (لە پاڵ منداڵەکەیا دانیشت. بیری لە قوتوویەك شیر و بەرگێکی جوانی منداڵان ئەکردەوە. دەستی بۆ قاچە باریکەکانی برد. بۆنێکی خەست دایەوە بەسەر و مێشکیا. ڕووی وەرگێڕا. چاوی بڕییەوە ناو ژوورەکە.. هتد). یا لەلای سەلاح شوان لە (دوو ژووری سوور)دا[٥٣]: (شتەکە زرمەزرمێکی لێوە هات. سەرلەنوێ غەڵبەغەڵب دەستی پێ کردەوە. چۆن دابەزین هەرواش سەرکەوتنەوە ناو شتەکە. پێچکەکانم لێوە دیار نەبوو. بەڵام کە دوکان و بازاڕەکە پاشەوپاش ڕۆشتن، زانیم ئەخولێنەوە. دەموچاوی ئافرەتەکەش لەگەڵ پێچکەکانا کەوتە خولانەوە. سەیرێکی سەعاتەکەی دەستم کرد. وەکو جاران ئەخولایەوە.. هتد) یا لەتیف حامید لە (زەرد، سوور، سەوز، شین)دا کە دەڵێ: (باخچەکە ڕازابووەوە. تۆزێ شڵەژام. بلیتەکەم دەرکرد- مێزی خەبات- رووم تێ کرد. دانیشتم. چاوێکم بەدەوری خۆما گێڕا. تەریقەوە بووم. خۆزگە نەهاتمایە). بەڵام بۆ خۆم ئەمجارەیش دەڵێم: لەبەرئەوەی لەم بوارەشدا زیاتر شارەزای خۆمم وەك لە یەکێکی تر، هەست دەکەم کە ئەم شێوەیە لە زمان و داڕشتندا، بووەتە هەوێن و ماکی نووسینم و لە زۆربەی چیرۆکەکانی ئەم ساڵانی دواییەمدا پەیڕەو کراون. بۆ نموونە: لە (مرۆڤە جەنجاڵەکەدا): (لە سەرەتا خامۆش بوو. ئینجا گەشایەوە. دواجار کسپە لە جەرگی هەڵسا. ڕاچەنی. گرژ بوو. خۆی خواردەوە. خەم لوولی دا. ئازار هەژاندی. بەسەر خەم و ئازاردا خامۆش بووەوە. برادەرێکی دەستی خستە سەرشانی. ڕاچەنییەوە. برادەرەکەی سەرسام بوو. پرسیاری کرد.. هتد). یا لە چیرۆکی (سمۆرە)مدا[٥٤]: (چاوی بەسەریدا ڕوا. بیر و هۆشی تێی ئالا. بەبێ ئیرادە بینایی لێ لادا و سەرووی خست. چاوی نوقاند و وازی لێ هێنا بۆ بیر و هۆش. هەر تەقەلای دا و نەگەیشتە بنجوبناوان. ماندوو بوو. (بێ سوودە!. لێ گەڕێ). لێ گەڕا. چاوی

کردنەوە...، ئاستی لقێکی شۆڕی دارگوێزەکە بوون.. هتد).

لێرەیشدا با ئەوە بڵێم: کە چەندە شێوەی برووسکە لە داڕشتندا بەگشتی بەندی مۆنۆلۆگ و مۆنتاجە، هێندەش بەتایبەتی بەندی (چاوی کامێرا)یە لە مۆنتاجدا. وەك وتمان چاوی کامێرا بریتییە لە خێراییی وێنەگرتنی شوێن، کە کات نەگۆڕ دەبێ و نیشاندانیان بە خوێنەر. ئەم خێراییەش بێگومان کە لە هونەری چیرۆکنووسیندا بەزمان بەدی دەهێنرێ، (نەك وێنە وەك لە سینەمادا هەیە)، خێرایی لە داڕشتندا پێ دەوێ بەزمانەکە، واتە خێرایی وشە و رستە. واتە وشە و رستەی کورتی خەست و پڕوچڕ لە ماناداا، کە پێوەندییە تایبەتییەکەی نێوان شێوەی برووسکە و چاوی کامێرا هەر لەمەدایە.

شەشەم: بەکارهێنانی دیالۆگی شانۆیی

ئەوەبوو لەوەبەر ئیشارەتم بەچەند ناوێك لە پێش ساڵی ۱۹۷۰دا دا، کە سەر بەتەکنیکی گێڕانەوە بوون و لەوەبەدوا ڕوویان کردە شێوە تازەکانی تەکنیك و ئینجا لە شوێنی خۆیدا باسم کردن. بەڵام بەدەم ئەم لێکۆڵینەوەیەوە سەرنجم دا، کە دوو چیرۆکنووسی تری ئەو نەوەیەمان، لە تەقەلادانی گۆڕینی تەکنیکی خۆیاندا، هەوڵی گرتنی ڕێگەیەکی تایبەتییان داوە. ڕێگەی بەکارهێنانی دیالۆگی شانۆیی لە چیرۆکدا، کە ئەو دووانەش دوکتۆر کاوس قەفتان و جەمال بابانن. بێگومان هیچ کامیان ئەوە نییە. کە سەرجەم یا زۆربەی بەرهەمی ئەم ساڵانەیان بەم شێوەیە نووسیبێ و مەبەستیان بووبێ لەسەری بڕۆن. نا.. بگرە هێندەی من بەرچاوم کەوتبێ، دوکتۆر کاوس قەفتان چوار بەرهەمی بڵاوکراوەی لەم بابەتەی هەن، کە (فەرمانێکی بچووك) و (نیو هەنگاو دوور لە دۆزەخ) و (لە ژوورێکی بێ دیواردا) و (توورەکە)ن جەمال بابانیش دووانی هەن، کە (گۆشتی شیرین) و (سەری نەتاشراو)ن. خۆ ڕەنگە نموونەی ئەمان و غەیری ئەمانیش هەبن و من نەمدیبن. بەهەرحاڵ، ئەم شێوەیە بریتییە لە کتومت دیالۆگێکی شانۆییی نێوان دوو کەس یا زیاتر و بەیناوبەین (بەڵام زۆر کەم)، چیرۆکنووس بەچەشنی نووسەری هەر شانۆگەرییەك، قسەیەکی خۆی تێدا دەکا و لایەنێك لە شوێنی خۆیدا روون دەکاتەوە. یا دەتوانین ئەوەش بڵێین کە دیالۆگی نێوان دوو کەس یا زیاتری ناو ڕۆمانێکە و لێی جودا کرابێتەوە. بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم کە دوکتۆر کاوس، هەوڵی داوە دوورتر هەنگاوی تێدا بنێ و زیاتر بەندی هونەری

چیرۆکنووسینی بکا، وەك لەوەی بەندی شانۆگەری بێ و بیکاتە شێوەیەکی نوێی تەکنیك لەم هونەرەدا، بەتایبەتی لە چیرۆکی (لە ژوورێکی بێ دیواردا)، کە مۆنۆلۆگ و دیالۆگی تێدا تێکەڵ بەیەکتر دەکا و قارەمان تیایدا دەبێ بەدوو کەس (واتە خۆی و خۆی) و لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەگەڵ یەکتردا دەدوێن، تا لە ئەنجامدا هەردووك دەبنەوە بەیەك و خەو دەیباتەوە. هەر چۆنێ بێ، ئەم شێوەیە مەگەر خۆی تێکەڵ بەشێوەکانی تری تەکنیکی نوێ بکا، وەك ژوورە بێ دیوارەکەی دوکتۆر کاوس و خۆی بچەسپێنێ، دەنا وەك وتم ناتوانێ لەوە بچێ بەولاوە، کە دیمەنێکی شانۆگەری یا دیالۆگی ناو ڕۆمانێك بێ.

لە کۆتاییدا با ئەوەش بڵێم: کە من دەزانم ئەم باسە زۆری بە بەرەوەیە و زیاتر ماندووبوون و خۆپێوەخەریککردنی دەوێ. بۆیە حەز دەکەم بزانرێ کە ئەوەی من لێرەدا کردوومە، تەنیا نەخشەیەکی گشتی و پرۆژەیەکە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی فراوان و تێروتەسەل. دیارە من لێرەدا نەمتوانیوە هەموو شێوەکانی تەکنیکی چیرۆکی ساڵانی دوای ١٩٧٠ دەسنیشان بکەم و نە لە نموونەهێنانەوەشدا لە عۆیەی ئەوە هاتووم باشترینیان بۆ ئەم شێوەیە یا ئەویان بهێنێتەوە، یا باشترین نموونەی ئەم چیرۆکنووس یا ئەوی تر هەڵبژێرم و دەشێ بەهەردوو باردا نموونەی باشتر و گونجاوتر هەبێ و من زەفەرم پێ نەبردبێ. بەڵام تێ دەگەم لە بواری ئەم باسەدا کە زۆری لەسەر نووسراوە و شی نەکراوەتەوە، من بەم لێکۆڵینەوەیە شتێکم بە شتێ کردووە و دەرگەیەکم لێ خستووەتە سەرپشت.

پەراوێزەکان:

١- دە چیرۆك ١٩٧٠.

٢- کۆمەڵە چیرۆکی- چیرۆکەکانی مەم- ١٩٧٠.

٣- کۆواری- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/ ١٣-٢١/٣/١٩٧٤.

٤- گۆواری - ڕۆشنبیری نوێ- ژ/١٨-١١/٥/١٩٧٤.

٥- کۆمەڵە چیرۆکی (سمکۆڵی ئەهریمەن)- ١٩٧٣.

٦- کۆمەڵە چیرۆکی-ترووسکاییەك لە شەوەزەنگدا- ١٩٧٢.

٧- کۆمەڵە چیرۆکی- لە گەرووی مەرگەوە- ١٩٧٣.

٨- کۆواری- بەیان- ژ/١٦-س/١٩٧٤.

٩- كۆواری روانگە- ژ/٣-س/١٩٧٢.

١٠- کۆمەڵە چیرۆکی- چیرۆکەکانی مەم- ١٩٧٠.

١١-کوواری ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٢٠-١/٦/١٩٧٤.

١٢- کۆمەڵە چیرۆکی- لە گەرووی مەرگەوە- ١٩٧٣.

١٣- کۆمەڵە چیرۆکی- چەکەرە- ١٩٧٣.

١٤- کۆواری- بەیان- ژ/٦-س/١٩٧٢.

١٥- کۆمەڵە چیرۆکی- سمکۆڵی ئەهریمەن- ١٩٧٣.

١٦- کۆمەڵە چیرۆکی- گڕی کەفە وشکەکانتان دائەمرکێنمەوە- ١٩٧٣.

١٧- کۆمەڵە چیرۆکی-ترووسکاییەك لە شەوەزەنگدا-١٩٧٢.

١٨- کۆمەڵە چیرۆکی- سمکۆڵی ئەهریمەن.

١٩- کۆمەڵە چیرۆکی- چەکەرە-.

٢٠- کۆواری- نووسەری کورد- ژ/٤-ت٢/١٩٧١.

٢١- گۆواری- نووسەری کورد- ژ/١٠-س/١٩٧٣.

٢٢- کۆواری- نووسەری کورد- ژ/٦-س/١٩٧٢.

٢٣- کۆمەڵە چیرۆکی- هەڵبژاردە- پاشکۆی کۆواری ڕۆژی کوردستان- ١٩٧٦.

٢٤- ڕۆژنامەی- هاوکاری- ژ- س/ ١٩٧٦.

٢٥- کۆواری- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/١٣-س/١٩٧٤.

٢٦- کۆمەڵە چیرۆکی- هەڵبژاردە-.

٢٧- کۆمەڵە چیرۆکی- سمکۆڵی ئەهریمەن.

٢٨- کۆواری- بەیان- ژ/٣٩-١٩٧٧.

٢٩- کۆواری- بەیان ژ/١٢-١٩٧٤.

٣٠- کۆمەڵە چیرۆکی- لە گەرووی مەرگەوە- ١٩٧٣.

٣١- کۆواری- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٢٢-٢٦/٦/١٩٧٤.

٣٢- کۆمەڵە چیرۆکی- سمکۆڵی ئەهریمەن- ١٩٧٣.

٣٣- ڕۆژنامەی- هاوکاری- ژ/٥-شوبات/ ١٩٧٠.

٣٤- کۆواری- بەیان- ژ/٥-ك٢/١٩٧١

٣٥- کۆواری- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٢-١/١٢/١٩٧٣.

٣٦- كۆواری- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٤٤،٤٣-١٩٧٥/٩/٢١.
٣٧- كۆواری- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٣-١٩٧٣/١٢/١١.
٣٨- كۆواری- نووسەری كورد- ژ/٨-مایس/١٩٧٣.
٣٩- ڕۆژنامەی- هاوكاری- ژ/ ٣٤٨-١٩٧٦/١٢/٢٩.
٤٠- كۆواری- بەیان- ژ/٩-١٩٧٣.
٤١-كۆواری- بەیان- ژ/١٥- ١٩٧٥.
٤٢- كوواری- بەیان- ژ/٣٤-١٩٧٦.
٤٣- كۆواری- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٥٦،٥٥-ك١/١٩٧٦.
٤٤-كۆواری- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٣٩-١٩٧٥/٣/٢١.
٤٥- كۆواری- نووسەری كورد- ژ/٨-س/١٩٧٣.
٤٦- ڕۆژنامەی- هاوكاری- ژ/٣٦١-١٩٧٧/٣/٣٠.
٤٧- كۆمەڵە چیرۆكی- ترووسكاییەك لە شەوەزەنگدا-.
٤٨- كۆمەڵە چیرۆكی- لە گەرووی مەرگەوە-.
٤٩- كۆواری- نووسەری كورد- ژ/٧-س/١٩٧٣.
٥٠- كوواری- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٥٢- ئاب/١٩٧٦.
٥١- كوواری- نووسەری كورد- ژ/ ٥-١٩٧٢.
٥٢- كۆواری- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٤٦-شوبات/١٩٧٦.
٥٣- كۆواری- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٥٤-ت١/ ١٩٧٦.
٥٤- كوواری- ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٥٩،٥٨-١٩٧٧.
٥٥- كۆواری- بەیان- ژ/٨-١٩٧٣.
٥٦- كۆواری- بەیان- ژ/٩-١٩٧٣.
٥٧- كۆواری- بەیان- ژ/٣٤-١٩٧٦.
٥٨- كۆمەڵە چیرۆكی- هەڵبژاردە-.
٥٩- نووسەری كورد- ژ/٥- ١٩٧٢.
٦٠- كۆمەڵە چیرۆكی مامەیارە- ١٩٧٣.
كۆواری ڕۆشنبیری نوێ- ژ/٦٢-١٩٧٧

# چیرۆکی (نێچیر)ی
## محەمەد موکری و هەڵسەنگاندنێك

### چیرۆکەکە

چرایێ کز، نیوە تاریکی، بێدەنگی، سەرما، دووکەڵی جگەرە، چەند شووشەیەکی بەتاڵ، هەندێ کتێبی پەرتوبڵاو، ڕۆژمێرێکی کۆن هی چەند ساڵێك لەمەوبەر، یەك دوو لاپەڕەی شیعری گریاو، دوو سێ وێنەی ئافرەتی ڕووت، دەستەیەك کاغەزی قومار لە ژوورێکی بچووکا، وەکو من چۆن شەونخوونی و خەم و بیرچوونەوە و بێ پارەییم گرتووەتە خۆم، ئەویش ئاوەها دایك ئاسایی دەستی بەسەرا گرتوون..

(– ئاهـ.. ئەم شەویش مەست نەبووم، نەمتوانی خۆم بەجێ بێڵم و باز بەسەر سێبەری خۆمدا بدەم. نازانم من زویر بووم، لە عارەق یا مەستیم پێ ڕەوا نابینێ. ئەوە فلتەری نیوە جگەرەکانیش بوون بەخەڵووز. بەنگ نەبووم و تەسکینی دڵم نەشکا!...).

(– ئاهـ.. ئەم شەویش وەکو دوێنێ و پێرێ و پێرار نەمتوانی کارێ بکەم کە شەوگارەکانم لەیەك نەچن.. ڕەنگە کرمی قەوزەی بێ جووڵەیی کرمۆڵم کات و پوك بم و بگەنێم. تف لەو ئاوێنە بێ شەرمەی بەرامبەرم لە کاتێکی ئاوهاشدا هەر دڵسۆزە بەرامبەر بە کارەکەی وەکو خۆم ڕەنگم ئەداتەوە.. چی بکەم؟.

ئەی هاوار خەڵکینە.. کێ دەڵێ دەنگم دەگاتە کەس؟. نا.. هەموو دنیا (کەڕن).. نەخێر.. من لاڵم لاڵ.. ترحێو..).

دەشێ جیاوازیی ئەم شەو و شەوانی ڕابردووم ئەو وڕێنانە بێت.. (پیاح) بۆ هەموو تەمەنم وڕێنەکردن نەبووە؟. هەیهوو.. هەیهوو.. من چیم دەوێ و چی ڕێم پێ دەگرێ.. بنوو.. بنوو.. بێدەنگ بە، هێشتا هەر باشە.. ئەوە نییە سەربڕاوی و ماویشی، ئەخۆی و ئەخۆیتەوە. ئەوە نییە جگەرەش دەکێشی.. ئەوە نییە بۆشاییەکیشت لەم جیهانە گەورەیەدا پڕ کردووەتەوە.. بنوو.. بێدەنگ بە (سەیرە.. سەربڕاوم و ماوم!. ئەی ئەوە نییە لە ئاوێنەکەدا سەرم بەلەشمەوەیە؟. نا.. ئا.. زانیم.. ئاوێنەکە فێڵم لێ دەکات و ئەمە چەنێکە دەسخەڕۆی کردووم و ڕاستیی خۆمم لێ دەشارێتەوە.. خۆم ئامادە نیم بەرەنگاری خۆم بم و لە خۆم بگەم.. بۆ نا.. ئەوە نییە ئارەقی خەستیش مەستم ناکات،

تلیاکیش بەنگم ناکات، ڕەنگە دەمم، سەرم بۆ شوێنێکی تری ئەم ئارەق و تلیاکە بگوازێتەوە.. بەهەر جۆرێ بێ. ئەی ئاوێنەی فێڵباز بیگرە پاداشتی فێڵبازیت بگرە..

هـارەی دەنگـی شکـاندنی ئـاوێنـەکـە ئـەوەنـدە گـەورە بـوو، وام زانـی هـەمـوو دنـیـام هەراسانی کرد، هێمنی و حەوانەوەیانم ورووژاند.. هەموو سەروچاوم شکایە سەریەك، وەکو بووکەشووشەیەك ڕق و بیانووی منداڵێکی برسی ورکگرتووی شیر شکانبێتی وێنـەکەم لـە ئـاوێنـەکـەدا ئـاوهـا بـەسەریـەکا هـەرەسی هـێنـایـە سەر زەویـیـە مـاتـەکەی بەرپێم.. وردە ئاوێنە شکاوەکان چەند دەموچاوێکی نالەبار و گرژ و بەیەکاچووی دەنوان، هەریەکەیان لە قەد و دۆخێکی تایبەتیدا بەپێی سنووری جووڵەی دەبزوا.. ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد، هەموو وێنەکانم تووڕە و گرژ بوون، ئەو وردەشووشانەی چەقیبووە دەستمەوە کاتێ کە مستەکۆڵەیەکی توندم کێشابووە قەد ئاوێنەکەوە ئازاری نەدەدام.. تك تك خوێنە ئاڵەکەی دەستم دەتکایە سەر وردەشووشەکانی ئاوێنەکە و ڕوخسارەکانمی لەناویاندا دەسڕییەوە لەژێر چەند تکە خوێنێکی مەییودا دەمی پۆشی.. لەگەڵ ونبوونی هەر وێنەیەکم تەزوویەکی سارد بەلەشما دەهات و لێڵی بەرچاوی دەگرتم، بێدەنگی و حەپەسان لەگەڵ هەوای ژوورەکەمدا تێکەڵ بەخوێنی لەشم دەبوو، بەشێك لە وزە و جووڵەی جەستەم سست و بێهێز دەبوو.. (ڕەنگە پێوەندییەکی نادیاری هەبێ لەنێوان ئەندامەکانی لەشم و وێنەکانی ناو وردە ئاوێنە شکاوەکان.. لەگەڵ سڕینەوە و لەناوچوونی هەریەکەیان (مەستییەك تا ڕادەی ئیفلیجی) هەڵدەکشایە بـەشێك لـە ئـەندامـە سەرەکییـەکـانی جـەستـەم و لـە گۆی دەبـرد.. دەشێ دەنگدانـەوەی پێکەنین تووڕەییش ئەندامێکی نادیاری زیندووی لەش بێ، لەناوچوونیشی هەنگاو بێ بۆ مەرگ.. واتە مەرگ لەگەڵ هەموو ساتەکانی تەمەندا هاوهەنگاون.. دەستم لە چـەنـد شوێنـێکـەوە بـڕابـوو، دڵـنیـا بـووم وردە ئـاوێنـە شکـاویش لـە مـاسوولـکـەکـانمدا هاتوچۆ دەکا.. هەستم بەئێش نەدەکرد، ئەگەرچی لاوازی و کەم خوێنی لەشم هێزمی لە سنووری کەم دەسەڵاتیدا جەڕانبوو هەوڵی ئەوەم نەدەدا بەری خوێنەکەی دەستم ڕاگرم، بەپەلە بووم و حەزم دەکرد بەخوڕتر و تیژتر داچۆڕێ، ئەو پەرداخەم لێ پڕ کرد کە چەند سەعاتێ لەمەوبەر عارەقە خەستەکەی بۆم دەپێوا.. لەبالەب بوو لە خوێنم، بەرزم کردەوە لە سەلامەتیی خۆم و ئەوانەی وەکو خۆمن (سەربڕاون و زیندوون) لە هەر کوێیەکدا هەن، بینم پێوە نا، چۆڕم لێ بڕی.

کێ دەڵێ لێوەکانم سوور بووە، چ ئاوێنەیەك لەم شەوەدا ئەمەم بۆ دیاری دەکات..

سوتووە جگەرەکانم نایە نێو برینەکانی دەستمەوە نەکزایەوە، خوێنەکەی نەوەستا، لەژێر پێمدا گۆمی بەست.. دوا تکی خوێن لەشمی بەجێ هێشت.. چ ئاوێنەیەك هەیە ڕەنگی لەم شەوەدا ڕەنگی ئەم جەستە بێ خوێنەم بۆ دەرخات؟ پەلاماری پارچەیەکی ئاوێنە شکاوەکەم دا، بەبێ سێ و دوو بەملی خۆمدا هێنا و سەرم لە ملم جیا کردەوە وەکو تۆپ هەندێ شەق شەقێنم پێ کرد و کردمە سەری یەکەم نێچیری کوژراوی دەستم و لکانمە دیواری ژوور دەرگەی ژوورەکەمەوە.

حوزەیرانی ١٩٧٧

### هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکە

با پێشەکی بە کورتی و خەستی، باسێکی شێوازەکانی بەرهەمی محەمەد موکریتان لە کۆڕی هونەری چیرۆکنووسیندا بۆ بکەم. محەمەد موکری تا حاڵی حازر بەرهەمی کەمە. ئەوەی من خوێندبمەوە و پێیان بزانم، چوار پێنجێکە بەبڵاوکردنەوە و چوار پێنجێکیش بەدەسنووس. بەڵام ئەو چوار پێنجە وەها هەن، کە ڕەخنەگر بتوانێ لە نێوانیانەوە، شێواز و ڕێبازی تایبەتییان بۆ محەمەد موکری لێوە دەسنیشان بکا، کە من بەشبەحاڵی خۆم لەم چەند بەندەدا ڕوونی دەکەمەوە:

یەکەم: محەمەد موکری چیرۆکنووسی هەڵوێستە. واتە لە نووسینی هەر چیرۆکێکدا، هەڵوێستێکی دیاریکراو سەبارەت بەمەسەلەیەك یا باسێك یا لایەنێکی ژیان دەردەبڕێ. دیارە هەڵوێستەکە بەپێی بۆچوون و جۆری تێگەیشتن و ئایدۆلۆژیای تایبەتیی خۆیەتی.

دووەم: کەسانی چیرۆکەکانی محەمەد موکری، بەزۆری لە حاڵەتی تەنگەتاویدان و چەڵەمەیەك لە ناخدا گێژیان دەدا و ئارام و ئۆقرەیان لەبەر دەبڕێ. تەنگەتاوی و چەڵەمەکەش، ئەنجامی خۆخواردنەوە و ئەندێشەیەکی گشتییە سەبارەت بە ژیان، نەك خەم و پەژارەیەکی شەخسیی ڕۆژانە.

سێیەم: هەڵوێست لە پۆپەی ئەو تەنگەتاوی و چەڵەمەیەدا، بەلای بەرگەگرتن و بەربەرەکانی و مرادخوازیدا لادەدا، زیاتر لەوەی ڕوو لە ورەبەردان و دەستەوستانی و کەمتەرخەمییی بکا. ڕاستە جۆرە وەڕسی و بەرچاوتاریکی و هەستکردن بەتەنیایی و نامۆیییەك، لەلای کەسانی چیرۆکەکانی هەست پێ دەکرێ، بەڵام زیاتر تووڕەبوون و ناڕەزایییان تێکەڵە و لە نێوانیانەوە هەڵوێستەکە دیاری دەکا و پێ دەگا.

چوارەم: شێوەی هونەری لەلای محەمەد موکری کە زیاتر مۆنۆلۆگە، پڕ بە پڕی ئەم جۆرە ناوەڕۆکەیە و شان بەشانی یەکتر دەڕۆن. جگە لەوەی کە وەرگرتنی وێنەیەکی بچووك و چوونە خوارە بەبنجوبێخیدا و نواندنەوەی زۆر بەوردی لە نزیکەوە و بەدیوی ناوەوەیدا، یەکێك لە خاسیەتەکانی کە شارەزایی دەگەیەنێ لە کۆڕی ئەم هونەرەدا.

بەڕای من ئەمانە، شێوازە سەرەکییەکانی هونەری چیرۆکنووسینن، لەلای محەمەد موکری. جا با ئێستا باسێکی چیرۆکی (نێچیر)یتان بۆ بکەم، کە بەنموونەیەکی چاکی تێ دەگەم بۆ سەلماندنی ئەوەی وتم. لە (نێچیر)دا قارەمان مرۆڤێکە تاك و تەنیا و لەناو چوار دیواری ژوورێکدا. هەر لە پەرەگرافی یەکەمدا، زوو تێ دەگەین کە مرۆڤەکە بەدیوی دەرەوەیدا، کلۆڵ و کەساسە و بێبەشە لە خۆشی و بەختیاریی ژیان. بەڵام چیرۆکنووس لەو پەرەگرافە پێنج دێڕییە بەولاوە، لەسەر ئەم دیوە ناڕوا، چونکە لەوە زیاتری بۆ بەپێویست نازانێ. ئەو بەوە رادەگەیەنێ کە مرۆڤەکە، هەر هیچ نەبێ بەجۆری ژیانی، لەبەرەی هەژاران و زەحمەتکێشانە، نەك بەرەی بورجوا چەوسێنەرەکان. بەدوایدا ئیتر دیوی دەرەوەی واز لێ دێنێ و بۆ ناوەوەی شۆڕ دەبێتەوە. ناوەوەی پڕ لە ئەشکەنجەیە و چەڵەمەیەکی گەورەی تێدا گیر دەخوا. بەحسابی پەرەگرافی یەکەم بێ، دەبێ ئەشکەنجە و چەڵەمەکە ئەنجامی هەژاری و کەساسییەکە بێ و بەدیوی ناوەوەشدا هەر ئەمە بەگیری هێنابێ و چیرۆکنووس بیەوێ لێی بدوێ. بەڵام نا.. چیرۆکنووس ئەم لایەنەش واز لێ دێنێ بۆ خوێنەر، کە وەك مەسەلەیەکی ئاسایی بۆی بچێ و هەقی خۆی بداتێ. بۆیە لەمەش خۆی لادەدا و دەچێتە سەر دەرخستنی جۆرە ئەشکەنجە و چەڵەمەیەکی تری.. ئەشکەنجە و چەڵەمەیەکی تری ئەوتۆ، کە تایبەتی بێ بۆ ئەو مرۆڤە خۆی و لە حەشاریدا لە مەڵاسدا بێ و لەلای خوێنەر نەزانرابێ.

ئەشکەنجە و چەڵەمەکە چییە؟!. دیارە لە ڕووی هونەرییەوە باری ئاسایی ئەوەیە مرۆڤەکە، وەك مرۆڤێکی تاك و تەنیای ناو چوار دیواری ژوورێك، نەیکاتە خوتبەدان بەدەنگی بەرز بۆ دیوارەکان، بگرە دەبێ گینگڵ بدا و پێوەی بتلێتەوە و وەك گێژەڵووکەیەك لە ناخیدا بخولێتەوە و هەر بەزمانی ناخیش لەگەڵ خۆیدا و بۆ خۆی لێی بدوێ، زیرەکی و شارەزاییی محەمەد موکری لە ڕووی هونەرییەوە لەم چیرۆکەدا لێرەیە. مرۆڤەکە نایکاتە خوتبەدان بەدەنگی بەرز، بگرە بەزمانی ناخ لەگەڵ خۆیدا و بۆخۆی دەدوێ. مرۆڤیش کە بەزمانی ناخ سەبارەت بەئەشکەنجەیەکی لەگەڵ خۆیدا و

بۆ خۆی دوا، راستەوخۆ و بەڕستە و دەستەواژەی ئاسایی نادوێ، چونکە کرۆکی ئەندێشەکە.. هۆیەکانی و جەمسەر و لقوپۆپەکانی و مێژووی دروستبوون و خەستبوونەوەی ئەنجامە جۆراوجۆرەکانی، هێندە بەرین و قووڵ و جەنجاڵن، کە ئەگەرچی وەك تابلۆیەك ئان و سات دێنە بەرچاوی خەیاڵی، بەڵام دەربڕین با بۆ خۆشی بێ، لە ئاستیاندا دەستەوستانە. هەر لەبەرئەوەیە کە چیرۆکنووسی زیرەك و شارەزا لە کارە هونەرییەکەیدا، هەر وەها دەکا و ئیتر تێگەیشتنی درێژەی جۆری ئەشکەنجەکە بەوردی و قووڵی واز لێ دێنێ بۆ خوێنەر، وەك مرۆڤێکی تری خاوەن ئەشکەنجە و چەڵەمەی تایبەتیی خۆی لە ژیاندا و دەیخاتە بەر حاڵەتی بەراوردکردنەوە لە نێوان ناخی خۆی و ناخی مرۆڤی ناو چیرۆکەکەدا، کە لە ئەنجامیدا بەچاك یا بەخراپ حوکم بەسەر خۆی و ئەویشدا دەدا و بەوە چیرۆك ئەرکە سەرەکییەکەی بەجێ دێنێ.

مرۆڤە کەساس و تەنیاکەی ناو چوار دیواری ژوورەکە سەری کردووەتە مەیخواردنەوە، نەك بۆ خۆشی و کەیف و سەفا، بگرە لە ئەنجامی ئەشکەنجە و چەڵەمەکەیدایە و بۆ خۆلێدزینەوەیە. کەچی ئەویش هەر دادی نادا.. (ئاه.. ئەمشەویش وەکو دوێنێ و پێرێ و پێرار نەمتوانی کارێ بکەم کە شەوگارەکانم لەیەك نەچن..). مرۆڤەکە دەری ناخا دەردی چییە. ئیشارەت دەدا کە هەست بەنامۆیی دەکا.. شەوگارەکانی چۆنیەکن.. دەیەوێ گۆڕانێکیان بەسەردا بێت و نایەت، بۆچی؟!. خۆی لە قووڵاییی ناخیدا پێ دەزانێ. بەڵام لەبەرئەوەی بۆ خۆی دەدوێ نەك بۆ من و تۆ، پێویستی بەوتنی نییە. تەنیا گینگڵ دەدا و پێوەی دەتلێتەوە. چاوی بەژوورەکەدا دەگەڕێ. ئاوێنەکە و خۆی تێدا دەبینێ. لە خۆی ورد دەبێتەوە. لەی ەك ساتدا بەچاوی ناخ و، بەچاوی کاسەی سەری، خۆی بەدیوی دەرەوەدا دەبینێ. جیاوازییەکە گەورە و ستەمە. بەچاوی ناخ بێ سەرە و بەچاوی کاسەی سەر، لە ئاوێنەکەدا سەردارە. ئەمە بۆی دەبێتە مایەی بەیەکدادانێکی ئانەساتیی توندوتیژ. (سەیرە!. سەربڕاوم و ماوم.. ئەی ئەوە نییە لە ئاوێنەکەدا سەرم بەلەشمەوەیە؟!.). گومان لە ئاوێنەکە دەکا و پتر باوەڕی بەچاوی ناخە.. (تف لەو ئاوێنە بێ شەرمەی بەرامبەرم. لە کاتێکی ئاوهاشدا هەر دڵسۆزە بەکارەکەی خۆی و وەکو خۆم ڕەنگم دەداتەوە.. چی بکەم؟!). بەیەکادان دەگاتە پۆپە (ئاوێنەکە فێڵی لێ کردووم و ئەمە چەنێکە دەسخەڕۆی کردووم و راستیی خۆمم لێ دەشارێتەوە..). ناخ پەلامار دەدا و شالاو دێنێ.. (ئەی ئاوێنەی فێڵباز.. بیگرە

پاداشتی فێڵبازیت.. بیگرە..). ئاوێنە وردوخاش دەکا.

لەوەبەر وتم کە حاڵەتی تەنگەتاوی لەلای کەسانی محەمەد موکری، ئەنجامی خۆخواردنەوە و ئەندێشەیەکی گشتییە، سەبارەت بەژیان نەك بەخەم و پەژارەیەکی شەخسیی ڕۆژانە. ئەوە لە قارەمانی ئەم چیرۆکەدا بە ئاشکرا دیارە. ئەندێشەی مرۆڤەکە لەوەوە نییە، کە خەفەتێك یا گیروگرفتێکی ڕۆژانە یەخەی گرتبێ و مێشکی خەریك کردبێ، وەك ئەوەی بابڵێین لە دڵداریدا دڵی شکابێ، یا تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووبێ یا هەر شتێك لەم بابەتە. نەخێر.. (ئاهـ.. ئەمشەویش وەکو دوێنێ و پێرێ و پێرار نەمتوانی کارێ بکەم، کە شەوگارەکانم لەیەك نەچن..). (ئەی هاوار خەڵکینە.. کێ دەڵێ دەنگم دەگاتە کەس..).. (هەیهوو.. من چیم دەوێ و چی ڕێگەم پێ دەگرێ. بنووە.. بنووە.. بێدەنگ بە). هێشتا هەر باشە. ئەوە نییە سەربڕاوی و ماویشی). ئەگەر ئەمە وانەبێ، دیارە ئەو پرسیارەش دەکرێ، کە ئاخۆ دەبێ ئەندێشە گەورە و گشتییەکەی ئەو مرۆڤە چی بێ؟!. لێرەدا باجارێ ئیشارەتێك بەڕایەکی بایەخداری چیرۆکنووسی بەناوبانگی عەرەب دوکتۆر یوسف ئیدریس بدەم، کە لە وەرامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی (الجمهورية)ی بەغدادیدا، لە نێوان گفتوگۆیەکەوە کە لەگەڵیدا سەبارەت بەتەنگەتاوی و چەڵەمە و ئەندێشەی مرۆڤی عەرەب لەم سەردەمەدا کرابوو دەڵێ: (من باوەڕم وایە کە ئێستا گەلی عەرەب، بەپلەیەکی ئاڵوگۆڕی سەختدا تێدەپەڕێ. بۆیە من بەشبەحاڵی خۆم، لە ڕۆژانێکی خۆئامادەکردندا دەژیم بۆ گۆڕانێك، یا ڕۆژانێکی خۆئامادەکردن بۆ هەنگاونانێکی هونەریی تر، لەبەر هەستکردن بە چاوەڕوانی و بێئارامی و هیواداری و مژدەبەری و بەزەیی پێداهاتنەوە. واتە هەستونەستم ئاڵۆز و جەنجاڵە. ئەم تەنگەتاوی و چەڵەمەیە هاوتای ئاڵوگۆڕەکەیە و لە هەمان کاتدا، سامناك و کاولکاریشە). ئینجا لە کۆتاییی درێژەی ئەو رایەڵەدا دەڵێ: (ئێستا ڕۆشنبیرانی عەرەب بەگشتی، گیرۆدەی چەڵەمەیەکی هێجگار توندوتیژن.). دوکتۆر یوسف ئیدریس وا دەڵێ و منیش بەپێی تێگەیشتنی خۆم و هەر لەسەر ڕۆشناییی قسەکەی ئەو دەڵێم: (گەلی کوردیش لە عێراقی ئێمەدا، ئێستا بەپلەیەکی ئاڵوگۆڕی سەختدا تێ دەپەڕێ و، ئەوە مرۆڤی کورد و بەتایبەتی ڕۆشنبیرانی، دەخاتە بەر حاڵەتی چەڵەمە و تەنگەتاوییەوە، کە محەمەد موکری لەم چیرۆکەیدا تەقەلای داوە، بەپێی بۆچوون و تێگەیشتنی خۆی بینوێنێ و شتێکی لێ ڕوون بکاتەوە و هەڵوێستێکی لەبارەوە دەرببڕێ).

کۆواری ڕۆژی کوردستان-ژ/٤٩- ١٩٧٨

## كاتێ نەهەنگەكان كۆچ دەكەن

كۆواری (الاقـلام) لـە ژمـارەی (٩)ی مـانگی حوزەیرانی ئـەمسالّیدا، ئـەم ڕۆمـانـەی پێشكێش بـەخوێنـەرانی كرد، كە من بـەشبـەحالّی خۆم و هـەر هێندەی لـە خوێندنـەوەی بوومـەوە، ئەوەندە سەرسامی كردم كە خێرا دەستی لێ بدەمە قەڵەم و هەوڵ بدەم بەم نووسینـە بـەخوێنـەرانی (هـاوكاری)ی ئـازیزی ئـاشنـا بكەم و وەك شاكارێكی ئـەدەبی پێیانی بناسێنم.

نووسەرەكەی (یوری رایتخیو) خۆی لەبارەیەوە دەڵێ: (من خۆم بەلامەوە زەحمەتە ئەوە دیاری بكەم، كە ئاخۆ ئەم كارە ئەدەبییەم لە چ بابەتێكە. كە بۆ یەكەم جار بڵاوم كردەوە، ناویم بەئەفسانەیەكی نوێ برد. بەڵام ئێستا وای تێ دەگەم، كە ئەم بۆچوونە زۆر كۆك نییە). ئینجا دەڵێ: (بەڵام شتی سەرەكی لێرەدا ئەوەیە، كە ئەو هەقایەت و ئەفسانانەی بوونەتە بنچینەی- كاتێ نەهەنگەكان كۆچ دەكەن- لە منداڵیدا وەختێ دەچووم بۆ قوتابخانە و وەختێ وام لێ هات بخوێنمەوە و بنووسم، گوێم لێیان بووە). وەكی تر وەرگێڕەكەشی مامۆستا (عادل العامل) لەبارەی نووسەرەكەیەوە دەڵێ: (یوری رایتخیو نووسەرێكی جۆكیاییە و لە دێی -ئۆویلین-ی سەر كەناری جۆكۆتیسك لەدایك بووە، كە دەكەوێتە پەڕی ئەوپەڕی باكوری ڕوهەڵاتی یەكەتیی شوورەوییەوە).

ئینجا با بێمە سەر ڕۆمانە شاكارەكە خۆی. (ناو) كیژێكە و لە دوو توێی سروشتێكی سەختەوە، یا لە منداڵدانیدا سەرهەڵدەدا.. (ناو وای هەست بەخۆی دەكرد كە ئەگەر لەگەڵ رەشەبا و سەوزەگیادا، لەگەڵ زیخ و چەوی شێداردا، لەگەڵ پەڵە هەورە بڵندەكان و ئاسمانی شینی بێ بندا یەكن). بەهەموویان یەك شت و یەك بوونن (ریۆ)ش نەهەنگێكی ناو دەریایە. ریۆی گیانلەبەری ناو دەریا، عاشقی (ناو)ی گیانلەبەری سەر وشكانی دەبێ. ئەم عەشقە كە ئیتر بەدرێژایی ڕۆمانەكە ناوی بە (عەشقە مەزنەكە) دەبرێ، ریۆ لە نەهەنگێكەوە دەكا بەپیاوێك و دەبێتە مێردی (ناو). واتە دەریا و وشكانی یەكدگیر دەبن.. دەریا و وشكانی كاروانی وەچەكانی (ناو) و (ریۆ) دەخەنەڕێ. ئەمە تەنیا سەرەتای ئەفسانە نوێیەكەیە و ئیتر بەدوایدا بەچەشنێ (سەد ساڵ دوورەپەرێزی)یەكەی گابرێل گارسیا ماركیز، نەوە دێ و نەوە دەڕوا و كاروان

ڕێگەی خۆی گرتووەتە بەر. لە (سەد ساڵ دوورەپەرێزی)دا، کوڕ و کچ و کوڕەزا و کچەزا و بەدوایاندا زازاکان، دێنە سەر شانۆی ژیان و دەوریان کۆتایی دێ و دەڕۆن، بەڵام (ئۆرسوٚلا)ی دایك هەر دەمێنێ. لە (کاتێ نەهەنگەکان کۆچ دەکەن)یشدا، زازایەکی گەلێ زیاتر دێنە سەر شانۆ و جێی دێڵن و دەڕۆن و بەڵام (ناو) هەر دەمێنێ و دەژی. لەولا (ئۆرسوٚلا) لە ئەنجامدا شانۆ جێ دێڵێ و دەمرێ. لەملاش هەروەها و تەنیا جیاوازییەکە لەوەدایە، کە لەولا تەمەن ئاساییە و لەملا نائاسایی. لەولا سەد ساڵ و کەمێ پترە و لەملا درێژ دەبێتەوە بۆ سەدان ساڵ، کە ئەمە شێوەیەکی ئەفسانەیی زیاتری دەداتێ. بۆچی (ناو) ئەم سەدان ساڵە دەژی مردنی بۆ نییە؟!. چونکە (ناو) لێرەدا رەمزە پتر لەوەی واقیع بێ. واتە (ناو) عەشقە مەزنە نەمرەکەیە.

بەڵام با بێمەوە سەر (کاتێ نەهەنگەکان کۆچ دەکەن)، کە وا دەگەیەنێ ئیتر ببڕای ببڕ نایەنەوە بەو کەنار دەریایەدا.. ئەو کەنار دەریایەی کە بەدرێژاییی ئەو سەدان ساڵە، بەردەوام دەهاتن بۆ دیدەنیی خوشك و براکانیان لەسەر وشکانی. لێرەدا دەبێ نیشانە بەوە بدەم، کە نەك تەنیا (ریۆ)ی باپیرە هەرە گەورەی خەڵکەکەی ئەو کەنار دەریایە، پێش ئەوەی ببێتە مرۆڤ نەهەنگێك بووە وەك خۆیان، بگرە (ناو)ی داپیرە هەرە گەورەشیان یەکەم سکی کە کردی، چەند بێچووە نەهەنگێك بوون و بە شیری مەمکی گەورەی کردن و ئینجا سکی دواتری مرۆڤ بوون. بەڵام نەهەنگەکان کۆچ دەکەن و ئیتر نایەنەوە بەو کەنار دەریایەدا.. بۆچی؟!. چونکە دوای سەدان ساڵەکە، وردە وردە باوەڕ بەعەشقە مەزنەکە لەق دەبێ. (گیڤۆ) ناوێك یەکەم کەس دەبێ بیری بۆ ئەوە دەچێ، کە ئاخۆ بۆچی ئەو خەڵقە هەموو دەمرن و (ناو) نامرێ؟!. یا ئاخۆ ئەگەر ئەو (گیڤۆ) بیەوێ بیمرێنێ هەر نامرێ؟!. تا جارێکیان لە گفتوگۆیەکدا لەم بارەیەوە لەگەڵیدا پێی دەڵێ:

– باشە ئەی ئەگەر من ویستم بتکوژم.. ئاخۆ برینەکانی لەشت ناتمرێنن؟!.

ناو دوو دڵۆپ فرێسك لە چاوی دەردەپەڕن و لە وەڵامیدا دەڵێ:

– زمانت چۆن لە توانایدا بوو ئەو شتانە دەرببڕێ؟!. گومانی تێدا نییە تۆ نەخۆشیت. مرۆڤ چۆن دەتوانێ دەست لە مرۆڤێکی تر بوەشێنێ؟!. ئەو کەسە ئیتر لەوە دەکەوێ کە مرۆڤ بێ.

گیڤۆ لەم نەخۆشییە ڕزگاری دەبێ و عەشقە مەزنەکە باڵی بەسەردا دەکێشێتەوە.

بەڵام نەخۆشییەکە لە (ئەرما کیرکین)ی کوڕەزایدا سەرهەڵدەداتەوە. ئەرما کیرکین هەر لە هەرزەکارییەوە دەکەوێتە سەرکێشیکردن و لە خۆی بایی دەبێ. گاڵتەی بە (ناو) و هەقایەتەکانی سەبارەت بە (ریۆ)ی باپیرە هەرە گەورەیان دێ، کە بەردەوام بۆ منداڵانی نەوە لە دوای نەوەی گێڕاوەتەوە. ئینجا کردەوەکانی وردە وردە بەرەو دلڕەقی و سەرسەختییەکی وەهای دەبەن، کە لەگەڵ عەشقە مەزنەکەدا دەیخەنە حاڵەتی دووبەرەکییەوە. کاتێ دەچن بۆ ڕاو بەتەنیا دەچێ و بەلەخۆباییبوونەوە لە گۆرانییەکیدا دەڵێ:

من لە هەموو شتێکی تری سەرزەمین بڵندترم

کەسێك نییە بتوانێ بەسەرمدا زاڵ بێ

دەتوانم بگەمە قووڵاییی دەریا و

لووتکەی هەموو چیاکان

بۆ ئەوەی چیم دەوێ دەستگیری بخەم

بەهەرحاڵ ئەنجام بەوە دەشکێتەوە، کە (ئەرما کیرکین) بیری بۆ ڕاوکردنی نەهەنگ بچێ، لە بیری خۆماندووکردن بەڕاوی ئاژەڵێکی بچووکەوە. بۆچی نەهەنگێك نەبێ کە برێتییە لە سەد ئاژەڵ؟!. ئینجا دەکەوێتە هاندانی خەڵکەکە. هەقایەتەکەی (ناو)یان لە مێشکدا پووچ دەکاتەوە. دەستەیەك لە برادەرەکانی ئامادە دەکا و بڕیاری ڕاوکردنی نەهەنگ دەدەن.

(ناو) لەلای خۆیەوە، وەختێ ئەرما کیرکین دەستی کردە سەرکێشی و دلڕەقی و سەرپێچیکردن، بۆ یەکەم جار ناساغی و لەش بەباری بەخۆیەوە دەبینێ و لە ساتی بڕیارەکەوە لە جێگەدا دەکەوێ. ئەرما کیرکین بەرێککەوت بەلایدا ڕادەبوورێ.

لێی دەپرسێ:

– ئەوە نەخۆشیت؟!.

بەدەم ئازارەوە وەڵامی دەداتەوە:

– هەست دەکەم زۆر نەخۆشم. هەندێ جار چاك دەبم. بەڵام هەندێ جاری تر وا هەست دەکەم، کە یەکێك جەستەم بەچەقۆ ونجڕونجڕ دەکا.

ئەرما کیرکین و برادەرەکانی، دەچن نەهەنگێك ڕاو دەکەن و ڕای دەکێشنە کەنار

دەریا. وازی لێ دێنن کە ڕۆژی دوایی بێن لەتوپەتی بکەن. لە گەڕانەوەدا بۆ ماڵەوە بەلای (ناو)دا ڕادەبوورێتەوە. ناو لەسەر جێگاکەیەوە بەرقەوە سەرنجێکی دەداتێ و دەڵێ:

– ئەمڕۆ وا براکەتت کوشت تەنیا لەبەرئەوەی لە تۆ ناچێ، بەڵام سبەینێ..

قسەکەی تەواو ناکا. بەلادادێ و دەمرێ. بۆ بەیانی ئەرما کیرکین و برادەرەکانی، کاتێ دەچن نەهەنگەکە لەتوپەت بکەن، سەیر دەکەن نەهەنگ نەماوە. بەڵام کە زیاتر نزیك دەبنەوە، دەبینن لە جێگەکەیدا (لاشەی پیاوێك کەوتووە و شەپۆل قژە ڕەشەکەی لە ئاوەکەدا دەشەکێنێتەوە). لەولاشەوە دەریا کشوماتە.. نەهەنگەکان کۆچیان کردووە.

ڕۆمانەکە چل و پێنج لاپەڕەی کۆوارەکەی گرتووەتەوە، کە من باوەڕم وایە خوێنەرێك تا یەکژەمی تەواوی نەکا، دەستی لێ بەرنادا. نەك تەنیا لەبەر شێوە ئەفسانەییەکەی، کە تام و چێژێکی تایبەتی هەیە، بگرە لەبەر ئەوەشی کە چاپتەر لە دوای چاپتەری، دەنکی تەزبێحەکەی یەك بە دوای یەکدا بۆ تەواو دەکا.

دواجار دەمەوێ بڵێم: یوری رایتخیو لەسەر هەق نییە، کە ناوبردنی ڕۆمانەکەی بەئەفسانەیەکی نوێ بەپەسند نازانێ. من بەشبەحاڵی خۆم، ئەفسانەیەکم لە بەرهەمی سەدەی بیستەم خوێندەوە.

ڕۆژنامەی هاوکاری– ژ/٥٣٤–١٤/٧/١٩٨٠

هەر جارەی نووسینێك

## لە نێوان بەهرەداری و تاقیکردنەوەدا

نکووڵی لەوە ناکرێ کە شتێك هەیە پێی دەوترێ بەهرە و، لە هەر، کوڕ و کۆمەڵێکی چست و چالاکیی ژیانیشدا، جۆرە کەسانێك هەن کە پێیان دەوترێ بەهرەدار. بەڵام ئاخۆ بەهرە چییە و مرۆڤی بەهرەدار لە کوێوەی دێنێ و ئینجا پێوەندیی ئەم بەهرە و بەهرەدارییە بە تاقیکردنەوەوە چییە و تا چ ڕادەیەکە؟!. بێگومان ئەمە باسێکی سەخت و ئاڵۆزە و ئەگەر نیاز لە چوونە بنجوبناوانییەوە بێ و بەوردی باسی لێوە بکرێ، ئەوا مەگەر بەلێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ بتوانرێ بە ئەنجام بگەیەنرێ. بۆیە لێرەدا هەروا بەسەرپێوە و وەك بیرێکی راگوزاری لێی دەدوێم و بیروڕای خۆمی لە بارەوە دەردەبڕم.

ئاخۆ بەهرە چییە؟!. لە وەرامدا دەڵێم: بەڕای من بەهرە بریێتییە، لە ئامادەبوونێکی خۆڕسکیی سەرەتایی لەلای مرۆڤێك، بۆ بەدەستهێنانی شێوە سەرکەوتنێکی تایبەتی، لە کۆڕێك لە کۆڕەکانی چست و چالاکی لە ژیاندا، کە لە بنچینەدا ئەنجامی گەلێ هۆی بابەتییە، بێ ئەوەی ئیرادە بەپێی نەخشەیەك و لە تێگەیشتنەوە، دەوری ئاشکرای لە پاڵیاندا نواندبێ. جا ئەگەر ئەم تاریفە بۆ بەهرە و چۆنێتیی پەیدابوونی ڕاست و بەجێ بێ، ئەوا دەبێ بڵێین کە بەهرە نە وەحییە و نە مەسەلەیەکیشە کە زگماك بێ، بەڵکو سیفەتێکە یا کار و کردارێکە، کە لە دوای لەدایکبوونەوە ئەنجامی دەبێ. دەشێ گەلێ هۆی ئاڵۆزی شاراوە، لەلای ئەم مرۆڤ یا ئەو مرۆڤ لەم کۆڕ یا لەو کۆڕی چالاکیی ژیاندا دروست ببێ و ئینجا وەختێ دەرفەتی نواندن و کارپێکردنی بۆ هەڵدەکەوێ (کە دەشگونجێ ببڕاییبڕ بۆی هەڵنەکەوێ و تا دوا ساتی ژیانی لە خامۆشی و کپیدا بمێنێتەوە)، لەلای دەبێتە ئامادەبوونە خۆڕسکییە سەرەتاییەکە.

تا ئێرە وەها. دوای ئەوە ئینجا دەبێ بپرسین: ئەی ئاخۆ چۆن ئەو ئامادەبوونە خۆڕسکییە سەرەتاییە، بەرەو تەقینەوە و نەشونماکردن و خوڵقاندن و داهێنان ڕێگە دەگرێتە بەر و ڕووەو لووتکە دەکەوێتە هەنگاونان؟!. وەرام لەلای تاقیکردنەوەیە. واتە خۆخستنە بەرتاقیکردنەوەیەکی بەردەوام، لەو مەیدانی چالاکییەی ژیاندا کە بەهرەکەی تێدا لەکایەدایە. بەڵام ئاخۆ مەبەست لە تاقیکردنەوە چییە؟!. بۆ وەرامی ئەم پرسیارەش دەڵێم: بەڕای من تاقیکردنەوە کارکردنە بە بەهرە. کۆششی بێ وچانە بۆ لەبرِبەنددان و ڕاهێنان و بەرفراوانکردنی مەودای هێز و توانای بەهرە، لە کۆڕی خوڵقاندن و داهێناندا. هیچ بەهرەیەك بێ کارپێکردنی بەردەوام و کۆششی بێ وچان بۆ بردنی بەرەو لووتکەی هێز و توانای خوڵقاندن، بەئەنجامی دروستی خۆی ناگا و لە وزەیدا نابێ لە سنووری ئامادەبوونە خۆڕسکییە سەرەتاییەکە بچێ بەودیودا. یا ئەگەر بشپەڕێتەوە، قەت لە توانایدا نابێ بگاتە لووتکە، یا لێی نزیك ببێتەوە. بەهرەدارێك لە پڕێکدا و بێ ئارەقڕشتنێکی زۆر لەگەڵ کاروانی تاقیکردنەوەدا خۆی لە لووتکەدا بدا، ئەمە دەشێ و رووی داوە و روو دەدا، بەڵام ئەمە حاڵەتێکی دەگمەنە و مرۆڤی بەهرەداری تێگەیشتوو، ئەگەرچی هەقی خۆیەتی بە ئاواتییەوە بێ، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ پشتی پێ ببەستێ و خۆی بۆ خرِهەڵبدا. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین: کە تەنانەت حاڵەتە دەگمەنەکەش، ئەگەر بخرێتە بەرتیشکی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و چوونە بنجوبناوانێکی لاسارانەوە، ئەوە هەر دەگەینەوە بەو ئەنجامەی کە سەبارەت

بەپەیدابوونی بەهرە وتمان. واتە لەم حاڵەتەدا هۆیەکانی دروستبوونی بەهرە، لە تەنیا دروستبوونی ئامادەبوونە خۆڕسکییە سەرەتاییەکە تێپەڕی دەکەن و دەیخەنە بەر حاڵەتی تەقینەوەیەکی کتوپڕی بەتەوژمی ئەوتۆ، کە لە لووتکەی داهێنان و خوڵقاندنی نزیك دەکەنەوە، یا بەو لووتکەیەی دەگەیەنن.

گەیشتن بە لووتکە و لە پڕێکدا، واتە گەیشتن بە لووتکە لە یەکەم هەنگاونانەوە، ئاواتێکە کە مرۆڤ هەموو دەیخوازن. بەڵام ئاخۆ ئەمە بۆ هەموو مرۆڤێك بەدی دێ؟!. هەرگیز نا.. کەوابوو دەبێ مرۆڤی بەهرەدار لە بنچینەدا وەك بنەمایەکی گشتی، پشت بە تاقیکردنەوە و بەمەسەلەی قاڵبوون لە بۆتەی تاقیکردنەوەدا بۆ گەیشتن بە لووتکە ببەستێ، نەك بەحاڵەتە دەگمەنەکە. من وا لە مەسەلەی پێوەندیی نێوان بەهرە و تاقیکرنەوە دەگەم و دیارە دەبێ هەبن کە بەجۆرێکی تری تێ بگەن و حەزیش دەکەم رای خۆیانی لەبارەوە دەرببڕن.

هاوکاری- ژ/٥٢٧-٢٦/٥/١٩٨٠

ڕایەك بۆ لێدوان

## لەبارەی شێوە تەکنیکی
## ئەفسانەئامێزەوە لە هونەری چیرۆکنووسیندا

لە ساڵانی دوای (١٩٧٠)دا، گەلێ شێوە تەکنیکی نوێ لە چیرۆکی کوردیدا هاتنە کایەوە و لە کۆڕی ئەم هونەرەدا لە جێی شێوە تەکنیکە زاڵەکەی لەوەبەر (ڕاپۆرتنووسی و هەقایەتخوانی)، بوونە شێوازی سەرەکی. یەکێك لەوانە شێوەی ئەفسانەئامێزییە، کە کارەسات و بەسەرهاتی چیرۆکەکەی، بەشێوەی ئەفسانەیی تێدا دەنوێنرێن، ئەگەرچی لە بنچینەدا باس لە مەسەلە و مەبەستێکە، کە بەندی لایەنێکی ژیانی ڕۆژانەن و ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی لەگەڵ شێوە تەکنیکی ڕەمزیدا (کە ئەمیش یەکێکی ترە لە شێوە تازەکان)، تێکەڵاوی پەیدا بکا و تەنانەت لەلای چیرۆکنووسەکە خۆیشی کارەکە ئاڵۆز ببێ و لە ئەنجامدا نەتوانێ زەفەر بە لە یەکتر جیاکردنەوەیان بەرێ. بێگومان من لەم نووسینەدا باسم لە ڕەمزییەت نییە. بەڵام بۆ ئەوەی فیکرەیەك لەبارەی چۆنێتیی جیاکردنەوەکە بخەمە بەرچاو، پێناسەیەکی کورتی دەکەم و دەڵێم: چیرۆکی ڕەمزی بەدیوی ئەم دیودا، لە ڕووداوێك دەدوێ کە ئاساییە و کارەسات و

بەسەرهاتەکانی و هەڵسوکەوتی کەسانیشی ئاسایین، واتە بەم بارەدا چیرۆکێکی واقیعی دەخوێنینەوە. بەڵام بەدیوی ئەودیویدا، چ لە هەر کارەسات و بەسەرهات و هەڵسوکەوتێکی ئەم کەس یا ئەو کەسیدا چ لە سەرجەمیاندا پێکەوە، مانا و مەبەستێکی تر ڕادەگەیەنن کە ئەنجامی سەرەکیی نووسەرەکەن و خوێنەر دەبێ بەزیرەکیی خۆی و بەپێی رادەی، هەم تێگەیشتن و هەم ئامادەبوونی خۆی بۆ ئامانجە سەرەکییە بیگاتێ.

بەڵام ئاخۆ تێکەڵاوییەکە لە چیدا ڕوو دەدا؟!. تێکەڵاوییەکە کتومت لەوەدا ڕوو دەدا، کە چیرۆکی ئەفسانەئامێزیش وەك رەمزی، بەدیوی ئەو دیودا روو لە مەبەست و ئامانجێکی سەرەکی دەکا، کە نووسەر مەبەستێتی و بۆی دەچێ. ئەی کەوابێ جیاوازییەکەی لە کوێدایە؟!. جیاوازییەکە لە دیوی ئەم دیویاندایە. لەولا ڕووداوێکی ئاساییە، لە کاتێکدا لەملا نائاساییە، واتە حیسابی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ژیان ئەقڵ نایبڕێ و ناکەوێتە ژێر ڕکێفی لۆجیکەوە. خەیاڵێکی ڕووتە و بگرە زادەی خەیاڵێکی رووتی نووسەرێکیشە، نەك مرۆڤێکی ئاسایی.

ئێستا با واز لە تێکەڵاوییەکەی لەگەڵ ڕەمزییەتدا بێنین و بێینە سەر درێژەی باسەکەی خۆمان. وتم: (ڕووداو نائاساییە. شێوە ئەفسانەییە. ئەقڵ نایبڕێ. ناکەوێتە ژێر ڕکێفی لۆجیکەوە. خەیاڵێکی رووتە). کەچی کە دەیانخوێنینەوە (بێگومان کارە سەرکەوتووەکان)، لەگەڵ هەر کارەسات و بەسەرهات و هەڵسوکەوتێکدا و بەدرێژاییی لاپەڕە بە لاپەڕە، وەها دەگونجێین و دەهەژێین و پەرۆشی بۆ زانینی ئەنجام لوولمان دەدا، کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ راستەقینەترینی کار و کردارەکانی ژیانی ڕۆژانەدا نامێنێ!. دەبێ نهێنی لەمەدا لە چیدا بێ؟!. تۆ بڵێیت ئەنجامی پاشماوەیەکی سەردەمە هەرە کۆنەکان بێ و ئێستا لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو جۆرە کارە ئەدەبییانەدا، لە ناخی بیر و هۆش و هەست و نەستماندا بتەقێتەوە و بەیادمانی بێنێتەوە؟!. بەباوەڕی من نا.. نهێنییەکە لەوەدا نییە کە بەندی تەنیا مێژوو بێ. بگرە پتر بەندی حاڵی حازرە.. حاڵی حازری سەدەی بیستەم، کە خودی خۆی و سەرباری ئەو هەموو پێشکەوتنەش کە هەیە، خاڵیی نییە لە جۆران شێوە ئەفسانەیی تایبەتیی خۆی. خاڵیی نییە لە زۆر شت کە ڕۆژانە ڕوو دەدەن و ئەگەر بچینە بنجوبناوانیانەوە، دەبینین کە خاوەنی شەقڵێکی تایبەتیی خۆیانن.

بەم بارەدا وەها. وەکی تر چەندە بەسەرزاری ئەقڵ نایگرێ و ناکەوێتە ژێر ڕکێفی

لۆجیکەوە و خەیاڵێکی رووتە، هێندەش لە ئەنجامدا بەپێچەوانەوە دەکەوێتەوە. چونکە ئەنجام دیوی ئەودیوە کە ئەمدیوی لە خزمەتدایە و کە لەژێر رکێفی ئەقڵ و لۆجیکدایە و لـە مـەسەلـەیـەکـی دیـاریـکراوی رۆژانـەی ژیـان دەدوێ و پـتریش مـەسەلـە گـەورە و گـرانـەکـان و مـەسەلـە سەخت و ئـاڵـۆزەکـان لـە خۆ دەگرێ. بـۆچـی؟!. چـونکـە شێوەی ئەفسانە بەری مەغزادانی فراوانە و چڕوپڕتر ئیحای مانا دەدا و لە بزواندنی هەست و نـەست و بـیـر و هـۆشیشدا کـاریـگـەرتـرە، لـەبـەرئـەوەی ڕاستـەوخـۆ بـەندی ئـەو سامـانـە کـولـتـووریـیـە، کـە کـەم و زۆر لـە گـەنجینـەی زانـیـاریـی هـەر خـوێنـەرێکدا، لـە ڕۆژانـی منداڵییەوە لەم ڕووەوە لەلای کەڵەکە بووە. ئەوەبوو لەوەبەر ئیشارەتێکم بەم پێوەندییە مـێژوویـیـیـە دا و ئێستـاش زیـاتـر ڕوونـی دەکـەمـەوە و دەڵـێم: کـە چیـرۆکـی هـونـەریـی سەرکەوتووی ئەفسانەئامێز دەخوێنینەوە، ئەگەرچی سوور دەزانین کە ئەقڵ نایبڕێ (مەبەستم بەدیوی ئەمدیودایە)، بەڵام هەر ئان و سات و لە قووڵاییی بیر و هۆشەوە، هـاوتـا (مـعـادل)ێکـی بـۆ پـەیـدا دەبـێ.. هـاوتـا لـە سامـانـە کـولـتـووریـیـەکـەی نـاو گەنجینەکەوە. ئینجا هاوتاکە دەبێتە یاریدەرێك بۆ دیوی ئاشکراکە، بۆ ئەوەی چنینە ئەفسانەیییەکەی چیرۆکەکە لەلای خوێنەر، نەبێتە کارێکی بێ پێوەندی لەگەڵ ئەقڵ و لۆجیکدا و دواجار پێی نامۆ نەبێ.

هەر ئەم مەسەلەی هاوتایە، بۆ ئەو چیرۆکنووسەی ئەم شێوە تەکنیکە بەکار دێنێ، دەبێتە کلیلی راستییەك کە دەبێ باش لێی ئاگەدار بێ، ئەویش پێویستیی سوودبینینە لە سامانی فۆلکلۆریی نەتەوەکەی، لە کاتی ڕەنگڕشتنی چوارچێوە ئەفسانەیییەکەی چـیـرۆکـەکـەیـدا. بـێگومـان ئـەمـە بـەرگرتـن نـیـیـە لـە توانـای خـوڵـقـانـدن و داهـێنـانـی چـیـرۆکنووسەکە. نـەخێر. ئـەو بـەری بـۆ بـەرەڵـڵایـە کـە چـەندی لـە توانـادایـە، شێوەی ئەفسانەییی نوێی نەوتراو لە فۆلکلۆردا دابێنێ و بخوڵقێنێ، بەڵام بەو مەرجەی کە لە جەوهەردا، بەندی سامانە نەتەوەیییەکەی بێ و لێی دانەبڕێ.. بەندی شێواز و نیشانە و ڕەمزە سەرەکییەکانی بێ. چونکە ئەگەر ئەم ڕێگەیە نەگرێتە بەر، خۆی لە هاوتا یاریدەرەکە و لەو دەورە کاریگەرەی کە دەیگێڕێ بێبەش دەکا.

بەهەرحاڵ دەگەڕێمەوە سەر حاڵی حازر و سەر مەبەست و ئامانجە سەرەکییەکە، واتـە سەردیـوی ئـەودیـو. گـومـان لـەوەدا نـیـیـە کـە بـەکـارهـێنـانـی شێوە تـەکـنیـکی ئەفسانەئامێز، لە زۆربەی حاڵەتدا بۆ دەربڕین و نواندنی هەڵوێستێکی ئایدۆلۆجی یا فەلسەفی یا سیاسییە و بارودۆخی نووسەرەکە (چ خۆیی بێ یا بابەتی)، وای بەسەردا

دەسەپێنیٚ کە ئەم شێوە تەکنیکە هەڵبژێریٚ نەك شێوەیەکی تر. کەوابیٚ ئەم شێوە تەکنیکە کە لەم سەردەمەدا بەکار دەهێنریٚ، هی ئەوە نییە کە (ئەفسانە بۆ ئەفسانە) بیٚ، بگرە (ئەفسانە بۆ هەڵوێست و بۆ نواندنی هەڵوێستە) و، لە مەسەلە گەورە و گران و ئاڵۆزەکانی ژیانیشدا. هەر لەبەر ئەمەشە کە چەندە بەری خوڵقاندن و داهێنانی تێدا فراوانە، هێندەش سەخت و زەحمەتە و، بەدیهێنانی سەرکەوتن تیایدا کارێکی ئاسان نییە. ڕاستە کە هەڵوێستێکی دیار و ئاشکرای ئازایانە بەودیودا و شارەزایی و زیرەکییەکی لێهاتووانە بەم دیودا، مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنن. بەڵام جۆری مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، لە ئەنجامدا دەبێتە بەردی بناغە.

هاوکاری– ژ/٥٢٨ –٢/٦/١٩٨٠

## یەشار کەمال
## لە نێوان (چیای ئاگری) و (کوێر ئۆغڵی)دا

لە ئێوارەیەکی درەنگی ڕۆژی ١٩٧٣/٩/٤دا، چاوم بە یەشار کەمالی نووسەری هەردوو ئەفسانەی (چیای ئاگری) و (کوێر ئۆغڵی) کەوت و لەگەڵیدا دوام. ئەم چاوپێکەوتن و لەگەڵدا دوانەش، هەقایەتێکی هەیە و با پێشەکی ئەوەتان بۆ بگێڕمەوە. بەڵیٚ.. کات ئێوارە وەختێکی درەنگە. ڕۆژ لە شاری (ئەڵمائەتا)ی پایەتەختی کازاخستاندا، کە بەوە بەناوبانگە هەتاوی لیٚ نابڕیٚ، لە ئاوابووندایە. تازە لە یاریگەی (ئالاتاو) خلیسکانێی سەر سەهۆڵەوە گەڕاوینەتەوە، ئالاتاوی قەدپاڵی زنجیرەشاخی (تین شان)، کە بەودیویدا سنووری وڵاتی (چین)ە. ئەندامانی گشت وەفدەکانی کۆنگرە (کۆنگرەی پێنجەمی نووسەرانی ئاسیا و ئەفەریقا)، لەناو هۆڵی ئۆتێلی (ئەڵمائەتا)دا دەستە دەستە ڕاوەستاوین. ئەمە یەکێکی ترە لەو هەلانەی بۆ یەکترناسین هەڵدەکەویٚ، بەتایبەتی کە هێشتا لە یەکەم ڕۆژی دەسپێکردنی کۆنگرەداین. وا لەگەڵ برامان شاعیری تورکمانی (عبداللطیف بندر ئۆغڵو)دا ڕاوەستاوین. ئەو سەرنجمانی بۆ ڕاکێشا و وتی:

– ئەوە یەشار کەمالە.. حەز دەکەم ناسیاویی لەگەڵدا پەیدا بکەن.

گوتمان:

– بێگومان.

بەوی گوت:

– نوێنەرانی نووسەرانی کورد لە وەفدی عێراقدا.

ئەویش هەرکە دەمی کردەوە بدوێ، بە کوردییەکی ڕەوانی بێ گرێوگۆڵ بەکرمانجیی ژووروو، لەگەڵماندا دەستی کردە قسەکردن. ئێمە یەکسەر لێمان پرسی:

– کەوابێ ئەوەی بیستبوومان کە تۆ بەنەتەوە کوردیت ڕاستە؟!.

زۆر ئاسایی وتی:

– بەڵێ ڕاستە. ئەوەتا گوێشتان لێمە کە بەکوردی لەگەڵتان دەدوێم.

ئەمەیان وەها و ئینجا با وەسفێکی ئەو یەشار کەمالە کوردەی، نووسەری هەردوو ئەفسانەکەشتان بۆ بکەم، دەستم لەناو دەستیدا ون بوو. کە ڕوانیمە دەموچاوی، هەستم کرد دەبێ بەرەوژوور هەڵبڕوانم. کە سەرنجم لەم شانییەوە بۆ ئەوشانی پەڕاندەوە، وام هاتە بەرچاو کە ڕووبەرێکی فراوانتر لە (موعەدەل)ی ئاسایی دەبینم. ڕەنگی پێستم وەك ئەسمەرێکی ڕەشتاڵە بینی. بەر لە هەموو ئەمانەش چاوی چەپی سەقەتی، بەبێ شاردنەوەی لە پشت چاوێلکەیەکی شووشەڕەشەوە، سەرنجی ڕاکێشام. بەکورتی یەشار کەمال، پیاوێکی زەلامی چوارشانەی تێکسمڕاوی ڕەشتاڵەیە و چاوێکی سەقەتە.

بەڵێ.. یەشار کەمالم وەها دی و وەهای گوت.. بەڵام ئەی ئاخۆ (چیای ئاگری) و (کوێر ئۆغڵی) چۆن دەبینم و چی دەڵێن؟. ئەوی ڕاستی بێ ، من لە وەختی خۆیدا کە (چیای ئاگری)م خوێندەوە و، لەم ڕۆژانی دواییەشدا (کوێری ئۆغڵی)، ئەو قەناعەتەم لەلا پەیدا بوو کە ئەم دوو بەرهەمەی یەشار کەمال، چەندە دوو شاکاری ئەدەبیی ئەون، هێندەش خاوەنی پێوەندییەکی تایبەتین لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا، کە بۆم باس کردن و هەر ئەمەش زیاتر هانی دام بۆ ئەم نووسینە. جا پێشەکی با پوختەیەکی زۆر کورتی هەریەکەیان بێنینەوە یاد:

لە (چیای ئاگری)دا، ئەحمەد لاوێکی جوامێری ئاگرییاییە. ئاگری چیایەکی زۆر سەخت و بڵندە. ئێوارەیەکیان ئەسپە کوێتێك دێتە بەردەرکی ماڵیان و لە چاوەڕوانیدا ڕادەوەستێ. ئەحمەد بێ خەبەرە. (سۆفی)ی هاوڕێ و دەرسدادەری دەربینێ. ئەحمەدی لێ ئاگەدار دەکا. لەسەری دەکەونە وتووێژ. لە ئەنجامدا ئامۆژگاریی دەکا، کە ئەسپەکە بگرێتە خۆی و بەهی خۆی بزانێ، وەها دەکا و لە ماوەیەکی کورتدا، ناوبانگی بە ئێران

و توورانـدا بڵاو دەبێتەوە. ئەحمەد بەهۆی ئەسپە کوێتەوە، لەگەڵ گوڵبەهـاری شازادە عـاشقـی یـەکتـر دەبـن. گـوڵبـەهـار کـچـی مـەحـمـوود خـانـە. مـەحـمـوود خـان پـاشایەکی زۆردارە و دەردەکەوێ کە ئەسپەکە هی ئەو بووە. کە پێ دەزانێ بەدەم هەڕەشەکردنەوە داوای دەکاتەوە. بەڵام خۆشەویستیی ئەسپەکوێت، لە ناخی دڵی ئاگرییەکاندا وەها بنجی داکوتاوە کە نەك بەمەحموود خان، بەڵکو ئەگەر پاشای عوسمانلییانیش داوای بکا نایدەنەوە. ئەحمەد و سۆفی ئیرادەی چیاییەکان بەجێ دێنن و ئەسپ نادەنەوە. بۆیە خان لە زیندانی قەڵای بایەزیدیان توند دەکا. ماوەی چل ڕۆژیان مۆڵەت دەدا، دەنا سەریان دەپەڕێنێ.

بـەدرێژایـیـی مـاوەی چل ڕۆژەکـە، گـوڵبـەهـار ئـەحـمـەدی لـەبـنـدەسـتـەوە لـە زیـنـدانـە. مـەسـەلـەی ڕزگـارکـردنـی سەری لـە قـرتـانـدن، بـەسـەدویـەك بـاردا دەهـێـنـێ و دەبـا. لـە ئەنجامدا پەنا دەباتە بەر (حوسۆ)ی ئاسنگەر و پیری کاروان. لەخۆڕاییش نییە. دەزانێ کە لە بەرەی ئەون. بەبنچینە لە بەرەی ئەون. حوسۆ پەنا دەباتە بەر چیاییەکان خۆیـان قـایلیـان دەکا کە ئەسپەکە بنێرنەوە، بەمەرجێ خۆشیان لەگەڵیدا ڕوو بکەنە ناو شاری بایەزید و لەبەر قەڵادا گرد ببنەوە. ئەسپ دێتەوە بەردەرکی سەرای خان. بەڵام خـان زۆردارێکی بێ بەڵێنە. نکووڵی لەوە دەکا کە ئەو ئەسپە هی ئەو بووبێ، چونکە پەڕاندنی سەرەکانی مەبەستە. بەمە کۆششە ئاشتیخوازانەکەی حوسۆ و پیری کاروان و چیاییەکان بێ سوود دەبێ.

لێرەدا مۆڵەتی چل ڕۆژەکە تەواو دەبێ. گوڵبەهـار پەنـا دەبـاتە بەر (مەمۆ)ی کلیل بەدەستی زیندانی ئەحمەد. مەمۆ لە نێوان دوو ئاگردایە. ئاگری عەشقی بۆ گوڵبەهـار و ئاگری کلیل بەدەستییەکەی زیندانی ئەحمەد. دەرکی زیندان بۆ ئەحمەد دەخاتە سەر پشت و خۆی بەکوشتن دەچێ. مەحموود خانی زۆردار، لە جێی ئەحمەد گوڵبەهـار لە زیندان دەنێ. چیاییەکان دەڵێن: شەرمەزار خۆمـان بەرەو بـایەزید ڕێچکە دەبەستن و ئەحمەد بەسواری پشتی ئەسپەکوێتەوە لە پێشیانەوە. بەبەرچاوی خانەوە لە زیندانی دەردێنن. هـەر بەبەرچاوییەوە دەچنە سەر گۆڕی (ئەحمەدی خانی) و زەمـاوەند گەرم دەکـەن. بـەدوایـدا هــەردوو عـاشق دەچـنـە ژێر بـاڵـی مـەردایـەتـیـی بـەگـی قـەڵای (خۆشاب)ەوە. مەحموود خان هیچی بۆ نامێنێتەوە، پەنا بردنە بەر پیلان نەبێ. پیلان لەسەر پێشنیازێکی سمایل ئاغای سەرمەیتەر دەبێ، کە داوا لە ئەحمەد بکرێ بچێتە سەر ترۆپکی چیای ئاگری، (کە قەت کەسی لێ نەگەڕاوەتەوە) و، لەوێ ئاگرێك بکاتەوە،

بۆ ئەوەی لە هەردوو عاشق خۆش ببێ، ئەحمەد بەبێ دوودڵی و بەخۆشنوودییەوە قایل دەبێ، چونکە ڕۆڵەی چیای ئاگرییە و لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیایە. چاییەکان جارێکی تر دەڕژێنەوە ناو شاری بایەزید، بۆ پشتگیریکردنی لاوی جوامێریان. ئەحمەد سەردەکەوێتە سەر لووتکەی چیای ئاگری و ئاگرەکە دەکاتەوە. بەوە چاییەکان.. ئاگرییەکان گرەو لە مەحموود خانی زۆردار دەبەنەوە و بەسەریدا زاڵ دەبن.

ئەفسانەی کوێر ئۆغڵیش دەڵێ: پیریوسف لە تیرەیەك بوو، کە جێگە و ڕێگەیان نێو جەنگەڵ و لێڕەواران بوو. لە داوێنی چیایەکی ترۆپك بە هەور و تەمومژدا، لە شوێنێکی زۆر بەپیت و بەرەکەتدا دەژیان. تیرە لێی دەقەومێ. ساڵێکی نەهاتی وەهای بەسەردادێ، کە مەڵبەندی خۆی بەجێ دێڵێ و هەر خێزانە ڕوو لە کووچەیەك دەکا. پیریوسفیش لەلای بەگی بۆڵوو دەگیرسێتەوە. دەبێتە سەرمەیتەری. لە مەیدانی ئەسپ بەخێوکردندا. کە ئەم پیشەیەی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە، ناوبانگی بەهەموو لایەکدا بڵاو دەبێتەوە، شان بەشانی ناوبانگی ئەو ئەسپانەشی کە پەروەردەیان دەکا و کە تەنانەت دەکەوێتە بەرگوێی پاشای عوسمانلییانیش. بۆیە پاشا داوا لە بەگی بۆڵوو دەکا، کە سێ لەو ئەسپە ڕەسەنانەی بۆ بنێرێ. بەگی بۆڵووش کە بەجێهێنانی داخوازییەکەی پاشای زۆر مەبەستە، بۆ ئەم کارە پشت بە پیریوسف دەبەستێ.

پیریوسف سێ جوانووی تەمەن دوو ساڵەی لە بنهەنگڵدان، کە خاوەن داستانێکن و داستانەکەش نهێنییەکە، کە لە خۆی بەولاوە کەسی تر پێی نازانێ. ئینجا وەختێك بەگ داخوازییەکەی پێ ڕادەگەیەنێ، ئەم لە دڵسۆزیی خۆیەوە و بێ ئەوەی داستان و نهێنییەکەی لەلا ئاشکرا بکا، ئەو سێ جوانووەی دەباتە بەردەم. بەڵام سێ جوانووەکە بەدیمەن سێ تانجییە مردەڵەی لەڕوولاوازن. بەگ بەبینینیان شێتگیر دەبێ. ئەم کردەوەیەی پیریوسف بەخیانەتکاریی دادەنێ و فەرمان دەدا چاوی هەڵکۆڵن. پیریوسف و عەلی ڕووشەنی کوڕی، کە ئەو وەختە لە تەمەنی روالێد دەبێ، دەکەونە ڕۆژگارێکی سەخت و ستەمەوە. بەڵام پیریوسف لە یەکەمین ساتەوە لە دڵی خۆیدا، دەکەوێتە نەخشەدانان بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بەگی بێوەفا و زۆردار. بەسەرێك لەناو جوانووەکاندا کە بێ ناز کەوتوون و پشتگوێ خراون، بەفێڵێك جوانووە بۆرەیان دەست خۆی دەخا و دەکەوێتە پەروەردەکردنی. بەسەرێکی تریش عەلی ڕووشەنی تاقە کوڕی، دەخاتە ڕێگەی جوامێری و ئازایەتی، بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بەگی زۆردار. جوانوو دەبێتە ئەسپەبۆرە دەریاییەکەی ناو داستانەکە و عەلیش دەبێتە شۆڕەسوارێکی ئازا و

بەجەرگی سەرپشتی و دوو قۆڵی دەچنە بەر مەیدانی شەڕی بەگی بۆڵووەوە.

پیریوسف لە سەرەمەرگیدا ئامۆژگاریی عەلیی کردبوو کە ڕوو بکاتە چیای (چامڵی بێل) و ئەویٚ بکاتە مەڵبەندی خۆی. بەڵام عەلی پێش ئەوەی بەسواری پشتی ئەسپەبۆرەوە ڕوو بکاتە (چامڵی بێل)، بڕیار دەدا یەکەم جار بچێ (تێللی نیگار)ی دەسگیرانی بفڕێنیٚ، کە هەر لە منداڵییەوە بووبوونە دوو عاشقی گڕگرتوو بۆ یەکتر. تێللی نیگار خوشکی بەگی بۆڵووە. بەگ داوێتی بەشوو بەکوڕی وەزیرێکی پاشای عوسمانلی. عەلی بەسەر زماوەندی نیگاردا دەچێ. نیگاری بووك لە کەژاوە دەردێنیٚ و دەیخاتە پاشکۆی خۆی و بەسواری پشتی ئەسپەبۆرە، بەرەو چامڵی بێل دەدەن لە شەقەی باڵ. چیای چامڵی بێل لەژێر دەسەڵاتی کەنعانە کۆسەدایە. کەنعانە کۆسە یاخییەکی چیاییە و سەربەخۆ لە ناوچەکەدا فەرمانڕەوایی دەکا. کار وا دێ و دەڕوا، کە لە ئەنجامدا عەلی دەگرێتە خۆی. بگرە دەیکاتە سەردار و سەروەری خۆی و فەرمانڕەوایی قەڵاکەی و گشت ناوچەی چیای چامڵی بێلی پیٚ دەسپێرێ. جگە لەوەی کە زەماوەندێکی چل شەو و چل ڕۆژەش، بۆ بەیەکگەیشتنی هەردوو عاشق ساز دەکا و بەوە (کوێر ئۆغڵی)ش کۆتاییی دێ.

ئینجا ئێستا بابپرسین: ئاخۆ یەشار کەمال لەم دوو ڕۆمانەدا دەیەوێ چی بڵیٚ؟!.. چیی مەبەستە و روو لە چ ئامانجێك دەکا؟!. چ شتێکیش پاڵی پێوەناوە، بۆ ئەوەی ئەو دوو ڕۆمانە بۆ ئەو مەبەست و ئامانجە بنووسیٚ؟!. بەر لە هەموو شت گومان لەوەدا نییە، کە یەشار کەمال باسی نەتەوەکەی خۆی.. باسی نەتەوەی کوردی کردووەتە بنەمای هەردوو ڕۆمانە ئەفسانەکەی. بەڵێ.. ڕۆمانە– ئەفسانە.. بۆچی؟. تۆ بڵێیت تەنیا لەبەر ئەوە بووبیٚ، کە شێوە تەکنیکەکە وای پێویست کردبیٚ؟!. هەرگیز نا.. مەسەلە واقیعی حاڵە و لەگەڵیدا ئەوپەڕی زیرەکی و لێهاتوویی نووسەرەکەیان، لە هەڵبژاردنی گونجاوترین شێوە تەکنیکدا، بۆ نواندنی ئەو واقیعی حاڵە. (نەتەوە ئەسپێکی ڕەسەنی باڵدارە و هەردەم بەرەو چیا و لێڕەوارە سەخت و چڕەکان لە شەقەی باڵ دەدا و خۆی لە باوەشی دەئاخنیٚ و بەوە خۆی لە زۆربەی جەور و ستەمی زۆرداران دەپارێزیٚ و، ئیدامە بەبوون و ژیانی خۆی دەدا. لە (چیای ئاگری)دا دەوترێ:

– ئەحمەد ئەم ئەسپە بەشی تۆیە. خوای دەکرد هی بەگ، هی پاشا، هی پاشای عوسمانلی، شای عەجەم، ڕۆستەمی زاڵ دەبوو. ئەگەر سەرت لە ڕێی داناوە ئەم ئەسپە نەدەی.

– چیاییەکان کەللەشەق و سەرڕەق بوون. گوێیان نەدەدا کەس. بەڵام تکاکار و پەنابەریشیان هەرکەسێ با، هەروا سانا سانا بەنائومێدی و دەستی خاڵییەوە نەگەڕانەوە. هەموو شتێ لە چیای ئاگری بەپێوەدانی نەرێتە.

– پیاوی چاك بە لە ئەحمەد خۆش بە. لە ڕەگ و ڕەگەمای خۆت لاری مەبە مەحموود خان. نکووڵیی تیرە و نەژادی خۆت مەکە مەحموود خان. پشت لە هۆزی خۆت مەکە.

– بریا ئەحمەد لە زیندان ئازاد با. هەڵی دابا سەرپشتی ئەسپی و بەرەو پێدەشتانی پڕ مامزان ئاژوابای. جا لەوێ چەند دەبوو دیمەنی ڕەشماڵ و دەواری کوردان. هۆبە و چاوخانی کوردانی دیتبا و لەوان ماڵە کوردانی دۆست میوان با.

– گوڵبەهار پاشان چووە سەر گۆڕی ئەحمەدی خانی.

– لە دەشتەکانی باشوورەوە، لە ئاگرییەوە، لە ئارانی مووشەوە، لە گۆلی ورمێوە، لە وانەوە، لە بەتلیسەوە، لە دیاربەکرەوە، کۆمەك و یارمەتی بە بەگی قەڵای خۆشاب ڕادەگەیەنرا.

لە (کوێر ئۆغڵی)دا دەوترێ:

– پیریوسف لە تیرەیەك بوو، ڕەنگە دە هەزار ساڵ دەبوو، ئەسپی ڕەسەن و جوانیان پێ دەگەیاند. جێگە و ڕێگەیان زێ و جەنگەڵ و لێڕەواران بوو. لە داوێنی چیایەکی ترۆپك بەهەور و هەڵاو و تەمومژ، لە داوێنێکی پڕ کانی و کانیاوی پڕ بۆن و پونگ و گوڵاڵە زەردە، لە شوێنێکی زۆر بەپیت و بەرەکەتدا بوون. بەردت لێ چاندبا دەڕوا.

– برۆ کوڕم، ئەم زێد و مەڵبەندانە بۆ تۆ ناشێن و ناگونجێن. برۆ لە چامڵی بێل مەڵبەندێك بۆ خۆت ئاوەدان کەوە:

– ئاوی زێ ڕێ دەکـا، میوە دەڕوێن
دەبێ وەکو شێر لەو کێوانە بهێوری
برۆ لاوۆ ئـەوێندەرێ لانـی شێرانە
لانـی شێران نـابـێ بـێ شیـر بێ

– ئەوە ئەو جێگەیەیە کە بۆی دەچی. بەو جێگایە دەڵێن چامڵی بێل. ڕێگەی عەرەبستان، ڕێگەی گورجستان، ئی فەرەنگستان، ئی عەجەمستان و هیندستان هەموو بەوێدا دەڕۆن. ئەوێ گرینگترین ڕێڕەوە. هەموو ئەم ڕێگەیانەی دەچنەوە سەر.

– ئازا ئەو کەسەیە کە بچێتە بەرمەیدان
جێگەیەکی دەوێ پشتی پێ ببەستێ
بۆ قەڵارۆنان لە چاملّی بێل
پیاوی ئازا و کەڵەمێرد و بوێری دەوێ

های لەوێ ڕۆژێ کوڕۆ ڕووشەنۆ لەوێ ڕۆژێ. دوژمن و نژدەی زۆردار دەستە دەستە شەقوپەق دەکەی. کە دەچییە بارەگای پاتشا زار دەچێتە کلیلە. پیاوم دەوێ زار بگرێ.

– جا گوێت لە مامی خۆت بێ لاوۆ، سبەینێ ئالای داوەت و شایی هەڵدەکەین و دەست بەتەدارەکی شایی دەکەین. من دەعوەتنامەکانم هەموو نووسیوە. دەعوەتنامەیەك بۆ بەگی بۆڵوویش دەنێرم. دەڵێم سەرداری چاملّی بێل ژن دەگوێزێتەوە. پاتشای عوسمانلیشم بانگ کردووە. نووسیومە پاتشای چاملّی بێل ژن دێنێ. ئەوی حەزی لێ بێ دێ. ئەویشی حەزی لێ نەبێ نایە.

– کوێر ئۆغڵی لە چاملّی بێل بوو بەسەردار.. باج و سەرانەی لە دەوڵەمەندان ساند. لات و لەوارانی تێر کرد. هەژاران و دەستەوسانانی حەواندەوە. ناوبانگی بە ئێران و توورواندا بڵاو بووەوە. پاتشای عوسمانلی، شای ئێران ترسیان لێ نیشت.

کەوابێ یەشار کەمال لە هەردوو ئەفسانەکەیدا، باسی لە نەتەوەکەی خۆیەتی، ئەو نەتەوەیەی کە هەمان هۆی بەردەوام چەوساندنەوە و بێبەشکردنی لە مافی ڕەوای خۆی، بووەتە هۆی ئەوەی ئەویش نەتوانێ، بە زمانە نەتەوەییەکەی خۆی بۆی بنووسێ و بەناچاری پەنا بەرێتە بەر زمانێکی تر، تا هیچ نەبێ لەم دوو شاکارەدا، ڕۆشناییەك بخاتە سەر کێشەکەی و بەوەش بەشبەحاڵی خۆی و وەك ڕۆڵەیەکی نەتەوەکەی، ئەرکی سەرشانی بەرامبەری بەجێ بێنێ. دەبێ بەو ئەنجامە بگەینرێ کە بوترێ. (ئەمە توورەیی ئاگرییە. ئەمە بەڵای ئاگرییە. شان لە شانی ئاگری نادرێ. ئەمە تووك و لەحنەتی ئاگرییە). هەروەکو دەبێ بوترێ: (ناوبانگی بە ئێران و تووراندا بڵاو بووەوە. پاتشای عوسمانلی، شای ئێران ترسیان لێ نیشت).

بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە یەشار کەمال لەم دوو ئەفسانەیەدا، چەندە نەتەوەخوازانە بەدەنگ گەلی کورد و چارەنووسییەوە هاتووە، هێندەش لەبارەی سەرنجێکی پێشکەوتنخوازانەی چینایەتییەوە، تێی ڕوانیوە و بەئەنجامی گەیاندووە. لە هەردوو ئەفسانەدا باس لە زۆرانبازیی نێوان دووبەرەیە. بەرەی زۆرداران و بەرەی

زۆرلێکراوان. بەرەی پاتشا و بەگ و میر و نۆکەران و میرغەزەبانیان و بەرەی ڕەنجدەر و زەحمەتکێش و پیرکاروانان و پیریوسفان و حوسۆیانی میراتگرانی کاوەی ئاسنگەر. بەرەی ئەحمەد و گوڵبەهار و رووشەن و تێللی نیگار و بەرەی مەحموود خان و، سمایل ئاغا و بەگی بۆڵوو و رەیحان عارەب. یەشار کەمال چەندە چارەنووسی نەتەوایەتیی چیاییەکانی چیای ئاگری و چیای چامڵی بێلی مەبەستە، هێندەش ئەوەی مەبەستە کە شان بەشانی چارەنووسی نەتەوایەتی، لە چەوساندنەوەی چینایەتیش ڕزگاریان ببێ. زۆر و جەور لە کایەدا نەمێنێ. بەختیار و ئاسوودە بژین. لە باوەشی ئەو چیا و لێرەوار و پێدەشتە جوان و ڕەنگینانەدا یەکسان بژین. ئەحمەد و گوڵبەهارەکان، عەلی رووشەن و تێللی نیگارەکان، وەك سانایی هەڵهاتنی ڕۆژ و ئاوابوونی، هەڵبێن و بەیەکتر شاد ببن و ئاوا ببن. ئەسپە ڕەسەنەکەش، ئەسپی هەموو کوڕوکاڵانی گەلەکە بێ و بەتەواوی سەربەستیی خۆیەوە لە شەقەی باڵ بدا. نە مەحموود خان و نە بەگی بۆڵوو، نە شای ئێران و نە پاتشای تووران بتوانن دەستی بەسەردا بگرن و لە تەویلەی خۆیانی قایم بکەن.. لغاوی خۆیانی لە دەم بنێن. ڕەسەنە ئەسپ دەبێ ببێتەوە بە موڵکی خاوەنی هەقیانەتی.. دەبێ بکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەحمەد و گوڵبەهار و عەلی رووشەن و تێللی نیگار و بەرەی چیاییە ڕەنجدەرە عاشقەکانی سەربەستی و خۆشەویستی و خۆشیی ژیان، ئەمەیە جەوهەری مەغزای هەرە سەرەکیی هەردوو ڕۆمانە ئەفسانەکەی یەشار کەمال و سەراپای کارەسات و بەسەرهاتەکانیان، بەدەوری ئەم جەوهەر و مەغزایەدا تەنراون و بۆ نواندن و سەلماندنی ئەمان هۆنراونەتەوە و دروست کراون.

ئێستا دێمە سەر بەراوردکردنی هەردوو ڕۆمانەکە لەگەڵ یەکتریدا. من لەسەر ئەو باوەڕەم کە لەیەکچوونی تەواو لە نێوانیاندا هەیە. ئەم باوەڕەش پێشەکی ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکم دەکاتەوە: گرینگترینیان ئەوەیە کە ئاخۆ کامیان لە پێش ئەوی تریاندا نووسراوە و ئینجا ئەویان لە چ ساڵێکدا و ئەمیشیان لە چ ساڵێکدا؟. وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ بەراوردکردنەکە بایەخدارە. چونکە ئەگەر وەڵام ئەوەبێ (کوێر ئۆغڵی) پێش (چیای ئاگری)یە، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئەمیان، ئەویان هەم روون دەکاتەوە و هەم تەواو دەکا. لە کاتێکدا ئەگەر وەڵام بەپێچەوانەوە بێ، ئەوا خۆمان بەرامبەر بەجۆرە دووپاتکردنەوەیەك دەبینین، کە ئەگەرچی شتێکی ئەوتۆ لە نرخ و بەهای هیچ کامیان کەم ناکاتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ دەبێتە مایەی پرسیارکردن و تێڕامانێکی ڕەوا.

تکایە لەگەڵمدا سەرنج بدەنەوە هەردوو پوختەی هەردوو ڕۆمانەکە، کە لەوەبەر خستمنە پێش چاوتان. بڕوانن.. لەولا ئەسپ و لەملا ئەسپ و هەردووکیش نوێنراو، لە چوارچێوەیەکی ئەفسانەئامێزدا، ئەگەرچی لە (کوێر ئۆغلی)دا چوارچێوە ئەفسانەییەکەی بەرینترە و، زیاتر پێی لێ هەڵکێشراوە. ئینجا لەولا ئەحمەد و گوڵبەهار و لەملا زینانە کە لە (کوێر ئۆغلی)دا خاتر و کزتر دەنوێنرێ و ئەمەش وەك ڕەنگدانەوەیەکی حاڵەتە پێچەوانەکەی پێشوو دێتە بەرچاو. واتە زیاد بەرامبەر بەکەم لەولاو، کەم بەرامبەر بەزیاد لەملا. هەروەها لەولا مەحموود خان و سمایل ئاغاو، لەملا بەگی بۆڵوو و ڕەیحان عارەب، کە لە هەردوولا نوێنەری بەرەی زۆردار و دڵڕەقانن، کە ئەمجارەیان موعادەلەکە دەبێتە کەم بەرامبەر بەزیاد و زیاد بەرامبەر بەکەم، کە ئەمە وەنەبێ لەوەوە هاتبێ گوایە ئەو زۆردار لەم زۆردار بە بەزەییتر بووبێ. هەرگیز نا.. بگرە لەوەوە هاتووە کە لە (چیای ئاگری)دا، جەماوەری زەحمەتکێشی گەل، دەورێکی دیار لە بەربەرەکانیکردنی زۆر و جەورو، لە بەگژداچوونی بەرەی زۆرداردا دەبینن. لە کاتێکدا لە (کوێر ئۆغلی)دا دەوریان نادیارە و بەگژدا چوون، پتر پتر دەوری تاکە کەسە وەك (پیریوسف و عەلی رووشەنی کوڕی و شوانە و کەنعانە کۆسە)، کە ئەمەش سەر لەنوێ بۆ خۆی دەبێتەوە موعادەلەیەکی پێچەوانەی موعادەلەکەی پێشوو. ئەمە سەبارەت بەکەسە سەرەکییەکانی هەردوو ئەفسانە. وەکی تر سۆفی لەولا بەرامبەر بەپیریوسفی لەملا دەوەستێتەوە، ئەگەرچی لەولا باوکێکی (رۆحی)یە و لەملا باوکی حەقیانەت. هەروەها پیری کاروان لەولا، بەرامبەر بە مامەی شوان لەملا دەوەستێتەوە، ئەگەرچی پیری کاروان لەولا، خاوەنی دەسەڵاتێکی (رۆحی)ی کاریگەرە و شوانە لەملا تەنیا شوانێکی دنیادیدەی بەحیکمەتە. ئینجا لەولا (مەمۆ)ی زیندانەوانی ئازای خۆبەختکەر لە پێناوی عەشقێکی یەکلاییدا و لەملا کوڕە وەزیرێکی بوودەڵەی ترسنۆکی ناعاشق. ئەمە جگە لەوەی کە جەماوەری ڕەنجدەری ناو چیا و لێڕەوار و دۆڵ و نشێو لە هەردوولادا، بەرامبەر بە پاشای عوسمانلی دەوەستنەوە، کە دەستی هێندە درێژە (بەمپەڕ و بەوپەڕی دنیا دەگا). لە هەردوو ڕۆمانەکەدا پاشای عوسمانلی، وەك جانەوەرێکی ترسناکی بێبەزەیی دەنوێنرێ، ئەگەرچی دەورێکی ڕاستەوخۆی تیایاندا نەدراوەتێ. بەڵام جەماوەرە ڕەنجدەرەکە لەبەربەرەکانیکردنیاندا، چ لە ڕووی پاشادا و چ لە ڕووی میر و بەگ و خانە دەرەبەگەکاندا، دەورێکی ڕاستەوخۆی سەرەکییان دراوەتێ.

بەهەرحاڵ من باوەڕم وایە، کە ئەم لەیەکچوونەی هەردوو ڕۆمانە ئەفسانەکە، چ لە جەوهەر و مەغزادا و چ لە نموونەی قارەمانان و کردار و هەڵسوکەوتیاندا، لە نرخ و بەهایان وەك دوو شاکاری ئەدەبی کەم ناکاتەوە. باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم ڕایە لەوەدایە، کە خوێنەرێك تەنانەت ئەگەر بێتو هەردووکیان یەك بەدوای یەکدا بخوێنێتەوە، وەك یەك و بەهەمان شەوق و تاموچێژەوە، بەدوای یەکەمدا دووەمیش دەخوێنێتەوە، بێ ئەوەی لێی بێزار ببێ، یاخۆ وا هەست بکا کە ئەویان جێگەی ئەمیان پڕدەکاتەوە.

دواجار ئەگەرچی من لە بنەڕەتدا مەبەستم لەم نووسینە، باسکردنی یەشار کەمال و دوو ئەفسانەکەی بوو، بەڵام وا هەست دەکەم کە خوا دەمگرێ ئەگەر لە کانگەی دڵەوە و، پڕبەپڕی ئەو سۆز و خۆشەویستییەی لە دەروونمدا بۆ ئەدەب و نووسین کەڵەکەم کردووە، ئافەرینێکی پڕ لە شانازی و گەشکەداریی کاکی وەرگێڕی هەردوو ڕۆمان مامۆستا (شکور مستەفا) نەکەم. تا ئەو هەلە دەرەخسێ کە لەم ڕووەوە هەقی خۆی بدرێتێ، من تەنیا هێندە دەڵێم و هیچی تر.

کۆاری بەیان– ژ/٦٤–تەمووزی ١٩٨٠

## نموونەیەك بۆ ڕەخنەی تەتبیقی

لە ژمارە (٢٧)ی پاشکۆ کوردییەکەی ڕۆژنامەی (العراق)دا، کە لە مانگی حوزەیرانی (١٩٧٩)دا دەرچووە، چیرۆکێکی چیرۆکنووس کاك ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجیم بەناوی (بروسکە)وە خوێندەوە، کە هەر لەگەڵ تەواوکردنیدا فیکرەی نووسینی ئەم وتارەی لە مێشکمدا بزواند، واتە فیکرەی ئەوەی کە چیرۆکەکە بکەمە دەسکەلایەك، بۆ نووسینی ڕەخنەیەکی تەتبیقی یا شێوە قوتابخانەی ئەوتۆ، کە بتوانم بڵێم ئەمە وەهایە و ئەوە وەها نییە و، ئەمەش بەڵگە و نموونە بۆ سەلماندنیان. بێگومان هەڵبژاردنی چیرۆکەکەی کاك ڕەزا بۆ ئەو مەبەستە، تەنیا لەبەرئەوەیە کە هەم لە بڵاوکردنەوەدا تازەیە و ئێستا لە بەردەستی خوێنەراندایە و، هەم وا هاتووەتە پێشەوە کە لەگەڵ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا بگونجێ، کە لەم نووسینەدا بۆی دەچین. جا هەر بۆ ئەوەشی هەوڵەکەمان لە ڕادەی تێگەیشتندا بێ و، بەئاسانی بزانرێ چی دەڵێم و چیم مەبەستە، وا هەنگاو بەهەنگاو، یا بە بەش بەش فیکرەکەم روون دەکەمەوە. بەڵام باجارێ چیرۆکەکەتان بخەمەوە بەرچاو.

## برووسکە..

١

ژمارەی بەردەرگەکەی خوێندەوە.. پلی بەزەنگەکەوە نا.. دەرگەکە کرایەوە..

– ئەم برووسکەیە بۆ ئارام هاتووە..

–برووسکە..!! بۆ من؟.

– تۆی..؟. دەفەرموو ئەمە بروسکەکە و، ئیمزایەکیشمان بۆ بکە. وەری گرت.. بۆ ژوورەکەی وەرچەرخایەوە و.. لەبەرخۆیەوە گوتی:

– خوا بەخێری بگێڕێ.. برووسکەی لەناو زەرفەکە دەرهێنا..

– (بەخێرایی و بێ گیربوون دەگەڕێتەوە).. ئیمزا.. خەرامان

مووچڕکێك هەموو گیانی داگرت.. دڵی خێرا.. خێرا کەوتە کوتەکوتکردن.. ڕەنگی هەڵبزڕکا.. کەوتە قسەکردن لەبەرخۆیەوە:

– خەرامان..! بۆ؟!. چ ڕووی داوە.. دوێنێ ساغ و سەلامەت بووی کە گەڕامەوە.. ها.. بڕوای نەدەکرد. دووسێ جاری تری خوێندەوە..

– ئیمزا.. خەرامان.. خەرامان..

لە گوێیدا دەزرنگایەوە.. خە.. را.. ما.. ن.. مان.. ما..ن

– هەر دوێنێ هاتمەوە هیچ ڕووی نەدابوو..

ئەم سێ چوارە بووە سێ چوار قورسایی گران و وەك مۆتەکە خۆیان هەڵدایە

سەرشانی... شنگی لەبەر قاچەکانی بڕی... لە جێگەکەیا دانیشت.

دیسان کەوتە خوێندنەوەی.. (بەخێرایی و بێ گیربوون دەگەڕێیتەوە).. ئیمزا..

– شتێ ڕووی داوە.. ئەگینا..!؟.

وەك بەردی بن گۆم کەوتبووە ژێر باڵی لێکدانەوە.. کاتێ وشەی (بەخێرایی و بێ گیربوون) لە خولیای بیرکردنەوەیدا خۆی نیشان دا.. هێزێکی کتوپڕ خۆی کرتایە گیانی و ماسوولکەکانی چوست کردن.. بەگورجی هەڵسایەوە..

– ئا.. خۆ من خۆم لە بیر کرد.. داوای کردووە بەخێرایی بگەڕێمەوە..

قەڵەمەكەی دەرهێنا.. لەسەر پارچە قاقەزێك ئەم وشانەی ڕێك خست:

-(دڵتان بۆ من هیچ نەكا.. بەهۆی برووسكەیەكەوە بۆ ماڵ گەڕامەوە).. ئارام..

قاقەزەكەی خستە سەر مێزەكە و بۆی دەرچوو.. وەكو سەرخۆش بەڕێگەدا دەڕۆیشت و.. شێتانە لەبەر خۆیەوە قسەی دەكرد.. دەتووت شتێكی ون كردووە و بە دوایا دەگەڕێ.. گەیشتە نەقلیات.. ئەو ماشێنەی كە بەرەو شارەكەیان دەڕۆیشت دوو نەفەری مابوو تەواو بێ.. نەیتوانی چاوەڕوانی بكا.. بۆیە بەشۆفێرەكەی وت:

– وەرە بكەوە ڕێ .. پارەی نەفەرەكەی تریشت دەدەمێ...

ئامێری ماشێنەكە كەوتە ئاڵۆزبوون.. وەكو دڵی ئەو.. گەلێ لێكدانەوە و هێنان و بردن خۆیان دا لە تەلی بیركردنەوەی.. لە دڵی خۆیدا كەوتە قسە:

(بریا تەنیا ئەوجارە.. ئا ئەوجارەیان داری خۆزگە دەڕوا و.. بەچاوچوقانێك دەگەیشتمەوە ماڵێ و لە هەموو شتێ تێ دەگەیشتم.. بەڵام كوا قەت دەبێ..).

دەستی لە گیرفانی نابوو.. برووسكەكەی لەناو لەپی دەستیدا توند توند گرتبوو، لە پەلەییان ڕوانینی دەگرتە شوێنێكی دوور و دیاری دەكرد.. كە ماشێنەكە لە شوێنە دیاریكراوەكە ڕەت دەبوو، چاوی شوێنێكی تری دەقۆزتەوە..

(خۆزگە ئەم ماشێنەم بەدەستەوە دەبوو.. ئینجا دەمزانی چۆن باڵم لێ دەڕواند).

برووسكەكەی لە گیرفانی دەرهێنا بیخوێنێتەوە.. وشەكان یەك لە دوای یەك لەبەر چاوی زەق دەبوونەوە.. بێتاقەتی ناو ماشێن و دووریی ڕێگەكەش نەفەرەكانی لاڵ و پاڵ كردبووەوە. تەنیا ئەو نەبێ دەتوت گەمی غەرق بووە... دیسان بەناخی خۆیدا شۆڕ بووەوە:

(نە ڕێگە تەواو دەبێ نە سەعات دەڕوا.. سەعات دەڵێی نووستوە! خۆ ناجووڵێ.. تا دەگەمە جێ دڵم شەق دەبا..)

دەتوت شۆفێرەكە هەستی كردبوو كە شپرزەیە و حەز دەكات خێرا لێ بخوڕێ.. بۆیە زیاتر قاچی بەسكلێتەرەكەوە نا.. ماشێنەكە خێراتر كەوتە بەرەڵڵاكردنی جادەكە بەرەو دوا.. هەرچەند نزیك دەبوونەوە لە شار ئەوەندەی تر مەراقی زیاتر ئاڵۆزتر دەبوو.. لەلای چەپیشیانەوە خۆر لە چەشنی بازنەیەكی داگیرساوی كپ، سەبر سەبر بەرەو نیوەكەی تری زەوی دادەبەزی.. هەرچەندە نوقم دەبوو، خێراتر ڕووناكی ماڵئاوایی

دەكرد.. تاریكییەكی خەستیش ڕەشماڵی ڕەشی لە دڵی هەڵدا..

سەعاتێكی شەویان هەڵدابوو كە گەیشتنە شار. دابەزی.. بەهەنگاوی لاسەنگ و گران ڕێگەی دەپێچایەوە، هێشتا چەند هەنگاوێكی مابوو كە بگاتە دەرگەی حەوشە، هەستی خۆی ڕاخست.. ماڵێكی كشومات.. گڵۆپی حەوشەو ماڵ وەك جاران داگیرسابوون.

– لە ماڵە.. تۆ بڵێی چ ڕووی دابێ؟!..

دڵیشی نائاسایی كەوتبووە ڕمبەڕمب. پلی شپرزەیی خستە سەر پلاكی زەنگەكە.. چەندان لێكدانەوەی جۆراوجۆر لەسەر شاشەی هەستیا نیشان درا.. چاوی بڕییە شوێن قلیشانەوەی دەرگەكە، دەنگێ لە پشت دەرگەكەوە ڕای چڵەكاند..

– كێیە..؟

(ئەمە دەنگی خەرامانە)

– خەرامان.. منم.. من.

(دەرگەكە قڵیشایەوە.. یەكسەر ڕوانینی چەقییە چاوی.. تۆزێ هێور بووەوە.

– تۆی..؟

– جارێ پێم بڵێ چی ڕووی داوە.. چ قەوماوە؟!.

– هیچ ڕووی نەداوە.. هەر حەزم كرد بێیتەوە.

– چۆن؟!.

– دەتۆ وەرە ژوورێ.

– یانی شتێ بووە؟!.

– نەبووە.. بەس خۆ هەر لێرە ناوەستین.

دەرگەكە جووت كرایەوە.

– باشە هەر بۆ هاتنەوە برووسكەت بۆ كردم.. ئەی من..

– هەر ئەوەیە پێم گوتی.. غەریبیم كردی و حەزم كرد بێیتەوە.

(با هەروا تێ بگا. گوناحە.. بابەو هیلاكییە پێی نەڵێم تا بەیانی..).

– بۆ داماوی؟..

– بیرم لەوە دەكردەوە كاتێ برووسكەكەت پێ گەییوە..

– بڕوا بکەم کە هیچ نەبووە.

– بڕوا بکە.

– وات لێ کردم وا بەئاسانی نایەمەوە سەرخۆ.

– هەر ئیمشەو هەمووت لە بیر دەبەمەوە.

٢

دوای نانخواردنی بەیانی بوو.. بەرامبەر یەکتر دانیشتبوون.. چاویان بڕیبووە یەکتر.. لە چاوانی یەکتردا شتیان دەخوێندەوە.. ژنە لەگەڵ تەماشاکردندا لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

(گومانم نییە منت زۆر خۆش دەوێ.. چاریشم نییە هەر پێت دەڵێم.. دەشزانم دەبێتە گرێیەکی گەورە لەسەر دڵت دیسان هەر چارم نییە.. چی تر ناتوانم چاوەڕوان ببم).

تەماشاکردنیان لە یەك خاڵ دەگەیشتە یەك.. رووی قسەی کردە مێردەکە و وتی:

– دەزانی بۆ ویستم بێیتەوە؟.

– ئا.. ئەی پێت نەوتم.. ئەی ئەمشەوە خۆشە چ بوو؟!.

– نا.. ئەمە نەبوو؟!.

– گاڵتەم پێ دەکەی..

– نا.. با لە کورتی پێت بڵێم.

کە ئەمەی وت.. ڕەنگی هەڵبزڕکا.. هەناسەی سواربوو.. چاوی لە لێوەکانی گیر کرد بزانێ چ دەڵێ..

– تەڵاقم بدە..

ئەم وشەیە وەك بەنج لە لەشی گەڕا و.. گیانی خاو کردەوە.. وەکو مستێك بێ و درابێ لە تەپڵی سەری.. هەژاندی.. گێژی کرد.. ژوورەکە کەوتە خولانەوە لە بەرچاوی. وشە لە مێشکیدا زرنگایەوە.. تەڵاقم بدە.. تەڵاقم.. بدە.. تەڵاق..م.. بدە.. بەزمانێکی لاڵ هاتە قسەکردن و وتی:

– ب.. ب.. بە..ڕا..ستە..

– ئا..

– چوار.. چوار ساڵی ڕەبەقی خۆشەویستی.. چوار ساڵیش ژن و مێردایەتی.. هەشت ساڵ.. هەشت.. بەتاقە وشەیەك.. یەك.. بسڕێتەوە؟!.

– ئا..

– باشە بۆ؟!.

– حەزم لە منداڵە.. منداڵ.. حەزم لێیە ببم بەدایك.. چیم کەمترە لە ژنان.. خۆ تۆش.. تۆش.

– بەسە.. بەس.. تێ گەیشتم.. باشە ئەی وەختی خۆی کە دوو ساڵ بوو تۆم هێنابوو پێم نەوتی ئەگەر حەزت لە منداڵە با تەڵاقت بدەم.. نامەوێ ڕێت پێ بگرم.. مافی خۆتە.. گوتت ژینم بێ تۆ ناوێ و.. هەر ڕازی نیم جارێکی تر ناوی تەڵاق بێنی..

– ڕاستە.. ئەوساکە مەیلم لێی نەبوو.. هەر بەتەما بووم ڕۆژێ لە ڕۆژان سکم ببێ و بمکەی بەدایك.. ئێستاش لەوە زیاتر لە وزەمدا نەماوە.

– کچێ ئاخر.. ئەمن لەوساوە فەرامۆشی هەموو کەسێکم لە تۆدا دەبینم.. هەموو ئاواتێکم بە تۆوە بەستووەتەوە.. واز بێنە.. خۆ..

قسەکەی لە دەم پچڕا..

– خۆ.. داواکەت مافێکی ڕەوای خۆتە.. چونکە نەمتوانی سۆزی دایکێتیت بخەمە دڵ.. نەمتوانی بتکەم بە دایك.. بەڵام تۆش پێویستە بیر لەو هەموو ساڵە بکەیتەوە.. جیابوونەوە زۆر زەحمەتە.. زۆر.

– ڕاستە بەڵام مەیلی منداڵ.. ئارەزووم بۆ منداڵ ئێستا لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە.. ناڵێم خۆشەویستیت نەماوە لە دڵم.. بەڵام ئەمەیان زاڵ بووە و وەکو ڕەگی سەرەتان هەموو گیانمی گرتووەتەوە.. کە هەر ژنێ دەبینم بە منداڵەوە لەلایێ حەز دەکەم بچم لێی وەرگرم و تێرتێر لە باوەشی بگرم.. مەمکم بخەمە دەمی.. لەلایەکیش ڕقم لێیان دەبێتەوە چونکە منیش ژنم.. ژن.. ژن.

– لای خوا زەحمەت نییە بەڵکو منداڵێکمان بداتێ.. خۆ قسەی ئەوان سەنەد نییە.. مەبەستیشم ڕێگرتن نییە.. بەڵام منداڵیش هەموو شتێك نییە و بێ ژمارە ژن و مێردی وەکو من و تۆ هەن.

– لە دەسەڵاتم دەرچووە.. زاوزیقی منداڵی ساوا هۆشی بردووم.. وازم لێ بێنە..

بەرەڵڵام کە..

– تەواوە.. هیوایەك بە چوار ساڵ نەیەتە دی مانا.. هیچ..

لە حەژمەتا قسەکەی لە دەم پسایەوە. دڵی پڕبووبوو.

– ئەمن دەزانم چەندە حەزم لە منداڵە.. چەندم حەز لێیە منداڵێکم ببێ، با شەل بێ.. با کوێر بێ.. بەس پێم بڵێ بابە.. ئاوەهاش دەزانم تۆ تا چ ڕادەیەك بگرە زیاتریش حەزت لێیە و دەتلێیتەوە بۆ منداڵ.. بۆ سۆزی دایکایەتی.. بەڵام جیابوونەوەش زۆر گرانە.. زەحمەتە.. توانای دەوێ.. ئینجا ئێستاش هەر سووری.

– ئا..

هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

– باشە.. وا دەڕۆم، بەیانی لە پێش دادگە چاوەڕێت دەکەم.

– نا.. نا.. مەڕۆ، با ئیمشەویش بەیەکەوە بین.. ئینجا بەیانی بەیەکەوە دەچین و..

– ئەمەشیان گرانە.. بەڵام با ئەمشەوەش بێتە سەر چوار ساڵی ژن و مێردایەتی.. بابێتە چوار ساڵ و تاقە ڕۆژێك.

کە ئەمەی گوێ لێ بوو پێڵووەکانی لەسەر یەك داناو هەناسەیەکی هەڵکێشا.. پاش بێدەنگییەکی کەم چاوی کردەوە گوتی:

– بەڕاستی پیاوێکی بەجەرگی..!

ئێستا با بێینە سەر هەنگاوەکان:

یەکەم:

بێگومان کاك ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی، یەکێکە لەو چیرۆکنووسە لاوانەمان، کە لەو چوار پێنج ساڵی پێشووەدا هاتووەتە بەرمەیدانی ئەم هونەرە ئەدەبییە و تیایدا کەوتووەتە تاقیکردنەوەی توانا و بەهرەی خۆی. بەڵام ئەم بەپێچەوانەی چیرۆکنووسە لاوەکانی ترمانەوە، کە لەو ساڵانەدا هاتوونەتە کۆڕەوە، لەبەر هەر هۆیەك بێ هەوڵی گرتنی ڕێگەی بەکارهێنانی شێوە تازەکانی تەکنیکی نەدا، کە وەك دەزانین ئەمە بەتەوژم باوی سەند، بەڵکو بەڕێگای شێوە کلاسیکییەکەدا (سەبارەت بەخۆمان) ڕۆیشت، واتە شێوەی گێڕانەوە و ڕاپۆرتنووسیی ئاسایی باوی جاران. کەچی یەکەم

شت لەم چیرۆکەیدا (برووسکە) کە سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە، هەوڵی بازدان لەوبەرەوە بۆ ئەمبەر دەدا و جۆرە سەرکەوتنێکیشی تێدا بەدەست دێنێ.

جا ئێستا با بپرسین: ئاخۆ ئەو هەوڵدانی بازدانەی لە چی و لە کوێدایە؟!. هیچ دوور ناڕۆین و یەکسەر دەستپێکردنی چیرۆکەکە بۆ ئەم مەبەستە دەگرین (کە لە دواییدا بۆ مەبەستێکی تر رایەکی جیاوازی لەبارەوە دەردەبڕین و ئەوە حیسابێکی خۆی هەیە). چیرۆکنووس دەنووسێ:

(ژمارەی بەردەرگەکەی خوێندەوە. پلی بەزەنگەکەوە نا. دەرگەکە کرایەوە.

– ئەم برووسکەیە بۆ ئارام هاتووە.

– برووسکە!.. بۆ من؟.

– تۆی؟.. دەفەرموو ئەمە برووسکەکە و ئیمزایەکیشمان بۆ بکە).

ئاخۆ ئێمەی خوێنەر چی لەم دەستپێکردنە وەردەگرین؟!. تکایە سەرنج بدەن:

کەسێکی نەناسراو لە پڕێکدا لە بەردەرگەکەیدا قوت دەبێتەوە. هەر ئەوەندە و ئیتر منی خوێنەر، ئەگەرچی بەچاو لەسەر ڕستەکە ناوەستم و خێرا بەدوایدا بینایی بۆ بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەوە دەگوێزمەوە سەر ڕستەی دوایی. بەڵام بەزەین (زەینە گەنجینە پڕوچڕەکە لە زانیاری، کە بەدرێژاییی ڕۆژ و مانگ و ساڵانی لەوەبەری تەمەن، هەر پڕ بووە و پڕتر بووە)، بابڵێین بەخێرایی تیشك، دەکەومە حیساب بۆکردنی ئەو کەسە نەناسراوەی، وا کتوپڕ لەبەر ئەو دەرگەیەدا (ئەو دەرگە نەناسراوەشدا) قوت بووەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە قوتبوونەوەی کەسە نەناسراوەکە وا بەکتوپڕییە، لە ڕستەکەدا بەئاشکرا نەگوتراوە. ڕستەکە دەڵێ: (ژمارەی بەردەرگەکەی خوێندەوە). من لە خێرایی ڕستەکە و لە خێرایی ڕستەکانی تر، وا تێ دەگەم کە ئەو کەسە و پەیدابوونەکە و قوتبوونەوەکەشی لە بەردەرگەکەدا، هەر کتوپڕ و بەخێراییی بووە. دەنا ئەگەر وانەبوایە دەموت: نەخێر.. کەسە نەناسراوەکە هات و ماوەی جگەرەکێشانێك لەبەردەرگەکە ڕاوەستا. ئینجا ئەوسا ژمارەی سەردەرگەکەی خوێندەوە. بەڵام نا.. ئەو هەر کە ژمارەی سەردەرگەکەی خوێندەوە، یەکسەر (پلی بەزەنگەکە – شە – وەنا..)و بگرە هەریەکسەر (دەرگەکە–ش–کرایەوە). واتە نەك هەر کەسە نەناسراوەکەی بەردەرگەکە، بگرە ئەوەکەی ئەودیو دەرگەکەش (کە ئەویش هێشتا هەر نەناسراوە)، بەپەلەیە و هێجگار بەخێرایی دەرگەکە دەکاتەوە. بۆیە هەر ئەمەش جارێکی تر ئیحای

ئـەوە بـەمـنـی خـوێـنـەر دەدا، کـە کـەسـە نـەنـاسـراوەکـەی بـەردەرگـەکـە، زیـاد لـە حـاڵـەتـی ئاسایی پەنجەی لەسەر دوگمەی زەنگەکە ڕاگرتووە و ئەوە، کەسە نەناسراوەکەی ژوورەوەی نـاچـار کـردووە، کـە بـەهـەڵـەداوان بـێت بـەدەنـگـەوە. ئـەمـەش سەرلـەنـوێ دەمانباتەوە بۆ ناو (گەنجینەکە) و، هەروەها بەخێرایی تیشك حاڵەتی مرۆڤێکمان نیشان دەدا، کە دەبیسێ نائاسایی لە زەنگی دەرگە دەدرێ و ئەنجامی هەژانێکی دینامیکی لە ناکاو لە ناخیدا، بەهەڵەداوان بەرەو دەرگەکە شاڵاو دەبا!. بەڵێ.. ئەمانە هەموو لەلای منی خوێنەر، ئەنجامی سێ ڕستە قسەن کە لە هەشت وشە پێکهاتوون و وەك دەزانین خوێندنەوەیان بەچاو بەهەرحاڵ، لە پێنج چرکە یان زیاتری پێ ناچێ.

ئینجا دوای ئەو سێ ڕستەیە، هەردوو کەسە نەناسراوەکە ئاشکرا دەبن کە یەکەمیان پۆستەچییە و ئەوی تریان، برووسکەیەکی لە ناکاوی چاوەڕواننەکراوی بۆ هاتووە، ئـەویش گـفـتـوگـۆیـەکـی کـورتـخـایـەنـی خێرای بێ بێنـەوبـەرەدا، کـە لـەگـەڵ خێرایـی زانیارییە فراوانەکەی نێوان سێ ڕستەکەی پێشوودا تەواو دەگونجێ و لەسەر یەك ڕەوت دەڕۆن. بگرە خێراییەکەی ( کە بەردەوام زۆر شت، یا زۆر زانیاری بۆ زەینی خوێنەر جێ دەهێڵێ)، هەر بەدەمیەوە دەدرێ کاتێ (ئارام) برووسکەکە وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە ماڵەوە: (وەری گرت: بۆ ژوورەکەی وەرچەرخایەوە و لەبەر خۆیەوە وتی.. هتد). لێرەدا (ئارام) وەك هەر مرۆڤێکی تر کە برووسکەیەکی چاوەڕواننەکراوی پێ بگا، دەکەوێتە بەر حاڵەتێکی دەروونیی تایبەتییەوە و تووشی جۆرە شڵەژانێك دەبێ کە ئەمە باس نەکراوە و وازی لێ هێنراوە بۆ خوێنەر. هەروەکو مەسەلەی ئیمزاکردنی پسوولەی وەرگرتنی برووسکەکە و ئەم هەموو جموجووڵ و بزووتنەوانەی کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئیمزایە پێویستن، (وەك ئەوەی ئارام بەبێ ئیرادەیی دەست بۆ گیرفانی بەرێ بۆ دەرهێنانی قەڵەم و خێرا هەستکردنی بەوەی کە بابڵێین بیجامەی لـە بـەردایـە و ئـیـنـجـا وەرگرتنی قـەڵـەم لـە پۆستـەچـییـەکـە و... هـتـد، کـە ئـەمـە ڕەنـگـە قسەکردنیشی تێ بکەوێ). ئەمەش هەر واز لێ هێنراوە بۆ خوێنەر و بۆ گەنجینەی زانیارییەکانی، کە بە کردارێکی میکانیکییانەی ئاسایی، خۆبەخۆ و شان بەشانی خوێندنەوەی ڕستە نووسراوەکانی بەرچاوی، کە لێرەدا ڕۆڵی ڕستێك کلیل دەبینن، دێتە سەر شاشەی بیر و هۆشی و ئان و سات، پڕبەپڕی پێویست و بێ جێهێشتنی هیچ کەلێن و کەلەبەرێك، خۆیان دەنوێنن. ئینجا بۆ ئەوەی لە شوێنێکی گونجاوتردا کۆتایی بەبەدواداچوونی ئەم بەندە بێنین، با کەمێکی تریش بەدەمییەوە بدەین.. بڕوانن:

(لەبەر خۆیەوە وتی: (کە مەبەست ئارامە)

– خوا بەخێری بگێڕێ.

برووسکەکەی لەناو زەرفەکە دەرهێنا..

– بەخێرایی و بێ گیربوون دەگەڕێیتەوە. ئیمزا.. خەرامان

واتە سەرلەنوێ جێهێشتنی گەلێ شت بەئاسایی بۆ خوێنەر.

من لێرەدا بۆ ئەم مەسەلەیەی باسم کرد ئیتر دەوەستم. بەڵام بەچاکی دەزانم پێدا بچینەوە. ئەمجارە با ژمارە بێنینە کایەوە. تکایە لەگەڵمدا بژمێرن.. ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، ئەو بەشەی تا ئێستای چیرۆکەکە، بریتییە لە شازدە رستەی مانادەر بەتەنیا، کە پێکهاتوون لە (٤٣) وشە. ئینجا با جارێکی تریش بپرسین: ئاخۆ لەمە چی وەردەگرین؟!. جارێ هەر لە ڕووی زمانەوە سەرنج بدەن: شازدە ڕستە و (٤٣) وشە. واتە کەمتر لە سێ وشە بۆ هەر ڕستەیەکی ماناگەیێن بە (موعەدەل). ئەمەش بەو سەرئەنجامەمان دەگەیەنێ کە چیرۆکنووسمان رەزا سەیدگوڵ بەرزنجی لەم چیرۆکەیدا، لە بەکارهێنانی زماندا کە ئامێری دەربڕین و هۆنینەوەی چیرۆکەکەیە لەسەر کاغەز، زەفەری بەشێوەی بروسکە بردووە و، ئەمەش بەیەکێ لەو تەکنیکە تازانە دادەنرێ، کە لەم ساڵانی دواییەدا لە چیرۆکی کوردیدا گەشەی کرد و باوی سەند.

ئینجا بەدوایدا هەر ئەمە (ئەم زەفەربردنەی بەو شێوە بروسکەییە لە بەکارهێنانی زماندا)، دەرگەیەکی سەرەکی لە بازنەکەیدا لەوبەرەوە بۆ ئەمبەر لێ خستووەتە سەرپشت، کە ئەویش دەرگەی ئەو ڕاستییە سەرەتاییەیە کە دەڵێ: چیرۆکنووس نابێ زەینی خوێنەر، بەلاپەڕەیەکی سپی و ساف و لووس تێ بگا و گوایە ئەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ، کە هەموو شتێکی لە نووکەوە بۆ باس بکا، تا بتوانێ چیرۆکێکی زۆر کۆك و ڕێکوپێك و سەرکەوتووی پڕبەدڵی ئەوی پێشکێش بکا. نەخێر.. بەڵکو دەبێ لە ساتی نووسینی هەر ڕستەیەکی چیرۆکەکەیدا، ئەو ڕاستییە سەرەتاییەی چاك لە خەیاڵدا بێ، کە خوێنەرەکەی مرۆڤێکە وەك خۆی و کاتێ بۆی دەنووسێ (ژمارەی بەردەرگەکەی خوێندەوە)، دەبێ لەوە بەئاگابێ کە ئەویش وەك ئەم (وەك پاڵەوانەکەی ئەم)، چەندان جار لە ژیانیدا ژمارەی بەردەرگەیەکی خوێندووەتەوە و ئەو جموجۆڵ و بزووتنەوانەی بۆ ئەم کردارە پێویستن لە زەیندا هەن و ئاشکران. لەبەر ئەوە هەر درێژەپێدانێکی ناپێویستی لەم بابەتە حاڵەتانە، بریتی دەبێ لە

پشتگوێخستنی ئەو ڕاستییە و لەگەڵیدا پێشێلکردنی هەم ڕاستی و هەم ئەرکێکی سەرشانی خوێنەر، کە بەندی ئەو ڕاستییەن و لەسەری دامەزراون و دواجار پەیدابوونی دابڕانێکی ئەوتۆ لە نێوان ئەو و چیرۆکەکەدا (واتە ئەو و چیرۆکنووسەکەشدا)، کە ئەنجامی بەوە دەشکێتەوە، نە ئەو خوێنەرێکی بەپەرۆشی هۆگر بێ بۆ چیرۆکەکەی ئەم و نە ئەمیش نووسەرێکی سەرکەوتوو بێ لە چیرۆکەکەیدا. ئەمەیە ئەو بازدانەی چیرۆکنووس رەزا سەیدگوڵ بەرزنجی لەم چیرۆکەیدا. کە لە چاو چیرۆکەکانی لەوەبەریدا بەدی هێناوە و هەوڵی داوە تا کۆتای چیرۆکەکە ئیدامەی پێ بدا. بەڵام ئاخۆ توانیویێتی؟!. بەداخەوە دەڵێم نا. نەیتوانیوە. چۆن؟!. وا لە هەنگاوی دووەمدا ڕوونی دەکەمەوە.

دووەم:

بەڕای من مەسەلەی کات و شوێن لە چیرۆکی کورتدا، مەسەلەیەکە کە دەبێ چیرۆکنووس بە قووڵی تێی بگا و بەوردی شارەزاییی تێدا پەیدا بکا، چونکە بەبێ ئەو تێگەیشتنە قووڵ و شارەزاییە وردە، لە قانوونێکی هەرە سەرەکیی هونەرەکە بێ ئاگا دەبێ و لە ئەنجامیشدا بەرهەمەکەی لە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی سەرکەوتنی بێبەش دەکا. لە چیرۆکی کورتدا کات گەلێ کورتخایەنە. کورتخایەنە بەمانای ماوەی تێپەڕ لە حاڵی حازردا، واتە لەو حاڵی حازرەدا کە نووسەر بۆی هەڵدەبژێرێ و بۆی تەرخان دەکا، کە دەگونجێ نەك ماوەی چەند سەعاتێك بێ ئەوە ئەوپەڕەکەیەتی بگرە ماوەی جگەرەکێشانێك، یا چاخواردنەوەیەك، یا ڕامانی بەر جامخانەی کۆگایەك بێ. لێرەدا من ڕێگا بەخۆم دەدەم، کە ئەمە بەکاتی زیندووی چیرۆکەکە ناوبەرم، تا جیای بکەمەوە لە جۆرە کاتەکەی تر، کە لە چیرۆکەکەدا لە غەیری حاڵی حازردا ڕوودەدا و دێتە کایەوە. واتە لە ڕابردوودا یا لە داهاتوودایە و بە زەین چ لەلایەن کەسانی چیرۆکەکەوە، یا لەلایەن چیرۆکنووسەکە خۆیەوە وەك شایەتێك باسی دەکرێ، کە ئەمیان سنووری بۆ نییە و بەپێی جۆری چیرۆکەکە، ئەمسەر و ئەوسەری بەرەڵڵایە. بۆ ئەمیشیان ڕێگە بەخۆم دەدەم ناوی بەرم بە کاتی نازیندووی چیرۆکەکە. کە یا ئەوەتا بەسەرچووە و قاڵبی بیرەوەریی وەرگرتووە، یا هێشتا دانەهاتووە و لە شێوەی هیوا و ئاواتدا دەنوێنرێ. جا بێگومان ئەم باری دووەمەی کات لە چیرۆکی کورتدا، لەگەڵ ئەو هەموو بەربڵاوییەشیدا، هێشتا هەر بەندی ماوە هەرە کورتەکەی کاتە زیندووەکەیە و بەردەوام لەژێر ڕکێفی ئەمدایە و بەپێی ئیرادەی ئەم دەسووڕێ و لە بنەڕەتەوە گەر ئەم

نەبزوایە، ئەو بۆ خۆی هەر بەمتی و خامۆشی دەمایەوە و ئەو بواری بزووتن و ژیاندنەوەیەی بۆ هەڵنەدەکەوت.

ئەمە سەبارەت بەکات. لەبارەی شوێنیشەوە دەڵێین: ئەگەرچی لە چوارچێوە گشتییەکەدا لە قانوونەکە لانادا، قانوونی سنوورداری لە حاڵی حازردا، بەڵام سیفەتی توانای جۆرە جیابوونەوەیەکی لە کات و لەحاڵی حازردا تێدایە، کە لەواقیعدا چیرۆکنووس دەخاتە بەردەم بارێکی ئاڵۆزەوە، هەرچەندە ئەگەر توانی بەسەریدا زاڵ ببێ، ڕێگای خوڵقاندن و داهێنانی زیاتر بۆ خۆش دەکا.

بەهەرحاڵ ئێستا بابێمە سەر چیرۆکەکەی کاك ڕەزا و سەر ئەو ڕایەی کە گوتم: ئەو سەرکەوتنەی لە سەرەتایدا بەدی هێناوە، نەیتوانیوە تا کۆتایی بیباتە سەر. بۆچی؟. وا من خوێنەرێکم و چیرۆکەکە دەخوێنمەوە.. ئارام (کەسی سەرەکیی چیرۆکەکە) برووسکەیەکی لە ژنەکەیەوە پێ دەگا، کە داوای لێ دەکا بەپەلە بگەڕێتەوە. برووسکەکە تەنگەتاوی دەکا. ڕۆژی پێشوو لەلای بووە. دەبێ چی بێ؟!. لە مێشکی خۆیدا دەیهێنێ و دەیبا. ناگاتە ئەنجام و بڕیار دەدا بگەڕێتەوە. لە بیری ناچێ خەبەرێك بۆ ئەو کەسانە دابنێ کە لە خانووەکەدا لەگەڵیدان (کە گرینگ نییە بزانرێ کێن وەك چیرۆکنووس کردوویێتی.) دەچێتە گەراج و سوار دەبێ. لەناو ئۆتۆمۆبێلەکەدا هەر بیری لێ دەکاتەوە و هەر تەنگەتاوە. ئارام دەگاتە جێ و دادەبەزێ، لە پۆپەی تەنگەتاویدایە. (لە ڕاستیدا نەك ئەو، بەڵکو منی خوێنەر لە پۆپەی تەنگەتاویدام، کە ئارام زوو بگاتە ماڵەوە و بزانم نهێنی ئەو بروسکە لە ناکاوەی ژنەکەی چییە؟). دەگاتە بەرماڵەوە و لە دەرگە دەدا. ژنەکەی دەرگەی لێ دەکاتەوە. ئیتر ئەم ساتە لەلای منی خوێنەر دوا ساتە و دەبێ ئەنجامم دەستگیر ببێ. هەر ئەنجامێك بێ و درێژەپێدان بەدوایدا، لە سەرجەم چیرۆکەکە تەوەلام دەکا، چونکە هەست بە هەڵبەستن و دروستکردن دەکەم. بۆ نموونە چاوەڕوان دەکەم بابڵێین ژنەکەی (وەك چیرۆکنووس خۆی نەخشەی کێشاوە)، داوای تەڵاقی لێ بکا و، ئەویش لەناو دەرگەکەدا وەها بحەپەسێ کە وەك بت بچەقێ و ئیتر تەواو.. ئیتر هەر درێژەدانێك بە چیرۆکەکە، لادانە لە قانوونەکە.. لادانە نەك لەبەر ئەوەی قانوونە و نابێ لێی لابدرێ، بگرە لەبەر ئەوەی کە منی خوێنەر، منی وەرگری کارە ئەدەبییەکە، بەحوکمی بارە نهێنییەکەی ئەو قانوونە (نەك بارە ئاشکراکەی کە وەك مەسەلەیەکی هونەری، ئیشی چیرۆکنووسان خۆیانە)، لەوێدا دەوەستم. چونکە لە ناخدا بێ ئەوەی بزانم بۆچی، وا هەست دەکەم کە

چیرۆکەکە لەوێدا ئەنجام بدا و بوەستێ. ئیتر وەختێك من لەبەر خاتری تۆی چیرۆکنووس، وەك باجێك کە ناچاری بێ و لە ئەنجامی باوەڕکردندا بە چیرۆکنووس بدرێ، بەردەوام دەبم لەسەر خوێندنەوەی چیرۆکەکە و ئەوەم دەکەوێتەوە بەرچاو کە ژنەکە ڕاستیی مەبەستی خۆی، لە ناردنی برووسکە بۆ ئارام دەرناخا و دەیخاتە بەیانی و ئینجا بەیانی ئاشکرای دەکا و داوای تەڵاقی لێ دەکا، لەبەر ئەوەی منداڵیان نابێ و گفتوگۆیەکی دوور و درێژ لە نێوانیاندا دەخوێنمەوە. ئەو وەختە من لە دڵی خۆمدا دەپرسم: (ئاخۆ ئەم چیرۆکنووسە من بەچی تێ دەگا؟!. خۆ باشتر وابوو هەرکە ئارام گەیشتە ماڵەوە، ژنەکەی یەکسەر پێی بووتایە: تەڵاقم بدە و ئیتر لەوێدا چیرۆکەکەی ببڕانایەتەوە. ئەوسا من خۆم بە دە.. بە پەنجا .. بە سەد جۆر لە مێشکی خۆمدا بۆم تەواو دەکرد، کە ئاخۆ ئەم ژنە بۆچی دەبێ داوای تەڵاق لە مێردەکەی بکا.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە ڕووبەر، واتە بەرەشکردنەوەی کاغەز، نزیکەی نیوەی چیرۆکەکە (نیوەی دووەمی کە چیرۆکنووس خۆشی ژمارەی بۆ داناوە)، لە ڕووی هونەرییەوە و بەپێی ئەو کات و شوێنەی باسمان کرد زیادەیە و زەرەرەکەشی لەوەدایە کە لەباری سەرنجی سایکۆلۆجیای خوێندنەوەوە، باوەڕی خوێنەر بەڕاستگۆیی لە چیرۆکەکەدا لەق دەکا و بەدوایدا چیرۆکەکە بەلایەوە هەر لە بنەڕەتەوە وەك کارێکی هونەری، ڕوو لە پووچبوونەوە و پووکانەوە دەکا.

سێیەم:

هەروەها با لێرەدا باسێکی تریش بهێنمە کایەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو سنوورداربییەی کات و شوێن لە چیرۆکی کورتدا، دەبێتە هۆی سنووردانان بۆ بزووتن و هەڵسوکەوتی کەسانیشی. بزووتن و هەڵسوکەوتیان لە حاڵی حازریاندا، نەك لە حاڵەتی بیرەوەری و هیوا و ئاوات خواستنیاندا، کە هەر ئەمەشە وام لێ دەکا من باوەڕم وابێ کە چیرۆکی کورت بەچیرۆکی باسکردن لە تاکەکەس دابنێم نەك کۆمەڵە کەسان. کە دەشڵێم تاکەکەس، مەبەستم لەوە نییە کە گوایە چیرۆکێکی کورت، دەبێ تەنیا لە یەك تاکەکەس بدوێ و کەسێکی تری تێ نەکەوێ. نەخێر.. دەشێ دوو بن و دەشێ سێ و زیاتریش، ئەگەرچی لە هەموو حاڵەتێکدا هەر دەبێ یەکێکیان سەرەکی بێ و سەری گرۆڵەی باسوخوازەکانی گرتبێ. هەر بۆ نموونەش لەم چیرۆکەی کاك ڕەزادا، لە پاڵ (ئارام)دا پۆستەچی و سایەق و (خەرامان)ی ژنی ئارام هەن، بەڵام کەسی

سەرەکی تەنیا ئارامە.

وتم سنووردارییی کات و شوێن، دەبێتە هۆی سنووردارییی بزووتن و هەڵسوکەوتی کەسان. وەك ئەوەی گازینۆیەك و سەد کەسی تێدا دانیشتوون. کەسانی هەڵبژاردەی چیرۆکەکەی من، یەك یا دوو سێ کەسن و لەسەر مێزێك دانیشتوون. لەناو ئەوانیشدا یەکێکیان سەرەکییە. جا چیرۆکە کورتەکەی من لە سنووری ئەو کات و شوێنەدا، لەو کەسە بەرادەی یەکەم و لە هاوەڵەکانی دەدوێ، یا ئەو پەرەکەی لەهەرسێکیان وەك یەك دەدوێ، کە لەواقیعدا جەوهەری چیرۆکەکە لەم حاڵەتەدا وا دەسوورێ، کە هەرسێکیان دەکا بەیەك کەس، وەك ئەوەی بەهەرسێکیان لە یەك مەسەلەدا ئالابن، دەنا وا دەکەوێتەوە کە چیرۆکەکە لە بنەرەتەوە سێ چیرۆکە و کراوە بەیەك. بەڵام لە رۆماندا وا نییە. چونکە لە رۆماندا بەربەرەڵایە، کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی ناو گازینۆکە بگرێتە خۆ و بەدواشیاندا بروا بۆ شوێنی تر و کاتی تر و، جارەها ئاڵوگۆڕیان تێدا بکرێ.

ئەوی راستی بێ ئەم باسەم بەو بۆنەیەوە هێنایە کایەوە، کە بابدەمەوە بۆ سەرەتای چیرۆکی (برووسکە)کەی کاك رەزا، چیرۆکەکە وەك لەوەبەر دەرمان خست وا دەست پێ دەکا: (ژمارەی بەردەرگەکەی خوێندەوە. پلی بەزەنگەکەوە نا، دەرگەکە کرایەوە.. هتد) دەیڵێمەوە کە دەسپێکردنێکی شێوە برووسکەییی هونەرمەندانەیە و بەڵام بەداخەوە نیوە و نیوەچڵە. چۆن؟!. .. وا روونی دەکەمەوە..

بەر لە هەموو شت من کە دەخوێنمەوە: (ژمارەی بەردەرگەکەی خوێندەوە. پلی بەزەنگەکەوە نا. دەرگەکە کرایەوە..)، زەینم.. (گەنجینەی زانیاریم)، یەکسەر زانیارییی یاریدەری خۆیم وا پێشکەش دەکا (پێشکێشی توانای پێشبینیمی دەکا)، کە ئەو کەسەی ژمارەی دەرگەکە دەخوێنێتەوە و لە زەنگەکە دەدا و دەرگەکەی بۆ دەکرێتەوە، ئەو کەسەیە کە بەسەرهات و کارەساتەکانی چیرۆکەکەی، بەدەوردا کۆ دەبێتەوە، دەگەرێ. ئەمە دووبارە پێوەندیی بە سایکۆلۆجیای خوێندەوەوە هەیە و مەسەلەیەکی وردی هونەریی هونەرەکەیە، کە چیرۆکنووس دەبێ بە سەلیقە و بەراهاتن و بەشارەزابوون، لە نهێنی و پێچوپەناکانی پیشەکە (پیشەی چیرۆکنووسین)، لەوسەری هاتبێتەوە. کەچی لەلای چیرۆکنووسمان کاك رەزا سەیدگوڵ، هەر زوو ئەم بنەما هونەرییە سەرەتاییە لە کار دەکەوێ و هیچ حیسابێکی نامێنێ بەوەی کە سەر لە زانیارییە یاریدەرەکانی گەنجینەکەی زەینی خوێنەر تێك دەدرێ و وەك بڵێیت لە خوتوخۆڕایی و

بەناهەق بەدرۆدەخرێنەوە و ئەو کەسەی وا ئیحایان لەبارەوە وەرگرت و ئیحاکەیان پێشکێش بەتوانای پێشبینییەکە کرد، کە ببێتە کەسی سەرەکی و بەڵام نەبوو، چونکە ئەو کەسە لەسەر خواست و ئیرادەی چیرۆکنووس هەر زوو بەلاوەنرا و ئەو دەورە سەرەکییە چاوەڕوانکراوەی بەناهەق لێ سەندرایەوە. دیارە مەسەلە بەڕواڵەت هێندە سەخت نییە وەك ئێمە خستمانە ڕوو. چیرۆکنووسە و قەڵەم بەدەست ئەوەوەیە و چۆنی دەخولقێنێ، دەیخولقێنێ.

ئەمە بەسەرزاری. بەڵام لە ڕاستیدا مەسەلە وەها ئاسان نییە و چیرۆکنووس لە ئاستی ئەم هونەری چیرۆکنووسینەدا، ئەو دیکتاتۆرە نییە کە بێ لێپرسینەوە بداتە بەری. بێگومان ئێمە دەبێ لەوەدا بەئاگا و هۆشیار بین، کە نەقبووڵکردنی لێپرسینەوەکە قبووڵکردنە ئاساییە باوەکەیە و، نە ڕەفزکردنی دیکتاتۆرێتییەکەش ڕەفزکردنە ئاساییە باوەکەیە، بگرە هەردووکیان دوو مەسەلەی تایبەتین، کە تەنیا نووسەری ڕەسەن و کارامە و لێهاتوو خۆبەخۆ زەفەریان پێ دەبا و دەتوانێ بەباری هەقیانەتیاندا کردار و مامەڵەیان پێ بکا. واتە نووسەری ڕەسەن و کارامە و لێهاتوو، دیکتاتۆرە لە کۆڕی خولقاندن و داهێناندا. بەڵام بەدوایدا بیەوێ و نەیەوێ، ملکەچی لێپرسینەوەی ئەنجوومەنێکە کە هەم هێجگار بێدەسەڵاتە و هەم گەورەترین و کاریگەرترین دەسەڵاتیشی لە دەستدایە، ئەویش ئەنجوومەنی خوێنەرانە.

دەگەڕێمەوە سەر چیرۆکەکە و دەڵێم: وەختێ چیرۆکنووس خۆی دەزانێ، کە ئەو کەسەی ژمارەی سەردەرگەکە دەخوێنێتەوە و پەنجە بەزەنگەکەدا دەنێ و دەرگەکەی بۆ دەکرێتەوە، ئەو کەسە نییە کە لە چیرۆکەکەدا ئیدامە بەبوونی بۆ خوێنەر دەدا، ئیتر لە پای چی دەینوێنێ و ئەو قەوارە هەڵماوییەی بۆ دروست دەکا؟. ئەو کە دەزانێ کەسە بایەخدار و سەرەکییەکەی چیرۆکەکەی (ئارام)ە، خۆ دەینووسی: لە دەرگە درا.. دەرگەکەی کردەوە. برووسکەیەکی پێ ڕاگەیەنرا. نووسرابوو.. هتد). بەم بارەدا پۆستەچی هەر لە بنەڕەتەوە حیسابی نامێنێ. بگرە باشتر.. بەربەرەڵا دەبێ کە گەیاندنی برووسکەکە بە (ئارام)، لە زەینی خوێنەردا بۆ خۆی ببێتە چیرۆکێکی نەنووسراو. سەرکەوتووترین چیرۆکی نووسراویش ئەو چیرۆکەیە، کە ئیحای چەندان چیرۆکی نەنووسراو لە دوو توێی خۆیدا بەخوێنەر دەدا. دەنا خۆ مێشکی خوێنەر، لاپەڕەیەکی سپیی ساف و لووسی، تەواو خاڵی لە زانیاری نییە.

ئینجا دەبێ بپرسین: باشە بۆچی کاك ڕەزا لە چیرۆکەکەیدا، ئەم بنەما هەرە

سەرەتایی و هەرە سەرەکییەی ڕەچاو نەکردووە؟!. بەلای منەوە لەوە بەولاوە نییە، کە دەرکی پێ نەکردووە. دەرك پێنەکردنەکەشی لەوەوە هاتووە، کە هێشتا شارەزایی نەبووە. شارەزانەبوونەکەشی لەوەوە هاتووە هێشتا بەو ڕاستییە نەگەیشتووە، کە هونەری چیرۆکنووسینیش چەندە هونەر و سەلیقە و بەهرە و حەز و ئارەزووی پێ دەوێ، هێندەش پیشەیە و راهاتن و وردبوونەوە و شارەزایی و وەستاییی گەرەکە. بۆیە دەڵێم: ئەگەر چیرۆکنووسمان کاك رەزا، لە پاڵ سەلیقە و بەهرە و حەز و ئارەزووەکەیدا، لە شارەزایی و وەستاییەکەشدا وەك پیشە توانای زاڵبوونی پەیدا بکردایە، بێ سێ و دوو چیرۆکەکەی وا دەست پێ دەکرد و دەینووسی: (لە دەرگە درا. دەرگەکەی کردەوە. برووسکەیەکی پێ ڕاگەیەنرا. نووسرابوو.. هتد).

چوارەم:

ئینجا با لێرەوە بچمە سەر مەسەلەیەکی لەمەش گرینگتر، کە مەسەلەی هەڵبژاردنی نموونەی کارەساتە و پێوەندیی نێوان گشتی و تایبەتییە لەو هەڵبژاردنەدا. باجارێ بەپێی تێگەیشتن و باری سەرنجی خۆم، هەوڵی ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە بدەم. ئاخۆ مەبەست لە هەڵبژاردنی نموونەی کارەسات چییە؟!. ئاشکرایە هیچ نووسەرێك چەندە بلیمەتیش بێ، لە توانایدا نییە نەك لە یەك بەرهەمدا، بگرە لە سەدان و هەزارانیشدا، پڕ بەپڕ کارەسات و بەسەرهاتەکانی ژیان لە پلەی تەمەنی خۆیدا بخاتە سەرکاغەز و بڵێ من هیچم نەبواردووە و هیچم نەهێشتووەتەوە تۆمارم نەکردبێ. ئەمە کارێکە و بەموتڵەق، لە توانای هیچ مرۆڤێکدا بەتەنیا نییە. کەوابێ ئەو لە بەرامبەریدا چی دەتوانێ بکا؟!. ئەو دەتوانێ کەم یا زۆر بەشێکی لێ بەگیر بێنێ و بەدەستەوەی بدا. ئینجا ئەوساش دەپرسێ: ئەی ئاخۆ ئەو بەشەی کەم یا زۆرە، چۆن دەتوانێ بەگیر بێنێ و بەدەستەوەی بدا؟!. وەرام.. لە ڕێگەی نموونەی هەڵبژاردەوە. بەڵێ.. لە ڕێگەی نموونەی هەڵبژاردەوە. دەنا ئەو بەشە کەم یا زۆرەش هێندە بەرین و بەرفراوانە، کە لە ڕێگەی نموونەی هەڵبژاردەوە نەبێ، دیسان کارێکی بە موتڵەق لە توانا بەدەر دەبێ، بەوێنە مەسەلەی تەلاق و تەلاقکاری کە لە بنەڕەتدا یەك یەك مەسەلەیە، کە جیابوونەوەی ژن و مێردە لەیەکتری و کەچی لە واقیعی ژیاندا هەزارویەك شێوەی هەیە و هەزارویەك لق و پۆپی لێ دەبێتەوە. جا ئاخۆ کام لەم هەزارویەکە لە پلەیەکی دیاریکراودا (پلەی ڕۆژانی ژیانی چیرۆکنووس) باو و گشتییە و کامیان دەگمەن و تایبەتییە؟!. ئا لێرەوە لە مەسەلەی هەڵبژاردنی نموونەکەدا. مەسەلەی گشتی و تایبەتییەکە دێتە کایەوە و

چیرۆك تیایدا، دەكەوێتە بەرتاقیكردنەوەیەكی سەختەوە.. واتە تاقیكردنەوەی لێپرسینەوە و لەدادگەدانی، لە بەردەم ئەنجوومەنی خوێنەراندا، كە وەك گوتمان چەندە بەرامبەر بەنووسەر لە ساتی داهێناندا بێدەسەلاتە، هێندەش لە ساتی خوێندنەوەی ئەو داهێنانەدا دەسەلاتدار و حوكمبەدەستە.

جا ئەگەر لەبەر ڕۆشناییی ئەم بۆچوونەماندا سەبارەت بەهەڵبژاردنی نموونە و پێوەندیی نێوان گشتی و تایبەتیی لەو هەڵبژاردنەدا، بڕوانینە چیرۆكی برووسكە، دەبینین كە چیرۆكنووسمان كاك رەزا بەجۆرێك خۆی خستووەتە بەرتاقیكردنەوە سەختەكەوە، كە مەگەر تاكوتەرایەك لە ئەندامانی ئەنجوومەنەكە دەنگی بۆ بدەن و پشتی بگرن، دەنا زۆربەی هەرە زۆر پەنجەی رەتكردنەوەی لێ بەرز دەكەنەوە. چۆن و بۆچی؟!. گوتمان مەسەلەی تەلاق و تەلاقكاری، هەزارویەك شێوەی هەیە و هەزارویەك لق و پۆپی لێ دەبێتەوە. بەلام با بپرسین: ئاخۆ لە كۆمەڵگەی كوردەواریی ئێمەدا، كە چیرۆكنووسەكەمان رۆڵەی ئەو كۆمەڵگەیەیە و ئەنجوومەنی خوێنەرەكانیشی كوڕ گەلی ئەو كۆمەڵگەیەن، كام شێوەی ئەو مەسەلەیە لەو هەزارویەكە باوە (واتە گشتییەكە) و، كامیش دەگمەنە (واتە تایبەتییەكە)؟!. گومانی تێدا نییە كە ئەو شێوەیەی لە چیرۆكی (برووسكە)دا نوێنراوە، هێندە دەگمەن و تایبەتییە كە ڕەنگە بكەوێتە خانەی دوا ژمارەكانی هەزارویەكەكەوە. واتە وەك گوتمان لە ئەنجوومەنەكەدا، تەنیا تاكوتەرایەك دەستی قبووڵكردنی بۆ هەڵدەبڕن. دەنا زۆربە دەڵێن: ئەمە خەیاڵێكی بێ وێنەی خۆیەتی و هیچی تر. لەگەڵ ئەمەشدا من قەت ئەوە بەدوور نابینم، كە نووسەر بتوانێ ئەم حاڵەتە دەگمەنە وا بە ئەنجوومەن رابگەیەنێ، كە هەموو پەنجەی رەزامەندی بۆ بەرز بكەنەوە و بڵێن: ئەگەرچی دەگمەنە، بەلام ڕاستە و بووە و ڕووی داوە. ئەمە بەچی؟!. بەوەی چیرۆكنووس ڕێژەیەكی ئەوتۆ لە ڕاستگۆیی بە خوێنەر ڕابگەیەنێ، كە قایلی بكا و بواری گومانلێكردنی پێ نەدا. لە چیرۆكی (برووسكە)دا، گومانلێكردنەكە ئاشكرایە. منی خوێنەری كوردی پەروەردەی ناو كۆمەڵگەی كوردەواری، وەختێ لە خوێندنەوەی چیرۆكەكە دەبمەوە، هەر زوو دەكەومە بەراوردكردنی، لەگەڵ ئەو حاڵەتانەدا كە كارەساتەكانیانیم لە ژیانمدا دیوە یا بیستووە. لەم بەراوردكردنە چیم دەستگیر دەبێ؟!. ئاخۆ ئەوەتا هیچم لەو بابەتە نەدیوە و نەبیستووە، یا حاڵەتێك یا دووانم لێ لە یادن، كە ئەمیش مەگەر بۆ یاریدەدانی چیرۆكەكە و بەهاناچوونیەوە بیهێنمەوە یادم، ئەگینا ئەوەی لە گەنجینەی زانیاریی

مێشکدا زاڵە، شێوە باوە سەرەکییەکەی تریانە، کە بریتییە لە شەڕ و هەرا و فەرتەنە و دادگە و دادگاکاری و.. هتد.

دیارە من لێرەدا مەبەستم ڕێگەگرتن نییە، لەو چارەسەرە پێشکەوتنخوازانەیەی، کە کاك ڕەزا بۆ مەسەلەی تەڵاق و تەڵاقکاری داینـاوە و لە چیرۆکەکەیدا بۆی چووە. بەڵکو من باسم لەو مەسەلەیەیە لە کارێکی ئەدەبیدا.. لە چیرۆکێکی کورتدا و بەتەنگەوەم کـۆك بـێ و لـە کـەمـوکـووڕی بـەدەر بـێ. گریمـان مـن ئـەو بـەتـەنـگـەوەهـاتـووە نـیـم. مـن خوێنەرێکی ئاساییم و چیرۆکەکە دەخوێنمەوە. چی دەخوێنمەوە؟. ئارام ناوێك و دوێنێ ژنەکەی جێ هێشتووە و لە ناکاوێکدا برووسکەیەکی پێ دەگا کە بگەڕێتەوە. بەپەلە دەگەڕێتەوە و دەردەکەوێ کە ژنەکەی، برووسکەکەی بۆیە بۆ لێ داوە، تا بگەڕێتەوە داوای لێ بکا تەڵاقی بدا. چاکە.. منی خوێنەری ئاسایی، چەندە مێشکی خـۆم هـەڵـدەگـوشم و گـەنجینـەکـەی تـەی دەکـەم، کـارەساتـێکـی لـەم بـابـەتـەی تێدا نادۆزمەوە، مەگەر پەنا بەرمە بەر لۆجیك و بڵێم: دەشێ لەم حاڵەتەدا چیرۆکەکە لە خانەی (دەشێ)دا لەلای من جێگەی بۆ دەکرێتەوە، نەك لە خانە فراوانەکەی (پڕ بەپێست)دا. جیاوازیی نێوان ئەو دوو خانەیەش ئاشکرایە.

پێنجەم:

مەسەلەی دەستپێکردن و کۆتایی پێهێنان: من ئەوی ڕاستی بێ، لە تاقیکردنەوەی تایبەتیی خۆمەوە دەڕوانمە ئەم دوو مەسەلەیە و لێیان دەدوێم. بەڕای من لە چیرۆکی کورتدا، دەستپێکردن و کۆتایی پێهێنان، دوو کرداری هونەریی زۆر ناسك و زۆر بایەخداریشن، چونکە هەردووکیان یەك کلیلی دوو دەرگە پێك دەهێنن: دەرگەی چوونە ژوورەوە بۆ ناو کارەسات و دەرگەی لێ دەرچوونی. بەیەکەمیان خوێنەر دەخرێتە بەر حـەزی گـڕگـرتـووی پێزانین و بـەدواداچـوونـی شـپـرزانـە و بـەدووەمـیـان دەخـرێتـە بـەر حاڵەتی ئاوکردن بەگڕەکەدا و بەئەنجامگەیاندنی ئارەزووە شپرزەکەی. دەشێ ئەمە پـێنـاسـەیـەك بـێ کـە ئـەنجـامـی تـەنـیـا پـوختـەی تـاقـیـکـردنـەوەی خـۆم بـێ لـە بـواری چیرۆکنووسیندا و لەباری سەرنجی چیرۆکنووسانی ترەوە لەلایەن ڕەخنەگرانیشەوە، کەموکووڕی و ناتەواویی تێدا ببینرێ، بەڵام وایە کە مادامەکی من ئێستا لە بواری ڕەخنـە و لێکۆڵـیـنـەوەیـەکـی تـەتـبـیـقـیـدام لـەسەر چـیـرۆکـێکـی دەستنیشانکراو، چاکتر و سوودگەیێنتر وەهایە کە لە ڕوانگەی ئەو پێناسەیەوە تێی بڕوانم و دەستپێکردن و

کۆتایی پێهێنانی هەڵسەنگێنم.

ئێمە دەزانین کاك ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی، ئەو جۆرە دەسپێکردنەی بۆ چیرۆکەکەی هەڵبژاردووە، کەسە سەرەکییەکەی کە (ئارام) ناوێکە، بروسکەیەکی لە ناکاوی چاوەڕواننەکراوی پێ بگا و ئیتر لەوێوە بەدەم کارەساتەکانیەوە بدا. بەڵام من لێرەدا دەپرسم: ئاخۆ ئەمە تاقە کات و شوێنە کە بۆ دەستپێکردنی چیرۆکەکە گونجاو بێ و ئاخۆ هیچ کات و شوێنێکی تری تێدا نییە بگونجێ؟!. وەرام: بەڵێ تیایدایە و هێندەی من خۆم توانیبێتم دەرکیان پێ بکەم، شەش حاڵەتی تری وامان لە چیرۆکەکەدا دێنە بەردەم کە ئەمانەن:

یەکەم: لەو شوێنەدا کە دەڵێ (قەڵەمەکەی دەرهێنا. لەسەر پارچە کاغەزێك ئەم وشانەی ڕێك خست.. هتد). ئینجا کە دەپرسێ: ئەی ئەو بەشەی پێشووی چیرۆکەکە چی بەسەر دێ، دەڵێم: ئاسانە.. بەشێوەیەك لە شێوەکانی مۆنۆلۆج، لەو وەختەوەی پارچە کاغەزەکە دەخاتە سەر مێزەکە و بۆی دەردەچێ، تا دەگاتە (نەقلیات) دەیگێڕێتەوە.

دووەم: لەو شوێنەدا کە دەڵێ: (گەیشتە نەقلیات. ئەو ماشێنەی کە بەرەو شارەکەیان دەڕۆیشت.. هتد). لێرەشدا سەبارەت بەهەمان پرسیاری پێشوو دەڵێم: یا وەك حاڵەتی پێشوو، بەبەکارهێنانی شێوەیەك لە شێوەکانی مۆنۆلۆج، کار لە ڕووی هونەرییەوە مەیسەر دەبێ، یا ئەوەتا لە ڕێگەی گفتوگۆوە لەگەڵ سەرنشینەکانی تر و شۆفێرەکەدا، باسەکە دەهێنمە کایەوە و وا لە ئارام دەکەم هەقایەتەکەی خۆی بگێڕێتەوە، وەیا هەردوو جۆرەکە بەکار دێنم.

سێیەم: لەو شوێنەدا کە دەڵێ: (بریا تەنیا ئەو جارە.. ئا ئەوجارەیان داری خۆزگە دەڕوا.. هتد)، کە کات و شوێن هێشتا هەر ناو ئۆتۆمۆبێلەکەیە. دیارە لێرەدا باشترین شێوە تێکەڵاوکردنی مۆنۆلۆج و دیالۆگە.

چوارەم: لەو شوێنەدا کە دەڵێ: (سەعاتێکی شەویان هەڵدابوو کە گەیشتنە شار.. هتد) بەڕای من لە حاڵەتی ئەم جۆرە دەستپێکردنەیاندا، ڕووی هونەریی چیرۆکەکە، دەبێ گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا بێ، چونکە لێرەشدا هەرچەندە هێشتا ماوەی گەڕانەوە بۆ دواوە بەیەکێ لە شێوەکانی مۆنۆلۆج هەر ماوە، بەڵام لە ڕاستیدا لەم شوێن و ساتە ناسکەدا، کە بەشبەحاڵی چیرۆکەکە هەم

زۆر لەسەرەتا ئەسڵییەکەی خۆی دوور کەوتووینەتەوە و هەم زۆریش لەو شوێن مــەقسەدە نـزیك بـوویـنـەتـەوە، کـە چـیـرۆکـنـووس لـەگـەڵ پـاڵـەوانـی چیرۆکەکەیدا بۆی بەکێش کردووین، بەکارهێنانی ئەو شێوەیە روو لە لاوازی و ناکاریگەری دەکا. بۆیە وا کۆکتر دێتە پێش چاو کە وازی لێ بهێنرێ تا (ئارام) دەگاتە ماڵەوە ژنەکەی دەرگەکەی لێ بکاتەوە، ئەوسا لەرێگەی هەم مـۆنـۆلـۆژەوە (کـە داتـوانرێ ژنـەکـەشی تێدا بـەشدار بـکرێ)و، هـەم لـە رێگـەی دیالۆگەوە کە بەتەبیعەتی حاڵ ژنەکەی تێدا بەشدار دەبێ و کارەسات لە نووکەوە وەك لە چیرۆکەکەدا هەیە بگێڕدرێتەوە.

پێنجەم: لەو شوێنەدا کە دەڵێ: (دوای نانخواردنی بەیانی بوو.. هتد). لەم حاڵەتەشدا سەرلــەنـوێ مـۆنـۆلـۆج و دیـالـۆگ دەور دەبـیـنـن، بـەڵام دەبـنـە قـرتـانـدن و بەلاوەنانی گەلێ لە ڕووداوەکانی ڕۆژی پێشووی کارەساتی چیرۆکەکە و زۆر لە هەست و نەستە ساتەوەختییە ناوەخۆیییەکانی ناخی ئارامیش، کە بەدەم ڕووداوەکانەوە لە ساتی خۆیاندا دەینواندن. واتە لێرەدا مەسەلە دێتە سەر شێوەی گێڕانەوەی ئاسایی.

شەشەم: لەو شوێنەدا کە لە زمانی ژنەکەی ئارامەوە دەڵێ: (تەڵاقم بدە.. هتد). ئەمیان دووبــارە بــەهــەردوو بــاردا مــاوەی بـەدەمــەوە هــەیـە. یـەکـەمـیـان بـەبـاری مۆنۆلۆجدا، وەك ئەوەی کە چیرۆکنووس بەدوایدا دەڵێ: (ئەم وشەیە وەك بەنج لە لەشی گەڕا و.. گیانی خاو کردەوە و.. وەکو مستێك بێ و درابێ لە تەپڵی سەری.. هەژاندی.. گێژی کرد.. ژوورەکە کەوتە خولانەوە لە بەرچاوی. وشەکە لە مێشکیدا زرنگایەوە..) و، ئیتر بەدوایدا بەمۆنۆلۆج بەدەمییەوە بدرێ و ئارام کارەساتەکە لە نووکەوە لە بیرەوەریی خۆیدا بژێنێتەوە. دووەمیان بەباری گــێڕانــەوەی ئــاسـایـیـدا بــەدیــالــۆگ لــە نـێوان ئــارام و ژنــەکــەیـدا و بەڕوونکردنەوەکانی چیرۆکنووس خۆی سەبارەت بەکارەساتەکە.

ئـەمـە ئـەو شەش حـاڵـەتـەی تـرن و ڕەنـگیشە یـەکێکی تر بـتوانـێ حـاڵـەتی تریش بدۆزێتەوە. کەوابێ لە چیرۆکی (برووسکە)دا، گەلێ شوێنی تری تێدان جگە لەوەی چیرۆکنووس هەڵی بژاردووە، کە بۆ دەستپێکردن دەشێن. بەڵام ئاخۆ کامیان شوێنی هەرە گونجاو و کاریگەرە.. گونجاو و کاریگەر لە رووی تەکنیکەوە، کە لە ئەنجامیشدا مەبەست کارکردنە لە بیر و هۆشی خوێنەر و سازدانی گونجاوترین و کاریگەرترین

باری هونەری بۆ ئەو. ئاخۆ ئەوەکەی چیرۆکنووس خۆیەتی، یا یەکێ لە شەش حاڵەتەکەی تر، وەیا هەر هیچیان؟!. من بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، پێشەکی بەچاکی دەزانم سەرنجتان بۆ ئەو قانوونە ڕابکێشمەوە، کە سەبارەت بەمەسەلەی کات و شوێن لە چیرۆکی کورتدا نیشانم دا. چونکە ئەم مەسەلەی دەستپێکردنە تەواو بەندی قانوونەکەیە و بارە هەرە گونجاو و کاریگەرەکەی، لە جەوهەر و مەغزای ئەوەوە وەردەگرێ. دیارە کە کات و شوێن لە حاڵی حازریاندا لە چیرۆکی کورتدا سنووردار بن و کە دەسپێکردنیش هەردەم لە حاڵی حازرەوە بێ (کە ئەمەش بۆ خۆی سەبارەت بەدەسپێکردن لە چیرۆکی کورتدا قانوونێکە)، ئەوا دەبێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین: کەوابێ چاکتر وایە ئەو دەستپێکردنە، ناوەندترین ساتی نێوان ئەو سنوورەی بۆ هەڵبژێردرێ، چونکە ئەمە دەبێتە یاریدەرێکی گەورە بۆ چیرۆکنووس، تا بتوانێ ماوەی حاڵی حازرەکە هێجگار کورت بکاتەوە و تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا بیگەیەنێتە ڕادەی ماوەی جگەرەکێشانێك، کە هیچ دوور نییە چیرۆکەکە بەنووسین، خۆی لە دە لاپەڕەی فولسکاب بدا.

لێرەدا با بگەڕێینەوە سەر نموونەکەی خۆمان، چیرۆکی برووسکە. لە برووسکەدا کە سەرنج دەدەینە دەستپێکردنەکەی، هەست دەکەین لەوە دەچێ کە کات دەمەدەمی عەسر، یا عەسرێکی درەنگ، یا سەرلەئێوارە بێ. لە چیرۆکەکەدا ئەوە ئاشکرایە کە نە لەوە زووترە و نە درەنگتر. بەڵام با ئێمە عەسرە درەنگەکەی بۆ هەڵبژێرین و وای دیاری بکەین، کە وەختێ لە دەرگە درا و ئارام برووسکەکەی پێگەیشت، کات سەعات پێنج بوو. کەوابێ تەواوی سەعات پێنجی عەسر ئەو ساتەیە، کە چیرۆکنووس بۆ دەستپێکردنی چیرۆکەکەی هەڵی بژاردووە. چاکە.. ئینجا ئارام خۆی تا خۆی دەگۆڕێ و کەلوپەلی پێویست دەپێچێتەوە و پارچە کاغەزەکە دەنووسێ و بۆ دانیشتوانی ناوماڵەکەی جێ دێڵێ (کە دیارە لەو وەختەدا لە ماڵ نین)، هەر هیچ نەبێ چارەکە سەعاتێکی پێ دەچێ. تکایە لێرەدا ئەوە بهێننەوە یادتان، کە من گوتم ئەم شوێنە یەکێکە لەو شوێنانەی تر، کە جگە لەوەکەی چیرۆکنووس هەڵی بژاردووە، بۆ دەستپێکردن دەگونجێ. واتە ئەگەر لێرەوە دەستی پێ بکردایە، لەوێوە چارەکە سەعاتێکی لە کاتە حاڵی حازرییەکەی چیرۆکەکە کورت دەکردەوە.

ئینجا ئارام دەچێ بۆ نەقلیات و ئەمەش وەك چیرۆکنووسەکە خۆی نووسیویە: (وەکو سەرخۆش بەڕێگەدا دەڕۆیشت.. هتد) کەوا دەگەیەنێ  بە پێ چووبێ بۆ نەقلیات،

نەك بەتەكسی یا هەر ئۆتۆمۆبێلێكی تر و با ئێمەش وای دابنێین كە ماڵەكەی لە نەقلیاتەكەوە نە دوورە و نە نزیك و یەكێكیشە لە شارەكانی كوردستان نەك بەغدا و مووسڵ و بەسرە، بابڵێین: ئەمەش هەر هیچ نەبێ چارەكە سەعاتێكی پێ دەوێ. لێرەدا سەرلەنوێ حاڵەتە دووەمەكەی دەستپێكردنتان دێنمەوە یاد و دەڵێم: چیرۆكنووس دەیتوانی بۆ ئەو چارەكەش ماوەكە كورت بكاتەوە. ئینجا ئارام ئۆتۆمۆبێل دەگرێ و دەكەوێتە ڕێ و لە ڕێگە لەناو ئۆتۆمۆبێلەكەدا لە دڵی خۆیدا دەڵێ: (بریا تەنیا ئەو جارە..هتد) كە حاڵەتە سێیەمەكەیە و ئەمەش با هەروا نیو سەعاتی بۆ دابنێین. واتە نیو سەعاتی تریش كەمكردنەوەی لە كاتەكە. لێرەوە ئیتر ڕۆژ ئاوا دەبێ و شەو دادێ و تێ دەگەین، كە وەختێ ئارام دەگاتە ئەو شارەی بۆی دەچێ، سەعاتێكی شەو رابوردووە. ئەگەر گریمان وەرزەكە وەهایە كە ڕۆژ لە سەعات شەش و نیودا ئاوابێ (كە ئەمە ڕۆژێك لە ڕۆژانی وەرزی سەرەتای بەهار دەگرێتەوە)، ئەوا دەزانین كە ئەو لە سەعات حەوت و نیودا گەیشتووەتە جێ، واتە دوو سەعات و نیو دوای بەڕێكەوتنی لەشارەكەی ترەوە. وەختێكیش دەڵێم: تا ئێرە هێشتا ئەو ساتە هەرە ناوەندییە نەبوو بۆ دەستپێكردنە هەرە گونجاو و كاریگەرەكە، ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە چیرۆكنووس لە ڕووی تەكنیكەوە، بەپێچەوانەی قانوونەكەوە كرداری كردووە و بەوە ئەو هەلەی لەدەست داوە كە دەیتوانی ماوەی كاتی حاڵی حازری چیرۆكەكە، دوو سەعات و نیو كەم بكاتەوە.

لەمەوە بۆمان دەردەكەوێ ئەم تەواوی سەعات حەوت و نیوە، كە ئارام تیایدا لە گەڕانەوەیدا بۆ لای ژنەكەی دەگاتە جێ، ئەو ساتە هەرە ناوەندییەیە كە من مەبەستمە و باسیم بۆ كردن، چونكە لێرەدا هەردوو جەمسەری تەواوی كارەساتەكە، لە ئان و ساتدایە بەیەك بگەن. ژنێك و بروسكەیەكی بۆ مێردەكەی ناردووە، كە بەپەلە بگەڕێتەوە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەكەیدایە. مێردێك برووسكەیەكی بەپەلەی لە ژنەكەیەوە پێ گەیشتووە كە بەپەلە بگەڕێتەوە و ئەوەتا گەڕاوەتەوە و گەیشتووەتە جێ و بەرەو ماڵ خۆی دەكوتێ. واتە دوو جەمسەری یەك كارەسات و لە ئان و ساتدایە بەیەك بگەن. كە بەیەكیش گەیشتن، باسەكە دەبڕێتەوە و كورت و موختەسەر ئەم چیرۆكە تەواو دەبێ و چیرۆكێكی تر بگرە دەیانی تر بەدوایدا دەست پێ دەكەن و تەواو دەبن و دەست پێ دەكەنەوە. بۆیە من ئیتر سەبارەت بەبەشی دووەمی چیرۆكەكە (ئەو بەشەی كە دەكەوێتە ڕۆژی دوایی)، لەم ڕووەوە لەسەری ناڕۆم، چونكە ئەو درێژەپێدانی كاتە هەر

لە بنەڕەتەوە لە چیرۆکی کورتدا ڕەت دەکرێتەوە. بەڵام ئەوەبوو من تەنیا بۆ مەسەلەی دەستپێکردن حاڵەتی شەشەمم لێ دەرهێنا، واتە ئەو ساتەی کە ژنە بە ئارامی مێردی دەڵێ: (تەڵاقم بدە)، کە بەم جۆرە دەستپێکردنە کات و شوێن لە حاڵی حازریاندا هەر تەواون لە چیرۆکەکەدا دەگۆڕدرا.

شەشەم:

ئینجا ئەگەر ئەمانە تێبینییە سەرەکییەکانم بن لەبارەی چیرۆکەکەوە، ئەوا هەندێ تێبینیی لاوەکیشم هەن، لەو بابەتەی کە وەختێ لە چیرۆکێکدا کەڵەکە دەبن و دەنیشنە سەریەك، بۆ خۆیان دەلاقەیەکی هونەریی تێدا دروست دەکەن و بمانەوێ و نەمانەوێ کارێکی گەورە دەکەنە سەر چیرۆکەکە. وەکو چی؟!. وا لەم چەند بەندەدا ڕوونی دەکەمەوە..

١ – لە چیرۆکەکەدا نووسراوە (برووسکەکەی لەناو زەرفەکە دەرهێنا).. (بەخێرایی و بێ گیربوون دەگەڕێتەوە.. ئیمزا.. خەرامان). من لێرەدا دەپرسم: ئاخۆ ئەو وشەی (ئیمزا)یە لەوێدا تا چ ڕادەیەك شیاو و بەجێیە؟!. ئاخۆ گومان لەوە بکەم کە ڕەنگ بێ کاك ڕەزا تا کاتی نووسینی ئەو چیرۆکەی، نە هیچ برووسکەیەکی ناردبێ و نە پێی گەیشتبێ؟!. گریمان وەهایە و ئەوە بووەتە هۆی غەفڵەتەکەی. بەڵام وەکی تر خۆی مەرج نییە هەر شتێ کە چیرۆکنووس لەبارەیەوە دەدوێ، دەبێ بەسەر خۆی هاتبێ و خۆی ڕاستەوخۆ تاقی کردبێتەوە و تیایدا ژیابێ، ئەگەر وا بووایە دەبوو هەر چیرۆکنووسە و تەنیا هێندەی لەباردا بووایە، کە مێژووی ژیانی خۆی بنووسێ!. مەسەلەکەش سووك و ئاسان برێتییە لەوەی کە نە من وەختێك برووسکەیەك بۆ یەکێك دەنێرم دەنووسم (ئیمزا.. حوسێن) و نە ئەو پارچە کاغەزەشی کە لەلایەن پۆستەوە دەگەیەنرێ بەو کەسە لەسەری نووسراوە (ئیمزا حوسێن). بگرە تەنیا دەنووسرێ (حوسێن). چونکە ئەگەر ئیمزاکەشم لە سەروو ناوەکەمەوە دابنێم و لەپۆستەخانەش پێ بەزەویدا بدەم و سوور بم، کە هەر دەبێ ئیمزاکەی وەك ئیمزا نەك وەك وشە لەسەربێ، ئەوان هەم کەمێکیش پێم پێ دەکەنن و هەم دەشڵێن نابێ، لەبەرئەوەی جیهازەکان چ لاسلکی بێ و چ بەتەلەفۆن، لە توانایاندا نییە شێوەی ئیمزاکە ڕاگەیەنن. سا هەر لەبەر ئەمەشە کە لە ناردنی برووسکەدا، دەقەکەی ئیمزا ناکرێ و تەنیا ناوی

کەسەکەی لەژێرەوە لێ دەدرێ. بۆیە دەبوو کاك ڕەزا بینووسیایە. (بەخێرایی و بێ گیربوون دەگەڕێیتەوە.. خەرامان). ئەمە یەکێکە لەو غەفڵەتانەی، کە بەداخەوە وێنەیان هێشتا لە چیرۆکی کوردیماندا زۆرە.

بێگومان زمان کۆڵەکەیەکە کە بێ بوونی، هەر لە بنەڕەتەوە نووسینیش نابێ. جا کە ئەمە ڕاستییەك بێ و زەق لە بەرچاو بێ، دیارە دەبێ نووسەر و بەشێوەیەکی تایبەتی نووسەری کاری ئەدەبی، بایەخێکی تەواو بەزمان بدا و هەقی خۆی بداتێ، چونکە ئەگەر وا نەکا و ئەگەر تیایدا بەئەنجامێکی باشیش نەگا، ئەوا مەسەلە بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە.. خۆی لە مەرجێکی هەرە سەرەکیی سەرکەوتن بێبەش دەبێ و لە ئەنجامدا کەلێنێکی گەورە دەکەوێتە بەرهەمەکانییەوە، کە شکستییە لە زماندا.

ئاشکرایە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ داوا لە نووسەر بکرێ، کە لە زانینی زمانەکەیدا لە ڕووی زمانەوانییەوە، زانا و پسپۆڕەکان بۆڕ بدا یا شان لە شانیان بدا (کە ڕەنگە بە لێهاتوویی خۆی بێ ئەوەی بیکا بە ئەرکی سەرشانی، وەها هەڵبکەوێ). نەخێر.. ئەمە باسێکە و جیاوازە لەوەی ئێمە مەبەستمانە. بەڵام هێندە هەیە نووسەر بەتوندی ئەوەی لێ داوا دەکرێ. کە بەسەر زمانەکەیدا وەك ئامرازێك بۆ دەربڕین و ڕاگەیاندنی مەبەست، بەشێوەیەکی کاریگەر و پوخت بەخوێنەر، زاڵ بێ و لەم ڕووەوە تیایدا ساتمە نەکا و دانەمێنێ. لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیە بۆ نووسەری کورد، لە ئێستادا بووەتە بارێکی گرانی لاوەکی، کە دەبێ شان بەشانی کۆششکردنی لە بواری خوڵقاندن و داهێنانی ئەدەبیدا، لەمیشیاندا خۆی ماندوو بکا و بەشێوەیەکی تایبەتی ئاگەداری بێ. هۆی ئەمەش وەك هەموو دەزانین، ئەو بارە نائاساییەیە، کە لەم پلەیەدا زمانەکانی پێدا دەڕوا، واتە باری هێشتا نەمەیینی لە ڕووی زمانەوانییەوە، بە هەموو لقەکانیەوە و لە ڕووی یەکنەگرتنی زاراوە جۆراوجۆرەکانیشییەوە. ئینجا هۆی حاڵەتەکەش هەروەها لە هەمووان ئاشکرایە، کە تەمەنکورتیی نووسین بەزمانەکە، تەمەنکورتیی کۆششکردنە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی، لە پاڵ هۆیە سیاسییەکەشدا.

دیارە من لێرەدا ئەم پێشەکییەم بۆیە هێنایەوە، تا وەختێ دێمە سەر باسکردنی کێشەکە، واتە کێشەی زمان لە چیرۆکەکەی کاك ڕەزادا، وا نەڕوانرێتە تێبینییەکانم، کە گوایە دوور لە پێزانینی پانی و بەرینیی گیروگرفتەکە و بەبێ ئاگەداریی هەموو لایەنەکانی، دێم و چیرۆکەکەی ئەو لەم ڕووەوە دەدەمە بەرنەشتەر.. دەڵێم دەیدەمە بەر

نەشتەر و هەرگیز بەقەدەر موویەکیش، مەبەستم ئازاردانی دڵی کاك رەزا نییە و قەت بۆ ئەوە ناچم لە نرخی ئەو کۆششەی کەم بکەمەوە، کە لە کۆڕی هونەریی چیرۆکنووسیندا دەیدا. بەڵکو تاقە مەبەستم دەستگرتنی نەك تەنیا ئەو، بەڵکو خۆشم و هەموو برا چیرۆکنووسەکانمە و ورپاکردنەوەی هەموو لامان لە مەسەلەی پێویستیی بایەخداندا بە زمان لە نووسینەکانماندا.

ئێستا بابێمە سەر تێبینییەکانم..

کاك رەزا هەر لەیەکەم رستەی چیرۆکەکەیدا دەڵێ: (ژمارەی بەردەرگەکەی خوێندەوە). لە کاتێکدا راست ئەوەیە بینووسیایە – سەر– نەك – بەر – چونکە – بەردەرگە – ئەوە دەگەیەنێ کە ژمارەکە لەسەر لەوحەیەك یا هەر شتێکی تر، بەجیا نووسرابێ و لە بەردەرگەکەدا دانرابێ، کە لە وڵاتی ئێمەدا و (لە وڵاتانی تریشدا) وانییە، بگرە یا ئەوەتا هەر لەسەر دەرگەکە خۆی دەنووسرێ، وەیا لەسەر لەوحەیەك و بەسەر دەرگەکە یا سەروویدا دادەکوترێ. شێوەی یەکەمیان لە ساڵانی زوودا باو بوو. شێوەی دووەمیان لەم ساڵانی دواییەدا بووە بەباو.

لە شوێنێکی تردا نووسیویە: (کەوتە قسەکردن لەبەر خۆیەوە). ئەمە ئەو گرفتەیە کە نووسەرانمان بەتایبەتی لاوەکانمان، بەشێوەیەکی فراوان گیرۆدەی بوون. لە کاتێکدا چارەسەرکردن و خۆ لێ ڕزگارکردنی گەلێ ئاسانە. کورت و موختەسەر، هەردەم کار (فعل) لە ڕستەدا بخەرە کۆتاییەوە. وەك ئەوەی بنووسیت: (لەبەر خۆیەوە کەوتە قسەکردن)، کە ئەمە بەسەر ٩٥٪ حاڵەتەکاندا دەگونجێ و ئیتر ئەو ٥٪کەشی بدە دەست سەلیقەی خۆت لە زمانەکەتدا. من باوەڕم وایە کە ئەم گوێنەدانە بەو بنەما ئاسانە یا پێنەزانینی، لەوەوە هاتووە کە لە قسەکردن و گفتوگۆی ئاساییی خەڵکەکەدا، تەواو ڕەچاو ناکرێ و هەرەمەیی دەدرێتە بەری. بۆیە ئەو نووسەرانەشمان هەر بەو پێودانگەوە هەرەمەیی دەیدەنە بەری. لە کاتێکدا لە نووسیندا کە کردارێکە و بەتێگەیشتنەوە و بەرێکوپێکی، یا بەرێکوپێککردنەوە دەکرێ و ئەنجام دەدرێ، دیارە دەبێ ئەو کردارە زمانەکەش بگرێتەوە، کە وەك گوتمان ئامرازی دەربڕین و ڕاگەیاندنی مەبەستە. کاك رەزا لە چوار رستەی تری چیرۆکەکەیدا، ئەم هەڵەیە دووبارە دەکاتەوە کە ئەمانەن:

١– گەلێ لێکدانەوە و هێنان و بردن خۆیان دا لە تەلی بیرکردنەوەی.

٢– هەرچەندە نزیك دەبوونەوە لە شار.

٣– با بەو هیلاكییە پێی نەڵێم تا بەیانی.

٤– ژوورەكە كەوتە خولانەوە لە بەرچاوی.

وەكی تر لە چیرۆكەكەدا، هەندێ ڕستە و دەستەواژەی شلوشێواو بەرچاو دەكەون، وەك:

١– دڵی خێرا، خێرا كەوتە كوتەكردن، چاكتر وابوو بنووسێ: دڵی كەوتە لێدان. یا دڵی دایە كوتەكوت.

٢– نەفەرەكانی لاڵوپاڵ كردبووەوە. ڕاستتر وایە بڵێ: نەفەرەكانی لاڵوپاڵ خستبوو.

٣– ئەوەندەی (تر) مەراقی زیا(تر) و ئاڵۆز(تر) دەبوو. كە كۆكتر ئەوە بوو بینووسیایە: ئەوەندەی تر مەراقی زیاد و ئاڵۆز دەبوو.

٤– با لە كورتی پێت بڵێم. ڕاستتر وایە: با بەكورتی پێت بڵێم.

٥– وەك بەنج لەلەشی گەڕا. ڕاستتر وایە: وەك بەنج بەلەشیدا گەڕا.

مەسەلەی (دا)ی پاشگر: چیرۆكەكەی كاك ڕەزا لەم گرفتە باوەی تریشدا بێبەش نییە، ئەگەرچی تاكوتەرایە و ڕێژەی دانەنانی لەگەڵ دانانیدا، لەو ڕستانەدا كە ئەم حاڵەتەی تێ دەكەوێ زۆر كەمە. هەروەكو لە زۆربەی ئەو ڕستانەدا، (د)كەیان تێدا قووت دراوە و بووە بە (یا). واتە كاك رەزا بە سێ جۆر مامەڵەی لەگەڵ ئەم كێشەی (دا)یەدا كردووە:

یەكەم: دانان و نووسینی بەشێوە ئاساییەكەی وەك: برووسكەكەی لەناو لەپیدا– لە چاوانی یەكتردا– هەموو كەسێكم لە تۆدا..هتد.

دووەم: قووتدانی دالەكە وەك: لە جێگاكەیا دانیشت– لە خولیای بیركردنەوەیا– لەگەڵ تەماشاكردنیا.. هتد.

سێیەم: دانەنانی وەك: لە لەپیان(دا)– لە چەشنی بازنەیەكی داگیرساوی كپ(دا)– رەشی لە دڵی(دا) هەڵدا– تەماشاكردنیان لە یەك خاڵ(دا)– وەك بەنج بەلەشی(دا) گەڕا – خۆشەویستیت نەماوە لە دڵم(دا).. هتد.

ئەمە هەوڵێكم بوو لە بواری رەخنەی تەتبیقیدا و وا تێ دەگەم كە بۆ ئەدەبەكەمان بەگشتی و بۆ هونەری چیرۆكنووسینمان بەتایبەتی، شتێكی پێویستە و دەبێ خەمی بخۆین. هەروەكو حەز دەكەم ئیشارەت بەوەش بدەم، كە من لەم كۆششەمدا پتر پشتم

بەتاقیکردنەوەی خۆم لە کۆڕی هونەرەکەدا بەست و بەسەر ئەو چیرۆکی برووسکەیەی کاك رەزا سەیدگوڵ بەرزنجیمدا سەپاند. هیوادارم سوودێکم بەخشیبێ و توانیبێتم ئەوەی دەیزانم بەغەیری خۆمم ڕاگەیاندبێ.

کۆواری بەیان – ژ/٥٨–١٩٧٩

## دوو چیرۆك و هەڵسەنگاندنێك

**١– چیرۆکی بووك و بەفر**

ئاسمان تارای سپیی بەسەر زەویدا داوە. بەفر چڕ و هێمن کلوو کلوو، پەپوولەئاسایی دەنیشێتە سەر زەوی. ئاستەمە وردەکانی باوەش بەیەکدا دەکەن. دڵدارانە تێکەڵ دەبن. تاو تاو سروەیەك هەڵدەکات. دەمدەم کولووەکان ورد دەبنەوە. دەبنە تەرزەلووکە و باگێژی دەدات. بەفرێکی قایمە، جووتیارەکان دڵیان خۆشە. هەموو مێرووی زەوی دەکوژێت، کانیاوەکان دەژێنێتەوە. تەڕەی هاوینیش مشە دەبێت. ساڵەکەی سەختە.

(کە ئاوا ڕەشکەنەك دەبڕا، لەگەڵ کوڕگەلی مەڵکەندیدا کاڵە و پێتاوت دەبەست، بۆ کەوگرتن و نیمچەڕاوێك ڕووتان لە کەمپاکە و خوار گردە سووتاوەوە دەکرد. دەبوو بە قریوە. کەو و باڵندەی برسی و کەسیرەش باڵێك دەفڕێ و خۆی بەدەستەوە دەدا. بەخۆشییەوە دەگەڕانەوە و کۆڵەکەتان پڕ. گەڕەکەکەتان ئەم حەلانە خۆشی خۆشی بوو. ساڵی وا خێرتان بۆ بەفرباری نەدەکرد. ئێستا نیوەی چلەیە، کاتی بەفر داپۆشینە. چاڵە بەفرەکان هێندێکی وەك خاڵی گۆنا بەگۆێژەوە بەدیوی شاردا خۆی دەنوێنێت. بیرت دێت. چاڵی خلەکۆیی و چوالان و کونەقەل و بەرزان و گورگەڕێ و چەوتە و هەڵوەلان، بەدیوی شاردا بوون. چاڵی شێخ وسوو، چاڵە گەورە و وەستا غەفوور و خێچکە و میکاییل و قەرەنی و قوڕاوی و مامەحلان و مستەفای حەمەی عەزیز، لە دیوی ئەودیوی بوون. ئەم چالانەش گەلێك ئەمدەست و ئەودەستی کردبوو. بەفر داپۆشینیش پیشەی باپیران بوو کە بۆ ئێوە مابووەوە. چاڵەکانی ئەمدیو بەبارەش نەبووایە پڕ نەدەبوو. بەڵام چاڵەکانی ئەودیو بەبای شەماڵ وەشت و راستەباش پڕ دەبوون. هەندێك چاڵ باپێچ بوو. کە باکە بەفرەکەی دەکوتا تەڕتر و ڕەقتر دەردەچوو.

دەبووایە بەفرەکە لە مەتر کەمتر نەبووایە ئەوجا بەکەڵکی داپۆشین دەهات. بەفری کەڕەپوو بەکەڵك نەدەهات. کریەی دەهات بەڵام بەفرێك تاوگر بوایە بەفری چاك بوو.

چاڵە بەفرەکەی ئێوە بچووك نەبوو. سی مەتر درێژ و هەشت مەتر پان و چوار مەترێکیش قووڵ بوو. بەفری چاکی دەگرت. ئێوە خۆتان وا گەورەتان کرد. کرێکارێکی زۆرتان بۆ گرت. هەموو ساڵێکیش لە پایزدا چاڵەکەتان پاك دەکردەوە تا ئامادەی بەفری تازە بێت. ساڵی وا هەبوو بەفر زۆر بوو. خۆی پڕ دەبوو. بەڵام بەزۆری پشت چاڵەکە کلیلەی هەڵدەدایەوە. لووس دەبوو. دەبوو بەفرەکە ئاو بگرێتە خۆی ئەوسا هولۆرتان دەکرد. بە مشار بەفرەکەتان پارچە پارچە دەکرد. هەر هولۆرییەك مەترە چوارگۆشە. یان گەورەتریش دەبوو. ژێرەکەشتان بە خاکەناز دەگوروو. ئینجا گوریستان تێ دەخست و بەدەم ئارەقڕشتن و پێکەنین و خۆشییەوە ڕاتان دەکێشایە چاڵەکەوە. بە خاکەناز وردتان دەکرد و کوێ چاڵ بووایە پێی پڕتان دەکردەوە. چین چین چاڵەکەشتان دەشێلا و لووس دەکرا. تاقمێك بەفرەکەی هولۆر دەکرد و تاقمێکیش دەیشێلا بەڵام کەمەرەتان دابپۆشرێت. کارەکە گران بوو بەتەنیا نەدەکرا. کرێکار لە شاربازێڕەوە، لە نۆدێ و گورگەدەر و سیتەك و چنگیان و باراو و قڕگەوە دەهاتن. پێش مەڵکەندییەکان دەگەیشتنە سەرچاڵەکان. ڕۆژی بە سێ پەنجایی و بەویژدانیش کاریان دەکرد. پێویستیشیان بە چاودێری و هانەهان نەبوو. هەبوو لەناو شارەوە کرێکاری دەهێنا. پیرەکان دەچوونە ئەشکەوتەکەی بن بنار تا کرێکارەکان دەگەیشتن. گەنج تەکانی دەدا و سەردەکەوت. پیرەکانیش هەتاو گەرم دەبوو ئەوسا دەگەیشتنە سەر چاڵەکانیان. ئێوە لە شارەوە کرێکارتان نەدەبرد. هەموو ساڵێك لە سیتەکەوە چل کەستان دەهێنا. جاری واهەبوو هەتا تۆ دەگەیشتیتە سەر چاڵەکە، ئەوان برێکی باش کارەکەیان دەکرد. بەدڵی تۆش کاریان دەکرد. تۆ زمان و ڕەفتارت لەگەڵیاندا شیرین بوو. بگرە ڕۆژی وا هەبوو تۆ هەر بەلاشیاندا نەدەچوویت. ئەوان کارەکەیان بۆ دەکردیت و ڕۆژی دوایی ئاگەدار دەبووی کە چی کراوە و چی نەکراوە).

لە پەنجەرەکەوە چاو دەبڕێتە چۆلەکە برسییە کزۆڵەکان کە سرەوتیان لەبەر براوە. دەروویان لێ براوە. چۆلەکەی گیانی ئەمیش دەمێکە ستارە و هەنەرانی ون کردووە. مژێکی توند لە جگەرەکەی دەدا و بەدەم دووکەڵ بەبادانەوە گورگەی گوێسەوانەکانیان دەژمێرێت و کە بیر و بالیشمەکانیان بەسەر دەکاتەوە. بیر لە تەمەنی خانووەکەیان دەکاتەوە. دەبێت جێگەکەی هی چەند پشت بێت؟!. لە ژماردە نایەت. جگەرەکەی توند بەتەپڵەکەکەیدا دەفلیقێنێتەوە و دەستێك بۆ ژێر بەتانییەکەی دەبات. قاچە سڕەکەی کەمێك هەڵدەگلۆفێت و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت. گێژاوی بیرەکەی سوێ دەباتە

دڵیەوە. چاو دەبڕێتە بەفرەکە کە باکە گێژی دەدا و دەیەوێت ڕووی پەنجەرەکەی لێ بگرێت. بەڵام دیسانەوە دەکەوێتە گێژەنی بەفرهانینەکەی جارانی.

(کە دەست بە بەفرداپۆشین دەکرا ورنگ نەدەبوو تا دادەپۆشرا. هەوریش بووایە هەر دەچوون. ڕۆژی وا هەبوو ئاسمان تووش بوو. ڕۆژی لێ دەگۆڕین. ناچار زوو دەستتان هەڵدەگرت و دادەپەڕینە خوارەوە. یا ئەگەر فریا نەکەوتنایە خۆتان بۆ بناویلە دەکوتا. گەلێك ڕۆژی وەك ئەمڕۆژەی ئەمڕۆتان لەسەر چاڵە بەفرەکان دیوە. ڕەشەبا تۆزێ بەفرەکەی بەگژدا کردوون. دەرزیئاژنی رووە سوور هەڵگەڕاوە سڕەکانتانی کردووە. گەلێ ڕۆژ دەست سڕ دەبوو لە گۆ دەچوو. چاو ئاوی پێدا دەهاتە خوارەوە. ڕێشکەوپێشکەشی دەکرد. بە پەلە نێڵەنێڵ ئاگر دەکرایەوە. بەڵام سەرما کەمتر بەتۆ دەوێرا. تۆ داروبارت قایم بوو. ڕۆژێك نەبوو دەستت لە گۆ بچێت. بەڕاستی کارێکی گران بوو. کوڕی دەویست بەرگە بگرێ. بەڵام ئێوەی قاڵی ئەو کارە و لەوەیش گرانتر بوون.ساڵی وا هەبوو بەفرەکە زۆر نەبوو بەدووسێ بەفربارین ئەوسا چاڵەکان پڕ دەکران. کە پڕیش دەبوون ئارەقی ماندوویێتیتان دەسڕی. دەکەوتنە مشووری کابردن و داپۆشینی بەفرەکە. ئێوە خەمی کاتان نەبوو وەك زۆربەی مەڵکەندی، کای خەرمانی خۆتان هەبوو. دوو کایەن کاتان هەبوو. بەشی ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخ و وڵاخی بەرزە و بەفر داپۆشینیشتان هەبوو کە سەدوبیست بارێك کای دەویست. دەبوو بەفری چاڵەکە بستێك و چوار پەنجە کای لەسەر بێت ئەوسا دڵنیا دەبوون کە باران پێی ناوێرێت و بۆ هاوین دەمێنێتەوە. کا کۆنەکەی پاریشتان دەدا بەسەر کا تازەکەدا. چونکە قورس بوو تا با، کاکە نەبات. مانگی جارێکیش سەرتان لێ دەدا نەکو کەروێشك کون بکاتە کاکە و بەفرەکە بخوات. ئینجا دەکەوتنە بەسەرکردنەوەی دەغڵ و نیسك و نۆکی بناری گۆیژەتان. قەراغ شار سەوز دەچووەوە. بست بست لەگەڵ هەڵچوونی دەغڵەکانتاندا دەروونی ئێوەش شکۆفەی دەکرد. ورنگ بۆ ئێوە نەبوو وەك ئاشی با هەڵدەسووڕان. هەیتێك دەغڵ بوو هەیتێکی تر ئاژەڵەکانتان. خۆشخۆش بەرخۆڵەی تازە و کارژۆڵەی جوان جوان بەباوەش لالۆ کەریم و مامەوڵاوە دەگەیشتە گەڕەك. تا کاتی بەهار دەهات و کەمێك گەرمی دەکرد. دووەم مانگی بەهار هەندێکیان بۆ شەربەتی ناو شار دەکەوتنە خۆ. بارە بارە بەفر دەهێنرا. لە بارانبڕانیشدا گەرم دەستبەهێنانی بەفر دەکرا. لە هەشتی ئێوارەوە تا سەعات سێی شەو بەروودوا دەکەوتنە جمە، سەرەوژوور. خەویش سواری سەرتان دەبوو. هەندێك خۆی بەسەر کورتانی وڵاخەکەیدا دەدا و

دەکـەوتـە قـنـگـەخـەو. هـەنـدێك بـەسەر وڵاخـەکەوە شۆڕ دەبـووەوە بـێ ئـەوەی بکـەوێتـە خوارێ، وڵاخە بەڵەدەکانیشتان کە قەتار دەکران، نەرم ملی ڕێیان دەگرت و ئاوازە شیرینەکەی زەنگوڵە وردەکانی پاڵوو زەنگ و قۆڕ و پۆڵای ملیان سیمفۆنییە نەرمە خـەوهـێنـەرەکـەی ڕێی ساڵاهـای ساڵـتـان بـوو، ئـەگـەرچـی پـیرەکـان پـێیـان شـەرم بـوو بنوون. ئاوا وڵاخ دەگەیشتە سەر چاڵ و ڕادەوەستا. ئەوەی کە نووستبوو خەبەری دەبووەوە. تاکە تاکەش هەبوو لەبن بنار، یا کەمپاکە بەسەر وڵاخەکەیەوە خپ خەوی لێ دەکەوت. وڵاخیش هەڵوێستەی دەکرد. لە ناکاو لە قاقای هاوڕێکانی بە ئاگا دەهات، لە کاروان بەجێماو پەنجەی خۆی دەگەست و بەبۆڵەبۆڵ و لەخۆبوونەوەوە ملی شۆڕ دەکرد. پێشکەوتەی پاشکەوتە بوو. بەڵام تۆ کوڕێکی کردە و کارامە بوویت ئەو گاڵتەپێکردنەت بەکەس نەدەدا).

دیسانەوە هەناسەیەکی قووڵی پڕ لە ژان هەڵدەکێشێت و چاوێکی پڕ لە گڕی داخ بـەجـەسـتـەی شەکـەتـیـدا دەگێڕێت و پـەتـووەکـە بـاشتر لـە قـاچییـەوە دەئـاڵێنێت. تیژ دەڕوانێتە دارە سپییە ڕووتەوەبووەکان و دەکەوێتە قووڵاییی یادەکانییەوە.

(یەکەم جار کە دەچوویتە سەر چاڵە بەفرەکە ناوی خوات لێ دەهێنا و ئازایانە لە دەرگـەی چـاڵـەکـەوە دەستت بـەلابـردنـی کـاکـە و بـڕینـی بـەفرەکـە دەکرد. ئـەوەنـدەی گونیەیەکی خەت سوور پانی و درێژی و بە ئەستووراییی دوو بست چوارلایتان دەبڕی و ژێرەکەیتان بە مشار بنکەند دەکرد و دەتانترازاند، ئینجا هەڵتان دەستاندە سەر شان و خوێتان دەکرد، پاشان لە گونیەیەکەتان هەڵدەکێشا و دەمەکەیتان قایم دەکرد، دوو تای واتان بۆ وڵاخێك ئامادە دەکرد. بیری ناو کۆڵیشتان نەدەچوو بۆ دەرودراوسێ. خۆ نابێ بەفر بکڕن، گەڕەك خۆی بەفر بهێنێت ئەوەی کە نییەتی و دراوسێیە دەبێت ئـێوە بـەشیـان بـدەن. چـەنـد وڵاخـتـان پـێ بـووایـە ئـەوەنـدە بـارتـان دەبـڕی. مـەڵـکـەنـدی نـزیـکـەی دووسـەد وڵاخـێـکـی تـێدا بـوو. ئـەوسا شوێنـی بڕینـی بـەفرەکـەتـان بـە کـاکـە دادەپۆشییەوە. بارەکانتان بار دەکرد و مشەما یا جاجمەکانتان دەدا بەسەردا و بەرو دوا سەرەوخوار دەبوونەوە. ڕێگەکە ئەمسەر و ئەوسەر نزیکەی دوو سەعاتێك دەبوو. ئاوازی شیرینی زەنگەکان و ترپەی پێی تێکەڵ بەقاسپەی کەوی کێوەکە و سۆزی گەرمی کوڕکوڕەش بەهەشتێکی پڕ ستارەی دەروونی دەهێنایە گوڕ. گەرچی هەموو شەکەت و بێ خەو بوون بەڵام دڵئاسوودە و دڵئارام بوون. هەتاو گزنگی دەدا و نەدەدا خۆتان بە شاردا دەکرد. هەبوو کاروانی دووەمیشی دەکرد و بۆ چێشتەنگاو دەهاتەوە.

ئیتر ڕۆژی دووسەد، تا دووسەد و پەنجا بار، بگرە ڕۆژی گەرما تاسێسەد بار بەفرتان دەهێنایە شارەوە. دەروونی شارتان پێ فێنك دەكردەوە. وەك چۆن مەڵكەندییەكانی تر بەردی بینای شارەكەیان دەهێنا و شارەكەیان پێ ئاوا دەكردەوە، ئێوە خزمەتی شارانی تریشتان دەكرد. وەك پیرەكان دەڵێن: بۆ ماوەی چل ساڵ بەفرتان بۆ گەلێك شوێن دەبرد. بۆ كەركووك، بۆ زەینەلعابدین، بۆ پردێ، بۆ دوز و بگرە بۆ بەغدایشیان دەبرد.. ڕۆژی وا هەبوو دوو لۆریتان بۆ كەركووك دەنارد خۆیان لەوێ بۆی دەهاتن. یان خۆتان دەتانبرد و لەوێ سەرجەم لۆرییە بەفرەكانتان دەفرۆشت یان هەر خۆتان بەفرەكەتان دەفرۆشت.. ساڵێكیش بەفر كەم بووایە لە قزلەرەوە، لە پیرەمەگروونەوە سەهۆڵتان بۆ شار دەهێنا).

گەردەلوولی بەفر توندی كردووە. ماڵەوماڵ ناكرێت. ژیان كرژی سۆڵەی چلە. بەڵام مامە قالە ڕووی لە پەنجەرەكە وەرناگێڕێت. ژمارەی مەینەتی خۆی بەكولووە بەفرەكان دەكات و گەردەلوولی دەروونی پەروەردە دەكات كە لە هی دەرەوە گەلێك تووشتر و توندتر و سەختترە، ورد بە پێچ و باسكە و لێژگەی یادەكانیدا دەچێتەوە. گەیشتووەتە هەورازە سەختەكەی یادەكان و هەناسەی توند بووە. (ئەو ڕۆژە وەك جارانی تر وات حەز دەكرد لەگەڵ لۆرییە بەفرەكەدا بۆ دووز بچیت خۆتان بەفرەكە ساخ بكەنەوە. ڕۆژەكەی گەرم بوو، لەسەر بەفر دەستەویەخە بوو. بەفر فرۆشرا، بەتەنیا تۆ لە دووكانەكەدا مایتەوە. حەزت كرد پشوویەك بدەیت. پارچە بەفرێكی بچووكیشتان بۆ خۆتان هێشتبووەوە. لە ناكاو دەرگەی ماڵەكەی بەرامبەرت كرایەوە. پەریڕوویەك ڕووی كردە لات، بەزەردەخەنەیەكی نازەوە پێی گوتیت: (كوڕە لاو شەربەت بەبەفری ئێوە خۆشە، بەشی شەربەتێكتان نەماوە؟) تۆ حەپەسایت كە هاتیتەوە سەر خۆت قەستت بوو لە خۆشییان باڵ بگریت، چاوە كاڵەكانی و ڕەنگە ئاڵەكەی لەو بەرگە بێ نازەدا دەستبەجێ جەرگی بڕین. تۆیش بەسۆزی برینداریێكەوە چرپاندت: گیانی كوڕە لاو بەشی تۆم گل داوەتەوە. دڵم خەبەری دابوومێ كە فریشتە نازدارەكەی دوور بۆ بەشە بەفرەكەی خۆی دێت. هەموو جارێكیش لەمەولا بەشە بەفرەكەی تۆ دادەنرێت. پاش دەستبەتاڵبوون خۆم بۆت دەهێنم. ئەویش بەنازی گەورەكچێكەوە تیلەیەكی سوپاسی تێ گرتیت. لەودیو دەرگەكەوە بە نیگایەك تێی گەیاندیت كە دڵ ئاوێنەی دڵە. لەوەپێش گەلێك شۆخی تر ڕێی پێ گرتبوویت. دڵیان دەخوازیت بەڵام تۆ نەدەپێكرایت. زەردەخەنەیەك دایگرتیت. گاڵتەت پێ دەهات و سەیر تەماشای كارەكەت دەكرد.

نەتدەزانی ژیان بریتییە لە دڵداری. هەرچی دڵدار نەبێت نازانێت نهێنیی ئەم بوونە چییە).

هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت. قاچە ساغەکەی هەڵدەنێت. دەستە ساغەکەی و ناتەواوەکەیشی سەر ئەژنۆی دەنێت و چەناگە چاڵەکەی دادەداتە سەر دەستی. چاوی بەبەفرەکە سپی دەکاتەوە و خۆی دەداتە بەر شەپۆلی دەریای خەم توند بیهەژێنێت. لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە ورتەورت:

(خانووەکەیان سادە و یەك نهۆم بوو، ئێستە لە جێگەکەی تەلارێکی بەرز.. چەند نهۆم هەڵسێنراوە!!. ئەی چۆن ڕۆژگاری چەوت لە دەستی.. چۆن بووکی تەمەن..؟).

دەست دەخاتە سەر دڵی، لەشە سستەکەی دەبزوێنێت. چاو دەبڕێتە ئاسۆ سپییە دووره قووڵەکە و دەکەوێتە گەردوونی بووکی گەرمیانەکەی:

(رووم تێ کرد وتم: پەری زادەکەی من پێکەوە تەلاری شادی هەڵدەستێنین، هەر نیگایەکت بەهەشتێکە. پەریزاد پێ کەنی گوتی: کوڕە لاو مشووری خۆت نەخۆیت لە دەستت دەچم. هەرچەندە چاوم بەسەریان هەڵنایەت.

– دڵی تۆ حسێبە.

– کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە).

(ئاگر لە دەروونی هەردووکتاندا بوو، ئیتر لەو ڕۆژەوە کەوتیتە خۆ و مەترسیی لەدەستچوونیت ستارەی لە دەروون هەڵگرتیت، شەوت خستە سەر ڕۆژ و دنیات لە چاوی ئەوەوە دەدی، دوارۆژت لە بەرچاو روون بوو نەتزانی ڕۆژگاری چەپگەرد لە باڵت دەدات، گوڵۆڵەت دەخاتە لێژی و کەساست دەکات و ئەئاوا تووشی ئەم دەردەت دەکات، لایەکت لادەکەوێت و ئاواتی سەراپا ژیانت وەك بڵقی دۆ پووچ دەبێتەوە و یەکێك لە تۆ دەستدارتر پەریزادەت لێ زەوت دەکات. ئەوە دەگریت؟! فرمێسکی بەخوڕ؟ بۆ زەبوونی خۆت یان بۆ دڵخوازەکەت ناهەقت نییە هەر دڵدارێك لە جێی تۆ بێت خوێن بە چاویدا نەیەتە خوارەوە دڵدار نییە... بەڵام بەداخەوە داد نادات.).

بەفربارینەکە خەریکە هێواش دەبێتەوە ئەمیش پشوویەك دەدات، قاچە لاکەوتەکەی دەبزوێنێت لەژێر بەتانییەکەوە بەدەستە ساغەکەی دەیشێلێت. هەڵی دەگلۆفێت.

(ئومێد زۆرە چاك بیتەوە. گەلێکی وەك تۆ گوڵۆڵە بوون و هەڵیشساونەتەوە.. ئەوسایش.. (ساڵی بەهەزار چووبێت هەر دەبێت دەستبەرداری یەك بن، ئەو

مێردەزمەیە، نەزۆکە، دەزانێت دڵی بەوەوە نییە، هەر بەچاوی گومانەوە تێی دەڕوانێت، فرمێسکەکانی شەوی بووکێنی خەنجەری سەردڵی بوو، هەر خۆی دەوێ و بەس).

(چاوەڕێی هەستانەوەی تۆیە، هەر بزانێت تۆ خۆتیت ببێت بە ئاوی حەیات بەگەروویدا ناچێتە خوارەوە، حاشای لێ دەکات، ئەی هەواڵی نەپرسیبوویت؟.. ئەی فرمێسکی گەرمی بۆ نەڕشتبوویت ئەی جوابی بۆ نەناردبوویت). (ئێستەش هەر بووکەسوورەکەی جارانمە، هەر پەنجەیەکی هەموو گەنجی دنیا دەهێنێت، ژیان و مانم بەوەوە بەندە، هەر دەبێت پێی بگەم).

قاچە لاکەوتەکەی دەبزوێنێتەوە، تاقی دەکاتەوە، وردە وردە دەکەوێتە خۆ. لە پەنجەرەکە دوور دەکەوێتەوە و هەناسەیەکی ستارەی دڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێت (ئۆخەی).

**٢- چیرۆکی برایم شۆڕاوی**

دەنگی یەکەم (مامۆستاکەی برایم)

دووسێ پەڵەی قاوەییی کاڵی لە تەك دارتوویەك دانا، چەند هێڵێکی گێڕ و گەواڵیشی کێشا. کشایەوە دواوە.

- مامۆستا، ئەم خانووە قوڕەی پاڵ ئەم تووە، ماڵمان بووە. ئەمیش کۆلیتی مرو عەلەکانە، کە..

وەك بیەوێ دیمەنی تر بهاوێتە پێش چاوی، (بێدەنگی)یەکی خستە نێوان ئاخاوتنەکەیەوە.

-... مانگایەکمان هەبووە، دایکم دۆشیویە، دایکم دەڵێ خۆشمان دەویست هەروەکو یەکێك لە خێزانەکەمان.

لە ژووری مامۆستایاندا، باسم لەو دەکرد، مامۆستایەك گوتی:

- ئەو برایمە کە وەك بەردە سیلە لای دەرگەکەوە دەچەقێ خەڵکی شۆڕاوە.

پەنجەی لەسەر دوو پەڵەی نیگارەکە دانا. ئەوجا لەسەرخۆ داخاوت:

- ئەمەیان بۆرەیە و ئەویشیان بازەیە.

پێمی ڕاگەیاند کە دوو سەگی دڵسۆزی مێگەلی ئاوایی بوونە.

من هەر مات و بێدەنگ بووم بەو نیازەی زیاتر لە چورتم و ژیانی برایم هەڵکرێنم.

– مامۆستا. ئەم سەوزاییيانەش پاوەن و لەوەرگەی دێ بوونە.

کە پرسیم: ئەی کوا باوکت؟

برایم، رەنگی تێك شێوا، هەروەکو بیەوێ رێ لە تنۆکی فرمێسکی لاسار بگرێ، برژانگەکانی وەکو جووتە باڵی پەپوولەیەکی رەش تروکانەوە. گوتمەوە:

– ئافەرین.. نیگارەکەت زۆر جوانە بەڵام ئەوسا تۆ لە بێشکەکەدا بوویتە چۆن ئەو هەموو شتانەت لە پێش چاوە؟!.

گورزە قژێك بەرچاوی گرتبوو، لایدا. کە ئەو دەمە بەهۆی تیشکدانەوەی مینای پەنجەرەکەوە، ڕەنگی تووتیای گرتبووە خۆ. لێوی تەڕ کرد:

– مامۆستا وشیار، دایکم هەندەی لام گێڕاوەتەوە، وەك ئەوەی سەدان جار، بست بەبست شۆڕاوم دیبێت وایە لام.

وتم: برایم حەز دەکەیت ئەم نیگارەت لە پێشانگەی ساڵانەی قوتابخانەکەمان بەشداری بکات؟.

گەشکە گرتی، پڕ چاویشی بوو لە فرمێسکی شادی و سەرتاپای کەوتە جومبوش و خەندە.

## دەنگی دووەم (کارگوزاری قوتابخانەکە)

هەموو ڕۆژێك چاوم لە برایمە. هەرکە لە پێچی کۆڵانەوە دەرکەوت، هەنگاوی لەزگین دەنێت. شەوانە ماندوونەبوونم لێ دەکات و دەڵێ چۆنی مام سەید؟ دوایی گورج بەلای ڕاستدا روو لە پۆلی پێنجەم دەکات و دێتەوە بۆ ئەو گۆشەیەی کە کورسییە لاسەنگەکەی لێیە، لەوێوە، من جگەرە بەجگەرە دەسپێرم، ئەویش چاو لە قوتابیان دەبڕێ، جاروبار بزەیەك دەیگرێ، لەوەش بترازێ هەردەم وەکو پیاوێکی بچکۆلانەی مەند، دەم دەنووقێنێ و سیمای خەمێکی پێشوەختی پێوە دەلکێ، بەتایبەت برژانگە درێژ و برۆ پەیوەستەکانی، سێبەری پەژارەیەکی سووکەڵە ڕۆ دەکات، دایکی وتیماڵیان وا لە (رەحیماوا)ی کۆن، لە نزیك کارگەی چەوبژێرەکە، چەند شەقاوێکیش بەولایانەوە، لوولەی گاز و نەوتەکان خڕی (خاسە) دەبڕن، لەملاشەوە دەبن بەسنووری نێوان خانووە خشتەکانی کۆمپانیای نەوت و گەڕەکی مامۆستایان.

شەوان ئـاگـری (بـاوە گـوڕگـوڕ) ئـەو گـوزەرە دەكـات بـەڕۆژی ڕوونـاك، هـەر لـە بەردەرگەكەیانەوەش منارە كەلەكەی (ئاسیاوە سوورگە) لمۆزی بۆ ئاسمانی تیماری خـاسە درێژ دەكـات. بـاوكم هـەمـوو جـارێك دەیگـوت كـە لـە دەلاقـەی ئـەو ئـاشەوە، بانگەوازی ئاشبەتاڵ بڵند دەبووەوە، سەدان باراشهاڕی شار و دێ ڕوویان تێ دەكرد. دەبووە شەڕی مەغلوبە. خزمێكی دایكم لەو شۆراوە كرێپاڵە بوو، ئەویش ئەو ساڵە لەگەڵ خەڵكەكەدا، بەكاسە و كەویل و نەووگ و پۆشاكیانەوە بوونە خڵتەی سەراو و لە خانووە قوڕەكانی لێواری ئەم كەركووكەدا پەنگانەوە.

دەنگی سێیەم (دایكی برایم)

هەورەبرووسكە و تریشقە ئاسمانی دەجەڕاند. بەسواری گوێدرێژێكەوە، ملمان لە شار نا. ئەوسا حەمەی برام لە تەكمان بوو. كۆڵانەوكۆڵان، لەبەر (تەكیە)، (قەڵا)، (گاورباخی)، (ئیمام قاسم) و تاكو لەم كونجەی ئێستامان حەواینەوە. برایم زۆرجار دەپرسێت (دایە باوكیشم وەكو تۆ خۆشمی دەویست؟!) منیش بۆ ئەوەی باسی باوكی لە بیر بەرمەوە، باسی تری بۆ دەكەم:

(برایم پاش خوێندن تەبەقە هەنارەكەت بەرە بۆ ئەوبەر جادەكە).. (باشە دایە گیان.. هاوینان ترۆزی و كالیار دەفرۆشم.. ئەگەر دوو بۆڵبرینم بۆ پەیدا بكەیت..) (بۆڵبەرین چییە؟!).

دەستی درێژ كردە سەر ڕایەخەكە و شتێكی دەرهێنا. (سێركە.. چۆن دەسووڕێتەوە!!) (باشە كوڕم، تۆ لەكوێ و هاوین لە كوێ!) (دایە گیان عەرەبانەیەكی لە تەختە بۆ دەكەم و...) (چاكە.. چاكە). كۆتاییشی بەمەتەڵێك دەبڕمەوە. جار بووە، بەدەم خەونی ئاجڕوباجڕەوە ناوی باوكی هێناوە. یانیش ڕاچەنیوە. (دایە كە گەورە بووم ساقۆكەی باوكم لەبەر دەكەم). ئابەو نیوەشەوانە، كشتەكی خەمی قوڕبەسەرێكی وەكو من خاو دەكاتەوە. بە ئاسپایی دایدەپۆشم، ئەوساش بیرەوەری دەبێتە شەوچەرەم. ئەمە چەند حەوتەیەك دەخایەنێ، دیسانەوە بەزمەكە دەست پێ دەكاتەوە، ڕاستییەكەی باسی باوكی بە ڕوونی نازانێ، ئەو كڵۆڵە بەدەم كۆكینەوە پارچە سییەكانی فڕێ دەدا هەتا ڕۆژێك ملی لار بووەوە. گۆڕەكەیمان هەر لە شۆراو جێ هێشت، ڕەنگە ئێستاكە تەخت كرابێت لەگەڵ زەوی. شەوێك برایم خەریكی ڕەنگەكانی بوو، منیش جلكە خوماوییەكانم دەگۆڕی كە چاوم لێ بوو نیگاری دێیەكی دەكرد.. سوێندت دەخوارد

ئەو شۆراوەی جارانە. گوتم (برایم، کولەکەی ڕۆحم، ئا لێرەوە بەراوێك هەبوو، پاقلە و جۆمان لێ شین دەدا، هەر لە پشت خانووبەرەکانەوەش، زوورگ و هەڵەتێکی زۆر، بۆ پارەدانی ئاوایی قەدەغە کرابوون).

شەوانە بەدەم لفکە چنینەوە باسی عەرد و خانوو و ئاووهەوای شۆراو بەگوێچکەی برایما دەدەم، نەخوازە نانی سفڵەیی بگرێتە دەم و پشت لە گۆڕی باوکە کۆسکەوتەکەی بکات.

دەنگی چوارەم (هاوڕێیەکی برایم)

هەرکە جانتاکەی دانا، ڕاست بەلاتەکی سەید رەفیقی کارگوزارەوە دەترنجێ. من و ئەو لەسەر یەك تەختە دادەنیشتین. پێشەکی وام زانی بۆ زەنگلێدان لەوێ خۆی مەڵاس دەدات! کەچی وا نەبوو!. زیرەکە و مامۆستایان بەتەنگییەوەن. سەر لەسەری دەسوون، بەتایبەت مامۆستای نیگار. نازانم چۆن لە خوێندن و نیگارکێشان جاڕس نابێت!. حەوتەی پێشوو نیگارێکی لەسەر تابلۆی هەفتانەدا هەڵواسرا، بۆ ڕۆژی دوایی، رانکێکی تازەی حەلوایی لەبەر بوو کە بەچاکەتە حەلواییەکەی مامۆستا وشیار دەچوو! نازانم چۆن بوو برایم دەمی لێم کرد:

– دایکم دەڵێ جەژنی قوربانیشی پێ بەسەربەرە.. سیروان، ئەوسا بەئارەزووی خۆم لە پای هەڵدەکێشم.

ئەم برایم ڕەشیدە هەر دەم و دەست و پلی هەناراوییە!. ئەوسا نەمدەناسی کە بایی دە فلس دەنکەهەنارم لێ کڕی. کاغەزێکی وەکو قەندە شەکر قووچکە کرد و زیادانەشی دامێ. نیگاری باش دەکا مەگەر برزۆی پۆلی شەشەم یەکتای ئەم بێت. نیگارەکەی بەچوار دەرزیلەی سەلك ڕەنگاوڕەنگ داکوترابوو. نیگاری نەورۆز بوو. برێ منداڵی گەڕەك پێچکەی ئۆتۆمۆبێلیان کەڵەکە کردبوو، یەك دووانێکیش سەلکە بزووتك و شاپلیتەیان دەئاخنییە پێچکە کەڵەکەکراوەکان، نازانم بۆ ئەم برایمە نابزۆك و کەمدووە! قەتیش ئەمبازی کەس نابێت!.

دەنگی پێنجەم (برایم خۆی)

دایکم گوتەنی (بڕۆکانم کوتومت بە بڕۆکانی باوکم دەچن). برۆی مام سەیدیش یەکدگیرە! دوو ساڵان بووم کە خازەی خوشکم بەسوورێژە چووە و لە گۆڕستانی شۆراو

لە پاڵ باوکم نێژراوە. ئەو هەردەوملانەی دوو ئاوایی، دەمەوبەهاران بەگولیکە کێوی دەڕازانەوە. گوتم: (جا مامۆستا خەڵك بەبێڵەقانییەوە ڕوویان لەوێ دەکرد. لە زەردەپەڕی ئێواراندا، بە کۆشێ دوومەڵان و چارۆکە هەپلۆك و پشۆکەوە، دەگەڕانەوە.) ئەو ڕۆژەی کە نیگارەکەمی دیت، دایکم بەدەم گریانەوە گوتی: (خۆیەتی. بەڵام ئا لێرە، برایم گیان، چەپەر و تەیمانێك هەبوون. ئا لەولای خانگەکەشمان دارتووێکی چەماوە بکە.) دایکم زۆر ئاوێزانی ئەو نیگارە بوو، بۆیە لە ژوورسەری دامکوتا. بەیانییان دەستەکانی ماچ دەکەم. ئەویش لەگەڵ دەستەخوشکێکیدا، دەچن بۆ (بەنگەڵە)ی پەتاتە و سێو خاوێنکردنەکە. باش بوو بەم دواییە، ئەم دەرووەمان لێ کرایەوە، دەنا هەر جلشۆری و نانەواییی ماڵانی پێ دەبڕا. خۆی گوتەنی (گەلاکوتەك و گڕی تەنوور لە پەلوپۆی خستووم) ئێواران کە هەنارەکەم فرۆشت تێرتێر لە باوەشم دەگرێ. بە مامۆستا وشیارم گوت: (ئەم نیگارە دە لەسەر دە وەرناگرێت؟!) ئەو رووی لە قوتابیانی پۆلەکە کرد:

– هەفتەی داهاتوو نیگارەکانتان هەڵدەسەنگێنم.

ئای چەند حەز دەکەم کە نیگاری دێیەکەمان بەگشت خەڵکی ئەو شارە نیشان دەم. ئەم سیروانەی تەکم هەردەم، چاو لە پەنجەکانم ناترووکێنێ و سەعاتەکەی وەکو نەدیتکە رادەنوێنێ، دیارە لە ماڵەوە هەر خەریکی مزراحێنە!. ڕۆژێك بەچاوی خۆم مستێ نەگدە و کەڵخووتم لە جانتاکەیدا دیت. کە چوومە پۆلی شەشەم بەدایکم دەڵێم سەعاتم بۆ بکڕێت. ئا لە بیرم چوو کە بڵێم لە پۆلەکەماندا سێ (سیروان) ناو و دوو (رووبار) ناو هەن! پێنجشەمووی ڕابردوو بارانێکی شەست دایکرد. مامۆستای وەرزشمان لە کن بوو.

وتی: هەستن.

هەستاین.

دانیشن... دانیشتین.

دەستان بەرز بکەنەوە... بەرزمان کردەوە.

وابکەن... وامان کرد

دوایی بەپێکەنینەوە، وتی: داباریێ.. داباریێ. لە ئێمەش وابوو هەر مەشقەکەیە.

هەموو گوتمان: دابارێ.. دابارێ. مامۆستای وەرزش هەندەی نەما لەبەر پێکەنین بتاسێ.

وتییەوە: دەی ڕۆیکە بەڵکو لەگەڵ ئەم دوو رووبارە و سیروانانە نوغرۆمان دەکەن.

پەنجەی بۆ سیروانەکەی تەنیشتم و دوو سیروانەکەی پاشەوە ئاراستە کرد. ئەو دوو سیروانە زیرەك و هێمنن. وادیارە لە ماڵەوە هەڵمات و هەلووکێن و هارەبانی ناکەن. لە بیرمە، لە پۆلی یەکەمین، کە یەکێك نەیزانیبایە. بەیەکدەنگ گشتمان ڕوومان تێ دەکرد:

نەیزانی وەی نەیزانی

گۆڵکی بردە سەر کانی

تێبینی:

ڕەحیم ئاوا- بەرتەکیە- ئیمام قاسم- قەڵا- گاورباخی/ گەڕەك و ناوچەن لە کەرکووك.

نەگدە: بزماری مزراحە.

کەڵخووت: مزراحێکی بێ نەگدەی (خوێڕی)یە یاری لەسەر دەکەن.

# هەڵسەنگاندن

**بووك و بەفر**

دەمەوێ بەر لە هەموو شت، سەرنجتان بۆ لایەنێکی گەلێ بایەخداری هونەری چیرۆکنووسین رابکێشم، کە من هەر لە یەکەم خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەوە، لەلام بوو بە تێبینییەکی سەرەکی و وام بە پەسند زانی بیکەمە بنچینەی باسکردنم لە چیرۆکەکە. تێبینییە سەرەکییەکە دەڵێ: هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی فیکرەی بنەڕەتیی چیرۆکەکە بە رووتی، واتە ئەوەی گیانە هونەرییەکەی بەبەردا بکرێ و بکەوێتە بزووتن و جموجۆڵ، مەرجێکی گرینگی سەرکەوتنێتی. گومان لەوەدا نییە هەر چیرۆکنووسێك کە بەنیازی نووسینی چیرۆك دەست دەداتە قەڵەم و دەینێتە سەر کاغەز، دەبێ فیکرەیەکی جەوهەری لەبیر و هۆشی خۆیدا ئامادە کردبێ و وەك ئامانجێك لە نووسینی چیرۆکەکەی بۆی بچێ و بەغەیری خۆی رابگەیەنێ، ئیتر سا ئەو فیکرەیە و ئەو ئامانجە هەرچییەك و هەرچۆنێك بێ. بۆ زیاتر روونکردنەوە دەڵێم: وا تۆ چیرۆکنووسێکیت و لە فیکرەیەك دەگەرێیت بۆ چیرۆکێك. دیارە دەورت بە فیکرە تەنراوە و ئەگەر مەسەلە هەڵبژاردنی هەرەمەیی بێ، ئەوا هیچ دامان و لێرامانێکی پێ ناوێ و ئاساییە دەست بدەیتە هەر کامیان و هونەرەکەتی لێ بخەیتە کار. بەڵێ: ئاساییە ئەمە بکەیت و بڵێیت وا چیرۆکێکم نووسی.. بەڵام ئەی ئاخۆ ئەو ئاساییەت هەروا ئاسایی بۆ دەچێتە سەر و بەتایبەتی ئەگەر بەدڵ مەبەستت بێ لە غەیری خۆتی ببیسیت و بزانیت ئاخۆ لەو کۆششەتدا بەچی گەیشتوویت؟!.

برای چیرۆکنووسم جەلال مەحموود عەلی، سەبارەت بە چیرۆکەکەی نووسیوێتی کە (چیرۆکێکی تەسجیلی)یە. ئەو لەمەدا بەهەڵە نەچووە و راستە چیرۆکێکی (تەسجیلی)یە، ئەگەرچی (تەسجیل)ی رابردووە نەك حاڵی حازر و وا تێ دەگەم (تەسجیل)یش بۆ حاڵی حازرە نەك رابردوو. بەڵام من هەقم بەسەر ئەمەوە نییە. من فیکرەکەم مەبەستە و پڕ بەدڵ لەسەری ئافەرینی دەکەم. فیکرەکە چییە؟.

چاڵە بەفرەکان.. چاڵە بەفرەکانی سەر چیای گۆیژەی پشت شاری سلەیمانی. ئاشکرایە نەوەی لەدایکبووی ئەم بیست سی ساڵی دواییە، لە نزیکەوە بە بینین و لەگەڵ ژیاندا ئاگەداری ئەم باسە نین و فیکرەی چیرۆکەکە بەتایبەتی بۆ ئەوان، هەتا

بلێیت تازەبابەتە و بۆیان جێگەی خۆشحاڵییە. هەروەکو بۆ ئێمەی نەوەی سەردەمی چاڵە بەفرەکانیش، کە لەگەڵیدا ژیاوین و پێش ئەوەی مەکینەی سەهۆڵ و دوایی سەلاجەی کارەبایی بەناو شاردا بڵاو ببێتەوە، هەموو بە خۆمان و سەرهەویرێك و عانەیەك یا دوو عانەوە، نێردراوین بۆ کڕینی، بەزۆری بۆ ناو ماستاو، چونکە ئاوی ساردمان پتر هی شەربە و مەرکانە بوو. ئەمە جگە لەوەی کە هێندەی من پێ بزانم، یەکەم جار چیرۆکنووسێکمان بۆ ئەم باسی بەفر و چاڵە بەفرە دەچێ، کە ئەمەش بۆ خۆی هەم بۆ برای چیرۆکنووسمان دەبێتە دەستپێشکەریی زیرەکانە و، هەم گەنجینەی چیرۆکی کوردیشمانی بەباسێکی نوێ پێ دەوڵەمەند دەبێ.

بەم جۆرە دەبینین کە چۆن زیرەکی و وردیی چیرۆکنووس لە هەڵبژاردنی فیکرەی چیرۆکەکەیدا بە ڕوونی، واتە وەك وتم: پێش ئەوەی گیانە هونەرییەکەی بەبەردا بکرێ، یەکێکە لە مەرجەکانی بەدیهێنانی سەرکەوتن بۆ چیرۆکەکە و بگرە بەردی بناغەیەتی. بەڵام هەر لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەم چاك هەڵبژاردنە، بەدوو باردا چاك بردنەسەری پێ دەوێ. یەکەمیان بەپووچنەکردنەوە و وننەکردنی، لە گێژاوی فیکرە و کارەسات و بەسەرهاتی لاوەکیدا. دووەمیشیان گیانە هونەرییەکەی کە بەبەریدا دەکرێ.

ئەوی ڕاستی بێ من کە بۆ جاری دووەم و سێیەم بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە و بەنیازی هەڵسەنگاندن چیرۆکەکەم خوێندەوە، کە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی بڵێم: خۆزگە برای چیرۆکنووسم شان بەشانی ئەو سەرکەوتنەی لە هەڵبژاردنی فیکرەکەدا، لە نواندنیشیدا بە وشە و رستەی سەر کاغەز، تا کۆتایی بەسەریدا زاڵ دەبوو.

بەڵێ: بەداخەوە چاك هەڵبژاردنەکە، بەو بارە زۆر کۆکەدا کە چاوەڕوان دەکرا، چاك بردنەسەری لەگەڵدا نەبوو. ئەویش لەبەر ئەم کەموکووڕییانەی، کە لە باری سەرنجی خۆم و بەپێی تێگەیشتنی تایبەتیی خۆم، سەبارەت بە هونەری چیرۆکنووسین دەستنیشانیان دەکەم:

١ – کاك جەلال لەم چیرۆکەیدا، هەوڵی داوە تەکنیکی نوێ بەکار بهێنێ و ئەمەش هەوڵدانێکی چاکە و پەسندە. هەروەکو بارێکی گونجاویشی لەو تەکنیکە نوێیە هەڵبژاردووە کە مۆنۆلۆجە، واتە پاڵەوانی چیرۆکەکە خۆی دەدوێنێ و بەلایەنێکی ڕابردوویدا دەچێتەوە کە بەفر و چاڵە بەفرەکانە و لە کات و ساتێکی گونجاویشدا بۆ پاڵەوانەکە کە حاڵەتی بەفربارینە و لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە تێ دەڕوانێ

لـێی ورد دەبـێتـەوە. بـێگـومـان هـەڵبـژاردنـی ئـەم بـارە هـونـەرییـەش بـۆ نـوانـدنـی فیکرەکە، دیسان کارێکی سەرکەوتووانەیە. بەڵام کەموکوورییەکە لەوەدایە کە کـاك جـەلال لـەبـەر کـەم شـارەزایـی تـێیـدا، ئـەنـجـامـی کـەم بـەکـارهـێنـانـی لـە چیرۆکەکانی لەوەبەریدا و پێڕانەهاتنی، نەیتوانیوە بەسەریدا زاڵ ببێ و ئەگەر بـچـینـە بـنـجـوبـنـاوانـییـەوە، پـتـر دەبـێتـەوە بـە گـێڕانـەوەیـەکـی وردی دوور و درێژ، لەلایەن پاڵەوانەکەوە بۆ یەکێکی تر نەك بۆ خۆی. چونکە داهێنەرانی ئەم شێوەی مۆنۆلۆجە، بەهۆشیارییەوە ئاگایان لەو ڕاستییە فیزیۆلۆجییەی مێشك هەبووە، کە لـە پـێداچـوونـەوەی ڕابـردوودا و هـەروەهـا لـە بـەرچـاوهـێنـانـی حـاڵـی حـازر و داهـاتووشدا، زۆر لـە توانـای بـەگیرهێنان و خستنە سەر کاغەز بە وشە و ڕستە خـێراتـرە. لـەلای ئـەو (واتـە مـێشك)، مـەسـەلـە وەك دەوتـرێ: بـۆ پـڕکـردنـەوەی لاپـەڕەکـانـی کـتـێبـێك چـاوتـرووکـانـێکـە، لـە کـاتـێکـدا پـڕکـردنـی ئـەو کتێبە لەلایەن چـیـرۆکـنـووسـەوە و هـەر بـەهـەمـان شێوەش، چـەنـدان ڕۆژ و مـانـگـی پـێ دەوێ. هۆیەکەشی ئەگەر کەمێ بەوردی سەرنجی بدەینێ، زۆر سادە و ساکارە و بریتییە لە جیاوازیی خێراییەکەی، نێوان مێشك و زمان لە بزووتن و چالاکیدا و نهێنیی ئـەو وتـەیـەشی کـە بـەردەوام دەوتـرێ: زمـان وەك ئـامـێرێکـی هـەست و نـەست و بیروڕاو، نواندنی ئەوەی لە دڵ و دەرووندا هەیە، دەستەوستانە. هەر بۆ نموونە: تـەنـانـەت مـۆنـۆلـۆجـە سەدوپـەنـجـا و دوو لاپـەڕەیـیـەکـەی جیمس جویس لـە (یولیسیس)دا، کە چاکترین نموونەی مۆنۆلۆجی بینگرتووە، هێشتا هەر بەتۆزی پێی خێراییی مۆنۆلۆجی ڕاستەقینەی ناو مێشکدا ناگا، لەبەرئەوەی کە ئەمیان خێرایی بـابلێین تیشك پـاڵپشتی و ئەویـان (واتـە زمـان) خێرایی کیسەڵێك.

لێرەوە بـادەدەمـە سـەر چیرۆکەکەی کاك جەلال و دەڵێم: تۆ مـامـە قـالـەیـەکـت هـەیـە و ئـیـفـلـیـجـە و بـەتـەنـیـا لـە ژوورێکدا دانـیشتـووە و لـە پـەنـجـەرەکـەیـەوە دەڕوانێتە دەرەوە. یەکێکە لە ڕۆژە سەختەکانی زستان و بەفر دەبارێ. ئەو دیمەنە یەکێك لە هەزاران تۆپەڵە زانیاریی کەڵەکەبووی ناو شانەکانی مێشکی دەبزوێنێ. کە دەشێ و بگرە دەبێ چەندان جاری تر، لەوەبەر بزوابێ و بزوابێتەوە. ئەمە یەکێکە لە خاسیەتە هەرە گەورە و دیار و ئاشکراکانی مێشکی ئادەمیزاد. (مێشکم گەنجینەیەکی پاراستنی زانیارییە.. سادەترین مێشکی ئاسایی نانەخۆش، گەورەترین کتێبخانەیە و هێندەی ناوەڕۆکی دوو توێی، سەدان کتێبی جۆراوجۆر زانیاریی تێدا کەڵەکە کراوە.) جا کە ئەمە بناغە

یا سەرچاوەی ئەو هونەری مۆنۆلۆجە بێ لە چیرۆکنووسیندا، دەبێ چیرۆکنووس کە لە ئاستیدا وشە و ڕستە بەکار دێنێ، چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکا؟. دیارە نابێ بەو شێوە ڕێکوپێك و زنجیرەییە بێ، کە برای چیرۆکنووس نواندوویەتی. ئیتر وەك گوتم: ئەمە لە ڕووی هونەرییەوە، بۆ چیرۆکەکە بووەتە کەموکوڕییەکی سەرەکی.

٢- وەکی تر ئێمە بەپێی چ ناوی چیرۆکەکە و چ ناوەرۆکەکەی، بووکمان هەیە و بەفرمان هەیە. ئەوەبوو لە بەندی پێشوودا لە نێوانی بەفرەوە باسێکی مۆنۆلۆجمان کرد. بەڵام لەم بەندەدا با لە نێوانی بووکەوە باسێك لە لایەنێکی گرینگی تریش بکەین.. باس لە نموونەی کەسانی چیرۆك و چۆنێتیی هەڵبژاردن و نواندنیان. ئاشکرایە کاکی چیرۆکنووس لەم چیرۆکەیدا، پێشەکی بڕیاری داوە کە چیرۆکەکەی هەر دەبێ دڵداریی تێدابێ!. چونکە بڕیاری داوە کە ناوەکەی (بووك و بەفر) بێ. بەهەرحاڵ وەنەبێ ئەمە کارێکی نائاسایی بێ. چیرۆکنووسێکە و لەلای خۆیەوە وەهای بەچاك زانی. بەڵام نائاساییەکە لەوەدایە، کە چیرۆکنووس وەختێ دەستی لێ داوەتە قەڵەم، دوازدە لاپەڕەی (بەپێی دەستنووسەکە) لەسەر لایەنی بەفرەکە نووسیوە و ئینجا وەك لە پڕێکدا بیری کەوتبێتەوە، کە بەڕاست ئەی بووکەکە کامە بێ و چۆن بێ و چی بێ؟!. ئینجا کەموکوڕیی سەرەکیی دووەم، لێرەوە سەرهەڵدەدا و دەلاقەیەکی تری لە ڕووی هونەرییەوە تێ دەخا. چونکە سەبارەت بە بووك کار لە کار ترازاوە و وەختی هێنانە سەرشانۆی لە چیرۆکەکەدا لە بنەڕەتەوە تێپەڕیوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وەختێك دەیهێنێتە سەر شانۆ، ڕەخنەگر هەر زوو ئەم لایەنە لاوازییانەی تێدا بەدی دەکا:

١- ئایا چاکتر وانەبوو، بووك لە بری ئەوەی بەفرکرێکی لاوەکی و خەڵکی شاری دووز بێ، کیژێکی خاوەن پێوەندیی ڕاستەوخۆ بێ بەبەفر و کارەساتەکانیەوە و، وەك مامە قالە خۆی لەگەڵ چاڵە بەفردا ئەندێشەدار بێ؟!. بەڕای من باری هەرە گونجاو بۆ ئەو کەسەی دەبوو بۆ بووکی بەفر هەڵبژێردرایە، کیژێکی پێوەندداری ڕاستەوخۆ بووایە بەبەفر و چاڵە بەفرەکانەوە و دەبوو هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەشەوە لە کایەدا بووایە و بەردەوام لە بیر و هۆشی مامە قالەدا ببزوایە و هەوێنی ئەو پێداچوونەوەیەی بووایە بەو لایەنەی رابردوویدا.

ب- بابڵێین کاکی چیرۆکنووس ئەو تێبینییەی پێشووی بەدڵ نابێ و سوور دەبێ

لەسەر ئەوەی بووکەکەی کیژێکی خەڵکی دووز بێ!. چاکە و نەییسا! بەڵام پـێوەنـدیـیـەکـەی لـەگـەڵ مـامـە قـالـەدا، بۆچـی هـەر دەبـێ ئـەو شێوە سوواوە جووراوەوەی بدرێتێ؟!. پێوەندییەکە ماوەی سەدویەك باری تری بەبەرەوە هـەیـە، بـەتـایـبـەتـی کـە بـووك بـووکـی بـەفـرە.. بـووکـێکـی تـایـبـەتـی بـەفـرە، نەك بووکێکی ئاسایی. بەلای منەوە تەنانەت ئەگەر هەر دەبوو ئەو بووکی بەفرە خەڵکی دووز بێت (وەك چیرۆکنووس حەزی لێ بووە)، لە بری ئەوەی وازی لێ بێنم دوورە پەرێز لە بەفر و چاڵە بەفر بمێنێتەوە، دەمهێنا و دەمهاویشتە نـاوجـەرگـەی کـارەسـاتـی بـەفـر و چـاڵـە بـەفـرەوە، لـەگـەڵ هـێشتـنـەوەی بەیەکنەگەیشتنەکەشی لەگەڵ مامە قالەدا.

٣- دواجار ئەم فیکرە سەرکەوتووە (بەفر و چاڵە بەفرەکان)، بۆچی ئیللان و بیللان دەبێ (بووك و دڵداری)ی تێدابێ؟!. باشە بۆچی باسەکە برێتی نەبێ لە تەنیا ئیشەکەی لەوەبەری مامە قالە و ئەشکەنجە و ئازاری لەگەڵیدا و خۆشەویستی بۆ ئەو ئیشەی، کە بۆ هەزاران مرۆڤ سوودگەیێن و بەکەڵکە؟!. بۆ برێتی نەبێ لە تەنیا پێداهەڵدان بەکار و کۆششی مرۆڤ لە ژیاندا، کە هۆی سەرەکیی گەیشتنی مرۆڤایەتییە بەم پلەیەی ئێستای پێشکەوتنی لە ڕووی شارستانییەوە. ئەمە جگە لە نواندنی سۆزی ئەو تاکەکەسە، بەرامبەر بەکارکردن و خەفەتبارییەکەی، بەرامبەر بە نەمانی ئەو توانایە لە جەستەیدا. من لە جێگەی کاك جەلال بوومایە، بـێ سێ و دوو ئـەو چـیـرۆکـەم بـۆ ئـامـانـجی سەرەکـی تـەرخـان دەکـرد. یـەکـەم: باسکردن لە بەفر و چاڵە بەفرەکان. دووەم: لە ئەشکەنجەی ئەو مرۆڤەی چاڵە بەفرەکانی پڕ لە بەفر دەکرد و لە هاویندا دەیهێنا بۆ پێدانی فێنکی بە خەڵکی شارەکەی. بەڵام بە موتووربەکردنی ئەم دوو ئامانجە لەگەڵ هەزارویەك هەست و نەست و هیوا و ئاوات و بیروڕای تایبەتیی خودی خۆیدا.

تێبینی:

حەز دەکەم ئەو برادەرانەی لە دیدارەکەدا بەشدار بوون و ئاگەدار بن، کە ئەم نووسینە لە چاو ئەوەی لە دیدارەکەدا خوێندمەوە، هەندێکی لێ زیاد کراوە یا زیاتر بەپێی پێویست درێژەی پێ دراوە.

باسکردن لە چیرۆکی برایم شۆڕاوی، باسکردنە لە پێنج چیرۆك لە چیرۆکێکدا، یا چاکتر وایە بڵێم باسکردنە لە یەك کەس لە چاوی پێنج کەسەوە. ئەم شێوەیەش بواری بە چیرۆکنووس داوە، کە بتوانێ مەودای بەکارهێنانی هونەرمەندیی خۆی گەلێ تێدا بەربەرەڵا بکاو، گەلێ پڕوچڕ لە کات و شوێنی جیاجیا و لە پێوەندیی جۆراوجۆری نێوان کەسانی و، لە مەغزایەکی قووڵی بەپەلوپۆیش، کە سەرتاپای رووبەری ناو چوارچێوەی چیرۆکەکە پڕ دەکاتەوە بدوێ. بۆیە من وای بەباش دەزانم هەر لەو سێ لایەنەوە، لە چیرۆکەکە بدوێم و هەڵی بسەنگێنم:

١– کات و شوێنی جیاجیا:

خوێنەری ئەم چیرۆکە کە لە خوێندنەوەی دەبێتەوە هەست دەکا، کە چیرۆکنووس بەشێوەیەکی زۆر وەستایانە، گەلێ ئەم شوێن و ئەو شوێنی پێ کردووە و لە گەلێ کات و ساتی جیاجیادا و بەوردیش ئەو شوێن و کاتانەی پێ ناساندووە و بگرە وای لێ کردووە هۆگریشیان ببێ و شان بەشانی چیرۆکەکە پێیان ئاشنا ببێ. یەکەم کات و شوێن و قوتابخانەکەی برایمە، بەڵام بەبەستنەوەیەکی زیرەکانە و بەکات و شوێنە سەرەکییەکەی ناو چیرۆکەکەوە کە گوندی (شۆڕاو)ە، ئەویش کارێکی هونەرمەندانەی زیرەکانەی ترە، کە رەسمکردنی گوندەکەیە لەلایەن برایمەوە و نیشاندانی بە مامۆستای رەسم لە پۆلدا. دووەم کات و شوێن گوندی شۆڕاوە و لە رۆژگارێکدا، کە برایم لەناو بێشکەدا بووە و باوکی لە ژیاندا بووە، دیارە وەك وتم ئەمەیان کات و شوێنی سەرەکییە و مەغزا سەرەکییەکەش وەك دوایی ئیشارەتی پێ دەدەم هەر لێرەدایە. کات و شوێنی سێیەم ماڵەکەی برایم و دایکێتی لە رەحیماوا و لە رۆژێکدا، کە برایم لە قوتابخانەیە. دواجار ناوی گەڕەکی (بەرتەکیە و قەڵا و گاورباغی) دەبرێ، کە لەوەبەر پێش ئەوەی لە گەڕەکی رەحیماوا بگیرسێتەوە تیایاندا ژیاون. گرینگیش ئەوەیە کە ئەم کات و شوێنە جیاجیایانە، یەك بەندی یەکترن و لە نێوان پێوەندیی کەسانی چیرۆکەکەوە بەیەکترەوە، باسیان لێ دەکرێ و هەر بەو پێیەش دەنوێنرێن.

٢– پێوەندیی جۆراوجۆری کەسانی چیرۆکەکە:

لەم چیرۆکەدا راستە کە کەسی سەرەکی برایمە، بەڵام برایم تەنیا بەوە کەسی سەرەکییە، کە کەسانی تر هەموو باسیان لەوە. دەنا ئەوانی تریش هەریەکە بەدابڕانی

لە برایم بۆ خودی خۆی هیچی کەمتر نییە، کە بریتین لە مامۆستای دەرسی ڕەسم و فەڕاشی قوتابخانە و دایکی و برادەرێکی و تەنانەت باوکیشی، کە ئەگەرچی بەجەستە لە ژیاندا نەماوە، بەڵام لەگەڵ هەموو کەسە زیندووەکانی ناو چیرۆکەکەدا دەژی و حیسابی بۆ دەکرێ. ئەوەی لە پێوەندیی نێوان ئەم کەسانەدا پتر لە هەر شتێکی تر سەرنج ڕادەکێشێ، ئەو گیانی مرۆڤایەتییە پاك و بێگەردەیە، کە چیرۆکنووس وشیارانە و بێ سەپاندن و زۆر لە خۆکردن و دەستکارییەوە دەینوێنێ و خوێنەر وا لێ دەکات بەدەم خوێندنەوەی چیرۆکەکەوە، ئافەرین لە هەڵوێست و کردار و ڕەفتاری مەردانەی یەك بەیەکیان بکا، بەتایبەتی کە هەموو بە زمانی ناخ بۆ خۆیان دەدوێن و ناچاری ریاکاری و درۆودەلەسە نین.

وەکی تر هەریەکەیان سەرباری ئەو سیفەتە هاوبەشە لە نێوانیاندا، هێندەی پێوەندیی بە چیرۆکەوە هەبێ، خاوەنی سیفەتێکی تایبەتییە بەرامبەر برایمی کەسی سەرەکی وەك مامۆستا و دڵسۆزی، فەرامۆش و بەتەنگەوەهاتن، هاوڕێ و ستایشکردن، دواجار دایك و قوربانیدان و جگەرگۆشەیی.

٣- مەغزاکە:

بۆ ئەمیان با من پێنج چیرۆکەکەتان بۆ بکەمەوە بەیەك چیرۆك. (برایم قوتابییەکی پۆلی پێنجەمی سەرەتاییە. لەگەڵ دایکیدا لە کونجێکی گەڕەکی ڕەحیماوادا دەژین. بێدەرەتان و هەژارن. دایکە بە جلشتن و نانەوایی کوڕەی بەخێو کردووە. دوایی بەکارکردن لە بەنگەڵەی پاککردنەوەی پەتاتە و سێودا. برایم قوتابییەکی زۆر زیرەکە و نیگاری جوانیش دەکا. کردار و ڕەفتاری پیاوانەیە. تەنانەت بەهەنار فرۆشتن بۆ دابینکردنی بژێوییان یاریدەی دایکیشی دەدا. بۆیە لەلای هەمووان «مامۆستا، فەڕاش، هاوڕێیانی قوتابخانەکەی، دایکی» خۆشەویستە و ڕێزی لێ دەنرێ). ئەمە برایمە لە حاڵی حازریدا، واتە لە ڕۆژانێکدا کە قوتابییەکی پۆلی پێنجەمی سەرەتاییە و لەگەڵ دایکیدا لە کونجێکی گەڕەکی ڕەحیماوا دەژین و ڕۆژانە وەك دوو ئادەمیزاد لە ژیاندا هەڵدەسووڕێن. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم برایمە و دایکی خاوەنی مێژوویەکن.. خاوەنی ڕابردوویەکی ئەوتۆن، کە کارەساتێکی تایبەتی و بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێشمان دەخەنە پێش چاو. کەوابێ با چیرۆکەکەتان بۆ تەواو بکەم:

برایم و دایکی ئاسایی لە گوندی شۆڕاوەوە نەهاتوونەتە گەڕەکی ڕەحیماوا.

(هەورەتریشقە و بروسکە ئاسمانی دەجەڕاند. بەسواری گوێدرێژێکەوە ملمان لە شار نا). (گۆڕەکەیمان– مەبەست گۆڕی باوکی برایمە کە بەنەخۆشیی سیل مردووە– هەر لە شۆڕاو جێ هێشت. ڕەنگە ئێستاکە تەخت کرابێ لەگەڵ زەوی). (خزمێکی دایکم ئەو ساڵە کرێپاڵە بوو. ئەویش ئەو ساڵە لەگەڵ خەڵکەکەدا، بە کاسە و کەویل و نەووگ و پۆشاکیانەوە، بوونە خڵتەی سەراو و لە خانووە قوڕەکانی لێواری ئەم کەرکووکەدا پەنگانەوە). (ئەوسا تۆ لە بێشکەدا بوویت. چۆن ئەو هەموو شتانەت لە پێش چاوە؟) (ئەو ڕۆژەی کە نیگارەکەمی دیت بەدەم گریانەوە گوتی: خۆیەتی.. بەڵام ئالێرە برایم گیان چەپەر و تەیمانێك هەبوون. ئا لەولای خانگەکەشمان دارتوویەکی چەماوە بکە. ئای چەند حەز دەکەم کە نیگاری دێیەکەمان بە گشت خەڵکی ئەم شارە نیشان دەم).

واتە دەبێ کارەساتێك دوای مردنی باوکی برایم بەنەخۆشیی سیل، لەو گوندە رووی دابێ و نەك هەر برایم و دایکی، بگرە هەموو خەڵکی گوندەکەی ناچاری کۆچکردن بۆ ناو شار کردبێ. چیرۆك جۆری کارەساتەکە ئاشکرا ناکا، کە من بەشبەحاڵی خۆم دەڵێم چاکی کردووە و ئەمە لە ڕووی هونەرییەوە تێدا هێشتنەوەیەکە بۆ خوێنەر بەتایبەتی، کە ڕۆژگاری لە چیرۆکەکەدا بۆ دیاری نەکراوە چ وەختێکە، ئەگەرچی دوای پەیدابوونی گەڕەکی ڕەحیماوا دەگرێتەوە. واتە– برایم شۆڕاوی– چیرۆکی دەربەدەربوونی گەلەمرۆڤێکە و چیرۆکنووس دایك و کوڕێکی لێ کردوون بە نموونەو، و ئەشکەنجە و ئازاری ساڵانی دوای ئەو بەسەرهاتەیان دەگێڕێتەوە. بەڵام چیرۆکنووس پێمانی ڕادەگەیەنێ، کە دوای ئەو بەسەرهاتە دنیایان لێ ئاخر نەبووە. وەك هەردوو ئادەمیزادێك لەم ژیانەدا کۆشش دەکەن و دەدوێن، بەتایبەتی کە نەکەوتوونەتە ناو بیاوانێکی کاکی بە کاکییەوە. بگرە دەوریان بەگەلێ ئادەمیزادی هەژار و حەوساوەی تری وەك خۆیان تەنراوە. دایکە شانی دەداتە بەر جلشۆری و نانەوایی دواجار کرێکاری دەکا. برایم گەورە دەبێ و دەچێتە قوتابخانە و بەسەرێك هەنار دەفرۆشێ و بەسەرێکیش دەخوێنێ و قوتابییەکی زیرەکە و لە نیگارکێشانیشدا دەستوپەنجەی ڕەنگینە، بۆیە دەبێتە دەستەگوڵی مامۆستاکانی. لە پاڵ ئەمانەدا چیرۆکنووس لە نێوان هەست و نەستی برایم و دایکییەوە، چاوێکی خوێنەر هەر لەلای گوندی–شۆڕاو– دەهێڵێتەوە. دیارە دایکە بەردەوام باسی گوندەکەیانی بۆ برایم کردووە و بەسۆز و خۆشەویستییەکی قووڵەوە لێی دواوە. بۆیە برایمیش نیگارەکەی –بەشایەتیی دایکی– کتومت دیمەنی گوندەکە دەنوێنێ.

وەكی تر پەیوەندی و هەڵوێستی كەسان بەرامبەر بەم دوو ئادەمیزادە لێقەوماوە، (مامۆستا و فەراش و هاورێ و دەستەخوشكەكانی دایكە و، ئینجا بە پێوانە بۆ ئەوان، كەسانی تری نادیاریش لە بابەتی ئەمان لە چیرۆكەكەدا)، دەبێتە نموونەی پێوەندییەكی مرۆڤانەی گەش و دەوری كەسە سەرەكییەكەی پێ تەنراوە، كە چیرۆكنووس زیرەكانە منداڵێكی وەك برایمی بۆ هەڵبژاردووە.

گۆواری كاروان– ژ/٢–١٩٨٢

خولی دووەمم لە (هاوكاری)دا

## زمانی كوردی و شیعری كان كان

ئەمجارە سەرانسەر قسەم لە شیعر دەبێ. ئێوە دەزانن من چیرۆكنووسم. بەڵام لێتانی ناشارمەوە كە قسەم لەسەر شیعریش زۆرە بیكەم و ڕەنگە زۆرجاری تریش بابدەمەوە سەری و لێی بدوێم. سا یەكێ لەو قسە زۆرانەم، سەبارەت بە دیاردەیەكە كە پێوەندیی بەزمانەوە هەیە و لەو دە پازدە ساڵی دواییەدا یا تۆزێ زیاتر، ڕووی لە بەرهەمی شیعریمان كردووە و وەك پەتایەك تیایدا بڵاو بووەتەوە. من دیاردەكە ناو دەبەم بەشیعری (كان كان!) و دەڵێم: ئەم (كان كان)ە لە ڕووی زمانەوانییەوە بەگشتی و ئینجا لە ڕووی سەلیقە و میزاجی كوردەوارییەوە (گۆران واتەنی) بەتایبەتی، بەزمانەكەمان گەلێ نامۆیە و لەگەڵیدا ناگونجێ. بۆ ڕوونكردنەوەی مەبەستەكەشم دەڵێم: ئاشكرایە كە كورد دەستوورێكی تایبەتیی خۆی سەبارەت بە (كۆ) لە ڕووی زمانەوانییەوە هەیە و ئەمە مەسەلەیەكە كە ئەگەر بۆ زمانەوان كارێكی هەندێ بەئەرك بێ، خۆ بۆ شاعیر لەوە بەولاوە نییە، كە پشت بەزمانە (زكماك)ییەكەی ببەستێ و، بۆ خۆبەدوورگرتن لەو داوی (كان كان)ە، تەنیا بەسەلیقە ڕێگە بگرێتە بەر.

تكایە ئێوە سەرنج بدەن.. كورد.. كوردی خوێندەوار و نەخوێندەوار، كاتێ ئاسایی قسە دەكا (هەموو لایەنەكانی زمانەوانیش، لەم قسەكردنە ئاساییە هەڵدەهێنجرێ نەك بەپێچەوانەوە) دەڵێ: چاوم دێشێ یا دێشێن، قاچم تەزیوە یا تەزیون، هەور بەری ئاسمانی تەنیبوو، ئاو شاڵاوی هێنا، ئەستێرە دەیجریوان یا دەیانجریوان و كورد ناڵێ: چاوەكان، قاچەكان، هەورەكان، ئاوەكان، ئەستێرەكان.. هتد. كەچی لەو دە پازدە ساڵی دواییەدا ئەم (كان كان)ە، زۆر بە فراوانی نەك تەنیا لە شیعری شاعیرە لاوە تازەپێگەیشتووەكاندا، بەڵكو لە شیعری گەلێ لە شاعیرانی نەوەكانی پێشووشدا

دەبینرێ و بەوە شکاوەتەوە کە بوویێتە پەتایەك و بەدەگمەن هەبن لە چنگی رزگاریان بووبێ!. بەڵێ.. بەرهەمی شیعریی ئەو ساڵانەمان، پڕن لەم جۆرە (کۆ)یە نابەجێ و ناکوردییە وەك: (رووبارەکان، چاوەکان، دەستەکان، قاچەکان، شاخەکان، دڵەکان، ئاوەکان، هەواکان، ئاسمانەکان، کان.. کان.. کان..!!).

من دوور ناڕۆم و نموونە لەو هەزاران شیعرەی ناو دیوانە شیعر و ڕۆژنامە و کۆوارەکانی ئەو ساڵانە ناهێنمەوە، بگرە تەنیا ژمارە (٩٦٣)ی (هاوکاری) دەگرم و دەڵێم: ئەوە برای شاعیر محەمەد حوسێن هەڵەبجەیی لە شیعری (ڕێناس–ل/٦)دا دەنووسێ:

قاچەکانم

بە ئازارەوە لە دوام دێن

پەنجەکانم

ڕەق هەڵاتوون.. کۆڵەووژن

یا برای شاعیر ئاوات کامل هەر لە (ل/٦)دا دەڵێ:

بە بەهاری (چاوەکانی) تۆ نەبێ

سەوز نابێ

یا برای شاعیر هۆشیار بەرزنجی لە شیعری (دەبێرەوە–ل/٧)دا دەنووسێ:

لە ئەلبوومی (یادەکانتا) بمدڕێنی

یا دەڵێ:

ئەی چێنەری (یادەکانم)

یا برای شاعیری وریام دڵشاد عومەر کاکی دەڵێ:

(کۆڵانەکان) تەی ئەکەم و

یا برای شاعیر مەسعوود پەرێشان لە شیعری (شەوەکانت–ل/٨)دا دەنووسێ:

ساڵەکانت دەکەن بەڕۆژ

یا دەڵێ: (ڕۆژەکانیشت، چرکەکان، نینۆکەکانت، دەستەکانت، پەنجەکانت).

ئینجا وەرن با بزانین شاعیرانی لەوەبەرمان، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەم

مەسەلەیەدا كردووە؟. من زۆر ناگەڕێمەوە بۆ دواوە و، نموونە تەنیا لە شیعری دوو شاعیری نزیكەساڵمان دێنمەوە. یەكەمیان (گۆران)ی مەزنمانە، كە بڕوانن چۆن بەپێی سەلیقەی زمانە زكماكییەكەی، لەگەڵ ئەو هەموو داهێنانەشدا كە كردوونی، چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم مەسەلەیە كردووە. سوێندتان لەسەرم نییە، من نەچووم بەلاپەڕەكانی دیوانەكەیدا بگەڕێم، بەڵكو یەكسەر كردمەوە و گەشتەكەی هەورامانم بۆ دەرچوو. ڕاست لە لاپەڕە (١٣١)دا، ئەم نموونانەم بەرچاو كەوتن:

ئەستێرەی مەغریب وەك قەترەی ئەمەل

كزكز ئەتكێتە ناو بەفری سەركەل

دیارە ئەو نەیوت (ئەستێرەكان)، كە ئاشكرایە مەبەستی كۆی ئەستێرەكانە. یا دەڵێ:

لە درەخت ئەدا شنەی بای سەحەر

جموجووڵێتی چەشنی سەودای سەر

خۆ لێرەشدا ئاشكرایە، كە مەبەستی (درەختەكان)ە. ئینجا لە (ل/١٣٢)دا دەڵێ:

لەسەر جۆگەی ئاش قاز و مراوی

چاوەڕێی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی

هەروەها ئەو نەیوت (قازەكان و مراوییەكان). ئەو بەڕستەی (چاوەڕێی ڕۆژن)، ئەو مانای (كۆ)یەی داونەتێ. هەر لەو لاپەڕەیەدا دەڵێ:

تا تەواو ئەبێ (الله اكبر)

پەنگ ئەخواتەوە لافاوی نوێژكەر

لێرەشدا نەیوت (لافاوی نوێژكەرەكان)، چونكە لافاو (كۆ)یان دەكاتەوە.

شاعیری دووەم (كامەران موكری)ی نەمرە، كە بۆ نموونە سەراپای شیعری (شەپۆلی زێڕ)ەكەی (دیوانی كامەران موكری-ل١٠٤)، ڕەچاوی ئەم دەستوورە ڕەسەنەی زمانی كوردی دەكا. ئەو دەڵێ:

ئاسمانی شین

(ئەستێرە)ی (زیو)ی رووی سڕی

.. .. ..

(بەرد)ی (کەنار) خۆیان ئەشت

(ئاو)ی (خوڕ) مرواریی ئەڕشت

.. .. ..

لە چیمەنا (پۆڕ)ی نەرمـــین

بەلەنجەولار، رەوتی شیرین

.. .. ..

(خونچە)ی تەڕ، بە شەونم و ئاو

دایـــا (ن) پۆشیبووم وەك پەری

.. .. ..

(چاو)م لێکنابوو، گوڵی سوور

.. .. ..

(پێڵووم)ی جووڵان بەنەرمی

بەمجۆرە من دەبێ هاوار بکەم و بڵێم: براینە.. شاعیرانی کورد.. بەکارهێنانی ئەو (کان کان)ە لە شیعری کوردیدا بەو شێوەیەی دەیکەن، بەزمانی کوردی نامۆیە و (گۆران واتەنی)، میزاجی کوردەواری تێك دەدا و تکایە مەیکەن.

ژ/٩٧٠-٢٨/٤/١٩٨٨

## دیسان شیعر

لە ژمارەی پێشووتردا، لە دیاردەیەك دوابووم لە شیعری کوردیماندا، کە ناویم بەشیعری (کان کان) بردبوو. وا ئەمجارەش لە دیاردەیەکی تر دەدوێم، کە لە باری سەرنجی منەوە بەدەستووری ئەوەی پێشوو، هەندێکی تر لە میزاجی کوردەواریمان لە شیعردا دەشێوێنێ. من ئەمیشیان ناو دەبەم بە شیعری (لەنگین). چۆن..؟!. باباسی بکەم:

ئێمە هەموو لەلامان ئاشکرایە کە شیعری کلاسیکیمان، لەسەر کێشی عەرووز دەڕۆیشت و بۆ ئەم جۆرە ڕێبازە، ئەگەر شاعیر نەشارەزاییی بنواندایە، ئەوا شارەزایانی

کە لەو سەردەمەدا جێگەی ڕەخنەگریان دەگرتەوە، خێرا یەخەیان دەگرت و یەك ڕاستییەکی ماتماتیکییانە بەپێی (تەفعیلەکان) پێیان دەسەلماند، کە لە کێشدا سەری کردووە و ئەویش لە ئاستیدا قسەی بۆ نەدەمایەوە. ئینجا دوای ئەوە کاتێ گۆرانی مەزن و شۆڕەسوارانی قوتابخانەکەی، کێشی شیعری کوردییان بەلای بارە ڕەسەنەکەی خۆیدا لادا، کە لە فۆلکلۆری هەزاران ساڵەی نەتەوەکەوە هەڵهێنجراوە و بریتییە لە کێشی (پەنجە، بڕگە، هیجا، ترپە.. هتد)، مەسەلەی کێش لە شیعری کوردیدا گەلێ ڕوون بووەوە و بگرە لایەنی شێوە ماتماتیکییەکەشی، ئاشکراتر کەوتە پێشچاو. ئەوەبوو لەوساوە لە بریی تەفعیلەکان، ژمارەی بڕگە جێگەی شیاوی خۆی گرت و بەوە شیعری کوردی لە ماوەی چل پەنجا ساڵدا، لە هەموو ڕوویەکەوە ڕاچەنینێکی مێژوویی بەخۆیەوە بینی و بەپلەیەکی گەلێ پێشکەوتوو گەیشت.

دەیسا باشە!.. خۆ بەرەوپێشەوە چوون ڕاناوەستێ و نابێ ڕابوەستێ. خۆ هەر دەبوو شیعریش وەك لایەنەکانی تری ژیان، ڕوو لە گۆڕان و پێشکەوتن بکا. ئا بەڵێ.. گومانی تێدا نییە کە لەو پازدە بیست ساڵی دواییەدا، زۆر بەرەوپێش چووە و لە گەلێ ڕووەوە، هەنگاوی گەورەی بەرەو پۆپەیەکی تری گۆڕان و گەشەکردن ناوە. بەڵام بەداخەوە لە پاڵیدا و بەهانەهانەی زیاتر تەکاندان بۆ پێشەوە، تووشی چەندان چورتمیش کراوە، وەك کان کانەکەو وەك ئەو (لەنگین)ەی، کە ئەوەتا ئێستا بادەدەمەوە سەری و بۆتانی دەسنیشان دەکەم.

تکایە لەگەڵمدا بن.. ئێمە وتمان: کێشی (پەنجە و بڕگە و.. هتد)، بۆ شیعری کوردی کێشە ڕەسەنەکەیە. هەروەکو وتمان کە ئەمە لووتکەی یەکێ لە پێشکەوتنەکانی شیعری کوردی بوو. ئینجا ئاخۆ لووتکەیەکی تری پێشکەوتنێکی تر، دەبێ لە کوێدا بێ؟!. دیارە هەرگیز نابێ لە نەشارەزاییدا بێ لەو جۆرە کێشەدا. بگرە دەبێ هیچ نەبێ، لە برەوپێدان و گەشەپێسەندن و دۆزینەوەی باری کاریگەرتردا بێ بۆی. ئەمە ئەگەر نەڵێین، لە داهێنانێکی جیاوازتری نوێتردا بێ و وەك لادانە بنەڕەتییەکە لە عەرووز و لادانێکی بنەڕەتیی بێ لەمیش (بەڵام وەك ئەم پەسند و شیاو بێ). کەچی بەداخەوە ئەوەی ڕوو دەدا وانییە. ئەوەی ڕوو دەدا کتومت شێوەکەیە، لە نەشارەزاییەکەی هەندەکەی لەمەڕ ڕۆژگاری عەرووز و لەگەڵ کێشە باوەکەی ئێستاماندا دووپات دەبێتەوە.

ئینجا ئەگەر بێینە سەر نموونەهێنانەوە، پێشەکی دەڵێم: جارێ گەورەترین نەنگی لە شیعری ئەمڕۆماندا، جوونەوەی یەك کێشە کە (٤+٤)ە و، من ناوی کێشی مەلاخۆری

لێ دەنێم!. من بەهەڵە ناچم ئەگەر بڵێم: ئێستا لە سەدا نەوەدی بەرهەمی شیعریمان، لە چوارچێوەی ئەم کێشەدایە. بۆ نموونە هیچ دوور ناڕۆم و هەر لە دوو ژمارەی (٩٦٥، ٩٦٦)ی (هاوکاری)دا و، لە لاپەڕەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیریدا، نۆ پارچە شیعریان تێدان کە دووانیان هەر لە بنەڕەتەوە بێ کێشن و ئیتر حەوتەکەی تر هەر لەسەر ئەو کێشی مەلاخۆرەن!.

ئەمەش بەهەرجا.. بەڵام ئێوە وەرن بڕوانن تەنانەت، لەگەڵ ئەو کێشە دەستەمۆ بەسزمانەشدا، چۆن مامەڵە کراوە!. لەو حەوتە سیانیان ڕێکوپێکن و هەڵەیان تێدا نییە. لە کاتێکدا چوارەکەی تر سەریان تێدا کراوە و لە زۆر شوێندا کێشیان تەواو نییە. بۆ نموونە لە شیعری (ئاسۆی روون/ ٩٦٥–ل/٨)دا شاعیر دەڵێ:

چی وای لێکردی ببیە–٤+٤ (کە ببیەکە دەبێ بنووسرێ ببییە بەدوو –ی–).

نەخۆشییەك–٤

یەجگار کوشندە–٥

ئەمە جگە لە هەڵەی تریش، کە برێتییە لە شێوەی چەوتی نووسینی هەندێ لە دێرە شیعرەکان، لە پاڵ چەوتیی کێشەکەدا وەك:

ملی ڕێم نا–٤

جەرگەی چیا و شیو–٥

دۆڵ و هەردەکانم یەك یەك–٩

پەی کرد–٢

یا لە شیعری (سەفەری شاعیر/٩٦٦–ل/٨)دا شاعیر نووسیویە:

ئەم دیمەنە–٤

رەوانییەوە خەمی–٦

ئەم دڵە تەنگە–٥

من دەزانم ئەم دیاردە چەوتە، لێکۆڵینەوەی بەرفراوان هەڵدەگرێ و من لەلای خۆمەوە، لە دەمێکەوە چاوەڕێی شارەزایانمانم دەکرد لێی بدوێن و کەچی هەر بەدەنگ نەهاتن.. نازانم بۆچی؟!.

ژ/٩٧٤–١٩٨٨/٥/١٢

## ڕایەك لەبارەی پەخشانەشیعرەوە

لە ژمارە (٩٧٣)دا دوو پەخشانەشیعرم بەرچاو کەوتن. یەکەمیان (هانا)ی برای چیرۆکنووسم شێرزاد حەسەن و دووەمیان (هەرەسی ناخ)ی برای شاعیرم عەبولخالق سەرسام. ئەم بەرچاوکەوتنە هانی دام، ئەو ڕایەم لەبارەی پەخشانەشیعرەوە دەرببڕم، کە لە دەمێکەوە لەلام سەقامگیر بووبوو، بەڵام دەرفەتم بۆ نەڕەخسابوو بەنووسین لێی بدوێم، ئەگەرچی بەقسە زۆرجار باسم کردووە. بێگومان من لێرەدا ماوەی ئەوەم نییە بچمە ناو درێژەی باسەکەوە و لە ڕووی مێژووییەوە چ لە ئەدەبی گەلانی تر و چ لە ئەدەبەکەی خۆماندا لێی بدوێم. بەڵام با هیچ نەبێ سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم، کە بەناوبانگترین پەخشانەشیعر لە ئەدەبەکەی خۆماندا، (بەرەو ڕووناکی)یەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدە، کە لە سەردەمی کۆواری گەلاوێژدا (١٩٣٩-١٩٤٩) بڵاو بووەتەوە. کەچی لەگەڵ ئەو هەموو سەرکەوتن و ناوبانگەیدا کە هەیبوو، شاعیرێکمان هات لەساڵی (١٩٥٨)دا، بەرگی شیعری بەبەردا کرد و وەك شیعر سەرلەنوێ بڵاوی کردەوە. جا ئاخۆ ئەمە چ مەغزایەك دەدا؟!. ئێوە قەت بیستووتانە یەکێك بێت شیعرێك بکاتەوە بە شیعر؟!. هەرگیز نا. دە کەوابوو (بەرەو ڕووناکی) شیعر نەبوو بۆیە کرا بەشیعر.

من بەشبەحاڵی خۆم وای تێ دەگەم، کە پەخشانەشیعر جگە لەوەی هەر لە بنەڕەتەوە، بە میزاجی کوردەواری و شیعری کوردی نامۆیە، داهێنانێکی ئەوتۆش لە کۆڕی ئەدەبدا پێك ناهێنێ، کە بتوانێ جێی خۆی بکاتەوە و بوونی خۆی بسەلمێنێ. بەلای منەوە پەخشانەشیعر، لە پرۆژەیەکی سەرەتایی یەکێك لەم لقانەی ئەدەب بەولاوە نییە:

١- وتارێکی ئەدەبی و هەست و نەستی تێدا زاڵە.

٢- یا شیعرێکە و نووسەرەکەی لە ئاستیدا دەستەوستانە.

٣- یا چیرۆکێکی ناکامڵە.

٤- وەیا چەند قسەیەکی نەستەقی جوانە.

خۆ ئاشکراشە کە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی، بەو پلەیە گەیشتووە کە پتر پێویستی

بە وتاری ئەدەبیی زانستانە هەبێ، نەك پڕ بێ لە هەست و نەست. یا جۆرە چیرۆکێکی بۆ پەسندە، کە بەپێی دەستووری چیرۆکنووسین خەملابێ، نەك ناکامڵ بێ. هەروەکو لە شیعر و لە قسەی نەستەقیشدا ئەوەندە دەوڵەمەندە، کە پێویستی بەم نیمچانە نییە. بەم جۆرە بەڕای من، شتێك لەو بابەتەی پێی بوترێ پەخشانەشیعر، ستەمە بتوانێ لە شێوەی لقە ئەدەبییەکدا، لە ئەدەبەکەماندا جێی خۆی بکاتەوە (وەك تا ئێستا نەیکردووەتەوە). ئەگەر مەسەلە هەوڵدان بێ بۆ داهێنان و خوڵقاندنی بابەتی نوێ لە ئەدەبەکەماندا، ئاشکرایە کە من قەت لەم ڕووەوە دژ نەوەستاوم و دژ ناوەستم. بەڵام بۆ ئەم پەخشانەشیعرە من وای بۆ دەچم، کە وتاری ئەدەبییە و وتاریش نییە. کە شیعرە و شیعریش نییە. کە چیرۆکە و چیرۆکیش نییە. نموونە کاك (سەرسام) لە پەخشانەشیعرەکەیدا، مامەڵە لەگەڵ جۆرە مۆسیقایەکدا دەکا، کە لەناخییەوە سەرهەڵدەدا و وەك زمانێکی گەردوونییش دەیبیسێ کە دەڵێ:

دەنگی مۆسیقایەکی قووڵ لە ناخمەوە سەرهەڵئەدا
وا دێ لە دوور لە ناخی دوور
بەقەد دووریی گەلاوێژی بەیانێکی چاو پڕ ترس
تەزوو ئەدا لە ئاسمانی کەوەڕۆژی گیانی منی
سڕ و سەرسام
هەر دەنگی دێ و نابڕێتەوە
زمانێکی گەردوونییە و تێشی ناگەم

ئەم دێرانە و هەموو دێرەکانی تری پەخشانەکە، کەرەسەیەکی خاوی پڕ لە مانای شیعریی باڵا بەدەستەوە دەدەن و بەڵام شیعر نییە. لە کاتێکدا گۆرانی مەزن کە ئەویش (بێگومان لەگەڵ جیاوازیدا)، مامەڵەی لەگەڵ مۆسیقادا کردووە، لە شیعری دەروێش عەبدوڵڵادا وەك پارچە شیعرێکی نەمر دەڵێ:

سەحەر بێنێتە گریان و قسە سیحری پەریی نەغمە
برای دەروێش ئەزانم بۆ مەعیشەت وێڵ و ئاوارەی
بەزەهری ناعیلاجیتە لە ناکەس ویستنی لوقمە
بە مردنتە کە گوێی ناشی ئەخنکێنێ خرۆشی نەی

تا دەڵێ:

دەخیلت بم دەسا بەو لاوك و ئای ئای و حەیرانە
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە
لـە بـیـتـهـۆڤـن گـەلـێ زیـاتـر بـەڕۆحـم ئـاشـنـای وەڵـلا
دە ئەی دەروێش سکالایەك لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە

مـەبـەسـتـم لـەم بـەراوردە ئـەوەبـوو بـڵـێم: ئـەمـیـان وەك شیـعـر و وەك شیـعـرێکـی سەرکـەوتـووی بـالا، چـووەتـە سەر خـەرمـانـی شیـعـری کـوردی و لـە هـەمـوو دەور و زەمـانێکدا بەم مـانـایە دەخوێنرێتەوە. لە کاتێکدا ئەویـان، جێی گومـانە بتوانێ دوور بڕ بکا. نهێنییەکەش تەنیا لەوەدایە، کە یەکێکیان شیعرە و ئەوی تریان شیعر نییە، با ناویشی بەپەخشانەشیعر ببرێ.

ژ/٩٧٩-٢/٦/١٩٨٨

## سێ شاعیر و سێ شیعر و دوو کێشی (نامەلاخۆر!)

لە ژمارە (٩٧٤-ل/٦)دا نووکە نەشتەرێکم، لە پەتای کێشی هەشت بڕگەیی لە شیعری ئێستاماندا دا و وتم: لەبەرئەوەی کێشە هەرە ئاسانەکەیە و کورد واتەنی (مەلاخۆرە)، شاعیرەکانمان بێ شومار سەریان تێ کردووە و شیعری پێ دەنووسن. کەچی لە ژمارە (٩٧٧-ل٧ و ٩٧٨-ل٦)دا، وەك بڵێیت برا شاعیرەکانم بیانەوێ بیسەلمێنن، کە وانییە و کە منیش بەشبەحاڵی خۆم، لە کانگەی دڵەوە پێم خۆشە وا نەبێ و یا هیچ نەبێ وا نەمێنێ، سێ شیعری سێ برای شاعیرم بەرچاو کەوتن، کە تیایاندا خۆیان لە قەرەی دوو کێشی تری شیعر داوە و خوا هەڵناگرێ، سەرکەوتووانەش خۆیان لێ داون. خۆ ڕەنگە شیعرەکان پێش قسەکەی من وترابن و بگرە هەر دەشبێ وەهابێ. بەڵام بەهەر حاڵ بەدوای نووکە نەشتەرلێدانەکەی مندا، بڵاو بوونەتەوە کە وەك وتم، ئەوە مایەی گەلێ خۆشحاڵیمە. یەکەمیان (سێ مەنەلۆج)ە کە شیعری برای بەڕێز موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانییە و لە ژمارە (٩٧٧-ل/٧)دایە و هەردوو کێشە جیاوازە نامەلاخۆرەکەیان لەخۆ گرتووە، کە حەوت بڕگەیی و دە بڕگەیین. لە مەنەلۆجی یەکەمدا (تەماشا) دەڵێ: تەماشای کەن ئەو لاوە/ کاکۆڵی لێی بەرداوە/ ساف و لووسی کردووە/ مشتێك ڕۆنی لێ داوە. لە دووەمدا (هاوسێ) دەڵێ: ئاخ ژنە هاوسێی تازە/ لێمان دەگرێت دەروازە/

داوای گشت شتێك دەكات/ تامەزرۆی ڕۆن و پیازە.

ئاشكرایە لەم دووانەدا، كێشی حەوت بڕگەیی بەدەستووری (٤+٣) بەكار هێنراوە. بەڵام با هەر خێراش سێ وردە سەرنجی رەخنەیی، هەر لە ڕووی كێشەوە نەك لایەنی تر، سەبارەت بەم دوو كۆپلەیە بخەمە بەرچاو یەكەمیان: لە وشەی (لێی) لە دێری دووەمی كۆپلەی یەكەمدا، پیتی (ی)ی دووەم چ لە ڕووی زمانەوانی و چ لە ڕووی كێشەوە زیادەیە. با زمانەوانییەكە واز لێ بێنین. بەڵام بۆ كێشەكە، ئەگەرچی نابێتە بڕگەی تەواو و دێرەكە بە حیسابی (٤+٣)یەكە لەنگ ناكا، بەڵام بڕگەی چوارەم بەهێندەی بابڵێین نینەیەك قورس دەكا. بۆ سەلماندنی ڕایەكەشم هیچ دوور ناڕۆم و ڕاست دێری چوارەمی كۆپلەكە خۆی دەكەمە بەڵگە كە دەڵێ: (مشتێك/ڕۆنی/لێ/داوە) و نەوتراوە (لێی/داوە). دووەمیان لە وشەی (دەگرێت. شتێك، دەكات)دا، لە دێری دووەم و سێیەمی كۆپلەی دووەمدا، بەهەمان دەستوور پیتی (ت، ك، ت) لە ڕووی كێشەوە بڕگەكان قورس دەكەن. واتە ئەگەر بوترایە (دەگرێ، شتێ، دەكا)، ئەو قورسییەی تێدا هەڵدەگرتن. سێیەمیان: لە دێری سێیەمی كۆپلەی دووەمدا، ڕستەی (گشت شتێك) ئەگەرچی بەحیسابی بڕگە لەنگیی تێ ناكەوێ، بەڵام بەئاوان، واتە بە ئاوازی شیعر، لەسەر زمان و لەبەر گوێ قەبە و بەساتمەیە و شاعیر دەبێ لە هەر یەكێكی تر، سەر لەم جۆرە نەهێنی و وردەكارییانەی شیعر دەربكا. كێشە جیاوازەكانی تر لە سێ مەنەلۆجەكەدا، لە سێیەمیان (چێشتخانە)دایە، كە دە بڕگەییە و دەڵێ: ڕۆژێك برسیم بوو چوومە چێشتخانە/ چونكە لام وابوو خواردن هەرزانە/ دەستوپلم شوشت ڕۆیمە سەر خوان/ سەرنجم دەدا بەهێمنانە. ئاشكرایە ئەم كێشەش بەدەستووری (٥+٥) بەكار هێنراوە.

شیعری دووەم (قەڵای دمدم)ی برای بەڕێز لەتیف هەڵمەتە و لە ژمارە (٩٧٨–ل٦)دایە. شیعرەكە لەسەر كێشی حەوت بڕگەییە و بەدەستووری (٤+٣)یە كە دەڵێ: قەڵایەكی بڵندم/شانازی مێژووی كوردم/ خانی لە پزێڕینی كورد/ منی قەڵای دروست كرد/ لە قووڵە و لە شوورەمدا/ كورد چوو بەگژ عەجەمدا. ئینجا ئەم شیعرەی كاك لەتیف، سەرنجێكی پێچەوانەی ئەوەكەی كاك موكەڕەمی لەلا دروست كردم. بڕوانن ئەم لە دوا دوو دێری شیعرەكەیدا، چۆن مامەڵەی لەگەڵ (نینە–كێشە)كەدا كردووە كە دەڵێ: نەك ڕێگای (قەڵایە)تر/پیشان دات بە (شایە)تر. دیارە ئەگەر بوترایە: (قەڵایەكی، شایەكی) كە ئەمانە ئەسڵی وشەكانن، بڕگەكان بەژمارە لاسەنگ دەبوون.

یا ئەگەر بوترایە (قەڵایەك، شایەك)، بڕگەکان لاسەنگ نەدەبوون، بەڵام قورسییان تێ دەکەوت. بۆیە دەبینین شاعیر بەلادانی ئەو پیتی (کی،ك)یە، بڕگەکانی هەم لە لەنگی و هەم لە قورسی ڕزگار کردووە. ئەگەرچی پیتی (ت، دات)ەکەش لە ڕووی کێشەوە، هەر زیادەیە.

شیعری سێیەم (هەمیشە بۆنتان دەکەم)ی برای بەڕێز ئازاد مەحموود مستەفایە و، هەر لە ژمارە (٩٧٨-ل٦)دایە. ئەمیان لەسەر کێشی دە بڕگەیی (٥+٥)ە کە دەڵێ: کە دەتانبینم/بۆیاخی تەمەن/گوڵی ئاڵ دەگرن/دڕکی ڕێگەی چڵ/بەزەردەخەنە دەکەنە ڕێباز/تا لە پاڵتانا بۆ گوڵی تەمەن.. هتد.

بەڵێ.. سێ شاعیر و سێ شیعر و دوو کێشی (نامەلاخۆر). بەڵێ.. شیعری کوردی لە کێش و لە هونەرکاری و لە وردەکاریدا، ئەوەندە هەژار و لاواز و پەڕپووت نییە، کە تووشی پەتای ئەو کێشە مەلاخۆرە بکرێ!.

ژ/٩٨٣-١٦/٦/١٩٨٨

## چیرۆکی (هەڤالینی) و سۆزی ڕۆمانسییانە

**وتەیەك**

لە ژمارە (٩٧٩)دا، چیرۆکێکی نووسراوم بەکرمانجیی ژووروو بەناوی (هەڤالینی) بەرچاو کەوت، کە لە نووسینی برای بەڕێز زیاد دۆسکییە. لێتانی ناشارمەوە کە تەنانەت پێش ئەوەی چیرۆکەکە بخوێنمەوە، لە دڵی خۆمدا وتم: دەبێ شتێك لەسەر ئەم چیرۆکە نووسراوە بەکرمانجیی ژووروو بنووسم.. بۆچی؟!. بۆ ئەوەی بتوانم بڵێم: براینە.. ئەگەر لە ئێستادا لە توانادا نەبێ، گرفتی زمانی یەکگرتووی ئەدەبیمان یەکالا بکەینەوە، خۆ لە توانادا هەیە هەوڵ بدەین هەمووومان هەموو لەهجەکان فێر ببین. ئینجا ئەگەر ئەمە کارێکی ئاسان نەبێ، کە بەڵێ ئاسان نییە، خۆ ئەوەیان ئاسانە کە هیچ نەبێ بتوانین، نووسراویان پێ بخوێنینەوە و لێیان حاڵی ببین و وەك خوێندنەوەی هەریەکەیان بە لەهجەی خۆی، هەم سوود و هەم چێژی لێ ببینین، وەك چۆن من بەشبەحاڵی خۆم، لەگەڵ (هەڤالینی)دا کردم و لەوەپێشیش کردوومە، کە بەڕاستی زەحمەت نییە و گەلێ لەوە ئاسانترە، کە هەندە کەسێك هەروا دووراودوور و بێ هەوڵدان و بێ چوونە ناو کارەکەوە تێی دەگەن!.

**لەبارەی چیرۆکەکەوە:**

(هەڤالینی) چیرۆکێکی ڕۆمانسییانەی ناسکی پڕ لە سۆزی لاوێتییە.. سۆزی لاوێتیی کەسانێك. کە گونجاوترین تەمەن و باری کۆمەڵایەتی و شوێن و کات و ئاووهەوایان، بۆ دەربڕینی ئەو سۆزە بەپێی هونەری چیرۆکنووسین بۆ هەڵبژێردراوە. واتە دەستەیەك قوتابی و لە پلەی خوێندنی زانکۆدا و لە ڕۆژانی ئەو خوێندنەدا و سۆزەکەش، هەر لە سایەی ئاووهەوای (میحراب)ی زانکۆدا لە ڕوو دەخرێ کارەساتی چیرۆکەکە دەڵێ: دڵشادی قوتابیی دوا پۆلی کۆلێجەکەی، عاشقی (بەیان)ی هەڤاڵەپۆلێتی. تەمەنی عەشقەکەی لە دڵی خۆیدا، بەدرێژاییی هەر چوار ساڵەکەیە. لە کاتێکدا بەیانیش لەلای خۆیەوە، عاشقە و بەڵام عەشقی دلێرە نەك دڵشاد. گرفتەکە لەوەدایە کە ئەم سێقۆڵییە بە درێژاییی ئەو ساڵانە، جەسارەتی ئاشکراکردنی دەردی دڵی خۆیان نەکردووە و هەرسێکیان وازیان لێ هێناوە تا لەم ڕۆژانەدا بەناچاری لێیان دەتەقێتەوە و ئەمە یەکێکە لە زیرەکییەکانی برای چیرۆکنووس لە ڕووی هونەرییەوە. بەڵێ.. لەو دوا ڕۆژانەدا، دەتەقێتەوە و نیازی دڵان ئاشکرا دەبێ. بەڵام چۆن؟. بەپێی مامەڵە زیرەکییەکە و بەدەستووری سۆزە ڕۆمانسییەکە، (بەیان) بڕیار دەدا بەنامەیەك کە بیخاتە دوو توێی کتێبێکەوەو، بیدا بە (دلێر) و نیازی دڵی خۆی ئاشکرا بکا. کەچی نامە و کتێبەکە بەهەڵە بە (دڵشاد) دەدا و لە ئەنجامیدا، کێشەکە ڕووبەڕوو یەکالا دەبێتەوە، کە ئەگەرچی ئەم عاشقی بەیانە، بەڵام بەیان عاشقی دلێرە. وەك دەبینین باسێکی ڕۆمانسییانەی پڕ لە هەست و سۆزە و بەدەریش نییە لە ڕۆژانی ژیانی قوتابیان لە پلەی خوێندنی زانکۆدا و لەو گڕوکف و خەم و هیوا و ئاواتانەی، لەم تەمەنەدا پەنگ دەخۆنەوە و قوڵپ دەدەن و لەو، حاڵەتە (دۆن جوانی)یانەشی کە لەو ساڵانەدا ڕوو دەدەن و ڕادەبوورن.

ئینجا ئەگەر ئەوە پوختەیەکی ناوەڕۆکەکە بێ، من غەدر دەکەم گەر بڵێم: چیرۆکەکە تەنیا هێندەیە. نەخێر تەنیا هێندە نییە.. بەڵکو ئەو وەختە چەند دەوری بەکلافە لە دوای کلافەی، ئەندێشە و هەست و سۆزی ناسك و پاك و بێگەردی پڕ لە ڕاستگۆیی، بەدیوی ناوەوەی کەساندا بەتایبەتی (دڵشاد) تەنراوە، هێندەش لقوپۆپی بەدیوی دەرەوەدا لێ دەبێتەوە. ئێوە بڕوانن.. بەدیوی ناوەوەدا دڵشاد لە سەرەتای چیرۆکەکەوە، تاکۆتایی، بەدەست ئەشکەنجەی ئەو عەشقەوە وەك حاڵەتێکی مرۆڤانەی پیرۆز دەناڵێنێ. لە ڕاوەستان و ڕوانیندا بەخەمباری لە باخچەی کۆلێجدا، لە گفتوگۆی لەگەڵ (کاروان)ی

بـرادەریـدا، لـەنـاو هـۆڵـی مـحـازەرەو لـە وەرامدانـەوەی پرسیـاری مـامۆستـاکـەیدا، لـە دەمودووی لەگەڵ بەیاندا، لە خوێندنەوەی نامەکەیدا کە بۆ دلێری نووسیوە، ئا بەو دەستووورە بەدەمییەوە دەدا تا دەگاتە دوا دێڕەکانی چیرۆکەکە و ناوەوەی بەردەوام لە هەژاندایە.. بەباری نەخۆشی و ناخۆشیدا لە هەژاندایە. تا ئەو ساتەی بە هەڵوێستێکی مەردانەی شارستانییانەی دوور لە خۆپەرستی و کۆنەپەرستی، خۆی لە قەناعەتی تێگەیشتنی خۆیەوە، کۆتا بە ئەشکەنجەکەی دێنێ، کاتێ بە(بەیان) دەڵێ:

– هزار جارا پیرۆز بێت.

ئەمە ئەگەرچی وەك هەر مرۆڤێکی خاوەن هەست و سۆزی ناسکی مرۆڤپەروەرانە، بەدوایدا دوو دڵۆپ فرمێسکیش بۆ ئەو نەهامەتییەی خۆی دەڕێژێ، کە ئەمە دەبێتە پۆپەیەکی تری هەڵوێستە مرۆڤانەکەی.

هەروەها (بەیان) و (دلێر)، دیوێکی تری هەمان هەڵوێست پێك دەهێنن و ئەمانیش ڕاست نموونـەی مـرۆڤـێکـی وەك دڵشاد. ئـەمـان بـەپێچـەوانـەی ئـەوەوە نین، بـەڵکو لـە هەڵوێستیاندا تەواوکەری ئەون و ئاوێنەی جۆری تێڕوانین و بۆچوون و بیری ئەون، سەبـارەت بـەمـەسەلـەی ئـەڤـیـنـداری و پـێوەنـدیـی نـێوان کـوڕ و کـچ، لـە سایـەی ئاووهەوایەکی وەك ئەوەی لەناو زانکۆیەکدا هەیە. ئەمە یەکێکی ترە لە نیشانەکانی زیرەکیی برای چیرۆکنووس، چ لە ڕووی هونەری و چ لە ڕووی ئایدۆلۆجییەوە. ئینجا بەدیوی دەرەوەدا وەك لە نێوانی دێڕەکانی پێشووەوە ئیشارەتم دا، لێشاوی هەست و سۆزەکـەی نـاخـی ئـەو لاوانـە، بـەنـدی چـوارچـێوەی دڵ و دەروونـی خـۆیـان نـییـە و بەدەستووری (خەیاڵپڵاو) هەڵناسوورێن، بەڵکو بەهۆشیارییەوە لەگەڵ دەوروبەردا مامەڵەیان پێ دەکەن و لە داوباری خۆیان بەدیوی دەرەوەیاندا ئاگەدارن. هەموو چاك دەزانن کە قوتابیی زانکۆن و لە تەمەنێکی گونجاودان و، بەڕێوەن کۆتایی بەخوێندن بێنن، بچنە کۆڕی گەرمی پڕ لە جۆرێکی تر لە زۆرانبازیی ژیانەوە، کە شای ئەو زۆرانبازییانە جووتبوونی نێوان نێر و مێ و ژن و مێردایەتی و پێکهێنانی خێزانە.

بەڵێ.. (هەڤالینی)م وەك چیرۆکێکی سەرکەوتووی کۆك و جوان خوێندەوە و هەم سوود و هەم تاموچێژێکی کاریگەریشم لێ بینی. دیارە ناڵێم لە یەکەم خوێندنەوەوە.. نا.. دوای دووەم جار و سێیەم جار.

ژ/٩٨٥ –١٩٨٨/٦/٢٣

## (ژمارەکان)ی قوبادی جەلی زادە

لە ژمارە (٩٨٠–ل٧)دا، شیعری (ژمارەکان)م لە یەکەم جارەوە، بەشێوەیەکی تایبەتیی خوێندەوە.. ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ، ناو بۆ حاڵەتی حەزکردن یا نەکردن بەخوێندنەوەی بەرهەمێك، لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە کاری خۆی دەکا. من بەشبەحاڵی خۆم بینینی ناوی (قوبادی جەلی زادە)، حەزی خوێندنەوەی بەرهەمەکەیم لەلا دەبزوێنێ. بۆیە بەو شێوە تایبەتییە خوێندمەوە. سا بەهەڵەش نەچووبم. یەکەم جارە کە هانی دام، بۆ خوێندنەوەی دووەم و سێیەم جار و خوێندنەوەشی بەتاسە و شەوقەوە. ئینجا پاڵی بۆ ئەم نووسینەش پێوەنام. بەڵێ.. قوبادی جەلی زادە یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە بەدوای دەستە شاعیرە لێهاتووەکەی سەرەتای حەفتاکاندا هاتە بەرمەیدان و ڕێگەی گرتە بەر و لەو ساڵانی دواییەدا شاعیرێتیی خۆی سەلماند.

با لە (ژمارەکان) بدوێم.. بۆچی هانی دام بەتاسە و بە شەوقەوە بیخوێنمەوە؟. لێتانی ناشارمەوە، لەبەر ناوەڕۆکەکەی نەبوو. ناوەڕۆکەکەی ئەگەرچی پڕوچڕە لە مانا و مەغزا و لە ڕەمز و ئەگەرچی کە گونجان و نەگونجانیش لەگەڵیدا هەڵدەگرێ، بەڵام هونەرەکەی.. تەکنیکە شیعرییەکەی.. تەقەلادانە شاعیرانەکەی بۆ هەقیانەت نوێکاری لە شیعر گوتندا، لە ئافەرین و ستایشکردن بەولاوە هیچی تر هەڵناگرێ. ئێوە بڕوانن.. (گۆران)ی مەزن لە وەختی خۆیدا، لە شیعری (بەستەی دڵدار)دا وتوویە:

لەژێر ئاسمانی شینا
لە پاڵ لووتکەی بەفرینا
کوردستان گەڕام
دۆڵاودۆڵ پێوام
نە لە شار و نە لە دێ
نەمدی کەس
وەك تۆ جوان بێ
تۆیت و بەس
کچە کوردێك دڵی شاد بێ
وەك فریشتە و پەریزاد بێ.. (هتد)

ئاشکرایه (گۆران) لێرەدا چەند کێشێکی تێکەڵ بەیەکتر کردووە، چونکە ژمارەی بڕگەکانی دێڕەکان بەمجۆرەن: (٧، ٧، ٥، ٥، ٣، ٤، ٣، ٨، ٨) خۆتێکەڵکردنەکەشی زۆر وەستایانەیە. هەروەکو لە شیعری (ئاواتی دووری، ئاخ هەزار ئاخ)دا و بەڵام بەدەستوورێکی تر، ئەم تێکەڵاوییەی دووپات کردووەتەوە. دیارە گۆران وەك چەسپێنەری کێشی (بڕگە یاخۆ پەنجە) لە شیعری کوردیدا، وێڵی نوێخوازی بوو، لە بواری شێوەکێشی نوێشدا هەر وێڵی بووە. بۆیە لەو سێ شیعرەدا ئەوەی کردووە. ئینجا با بڕوانینە (ژمارەکان)ی قوباد.. دەڵێ:

چوار چوار

چوار چاوی پڕ لە نەوت

چوار ڕەشەبا

چوار ڕووبار

چوار هاواری سەربەرەوخوار

چوار بەستێن و

چوار ڕیزە دیوار

چوار نەورەس

چوار ڕاوکەری نەشارەزا

چوار هەرەس

ئەمانە سێ کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەن، کە وەك نموونە بۆ مەبەستەکەی ئێمە بەسن. سا بابزانین وەك گوتم لە ڕووی تەکنیکی شیعرەوە، چ جۆرە تەقەلایەکمان دەخەنە پێش چاو؟ سێ شێوازی سەرەکی: یەکەم: تێکەڵکردنی چەند کێشێك، چونکە ئەگەر سەرنج بدەیت دەبینیت کە ژمارەی بڕگەکانی دێڕەکان بەم جۆرەیە: (٣،٦،٤، ٣، ٨، ٤، ٥، ٣، ٨، ٣). بێگومان گرینگ لەم تێکەڵکردنەدا ئەوەیە کە هەڕەمەیی نەبێ، بگرە دەبێ بەشێوەیەکی ئەوتۆ بێ کە لە خوێندنەوەدا، ڕەوان بێتە سەر زمان و بەرگوێ و هەستکردنی بەساتمە تێ نەکەوێ. دیارە من ناڵێم کاك قوباد لەم تێکەڵکردنەدا تەواو سەرکەوتووە. بەڵام ئێوە بڕوانن چۆن لە شێوازی دووەمدا پارسەنگی دەداتەوە. دووەم: بەکارهێنانی قافیە لە زۆربەی کۆپلەکاندا و لە حاڵەتە کاریگەرەکانیشدا. بۆ نموونە لە

دووەمدا (ڕووبار، خوار، دیوار). یا لە سێیەمدا (نەورەس، هەرەس). ئینجا بەمیشەوە نەوەستاوە و شێوازی سێیەمی خستووەتە پاڵ.

سێیەم: ئاوازی شیعری بەدیوی ناوەوەدا. بەدووپاتکرنەوەی وشەی (چوار) و دوو بینین بەتایبەتی لە پیتی (چ) وەك لە کۆپلەی یەکەمدا (چوار، چرا، چاو، چوار). یا پیتی (ر) لە کۆپلەی دووەم و سێیەمدا (چوار، رووبار، هاوار، خوار، دیوار) (چوار، نەورەس، ڕاوکەر، نەشارەزا، هەرەس).

بەڵێ.. (ژمارەکان) تەقەلادانی زەفەربردنە بە تەکنیکی نوێ و نوێتر لە شیعردا، کە شاعیری لێهاتووی بەتەنگەوەهاتوو، دەتوانێ سەدویەك وێنەی لێ بدۆزێتەوە.

ژ/٩٨٧-١٩٨٨/٦/٣٠

## شیعری کوردی و وشەی دووڕوو لە سەنگدا

ساڵی ١٩٥٧، واتە سی و یەك ساڵ لەمەوبەر، کە ئەو وەختە هێشتا هەروا سێ چوار ساڵێك بوو خولیای نووسین لە کەللەمی دابوو، لە یەکێ لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ژین)دا، وتارێکم بەو ناونیشانەی سەرەوە بڵاو کردەوە و لە مەسەلەیەك دوابووم کەوا تێ دەگەم ئەوساش و هەتا ئێستاش، زۆر کەم ڕاستەوخۆ باسی لێوە کرابێ. مەسەلەکەش برتییە لە دیاردەیەك کە کەم و زۆر، لە شیعری زۆربەی شاعیرەکانماندا ئەگەر نەڵێم لە هەموویاندا هەیە. دیاردەکە دەڵێ: هەندێ وشە لە زمانی کوردیدا هەن، بۆ شیعر لە ڕووی سەنگ و کێشەوە دوو ڕوو هەڵدەگرن. ئینجا هەندێك لەو هەندە تەنانەت لە ئاخاوتنی ئاساییشدا، ئەو دوو ڕووە هەڵدەگرن. لە کاتێکدا هەندەکەی تر، شاعیر بەپێی پێویستی و ناچاری ڕێ بەخۆی دەدا، بەهەردوو ڕووەکەدا بەکاریان بێنێ، کە قسەی خۆمان بێ لەم ئاکامەدا، وەرگر و خوێنەر لە ڕووی سایکۆلۆجیای خوێندنەوەوە، سەراسیمە و نیگەران دەبێ. ئینجا ئەگەر یەخەی شاعیر بگریت و گلەییی لێ بکەیت، بەبەهانەی زەرووڕەتی شیعری خۆی دەرباز دەکا.

سا من بەدەستووری نموونەهێنانەوە لە نزیکەدەستەوە، شیعرەکانی (ل/٦ی ژ/٩٨٣)ی هاوکاری دەگرم و دەڵێم: وەرن با تیایاندا سەرنج بدەینە وشەی (ئاسمان)، کە بەرێکەوت چەندان جار و بەهەردوو باردا دووبارە بووەتەوە. گومانی تێدا نییە ئەم وشەیە لە ئاخاوتنی ئاساییدا دوو برگەیە: (ئاس) و (مان). لە شیعریشدا لە زۆربەی

جاردا، هەر بەم بارەدا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. بەڵام لە هەمان کاتدا یەکێکە لەو وشانەی، لەلایەن شاعیرانەوە بە سێ بڕگەیی (ئا-س-مان) بەکار هێنراوە. نموونە لە حاڵەتی یەکەمیان (دوو بڕگەیی)، لە شیعری (شیوەنی شیعر)ی برای بەڕێز حەمە ڕەسووڵ جافدا، لە دێڕێکدا دەڵێ: (ئاس/مان/بگ/ری و) لە دێڕی تریدا دەڵێ: (دە/ئا/س/مان). سێ جار بەکارهێنراوە کە دەڵێ: (لە/نێو/بیل/بی/لەی/ئا/س/مانا) هەشت بڕگە. یا دەڵێ: (دە/ڵێی/لە/ئاس/ما/نی/بەر/زی) هەشت بڕگە. یا دەڵێ: (ئاس/مان/بگ/ری و) چوار بڕگە. نموونەش لە حاڵەتی دووەمیان (سێ بڕگەیی) هەر لەو شیعرەدا، یەك جار بەکار هێنراوە کە دەڵێ: (دە/ئا/س/مان) چوار بڕگە. هەروەها لە شیعری (ئەمجارە خۆر..)ی برای بەڕێز مامەند محەمەددا، دەڵێ: (دڵ/ن/یاین/ئەم/ڕۆ/ئا/س/مان) هەشت بڕگە.

ئینجا دەبێ بپرسین: ئاخۆ شاعیر بۆی هەیە وابکا؟. من دەڵێم نا و دەشڵێم ئا. دەڵێم نا ئەگەر ئاخاوتنی ئاسایی، واتە دەستووری زمانەکە خۆی ئەوەی هەڵنەگرت. دیارە قسەکەشم بەڕادەی یەکەم، پارێزگاریکردن لە وەرگر و خوێنەر دەگرێتەوە. بەتایبەتیش ئەگەر زانیمان کە شاعیری لێهاتوو لە شیعرنووسیندا، دەتوانێ بەئاسانی یا ئەگەر زەحمەتیش بێ، خۆی لە حاڵەتەکەدا لابدا. بۆ نموونە برای شاعیر حەمە ڕەسووڵ بەئاسانی دەیتوانی بڵێ: (دە/سا/ئاس/مان). یا برای شاعیر مامەند بیوتایە: (دڵ/ن/یاین/ئەم/ڕۆ/کە - ئەمڕۆکە -/ئاس/مان). وتم: دەشڵێم ئا.. چۆن؟. بێگومان ئەگەر ئاخاوتنی ئاسایی ئەو بارەی هەڵگرت. نموونەش هەر لە شیعرەکەی کاك حەمە ڕەسووڵ دێنمەوە کە دەڵێ: (پر/سە/بۆ/کۆر/پەی/عەشق/ئەگ/رێ)- هەشت بڕگە. تکایە سەرنج بدەنە وشەی (عەشق). ئاشکرایە لێرەدا بەیەك بڕگە هاتووە. لە کاتێکدا لە ئاخاوتنی ئاساییدا، هەم یەك و هەم دوو بڕگەییش (عە/شق) هەڵدەگرێ. خۆ کە دەڵێ: (پە/پوو/لە/یە/کی/عا/ش/قی-هەشت بڕگە. وشەی (عەشق)ە چوارپیتییە یەك بڕگەییەکەی ئەولا، لێرەدا بوو بە سێ بڕگە و تەنیا یەك پیتیشی لێ گۆڕدرا. ئەمیشیان لە ئاخاوتنی ئاساییدا هەر هەڵدەگرێ بوترێ: (عا/ش/قی) یا (عاش/ق).

دواجار دەمەوێ بەگوێی هەموو برا شاعیرەکانمدا، بەلاو و پیر و بەکلاسیکخواز و مۆدێرنخوازەوە بچرپێنم، کە شیعر بەپێی کێشە خۆماڵییەکانی خۆمان، ئەگەر

دەریـایـەکـی بـەریـنـتـر و قـووڵـتـر نـەبـێ لـەوەی بـەپێی کێشی عـەرووز هـەبـوو، قـەت تەنگەبەرتر و تەنگاوتر نییە.

ئێوە هـەروا کەمێ لێی ورد ببنەوە.. بۆچی ئەم دوو پیتە یا ئەو سیانە یا ئەو چوارە دەبنە یەگ برگە؟!. یا بۆچی فلانە پیت بەتەنیا لە نێوان ئەم پیت و ئەو پیتدا دەبێتە یـەك بـڕگـە، کـەچـی لـە شوێنێکی تر لـەگـەڵ خـۆیدا ڕادەکێشێ؟!. ئێوە بـڕواننـە وشـەی (دڵنیاین) و سەرنج بدەنە دابەشبوونی پیتەکان.. (دڵ/ن/یاین). واتە (٤/١/٣). یا سەیـری پـیـتـی (ت) لـە (ڕۆ/ژا/نـی/تـر) و (شیـن/ت/رە)دا بـکـەن لـە دێرێکـی تـری شیعرەکەدا!. ئەو پیتانە بۆچی وەها کردار دەکەن؟!. پێوەندییان لەگەڵ فسیۆلۆجیا.. ماتماتیك.. نۆتە و ئاواز.. یا لـەگەڵ بنەڕەتەکانی زمانەکە خۆی و، لەگەڵەکانی تردا چـیـیـە؟!. ئـەم بـاسوخـوازە بـێ دەسـتـوور نـیـیـە. وەك چـۆن لـە عـەرووزەکـەدا شازدە شادەستوور و چەند ئەوەندەیەکیش گچکە دەستوور هەبوون، بەبڕوای من لێرەشدا هەر وەهـایە. بەڵێ جیهانی کێشە خۆماڵییەکانی شیعری کوردی، برێتی نییە لە تەنیا ئەو هـەشت نۆ کێشەی کە دەوترێ هـەن، بگرە جیهانێکی فراوانە و گەلێ لێکۆڵینەوەی ورد و قووڵ هەڵدەگرێ.

ژ/٩٨٩-١٩٨٨/٧/٧

## ڕایەك لەبارەی شیعری سەربەستەوە

**١- شیعری سەربەست چییە؟**

ئەگەرچی من چیرۆکنووسم و دەبێ لە چیرۆك بدوێم و لێشی دەدوێم، بەڵام خۆ قسەکردن لەسەر شیعریش، ئەگەر سوودی نەبێ زیانیشی نییە!. بۆیە هێشتا هەر لە شیعر دەدوێم و ئەمجارەیان لە بابەتێکی قسە دەکەم، کە ناوی بە (شیعری سەربەست) دەبرێ. ڕەنگە هەبن لە بیریان بێ، یا دواتر بەرچاویان کەوتبێ. کە من وەختی خۆی (١٩٥٩) لـە لـێکـۆڵـیـنـەوەیـەکدا بـەنـاونیشانی (کـامـەران و هـۆنراوەی نوێ) و کـە لـە نامیلکەیەکدا چاپ کرا، بەپێی تێگەیشتنە ساکارەکەی ئەوسام، لەم باسە دوابووم و بەحەماسەتەوە بانگم بۆ هەڵدابوو. ئیتر ئەوەتا ئێستا دوای تێپەڕبوونی (٢٩) ساڵ، ئەو شیعرە سەربەستەی کە ئەوسا (کامەران موکری) بەرێوە بوو بە فراوانی هەنگاوی تێدابنێ و پاشتر وازی لێ هێنا و کە (نووری وەشتی) و (کامل ژیر)یش، لە زۆربەی

بەرهەمەکانی ئەوسایاندا هەمان ڕێگەیان گرتبووە بەر، ئەو شیعرە سەربەستە ئێستا بووەتە ڕێبازێکی هەرە سەرەکی و زۆربەی هەرە زۆری ئەو لاوانەی دەست دەکەنە شیعرنووسین، ڕاستەوخۆ بەو ڕێبازەدا ڕێگە دەگرنە بەر.

ئا بەڵێ.. ڕێبازی ئەو شیعرە سەربەستە دەگرنە بەر. بەڵام مەبەست لەو شیعرە چییە؟!. من لەو لێکۆڵینەوەیەی (٢٩) ساڵ لەمەوبەرمدا، هەر بەپێی تێگەیشتنە ساکارەکەی ئەوسام وتوومە: (تا ئێستاش زۆر لەوانەی لە هۆنراوەی نوێ دوورەپەرێز وەستاون، وادەزانن مەبەست لە خۆڕزگارکردن لە کۆت و زنجیری وەزن و قافیە، بەتەواوی وازلێهێنانیانە. بێگومان ئەمانە بەهەڵەدا چوون، چونکە لەبارەی وەزنەوە هۆنراوەی نوێش، هەر لەسەر ئەو کێشانە دەوترێ کە هۆنراوەی کۆنی لەسەر دادەڕێژرێ. تەنیا هێندە هەیە کە شاعیری نوێ بە ئارەزووی خۆی یاری بەو کێشانە دەکا و هەڵیان دەسووڕێنێ.

گومانی تێدا نییە کە من ئەو وەختە لە ڕێگەی خوێندنەوەی عەرەبی و سەرنجدانمەوە لە بزووتنەوەی نوێخوازیی شیعری عەرەبیی (سەیاب و نازك مەلائکە و بەیاتی) و ئەوەی لەبارەیەوە دەنووسرا، ئەم هەڵپەی نوێخوازییەم بۆ شیعری کوردی لەلا پەیدا بووبوو، بەتایبەتی کە نموونەشم لە شیعری کوردیدا (کامەران، وەشتی، ژیر) تێدا دەدی. ئینجا ئێستا و لەم ڕۆژانەدا، دەستم دایە کتێبێك کە هەشت ساڵە لە کتێبخانەکەمدایە (ساڵی ١٩٨٠چاپ بووە)، بەو نیازەی ئاسایی بیخوێنمەوە. کەچی لە بەشێکیدا تووشی هەمان ئەو باسەی (٢٩) ساڵ لەمەوبەرم بوومەوە و لە دڵی خۆمدا وتم: ئەمە چ ڕێکەوتێکە؟!. کتێبەکە بەناونیشانی (چەند لێکۆڵینەوەیەکی ڕەوانبێژی و ڕەخنەیی)یەوەیە و لە نووسینی دوکتۆر (أحمد مطلوب)ە بەشەکە (بناء القصيدة)یە و کەرتێکی ئەمەش کە مەبەستەکەی منی تێدایە، بەناونیشانی (شیعری سەربەست)ەوەیە. هەروەکو کەرتەکەش ڕاست لە بیروڕای (نازك ملائكە) لەبارەی ئەم باسەوە دەدوێ و بەو شێوەیەی کە لە کتێبی (قضايا الشعر المعاصر–١٩٧٤)دا لێی دواوە. دوکتۆر ئەحمەد لە زمانی خۆیەوە دەڵێ: (کەوابێ شیعری سەربەست، شێوەیەکە لە شێوەکانی شیعری نوێی عەرەبی و لە ڕەچەڵەکەکانی لاینەداوە.. یا ئەوە نییە ببڕایببڕ لێیان داماڵرابێ. ئەم شیعرەش کێشدارە و قافیەش کۆڵەکەیەکی گرینگی ئاواز و مۆسیقاکەیەتی. بەڵام هێندە هەیە کە بەو جۆرەی لە شیعری کۆندا هەیە، تەقەڵئاسا نییە). ئینجا هەر لە زمانی ئەوەوە، دوای ڕوونکردنەوەی ئەو رایەی هەیەتی،

کێشەکانی شیعری سەربەست لەناو شازدە کێشەکەدا دەکا بە دوو جۆر: (روون و بێگەردەکان، تێکەڵەکان) و، ژمارەی تەفعیلەکانیش باس دەکا و نموونە دێنێتەوە و دەڵێ: وەك لە کێشی (درێژ– الطویل)دا:

فعولن مفاعیلن فعولن مفاعیلن

فعولن مفاعیلن

فعولن مفاعیلن فعولن مفاعیلن فعولن مفاعیلن

یا لە (ساکار– البسیط)دا:

مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن

مستفعلن فاعلن

یا لە (سووك– الخفیف)دا:

فاعلاتن مستفعلن فاعلاتن

فاعلاتن مستفعلن

سا منیش هەر بەم دەستوورە هیواخوازی ئەوە بووم،کە شیعری کوردی دوای ئەو شۆڕشە بنەڕەتییەی، بەگەڕانەوەی بۆ سەر کێشە خۆماڵییەکان (بڕگە) تیایدا بەرپا بوووبوو، هەنگاوێکی گەورەی تریش بەرەوپێشەوە بنێ. ئەویش (بەکەرتکردنی بڕگەکان) بەشێوەیەك، کە شاعیر بتوانێ بەر بۆ توانا و دەسەڵاتی خۆی لە داهێناندا، لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەڵا بکا. ئەمەش لە وەختێکدا بوو کە زۆر نەبوو سێ شاعیرمان (کامەران، وەشتی، ژیر) بەڕادەی یەکەم و تاکوتەرایەکیش جارجارێك، هەوڵیان تێدا دەدا. بەڵام ئەوەبوو ئیتر بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار، شاعیرانی کورد وردە وردە ڕوویان کردە ئەم جۆرە شیعر و نووسینە و وەك وتیشم ئێستا ئەوەتا بووتە ڕێبازێکی سەرەکی و زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمی شیعریمان، لەسەر ئەو دەستوورە دێتە بەرهەم. ئینجا باسوخوازی ئەم دەستوورە (شیعری سەربەست)، لەگەڵ کێشە خۆماڵییەکانی شیعری کوردیماندا چۆن کەوتووەتەوە و دەبێ چۆن بێ و چۆن بکەوێتەوە؟!. لە وتاری داهاتوومانددا باسی لێ دەکەم.

ژ/٩٩٣– ١٩٨٨/٧/٢١

**٢- کێشەکانی شیعری کوردی و شیعری سەربەست**

ئاخۆ شیعری کوردیمان (بەپێی برگە نەك عەرووز)، چەند جۆر کێشی تێدا هەن؟. من بەشبەحاڵی خۆم، لە باسەکەدا پسپۆڕ نیم و نەچوومەتە بنجوبناوانییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا من دەڵێم (دە) جۆر کێشی تێدان. بۆیەکیشە ئاوا بێ سڵکردنەوە دەڵێم دە، تا پسپۆڕەکان و ناپسپۆڕەکانی وەکو خۆیشم، لێ بکۆڵنەوە و لێم بەقسە بێن و ئەگەر وانەبوو بڵێن وانییە و زیاتر یا کەمترە. بەهەرحاڵ با من قسەی خۆم بکەم و بزانین چۆن دە کێشەن؟. زۆر دوور ناڕۆم و ئەوەتا ئێستا، هەردوو دیوانەکەی گۆران و کامەرانم لە بەردەستدان. ناڵێم بەوردی، بەڵام بەهەندێ خۆماندووکردنەوە بۆ مەبەستەکەم (دیارکردنی کێشەکان)، بەسەرم کردوونەتەوە و بۆم دەرکەوتووە، کە ئەم کێشانە بە حیسابی برگە لەلای گۆران بەکار هاتوون: (٥،٧، ٨، ١٠، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦برگەیی).

نموونە لە (٥) برگەیی لە (بەرخەکەم-ل٤٢٦)دا دەڵێ:

ئەی بەرخۆڵەکە

نەرمونۆڵەکە

نموونە لە (٧) برگەیی لە (هاوڕێم بێکەس- ل/٨٣)دا دەڵێ:

ئەی فریشتەی شیعری جوان

کۆستی کەوتووی هەردووکمان

نموونە لە (٨) برگەیی لە (ڕەوتێکی جوان-ل/١١)دا دەڵێ:

لەژێر زەردەی خۆرەتاوا

بەناو چیمەنی گوێئاوا

نموونە لە (١٠) برگەیی لە (ئافرەت و جوانی-ل٩)دا دەڵێ:

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە

لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە

نموونە لە (١١) برگەیی لە (درزی پەچەوە -ل٣٤)دا دەڵێ:

جادە چۆڵ و سێبەر بوو کاتی بەیانی

ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی

نموونە لە (١٢) بڕگەیی لە (جوانی بێناو–ل٤٥)دا دەڵێ:

قژکاڵی لێوئاڵی پرشنگی نیگاکاڵ

ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ

نموونە لە (١٣) بڕگەیی لە (بووکێکی ناکام–ل/٥٧)دا دەڵێ:

هەی سوار سواربێ هەی تفەنگچی دەست باتە تفەنگ

هەی ژنی جوان ئارایشتی خۆی کا بۆ ئاهەنگ

نموونە لە (١٤) بڕگەیی لە (شەوێکی بەهار–ل١٧١)دا دەڵێ:

تاریکەشەوێ نوقمی ڕەشی چیهرەیی دنیا

دیلی تەمی ئەسرار بوو دەرودەشتی حەقایق

نموونە لە (١٥) بڕگەیی لە (دیمەنێکی بەهار–ل١٦٩)دا دەڵێ:

ئەملا یەك پەڵە ئەولا یەك پەڵە هەوری ڕەنگاوڕەنگ

لە ناوەڕاستا بەدەم ئاسۆوە ڕۆژی شۆخوشەنگ

نموونە لە (١٦) بڕگەیی لە (هەوری پایز–ل ١٦٥)دا دەڵێ:

لە دەریاوە قەتاری هەوری بارشت کەوتە دووی پێشەنگ

بەسەر سنگی چیادا چۆکی داداوە کش و بێدەنگ

هەروەها لەلای کامەران ئەم کێشانە بەکار هاتوون: (٧، ٨، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٥ بڕگەیی). نموونە لە (٧)ی لە (دڵی تەنیا–ل٤٩)دا دەڵێ:

دڵی پێخەفی تەنیا

بۆ دووریی من ئەگریا

نموونە لە (٨)ی لە (پەنجەی تەزیو–ل٤٣)دا دەڵێ:

زەردەپەڕی کاڵی زێڕین

ئەتوێتەوە دەشتی بەفرین

نموونە لە (١٠)ی لە (پایزی ڕووزەرد–ل٣٨)دا دەڵێ:

پایزی ڕووزەرد پایزی غەمگین

دیسان ژیانی باخی کرد بەشین

نموونە لە (١١)ی لە (یاد–ل٥٢)دا دەڵێ:

قژی نەرمت وەکوو تاڵی خۆرەتاو

لەسەر قۆڵ و شانی سپی پەرش و خاو

نموونە لە (١٢)ی لە (شەو–ل/٣٠٠)دا دەڵێ:

مانگ کە پێڵووی هەوری لێکنا من دەمم برد

بۆ ئەستێرەی دەمولێوێکی وەك یاقووت

نموونە لە (١٣)یی لە (پەنجەرەی سەوز و سوور–ل٣٢٨)دا دەڵێ:

ئەوسا دنیا لەلای دڵم خۆش و بەرین بوو

ناخی هەستم گوڵزارێکی گەش و ڕەنگین بوو

نموونە لە (١٥)ی لە (پرسیار–ل/٢١٣)دا دەڵێ:

بەژنی تۆ یا بەژنی ڤینۆس ئەی فریشتەم شەنگترە

خونچە تەنگتر یا دەمی تۆ یا دڵی من تەنگترە

کەوابێ ئەوە دە جۆر کێش لەلای گۆران و، ئەوەش حەوت لەلای کامەران. بێگومان تا ئێرە من تەنیا ڕێگەم بۆ مەبەستەکەم خۆش کردووە. بەڵام کامە بوو مەبەستەکەم؟!. ئا.. شیعری سەربەست و لێرەوە دەپرسم: ئەگەر ئەوانە کێشە بنەڕەتییەکانی شیعری کوردیمان بن (دیارە بە حیسابی بڕگە)، ئەی ئاخۆ سەربەستییەکە لە بەکارهێنانیاندا (لێرەدا دیارە بەحسابی نوێخوازی)، دەبێ لە کوێدا بێ؟!. پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەبێ پرسیارێکی تر بکەین و بڵێین: ئاخۆ بڕگەکان لە چوارچێوەی هەر یەکێك لەو کێشانەدا چۆن ڕیز دەبەستن؟. ئەوەبوو من لە وتارەکەی پێشوومدا ئیشارەتم بەوە دا، کە چەندە دەریاکانی عەرووز بەرفراوان بوون، هێندەش کانی و ڕووبارەکانی ئەم کێشە خۆماڵییانەمان بێ شومارن. بۆ نموونە ئێوە سەرنج بدەن: لە کێشی (١٢) بڕگەییدا، دەشێ بڕگەکان بە (٤+٤+٤) ئاوازدار بن و زەماوەندی خۆیان بگێڕن. دەشگونجێ بەپێی (٣+٣+٣+٣) ئەو زەماوەندە بگێڕن. نموونە بۆ یەکەمیان، لە شیعری (شەو)ی کامەراندایە کە دەڵێ:

مانگ کە پێڵووی/ هەوری لێکنا/ من دەمم برد

بۆ ئەستێرەی/ دەمولێوێ/ کی وەك یاقووت

نموونەش بۆ دووەمیان، لە شیعری (جوانی بێناو)ی گۆراندایە کە دەڵێ:

قژکاڵی/ لێوئاڵی/ پرشنگی/ نیگاکاڵ

ئەی کچە/ جوانەکەی/ سەرگۆنا/ نەختێ ئاڵ

یا لە کێشی (١٣) برگەییدا، دەشێ ببێتە (٤+٤+٤+١). یا (٤+٤+٥). یا (٣+٣+٣+٣+١). یا (٣+٣+٣+٤)..هتد. ئیتر بدەن بەدەمییەوە بۆ هەموو کێشەکانی تریش. جا ئەگەر کێشەکان خۆیان، تەنانەت لە حاڵەتی کۆتکردنیشیاندا بەزنجیری ژمارەی برگەکانیانەوە لە سەرجەم دێرەکانیاندا (واتە ژمارەی برگەکانی هەر دێڕێکی شیعرێکی دە برگەیی، لە سەرەتاوە تا کۆتایی دە برگە بن)، تا ئەم ڕادەیە لە ساز و ئاواز و نۆتەکاریدا گورجوگۆڵ و چالاك و لە ئاڵۆگۆڕدا بەپیت و بەرفراوان بن، ئاخۆ دەبێ ئەگەر سەربەستمان کردن، ئەگەر ئەم کۆت و زنجیرەمان لێ داماڵین، چەندە گورجوگۆڵتر و چالاکتر و بەپیتتر و بەرفراوانتر بن؟.

بەڵام با بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکە و بڵێم: ئاخۆ سەربەستییەکە کامەیە و چۆنە و لە کوێدایە؟. وەرامەکەی بۆ وتاری داهاتووم هەڵدەگرین.

ژ/٩٩٥-١٩٨٨/٨/٤

**٣- سەربەستییەکە**

ئا بەڵێ.. سەربەستییەکە کامەیە و چۆنە و لە کوێدایە؟. ئاخۆ سەربەستییەکی بەرەڵای بەرەڵایە؟. هەرگیز نا.. چونکە بەرەڵا، یانی دەرچوون لە سنووری شیعر و پێنانە ناو سنووری پەخشانەوە. ئێمەش پەخشانمان ناوێ و شیعرمان دەوێ. خۆ پەخشانیش بەپێی بابەتەکانی، سنووری خۆی هەیە و لێدەرچوونی، پێنانە بۆ ناو سنووری بابەتێکی تری ئەدەب. بێگومان ئەم لە سنووردەرچوونە، ئاژاوە دەقەومێنێ. ئێمەش ئاژاوەمان ئامانج نییە. ئێمە شیعر و چیرۆك و شانۆگەری و وتاری ئەدەبی و لێکۆڵینەوەمان، هەریەکە لە سنووری خۆی و بەدەستوورەکانی خۆی دەوێ. تۆ وەرە بیهێنە بەرزەینت.. یەکێك بەرهەمێ بنووسێ کە دێڕێکی شیعر بێ، ئەوی تر چیرۆك، سێیەمی وتار، چوارەم و پێنجەم و شەشەم.. هتد هەریەکە بابەتێك بێ، چی دەردەچێ؟!.

کەوابێ بمانەوێ و نەمانەوێ سنوور هەیە. بێ سنووری لەم سەرزەوینەی ئێمەدا تەنیا بەخەیاڵ هەیە. بۆیە دەڵێم کە سەربەستی مانای بەرەڵای بەرەڵا، بۆ شیعریش و بۆ هەموو بابەتەکانی تریش (هەر هیچ نەبێ بۆ ئەم دەوروزەمانەمان)، کارێکی بێهوودەیە.

ئینجا بابێینەوە سەر باسەکەمان.. کە دەڵێین شیعری سەربەست، مەبەستمان لە سەربەستییە لە سنووری شیعر خۆیدا.. لە سنووری سەرانسەری وڵاتی شیعر.. جیهانی شیعر.. گەردوونی شیعر خۆیدا. وەك دەبینن وتم وڵات، جیهان، گەردوون. چونکە سنوورەکەی بۆ شاعیری بەهەق شاعیر. بۆ شاعیری بلیمەت و لێهاتوو.. بۆ شاعیری هەڵفڕیو بەشاباڵی شاعیرێتیی خۆی، بەگەردوونی بێ بنی شیعردا، هێندە و هێندە بەرفراوانە، کە دەبێ ئاواتی دوو تەمەن و سێ تەمەنی ئاساییی مرۆڤی بۆ بخوازێ، تا بتوانێ زەفەر بەتەیکردن و شارەزابوونی ئەمپەڕ تا ئەوپەڕی ببا.

سا لە ڕوانگەی ئەم باری سەرنجەوە، سەربەستییەکە وەها دەکەوێتەوە، کە برێتی بێ لە (پچڕاندنی ئەو کۆت و زنجیرەی، کە لە چوارچێوەی سنووری جیهانە بەرفراوانەکەی خۆیدا دەیبەستێتەوە. برێتی بێ لە زیاتر تین و توانا پیدانی شاعیر، لە بواری خوڵقاندن و داهێنان و گۆڕانکاری و بەرەو پێشەوەبردنیدا). بەڵام ئەمە بەچی دەکرێ؟. بەزۆر شت و هەرە سەرەکییەکەیان برێتییە لە (کەرتکردنی بڕگەکان). ئەو کەرتکردنەی من بیست و نۆ ساڵ لەمەوبەر، قسەم لەبارەیەوە کرد و وا ئێستا، بووەتە ڕێبازێکی سەرەکی لە شیعری کوردیماندا. بەڵام ئاخۆ کەرتکردنی بڕگەکان یانی چی؟. بێگومان ئەم کەرتکردنە هەڕەمەیی نییە، وەك هەندێك تێی دەگەن و لەسەری دەڕۆن، بگرە دەستووری تایبەتی خۆی هەیە و شاعیری لێهاتوو ئەو شاعیرەیە، کە بتوانێ زەفەری پێ ببا. بۆیە مەسەلەی سەربەستییەکە، جارێکی تر لێرەدا سەرهەڵدەداتەوە. دەڵێم جارێکی تر، چونکە ئەوە بوو جاری یەکەم لە وتەی (بەرەڵای بەرەڵا)دا هاتە کایەوە و تیایدا بەو ئەنجامە گەیشتین کە ئێمە شیعرمان دەوێ نەك پەخشان. ئینجا وا ئەمجارەش هەر دەڵێین: ئێمە کەرتکردنی بەدەستوورمان دەوێ نەك هەڕەمەیی. چونکە کەرتکردنی هەڕەمەیی، دەمانخاتە بارێکی ناهەموارترەوە لە حاڵەتی پێشوو. ئەمیان لە هەردوو جەژنەکەمان دەکا!. نە شیعرمان بەدەستەوە دەهێڵێ و نە پەخشانمان دەسگیر دەخا. دوایی دەگەڕێمەوە سەر ئەم لایەنە و ئێستا با باسی کەرتکردنەکە بکەم.

لە وتاری پێشوومدا وتم: کێشەکانی شیعری کوردی بەپێی بڕگە، لە دەستووری ڕیزبوونی بڕگەکاندا لە ڕووی ساز و ئاوازەوە، هێندە بەپێزن کە چەندان لقوپۆپیان لێ دەبێتەوە و شاعیری کارامە دەخەنە بەردەرکی جیهانێکی فراوانی خولْقاندن و داهێنانەوە. بۆ نموونەش کێشی (١٢و١٣) بڕگەییم هێنایەوە، کە چۆن دەشێ بڕگەکانیان بەچەندان جۆر ڕیز ببەستن و هەرجارەش ببنە خاوەنی دەستووری تایبەتیی خۆیان. باشە.. ئەوە لەولا چەند دەستوورێك. ئینجا من دێم لە ڕێگەی کەرتکردنی بڕگەکانەوە، دەستوورانە دەستووری تر دەردێنم. من دێم شیعرێك لەسەر کێشی دوازدە بڕگەیی دەنووسم و بابلێین دەلێم:

٤

٤+٤

٤+٤+٤=١٢

٤

٤+٤

٤

یاخۆ دەڵێم:

٤+٤

٤

٤+٤+٤=١٢

٤+٤

٤+٤+٤=١٢

٤

ئیتر یاخۆ و یاخۆ و چەندت دەوێ بدە بەدەمییەوە. یا بۆ شێوەکەی تریان دەڵێم:

٣

٣+٣

٣+٣+٣+٣=١٢

٣+٣

٣+٣+٣

٣

ئیتر بۆ ئەمیش یاخۆ و یاخۆ و چەندت دەوێ بدە بەدەمییەوە. دیارە لێرەدا منم کەوا دەڵێم. دەنا دەشێ بۆ شاعیری لێزان و کارامە، زۆر باری تر هەبێ و بتوانێ بیدۆزێتەوە و ئەسپی داهێنان و خوڵقاندن و نوێخوازیی خۆی، لە مەیدانیاندا تاو بدا. یا من دەڵێم: کە لە شیعرێکی پازدە بڕگەییدا دەتوانرێ بگوترێ:

٥+٥

٥

٥+٥

١٥=٥+٥+٥

٥

ئینجا دیسان یاخۆ و یاخۆ و هتد. بەم پێیە شاعیری وێڵی دوای داهێنان و نوێخوازی.. شاعیری پێشڕەوی بەهەقیانەت پێشڕەو.. شاعیری چاك تێگەیشتوو لە پێشڕەوایەتی و لە مەرج و پێویستییەکانی پێشڕەوایەتی، دەتوانێ باری تر بدۆزێتەوە. دەتوانێ تەنانەت لە چوارچێوەی ئەم سەربەستییە سنووردارەدا، گەلێ نوێکاری جوان جوانی ئەوتۆ بەدی بێنێ، کە نەوەکانی داهاتوو بەشانازییەوە دەستی بۆ بەسنگەوە بگرن.

کەوابێ وەك چۆن کێشە کوردییە خۆماڵییەکان (بە حیسابی بڕگە)، دەرگەی جیهانێکی شیعریی فراوانیان لە بەردەم شاعیرانی کورددا خستە سەرپشت و ئەوە بووە هۆی بەرپابوونی ڕاچەنینێکی مێژوویی لە شیعری کوردیدا، هەروەهاش کەرتکردنی بڕگەکانی ئەو کێشانە، شۆڕشێکی تری تێدا هەڵگیرساند و لە گەشەکردن و پێشکەوتندا، بردییە پلەیەکی تری مێژووییەوە. ئەمەش لە ماوەی کەمتر لە (٣٥)ساڵدا، کە بەڵگەیەکی گەلێ بەمەغزایە بۆ زیندوویی و چالاکیی ئەدەبی کوردی.

ژ/٩٩٧–١٩٨٨/٨/١١

٤- شیکردنەوە

لە سێ وتاری پێشوومدا، باسی (شیعری سەربەست، کێشەکانی شیعری کوردی و شیعری سەربەست و سەربەستییەکە) خۆیم کرد. ئینجا ئێستا وا شیعرێکی نزیکەدەستی ناو هاوکاری دەگرم و لەگەڵ گەلێ ڕێز و دڵسۆزیمدا بۆ خاوەنەکەی، کە هیوادارم دڵگران نەبێ کە شیعرەکەیم بۆ مەبەستەکەم کردووەتە دەسکەلا، لەبەر ڕۆشنایی سەرنج و بۆچوونەکانی ئەو سێ وتارەمدا، هەوڵ دەدەم شیی بکەمەوە و دەری بخەم، کە ئەو سەربەستییە چۆن کرداری لەگەڵدا کراوە و دەبێ چۆن بکرێ؟. شیعرەکە بەناونیشانی (پۆستەرەکان)ە و لە ژمارە (٩٨٩-ل/٦)دایە. شیعرەکە برێتییە لە چوار پۆستەری بەناوەڕۆك شیرین و جوان و لەسەر کێشی هەشت بڕگەیین و وەك هەر شیعرێکی تری ڕێبازە سەرەکییەکەی ئێستای شیعری کوردی، دەستووری کەرتکردنی بڕگەکانیان تێدا بەکار هێنراوە. بەڵام بابزانین چۆن؟. پۆستەری یەکەم (خونچەگوڵ گیان)، بڕگەکانی بەمجۆرە کەرت کراون:

١- تۆ/خون/چە/بووی/خۆ/شم/ویس/تی=٤+٤

٢- بە/هار/هات/خۆت/کر/دە/گو/ڵ و =٤+٤

٣- پا/یی/زیش/هات= ٤

٤- ن/ زیك/بووی/تە/وە/لە/وە/ران= ٤+٤

٥- ئێس/تا/زۆ/رم/لێ/دە/تر/سیت= ٤+٤

٦- پێت/ب/ڵێم/کام/یا/نی/کام/یان= ٤+٤

٧- بە/ڵام/ئا/زیز=٤

٨- مە/تر/سە/لێم=٤

٩- ئێس/تاش/لای/من=٤

١٠- خون/چە/کەی/جا/را/نی/جا/ران=٤+٤

گومانی تێدا نییە کە ئەم پۆستەرەیان لە ڕووی کەرتکردنی بڕگەکانەوە، تا بڵێیت کۆك و ڕێکوپێکە. چونکە تۆ ئەگەر بتەوێ بۆ بارێکی تری کەرتکردنەکە بگەڕێیت کە لەمە جوانتر و کاریگەرتر بێ، نایدۆزیتەوە و دەسگیرت نابێ. ڕەنگە بتوانیت بڵێیت کە دەکرێ دێری هەشتەم بخرێتە پاڵ دێری حەوتەم. بەڵام نا.. جیاییەکەی یا بابڵێین

سەربەخۆییەکەی وەك دێرێك، بەهێزتر و کاریگەرترە. چونکە بەوێنەی دێری سێیەم (پایزیش هات) کە کاریگەری سەربەخۆیییەکەی زۆر ئاشکرا دیارە، باشتر و ڕاستەوخۆتر مانا بەدەستەوە دەدا. بەڵام لە پۆستەری دووەم (خۆشم ئەوێت)دا بەپێچەوانەوە، کەلێنێکی گەورە کەوتووەتە شێوەی کەرتکردنی بڕگەکانەوە.. چۆن؟. با بژمێرین و پێوانە بکەین:

١- گە/لیٚ/سەی/رە=٤

٢- س/تە/مە/کە/خۆش/مت/ب/ویٚ= ٤+٤

٣- تە/نا/نەت/دوور/بە/دوو/ریش/بیٚ= ٤+٤

٤- نی/گای/چا/ویٚ/کم= ٥

٥- پێت/کە/ویٚ= ٣

وەك دەبینین دێری چوارەم و پێنجەم، لەسەر بارە دروستەکەی کێشی هەشت بڕگەیی کەرت نەکراون و بڕگەکانی دیری پێنجەم بەپێی دەستوور، دەبوو بچنە پاڵ دێری چوارەم. بەمانایەکی تر، ئەمیان هەڵسووڕانە لە سنووری دەستوورەکەدا و ئەویان لێدەرچوونێتی.

هەروەها لە پۆستەری سێیەم (هەژار و کولێرە)دا، کەلێن و کەموکووڕی هەیە و بەڵام لە بابەتێکی تر. لەمیاندا کەرتکردنەکە بەلەنگی کراوە. پۆستەرەکە دەڵیٚ:

١- کە/هە/ژا/ریٚ/بر/سی/ئە/بیٚ= ٤+٤

٢- لە/بر/سا/نا= ٤

٣- هیٚ/ڵن/جی/بر/سی/دیٚ/نیٚ= ٤+٣

ئینجا لە دێرێکی تردا دەڵیٚ:

یە/کیٚ/لە/نا/نەو/(!)خا/نە/کان= ٤+٤

لێرەدا دوو دێڕ سەرنج ڕادەکێشن و کەلێنەکە نیشان دەدەن. یەکەمیان دێری سێیەمە کە بریتییە لە حەوت بڕگە (٤+٣) و من لام وایە، ئەمیان هەڵەیەکی چاپی تێدایە و دەبیٚ وشەی برسی (برسێتی) بووبیٚ، کە بەمە لەنگییەکە نامێنیٚ و ژمارەی بڕگەکان ڕاست دەبنەوە. لە کاتێکدا لە دووەمیاندا کە دێرەکەی ترە، کارەکە ڕاست بەپێچەوانە دەکەوێتەوە. واتە ئەگەر برای شاعیر نووسیبێتی (نانەوخانەکان) بەبیٚ ئەلفی دوای

واوەکە، ئەوا تەنانەت زەروورەتە شیعرییەکەی جارانیش قەت بوار نادا ئەو ئەلفەی (نانەوا) لەو ناوەندەدا بپەڕێنێ و بیکا بە (نانەو). ئینجا ئەگەر هەڵەی چاپیش بێ و بڵێین ئەلفەکە پەڕیوە، ئەوا ئەمجارە ژمارەی بڕگەکان دەبنە:

یە/کێ/لە/نا/نە/وا/خا/نە/کان= ٤+٥=٩

دواجار پۆستەری چوارەم کە (ژەنگەسوورە)یە، ڕێکوپێکە و هیچ نەنگییەکی تێدا نییە. دەمێنێتەوە بڵێم: ئەم شیکردنەوەیە شیعرێکی گرتەوە، کە هەشت بڕگەییە و ئەوە بوو لە وتارێکی پێشوومدا وتم: ئەمە لە کێشە زۆر ئاسانەکانە. لە کاتێکدا کار لەگەڵ کێشەکانی تردا، روو لە زەحمەتی و ئاڵۆزی دەکا و لقوپۆپی زۆر لێ دەبێتەوە. بۆ نموونە: ئاخۆ شیعرێکی حەوت یا یازدە یا سیازدە یا چواردە بڕگەیی، چۆن کەرت دەکرێ؟. ئەمە یەکێکە لەو مەسەلە سەختانەی، کە شاعیر لەم بوارەدا تووشی دەبێ. کەوابێ ئێمەش لە مەسەلەی کەرتکردنی بڕگەکاندا لە کێشەکانی شیعری کوردیدا، دەتوانین وەکو (نازك الملائكە) بڵێین: دوو بابەتمان هەن. یەکەمیان ئاسان کە ئەمانەن (٨،١٠، ١٢، ١٥، ١٦) بڕگەیی. دووەمیان گران کە ئەمانەن (٥، ٧، ١١، ١٣، ١٤) بڕگەیی.

ژ/٩٩٩-١٨/٨/١٩٨٨

# نهێنییەکانی هونەری چیرۆکنووسین

## ١- پێشەکی دوو پرسیار

وادەبێ بە (٢١) ژمارە کە بەو (ورشە)یە و بەزنجیر، بەشداری لە (هاوکاری)دا دەکەمەوە. ئینجا ئەوە بوو لە زۆربەی ئەو ژمارانەدا لە پسپۆرایەتی و بەپێی ئەو هەندە زانیارییەی بۆ خودی خۆم لەلام پەیدا بووبوو، باسم لە شیعر بوو. دەمویست ئەو کەمە کە تێبینی و باری سەرنجەی بۆ خۆم لە ئەنجامی وردبوونەوەمدا لەلام کەڵەکە بووبوو، بیخەمە بەرچاوی هەم خوێنەران و هەم بەتەنگەوەهاتوانی کاروانی شیعریمان، بەو نیازەی بەڵکو سوودێکیان هەبێ و کەسانێکیان لێ پەیدا ببێ، بەدوایاندا بچن و باشتر و تێروتەسەلتر لێیان بکۆڵنەوە و ڕاست و چەوتیشیان لێك جودا بکەنەوە. دیارە من ناڵێم کە هەرچیم لەبارەی شیعرەوە هەبووە وتوومە. نا.. بەڵکو من خۆشم قسەی ترم زۆر هەن بیانکەم، یا هیچ نەبێ درێژەی ئەو تێبینییانەم زۆر پێماون دەریان ببڕم. بەڵام لە بواری ئەم ورشەیەدا، تەنیا هێندە دەوترا کە وترا. بۆیە وا جارێ لە شیعر لادەدەم و دێم هەندێکیش باس لە چیرۆك دەکەم، کە ئاشکرایە ئەمیان پیشەی خۆمە و دەبێ لە شارەزاییەکی باشترەوە لە شیعر، قسەی لێ بکەم. بۆیە هەوڵ دەدەم قسەکانم لەگەڵ سەرباسەکەمدا بگونجێن و، وابن کە لە (نهێنییەکانی هونەری چیرۆکنووسین) بدوێن. با بنەماکانیش هەر ئەوانە بن، کە لەسەر زاری ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەکانن (وەك دوایی دەکەوێتە بەرچاوتان).

پێشەکی من بە وەرامدانەوەی دوو پرسیاری ساکار دەست پێ دەکەم، کە یەکەمیان دەڵێ: ئاخۆ چیرۆکنووس بۆچی چیرۆك دەنووسێ؟. دووەمیشیان دەڵێ: ئەی ئاخۆ خەڵك بۆچی چیرۆك دەخوێننەوە؟!. ئینجا ئەمە دەشێ بخرێتە قاڵبی مەسەلەی (مریشك و هێلکە)کەوە و بوترێ: ئاخۆ چیرۆکنووس بۆیە چیرۆك دەنووسێ تا خەڵکەکە بیخوێننەوە، یا خەڵکەکە چیرۆك دەخوێننەوە بۆیە چیرۆکنووس چیرۆك دەنووسێ؟!. ئەگەر مەسەلەکە بخرێتە ئەم قاڵبەوە، منیش ناچار دەبم هەر وەرامە بێ وەرامەکە بدەمەوە و بڵێم: بەڵێ. مریشك لە هێلکەیە و هێلکەش لە مریشکە!. واتە چیرۆکنووس چیرۆك دەنووسێ تا خەڵکەکە بیخوێننەوە و خەڵکەکەش چیرۆك دەخوێننەوە بۆیە چیرۆکنووس دەینووسێ!.

بێگومان من ئەم بارەی وەڵامی پرسیارەکانم مەبەست نییە ئەم بارەی ئەوەتا برێتییە لە هەقایەتی مێشەکە و (خوام بەهەقە)کە و دەبڕێتەوە. بەڵکو من چوونە ناوجەرگەی کردارەکەوەم مەبەستە.. چوونە ناوجەرگەی چالاکییە مرۆڤانەکەوە، کە دەکاتە (چالاکی+مرۆڤ). واتە بۆ هەر یەکێك لە دوو لایەنەکە (نووسەر و خوێنەر)، هەردوو مەرجەکە (چالاکی، مرۆڤ) لە کایەدان و، لەلای هەردووکیش لەناو یەك کوورەدا جۆش دەخۆن، کە کارە هونەرییەکە خۆیەتی. یا ئەگەر روونتر موعادەلەکە بخەینە ڕوو دەڵێین: نووسەر لەلای خۆیەوە وەك مرۆڤێك جۆرە چالاکییەك دەنوێنێ و لە ئەنجامیدا کارە هونەرییەکە بەدی دێنێ. لە کاتێکدا لە بەرامبەریدا خوێنەریش لەلای خۆیەوە وەك مرۆڤێك، جۆرە چالاکییەك دەنوێنێ و لە ئەنجامیدا، کارە هونەرییەکە دەخوێنێتەوە. بێگومان ئەم موعادەلەیە وامان لێ دەکا هەوڵ بدەین بزانین، کە ئاخۆ بۆچی هەم نووسەر هەم خوێنەریش، پەنا دەبەنە بەر ئەم جۆرە چالاکییە؟!. خۆ دیارە کە چالاکییەکە یەکێکە لە هەزارەها جۆر چالاکی، کە ڕۆژانە لەلایەن ملیاران مرۆڤەوە و ملیارەها جار دەنوێنرێن هەروەکو دیارە کە لەو بابەتەش نییە ئەگەر نەکرێ (وەك خواردن)، مرۆڤی پێ بەفەوت بچێ، کەچی دەشکرێ.. بۆچی؟!. لە دەمێکەوە و گوتراوە کە مرۆڤ تەنیا بە نان ناژی. خۆ ئەوی ڕاستی بێ دەژی. بەڵام گرینگ مەغزای قسەکەیە کە دەڵێ: مرۆڤ جگە لە نان، زۆر شتی پێ دەوێن، تا بەهەقیانەت بژی. یەکێ لەو زۆرە، هەستکردنێتی بەژیانەکە.. بە پڕ بەپڕی ژیانەکە. دەنا خۆ ئاژەڵیش دەخوا و دەژی.! هەستپێکردنەکەش هەزارویەك باری هەیە. ئینجا یەکێك لەو هەزارویەکە خۆسەلماندنە. خۆسەلماندن لە ڕیز و لە ڕووی ئەو ملیارانەی تردا کە هەن. دیارە ئێمە لێرەدا باسمان لە نووسەر و لە خوێنەری چیرۆکە. ئا.. نووسەر کە دەگونجا دارتاشی یا ئاسنگەری بۆ خۆسەلماندنەکە لەخۆ بگرێ و کەچی چیرۆکنووسینی لەخۆ گرتووە. دوای تێپەڕبوونی بەبۆتەی چەندان موعادەلەی تردا، ئەمیانی لە بەردەمدا لێ بووەتە تاقە ڕێگەیەك و گرتوویێتییە بەر. واتە تەنیا ئەمیان بەمسۆگەرترین ڕێگە بۆ خۆسەلماندنەکە دەزانێ.. بێگومان لێرەدا دەبێ ئیشارەت بەوە بدەم، کە ئەم بنەمایە تەنیا نووسەری سەرکەوتوو دەگرێتەوە، چونکە ئەو کارێکی هەروا سووك و ئاسان نییە و گەلێ مەرجی تایبەتیی خۆی هەن، کە بێ مسۆگەرکردنیان نایەتە دی، باهەرچی حەز و ئارەزوویەکیش لە دڵیدایە، بۆی بخاتە کار. ئیتر هەر لێرەشەوەیە ئەو حاڵەتە ڕوو دەدا کە دەوترێ: فلانە نووسەر داهێنەر و

خوڵقێنەرە و دواجار گەورە و نەمرە و، فیسارە نووسەریش ئەرزوحاڵنووسێکە و هیچی تر. بەڵێ.. بۆ نووسەر وەها، کە لە بنەڕەتدا بۆ خۆی لە پێناوی سەلماندنی بوونی خۆیدا دەنووسێ و کەچی، ئەنجامە هەرە ڕاستەوخۆ و دیار و ئاشکراکەی وا دەکەوێتەوە، کە نووسینە بۆ ئەو کەسانەی دەیخوێندنەوە و کە ئەوی ڕاستی بێ، بێ بوونی ئەو کەسانە، ئەوی نووسەر قەت نایەتە بەر زەین بتوانێ، بوونەکەی خۆی بسەلمێنێ.

کەوابوو ئێستا بابێینە سەر خوێنەر و بپرسین: ئەی ئاخۆ ئەم بۆچی دەخوێنێتەوە؟!. گومانی تێدا نییە کە ئەمیش ڕاست وەکو نووسەرەکە کردار دەکا، بەڵام بەباری خۆدۆزینەوەدا کە دیوەکەی تری خۆسەلماندنە. خۆ وەنەبێ خۆدۆزینەوەکەش یەکجارەکی و لە تەنیا یەك بەرهەمدا بێ، هەرگیز نا.. بگرە بەژەمژەم و هەر تۆزەی لە بەرهەمێکدا و، ئەنجامیش وەها دەکەوێتەوە، کە قەت لەو بەرهەمانەدای دەیانخوێنێتەوە، بەتەواوی خۆی نادۆزێتەوە و هەردەم بەچەشنی بەدواداچوونی سێبەری خۆی، هەر دەخوێنێتەوە و هەر نایگاتێ و ئیتر ئەمەشە هۆی بەردەوامبوونی خوێنەر، لەسەر خوێندنەوەی چەندان بەرهەمی جۆراوجۆری چەندان نووسەری جیا لە یەکتر. بەم پێیە جیهانی نووسەر و جیهانی خوێنەر، چەندە لە یەکتر دابڕاون و لە یەکترەوە دوورن، هێندەش بەیەکترەوە بەندن و پێکەوە نووساون. واتە هەریەکەیان بۆ خودی خۆی تێ دەکۆشێ، کەچی هەریەکەشیان لە پێکی کۆششی ئەوی تریان دەنۆشێ.. یا پێکەوە کاروان دەگەیەننە جێ.!

ژ/١٠٠٣-١/٩/١٩٨٨

**٢- زمان**

لە وتاری یەکەممدا هەوڵم دا، وەڵامی ئەو دوو پرسیارە ساکارە بدەمەوە کە دەڵێن: چیرۆکنووس بۆچی چیرۆك دەنووسێ و خوێنەریش بۆچی چیرۆك دەخوێنێتەوە؟!. لەم وتارەشمدا تەقەلا دەدەم، لە زمان و بایەخی زمان لە هونەری چیرۆکنووسیندا بدوێم. ئینجا دەپرسم: بۆچی زمانم پێش لایەنەکانی تر خست؟!. لە وەڵامدا دەڵێم: چونکە زمان بەردی بناغەیە و ئاشکرایە، کە نووسەر بەبێ زمان، هەر لە بنەڕەتەوە هیچی لە بواری نووسیندا پێ ناکرێ. من بەشبەحاڵی خۆم، بەهیچ کلۆجێك نایەتە بەرزەینم، کە نووسەرێك بێ بەکارهێنانی زمان بتوانێ بنووسێ. ئەمە کارێکی زەق لە بەرچاوە و هیچ بێنەوبەرە و ئەملا و ئەولایەکی تێ ناکەوێ.

دەکـەوابـێ چـیـرۆکـنـووس بـەر لـەهــەر لایـەنێکی تری هـونـەرەکە، زمـانـە– بـەردە بناغەکەی لە بەردەمدا دەبێتە ئەو تەگەرە هەرە سەختەی، کە دەبێ لە وەختێکی زووەوە، لای لێ بکاتەوە و هەوڵی زاڵبوون بەسەریدا بدا. خۆ من وەنەبێ نیازم لەم نووسینەو لەوانی تریشدا کە دادێن، ئامۆژگاریکردن بێ.. هەرگیز نا. بەڵکو دەمەوێ لە مەسەلەی زمان وەك یەکێك لە نهێنییەکانی هونەرەکەی بدوێم و بڵێم: چیرۆکنووس ئەگەر بەردی بناغەی باش نەچەسپاندبوو، دوایی هەزار بەردی زەرکەفتکراویشی لەسەر هـەڵـچـنـێت، ئـەگـەر هـەرەسیش نـەهـێنـن، لە بـەرچـاوان هـەر شەقوشلۆق دەنوێنن و باقوبریقیان داد نادا. لەگەڵ ئەوەشدا بەلاتەوە سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم: هەرچەندە زمان ئەو بەردی بناغەیەیە کە هەیە، بەڵام بەردێکی رەقی رووتیش نییە و بگوترێ: ئەوەتا زمانەکەم بەپێی هەموو دەستوورەکانی، کۆك و رێکوپێکە و هەڵەی زمانەوانیی تێدا نییە و دەبێ بۆم بسەلمێنرێ، کە بەردی بناغەی چیرۆکەکەم بێ کەموکووڕییە! نەخێر.. قەت ئەمەش وانییە و بەشی هەرە گەورەی نهێنییەکە لێرەدایە. بۆیە من لەلای خۆمەوە دەڵێم: بەردەکە هێندەی رەقێکی رووتە، هێندەش نەرمونیانێکی (کورد واتەنی) تووکی قوویییە. یا باشتروایە بەزمانی سەردەم بڵێم: نەرمونیانێکی ئیسفەنجییە!. چۆن؟!. بـابـاسی بـکـەم.. ئـاخـۆ تـۆ قـەت پـارچـە ئـیسفـەنجێکت لـە ئـاو وەرنـەداوە و ئـیـنـجـا بیگوشیتەوە؟!. با بێگومان کردووتە. ئینجا تۆ سەرنجدە.. پارچە ئیسفەنجەکە بە وشکی و دوای لە ئاو وەردانەکەی، بە بارستایی جیاوازییەکی ئەوتۆیان نابێ. لە کاتێکدا بەکێشان، جیاوازییەکی گەورەیان دەکەوێتە نێوانەوە.

سا کـارمـان لـەگەڵ بـەکارهـێنـانـی زمـان لـە هـونـەری چیرۆکنووسیندا (هێندەی پێوەندیی بەنهێنییەکەوە هەبێ)، راست وەها دەکەوێتەوە. تۆ بەردە– ئیسفەنجەکە (کە بەردی بناغەیە)، بەرێکوپێکی بەکار دەهێنیت. بەڵام ئاخۆ لە حاڵەتی وشکییەکەیدا بەکارت هێناوە، یا لە ئاوی مانا و مەغزای قووڵت وەرداوە و خستووتەتە بەرچاوی خـوێنـەرەکـەت؟!. خـۆ ئـاشکـراشە کـە ئـەگـەر تـۆ تـوانـیـبێتت ئـەوە بـکـەیت، ئـەوا ئـیتـر چـارەنووست (واتـە چـارەنووسی بـەرهـەمـەکـەت)، دەکـەوێتـە بـەر حـوکمـی لایـەنـەکەی بەرامبەرت، کە خوێنەرە و کە ئەمیش ئەوەتا (وەك لە وتاری پێشوومدا دەسنیشانم کرد)، خاوەنی جیهانێکی تایبەتی خۆیەتی و بەڵام وێڵی گەڕانیشە بەدوای یەکێك (یاخۆ یەکانێکدا)، کە بە حاڵەتی خۆدۆزینەوە و یەکگرتنەوەی بگەیەنێ. حوکمەکەش (من باوەڕم وایە) کە لە زۆربەی جاردا، بەلایەنگرتنی تۆدا دەشکێتەوە و کەم جار

بەپێچەوانەوە دەبێ. بۆچی؟!. چونکە هێندەی تۆ کۆششت لە ئاووەردانی ئیسفەنجەکە (مانا دەردانەوە بەمێشکت) کردووە، هێندەش ئەو کۆششی بەوەرگرتنی و خۆخواردنەوە لەگەڵ وەرگرتنەکە و جۆشخواردنی بۆ خۆی لەگەڵیدا کردووە و بەوە هەردوو جیهانەکەتان، سەرەڕای جیاوازیشیان لە یەکتر، بەیەك گەیشتوون دیسان کورد واتەنی، بەیەکتر شاد و شوکور بوون، کە هەر ئەمەشە مەغزا هەرە گەورەکەی کۆششی هەردوولاتان. دەنا دەیڵێمەوە: تۆ چ مەجبووریت چیرۆك بنووسیت و ئەویش چ مەجبوورە چیرۆك بخوێنێتەوە!!.

بەم پێیە زمان لە هونەری چیرۆکنووسیندا، نابێ تەنیا بریتی بێ لەوەی بوترێ: وا هات وا چوو، بەڵکو پێویستە گەلێ بەولاترەوە بێ و دەبێ جگە لە مەرجە هەرە سەرەتاییەکە، کە زانینی دەستووری ئاساییەکانێتی (یەکەم جار بەسەلیقە و دوایی بەتێگەیشتنەوە)، هەوڵدانی مەلەوانیکردنیش بێ لە دەریا قووڵ و بەرینەکەیدا، بەئامانجی بەدەستەوەدانی زۆرترین و کاریگەرترین مانا و ڕاگەیاندنی بەو کەسەی کە ئەوەتا لەبەری ئەوەوە، لە چاوەڕوانی وەرگرتندایە لە تۆی نووسەر. تۆ بۆ ئەم مەسەلەیە دەبێ هەر لە وەختێکی زوودا لە خۆت بپرسیت، کە بۆچی کورد لە دێرزەمانەوە گوتویەتی: فلانە کەس زمانلووسە؟!. تۆ وەرە بچۆرە بنجوبناوانی وتەکەوە. خۆ من خوانەخواستە ناڵێم تۆ زمانلووسبە بۆ هەڵخەڵەتاندن!. نا.. بەڵکو زمانلووسبە بۆ ڕاکێشانی (یا داخزاندنی) بۆ ناو جیهانەکەی خۆت، کە من قەت گومانم نییە جیهانی ڕووناکی خێر و خۆشییە. ئا بەڵێ زمانی لووس، کە قەتیش نابێ وەها بگەیەنێ گوایە چیرۆکنووس، ببێتە پسپۆڕێکی زمانەوانی!. هەرگیز نا.. بەڵکو من داوا دەکەم و مەرجیشە، کە چیرۆکنووس ببێتە پسپۆڕی زمانی چیرۆکنووسین. بەڵام ئاخۆ چۆن دەبێتە ئەم پسپۆڕە، ئەوە ئەرکی سەر شانی خۆیەتی. ئینجا خۆ لەخۆڕایی نییە کە دەوترێ: فلانە چیرۆکنووس خاوەنی عەجەب زمانێکی پاراوی تایبەتی خۆیەتی؟! لێرەدا زاراوەی (لووسی)یەکە لە بیر مەکە و دەشێ بوترێ: عەجەب زمانێکی لووسی هەیە؟!. یا دەوترێ فیسارە چیرۆکنووس، زمانێکی زۆر خراپی لە نووسینی چیرۆکەکانیدا هەیە!. لێرەشدا لووسییەکە هەر لە بیر مەکە و دەشێ بوترێ: بڕوانن کابرا چ زمانێکی زبری کوڵکنی هەیە؟!.

بەهەرحاڵ زمانی پوختیش.. بەردی بناغەکەش.. بەردە ئیسفەنجییەکەش.. تەنانەت لووسییەکەش، هەر کەس ناکا بە چیرۆکنووسێکی باش، ئەگەر مەرجەکانی تری

نەچنە پاڵ. مەرجەکانی تریش (کە بریتین لە نهێنییەکانی تر)، زۆرن و لقوپۆپی زۆریشیان لێ دەبێتەوە. لە وتاری داهاتوومدا، هەوڵ دەدەم لە یەکێکی تریان بدوێم.

ژ/١٠٠٥-١٩٨٨/٩/٨

**٣- کەسان**

لە وتاری پێشوومدا وتم کە زمان، بەردی بناغەیە لە هونەری چیرۆکنووسیندا، بەڵام ئاشکرایە کە بەتەنیا بەردی بناغە، بینای چیرۆکێك دروست نابێ، بگرە زۆر کەرەسەی تری پێ دەوێ و بەکارهێنانی ئەو کەرەسانەی تریش، وەستایی و شارەزاییەکی زۆریان پێویستە، کە دواتر لێیان دەدوێین و لەسەریان رادەوەستین. بەڵێ.. هیچ چیرۆکێك بێ کەسانێك نابێ، کە باسیان لێوە دەکا. بەڵام با پێشەکی ئەوە بڵێم کە مەبەست لە کەسان، تەنیا ئادەمیزاد نییە، بگرە هەموو گیاندارێك و تەنانەت دەشێ بێ گیانیش بگرێتەوە، ئەگەرچی لە ئەنجامدا گیاندار و بێ گیانەکانیش، هەر بەپێوەندی لەگەڵ ئادەمیزاددا باس دەکرێن. چونکە ئەگەر هیچ ئادەمییەکیش لە چیرۆکەکەدا لە ئارادا نەبێ، خۆ ئەوەی باس لە گیاندار و بێ گیانەکانی تر دەکا کە نووسەرەکەیە، هەر ئادەمییە و هەر زادەی بیر و هۆش و هەست و نەستی ئەوە، دادەرێژێتە سەر کاغەزی سپی و دەبێ بەو چیرۆکە. هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێم کە کاتێ کەسان بە کۆ ناو دەبەم، مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەرچی چیرۆکێك تەنانەت لە یەك کەسی سەرەکیش بدوێ، قەت واناکەوێتەوە کە ئەو یەك کەسە، بەتەنیا و بێ هیچ جۆرە پێوەندییەك لەگەڵ کەسانی تردا، (ئادەمی بێ یا گیانداری تر یا بێ گیان)، قسەی لێوە بکرێ. من لەلای خۆمەوە، قەت ناتوانم حاڵەتێك لەم بابەتە بێنمە بەرزەینی خۆم.. حاڵەتێك کە ئەو کەسە بەشێوەیەکی رەها تاك و تەنیا و ببڕای ببڕ، لەگەڵ دەوروبەریدا بێ پێوەندی بێ. بەم پێیە دەتوانین بڵێین: چیرۆك بەبێ کەسێك کە دەبێ لێی بدوێ، قەت دروست نابێ. کەسەکەش با سەرەکیش بێ، بێ پێوەندی لەگەڵ کەسانێکی تری ناو دەوروبەریدا، دیسان قەت دروست نابێ. کەسانیش مەرج نییە تەنیا ئادەمیزاد بن، بەڵکو دەشێ هەر گیاندار و بێ گیانێکی تر بن، بەڵام هەر بە پێوەندی لەگەڵ ئادەمیزاددا. چونکە هەر هیچ نەبێ خوڵقێنەری چیرۆکەکە ئادەمیزادێکە.

ئینجا ئاخۆ ئەم وردکرنەوەیە بە چ ئەنجامێکمان دەگەیەنێ؟!. راست بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێ، کە چەندە بمانەوێ ئەمدیو و ئەودیو بەمەسەلەکە بکەین، کار هەر وەها دەکەوێتەوە کە ئامانج لە نووسینی چیرۆکەکە و لە خوێندنەوەی تەنیا

ئادەمیزادە. نووسەر ئەوە و خوێنەریش ئەوە. خۆ ئەگەر نموونە بهێنمەوە دەتوانم بڵێم: دەشێ شەمپانزییەك ببێتە کەسی سەرەکیی چیرۆکێك. کەچی ئەو ئەگەرچی یەکێکیشە لە زیندەوەرە هەرە زیرەکەکانی تر، نابێتە نووسەر یا خوێنەری چیرۆکێك!.. (هیچ نەبێ لەم سەردەمەدا!) ئەمە مەسەلە بنەڕەتییەکەی کەسانە لە هونەری چیرۆکنووسیندا. بەڵام خۆ من پێم وانییە، کە تەنیا بەوەندە دەبڕێتەوە، نا.. گرفت لە لقوپۆپەکانیدایە. تکایە ئێوە سەرنج بدەن.. سێ چوار مانگێك لەمەوبەر، دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەواڵێکدا بڵاوی کردەوە، کەوا ژمارەی ئادەمیزاد لەسەر زەمیندا بوو بە پێنج ملیار. هەمووش دەزانین کە ئەمانە پێنج ملیار پەنجەمۆر یا ئاوازی دەنگی جیا لە یەکتریان هەیە. بەیناوبەینیش دەخوێنینەوە کە ئەها دەرکەوت فلانە یا فیسارە سیفەتیش، لە هەر ئادەمییەکدا لە ملیارانەکەی تر جیایە. دیارە من نامەوێ داخزێمە زەلکاوی ئەو بۆچوونەوەی، کە دەڵێ گوایە پێنج ملیار جیهانی دژ بەیەکتر هەن و بەیەکتردا دەدەن و لە ئەنجامدا شەڕوشەڕخوایی دەبێتە کارێکی ئەزەلی!. هەرگیز نا.. بەڵکو دەمەوێ بڵێم: کاتێ چیرۆکنووس دەیەوێ لە یەکێ لەو پێنج ملیارە بدوێ، دەبێ بزانێ کە بۆ نموونە: پەنجەمۆرەکەی جیاوازە لە هەر پێنج ملیارانەکەی تر. کە لە ئەندێشەیەکی دەدوێ، با لەلای ملیارانی تریش هەمان ناوی هەبێ (دڵداری، برسێتی، شین، ترس، ئازایەتی.. هتد) دەبێ ئاگەدار بێ کە جیاوازە لەوەی لەلای ملیارانەکەی تر هەن. ڕەنگە جیاوازییەکەی هێندەی تاڵە موویەك و زۆر کەمتریش بێ، بەڵام هەر جیاوازە.

ئینجا لێرەدا دیسان ئەو پرسیارە سەر هەڵدەداتەوە، کە ئاخۆ ئەوەی چیرۆکەکە دەنووسێ کێیە؟!. ئاخۆ یەکێك نییە لەو ملیارانە؟!. با بێگومان!. دیسان ئەمە چ مەغزایەکمان دەداتێ؟!. بێگومان بەسەرێك دەستەوستانی بەسەرێکیش کارامەیی. دەستەوستانی، چونکە ڕاگەیشتن بەپێنج ملیار جیهانەکەدا، لە وزەی هیچ مرۆڤێکدا نییە. کارامەییش، چونکە کام نووسەر بەزۆرتریندا ڕابگا، گرەوی بردووەتەوە و هەر ئەمەشە، کە نووسەریك لە نووسەرێکی تر جودا دەکاتەوە. ئەمەی کە وتم رامان دەکێشێ بۆ بارێکی تری باسەکە. ئەم بارەیان دەڵێ: هێندەی مەسەلە پێوەندیی بە کەسانی چیرۆکەوە هەبێ، چیرۆکنووس ڕووبەڕووی نهێنیی دوو گەردوون دەبێتەوە. یەکەمیان ئەوەیە کە لە بەرچاوە و ئادەمیزاد لە بەرەبەیانی مێژووەوە پێوەی خەریکە، تا وای لێ هاتووە کە ئێستا ئەستێرەیەکی لە دووریی ملیۆنان ساڵی تیشکییەوە تێدا بەدی دەکا و ناوی لێ دەنێ و دەیناسێ. دووەمیشیان ئەوەکەی بندەستی خۆیەتی، کە

برێتییه له جیهانەکەی ناخی خۆی و ئەوەکانی ملیارانەکەی تر، که لەگەڵیدا و له ڕۆژگاری خۆیدا هەن. بۆ ئەم گەردوونەشیان، ئاشکرایه مرۆڤ لەوەی تێپەڕاندووه برێتی بێ له تەنیا دڵ و جگەر و ریخۆڵه و گەده وئێسك و دەمار و ماسوولکه و.. هتد و له مێشکیش که گەردوونه زەبەللاحەکەی پێ تەی دەکا. بێگومان من نامەوێ لەم رووەوه بچمه ناو (توونی بابا)ی فەلسەفەوه. بگره، تەنیا دەمەوێ بڵێم که پێوەندیی چیرۆکنووس، پتر لەگەڵ ئەم گەردوونیاندایه نەك ئەویان. هەروەکو زیاتریش لەگەڵ مێشکدایه بەدیوی ناوەوەدا بۆ قووڵاییی ناوەخۆی، نەك بەدیوی دەرەوەیدا بۆ بینین و ناسینی شته زەبەللاحەکان.

بەمجۆره چیرۆکنووس له مامەڵەکردنی لەگەڵ کەساندا، دەبێ دووجار زانابێ. جارێك وەك زاناکەی گەردووونناسی دەرەوه و ئەمیان هەروا بۆ ئاگەداربوون لەوەی که لەولا هەیه. جارێکیش وەك ئەوەکەی لەمەڕ خۆی، که دەبێ بەهەموو پێچوپەناکانیدا گەڕابێ و لەوسەریان هاتبێتەوه. دەنا منی خوێنەر ئەگەر بێم و چیرۆکی چیرۆکنووسێك بخوێنمەوه، که باسی بۆ دەکا چۆن شەوێك له شەوان بەدەم خەمێکەوه دەتلێتەوه و تا بەرەبەیان چاوی ناچێته خەو، ئەگەر لەوسەری (ئەو خەمەی) (ئەوشەوەی) (ئەو کەسەی) (تا بەرەبەیان) (دەتلێتەوه) نەهاتبێتەوه، چۆن دەتوانێ منی خوێنەری خاوەن خەمێکی تری تلاوه له شەوێکی تردا و تا بەرەبەیانێکی تر (وەك مرۆڤێکی تر)، قایل بکا کەوا بەخوێندنەوەی ئەو چیرۆکه، لەگەڵ کەسێکی ڕاستەقینەی زیندووی خاوەن جیهانی تایبەتیی خۆیدا کاتم بەسەربرد؟!. خۆ ئەمەش هەرگیز وا ناگەیەنێ که من دەبێ هەر بەباری (ایجاب)دا، ئەو کەسه بخەمه ناو چوارچێوەی ئەندێشەی خۆمەوه.. نا.. بگره دەگونجێ بەباری (سلب)دا بێ و لەو چوارچێوەیەدا بەپێچەوانەوه جێگەی بکەمەوه، وەك ئەوەی من خەمێکی فریشتەیی لوولی دابم و ئەو خەمێکی شەیتانانه!.

ژ/١٠٠٩ - ١٩٨٨/٩/٢٢

**٤- کارەسات و ڕووداو و بەسەرهات**

ئەگەر زمان بەردی بناغه و کەسان کەرەسه سەرەکییەکه بێ له هونەری چیرۆکنووسیندا، ئەوا کارەسات و ڕووداو و بەسەرهات، دەبنه مایەی هەڵسووڕاندنی ئەو کەرەسه سەرەکییه و نیشانەی زیندوویێتی و جموجووڵی بێ ڕاوەستانی له ژیاندا.

کەسان (بەمانا مەجازییەکەی) بەردی بنگۆم نین، بگرە پڕ بەپڕی بوون (وجود)یان و بەدرێژاییی سات بەساتیان، لە گورجوگۆڵیی چالاکیدان و بەردەوام دەجمێن و لە ئەنجامیدا، کارەسات و ڕووداو و بەسەرهات دێنە کایەوە و لە بەردەم چیرۆکنووسیندا، دەبنە مەرجێکی سەختی تری هونەرەکە، کە دەبێ زەفەری پێ ببا و بەسەریدا زاڵ ببێ. سا ئاخۆ مەبەستمان لە کارەسات و ڕووداو و بەسەرهات چییە؟!. پێشەکی با ئەوە بڵێم کە ئەم سێکوچکەیە بەلای منەوە، سێ مانای تایبەتیی جیا لە یەکتر دەدەن، کە دوایی ڕوون دەبێتەوە. ئاشکرایە کە سێکوچکەکە برێتی دەبن لەوەی لە چیرۆکێکدا دەوترێ: فلانە کەس (مەبەستیش تەنیا لە ئادەمیزاد نییە)، وا هات و وا ڕۆیشت وای لێقەوما. بەڵام ئاخۆ چیرۆکنووس تەنیا ئەوەندەی لێ داوا دەکرێ؟!. هەرگیز نا.. ئەمە تەنیا سەرکۆزەری مەسەلەکەیە.. تەنیا رووکەشی باسەکەیە و بارە راستەقینەکەی، زۆر بەولاترەوەیە. جا ئاخۆ بەولاترەوەکە کامەیە؟!. بەولاترەوە کە ئەوەیە کە بپرسێ: بۆچی؟! بۆچی واهات و ڕۆیشت وای لێقەوما و وەڵامیشی بدرێتەوە. ئەمەیە کە لە خلیسکان بەمسەر و ئەوسەری تەختاییی رووکەشدا رزگارمان دەکا و دەرگەی چوونە خوارەوەمان بۆ قووڵایی لێ دەخاتە سەرپشت و لە بنجوبناوانی کارەسات و ڕووداو و بەسەرهاتمان نزیك دەکاتەوە. دەڵێم نزیکمان دەکاتەوە، چونکە گەیشتن بەڕەگوڕیشە (لە گەردوونە فرە بەرینەکەی ناوەوەدا)، کارێکی هێندە سەخت و ستەمە کە ئەوەی زەفەری پێ ببا، بەهەقیانەت دەبێتە شای چیرۆکنووسان. ئینجا دیسان دەپرسم: ئاخۆ مەبەست لەو چوونە خوارەوەیە بۆ قووڵایی و، لەو نزیکبوونەوەیە لە بنجوبناوان چییە؟. دیارە من باسم لە نووسینی وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی نییە و باسم لە هونەری چیرۆکنووسینە. لە وەرامدا نموونەیەکی چیرۆکنووسانەش دەهێنمەوە و دەڵێم: تۆ وەرە سەرنج بدە! من کەسێکم لە چیرۆکێکدا هەیە و لە شوێنێکی چیرۆکەکەدا دەڵێم: (گەیشتە سەری کۆلانەکە لەوێدا ساتێك ڕاما. ئینجا گەڕایە دواوەو ملی ڕێگەی گرتە بەر). ئاشکرایە ئەمە کارەساتێکە و لە مرۆڤێك وەشایەوە، کە دەگونجا ئەگەر ببرایەتە سەر، ڕووداوێك دروست بکا. ئینجا وەرە با ئەم کارەساتە ورد بکەینەوە و بزانین (بۆچی)یەکە چۆن خۆی دەنوێنێ؟!. بڕوانە:

– بۆچی ئەو کەسە هاتە سەری کۆلانەکە؟!.

– بۆچی ساتێك ڕاما؟!.

– بۆچی گەڕایەوە و ملی ڕێگەی گرتە بەر؟!.

چیرۆکنووس کاتێ ئەو سێ ڕستەیەم بۆ دەنووسێ و هیچ وەرامێکی ئەو سێ بۆچییەم، بەهیچ شێوەیەك و هیچ بارێکدا ناداتەوە (کە ئەمە پێوەندیی بەلایەنی هونەرییەوە هەیە، مانای وایە کە ڕووکەشییانە کار بەڕێ دەکا و لە قووڵایی یا لە دیوی ناوەوەی مەسەلەکە بێ خەبەرە!. یا وەکی تری بڵێم: مانای وایە کە کەسەکەی کوێرانە بەڕێوە دەبا (کوێرانە بۆ کەسەکە نەك بۆ خۆی). واتە کوێرانە دەیباتە سەری کۆڵانەکە و ساتێك ڕاگیری دەکا و دەیگێڕێتەوە دواوە. لە کاتێکدا کرداری کەسەکە خۆی (با بەدیوی دەرەوەشیدا وا بگەیەنێ کە کوێرانە هەڵدەسووڕێ). بەڵام لە بنەڕەتدا و بەدیوی ناوەوەی خۆیدا، قەت وا نییە. بگرە لە ئاگەدارییەکی تەواوەوە و، زیرەکانە و لە ئەنجامی چەندان ئەندێشە و لێکدانەوە و بێنەوبەرەدایە، کە ئاوەها کردار دەکا و ئەو کارەساتە دەخوڵقێنێ. ئەو چاك دەزانێ بۆچی هاتە سەری کۆڵانەکە. بابڵێین بۆ ئەوە بوو بچێ هەرایەك لەسەر هەر شتێك بێ بنێتەوە. هەراکە و هۆیەکانی پشتەوەی ئەگەر بخرێتە سەر کاغەز، کە ئەو وەختە کارەساتەکە ڕووداو و بەسەرهاتی لێ دەبێتەوە، ڕەنگە ڕۆمانێکی چەند سەد لاپەڕەیی لێ دەربچێ. بەڵام ئەو کە بەنهێنی... بێ ئەوەی من و تۆی خوێنەر پێ بزانین کە ئەو لەژێر حوکم و دەسەڵاتی چیرۆکنووسیندایە، وا ناکا و ساتێك ڕادەمێنێ و بیرێکی لێ دەکاتەوە. لێرەشدا لە خۆی بە ئاگایە و دەزانێ بۆچی بیری لێ دەکاتەوە. بابڵێین گومان لە پێویستیی ئەو هەرانانەوەیە پەیدا دەکا. خۆ لێرەشدا هەر حاکم و دەسەڵاتدارە نهێنییەکەیە کە گومانی پێ پەیدا دەکا دەبینین چ بەیەکداچوونێك لە نێوان خوڵقێنەری چیرۆکەکە کە چیرۆکنووسە و خوڵقێنەری کارەسات و ڕووداو و بەسەرهاتدا کە کەسانی چیرۆکەکەن دەقەومێ؟!. ئەمە لە کاتێکدا کە کەسانیش بەمانا هونەرییەکەی، هەر زادەی بیر و هۆشی چیرۆکنووسن!. هەروەها ئەو دەزانێ بۆچی گەڕایەوە دواوە بابڵێین گەیشتە ئەو ئەنجامەی جارێ واز لە هەرانانەوەکە بێنێ.

گومانی تێدا نییە کە هەریەکە لە سێ حاڵەتەکەش، لە درێژەی باسدا چەندان لقوپۆپی لێ دەبێتەوە. ئینجا ئەم زانیارییانە لەوانە نین کە لە چیرۆکەکەدا دەخرێنە ڕوو، چونکە ئەم بەپێی ئەو نەخشەیە کە بۆی دانراوە، ڕوو لەلایەکی تر دەکا. بەڵام هێندە هەیە کە چیرۆکنووس شان بەشانی کەسەکە، دەبێ لە زەینی خۆیدا لێیان بەئاگا بێ و بزانێ، کە نهێنیی وەرامدانەوەی (بۆچی)یەکە لێرەدایە. ئەمەی وتم لەبارەی کارەساتەوە بوو، کە بەهەمان دەستوور ڕووداو و بەسەرهاتیش دەگرێتەوە. بەڵام با

لێرەدا جیاوازییەکەی نێوانیان روون بکەمەوە. بەڕای من ئەگەر بمانەوێ و بیانکەینە سێ زاراوە لە بواری رەخنە و لێکۆڵینەوەدا، دەبێ بڵێین: ئەگەر ئەوە کارەسات بێ، ئەوا رووداو بریتی بێ لە زنجیرەیەك کارەسات، کە دوای کەڵەکەبوونیان لەسەر یەکتر، لە شێوەی تەقینەوەیەکدا رووداوەکە پێك دەهێنن. کارەسات بەتەنیایی، هەردەم وەك تاشەسەهۆڵێکی ناو دەریا خۆی دەنوێنێ، کە کەمی بەدەرەوەیە و زۆری لە حەشاردایە. لە کاتێکدا رووداو کە ئەنجامی تەقینەوەکەیە، سەراپای دەکەوێتە ڕوو. ئینجا هەر بەم پێیە، بەسەرهاتیش بریتییە لە زنجیرەیەك رووداو و هەمان دەستوور لەخۆ دەگرێ. بەم جۆرە سێکوچکەی (کارەسات، ڕووداو، بەسەرهات)، دەبنە ئەنجامێکی ئاسایی هەڵسوکەوت و جموجۆڵی بەردەوامی کەسان و بەڵام بەپێی سیستمێك هەڵدەسووڕێن کە ئەگەرچی جەنجاڵ دێتە پێش چاو، کەچی بەباری بنجوبناوانیدا، گەلێ ڕێکوپێکە و هیچ شتێکی تێدا بێ مەلامەت و بێ (بۆچی) نایەتە ڕوودان.

ژ/ ۱۰۱۱-۱۹۸۸/۹/۲۹

**٥- کات و شوێن**

لە وتاری پێشوودا وتمان کە کەسان (بەمانا مەجازییەکەی)، بەردی بنگۆم نین و پڕ بەپڕی بوونیان، بەردەوام لە جموجۆڵدان. هەروەکو ئەم بەردەوام جموجۆڵەشیان (کارەسات و رووداو و بەسەرهاتەکان)، لە بۆشاییدا و بەبەرەڵایی هەڵناسووڕێن، بگرە سنوورێك هەیە لە چوارچێوەیان دەگرێ، کە بریتییە لە کات و شوێن. بەڵام ئاخۆ کات و شوێن چین؟. کات و شوێن بەباری کرداری ڕۆژانەدا (نەك بەباری فەلسەفیدا)، پێوانەیەکن و دروستکراوی مێشکی مرۆڤن. بۆیە بەبێ پێوەندی لەگەڵ تەمەنیدا (کە چاکتر وایە بڵێین لەگەڵ بوونیدا)، هیچ مانایەك لە بواری کرداری ڕۆژانەیدا نادەن. کەوابوو پێوەندییەکەیە کە ئێمە (لێرەدا ئێمەی چیرۆکنووس)، دەبێ سەرنجمان ڕابکێشێ و پاڵمان بۆ لێوردبوونەوەی پێوە بنێ، تا چاك شارەزای ببین و لە کاتی کارپێکردنیدا هۆشیار بین.

ئینجا بۆ ئەمانیش، وەك چۆن لەگەڵ کارەسات و ڕووداو و بەسەرهاتدا کردم، بۆ ڕوونکردنەوە نموونەهێنانەوە بەپێویست دەزانم. ئێمە با سەرنج بدەین: کاتێ کە چیرۆکنووسێك دەڵێ: (ئێوارەیەکی درەنگ بوو، زەلامێك لە دەرگەی ماڵێکی دا)، دەبێ بزانێ کە ئەو لە تەنیا ئەم دەستەواژەیەدا، خۆی ڕووبەڕووی سێ بنەمای سەرەکیی

هونەری چیرۆکنووسین کردووەتەوە، کە دەبێ دوایی سەرکەوتووانە و بێ هەڵە و چەوتی، بەئەنجامیان بگەیەنێ. سێ بنەماکەش ئەمانەن:

١– کات کە دەڵێ: ئێوارەیەکی درەنگ بوو.

٢– کەسان کە دەڵێ: زەلامێك.

٣– شوێن کە دەڵێ: لە دەرگەی ماڵێکی دا.

ئینجا ئاشکرایە کە هەریەکێك لەمانە، جیهانێکی بەرینی لە پشتەوەیە و، زانیارییەکی فراوان لەگەڵ خۆیدا ڕادەکێشێتە بەردەمی چیرۆکنووس، کە دەبێ بەهۆشیارییەوە لێیان بەئاگا بێ و ئەگەرنا، ئەوا دەشێ زۆر قسەی دوایی تری، هەڵە و چەوتییان تێ بکەوێ. هەر بۆ نموونە بابڕوانین.. ئەو کە دەڵێ: ئێوارەیەکی درەنگ بوو، دەبێ لە زەینی خۆیدا ساغی کردبێتەوە، کە ئاخۆ ئێوارەیەکی درەنگی چۆن چۆنییە؟! ئاخۆ دەمەدەمی ڕۆژ ئاوایە، یا ڕۆژ ئاوابووە و کاتی زەردەپەڕە، یا دنیا روو لە تاریك و لێڵییە؟. هەروەکو دەبێ لەلای روون بێ کە لە کام وەرزدایە؟. بەهارە یا هاوین یا پایز، یا زستان؟. ئینجا ئەو دەبێ بزانێ کە ئاخۆ لە هەر یەکێك لەم وەرزانەدا، لە کام سەعاتدا هەر یەکێك لە سێ حاڵەتەکەی ئێوارە درەنگەکە ڕوو دەدا؟. چونکە دەشێ دواتر دیاریکردنی سەعاتەکەی بەتووشەوە ببێ. ئەو ڕەنگە بڵێ: سەعات پێنج بوو. لە کاتێکدا لە چیرۆکەکەدا دەری دەخا کە وەرز هاوینە و سەعات پێنجیش لە هاویندا (لە وڵاتی ئێمەدا)، نابێتە ئێوارەیەکی درەنگ. کەچی لە زستاندا دەبێ.

هەروەها شوێنیش هەر لەو نموونەیەدا، دەبێ هەمان حیسابی وردی بۆ بکرێ. پێویستە چیرۆکنووس پێشەکی لە زەینی خۆیدا، زانیارییەکی باشی لەبارەیەوە پێك هێنابێ. یەکەم جار بەپێوەندی و بەگونجان لەگەڵ کاتدا، باسمان لێوە کرد. بۆ نموونە: ئاخۆ ئەگەر ئێمە لە حاڵەتی تاریك و لێڵییەکەدا بووین، ئەو دەتوانێ بەدوای ئەو دەستەواژەیەدا بنووسێ: (هەر لە دوورەوە، ژمارەی دەرگەکەی خوێندبووەوە)؟!. (بەمەرجێ ڕووناکییەکی دەسکرد لە ئارادا نەبێ). دووەم جار بە پێوەندی لەگەڵ خودی شوێن خۆیدا، کە لێرەدا دەرگەکە و دەوروبەرەکەیەتی. واتە سیفەتە تایبەتییەکانی دەرگەکە و دەوروبەری، وەك شوێنێکی دەسنیشانکراو و لە چوارچێوەی شوێندا بەمانا گشتییەکەی.

ئەمە ئەوی ڕاستی بێ نموونەیەکی ساکار بوو، بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ

کات و شوێندا. دەنا ئەگەر فراوانتر بۆ باسەکە بچین دەڵێین: کات و شوێن دەفرێکن (بەمانا زاراوەییەکەی)، سەرجەم کەسان و کارەسات و ڕووداو و بەسەرهاتەکان لەخۆ دەگرن. یا وەکی تری بڵێین: کات و شوێن لە هونەری چیرۆکنووسیندا، بەپێی چەند دەستوورێکی تایبەتی، دەبنە چوارچێوەیەك بۆ کەسان و کارەسات و ڕووداو و بەسەرهاتەکان. بەڵام لێرەدا با هەر زوو ئەوەش بڵێم، کە شێوەکانی ڕەچاوکردنی ئەم دەستوورانە، بەپێچەوانەی بوونیانەوە لە بواری قانوون و قانوونکاریدا، هێندە بەرفراوان و بەربەرەڵان کە ژمارەیان ڕاست هێندەی ژمارەی، هەموو چیرۆکنووسانی لەوەبەر و ئێستا و داهاتووی هەموو دنیایە. کە دەوترێ دەستووری تایبەتی، قەت مەبەست لەبەرگرتن لە سەربەستیی داهێنان و خوڵقاندن نییە. بگرە مەبەست لە دەستوورە زانستییەکانی کات و شوێن و لە چۆنێتیی چوونە بنجوبناوانیانەوەیە. دواجاریش لە چۆنێتیی خۆڕزگارکردن لە کەوتنە هەڵەوە تیایاندا، لە هەردوو ڕووی زانستی و هونەرییەوە.

من بەشبەحاڵی خۆم، هێندەی سەرنجم دابێتە هونەرەکە لەلای خۆمان، دەزانم کە لە هەردوو ڕووەوە کۆڵەوارین. لە ڕووی زانستییەوە کەمزان و کەم شارەزاین و، بەوە چاوێکمان کەمبینا دەبێ. لە ڕووی هونەریشەوە، کەم تاقیکردنەوە و کەم دەسەڵاتین و، بەوە چاوەکەی تریشمان کەمبینا دەبێ. ئینجا ئەنجام وەها دەکەوێتەوە، کە چۆنێتیی مامەڵەکردنمان لەگەڵ کات و شوێندا، کون و کەلەبەری تێ دەکەوێ. واتە لەنگەری کەسان و لەگەڵیاندا، کارەسات و ڕووداو و بەسەرهات لە ناو دەفرەکەدا، کۆك نییە و خواروخێچیی تێدایە. لێرەدا بەباشی دەزانم نموونەیەکی تریش بهێنمەوە.. من کە دەڵێم: (ئەم کورسییە دروست کراوە)، پێشەکی لە زەینی خۆمدا دەزانم کە لەوەبەر، واتە پێش دروستکردنی کورسییەکە و پێش ئەم حاڵەتەی کە ئێستا لە بەرچاوە، دارتاش و تەختە و بزمار و.. هتد لە کایەدا بوون. هەروەکو دەزانم کە کات و شوێنیش، دەوری خۆیان گێڕاوە و لە ئەنجامی ئەوان و ئەماندا کورسییەکە دروست کراوە و هاتووەتە بەرهەم و ئەوەتا ئێستا لە بەردەمی مندایە. ئەمانە وەك وتم و لەوەبەر ئیشارەتم پێ دان، زانیارییەکن لە پشتەوە و لە گەنجینەی زەین و بیر و هۆشی مندا کەڵەکە کراون کە ئەگەرچی نایانخەمە سەر کاغەز و لە خودی چیرۆکەکەدا ناچنە ریزی درێژەی باسەوە، بەڵام لە سات بەساتی نووسینی چیرۆکەکەمدا، لەگەڵمدا حازرن و لە کایەدان.

بەم پێیە من لەلای خۆمەوە و بەپێی بۆچوونی خۆم، دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە چیرۆکنووس بۆ دەربڕینی تەنیا یەك جۆر زانین لە چیرۆکێکدا، پێویستی بەپەنابردنە بەر سەد جۆر زانینی دوو توێی، مێشك و بیروهۆش و ناو پێچوپەنای زەینی خۆی دەبێ. موعادەلەکە ئاشکرایە.. با لایەنە هونەرییەکە لەولا بوەستێ و با باسمان لە زانین و زانیاری بێ، من ئەگەر زاناتر نەبم، چۆن بتوانم زانین و زانیاریی زیاتر ڕابگەیەنم؟. بۆیە ناچار دەبم بڵێم: هەر لێرەوەیە کە دەوترێ: فڵانە چیرۆك پڕوچڕە لە مانا و مەغزا و فیسارە چیرۆکیش پووت و بەتاڵە.

بەهەرحاڵ، هەڵسووڕاندنی کات و شوێن و چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، یەکێکە لە کارە هەرە سەختەکان لە هونەری چیرۆکنووسیندا کە چیرۆکنووس دەبێ، ڕەنجی فەرهاد بۆ تێگەیشتنیان بدا.

ژ/١٠١٣-١٣/١٠/١٩٨٨

**٦- تەکنیك**

ئێستا وا وتمان زمانی چیرۆکەکەمان کۆکە. وا گریمان کەسانێمان ڕێکوپێك هەڵبژاردووە. وا دامان نا کارەسات و ڕووداو و بەسەرهاتیمان چاك هۆنیوەتەوە. وا ڕێك کەوتین کە دەفری کات و شوێنی شیاویشمان بۆ ساز داوە. بەڵام ئاخۆ چیرۆکەکەمان ئیتر بووە بە چیرۆکی پەسەندی سەرکەوتوو؟!. هەرگیز نا.. چونکە هێشتا ماومانە.. هێشتا مەرجی تر (واتە نهێنیی تر)مان ماون، کە دەبێ زەفەریان پێ بەین، تا بتوانین هەنگاوێکی تر چیرۆکەکەمانیان پێ لە سەرکەوتن نزیك بکەینەوە. یەکێکیش لەوانە مەسەلەی تەکنیکە و هەر خێراش دەپرسم: تەکنیك یانی چی؟!. لە وەرامدا بەکوردییەکەی دەڵێم: تەکنیك یانی وەستایی.. ئا هەر ڕاست یانی وەستایی. من نامەوێ پێچوپەنای تێ بخەم و بچمە گێژاوی زاراوەکارییەوە. من دەڵێم: تۆ هەروا سەرنج بدە دەوروپشتی خۆت و بازنەکەشی فراوان و فراوانتر بکە، تا سەرانسەری هەموو دنیا دەگرێتەوە. تۆ چاو و گوێ و بیر و هۆشت بگێڕە و ورد بەرەوە، بزانە ئەو خەڵکە چۆن لە ژیاندا هەڵدەسووڕێن!. ئینجا تۆ بڕوانە و بزانە چۆن کاری ئەو ژیانە هەڵدەسووڕێنن!. گومانی تێدا نییە وەکو من دەبینیت، کە زنجیرەیەکی بەرفراوان کار بەڕێ دەکەن.. کاری گەلێ جۆراوجۆر، کە هەموویان ڕەورەوەی ژیان دەخەنە گەڕ و ئیدامە بەو گەڕدانە دەدەن. دیارە من لێرەدا بایەخی کارەکانم بەبەراورد لەگەڵ یەکتردا

مەبەست نییە. هەروەکو دەخڵم بەسەر شێوە زنجیرەیییەکەشیانەوە نییە و بۆ ئێرە هەریەکەیانم بەجیا پێ دەوێ. وردبوونەوە لە هەریەکەیان، لە هەرە بێ بایەخیانەوە تا هەرە بە بایەخیان بەجیا لە یەکتر. ئەمەیان دەمگەیەنێتە مەبەستەکەم و دەڵێم: کێ هەیە بەوەستایی لەدایك بووبێ؟!. بێگومان وەڵام دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە دەڵێ: لە بواری کاردا (بەو مانایەی کە شیعروتن و چیرۆکنووسین و کەمانچەلێدان، یا دووفلیقانەکردنی ئەتۆم و پیتاندنی ناو لوولە و دۆزینەوەی دژەمادە، یا دارتاشی و ئاسنگەری و زەوی کێڵان بەگاجووت، هەموو هەر کار بن)، قانوونێکی ساکار لەو بارەیەوە هەیە دەڵێ: هیچ وەستایەك لە کارەکەیدا، بەوەستایی لەدایك نابێ. ئینجا ئەگەر قانوونەکە خۆیشی ورد بکەینەوە، دوو ئەنجامی ترمان دەست دەکەوێ. یەکەمیان دەڵێ: هیچ وەستایەك بەبێ کۆششکردن نابێ بەوەستا. دووەمیان دەڵێ: مەرجیش نییە گشت وەستا کۆششکەرەکان ببن بەوەستای چاك.. چاك بەمانای لێهاتوو. ئەوی ڕاستی بێ من ئەم ڕاو و ڕێوییەم بۆیە هێنایەوە، تا لە بواری تەکنیکدا (واتە وەستایی لە هونەری چیرۆکنووسیندا) بڵێم: راستە کە بەهرە وەك سیفەتێکی خۆڕسك لە مرۆڤدا، دەورێکی باڵا لە هاتنە کایەوەی چیرۆکنووسێك لە کۆڕی هونەرەکەدا دەگێڕێ. بەڵام ئاشکرایە کە بەهرە بەتەنیا چیرۆکنووسی چاك دروست ناکا، بگرە ئەو بەهرەیە دەبێ بەسەرێك ئاووهەوای لەبار و تایبەتیی خۆی بۆ هەڵبکەوێ، تا وەك تۆوێکی بن خاك بڕوێت و لە خامۆشییەوە بەرەو نەشونماکردن و گەشانەوە ڕێگە بگرێتە بەر. بەسەرێکیش دەبێ پەروەردەکردنی بچێتە پاڵ تا بێتە بەر و بەرەکەیشی ببێتە خۆراکێکی سوودگەیێن، کە لێرەدا خۆراکی گیانە. بەم پێیە دەتوانین بڵێین: هونەری چیرۆکنووسین لەلای چیرۆکنووسێکی سەرکەوتوو، تەنیا لە سەرەتادا وەك بەهرە خۆی دەنوێنێ، دەنا دوایی دەبێتە سنعات و ئیتر لە ئاکامیدا دەبێ بوترێ: تەکنیك یانی وەستایی.. یانی شارەزایی و پەیبردن بەهەموو پێچوپەنا و نهێنییەکانی پیشە و سنعاتە، کە دواجار یانی ڕاهاتن لەسەر نووسین، بەپێی ئەو هەموو شێوە جۆراوجۆرانەی، کە پەیبردنەکە بە پێچوپەنا و نهێنییەکان، دەیخەنە بەردەم چیرۆکنووس.

ئینجا ئا لێرەدا بەپێویستی دەزانم، سەرنج بۆ مەسەلە هەرە بایەخدارەکە ڕابکێشم. کە مەسەلەی جیاوازیی نێوان سنعەتکارە ئاسایی و نائاساییەکەیە. گومانی تێدا نییە کە لەم بواری سنعاتکارییەدا، لە هەرە بێ بایەخەکەیەوە بیگرە تا هەرە بایەخدارەکەی،

ئـەوانـەی لـەم ژیـانـەدا زۆربـەی هــەرە زۆر پـێك دێنـن ئـاسـایـیـیـەكـانن. لـە كـاتێكدا نائاساییەكان بەمانای ئەوانەی، كە لێهاتووانە كارەكانیان بەئەنجام دەگەیەنن و داهێنان و خوڵقاندن تێدا بەدی دێنن، دەبنە ژمارەیەكی زۆر كەم. خۆ ئاشكراشە كە هەر ئەم ژمارە كەمەن، كە بەچۆنەكی (النوعیة)، دەبنە سەرقافڵەی كاروانی گۆڕان و بەرەو پێشەوەچوون. ئەمەش دەستوورێكە و لە بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، وەها هاتووە و تائێستاش وەها دەڕوا.

كەوابوو هێندەی مەسەلە پێوەندیی بەهونەری چیرۆكنووسینەوە هەبێ، دەبێ بەلامانەوە سەیر نەبێ كە چ ئێمە و چ هەر نەتەوەیەكی تر، ژمارەیەكی زۆر وەستای چیرۆكنووسینمان هەبن، بەڵام ژمارەیەكی كەمیان وەستای چاك و لێهاتوو.. وەستای داهێنەر و خوڵقێنەر بن.

ژ/١٠١٥-١٣/١٠/١٩٨٨

**٧- وردەكاری**

ئاخۆ كێ بووبێ یەكەم جار، زەفەری بەبەكارهێنانی خوێی لە خۆراكدا بردبێ؟!. ستەمە بتوانرێ كەسەكە دیاری بكرێ. بەڵام خۆ ئاسانە بوترێ: هەر كەسێك بووبێ چاكی كردووە، چونكە بەدەستووری كابرای لەمەڕ یەكەم جاری بەكارهێنانی ئاگر (هەر بۆ خۆراك)، هونەرێكی تێكەڵ بە خۆراكە رووتەكە كردووە. بەڵێ.. خوێ و لەگەڵیدا بەهاراتیش، كە هەموو دەزانین لە ڕۆژگارێكی تێكەڵی ئەو نزیكانەی مێژووی مرۆڤدا، لەسەری بووە بە چ فەرتەنەیەك، دوو كەرەسەن و راست پێوەندییان بە دوو زاراوەی هونەرییەوە هەیە، كە برێتین لە (تام) و (چێژ). دەنا خۆ شێر و پڵنگ كە دوو زیندەوەرن لە بابەتی ئێمەی مرۆڤ، خوێ و بەهارات بە گۆشتی ئەو نێچیرانەوە ناكەن كە دەیانخۆن. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: مەسەلە پێویستییەكی بایۆلۆجی نییە، كە وامان لێ دەكا خوێ و بەهارات لەگەڵ خۆراكدا بخۆین. ئەگەر وا بووایە، دەبوو لەگەڵ شێر و پڵنگدا، لەسەریان بكەوتینایەتە عەجەب زۆرانبازییەكەوە. بەڵام سروشت كاری خۆی باش ساز داوە. ئاسایی خوێ و بەهاراتی لە گۆشتی نێچیرەكانیاندا بۆ رەخساندوون و شەڕوهەراكەی لەسەریان واز لێ هێناوە، بۆ ئێمەی مرۆڤی ئاقڵ و ژیر!.

بەهەرحاڵ دەمەوێ بڵێم: یەكێكی تر لە نهێنییەكانی هونەری چیرۆكنووسین وردەكارییە. وردەكاریش یانی خوێ و بەهارات. بەم مانایە تۆ دەتوانیت بەم شێوەیەی

لای خوارەوە، چیرۆکێکی سەرکەوتوو بنووسیت: تۆ بڕوانە.. دوای مسۆگەرکردنی ئەو مەرجانەی لە وتارەکانی پێشوودا باسمان کردن (زمان، کەسان، کارەسات و ڕووداو و بەسەرهات، کات و شوێن، تەکنیك)، ئینجا دێیت هەندێ خوێ و بەهارات (وردەکاری)شیان تێکەڵ دەکەیت و ئیتر.. خەریك بوو بڵێم: ئیتر پشتی لێ دەکەویتەوە. بەڵام نا.. جارێ با لێت بپرسم: هەندە بەهاراتەکەت چ بابەت بوون و چۆنت بەسەرداکردن؟!. پاك و پوخت و عەترلی بوون، یا پۆخڵ و بێڕەنگ و بۆ؟!. کەمت بەسەردا کردوون، یا زیاد، یا بەقەدەر پێویست؟!..هتد؟! وەرامی ئەم پرسیارانەن کە بەئەنجامی چاك یا خراپت دەگەیەنێ.

کەوابوو وردەکاری یانی پێدانی تام و چێژ بە چیرۆك.. یانی ئارایشتکردنی ڕوو و جوانکردنی. یانی پۆشینی بە بەرگێکی ئاڵو والای ڕەنگاوڕەنگی دڵفرێن. مەسەلەش پەیوەندیی بە ناوەوەی چیرۆکەکەوە نییە، بەو مانایەی گوایە بڵێین: چۆن دەکرێ بەسەرهاتێکی پڕ لە جەخار، ئارایشت بکرێ و بەرگی ئاڵووالای لێ بپۆشرێ؟!. نا.. مەسەلە پێوەندیی بە جوانکاریی نووسینەوە هەیە و ئەمیش بەمانا هونەرییە فراوانەکەی، نەك بە حیسابی کۆکی و ڕەوانیی مەغزاکەی. بەڵام ئاخۆ مەبەستمان لە مانا هونەرییە فراوانەکە چییە؟. مەبەستمان لەو وردەکارییانەیە کە وەك چەندان لقوپۆپ، لە تەکنیك (وەستایی) دەبنەوە. واتە ئەگەر تەکنیك بریتی بێ لە ڕەنگڕشتنی چوارچێوە گشتییەکەی بینای چیرۆك، ئەوا وردەکاری بریتی دەبێ لە دیکۆرەکەی. خۆ خانوو بێ دیکۆریش هەر خانووە و بەکەڵکی تێدا نیشتەجێبوون دێ. یا با نموونەکە بەرفراوانتر بکەین.. ئەندازیارێك (لێرەدا چیرۆکنووسێك) کەم شارەزایە و ڕەنگی خانوویەکی رووتوقووتم بۆ دەرێژێ. یەکێکی تر زۆر شارەزایە و دیکۆرێکی جوانیشی دەخاتە پاڵ. دیکۆرەکە دەیرازێنێتەوە و قەشەنگ و جوان دەیخاتە بەرچاو و دڵ. بەم پێیە ئەو چیرۆکیان بێ دیکۆرە و بێ جوانکارییە و لایەنی کاریگەرییە هونەرییەکەی لەدەست داوە. لە کاتێکدا ئەم چیرۆکیان بەپێچەوانەوە. خۆ ئەویشیان وەك خوێندنەوە دەخوێنرێتەوە، بەڵام کەمتر کار لە هەست و نەست و بیروهۆش دەکا. لە کاتێکدا ئەمیان، هەم دەخوێنرێتەوە و هەم زۆریش کار لە هەست و نەست و بیر و هۆش دەکا. بگرە خوێنەر دەخاتە بەرحاڵەتی ڕامان و سەرسامی و گەشکەدارییەکی ئەوتۆوە، کە ناچار دەبێ بەدەم سات بەساتی خوێندنەوەیەوە، بەردەوام ئافەرینی چیرۆکنووسەکە بکا و ئەمەش نوقڵانەی سەرکەوتنە. من ڕاستە کە لە ڕێگەی شێوەی نووسینەکەمەوە،

ناوەڕۆکێك بە خوێنەر دەدەم.. مانا و مەغزایەکی دەدەمێ و پەیامێکی پێ ڕادەگەیەنم (کە لە وتارەکانی داهاتوومدا ئیتر لەم لایەنەی هونەری چیرۆکنووسین دەدوێم)، بەڵام خۆ من (منی چیرۆکنووس) وتار و لێکۆڵینەوە نانووسم، بگرە من چیرۆك دەنووسم.

ئێستا با بێمەوە سەر پرسیارەکە: وردەکارییەکە، یا جوانکارییەکە. یا ئەو دیکۆرەی چیرۆکەکەی پێ دەڕازێتەوە لە کوێدایە؟. بێگومان درێژەپێدان کارێکی بێهوودەیە، چونکە باسەکە پێوەندیی بە پری یا بە بەتاڵیی هەگبەی هەر چیرۆکنووسێکەوە هەیە. بەڵام وەك سەرەقەڵەم هەندێك لەو شتانە ڕیز دەکەم، کە دەشێ ببنە دیکۆر وەك: (قسەیەکی نەستەق، یەکێکی بەپێکەنین، یەکێکی تری گورچکبڕ، وەسفێکی کاریگەر، زانیارییەکی نەبیستراو فیکرەیەکی تازەبابەت، فێڵێکی ڕەوا، پێچوپەنا تێخستنێکی لەزەتگەیێن، برووسکەدانێك بەبیر و هۆش، مووچرکەگەیێنێك بەهەست و نەست، هەموو بابەتە جوانکارییەکانی زمان، ئاماژەکردن بۆ ڕەمزێك، بارکردنی دەستەواژەیەکی خۆکرد.. هتد.

ژ/١٠١٧-١٩٨٨/١٠/٢٠

**٨- مەغزا**

دەبینن؟!.. دەڵێم مەغزا و ناڵێم مانا یا ناوەڕۆك یا فیکر و ئایدۆلۆجیا یا فەلسەفە.. هتد. من بۆ ئاسانکردنی ڕاگەیاندنی ئەوەی لێرەدا مەبەستمە، مەغزام لە هەموو ئەو زاراوانە پێ چاکترە، ئەگەرچی ئەوانیشم هەر پێویست دەبن، چونکە هەر دەبێ بابدەمەوە سەریان. ئینجا وا بەبۆنەی ئەم مەسەلەی مەغزایەوە، جارێکی تر هەنگاوەکان ریز دەکەمەوە و دەڵێم: من کاتێ دەستم دایە نووسینی چیرۆکێك، سەیرم کرد وا زمان کۆکە، کەسان پڕ بەپێستن، کارەسات و ڕووداو و بەسەرهات کاریگەرن، تەکنیك پتەوە، وردەکاری دڵگیرە و ئیتر دوای ئەمانە چیی تر؟!. تۆ بڵێیت هیچی تر مابێ؟!. ئا بەڵێ ماوە و ئەوەشی ماوە، کورد واتەنی شیلە و شەکرەکەیەتی و خۆم واتەنی مەغزاکەیەتی.. واتە مەغزای ئەو چیرۆکەی ئەو هەموو بیناکارییەی تێدا کراوە و ئەو هەموو کەرەستانەی بۆ بەکار هێنراون. یا با وەکی تر بڵێین و بپرسین:

ئاخۆ تۆیەك کە ئەو هەموو ئەرکەت کێشاوە و لەو هەموو ڕووبارە خوڕانەت داوە و سەرکەوتووانە لێیان پەڕیوێتەوە، مەبەستت چی بووە و ویستووتە بە چ ئەنجامێك

بگەیت و چ نیشانێك بپێكیت؟!. گومانی تێدا نییە كە تۆ دەبێ شتێكت مەبەست بووبێ بڵێیت.. شتێك كە وتنی دەبێتە بەخشینێك لە تۆوە بۆ كەسانێك كە دەتخوێندنەوە. دیارە بەخشینەكەش (وەك تۆ لە بیر و هۆش و لە زەینی خۆتت گرتووە)، پوختەی بۆچوون و باری سەرنجێكە، سەبارەت بەكار و كردارێك لەو ژیانە پانوبەرینەدا، كە تۆ و خوێنەرەكانت تیایدا هەڵدەسووڕێن. بەڵام هێندە هەیە كە تۆ كاتێ هاتوویت لە چیرۆكەكەتدا لەو كار و كردارە دواویت، بەو سیفەتە بووە كە تیایدا پسپۆڕیت و دوای جۆشدانی لە بۆتەی بیر و هۆشی خۆتدا گەیشتوویتە باری سەرنج و بۆچوونێكی ئەوتۆ، كە لەوت تێپەڕاندووە و پوختەتر و باڵاتر لە ڕادەی تێگەیشتنی ئەوێكی نوقمی گێژاو و كار و كردارەكە لە ڕەوتی ڕۆژانەی ژیانیدا، تێی گەیشتوویت و ئەنجامت بەدەستەوە داوە.

بەم پێیە چیرۆكنووس لە كاتی نووسینی هەر چیرۆكێكیدا، دەبێتە كابرایەكی وێڵی دوای پوختەقسە یا باڵاقسە. پوختەقسە و باڵاقسەش هەردەم رووەو حیكمەت خۆ دەكوتن. وتە كاتێ دەگەنە بەرزترین پلەی رەوایی و بەرەهایی تەواو نزیك دەبنەوە، بەرگی ئەو حیكمەتە دەپۆشن، كە وەك زادەی مێشك و بیری چەندان سەدەی تەمەنی مرۆڤایەتی، دەكەونە سەرزاری نەوە لەدوای نەوەی خەڵكی.. سا بەم مانایە چیرۆكنووس زۆر و كەم، سەربە حیكمەتییەكەشی هەزارویەك جۆری هەیە. ئینجا هەر ئەم هەزارویەك جۆرییەشە، كە بوار دەدا هەزارویەك چیرۆكنووس لە یەك كاتدا لە كایەدا هەبن. لەلایەكی ترەوە ئەمە وامان لێدەكا، كە قەت بەبێ بایەخ نەڕوانینە هیچ كام لەو چیرۆكنووسانەی، لە بەرهەمەكانیاندا خاوەن حیكمەتن، با حیكمەتەكەشی وا بنوێنێ، كە لە چاو یەكێكی تردا كەمبایەخە. چونكە گرفتەكە لەم لایەنەی هونەری چیرۆكنووسیندا نییە، بگرە لەو لایەنەدایە كە كابرا هەر لە بنەڕەتەوە بێ حیكمەت بێ و چیرۆكەكەشی هەر لە بنەڕەتەوە، پووچ و بەتاڵ بێ لە حیكمەت. ئەو ڕاستە دێت كەرەستەكانی هونەری چیرۆكنووسین، لە بینای چیرۆكەكەیدا بەباشی بەكار دێنێ. بەڵام كاتێ دێینە سەر مەبەست.. سەر پوختەقسە و باڵاقسە.. سەر حیكمەت، هیچی تێدا نابینین و ڕووبەڕووی ئەنجامێكی پەشمەكی دەبینەوە. ئەنجامی پەشمەكیش ڕاست بەزایەچوونی هەموو كەرەستەكانی تر دەگەیەنێ. یا كورد واتەنی: ڕیسەكە دەكاتەوە بە خوری!.

بەمجۆرە مەغزا لە هونەری چیرۆكنووسیندا، بریتییە لەو پوختەقسەیە، یا

بـالاقسەیـە، یـا ئـەو حـیـكـمـەتـەی كـە چـیـرۆكـنـووس دەیـەوێ، وەك سەرئـەنجـامـێك بەخوێنەری ڕابگەیەنێ. ئەمەش قەت نـابێ ئەو مـانـایە بدا كە گوایە چیرۆكنووس، ببێتە ئـامۆژگاریكەرێك و ڕاستەوخۆ بڵێ: وا بكە چاكە و وا مەكە خراپە. نەخێر.. ئەو هـەرچەندە لە ئەنجامدا هەروا دەكەوێتەوە، كە بەپێی بۆچوون و باری سەرنجی خۆی و، بەپێی ئـایدۆلۆجیا و فەلسەفەی خۆی (ئیتر سا زادەی بیری خودی خۆی بن یا هی یەكێكی تر و بـاوەڕی پێ هێنابن)، جۆرێك لە داكۆكی و بـانگهەڵدان بكـا، بەڵام نـایخاتە قـاڵبی ئـامۆژگاریكردنەوە. یا نـایگەیەنێتە ڕادەی دروشمكاریی زەق و پڕوپاگەندەی سیـاسییـانـەی رووت. چونكـە ئـەو ئـەگـەر ڕاستـەوخـۆ ئـەم لایـەنـەی بـۆ ئـایدۆلـۆجیـا و فەلسەفە مەبەست بێ، ئەوا شێوە نووسینی تر هەیە كە دەتوانێ پەنای بەرێتە بەر. ئـاشكراشە كە ئەوێكی قەڵەمبەدەستی خاوەن توانای نووسینی چیرۆك وەك كارێكی هونەری، دەتوانێ ئەو قەڵەمە (ئەگەر تەرخانی بكا) بۆ شێوەكەی تریش، بەباری خۆیدا بیخاتە كار.

بەهەرحاڵ كورتەی مەبەستم ئەوەیە، كە چیرۆكنووس بـا هەموو كەرەستەكانی تری هونەرەكەشی بەباشی بەكار بێنێ، بەڵام ئەگەر مەغزایەكیان پێ بەدەستەوە نەدا (هەر مەغزایەك كە ڕادەی بـایەخەكەی دوایی دەبێتە ئەركی سەرشانی ڕەخنە و لێكۆڵینەوە)، مـانـای وایە كە كاكی چیرۆكنووس، ریسەكەی بووەتەوە بەخوری!.

ژ/١٠١٩-٢٧/١٠/١٩٨٨

### ٩- بیروباوەڕ (ئایدۆلۆجیا)

لە وتـارێكی پێشوودا كە هـەر چیرۆكنووسێك مـەغزایەكی مەبەست دەبێ و دەیەوێ لە نێوانـی چـیـرۆكـەكـەیـەوە، بـەخـوێنـەری ڕابـگـەیـەنـێ. ئـیـنـجـا گـومـانـی تێدا نییە كە ئەو مـەغـزایـەش، هـەردەم وەك زادەی بـیـروبـاوەڕ (ئـایـدۆلـۆجـیـا)ی چـیـرۆكنووسەكە، خۆی بەدەستەوە دەدا. ئەو كاتێ مەغزاكە لە دڵ دەگرێ و لە مێشكی خۆیدا تـاووتوێی پێ دەكا، وەك كـارێكی ئـاسایی و لە یەك كاتدا، بەدوو بـاردا مـامـەڵەی لەگەڵدا دەكا:

یـەكـەم: هـەر لـەگـەڵ لـە دڵـگرتـنـیدا، وەك پڕۆژەیـەك لـە بـیـربـاوەڕەكـەی خـۆیـەوەی هـەڵدەهێنجێ. دووەمیش: بـەدەم دەربڕینییـەوە (كاتێ دەیخـاتە چوارچێوە هونەرییەكەوە كە چیرۆكەكەیە)، چاكتر گەلاڵەی دەكا و لەگەڵ ئەو بیروبـاوەڕەدا دەیگونجێنێ. خۆ دیـاریشە كـە نـاڵـێم: چـیـرۆكـنـووس (خـوانـەخـواسـتـە وەك ئـەسپـی عـەرەبـانـە – داوای

لێبوردنیش دەکەم بۆ ئەم لەیەکچواندنە)، کردار دەکا و پێچەکەش دەخاتە ژێر چیرۆکەکەی و بەرێوەی دەبا!.. ئەگەر وا بووایە، چیرۆکنووسین هەر لە بنەڕەتەوە وەك ئەو هونەرە بالآیەی کە هەیە، نەدەهاتە ئاراوە. یا دەهات و بەلآم لە شێوەی نووسینی وتاری تێ نەدەپەڕاند. یا لەمیشی تێ دەپەڕاند، بەلآم تەنیا لە کۆمەلّە ئامۆژگاری و بانگهەلّدان و ڕێنیشاندانێکی رووت بەولاوە نەدەبوو. خۆ قسەی خۆمان بێ، لەو بابەتە چیرۆکەش لەوەبەر زۆر هەبوون و ئێستاش هەن و لە داهاتووشدا هەر دەبن. بەلآم هێندە هەیە کە ئەوانە، تەنیا بەناو دەچنە خانەی چیرۆکەوە، دەنا وەك چیرۆك مایەپووچ دەردەچن.

بەهەرحالّ ئێمە کە باسمان لە بیروباوەڕە، دەبێ بگەڕێینەوە سەری و بپرسین: بیروباوەڕ خۆی چییە و ئینجا لەلای چیرۆکنووس بەپابەندی لەگەلّ مەغزاکەدا چی دەگەیەنێ؟. ئاشکرایە من لێرەدا مەبەستم لە بیروباوەڕ، مانا فراوانەکەیەتی نەك مانا، تەسکە سنووردارەکەی، کە پابەندی (ئیلتیزام) بە یەکێ لەو ئایدۆلۆجیا جۆراوجۆرانە دەگرێتەوە، کە لە ڕۆژگاری ژیانی چیرۆکنووسەکەدا لە کایەدان. ئەمیان حیسابێکی تایبەتیی خۆی هەیە و وتارێکی تایبەتیی پێ دەوێ کە ڕەنگە باسلێکردنی، هەم کەمێ سەخت و ستەم بێ و هەم کەمێکیش ئالّۆز.

ئەی ئاخۆ مانا فراوانەکە کامەیە؟. ئەمیان ئەوەیە کە دەتوانرێ وەك دەستوورێك بوترێ: لە ژیاندا هیچ کەسێك نییە، بیروباوەڕێکی تایبەتیی بەخودی خۆیەوە نەبێ. ئیتر لە شێوە هەرە ساکارەکەیەوە لەلای نەخوێندەوارێکی کالّفامەوە بیگرە، تا دەگاتە لای خوێندەوار و ڕۆشنبیر و زانا و فەیلەسووف و تەنانەت، نەخوێندەوارێکی دنیادیدەی زۆر تێگەیشتووش. چونکە ئەو خەلّکە، نەك تەنیا ڕۆشنبیرەکان، بگرە ڕەشۆکییەکانیشیان، بەدەم بەسەربردنی سالآنی ژیانیانەوە، دەبینن و دەبیستن و فێر دەبن. دواجار قسە دەکەن و ڕا دەردەبڕن و هەلّوێست دەنوێنن، با مەسەلەش بڕێتی بێ لە تەنیا زۆرانبازییان بە درێژاییی ڕۆژگاری خۆیان لە کۆڕی ژیاندا. چونکە هەر ئەم زۆرانبازییەیە کە تووشی قسەکردن و ڕادەربڕین و هەلّوێست نواندنیان دەکا و لەگەلّیاندا، کردار و هەلّسوکەوتی تایبەتیش. بەم جۆرە لە ئەنجامدا دەبێتە خاوەن بیروباوەڕ.. جۆرێك لە بیروباوەڕ کە بەردەوام لە ڕەوتی ژیاندا ڕەنگ دەداتەوە.

سا ئەگەر دەستوور وەهابێ کە هیچ کەسێك لە ژیاندا بێ بیروباوەڕ (بەمانا فراوانەکەی) نەبێ، ئەوا چیرۆکنووسیش وەك یەکێك لەو خەلّکە، دەبێ خاوەنی

بیروباوەڕێکی تایبەتی بێ بەخودی خۆیەوە.

ئینجا کە وەها بوو، دیارە دەبێ ئەو مەغزایەی لە چیرۆکەکەیدا بەدەستییەوە دەدا، هەم لەو بیروباوەڕەوە هەڵقووڵابێ و هەم لەگەڵیشیدا گونجابێ. خۆ ئەوەش ئاشکرایە کە ئەو چیرۆکنووسە، هونەرەکەی بەدەستەوە دەبێتە ئامرازێك، یا بۆی دەبێتە ڕێگەیەك و بەهۆیەوە بواری بۆ دەڕەخسێ، ئەو بیروباوەڕەی بەخەڵکی (کە بەڕادەی یەکەم خوێنەرەکانین) ڕابگەیەنێ. ئینجا ئێوە ئەگەر ئێستا بگەڕێنەوە سەر وتاری یەکەمم (پێشەکی دوو پرسیار)، دەبینن کە مەسەلە لێرەدا بادانەوەیەکی بۆ لای ئەو پرسیارە تێ دەکەوێ کە دەڵێ: ئاخۆ چیرۆکنووس بەچی چیرۆك دەنووسێ؟!. بەم پێیە کار وا دەکەوێتەوە کە بڵێین: کاتێ چیرۆکنووسێك لە چیرۆکەکەیدا مەغزایەکت بۆ دەخاتە بەر بیروهۆش، بەوە لایەنێکت لە بیروباوەڕی خۆی سەبارەت بە ژیان پێ ڕادەگەیەنێ. بۆچیش پێتی ڕادەگەیەنێ؟!. بێگومان بۆ قایلکردنت بەو لایەنەی بیروباوەڕەکەی خۆی و، بۆ هاندانت کە لایەنگیری بیت و بگرە لەلای خۆتەوە پەیڕەویشی بکەیت.

سا هەر ئەمە دەری دەخا کە چیرۆکنووسی (بەهەق چیرۆکنووس)، چ بایەخێکی هەیە و چ ڕۆڵێکی گەورە و گران لە ژیاندا دەگێڕێ.

ژ/١٠٢١-٣/١١/١٩٨٨

## ڕوانگە لە بانگەوازەکەوە تا ئێستا

وەختێك ئێمە نۆ مانگێك لەمەوبەر بانگەوازەکەمان بڵاو دەکردەوە، زۆر جۆرە کەس دەماریان لە ئاستیدا گرژ بوو. هەندێك دەستوبرد، هەر چاوێکیان لێ کرد بە هەزار حاڵ و کون بەکون کەوتنە گەڕان بەدوای ئەو دەست و پەنجە ئەفسانا وییانەدا کە لە پشت پەردەوە، ئەم کارە هەرە پڕ لە مەترسییە و، بگرە ئەم پیلانە تووناکەرەیان ساز کردووە!.

هەندێکی تر چاوی چەپیان لێ قووچاند و بەچاوی ڕاست ماوەیەکی زۆر لێی ورد بوونەوە. ئەمان لەوە بەولاوە کە یاری و گەمەیەکی منداڵانەیە و زۆری پێ ناچێ شەویان بەسەر دادێ و ئەوسا هەڵدێنەوە ناو بێشکەکانیان و خەو خپیان دەکات، هیچیان تێدا بەدی نەکرد.

خۆ هەندێکی تر، یا بابڵێین بەتایبەتی یەکێك، دوای بێدەنگییەکی دوور و درێژ

نووسی، کە هۆی هەرە گرینگ بۆ پەیدابوونی (گرێیەکی سایکۆلۆجی)یە و گرێکەش لە ئەنجامی ئەوەدایە (زرووفی) نەتەوەی کورد وابووە، کە زۆربەی لاوە خوێندەوارەکان و نیمچە خوێندەوارەکان، دڵسۆزانە لە پارتە سیاسییەکاندا خەبات بکەن. بەڵام ئەو ناسۆر و چەرمەسەرییەی بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە، بووەتە هۆی ئەوەی هەندێ لەم لاوانە لە ڕیزی پارتەکان دوور بکەونەوە. ئینجا دیارە مەبەستی ئەوەیە بڵێ، کە ئەو دوورکەوتنەوەیەیان، دەیانخاتە گێژاوی ئاژاوە و سەرلێشێوان و ورەبەردان و کرداری منداڵانەوە!. خۆ لە پێش ئەو قسەیەشدا نووسیویە، کە هۆیەکی تری ئەم ئاژاوە و سەرلێشێوانە، ئەوەیە کە خوێندەوارانی کورد (بەتایبەتی لاوانی)، لەم دواییەدا کەوتوونەتە چاوهەڵهێنان بە (بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ و مێژووی ژیانی گیڤارا و کامۆ و سارتەر و ئەدیبانی پەنجا ڕەنگ سۆشیالیزم و شۆڕشی جووتیار) و دەڵێ:

(پیرەمێرد و گۆرانیش دەناسن، چونکە دوێنێ پێرێ مردوون).

گشت مێشك تەزیوەکان و قەڵەم لەرزیوەکان و لەگەڵیاندا گشت چاوچنۆکەکانی (چڵکی بەری دەست) و خەم لێ هاتووانی دۆڕاندنی تاجی سەر، وەهایان لێك دەدایەوە و وەهایان تێ دەڕوانی و وەهایان لەبارەیەوە نووسی!. بەڵام کامیان وێرای بێتە بەرمەیدانی لێکۆڵینەوەیەکی زانستانەی بابەتی؟!. کامیان لە گیانی خۆپەرستی خۆی بەدوور گرت و توانی مێردەزمەی کۆنپەرستی لە کۆڵی دابماڵێ و ڕایەك دەربڕێ کە لە خانەی دڵسۆزیدا جێگەی ببێتەوە؟!. کامیان وێرای سەردەقی بنەمایەکی ژەنگگرتووی رزیو بشکێنێ و، چاوی راستی بنوقێنێ و بەچاوی چەپی نیشان بگرێتەوە؟!.

مامۆستایان.. بادەست بخەینە ڕوو. ئاخۆ ئێوە لەوە دڵنیان، کە بوونی ئادەمییەك بەلەش لە ساڵی (١٩٧٠)دا، مانای ئەوەیە کە بیر و هۆشیش هەر لەو ساڵەدا دەژی؟! زۆرتان.. بگرە هەمووتان لە وەڵامدا دەڵێن: نەء!. بەڵام ئاخۆ وەهاشی دادەنێن کە ئەو (نەء)ە ئەم و ئەو بەشەوارە دەخا؟! ڕەنگە هاوبیروڕایانتان بە ئاسانی بەو (نەء)ە قایل ببن. بەڵام بۆ ئەو بیروڕایەی جووتبوونی لەگەڵ ساڵی (١٩٧٠)دا کونبڕە، هەرگیز نەء.

مامۆستایان.. ئێمە کاتێ کە بانگەوازەکەمان بڵاو دەکردەوە، دەمانزانی کە نەوەی دیواخان و خانەقا نادوێنین. هەروەکو مامەڵە لەگەڵ نەوەی بت و بتپەرستانیشدا ناکەین. ئێمە لە ناخەوە باوەڕمان بەوە هێنابوو، کە ئەوەی لە بیر و هۆشی ئێمەدا پەنگی خواردبووەوە و لە قووڵاییی هەست و نەستماندا بنجی داکوتابوو، یا ئەوەی

ئێمە بە ئاواتییەوە بووین بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری و زانستی نەتەوەی کورد ساز ببێ، تەنیا لە بیر و هۆش و هەست و نەستی نەوەی سەردەمی (لۆنا و جیمینی)ی ناوکوردەواریدا هاوبیر و هاومانای بەدی دەکەین. بەڵێ ئێمە ئەوانمان دواند نەك نەوەی دیواخان و خانەقا.. نەك مێشك تەزیو و قەڵەم لەرزیوی ترسی کوتەکی دەستی نەوەی دیواخان و خانەقا و، نەك چاوچنۆکەکانی چڵکی بەریدەست و خەملێهاتووانی تاجی سەر.

تاقیکردنەوەی نۆ مانگی رابردوو گەلێ بەئاشکرا سەلماندی، کە ئێمە لە کات و ساتی خۆیدا ئەو ئەرکەی سەرشانمان بەجێ هێناو، بووینە ئاوێنەیەکی بێگەردی هیوا و ئاواتی نەوەی نوێ و، لە کاتی خۆشیدا دەنگی خواست و مەبەستی ئەوانمان ڕاگەیاند. بەڵگەش بۆ ئەم وتەیەمان گەلێ زۆرە. ئەوەی ئێستا بەچاوی ڕاستگۆیی و وردبینییەوە بڕوانێتە باری ئەدەبی کوردیمان لە دوو ساڵی ڕابردوودا، بەئاسانی جێگەپەنجەی ئەو نەوەنوێیە بەڕوویەوە بەدی دەکا. هەروەکو بەئاسانیش نیشانەی سەرەتای قۆناغێکی نوێی، هەر بەو ڕێبازەشدا پێوە دەبینێ، کە ئێمە لە بانگەوازەکەماندا نەخشەمان بۆ کێشاوە.

دیارە ئەوانەی لە نوێخوازی سڵ دەکەنەوە و کوتەکیان لێ گرتووە بەدەستەوە، بیر و بۆچوونیان پڕە لە جۆرەها بابەتی ناو و ناتۆرە و گاڵتە پێهاتن!. وەك ئەوەی کە لاسایکردنەوەیە.. سەرلێشێوانە.. ئاژاوەیە.. منداڵبازاڕییە.. سەرکێشییە و گڕوکفی لاوێتی.. بگرە گێرەشێوێنییە و پیلانێکی تووناکەر!!. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانە و لەگەڵ زیاتریشدا، هەرگیز ناتوانن بەتۆزقاڵ لەو یاسایە کەم بکەن، کە لە ئەنجامدا سەرکەوتن و سەرفرازی هەر بۆ نوێ و، بۆ تەقەلادانی بێ وچانی لەلایەن ئادەمیزادەوە، کە کلیلی هەردەم بەرەو پێشچوونیشی دەسگیر دەخا. خۆ وەنەبێ ئەمە یاسایەك بێ، کە لە ئەمڕۆ و دوێنێ و پێرێدا هاتبێتە کایەوە، بگرە بەمێژووی دروستبوونی ئادەمیزادەوە نووساوە، لەو ساتەوەی کە هێشتا لە کۆشی سروشتدا، زۆرانبازیی لەگەڵ شیمانەی بوون و نەبوونیدا دەکرد و، بەتەنیا یەك شانەی زیندووی چالاکیش رازی دەبوو، نەك ئەو ملیاران ڕێکوپێك و زیرەك و وریایانەی کە ئێستا هەینی.

پێویستە گشت مامۆستایان و خوێنەرانی ئەم وتارەم لەوەش ئاگەدار بن، کە ئێمە شەڕی ڕووخاندن و سڕینەوەی سامانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ڕابردووی نەتەوەکەمان

ناکەین. ئەو سامانە لای ئێمە ڕەگوڕیشەمانە و، بنجمانی لەسەر داکوتراوە. بگرە ئێمە شەڕی نوێخوازی و تازەکردنەوە و بەرەو پێشەوەچوون دەکەین.. شەڕی دەربڕینی هیوا و ئاوات و هەست و نەست و بیر و هۆشی نەوەی ئەم سەردەمەی خۆمان. زۆرانبازی و بەیەکدادانیش لەم پێناوەدا، بەلامانەوە ئاساییە و بۆی ئامادەین.

ئەوەی بەگیانی دڵسۆزی و، لەسەر بنچینەی لێکۆڵینەوەی زانستییانەی بابەتی، دێتە گفتوگۆ و لێدوانەوە لەگەڵماندا، ئێمە جێگەیەکی تایبەتیی پڕ لە ڕێز و خۆشەویستی لە دڵ و دەروونماندا بۆ تەرخان دەکەین. ئەوەشی ڕێگەی پلار و تیر و توانج و پاشقولگرتنمان لەگەڵدا دەگرێتە بەر و، کوتەکمان لێ بەدەستەوە دەگرێ، ئێمە گرۆکفی کاریگەری لاوێتیی خۆمانی لێ دەخەینە کار و یەك بەدووی لەگەڵدا دەکەین.

هاوکاری – ژ/٤٨–٥/١٢/١٩٧٠.

## «ئاسۆی ئەرخەوانی» و ترسێکی دووفاق!

برام.. ئاسۆی ئەرخەوانی پێش ئەوەی دەس بدەمە نووسینی ئەم نامەیە بۆ تۆ، بەرێککەوت باسێکم لەبارەی (حوسەینی کوڕی مەنسووری هەلاج) دەخوێندەوە. ئەوەی بەتایبەتی سەرەنجی ڕاکێشام لەو باسەدا، بۆ سەیر!.. لە ناخی بیر و هۆشمدا، هەر زوو جەمسەری لەگەڵ بناغەی ئەم نامەیەدا بەست! چی بوو سەرنجی ڕاکێشام.

سەرکێشی و سەرسەختی، (هەلاج)، چ لە ئاستی خۆیدا و چ لە ئاستی دوژمنەکانیدا!.

(هەلاج) پێش بەندکردنی، کە نزیکەی نۆ ساڵی خایاند و لە ئەنجامیدا بەو شێوەیە کوژرا کە کوژرا، هاواری لە مەردمی سەرشەقام و ناو بازاڕ و مزگەوتەکان دەکرد و دەیوت:

«خەڵکینە!.. تکایە با بەدرۆ نەکەومەوە!.. من، خۆشم و ئێوەش باش دەناسم! وەرن!.. ئەو جۆرە کوشتنەی بۆ خۆمم داناوە بەدی بێنن!.. تا زووە بەدی بێنن».

من لەمەو لە سەرجەم سەرگوزشتە پڕ کارەسات و بەسەرهاتە بەناوبانگەکانی ژیانی (هەلاج)، دەگەمە ئەنجامێکی گەلێك بایەخدار.. ئەو ئەنجامەی، کە ئازایەتی و چاونەترسی و گیانی خۆبەختکردنی، گەردیان پێوە نەمابوو کە سەری ماری ترسە دووفاقەکەی، ببڕایبڕ پان کردبووەوە!

مەبەست لەو ترسە دوو فاقە چییە؟!.. یەکەمیان کاکی برا ئەو ترسە (شاقوولی)یەیە

که بەناخی من و تۆ و هەر یەکێکی ترماندا شۆڕ بووەتەوە، تا دەگاتە ناخی باپیرە هەرە گەورەمان کە بابڵێین: بابە ئادەمە!. دووەمیشیان، کە لەسەر باری پانی، بەڕاست و چەپی ئێستای من و تۆدا پان دەبێتەوە! وەك ئەوەی کە ترسی تۆ لە مردن، دەدات لەبن هەنگڵی ئەوەی تەنیشتت: هی ئەوەی تەنیشتت، نەدات لەوەی ئەولاتر!.. هتد.!

بەڵام (هەلاج)، هێندە خۆی خواردبووەوە.. هێندە خۆی قاڵ کردبوو!.. هێندەش خۆی پاك کردبووەوە، کە ئەو ترسە دووفاقە لە ئاستیدا نەیدەوێرا ببزوێت!.. نە لە ناخیدا وە نە لەبن هەنگڵیدا!.

ئەوسا هەلاج لەوە دەرچوو کە لە (ئۆمەتی محەمەد) بچێت! لەوە دەچوو سووژدە بۆ تەلیسمی (کای بەردەمی وڵاخ و سەگ و ئێسقانی بەردەمی وڵاخ بەرێت).. یاخی بوو!.. بتی شکاند!.. بتخانەی رووخاند! مەردمەکە (هەمان دەستوور) یەکەم جار وتیان: تێی ناگەین! ورێنە دەکا!.. ئینجا وتیان: سەرکێشە! بەدوایدا وتیان: شێتە!.. دواجار پاشگەز بوونەوە و وتیان نەء!.. تێی گەیشتین.. کافرە!.. زەندیقە خۆی دەکات بەشەریکی خوا! لەبەرئەوەی قازیی (ئەبوبەکر)ی چڵکاوخۆری (حامد)ی وەزیری تینوو بەخوێنی سەری هەلاجی شۆڕشگێڕ، لە دادگەدا رووی حەڵاڵ خوێن!.. لە پێناوی سەرفرازیی ئیسلامدا، وا کوشتنتم حەڵاڵ کرد!».

بەم شێوەیە، خوێنی هەلاج وەك هەر کافرێکی زەندیق حەڵاڵ کرا و ڕژێنرا! چون ڕژان و کوشتنێکیش؟!

برا: (حوسەینی کوڕی مەنسووری هەلاج)، خواپەرستێکی هۆشمەند بوو!.. خواپەرستی بەلای ئەوەوە، جۆرە بتپەرستییەکی نوێ نەبوو!.. بگرە تەقەلادانی خۆجۆشدان بوو لەگەڵ تاقەهەمت بەدوادا هێنا!.. لە مەیاندا، وەك سەرت لە هەلاجچییەتی بخورێت، چراکەی (دیوجین)ت گرت بەدەستەوە و بە ڕۆژی رووناك کەوتیتە گەڕان بەدوای (حەقیقەتدا). نووسیت «گەڕان بەشوێن حەقیقەتدا پشکنینە. پشکنینیش، دۆزینەوەی لە دوایە.. ئەنجامەکەی سەیرە.. ڕەنگە سەرەوژێرکردنی جیهانی (عاقڵەکان) بێت!..» ئاشکراشە مەبەست لە عاقڵەکان لێرەدا کێن!.. چونکە هەر دوای ئەوەی پرسیاری عاقڵێك دەڵێ: «کێ دەڵێ حەقیقەت ونە؟!»

کەچی لە ئاسۆی ئەرخەوانیی سێ هەمتا، وەك هەر یەکێك لەو عاقڵانە، دەستەویەخەی دەستەی چراکەی (دیوجین)ی پێشووی خۆت دەوەستیت و لەعنەت و

تۆمەتی شێتی و سەرکێشان دەخەیتە پاڵ و خوێنیان حەڵاڵ دەکرێت! دەنووسیت: «تۆ لەو بڕوایەدا نیت – ڕووی پرسیارت لە کاکەمەمە – کە شتێکی کەی لە دواوەیە کە خزمەتی کۆنی کۆڵەوار دەکات؟!. کە گەلێ دوورە لە سروشت و چۆنیەتیی ئەدەبی نوێوە؟!. بەلای منەوە.. ببوورە.. ئەگەر هیچیشی لە دواوە نەبێت، تاوانێکە بەناوی ئەدەبی نوێوە دەکرێت!». دواجار نووسیوتە: «دژایەتی کە کارەساتی بوون و نەبوون هەڵدەسووڕێنێ!.

هەلاج، سۆفییەکی هێجگار دڵسۆزیش بوو!.. ساڵانی ژیانی ئادەمیزاد بەلایەوە، جۆرە فرتوفێڵ و تەڵەکەبازییەکی نوێ نەبوو، بگرە خۆگونجاندن بوو، پڕ بەپڕی قاڵبی تاقە ڕاستییەکە (دووبارە خوا لەلای ئەو..)

ئەمە لەبارەی هەلاجی هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە. بەڵام لەبارەی تۆ و ئێمە و (هەلاجچییەتی) ئێستاوە، وەرە با دوو قسە لە ڕوو بکەین!

کاکی برا! لە یەکەم ئاسۆی ئەرخەوانیی نوێتدا، ئەو (هەلاجچییەتی)یەت بەدرۆ خستەوە کە هەندێك لەم ڕۆژانەدا بەناوی (یاخیبوونەوە)، تەقەلا دەدەن بانگی بۆ هەڵدەن!. ئەوە بوو نووسیت: «.. بەڵام گۆڕان پیاوی خۆی دەوێ.. گۆڕینەوە خۆی دەگۆڕێ، پێش ئەوەی داوای گۆڕین بکات.. یەکێکم بۆ بدۆزنەوە خۆی گۆڕیبێ؟! یەکێك!.. تەنیا یەکێك!.. گۆڕان هەر دەبێ.. بەڵام.. بەڵام.. تەنیا بەقسەی زل نابێ».

ئاسۆی ئەرخەوانی دوو بەپێچوپەنا.. لەژێر چەندان پەردەوە دەکرێ. یەکێکیان.. تەنیا یەکێکیان لەژێر پەردەی نوێخوازی خۆیدا دەکرێ، نەك هەر لەمەیدانی ئەدەبدا، بگرە لە چەندان مەیدانی تریشدا!. کۆتاییشی وەها پێ دێنێت: بەڵام نوێخوازان ئەمە دەزانن. واتە مەبەست نوێخوازە ڕاستگۆکانە کە وەك گوایە دەستەیەکی تر بن، نەك ئێمەی پیلانگێڕ!!.

برالە! بابڵێین من وا ئێستا دان بەمەدا دەنێم و سوێندیشی لەسەر دەخۆم کە باشت ورد کردووەتەوە.. گەلێکیش شارەزایانە چوویتە بنجوبناوانییەوە!.. ئەمە ئافەرینی گەرەکە!.. چونکە دەری دەخات کە هێندە بە قووڵی و بەوردی لە چیرۆکەکەی کاکەمەم (گۆرانیی دەربەدەرێکی یاخیبوو) تێ گەیشتوویت، کە گشت ئەم ئەنجامانەی سەرەوەت لێ بەدەست هێناوە! باشە!.. لەسەر سەرمان!.. دەسا کاکی برا.. تکایە وەرامێك بۆ ئەم پرسیارە ساکارە!.. تکایە وەرامێکی کتوپڕم بدەرەوە.. ئەی ئەگەر وەهایە، چۆن لە

سەرەتای (ئاسۆی ئەرخەوانییەکەتدا) وتوتە و بە نیمچە پێهاتنێکیشەوە و وتوتە کە گوایە جارێك و دووان و سیان، چیرۆکەکەت خوێندووەتەوە! تێی نەگەیشتی؟! دەبینیت کاکە؟! دەبینیت خۆت خستووەتە چ داوێکەوە؟! کە لە ڕاستیدا و بەدیوی ئەودیوی شاراوەدا، هەر هەمان ترسە دووفاقەکەیە و وەك مێردەزمە سواری کۆڵت بووە!

براله: من ئامادەم بۆ گرەوێك لەگەڵتدا، لەبارەی ئەوەی کە تۆ چ لە کاکەمەم و چ لە منیش باشتر لە چیرۆکەکە حاڵی بوویت!. بەڵام گرەوەکەت بەمەرجی ئەوەی کە من و تۆ لەو بارەیەوە، بەزمانی دڵ و دەروون.. بەزمانی هەست و نەست.. بەزمانی ناخمان لەگەڵ یەکتردا بدوێین، نەك بە زمانی ناو دەم!. خۆ ئاشکرایە کە بەردی بناغەی بەدیهێنانی ئەم مەرجەش، ڕاستگۆییە لەگەڵ خۆدا و دڵسۆزییە بۆ بیروڕای ناخی خۆ!.

من گەلێك بەوە پێخۆشحاڵ دەبووم کە خۆت نەدایە لە قەرەی ئەو وتەیە!. واتە کە گوایە لە چیرۆکەکە نەگەیشتوویت!. چیرۆك بێ گوناهە!. بیروباوەڕی چیرۆکەکەش بێ گوناهە!.. بگرە چیرۆك ڕوونە.. بیروباوەڕی چیرۆکەکە گەش و ڕووناکە!.. بەڵام گوناهـ لە ئەستۆی ترسە دووفاقەکەیە!.. شاقوولی و ترسی باری پانییە!

ئەوەی دەتوانێت سەری ماری ئەو ترسە دووفاقە، لە ناخی خۆیان پان بکاتەوە، گەلێك بەئاسانی لە هەلاچچییەکان دەگات. ئەوسا گەلێکیش بەئاسانی بۆی ڕوون دەبێتەوە کە هەلاچچییەکان ئەو کۆنەپەرستە پیلانگێڕە نین کە گوایە لەژێر پەردەی نوێخوازیدا، نوێخوازی بخنکێنن وەك ئاسۆ ئەرخەوانییەکەت بۆی دەچیت!.

سووکە ڕوونکردنەوەیەکیش لە منەوە، لەبارەی (گۆرانی)ی (ڕێبوارە یاخیبوو)ەکەی کاکەمەم:

١– تەقەلادانی هەرەس پێهێنانی هەرەمێکی پانوپۆڕ...

٢– تەقەلادانی شکاندنێکی سامناك!..

٣– ڕووخاندنی بتخانەیەکی دیوار ئەستوور!..

٤– لەگەڵ بزوواندنی بۆگەنی زەلکاوێکی بەرین بەلووتی من و تۆدا!..

گشت ئەمانە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە پێك دەهێنن. ئاخۆ ڕوونکردنەوەکەی منیش ئاڵۆزە؟!.

## چەند سەرنجێ لە کۆمەڵە چیرۆکەکەی
## ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

بەر لە باسکردنی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی کاك ئەحمەد کە ئێستا لە بەردەستاندایە، با یەکەم جار یەك دوو وتە لەبارەی کۆمەڵە چیرۆکی پێشووی "دارەکەی بەرماڵمان" ەوە بڵێین. لە شێوەدا، کوتومت دارەکەی بەرماڵی هەر چیرۆکنووسێکی نەوەی پێش شۆڕشی تەمووزی (١٩٥٨) بوو. بگرە دەتوانم بڵێم: بە شارەزاییەکی کەمتریشەوە لەبەر هۆیەکی ساکار.. سەرەتایی بوو. لە ناوەرۆکیشدا بەبێ توێشووی تاقیکردنەوە و خۆخواردنەوەیەکی قووڵی پێگەیشتوو، دەور و خولی کارەساتەکانی سەر تیاهەڵدانی خۆی دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا "دارەکەی بەرماڵیان" بۆ خۆی وەك قەڵەم بەدەستێك، کە دەیویست لە کۆڕی ئەدەبدا، ڕێگەی چیرۆکنووسین بگرێتە بەر، لە بایەخ و سوودێکی تایبەتی بەدەر نەبوو. کاك ئەحمەد بۆی هەبوو بیانفەوتێنێ. هەروەکو بۆی هەبوو بڵاویان بکاتەوە وەك کردی، بەڵام گریمان فەوتاندنی، دیارە ئێمە نەماندەزانی لەوێوە دەستی پێ کردووە! بەڵام ئەی ئاخۆ خۆی نەیدەزانی؟!

"دارەکەی بەرماڵمان" وەها بوو.. سەرەتا بوو.. سەرەتایەکی ئاسایی.. بەڵام ئێستا و دوای پتر لە سێ ساڵ، کە لەم ماوەیەدا گەلێك گۆڕان و بەیەکداهاتن لە کۆڕی ئەدەبیاتماندا رووی دا، کاك ئەحمەد هەنگاوێکی تر دەنێ و کۆمەڵە چیرۆکێکی تر دەخاتە پێش چاو. واتە خاوەنی "دارەکەی بەرماڵمان" سوور بووە لەسەر ئەوەی بەردەوام بێت و ڕێگەی نووسین بەرنەدات.. سا من ناڵێم ئەم کۆمەڵە چیرۆکە تازەیەی، گەیشتووەتە ئەو ڕادەی گۆڕان و پێشکەوتنەی کە من چ بۆ ئەو و چ بۆ خۆم و چ بۆ گشت چیرۆکنووسەکانمانی دەخوازم. نەخێر. بەڵام هێندە دەڵێم کە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە "دارەکەی بەرماڵمان" نییە. بگرە نیشانەیەکی ئاشکرای تەقەلادانێتی بۆ بەرەو پێشەوەچوون. خۆ بەلای منەوە، ئەوەی لەم ڕۆژانەدا لە پێویستیی تەقەلادانی گۆڕان و بەرەو پێشەوەچوون بگات و لە مێشکی خۆی چەسپ بکات، نیوەی گرەوی بردووەتەوە و بۆ داهێنان لەسەر پێیە.

من لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا و بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەم کە وتم (ئەمان دارەکەی بەرماڵمان نین)، بۆ نموونە تەنیا چیرۆکی "دەستی ئۆخەی" دەکەمە دەستەگوڵی

لێکۆڵینەوەکەم. چونکە بەپێی تێگەیشتنی خۆم، یەکێکە لەو چیرۆکانەی کاك ئەحمەد کە تەقەلادانی بەرەو پێشەوەچوونی تێدا دەبینم، وە کە لە بنەڕەتەوە ئامانجی من لە نووسینی ئەم پێشەکییە لە ڕووخستنی ئەو تەقەلادانەیە کە وای دەبینم بۆمان هەیە تاقە یەك نموونەی بو ٚبکەینە پێوانە. ئەمە ئەگەرچی کە ژمارەیەکیش لە چیرۆکەکانی کۆمەڵەکە، لەو تەقەلادانە بەدەر نین.

لە ژیاندا بەگشتی و لە ڕۆژانی شۆڕشدا – هەر شۆڕشێك – بەتایبەتی، زۆر کەس دەبنە قۆچی قوربانیی گومان لێکردن.. زۆر کەس بەبێ گوناهـ بەناپاك، یا بەدوژمن دەدرێنە قەڵەم و گەڕوگول دەکرێن. لەبەرچی؟!.

تەنیا لەبەرئەوەی (ڕای گشتیی کۆمەڵ) هەڵە دەفەرموێت و باسەکە هەم ئاوەژوو نۆش دەکات و هەم ئاوەژوو هەڵی دێنێتەوە! پێویستە ئەوە بەسەیر نەزانرێت ڕای گشتیش (کە پێك دێت لە ژمارەیەکی زۆر لە ڕای ئەم و ئەو) دەشێت وەك هەر یەکێك لە ئەم و ئەوەکە لە مەسەلەیەکدا بەهەڵە بچێت لەم حاڵەتانەدا دوو تەرەف بەشێوەیەکی پڕ لە سەمەرە ڕووبەڕووی یەکتر دەوەستنەوە. یەکەمیان گەلێك زاڵ و زەبربەدەست و دووەمیان هێجگار زەبوون و بێدەستەڵات. ئەنجام بەچی دەشکێتەوە؟! لە زۆربەی جارا بەتێکشکاندن و بەزاندنی ئەو تاکە کەسە لە هەندێك جارا سەرکەوتنی. بەڵام خۆ مەرج نییە سەرکەوتنەکە تەنیا لە پاشگەزبوونەوەی ڕای گشتی بێت لە گومان لێکردنەکەی.. نەخێر. بگرە زۆرجار لەوەدایە کە خوێنی نێچیرەکەی بکاتە کاسە و بە هەڵچوونەکەی، بەئەنجامی نارەوای خۆی بگەیەنێت، کە ئەوسا ئەنجام دەبێتە گڕی ئاگرێك و دەچێتە گیانی و تالاوی ئەو هەڵەیەی خۆی پێ هەڵدێنێتەوە.

ئەوەی بەسەر (مام عەبدولی) ناو چیرۆکی (دەستی ئۆخەی) دێت، شتێکە لەم بابەتە، بەڵام بەبێ ئەوەی ڕووی دراماییی تێدا بگاتە ئەو پۆپەیەی کە دەبوو پێی بگات، کە بەڕای من تەنیا بەوە چیرۆکەکە لەو هەڵنووتاندنی تەقەلادانی ئاشتکردنەوەیەی نێوان مام عەبدول و ڕای گشتی دەیدا ڕزگاری دەبوو کە ئەو ڕەخنەگرەی بیەوێت بچێتە بنجوبناوانییەوە، تێ دەگات کە ڕادەی تێگەیشتن و بەپیرەوەچوونی چیرۆکنووس بۆ ئەو مەسەلەیە هەم ورد و قووڵ و هەم ناسکە لە سەرەتادا ئازایانە خۆی بۆ دەکوتێت لە قەراغدا یاخۆ لە ناوەڕاستیدا لێی دەکەوێتە سڵکردنەوە و دەچەقێت. ئەگین هەموو شت ڕوو لەوە بوو کار لە کار بترازێت و مام عەبدل تا سەر ئەو دوژمنە (دۆستە) و ئەو گومان لێکراوە (پاکە) بێت کە بوو.

مام عەبدل لە پەلاماردانی یەکەمی گوندەکەدا، زنجەکەی بەر سووتاندن ناکەوێت دەستی دوژمن شکێت. ڕای گشتی وای دەویست بەرکەوتایە. مام عەبدول ئادەمیزادێکە وەك هەر یەکێك لە بەڕێز ئەندامانی ڕای گشتی. لە سەرەتادا پێی خۆش بوو. هێرشەکە بەسەرچوو. خەڵکەکە گەڕانەوە گوند. زنجکەی ئەم و کۆشکەکەی ئاغای دەرەبەگ بەپێوە مابوون. ئەمە لە خواوە بوو. هەزاران سەڵاوات لە دیاری پێغەمبەر و شێخ و مشایەخان. زنجەکەی ئەم بەپێوە ماوە. بەڵام خوا خۆی دەیزانی کە دڵی بەخەڵکە زنج سووتاوەکەی زۆر دەسووتا. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد ئەوەکانی ئەوانیش نەسووتانایە. بەڵام گوناهی ئەم چی بوو؟!. چی بەدەست بوو؟. کەچی مقۆمقۆ دەکەوێتە ناو گوندەکەوە. بۆچی تەنیا زنجەکەی مام عەبدول و کۆشکی ئاغا بەرسووتاندن نەکەوێت؟! ئەمە بێ مەڵامەت نییە؟! تۆ بڵێی پیاوی ئاغا نەبێت؟! تۆ بڵێی بەکرێگیراوی دوژمن نەبێت؟! ئەی بۆچی زنجەکەی بەر سووتاندن نەکەوت؟!.. با.. بەرێ وەڵڵا.. پیاوی ئاغایە.. سەر بەدوژمنە.

– پس.. پس.. پس.. مام عەبدل پیاوی ئاغایە!

– پس.. پس.. پس.. دوژمنە!

ئیتر مام عەبدل گەڕ کرا.. گول کرا.. نەفرەتی لێ کرا!. ئەوەیش لەلای خۆیەوە ژیانی لاتاڵ و.. خەو و خۆراکی لێ حەرام بوو. دەبوو بەئاواتەوە بێت زنجەکەی بسووتێنرێ.ماڵی تاڵان بکرێ. ژنەکەی (خوانەخواستە).. ئێ! ئەی چۆن؟! نابێ بیسەلمێنێ کە پیاوی ئاغا نییە.. کە بەکرێگیراوی دوژمن نییە!. ئەوەی بە ئاواتییەوە بوو خوا بۆی ڕەخساند. گوندەکە بۆ جاری دووەم کەوتەوە بەرشاڵاو. سوپاس بۆ یەد و قوودرەتی خوای مەزن. ئەمجارە زنجەکەی وەك هی ئەو عالەمی خوایە، بە ر سووتاندن کەوت. نەجات.. بووەوە بەمام عەبدلەکەی جاران. ڕای گشتی فەرمانی بۆ دەرکرد کە لە خۆیانە. ئەی چۆن؟! زنجەکەی سووتا. ئەویش وەك ئەوان، بۆ دروستکردنەوەی زنجی نوێ، کەوتە زەلکێشان!. هەق لە چیرۆکەکەی کاك ئەحمەددا، بەم شێوەیە سەردەکەوێت. وەك دەبینن شێوەیەکی زەبوون و زەلیلە. شێوەیەکە پڕ لە پاڕانەوە و دەستەوستانی. پڕ لە پشتبەستن بەکارێك.. هەر کارێك و لە هەر یەکێکی ترەوە کە فەرمانی پاکی و دڵسۆزیی پێ بدات. ئەگەرچی لە دوژمنیشەوە بێت. واتە لە ئەنجامدا هەر دوژمن بوو کە فەرمانی پاکی و دڵسۆزیی بەمام عەبدل دا لە ڕووی ڕای گشتیدا. سەیرە!... ئەی ئاخۆ ڕای گشتی گوند بۆی نەبوو هەر زوو بڵێت، دوژمن بەفریای

نۆکەرەکەی خۆی (مام عەبدول) کەوت و ئەمجارە زنجکەی ئەویشی سووتاند؟. ڕای گشتی نەبوو بڵێت: دوژمن ئەو هەڵە گەورەیەی جاری پێشووی خۆی ڕاست کردەوە؟! با.. بەڵێ دەسا هەڵنوتانی کاك ئەحمەد لەم چیرۆکەدا ئالێرەدایە. هەق و ڕاستی لە ناخی دڵ و دەروونی مام عەبدول خۆیدا بوو. بۆیە ئەبوو ئەنجامیشی لەوێوە دەسگیر بخستایە و لە ڕووی ڕای گشتیی گوندا بیتەقاندایەتەوە کە ئاخۆ مام عەبدول پیاوی ئاغایە؟. سەر بەدوژمنە؟!. یاخۆ ڕای گشتی هەڵەی فەرمووە و دەبێ لە ئاستی ئەودا بەچۆکدا بێت. دیارە ڕای گشتی غەزا دەکات و تاکە کەسەکە بەرگری. ڕای گشتی زاڵ دەبێت و تاکە کەسەکە شەهید شەهیدی هەرە مەزن و نەمر لەلای من، شەهیدێکە لەم بابەتە.

ئەمە پوختەی باسی چیرۆکی (دەستی ئۆخەی)ە، کەوا دەزانم باسێکی ورد و بایەخدار و ناسکە و جێگەی ئافەرینە بۆ کاك ئەحمەد. وەکی تریش چیرۆکەکە، لە ڕووی هونەرییەوە لە پێشکەوتن بەدەر نییە. ناوەڕۆکی ورد و ناسك، هەردەم شێوەی ورد و ناسکی گەرەکە.

"لەو کاتەوەی بڕیاریان دا بڵێن – نەء – و بوونە تانەی بان گلێنەی ورگزلە چاودەرپۆقیوەکەی دێکەیان. بۆ دووەمین جار زنجەکانیان وەك خێوی ئەفسانەی کورد، دەمی ڕەشیان لێ پەیدابوو.. هەناسەی دووکەڵاوییان دەکرد بەقوڕگی شەوا".

هەر ئەم دەستپێکردنە و بەم شێوەی داڕشتنە پڕوچڕەی کە پەل بۆ زۆر مانا و باسوخواز دەهاوێت، نیشانەیەکی پێشکەوتنی چیرۆکنووسە لە چاو (دارەکەی بەرمالّمان)دا. جووتیارانی دێیەك کە لەژێر چنگی دەرەبەگێکدایە، لە ڕوویدا وەردەگەڕێنەوە و دەڵێن – نەء –. بۆچی دەڵێن – نەء –؟!. وەرامێکی ئاشکرامان ناداتە دەست. تەنیا هێندە نەبێت کە ئەو – نەء –ە بۆ جاری دووەم دەبێتە هۆی سووتاندنی زنجەکانیان. ڕەنگە لەسەر موڵکانە بێت. ڕەنگە لەسەر داوێنپیسی بێت، ڕەنگە!. بەڵام ئاخۆ چ خوێنەرێکی ئەم چەند دێرە (خوێنەری ئەم ڕۆژانە)، هەر زوو لە ناخدا سەرنجی بۆ شۆڕش ناچێت؟! بەڵێ دەچێت. کە چووش، دیارە هەر بەو بارە گشتییەدا چاوەڕوانی بەردەوامبوونی کارەسات و ئەنجامی دەکات. کەچی چیرۆکنووس لە ناکاو زنجیرەی دیمەنە گشتییەکە ئەقرتێنێ و دەمانگوێزێتەوە بۆ دیمەنی جیهانی ناوەخۆی تاکە کەسێك.. مام عەبدولێك!. لەوێدا لە ئاستی خەمێکی ساکاری مرۆڤێکی ناو دێیەکەدا گیرمان دەدات. ئەم گواستنەوە بێ درێژدادڕییەی چیرۆکنووس، لەو دیمەنە گشتییەوە

بۆ ئەم تایبەتییە، چ لەم سەرەتایەی چیرۆکەکەیدا و چ لە لاپەڕەکانی تریدا، نموونەی تەقەلادانی نوێخوازی و بەرەو پێشەوەچوونێتی لە ڕووی هونەرییەوە.

دوای خوێندنەوەی گشت لاپەڕەکانی چیرۆکەکە، ئینجا لە ڕووی هونەرییەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە گرینگەی، کە سەرەتای خەمە ساکارەکەی مام عەبدول، لە سەرەتای چیرۆکەکەوە دەست پێ ناکات (بەپێی نووسینی). بگرە بەپێچەوانەوە، کۆتاییهاتنی کەوتووەتە سەرەتا و دەستپێکردنی لە ساتێکدایە کە بەشێوەیەکی هونەری شاراوەتەوە لە دوو توێی چیرۆکەکەدا. زنجیرەیەك ئاڵوگۆڕکردنی کات و شوێنی کارەساتەکانی چیرۆکەکەش، بوونەتە هۆی سەرکەوتنی ئەو شێوە هونەرییەی کە خەمە ساکارەکەی پێ خراوەتە پێش چاو. بۆ نموونە با شوێنپێی ئەو زنجیرە ئاڵوگۆڕکردنەی کات و شوێن هەڵبگرین:

یەکەم: دیمەنێکی فراوان: دێیەك لە دێهاتەکانی کوردستان لەژێر چەپۆکی دەرەبەگێکدایە. شۆڕش هەڵدەگیرسێت و دەرەبەگ دەچێتە پاڵ دوژمن. جووتیارەکان دەڵێن – نەء –. بەوە بەسەرهات دەست پێ دەکات.

دووەم: کاتی ڕاستەقینە.. یاخۆ کاتی حاڵی حازری کارەسات: سووتاندنی جاری دووەمی دێ و خەمە ساکارەکەی مام عەبدول.

سێیەم: دیوی ناوەوە: هەست و نەستی مام عەبدول و ژنەکەی لەم جاری دووەمەدا.

چوارەم: سەرەتای باس: گەڕانەوەیەك بۆ ڕابردوو. هەڵگیرساندنی شۆڕش.. حەز و ئارەزووی دەرەبەگ و هەڵوێستی (ڕەشوڕووتەکانی) دێ.

پێنجەم: ئەنجامی گشتی: – نەء – و سووتاندنی یەکەم جاری دێ.

شەشەم: ئەنجامی تایبەتی: خەمەکەی مام عەبدول و داکشانی بۆ ناوەوە.

حەوتەم: گەڕانەوە بۆ (کۆتایی – سەرەتا): هەردووك تێکەڵ بەیەکتر دەبن.

هەشتەم: قرتاندنی بەسەرهات: زەلکێشان و تفکردنی مام عەبدول لە دروستکەری ڕێگەی دێ.

جگە لەمە، نووسەر هەوڵی داوە لە داڕشتندا (شێوەی برووسکە) بەکار بێنێ، کە لە ڕاستیدا گونجاوترین شێوەی داڕشتنە بۆ ئەو زنجیرە ئاڵوگۆڕکردنەی لە کات و شوێندا. هەروەها تەقەلادانی خەستکردنەوەی وشە و ڕستە لە هەندێك جارا بەو نیازەی

مـانـایـەکـی فـراوانـتـریـان پـێ بـەدەسـتـەوە بدات، وەك "دووکـەڵـی خـەست، وەك قـیـنـی دەروونیان پێچی دەخوارد و منارەکەی قووت دەدا "وەیا " دەمی وێردی بێتاقەتی دەجوو". وەیا " لوولەی چەکێ، بەر لە پۆستاڵی خاوەنەکەی گەیشتە دالانەکە "یـاخۆ" لە ماڵی مام عەبدول خۆر گیرا".

بەلام لە پاڵ ئەم کۆششە بێ وچانەدا کە کاك ئەحمەد کردوویێتی، بۆ ئەوەی خۆی لە کـۆت و زنجیـری شێوەی کـلاسیـکـی ڕزگـار بـکـات لـە هـونـەری چـیرۆکنـووسینـدا کـە کۆششێکی پیرۆز و پەسندە، دەبینین لە زۆر ڕووەوە هێشتا کەموکوڕی هەیە و خۆی پێوە ماندوو نەکردووە. گەورەترینیان لاوازییە لە زماندا و، ئاڵۆزکاوی لە داڕشتنی ڕستە و بەکارهێنانی وشەدا. بێگومان زمان وەك پردێك بۆ پەڕاندنەوەی هەست و بیر و هۆشی نووسەر و ڕاگەیاندنی بەخوێنەر بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە و نابێ فەرامۆش بکرێت. بۆیە نووسەر چەندە بەسەر ئەو زمانەدا زاڵ بێ کە پێی دەنووسێت، باشتر دەتوانێت پوختەی مەبەست بەدەستەوە بدات.

هاوکاری – ژمارە ١٨٩ – ١٩٧٣/١٠/١٩.

## هەڵسەنگاندن

تێبینی:

ئەم هەڵسەنگاندنە کە سەبارەت بەدوو چیرۆکی برایان ئازاد جوندیانی و ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجییە، ساڵی (١٩٨٠) لە کۆڕێکدا لە هەولێر خوێندراوەتەوە.

بەڕێزان...

پێشەکی بامەسەلەیەکتان لەگەڵدا باس بکەم، کە ئەگەرچی نوێ نییە و جاران گوتراوەتەوە، بەلام وا تێ دەگەم کە باسکردنەکەی بۆ ئێستای ئێمەی نووسەرانی کورد بـەگشتـی و نـەوەی نـوێمـان بـەتـایـبـەتـی، کـارێکـی سوودگـەیێن و پێویستـە، ئـەویش مەسەلەی لەخۆبایيبوون و خۆبەمەعسومدانانە، لە ڕووی کەموکووڕی و چەوت و چەوێڵییەوە.

مـن دەپـرسم: ئـاخـۆ کـەسێك بـووە و هـەیـە، لـە هـەر کـۆڕێکـی چـالاکـیـی ژیـانـدا هەڵسووڕابێ، گەیشتبێتە دوا لووتکەی خولڤاندن و داهێنانێکی ئەوتۆ لەو کۆڕەدا، کە ئیتر ببڕایبێ کەسێکی تر بۆ هەتاهەتایە نەتوانێ لێی تێپەڕ بکا؟!. واتە ئاخۆ حاڵەتێك

هەیە پێی بوترێ دوا لووتکە؟!. هەرگیز نەء. چونکە مەسەلەی خولْقاندن و داهێنان، ئەگەرچی لە حاڵەتی تاکەکەسی و لە مەودایەکی زەمەنیی دیاریکراودا سنووردارە، بەڵام لە حاڵەتی کۆکەسی و لە مەودای زەمەنیی بێ کۆتاییدا، سنووری بۆ نییە و بەرەهایی بەرەڵایە.

بۆ نموونە: ئێمە کە ئەمرۆ باسمان لە چیرۆك و چیرۆکنووسینە، با لە حاڵەتی یەك چیرۆکنووس وەك تاکەکەسییەك ورد بینەوە و بابڵێین بەشبەحاڵی خۆی لە خولْقاندن و داهێناندا، گەیشتە لووتکەیەکی گەلێ بەرز و بەرزتر و بەرزترین. بەڵام ئاخۆ ئەنجام ڕۆژێك لــە ڕۆژان هــەر بــەوە نــاشکێتــەوە، کــە لــە هــەڵکشان بــەرەوژوورتــر بکــەوێ و بوەستێ؟!. چی دەیوەستێنێ؟!. مەودا زەمەنییە دیاریکراوەکە، کە بەندی مەودای تەمەنە و بواری بەرەهایی تێدا نییە. لە کاتێکدا مەودا زەمەنییەکە لە حاڵەتی کۆکەسیدا وەك وتمان، بەری بێ سنوور بەرەڵایە و لە ئەنجامدا، بواری تێپەڕاندنی بەرەهایی تێدایە. بۆچی؟. چونکە وەك ئەوەیە کۆکەسەکە کە لێرەدا چیرۆکنووسانن، نەوە لە دوای نەوە بــچــنــە سەرشانی یەکتر و هەڵکشانێکی بێ کۆتایی بەرەوژوور هەڵکشێن و دیارە لەگەڵیاندا کرداری خولْقاندن و داهێنانەکەش، بەردەوام ڕوو لە هەڵکشان دەبێ.

بێگومــان مــن دەرگــەی ئــەم بــاسەم بــۆیــە خستــەوە سەرپشت تــا بــڵــێم: ئــەگــەرچــی شانازیکردن بەبەهرە و زیرەکی و شارەزاییی خۆوە و، بەتوانا و دەسەڵاتی خۆوە لە خولْقاندن و داهێناندا و بەتایبەتی لە کۆڕی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریدا، مافێکی ڕەوای هەر کەسێکە کە تەواوی تاموچێژی سەربەرزی و پایەبڵندیی لەناو کۆمەڵدا لێ وەربگرێ، بەڵام لە پاڵیدا دەبێ هەردەم ئەو ڕاستییەی لە بەرچاو بێت کە دەسنیشانم کرد و ماوە بە خوێنەر بدات ئەو مافەی زیاد لە ڕادەی خۆی بەکاربێنێ و زیاد لە پێویست هۆگر و شەیدای ببێت، چونکە داخزانی بەرەو هەڵدێری لە خۆباییبوونی لەدوا دەبێ و لە ئەنجامدا داخزان بەرەو هەڵدێری لە خوولْقاندن و داهێنان کەوتن. دیاریشە کە من ڕووی دەمم لەم بارەیەوە لەو لاوە جوامێرانەیە، کە بەهەست و نەست و دڵ و دەروونێکی گڕگرتووەوە و بە بیر و هۆشێکی هۆگر و شەیدای وشەوە دێنە بەرمەیدانی نووسین و ڕێگەی تێدا دەگرنە بەر.

وەك دەبینن ئەو ڕاستییەی من باسم لێوە کرد، دوو ڕوو یا دوو مەغزای هەیە. یــەکــەمــیــان دەڵــێ: ئــەی ئــەو نــووسەرە نــاودارە داهــێنــەرەی کــە چــەنــد قــۆنــاغــێکت

بەرەوپێشەوە لە بوارەکەدا بڕیوە، ئاگات لە خۆت بێت و وا تێ نەگەیت. کە گوایە ئیتر بۆ هەتا هەتایە، کەسێك ناتوانێ شان لە شانت بدا و پێشت بکەوێ. دووەمیشیان دەڵێ: تۆش ئەی ئەو لاوە جوامێرەی کە هێشتا لە قۆناغی یەکەمدایت و بەهرە و توانای خولقاندن و داهێنانت هێشتا تازە چرۆ دەکات، تۆش وا تێ نەگەیت بەو چەند بەرهەمەت، کە وەك سەرەتایەك بەهرەوەریی خۆتت تێدا نواندوون، ئیتر گەیشتوویتەتە لووتکە و، کەسێك بە تۆزی پێتدا ڕاناگا!.

بەڕێزان..

ئێستا ئیتر دێمە سەر باسی کۆڕەکەمان و ئەو دوو چیرۆکەی لەلایەن دوو لەو لاوانەمانەوە پێشکێشتان کران، کە ناوم بەجوامێر و هۆگر و شەیدای وشەبردن و سەبارەت بەیەکەمیان دەڵێم:

گومرگ، تەنانەت لەسەر منداڵ و نێرگز و، لەسەر خەندە و تریقەی منداڵ و ورشە و گەشەی نێرگزیش هەر گومرگە!.

چەند منداڵێك (لەگەڵ سپێدەی بەیاندا، لە کۆڵانە قوڕینەکانەوە)، وەك پۆلێك پەپوولە، بەرەو دەرەوەی شار دەچن. شار سلێمانییە. شوێن دەوروبەری تووی مەلیکە و، تووی مەلیك بەخۆی و هەقایەتە دێرینەکەیەوە. منداڵەکان بۆ نێرگزچنین چوون. زەمیلەی لێ پڕ دەکەن و دەیهێنن لە شار بیفرۆشن. منداڵەکان کوڕە هەژارن و لەگەڵ ئەوەشدا دڵخۆشن. بوونەتە پیاو و بەرەنجی شان نان بۆ خۆیان پەیدا دەکەن. بەزەمیلەی پڕ لە نێرگزەوە بەرەو شار دەبنەوە. بەڵام گومرگ.. گومرگی ڕێگر تەنانەت بە منداڵ و نێرگزیش، منداڵ دەخاتە بەر داپڵۆسین و، نێرگز بەژێرپێنان!.

دیارە دەبێ بپرسین: ئاخۆ ئازاد جوندیانی لەم چیرۆکەدا، دەیەوێ چ ئامانج و مەغزایەکمان پێ ڕابگەیەنێ؟!. خێر و شەڕ. دەستەیەك منداڵی هەژاری، دەم بە خەندە و پێکەنین و، دڵخۆش بەرەنجدان و وەرگرتنی بەری ڕەنج، بەو نێرگزەی دەوروبەری توویمەلیك، کە دەیبەن بۆ فرۆشتن بە دانیشتوانی شاری تووی مەلیك. بەڵام لە بەرامبەردا، گوومرگ لە بەردەرگەی شاردا ڕاوەستاوە. خەندەی سەرلێوی منداڵان و چەپکەنێرگزەکانیان، بەقاچاخ دادەنێ و دەستیان بەسەر دادەگرێ.. بگرە ژێرپێیان دەنێ.

ئامانج و مەغزاکە پیرۆزن و لە بیر و هۆش و هەڵوێستێکی پێشکەوتنخوازانەوە هەڵقووڵاون.. لە پشتگیریکردنی بەرەی ڕەنجدەر و هەژارەوە، دژی بەرەی زۆر و جەور.. بەرەی گومرگدانەر لەسەر خەندەی منداڵ و بۆن و بەرامەی نێرگز. بەڵێ.. ئامانج و مەغزا پیرۆزن و دیارە مایەی ڕێز و ستایشن بۆ چیرۆکنووس. بەڵام وەکی تر، چیرۆك چەندە ناوەڕۆکە، هێندەش شێوەیە. چەندە هەڵوێستە، هێندەش جوانییە. بۆ نموونە تووی مەلیك پردی لێ نییە و دەوروبەریشی نێرگزی لێ ناڕوێ، واتە نێرگزەجاڕی تێدا نییە. بگرە هەموو بناری چیای گۆیژە، کە تووی مەلیك دەکەوێتە پێدەشتییەوە، نێرگزەجاڕی تێدا نابینرێ. مەسەلە لێرەدا ئەزموونی ژیان و شارەزاییە لە کاروباریدا لە هەموو ڕوویەکەوە. چیرۆکنووس کاتێ باس لە شتێك دەکات، دەبێ لێی دڵنیا بێت و لە ئاگەدارییەکی وردەوە لێی بدوێ. من بێم باس لە لووتکەی هەڵگورد بکەم و بڵێم دارخورمای لێیە، مانای وایە ئەو قسەیە لە ناشارەزاییەوە دەکەم و، لەو ڕووەوە بێ ئەزموونم.

هەروەها ڕاستە کە بەرەی گومرگچییەکان.. بەرەی زۆردارە دڵڕەقەکان، هەرچی خراپەکارییەك بەبیردا بێت  دەیکەن. بەڵام لەم چیرۆکەدا ئەو دڵڕەقییەی بەرامبەر بەو منداڵانە دەکرێ (بەتایبەتیش کە لە ڕووی هونەرییەوە دوور لە ڕەمزکاری بێ)، خوێنەر قایل ناکا و دەیخاتە گومانەوە. منداڵە و نێرگزی لەو دەشتودەرە چنیوە و، دەیهێنێ بۆ فرۆشتن. ئێ خۆ خراپەکار و زۆرداریش وەك مرۆڤ، حەزیان لە نێرگز و بۆنی نێرگز هەیە. هەروەکو ئەوانیش لە کاتی ئاوەها ئاساییدا، حیسابێك بۆ منداڵ و منداڵێتی هەر دەکەن. تەنانەت ئەگەر وەهاش دابنێین، کە ئیشارەتێك بەنائاسایی حاڵەتەکە دراوە، بەوەی کە زەمیلەکان دەبێ بپشکێنرێن، ئەوا هێشتا هەر دەبێ بپرسین: بۆچی لێدانی منداڵەکان و بۆچی شێلاندنی چەپکەنێرگزەکان؟!. بەتایبەتی کە هیچ کام لە منداڵەکان، کردەوەیەکی وای لێ نەوەشاوەتەوە، کە گومرگچییەکان تووڕە و هار بکا. ئەمە بێگومان پێوەندیی بەقایلکردنی خوێنەرەوە هەیە. ڕاستە کە حاڵەت نییە لە ژیاندا ڕووی نەدابێ و نەدا. بەڵام کە دەکرێتە چیرۆك، دەبێ لەگەڵ ئەو مەرجەدا بگونجێ کە باسم کرد. ئەمە مەسەلەیەکی کەمێ ئاڵۆزە و لێدوانی فراوانی پێ دەوێ، چونکە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەهەڵبژاردنی (نموونە)وە هەیە کە ئەویش پێوەستە بەمەسەلەی گشتی و تایبەتییەوە لەو هەڵبژاردنەدا.

ئەمانە دوو سەرنج بوون لە ڕووی کەموکوڕییەوە لە شێوەدا. بەڵام لە پاڵیاندا

بەکارهێنانی تەکنیکی برووسکەیی لە داڕشتندا و، ڕەوانی و بێ گرێوگۆڵی لە زماندا، سەرنجڕاکێش و مژدەدەرن.

چیرۆکی دووەم (کاتێ بێدەنگی دەدوێ)، باسی لە مرۆڤێکە کە بەدیوی دەرەوەیدا بەزۆرداری بێدەنگ دەکرێ. ئەو بەم دیوەدا بێدەنگ کراوە و بڕاوەتەوە و، ماوەتەوە دیوی ناوەوەی، کە ململانێ لە چیرۆکەکەدا لەسەر ئەمیانە. مرۆڤەکە وای دادەنێ کە هەرچی نەبێ، ئەمیانی بۆ ماوەتەوە و لەمیاندا سەربەستە. بەناخی خۆیدا شۆڕ دەبێتەوە و دەدوێ. گۆرانی دەڵێ و ڕازونیازی خۆی تاووتوێ دەکا. بەڵام لەمیشدا لێی ڕادەپەڕن و دەڵێن: تۆ بۆت نییە تەنانەت، پەساپۆرتت بۆ چوونە ناو خۆشتەوە هەبێ. ململانێکە بەردەوام دەبێ. لەسەر کورسییەك مت کراوە. بە بەرامبەرییەوە تابلۆیەکە، کە وێنەی ئەسپێکی کەحێلەیە و ڕەسەنانە هەنگاوی ناوە. لە ئەنجامدا مرۆڤە متکراوەکە، لە پاسەوانەکانی دەرباز دەبێ و، دەبێتەوە بەخاوەنی هەردوو دیوی خۆی. یا بابڵێین: بەسواری ئەسپە کەحێلەکەی ناو تابلۆکە، ڕوو لە جیهانی سەربەستی دەکاتەوە. چونکە لە دوا دوو دێری چیرۆکەکەدا دەڵێ: (کورسییەکی بەتاڵیش دەوری تەنرابوو. بۆی چوون گەڵایەکی سەوز لەسەر کورسییەکە کەوتبوو. کە وەرچەخانەوە، تابلۆی ئەسپە کەحێلەکەش نەمابوو).

بەڕێزان..

ڕەنگە هەندێکتان لەوە ئاگەدار بن، کە منساڵی پار لەو دیدارەدا کە یەکەتیی نووسەرانی کورد بۆ چیرۆکی ساز کرد، باسێکی فراوانم، لەسەر یەکێ لە چیرۆکەکانی کاك ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی پێشکێش کرد. باسەکەم بریتی بوو لە ڕەخنەیەکی پراکتیکی لەسەر چیرۆکەکە و بەوردی لە دێر بەدێر و چاپتەر بەچاپتەریم کۆڵییەوە. بەدەمییەوە چەندە پێم کرا باری سەرنجی خۆم و تێگەیشتنی خۆمم بۆ گەلێ لایەنی هونەری چیرۆکنووسین دەربڕی. ئەم ئیشارەتەم بۆیە دا تا بڵێم: کاك ڕەزا لەم چیرۆکەیدا، تا ڕادەیەکی باش خۆی لەو کەموکووڕییانە ڕزگار کردووە، کە لە بەرهەمەکانی سەرەتای چیرۆکنووسینیدا هەبوون و، بەر لە هەمووشیان پابەند بوونی بەشێوەی ڕاپۆرتنووسی و هەقایەتخوانییەوە. ئەمە لە ڕووی هونەرییەوە. ئینجا ڕووکەشیش لە چۆنێتیی هەڵبژاردنی باس و نواندنیدا و لەگەڵیدا لاوازیی مامەڵەکردن سەبارەت بەکات و شوێن، کە لە چیرۆکی کورتدا بەردی بناغەن.

لەم چیرۆکەیدا، نموونە مرۆڤێکە کە گیرۆدەی گرفتێکە. شوێن سەر کورسییەکە و، دیارە کە لەناو ژوورێکدایە و دیاریشە کە چەند کەسێك بەدیارییەوەن و بەسەریدا زاڵن. ئەو حاڵەتەی لە بەرگەگرتن و کۆڵنەدانەدایە. بەزمان نایەتە قسە. قسەکردنی لێ قەدەغەیە. بە زمانی ناخ دەدوێ و کەسەکان دەیانەوێ ئەویشی لێ قەدەغە بکەن. بەڵام ناتوانن و بۆیان ناکرێ. لە ئەنجامدا کارەبا دەکوژێتەوە و ناو ژوورەکە تاریك دەبێ. ئەوەی بۆ دەبێتە هەلی دەربازبوون (کە لە ڕاستیدا چیرۆکنووس هەلەکەی بۆ خۆی ڕەخساندووە، نەك بۆ ئەو!). دیارە ئەمە دەربازبوونێك نییە بەو مانایەی، کە هەڵبێ و لە ژوورەکە ڕابکاتە دەرەوە، بگرە زیاتر لە بواری ڕەمز و خەیاڵدا کاری لەسەر کراوە.

کەوابوو لەم چیرۆکەدا، شێوەی ڕاپۆرتنووسی و هەقایەتخوانی بەلاوەنراوە و، لە هەڵبژاردنی نموونەی کەس (قارەمان) و نواندنی باس و سنووورداری کات و شوێنیشدا، ئەوە دەردەخەن کە کاك ڕەزا لەم چیرۆکەیدا بەرەوپێش چووە و ڕوو لە زەفەربردنە بەنهێنییەکانی هونەرەکە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بپرسم: کارەباکە بۆچی کوژایەوە؟!. بەڵێ.. دەتوانین بڵێین: ڕێککەوتە و رووی دا و ڕوو دەدا. ئەمە وەك بیانووهێنانەوە و هۆ بۆدۆزینەوە دەکرێ و دەبێ. پێشتر وتم: حاڵەت نییە چەندە پڕ لە سەیروسەمەرەش بێ، ڕووی نەدابێ و ڕوو نەدا. بەڵام قایلکردنەکەی خوێنەر و بەدوورگرتنەکەی لە گومانکردن، مەسەلەیەکە و دەبێ چیرۆکنووس زۆر بەتەنگییەوە بێت. یەشار کەمال لە (ئەفسانەی چیای ئاگری) و (کوێر ئۆغڵوو)دا، زۆر شتی پڕ لە سەیروسەمەرە دەنووسێ. کەچی قایلمان دەکات کە زۆر بەپەرۆشەوە بیانخوێنینەوە و هیچ گومانێکیشیان لێ نەکەین. چونکە خراونەتە قاڵبی تایبەتیی خۆیانەوە و چەندە ئەفسانەیین، هێندەش لە زەینی ئێمەدا دەبنە ڕووداوی ڕاستەقینەی بەرجەستەکراو.

سا لەم چیرۆکەدا کارەبا بۆچی وا بەو ڕێککەوتە بکوژێتەوە؟!. وەڵام ئاشکرایە. وەك وتم: بۆ ئەوەیە کە ببێتە هەلێك بۆ چیرۆکنووس خۆی، نەك بۆ قارەمانی چیرۆکەکە، هەتا لەو کۆڵانە دەرنەچووە دەرباز ببێ کە تێی کەوتووە.. کۆڵانی چۆنێتیی کۆتاییپێهێنان و بە ئەنجام گەیاندنی چیرۆکەکە، کە دەتوانم بڵێم: ئەمە لە ڕووی هونەرییەوە لایەنی هەرە لاوازێتی.

## وەرامێك بۆ هاوڕێم ڕەئووف حەسەن
## ئاخۆ ڕاستە كە شار ڕۆمان نییە؟!

بەر لە هەموو شتێك دەبێ بڵێم كە بەڕاستی من و (شار)ەكەم بەختەوەر بووین، چونكە هیچ نەبێ هەندێك دەتوانم بڵێم هەندێكی باشیشمان (بەچاك یا بەخراپ) لەسەر نووسرا، كە هەر ئەمە بۆ خۆی مەغزایەك دەدا. هەروەها بەر لە هەموو شتێكیش، دەبێ ڕێز و سوپاسم بۆ ئەو برادەرانە دەربببڕم كە هەریەكەیان بەپێی باری سەرنج و بۆچوونی خۆی، بیروڕای لەبارەی (شار)ەوە خستبووە ڕوو، دیسان بەبێ گوێدانە جۆری بیروڕایەكە، واتە پەسندی كردبێ یا نەكردبێ چونكە من وای دادەنێم كە هەریەكەیان لە سنووری سەربەستیی ڕا دەربڕینی خۆیدا، هەڵسووڕاوە و مافێكی ڕەوای خۆی خستووەتە كار.

ئینجا ئەوەش بەپێویست دەزانم كە هەر پێشێكی سیفەتێكی تایبەتی خۆم دەربخەم كە ڕەنگە لەم سیفەتەدا، وێنەم یا هاوبەشم لەناو نووسەرانی كورددا زۆر كەم بن. ئەویش ئەوەیە كە من وەك دەستوورێك و لەلام جێگیر بووە، وەڵامی ڕەخنە و نووسین لەسەر ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەم نادەمەوە كە بەئەدەبی داهێنان دادەنرێن، وەك چیرۆك و ڕۆمان و شانۆگەری. بۆچی؟!. زۆر هۆ هەن.. زۆر هۆ كە نزمترینیان لە پلەی بایەخداریدا، باوەڕ بەخۆكردنە (نەك لەخۆباییبوون) و گرینگترینیشیان، ئەوەیە كە من لەو باوەڕەدام ئەو بەرهەمە لەو ساتەوەی لە چاپخانە دەردەچێ و دەگاتە دەستی خوێنەران، تەنیا هێندە مافی منی پێوە دەمێنێ كە من خوڵقاندوومە و دروستم كردووە و بەڵام بەحوسن و ڕەزای خۆم، خستوومەتە بەردەستی ئەو خەڵكە. ئیتر ئەوانیش (كە ئاشكرایە بەپێچەوانەی بەرهەمەكەوە، دروستكراوی دەستی من نین بتوانم فەرمانیان پێ بكەم و بڵێم: دەبێ چەپڵەی بۆ لێ بدەن)، خاوەنی تەواوی حەز و ئارەزووی خۆیان و جۆری بیروڕا و تێگەیشتنی خۆیان و چەندان هەست و نەست و ڕادەی هۆشیاری و تاقیكردنەوەی كەڵەكەبووی ژیانی خۆیانن و بۆ هیچ شتێك سەربەستیی تەواویان نەبێ، بۆ ئەمیان.. بۆ خوێندنەوە و نە خوێندنەوەی بەرهەمەكەی من، بۆ پەسندكردن و نەكردنی، بۆ ستایشكردن و لچ لێ هەڵقورتاندنی، بۆ.. بۆ.. بۆ، سەربەستییەكی تەواویان هەیە. ئیتر لە ئەنجامیدا منی خاوەن بەرهەمەكە، تەنیا هێندەم لەسەر دەبێ

کە دوور بەدوور لە چاوەڕوانیدا بم و بزانم، ئاخۆ ئامانجم پێکاوە یان نا؟!.. بزانم ئاخۆ سەرکەوتوو بووم یان نا؟!.

وەکی تر، خۆ ئاگەدارم کە ئەم دەستوورە هەروا سووك و ئاسان ناچێتە سەر و لقوپۆپی زۆر لێ دەبێتەوە. ناهەموارترینیان ئەوەیە کە ڕای گشتی بەهەڵە بچێ. واتە ڕای گشتی لەبەر هەر هۆیەك بێت کە ئەو هۆیانە لە حاڵەتی پاشاگەردانیدا زۆرن، بەرهەمێکی بەلاوە پەسند بێت و کەچی لە بنەڕەتدا شیاوی ئەو پەسنکردنە نەبێ. لێرەدا دەبێ زوو ئەو ڕاستییەش بڵێم، کە ئەمە تاسەر نابێت و دوایی یا درەنگ، ڕەش و سپی لێك جوودا دەبنەوە. هەروەکو بێبایەخترینیشیان ئەوەیە، کە بێ مروەتێك بێت و وەك بوغزلەسکێك کردار لەگەڵ بەرهەمەکەدا بکا (مەبەستم شار و ئەو برادەرانە نییە کە لەسەریان نووسیوە)، بەو نیازەی تەقەلا بدا ڕەشی تێدا بکا بە سپی و سپی بە ڕەش!. دیارە لە نێوان ئەو حاڵەت و ئەمیاندا، زۆر باری تر هەن و باسکردنیان وتارێکی تایبەتی دەوێ.

بەهەرحاڵ دەستوورەکە لەلای من سەرەڕای ئەو بارە لاوەکییانەشی، هەروەها کەوتووەتەوە کە هەر ڕەچاوی بکەم و لەسەری بڕۆم و (تا پێ نەنرێ بە ورگمدا!) لێی لانەدەم. زۆریش ئەو جارانەی کە تەنانەت پێ بەورگیشمدا نراوە و بەڵام هەر لێم لانەداوە. چونکە هەردەم دەستوورێکی تر پارسەنگی بۆ داومەتەوە کە ئەمیشیانم وەك ئەویان باوەڕ پێیەتی.. واتە دەستووریی پێویستی وەرامدانەوە لەلایەن غەیری خۆمەوە. دیارە مەبەستم گرووپ گرووپێنە نییە، بگرە مەبەستم پسپۆڕانی ڕەخنە و ڕەخنەکارییە کە ئەگەر مەسەلە بەهەقیانەت باسکردن بێت لە ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبی، دەبێ ئەوان ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن نەك من.

سا من ئەم پێشەکییەم بۆیە هێنایەوە تابڵێم: دەگونجا ڕەخنەکەی کاك ڕەئووفیشم ئاسایی وەك ئەوانی تر بخوێندایەتەوە و ئاسایی لە دڵی خۆمدا بموتایە: بەڵێ برا.. لە فلانە لایەنەوە تۆ ڕاست دەفەرموویت و بەڵام لە فیسارییانەوە وانییە و یا هەر شتێك لەم بابەتە و ئیتر وازم لێ دەهێنا بۆ خەڵکەکە، یا بۆ پسپۆڕانی ڕەخنە و ڕەخنەکاری. کەچی سەیرم کرد هاوڕێم ڕەئووف حەسەن، (خراپ پێی ناوە بەورگمدا!!). ئینجا کە تۆزێ زیاتر بیرم لێ کردەوە سەیرم کرد ئەگەر دەستوور نەشکێنم و لێی بەوەڵام نەیەم، هەر لە بەلاش و حەلاش لەم مەسەلە هەرە بایەخدارەدا بۆ من (بۆ منی ئەدیب)، دەبمە قوربانیی دەستوورەکەی خۆم. خۆ لەگەڵ ئەوەشدا، وە نەبێ من کەم و زۆر ئەو کارەیم

پیّ ستەم بیّ. هەرگیز نەء.. ئەویش لە ئەنجامدا یەکێکە لەو خەڵکەی کە من بە حوسن و رەزای خۆم، بەرهەمەکەمم خستووەتە بەردەستی و مافی ڕەوای خۆیەتی، بەوپەڕی سەربەستییەوە بیروڕای خۆی لەبارەیەوە دەربڕیّ.

من پێش ئەوەی بچمە ناو باسەکەوە، با نهێنییەکی نانهێنیش ئاشکرا بکەم. دەوتریّ نووسینی هەر ڕۆمانێك و تەنانەت هەر چیرۆکێکی کورتیش، ڕۆمان و چیرۆکێکی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەمیان لە سنگی نووسەرەکە خۆیدا دەمێنێتەوە. مەگەر جار ناجارێك لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا، یا لە کۆڕ و کۆمەڵێکی تایبەتیدا، نووسەرەکە باسێکی لێوە بکات کە ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەنە. بەم پێیە، تۆ بڵێی (شار)ەکەی لەمەڕ من، بەبیّ ئەو حیکایەتە تایبەتییەی خۆی بیّ؟!. هەرگیز نەء.. ئەگەر بەدرێژی بیگێڕمەوە ڕەنگە زۆری پیّ بویّ. بۆیە هێندە دەڵێم کە من (شار)م بەئاسانی بەدەستەوە نەهاتووە و لەگەڵیدا گەلیّ ماندوو بووم. ماوەی دە ساڵێك بە پرۆژەیی لە بەردەستمدا مایەوە. لەو ماوەیەدا سیّ جار گەیاندمە سەر هەوڵدانی بۆ نووسینەوە و ئامادەکردنی بۆ چاپ و وازم لیّ هێنا. تا لە جاری چوارەمدا بە ئەنجامم گەیاند و دوا بڕیارم لەسەر بڵاوکردنەوەی دا.

کەوابیّ کاتیّ ڕەخنەگرێك دێت و دوای خوێندنەوەی تەنیا یەك جار یا جارنیوێك، دەستی لیّ دەداتە قەڵەم و کۆشش و ماندووبوونێکی زۆر کەم (کە بەتۆزی پێی نووسەرەکە لەم لایەنەوە ناگات) لەبارەیەوە دەنووسیّ، دەبیّ ئەو نووسەرە چ دڵێك بەم جۆرە ڕەخنەیە خۆش بکا؟!.

من ئەوەتا ئێستا کتێبی (مارسيل بروست والتخلص من الزمن)م لە بەردەستدایە و دەیخوێنمەوە. کتێبەکە (٣٠٦) لاپەڕەیە و باسی تەنیا لە ڕۆمانی (بحثاً عن الزمن المفقود)ە. خۆ دەزانم من برۆست نیم و (شار)یش وەك ڕۆمانەکەی ئەو نییە. بەڵام مانا و مەغزای مەسەلەکە بۆ هەردوولامان و هەریەکە لە سنووری خۆیدا وەك یەکە.

بابێمە سەر باسەکە.. ئاخۆ کە (شار) ڕۆمان نییە؟!. هاوڕێم ڕەئووف لە ژمارەی (١٤٤)ی حوزەیرانی ١٩٨٨ی (بەیان)دا، بەناونیشانی (ئەریّ دەنگوباسی شار چییە؟)، ڕەخنەیەکی لەسەر (شار) نووسیوە. ئەو خواوڕاستان هاتووە نووسینەکەی بەم شێوەیە بەش بەش کردووە: (ئاخۆ شار ڕۆمانە؟! – هەنگاوێك بۆ دواوە دووان بۆ پێشەوە – خۆشەویستی و خەبات و کینە و سیخوڕی – پلەی قەناعەت پی کردن لە

شاردا – ڕەفـزی پـێڕەو و یـاسا گـەنـدەڵـەکـان – مـامـەڵـەکـردن لـە تـەك جـێگـەدا – سێکـوچـکـەیـەکی سەیر – قفڵی کۆتـایی). ئینـجـا من بـەشبـەحـاڵی خـۆم هـەرکـە لـە خوێندنـەوەی نووسینەکە بوومـەوە، خێرا لـە دڵی خۆمدا وتم! باشە کاتێ کاك ڕەئووف هـەر لـە سەرەتـاوە دەری دەخـات کـە (شـار) ڕۆمـان نییـە و ئـەمـەشی لـە لاپـەڕە و چـارەکێکدا (بـەپێی کۆوارەکە) سەلمـاندووە، ئیتر چ پێویستی بـەڕەشکردنـەوەی پێنج لاپـەڕە و سێ چـارەکـەکـەی تر هـەبوو؟! کە (شـار) هـەر لـە بنـەڕەتـەوە ڕۆمـان نـەبێ، چ پێویستی بـەو هـەموو بێنـەوبـەرەیـەی تر دەکرد؟!. (شـار) ڕۆمـان نییـە و وا سەلمێنراوە کە ڕۆمـان نییـە، ئیتر ئـەو هـەموو شێلـە و بێلـەیـەی تری بۆ چی بوو؟!.

ئـەوی ڕاستی بێ، هـۆی سەرەکی بۆ هـاندانم کە وەرام بدەمـەوە، هـەر ئـەمـە بوو. کە بـەوەرامیش دێم، تـەقـەلا دەدەم نـەکـەومـە دوای (سیر و پیـاز)ەکـەوە.. واتـە هـەر هێندەی ئـەو وتبێتی پیـاز و من بڵێم سیر!. بگرە لـەسـەر ئـەو پرسیـارەی کە دەڵـێ: (ئـاخۆ شـار ڕۆمـانـە) و کە هـەوڵی داوە بیسەلمێنێ ڕۆمـان نییـە، گیر دەبم و لـەسەری دەدوێم کە ڕەنگە جـارجـار پریشکی لێ ببێتـەوە و لایـەنـەکـانی تر بگرێتـەوە. دەنا ئیتر (سیر و پیـازەکە) بـەڕێی خۆی و ئـاسایی بـەئـەنجـام دەگا.

یـەکـەمجـار ڕووی دەمم لـە کـاك ڕەئووف خۆی دەکـەم و دەڵێم: بـا واز لـە تـاریف و تـاریفکـاری بێنین کە ئـاخۆ ڕۆمـان چییـە و چی نییـە!. تۆ لـە من بـاشتر دەزانیت کە ئـەمـە کـارێکی بێهوودەیـە.

بـەڵام بـا من پێشەکی بـەبـارە هـەرە ساکـارەکـەدا دوور لـە هونـەر و هونـەرکـاری لێت بپرسم: کێیـە کە دوای نووسـەر خۆی و بـەر لـە ڕەخنـەگر، حوکمی هـەرە کـاریگـەر و بـایـەخدار بـەسـەر بـەرهـەمێکی ئـەدەبیدا دەدا؟!. دیـارە تۆ بـەر لـە من دەڵێیت: خـەڵکـەکە ئـەو خـەڵکـەی کە نـە یـەکێکن وەك منی نووسـەر و نـە دەن وەك تۆی ڕەخنـەگر. بگرە هـەزار و دەهـەزاری خوێنـەری لای ئێمـەی نـەتـەوە بچووك و سەدهـەزار و ملیۆنی خوێنـەری لای نـەتـەوە گـەورەن. دەیسا بـاشە.. هـەزار و دەهـەزار خوێنـەرەکـەی لـەمـەڕ خۆمـان، ڕایـان بـەرامبـەر بـە (شـار) چۆن بوو؟!. دیـارە نـاتوانیت بڵێیت لایـان بێبـایـەخ بوو، چونکە پێچـەوانـەکـەی ڕاستییـەکی زۆر زەق و لـە بـەرچـاوە. بـەڵام دەتوانیت بڵێیت: هـەزار و دەهـەزارێکی نـەفـام و تێ نـەگـەیشتووە و شاری لـەخۆڕایی لێ بوو بـەڕۆمـان، دەنا نـە ڕۆمـانـە و نـە هیچ!. دەیڵێیت؟!..

ئینجا ئەمیان با لەولا بوەستێ!.. با بڵێین ئەمیانم هەروا بۆ سواڵکردنی پشتگیریکردن لە خۆم هێنابێتەوە و بابێمە سەر مەسەلەی هونەر و هونەرکاری. کاك رەئووف لە وەرامدانەوەی پرسیارەکەدا وای بۆ دەچێ کە شار ڕۆمان نییە، بگرە کۆمەڵێك کورتە چیرۆکن و لە یەك دراون یا بەیەکترەوە لکێنراون. ئەمە بێگومان دەتوانرێ بخرێتە قالبی تیۆری (نظرية)یەکەوە و لە زمانی ئەوەوە لە بواری تاریفکردنی ڕۆماندا بوترێ: (ڕۆمان نابێ بریتی بێت لە کۆمەڵە چیرۆکێکی کورت و لەیەك درابن). دەی بابڵێین وا قایلین بەم (تاریفە – تیۆرییە). ئێ بەڵام خۆ دەبێ بپرسین: ئەی دەبێ برێتی بێت لە چی؟!.

لێرەدا رووی دەمم وەردەگێڕم بەلای هەر یەکێك لە خوێنەراندا و دەڵێم: تکایە تۆ لەلای خۆتەوە و هەروا بەخێرایی لە زەینی خۆتدا، بەژیانی خۆتدا بچۆوە. تکایە تۆزێك ڕاوەستە و من مەخوێنەوە، بگرە مێژووی ژیانی خۆت بخوێنەوە. ئینجا ئێستا وەرەوە سەر دێرەکانی ئەم نووسینەی من. چیت لە تۆماری ژیانی خۆتدا خوێندەوە؟! من گومانم نییە کە هێندەی فریاکەوتیت، زنجیرەیەك کورتە چیرۆکت تێدا خوێندەوە. با بۆ نموونەش من هەندێکیانت پێ بڵێم: کە منداڵ بوویت ڕات کرد بەدوای بێچووە چۆلەکەیەکدا و کەوتیت و دەستی ڕاستت شکا. تەمەنت شازدەساڵان بوو کە حەزت لە کچێکی دراوسێتان کرد (ئەوەی تۆمارەکەی دەخوێنمەوە پیاوە). کە ژنت هێنا زەماوەندێکی سێ شەو و سێ ڕۆژەیان بۆ گێڕایت. جارێکیان مەلەت دەکرد و خەریکبوو بخنکێیت و ئازادی برادەرت بەفریات کەوت. ئەو ساڵە کە چوویت بۆ سەفەرە دوورەکەت، تووشی گێچەڵێکی گەورە بوویت. پێرار کە.. منداڵەکەت وەختێ.. دراوسێکەت جارێکیان.. هتد، ئیتر ئەگەر بدەم بەدەمییەوە، سەد و دووسەد و دوو هەزارت بۆ دەژمێرم..

ئینجا با دەدەمەوە بەلای کاك رەئووفدا و دەڵێم: باشە من وادێم و ژیانی ئەو پیاوە دەکەم بە ڕۆمانێك. ئاخۆ چی دەکەم؟! ئاخۆ نایەم ئەو سەد و دووسەد و دوو هەزار چیرۆکە کورتانەی لەیەك بدەم و بیکەم بە ڕۆمانەکە؟!. بەڵام ئیتر چۆنیان لەیەك دەدەم و نادەم، نهێنییەکەی هونەری ڕۆماننووسین لێرەدایە کە تۆ دیارە ئەم لایەنەت هەر لە بنەڕەتەوە مەبەست نەبووە، دەنا بەم بارەدا رەخنەکەت لە (ڕۆمانە – کۆمەڵە چیرۆکەکە) دەگرت و پێویستیشت بەهێنانەوەی ئەو تیۆرییە سەیرە نەدەبوو!.

کەوابێ ڕاست بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەوەوە، هەر ڕۆمانێك و (شاریش

لەگەڵیدا)، هەر لە بنەڕەتەوە بریتییە لە زنجیرەیەك چیرۆکی کورت کە یا بەیەك تەوەرەوە دەبەسترێنەوە یا چەند تەوەرێك (کە دوایی دێمە سەر باسکردنی ئەمیشیان). ئینجا ڕۆماننووسی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە بزانێ چۆنیان هەڵدەسوورێنێ و چۆنیان بەیەکترەوە بەند دەکا و چ جۆرە هونەرکارییەکیان تێدا بەکار دێنێ. ئێمە بابێین بڕوانینە ئەو هەموو شاکارە جیهانییانەی کە هەن. کامیان کە لەم بابەتە نییە؟!. ئەوە (برایان کرامازۆف)ی دیستەویفسکی، (شەڕ و ئاشتی)ی تۆڵستۆی، (کلۆلان)ی هۆگۆ، (دایك)ی گۆرکی، (زەنگ بۆ کێ لێ دەدرێ)ی هەمەنگوای، (سەد ساڵ دوورەپەرێزی)ی مارکیز، (براکوژی)ی کازانتزاکیس، (حەمەدۆك)ی یەشار کەمال، (خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست)ی عەبدوڕەحمان مونیف، کامیان.. کامیان بریتی نییە لە چەندان چیرۆکی کورت، ئەگەر بمانەوێ وردیان بکەینەوە بەچیرۆکی کورت؟!.

بەڵام با باشتر ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئاخۆ چییە ئەم کۆمەڵە چیرۆکانە، لە کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتی ئاسایی جیا دەکاتەوە؟ دوو شتی زۆر سەرەکی: یەکەم زنجیرەی کارەسات و بەسەرهاتەکان کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ یەك بەندی یەکترن. دووەم بەستنەوەی کارەسات و بەسەرهاتەکان بەکەسانێکەوە کە لە چوارچێوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا بەپێی سنووری ڕۆمانەکە هەڵدەسووڕێن. شیکردنەوەی ئەم لایەنە زۆری پێ دەوێت و بەڵام با نموونەیەك بیهێنمە پێش چاو.. (زەلامێك ئەمڕۆ بەسەفەر دەچێ بۆ شاری – س –. ئەمە خۆی چیرۆکێکە، چونکە تۆ بیهێنە بەرزەینی خۆت کە ئەو کابرایە چەندێ بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و بێنەوبەرەی پێ دەوێ، تا لە شارەکەی خۆیەوە دەکەوێتە ڕێ و دەگاتە شاری – س – و دەوترێ سەفەری کرد؟!. ئینجا سەرنجدە.. لەوێ دەچێ برادەرێکی دەبینێ، ئەمیش بە حیسابی جیاوازی کات و شوێن و قسەوباس، دەبێتە چیرۆکی دووەم. برادەرەکەی بەدەم قسەوباسەکەوە، بەسەرهاتێکی لەوەبەری خۆی دەگێڕێتەوە. ئەمە سێیەم. یەکێك لەولاوە پەیدا دەبێ و لەسەر مەسەلەیەکی کۆن، شەڕێکی چاکیان پێ دەفرۆشێ. ئەمە چوارەم. شەڕفرۆشەکە گوللەیەك دەتەقێنێ و کوڕێکی لاوی تازەزاوا لەولاوە بەردەکەوێ (بچۆ بۆ لای حاڵی بووکێ) و ئەمە پێنجەم.. دەیسا ئەگەر بدەم بەدەمییەوە چەندی تر دەتوانم بۆی ڕیز بکەم کە ئەمانە هێشتا بەشێکی زۆر کورتی ڕۆمانێکی درێژ پێك دەهێنن؟!. ئینجا تۆ وەرە بڕوانە.. وا لەو پێنج چیرۆکەتدا، سێ کەسی سەرەکی دیارە چەندانێکی لاوەکیشیان تێ کەوت. هەروەها لە کاتدا و چەند ڕۆژێکی حاڵی حازر و گەڕانەوە بۆ

چەند ساڵێك لەوەبەر و دیارە لە نێوانی گفتوگۆوە، داهاتووشی تێ دەکەوێ. یا لە شوێندا دوو شاری ڕاستەوخۆ و چەندانێکی ناڕاستەوخۆ ڕەنگە چەندانێکی بۆ داهاتووش تێ کەوتبێ. دەیسا سەرنجت دا چۆن چیرۆکە کورتەکان، بەهۆی بەسەرهات و کارەسات و کەسان و کات و شوێنەکانەوە پێکەوە گرێ دران؟!.

ئینجا هەمدیس با هەر ئەو نموونەیەی پێشووت جارێکی تر بۆ بهێنمەوە و بیسەلمێنم کە چۆن چۆنی، دەبنە چیرۆکی کورتی جیا لە یەکتری و نابنە بەشێك لە ڕۆمانێك. بڕوانە.. (زەلامێك ئەمڕۆ بەسەفەر دەچێ بۆ شاری – س–. ئەوەبوو وتیشم ئەو سەفەرە چۆن دەکات.. تەواو!.. ئەمە بوو بەچیرۆکێکی کورت و ئیتر چیرۆکنووس خۆی و خوای خۆی کە چۆنی دەکا بە چیرۆکێکی کورتی سەرکەوتوو. لە شاری – س – یا لە هەر شارێکی تر دوو برادەر بەبینینی یەکتری شاد و شوکر دەبنەوە. ئەمە دووەم. لە شاری – س – یا لە هەر شارێکی تر، دوو برادەر دانیشتوون و یەکێکیان بەسەرهاتێکی لەوەبەری خۆی بۆ ئەوی تر دەگێڕێتەوە. ئەمە سێیەم. لە شاری – س – یا لە هەر شارێکی تر، دوو برادەر دانیشتوون و یەکێك لەولاوە پەیدا دەبێ و لەسەر مەسەلەیەکی کۆن شەڕیان پێ دەفرۆشێ. ئەمە چوارەم: هەر لەو شارە، شەڕێك لە نێوان سێ کەسدا دەقەومێ، یەکێکیان گوللەیەك دەتەقێنێ و لاوێکی تازەزاوا پێوە دەبێ. ئەمە پێنجەم.. (لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم کە لە ڕاستیدا ئەم قسانە دەبێ بۆ قوتابییەکی هونەری چیرۆکنووسین بکرێن نەك بۆ مامۆستایەك، چونکە هەموو قسەی سەرەتایین و مامۆستا و شارەزای هونەری چیرۆکنووسین، بەکورت و نۆڤڵ و ڕۆمانەوە، دەبێ لەوسەریان هاتبێتەوە!.

ئەمەشیان وەها!. وەکی تر، من پێم سەیرە و ناشێ هاوڕێم ڕەئووف، هەندێ نموونەی ڕۆمانی نەخوێندبێتەوە کە هەر بەڕاستی بریتی بێ لە چەند چیرۆکێکی کورت و نووسەرەکە خۆی بەئەنقەست وەهای خوڵقاندبێ! بۆ نموونەش هەر زوو (قارەمانێکی ئەم ڕۆژگارە)ی لێرمۆنتۆڤم بەدەستەوە هات کە (١٤٨) ساڵ لەمەوبەر نووسراوە. ڕۆمانەکە خۆی و وەك لە وتەی دەزگا بڵاوکەرەوەکەشیدا ئیشارەتی پێ دراوە، بریتییە لە پێنج چیرۆك و پێوەندیی سەرەکی کە بەیەکیانەوە دەبەستێ، قارەمانی ڕۆمانەکە (بیتشورین)ە، دەنا هەریەکەیان چیرۆکێکی سەربەخۆیە و تەنانەت لەو وتەیەدا کە بۆ یاریدەدانی خوێنەر لە کۆتایی کتێبەکەدا نووسراوە، ئاڵوگۆڕ بەزنجیرەی بەسەرهاتەکانیان لە ڕووی کاتەوە کردووە و خوێنەری لێ بەئاگا

هێناوە. واتە لە ڕۆمانەکەدا زنجیرەکە وەها هاتووە: (بیلا، مەکسیم مەکسیمیتش، تامان، کچەمیر ماری، جەبری). لە کاتێکدا ئەگەر بخرێتەوە سەر باری ئاسایی دەبێتە: (تامان، کچەمیر ماری، بیلا، جەبری، مەکسیم مەکسیمیتش).

بەمجۆرە وتەی: (شار ڕۆمان نییە، بگرە کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتە و لەیەك دراون)، کە کاك رەئووف وەك تیۆرییەکی سەیر پەنای بردووەتە بەر، لە بواری ڕەخنەگرییەکی قووڵ و شارەزایانەدا، تین و توانای خۆڕاگرتنی لەبەردا نامێنێ و پووچ دەبێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا من چاك لە خۆم دڵنیام کە بەتەبیعەت لە بابەتی (مەلابەزێنەکان) نیم و ئەگەر سوور نەمزانیایە ئەو تیۆرییە پووچە، ئاسایی بوو بەلامەوە (شار) ڕۆمان نەبێت تەنیا کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتی پێکەوە لکێنراو بێ!.. واتە ڕۆمانێکی سەرنەکەوتوو بێ!!.

تیۆری دووەم کە کاك رەئووف هێناویەتییە کایەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە (شار) ڕۆمان نییە دەڵێ: (ئەمجا با ئەوەش بڵێم کە بەتەنیا دانەدەمیەکی کۆمەڵێك کورتە چیرۆك، نابێتە ڕۆمانێك. بگرە دەبێت تەوەر "میحوەر"ێك تانوپۆی کارەسات و پاڵەوانەکان پێکەوە بچنێت، تا نیگاری دڵگیر و قەشەنگی لەسەر دروست بێت. یان هەر هیچ نەبێت لە کۆتاییدا شیتاڵ شیتاڵ نەبێت و هەر پارچەی بەلایەکدا نەڕوات. لە کارەکەی حوسێندا تەوەرێکی بنچینەیی بەدی ناکەین کە ئەو چیرۆکانە پێکەوە شەتەك بدا یا باوەشیان بۆ بکاتەوە. بگرە تەوەرێکی نیوە و نیوەچڵ هەیە).

جارێ با من سەرنجی خوێنەران و کاك رەئووف خۆی بەتایبەتی، بۆ دوو شتی ناو ئەم پەرەگرافە ڕابکێشم کە پێوەندییان بەتیۆرییەکەی پێشووەوە هەیە و دژایەتیی لەگەڵدا پەیدا دەکەن:

١– کاتێ کە دەڵێین: (بەتەنیا دانەدەمیەکی کۆمەڵێك کورتە چیرۆك، نابێتە ڕۆمانێك). دەبێ بشڵێین: (بەڵام ئەگەر مەرجەکانی تری چوونە پاڵ، ئەوا دەبێتە ڕۆمانێك).

٢– هەروەها کە دەڵێین: (لە کارەکەی حوسێندا تەوەرێکی بنچینەیی بەدی ناکەین کە ئەو چیرۆکانە پێکەوە شەتەك بدات). دەبێ ئەمیشیان وەها تەواو بکەین بڵێین: (بەڵام ئەگەر تەوەرە بنچینەییەکە هەبوو کە پێکیانەوە شەتەك بدات، ئەوا ئەو کۆمەڵە چیرۆکە کورتە دەبنە ڕۆمانێك).

ئەمە بەئاشکرا دەری دەخا کە ئەو خۆیشی، هەر لە بنەڕەتەوە گومانی لە

تیۆرییەکەی پێشووی خۆی هەبووە، دەیسا من بۆ بێم قسەیەکی وەها گەورە و گران بکەم کە خۆشم هێشتا لێی دڵنیا نەبم و نەچووبمە بنجوبناوانییەوە!!.

بەهەرحاڵ من گومانەکەی لەویاندا و تەنانەت لە دووەمیشیاندا کە دەڵێ: (بگرە تەوەرێکی نیوە و نیوەچڵ هەیە – خۆ گومانەکە بەزەقی دیارە)، بەلاوە دەنێم و وای لێك دەدەمەوە کە دەشێ هەروا بۆ دڵ زویرنەکردن تێهەڵکێشی کردبێ. بۆیە منیش لەلای خۆمەوە حیسابی بۆ ناکەم و مەسەلەکەی وەها لەگەڵدا ساغ دەکەمەوە کە بێ پێچوپەنا وتبێتی: (تەوەری هەر تێدا نییە).

تکایە ئێوە لەگەڵمدا سەرنج بدەن.. ئەو وتوویە: (تەوەرێکی نیوە و نیوەچڵ) و نەیوتووە: (چەند تەوەرێکی..) هەروەکو تۆزێ لە سەرووترەوە وتوویە: (تەوەرێکی بنچینەیی) و نەیوتووە: (چەند تەوەرێکی بنچینەیی..) لەمەوە چی تێ دەگەین؟!. ئەوە تێ دەگەین کە ئەو هیچ نەبێ لە کاتی نووسینی ئەم ڕەخنەیەیدا، سەر بە بەرەی یەکتەوەری بووە لە ڕۆماندا. ئەمە ئەگەرچی بەڕووکەش مەسەلەیەکی تەکنیکییە، بەڵام پەیوەندییەکی پتەوی بەجۆری فەلسەفە و ئایدۆلۆجێتیشەوە هەیە کە من لێرەدا بەپێویستی دەزانم لەبارەیەوە لەگەڵیدا بکەومە کێشمەکێش. چونکە دەزانم ئەگەر ئەو لە کاتی نووسینەکەیدا لە خۆی بە ئاگا بووایە، بواری بەخۆی نەدەدا بکەوێتە داوی ئەو هەڵەیەوە. بۆیە وای بە چاك دەزانم بەو بارەدا وازی لێ بێنم و بێم لە ڕووی تەکنیکەوە لە مەسەلەکە بدوێم و دەڵێم:

نەخێر برام.. وانییە وەك تۆ بۆی چوویت. بگرە هەم تەوەرێکی هەرە بنچینەیی لە (شار)دا هەیە و شانبەشانی، چەندین تەوەری تری کامڵ و خەملیو و پڕ بە پێستی تێدا هەن. تەوەرە هەرە بنچینەییەکەی، بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی تۆوە، ڕاست شار خۆیەتی بەهەرچییەکەوە کە بەدرێژایی ساڵانی (١٩٤٢–١٩٥٨) تێدا بووبێ (دیارە هێندەی وەك نووسەرێك زەفەرم پێ بردبێ و دەسەڵاتم بەسەریدا شکابێ). ئینجا ئەگەر بمەوێ بەدوور و درێژی ئەمەت بۆ بسەلمێنم، ئەوا دەبێ لێرەدا سەرلەنوێ (شار)ت بۆ بنووسمەوە. کە ئەمەش کارێکی هەر زۆر لە توانا بەدەرە. لەگەڵ ئەوەشدا تۆزێك سەبرم لێ بگرە و زۆری پێ ناچێ بەکورتی دەیسەلمێنم.

سەلماندنەکە لە ڕێگەی چەندان تەوەرەکەی ترەوە دەبێ، لەمیاندا تۆ خۆت ئەوەت کردووە بەمەرجێ کە تانوپۆی کارەسات و پاڵەوانەکان پێکەوە بچنرێن، یا

چیرۆکەکان پێکەوە شەتەك بدرێن. زۆر چاکە.. تۆ کام ڕێچکەت بۆ تێگەیشتنی خۆت لە سەلماندنی (چنین و شەتەك)دانەکەدا پێ ئاسانە؟!. من بۆ خۆم تا ڕۆمانەکەم تەواوکرد بەچاپم گەیاند. هێندەم پەڕە کاغەزی سپی بۆ لێ تێکنەچوون و کۆکراگرتنیان ڕەش کردنەوە کە جاری وای تێ دەکەوت، هەم چاو و هەم بیر و هۆشیشم ڕیشکەوپێشکەیان پێ دەکەوت! کە تەنانەت و هەروا بۆ نموونە لە چاپخانە و (ئەمەت لەناو کەوانەدا بۆ دەنووسم) لە کاتی ڕاستکردنەوەی هەڵەی چاپدا، پێم زانی کە لە سێ شوێندا ناوی مەجیی برای ئەختەرم لێ بووە بە جەوهەر و ئێستا و ئەوساش نەمزانی بۆچی؟!. لە کاتێکدا من هەرکە دەستم دەدایەوە نووسین، یەکەم شت لیستەی ناوەکانم بەتاریفکردنێکی کورتیانەوە، لە بەردەستدا دادەنا!).

ئا بەڵێ.. کامیانت بۆ تێگەیشتنی خۆت پێ ئاسانە؟! چیرۆکە کورتەکان (خۆت واتەنی)، نەمژماردوون بەڵام زۆرن، کارەسات و بەسەرهاتەکانیشیان هەروەها. بەڵام کەسەکان (پاڵەوانەکان)، ئەگەر لە بیرم مابێ و بەهەڵە نەچووبم، حەڤدە کەسی سەرەکی و پتر لە حەفتای ناسەرەکی و لەگەڵیاندا نزیکەی پەنجا هەزاری خەڵکی ئەوسای شارن. کامیانت پێ ئاسانە؟! نەخشەیەکی ئەندازیارییانە، یا جوگرافیایی، یا هێڵی ڕوونکاری، یا ئەو شێوەیەی پێی دەوترێ ڕیشەی بنەماڵە (شجرة النسب) کە لەلای (شار)ی ئێمە دەکاتە ڕیشەی کەسان یا پاڵەوانەکانی، نەك هەریەکە بەتەنیا خۆی، بگرە لەگەڵ یەکتردا؟!. ئەگەر مەسەلە دانیشتن بووایە پێکەوە لەسەر مێزێك و ڕووبەڕووی یەکتر، بەلامەوە وەك ئاوخواردنەوە بوو کە بەهەموو ئەو بارانەدا بۆتی ڕوون بکەمەوە. بەڵام دەڵێیت چی.. گفتوگۆمان لە نێوان لاپەڕەکانی کۆوارێکەوە دەکرێ کە تۆش و منیش، ڕۆژانێك ئیشمان لەو بوارەدا کردووە و دەزانین ڕاگەیاندنی ئەم بابەتە شتانە لە ڕووی هونەری ڕۆژنامەگەرییەوە چەند زەحمەتە. بۆیە بەناچاری داخوازی تۆ لە هەڵبژاردندا پشتگوێ دەخەم و زیاتر حیساب بۆ ئاسانیی بڵاوکردنەوە دەکەم و دەڵێم: تکایە لەگەڵمدا سەرنجدە و بزانە چنین و شەتەکدانەکە و دواجار، تەوەرە بنچینەیی و نابنچینەیی و (نیوە و نیوەچڵەکە!) چۆن ساز دراوە.

من لە خۆڕایی نییە کە هەر لە سەرەتای سەرەتاوە و لە دێڕی یەکەمی ڕۆمانەکەدا، ئیشارەتم بەساڵی (١٩٤٢) داوە. من بەمەبەستێکی زۆر ئاشکرا، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسەی دەیەوێ وردتر بچێتە بنجوبناوانەوە (کە ئەوەی لێ دەکۆڵێتەوە حەز دەکا ڕەخنە بگرێ دەبێ یەکێك بێ لەوانە)، ئەمەم کردووە و مەبەستیشم ئەوە بوو کە بۆ

یەکالاکردنەوەی زنجیرەی کارەساتەکان، بۆی ببێتە قیبلەنما.

دیارە کە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە، بەدەلالەتی ئەم ساڵە و تەمەنی مریەمدا کە بە یازدە ساڵی شووی بەدەروێش کرد، لەم (١٩٤٢)ەوە تا (١٩٥٤) دەخایەنێ. (تێبینی: من دەزانم کە ١٩٤٢+١١دەکاتە ١٩٥٣ نەك ١٩٥٤، بەڵام ئەمە سوور مەتەڵێکە و هەڵهێنانی بەبرام رەئووف دەسپێرم کە چۆن دەکاتە ١٩٥٤). ئینجا بڕوانە و بزانە (رووی قسەم هەر لە کاك رەئووفە)، کارەسات و کەسان و کات و شوێن لەم بەشی یەکەمەدا، چۆن پێکەوە چنراون و شەتەك دراون کە دوایی ئەوەکەی ئەمت لەگەڵ دووەم و هی ئەویشت لەگەڵ سێیەمدا بۆ باس دەکەم.

لێرەدا ئەوەتا هەر لەگەڵ دەستپێکردندا، سابیر بەگەڕانەوەیەکی خێرا بۆ دواوە، واتە بەفلاشباك کە تۆ وتووتە لە ڕۆمانەکەدا ئەم بابەتە تەکنیکە و بگرە مۆنۆلۆج و مۆنتاج و.. هتد تێدا نییە، نەجمەخێل و ڕۆژگاری منداڵییان و تیلەکۆ و.. هتد ڕادەکێشێ. ئینجا میمکە حەلیم و خاوەر، سابیر خۆی ڕادەکێشن. لێرەشدا ئەوەتا دوو فلاشباکی تر هەن کە ڕابردووی میمکە و خاوەرە. ئینجا بەلای میمکەدا مەملەکەتەکەی هاتووەتە کایەوە و بەلای خاوەردا، مریەمی کەسە هەرە سەرەکییەکەی بەشەکە دێتە وجوود. مریەم دەبێتە ئەو تەوەرە تۆکمەیەی تۆ خۆت فەرمووتە. تا ئێرە کارەسات ئاسایی هەڵدەسووڕێ. مەملەکەتێکی ڕێکوپێکە و سەرەڕای ئەو هەموو هەژاری و برسێتی و زەبوونییەشی کە تێی ئاڵاون، بیست و دوو سەرخێزانی بەئاسوودەیی تێدا دەژین. بەڵام من، منی نووسەر، نایەڵم کار وەها ئاسایی بڕوا؟! خۆ من هێلکە ڕەنگ ناکەم؟!.. من بەدەستەوەم ڕۆمانێکی دوور و درێژ بنووسم. دەی دەبێ چی بکەم؟!. خۆ من ناڵێم دەبێ شڕم بڕم یا شەلم کوێرم بیدەمە بەر!. خۆ منیش نەیجووڵێنم و نەیکەم، کارەسات خۆی هەر دەسووڕێ و ڕاوەستانی بۆ نییە. دەیسا واسووڕا و بەو بارەشدا سووڕا کە خاوەر مرد و مریەم بێ دایك بوو. دەڵێیت چی.. مرۆڤە و دەمرێ!. بەڵام مریەم هێشتا هەر بەختەوەرە، میمکەی هەیە و بۆی دەبێتە دایك. کەچی ئەویش (نەك زۆر زوو، بگرە تۆزێ درەنگ و تا ئەو وەختەی مریەم نیوە و نیوەچڵ لە خەم دەرەخسێ) دەمرێ. دەڵێی چی؟!. دیسان مرۆڤە و دەمرێ، بەتایبەتی مرۆڤێکی بەتەمەنا چوو. خۆ ئاشکرایە من وەکو خەڵکی ترم نەکردووە کە بەڕاست و چەپدا، بەئارەزووی خۆم خەڵك بژیەنم و بمرێنم. ئەویان بەسەر منداڵەوە وەك هەزاران ئافرەتی ئەو ڕۆژگارە و ئەمیان لە ئەنجامی پیریدا مردن.. بەڵێ.. میمکەش مرد و بەمردنی مەملەکەت هەرەسی هێنا. لەم

هەرەسهێنانەدا، من هەر دەبێ مریەم و سابیری باوکیم مەبەست بێ. خۆ دەشگونجا کەسانی تری تێدا هەبن و مەستم بوونایە. بەڵێ.. ئەمەیان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو قسەیەت بەکەڵکە کە وتووتە گوایە ڕۆمانەکە قفڵ دراوە و (بەهەموو حیسابێکیش.. تەواو بووە و کۆتاییی هاتووە). چونکە لای من ئاساییە کە ئەحەی تەمەن دووازدە سالانی ئێستای کوڕە گەورەی حەمەعەلی (ساڵ ١٩٥٢ یا ١٩٥٣)یە لە بەرگی دووەمدا کە دەکاتە یەکێك لە ساڵەکانی دوای (١٩٥٨)، وەك کەسێکی هەرە سەرەکی و بە پێوەندیش بۆ (نموونە) لەگەڵ مریەمی هاوتەمەن و هاومەملەکەتەکەی لەمەڕ میمکەیاندا، بێتەوە کایەوە. ئاخۆ ئاسایی نییە؟!

بەهەرحاڵ، وتم من هەر دەبێ جاریێ مریەم و باوکیم مەبەست بێ. ئا.. وا کەسانی ترم هەموو واز لێ هێناون و ئەمانم هێشتنەوە. بۆ ئەمانیش من پتر مریەمم مەبەستە. دەبێ وابێ کاك رەئووف یان نا؟!.. دیارە لەگەڵمدا دەڵێیت: ئا بەڵێ دەبێ وابێ. دەیسا مریەم دەبێ چی بەسەر بێت؟!. سەدویەك حاڵەت هەن بۆیانی دابنێم. سا من سەدەکەیان واز لێ دێنم بۆ تۆ و تەنیا یەکەکەیان بۆ خۆم دەهێڵمەوە کە ئەوەتا لە بەردەستدایە. ئەوەتا من، منی نووسەری ڕۆمانێك نەك شتێکی تر، ئەوەیان پێ باش بوو کە بیدەم بە شوو بەو دەروێشەی کە هەیە. خۆ خوانەخواستە ناڵێیت وەڵا دەروێشیش پیاوێکی خراپە و نەدەبوو بەوی بەشوو بدەیت. چاکە.. کەوابوو وا دەروێشیشمان هێنایە کایەوە. خۆ ئەوە بوو پێشتر گەلاوێژ و خێزانەکەی و میرزا و خێزانەکەشیمان تێوە گلاندبوو. چاکم کردبوو یان نا؟!. چی بکەم؟!. خۆبەدەست من بوو، بەدەست منیش نەبوو کە باوکی وازی لێ نەهێنێ لە ماڵی گەلاوێژدا بمێنێتەوە.. یا لە ماڵی میرزاشدا نەحەوێتەوە و دەری بکەن.. یا باوکی نەیفرۆشێ بەدروێش.. یا خۆیشی بەم چارەنووسەی رازی نەبێ و بەڕوویدا بتەقێتەوە!. خۆ دەکرا رازی ببێ و ببرێتەوە. بەڵام من هەر لە خۆت دەپرسم: ئەی گوایە منی نووسەر لەم بەینەدا ئیشم چییە؟!. یا من هەر لە تۆ خۆت دەپرسم: ئاخۆ ئەو دەروێشە هی ئەوە بوو تولفێکی وەها بەستەزمان و بێ چارەی لەلا بهێڵرێتەوە؟!. دەی وا نەمایەوە و هەلات و دەستیشی خۆشبێ. ئا.. لە بیرم نەبوو ئاگەدارت بکەم کە دوو فلاشباکی تریشمان هەن: رابردووی دەروێش و ڕابردووی خورشەی خوشکی. سا وا حیسابمان گەیشت بە پێنج جار گەڕانەوە بۆ دواوە. هی تریش هەن و لە وەختی خۆیاندا دەریان دەخەم. هەروەها ئەوە هەندێکی باشیش لە مامەڵەکردن لە تەك کات و شوێندا، لە پاڵ هەندێکیش

مۆنتاج و مۆنۆلۆجدا كە دەستنیشانكردنیان (دوای ئەوەی من فلاشباكەكانم خستنە بەرزەینت) دەخەمەوە لای خۆت!

نەیسا.. وا بەشكەمان تەواو بوو. وا سالیشمان گەیاند بە (١٩٥٤) و بگرە دەتوانم بلێم، وا گەیاندمان بە كۆتاییی ئەو ساڵە. چونكە لێرەدا جگە لە (١٩٤٢+١١+ ماوەی مەتەڵەكە)، چەند مانگێكی تری ڕاكەڕاكەی تری مریەمیشی لە دەستی دەروێش چووە سەر. بەمجۆرە ئێمە وا لەم بەشەدا، بەسەر چەندان كات و شوێن و كارەسات و كەساندا گوزەرمان كرد كە هەموو زۆر كۆك چنرابوون و بەیەكترەوە شەتەك درابوون. ئینجا لێرەدا بۆ كەسەكان، هەموو نیشانەیەك وا دەگەیەنن كە ئێمە چواری سەرەكیمان لێیان بەدەستەوە دەمێنێ و دەبێ لە بەشەكانی تردا بەردەوام بن. (ئەگەرچی دەشگونجێ كە هەر كام لەوانی تر بێنە كایەوە). چوارەكەش ئەمانەن: (مریەم، سابیر، دەروێش، گەلاوێژ). سەیریش ئەوەیە كە هەر لێرەدایە كاك ڕەئووف، بزربوونی مریەمی (كە دەبوو گەلاوێژیشی بخستایەتە پاڵ و بگرە دەبوو پێی لەسەر بزربوونی ئەمیان دابگرتایە)، لە بەشی دووەمدا لە من كردووەتە هەڵەیەكی گەورەی ئەوتۆ كە وەك نموونەیەكی زۆر زەق بۆ شلوشێواویی چنین و شەتەكدان و دواجار بۆ نەبوونی تەوەر، هێناویەتییەوە!!. من دوایی ئەم مەسەلەی بزربوونە باش روون دەكەمەوە و باجارێ هەر لەسەر زنجیرەی چنین و شەتەكدانەكە بەگشتی بەردەوام بین.

كاتێ بەشی دووەم دەست پێ دەكرێ، بۆ یەكێك بیەوێ بچێتە بنجوبناوانەوە، بە ئاسانی دەزانرێ كە ساڵ (١٩٥٥) و بگرە رۆژیش (١٩٥٥/٥/٣١)ە، چونكە ئەوە ڕۆژی هێنانەوەی لاشەی تاقمەكەی خولەپیزە و فڕێدانیانە لە بەردەركی سەرادا. ئینجا هەر لەم بەشەشدایە (فەسڵی ١٢، ١٣) كە تەرمی شێخ مەحموودی تێدا دەهێنرێتەوە بۆ شار و دەنێژرێ كە ئەمیش لە ڕۆژی (١٩٥٦/١٠/١٨)دا بووە. بەم دوو كارەساتەدا (كە من وەك مەسەلەیەكی تەكنیكی نەدەبوو مێژووەكانیان دەسنیشان بكەم و نەمكردووە)، بۆمان دەردەكەوێ كە ماوەی ئەم بەشەمان، ساڵانی (١٩٥٥– ١٩٥٦)ە. ئەم دوو ساڵەش لە ڕووی مێژووییەوە وەك ئاشكرایە، لەگەڵ ساڵی پێشوویاندا (١٩٥٤) و ساڵی دوایییاندا (١٩٥٧)، بەساڵانی ئامادەیی بۆ ڕوودانی شۆڕشی (١٩٥٨) دەژمێردرین. كەوابێ لەم بەشەدا، وا شار (وەك سلێمانی و وەك ڕۆمان)، چووەتە پلەیەكی جیاواز لەوەی پێشوویەوە. بەم پێیە، كارێكی سروشتییە كە لەمیاندا جارێ پێویستیمان بەسابیر و دەروێش و مریەم، وەك كەسانێكی سەرەكی لەم بەشەدا نەبێ،

بەتایبەتی بەو جۆرە کەسایەتییەی پێشوویانەوە. ئەگەرچی سابیر و دەروێش لاوەکی دێنەوە کایەوە و مریەمیش بەناوبانگ نەك بەخودی خۆی. هەروەکو گەلاوێژیش کە لە بەشی یەکەمدا لە ڕووی جموجۆڵی سیاسییەوە بەندی وەهابی خاڵێتی و، خاڵیش لەم بەشی دووەمدا هێشتا نۆرەی هاتنە کایەوەی نەهاتووە، هێنانەوەی لە جێی خۆیدا نییە، یا دەتوانین بڵێین: نەهێنانەوەی کارێکی ئاساییە (ئەگەرچی ئەمیش بەناوبانگ هەر ئیشارەتی پێ دراوە (بڕوانە– ل/١٨٦،١٨٧ی ڕۆمانەکە).

بەمجۆرە ئێمە لەم بەشی دووەمەدا، چەند تەوەرێکی ترمان بەباری زۆر گونجاوی خۆیاندا، لە تەوەوە سەرکییەکە "شار" کردووەتەوە و، چەندان کەسان و کارەسات و شوێن و کاتی ترمان بەدەوردا تەنیون کە بەپێویستی نازانم، بەدەستووری ئەوەکەی بەشی یەکەم باسی چۆنیتیی چنین و شەتەکدانیان بکەم، چونکە زۆر ئاشکرا و روونە.

هەروەها لە بەشی سێیەمدا، دوو کارەساتی سەرەکیم کردوونەتە نیشانەی ماوەکەی کە دەکاتە هەردوو ساڵی (١٩٥٧ – ١٩٥٨). یەکەمیان لافاوە بەناوبەنگەکەی شارە و دووەمیان پێکهاتنی بەرەی نیشتمانی کە هەردووکیان لە ساڵی (١٩٥٧)دا بوون. خۆ دیارە کە دوا دێرەکانی ڕۆمانەکەش، ئیشارەت بە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دەدا. ئینجا لەم دوا بەشەی ئەم بەرگەدا، جگە لە چەندان کەسانی تری نوێ، سەرەکییەکانی بەشی دووەم هەر لە کایەدان و لەگەڵیاندا، مریەم و گەلاوێژیش زۆر ئاسایی و لەو کات و شوێنی خۆیاندا، دێنەوە کایەوە.

هەر لێرەشدا، باجارێکی تر برام کاك ڕەئووف ئاگەدار بکەم کە لە بەشی دووەمدا پێنج جار و لە بەشی سێیەمدا دووجار، گەڕانەوە بۆ دواوە (فلاش باك)یان تێدایە کە گەڕان بەدوایاندا واز لێ دێنم بۆ خۆی! ساوا لە هەرسێ بەشەکەدا کردییە دوازدە جار. ئەمە گوایە ڕۆمانەکە فلاش باکی تێدا نییە!!.

***

ئێستا بابێمەوە سەر مەسەلەی ونبوونەکەی مریەم وەك بەڵێنم دا و با بەوردی ڕوونی بکەمەوە: ئەو دەڵێ: (مریەم لە سەرەتاوە وەك تەوەرێکی تۆکمە هاتووە..). تا دەڵێ: (مریەم بە درێژایی –١٣٠– لاپەڕەی بەشی دووەمی ڕۆمانەکە ون بووە و بەلایدا گوزەر ناکات. چۆن و بۆچی مریەم ون بوو؟!. ئەو ونبوونە جێی متمانە نییە. چونکە چەندان جار خوێنەر تاسەی ئەوەی بووە ئەو کڵۆڵە سەرفراز بێت و نابێت..). هەر

بەدەمیشییەوە دەڵێ کە مریەم: (ئومێد لە ماڵی گەلاوێژ و وەهابدا لەنگەر دەخات و ئەنجام لە هەریەکەیان ئومێد براو دەبێت و دڵسۆزییان بۆ مریەم، نەیانتوانی داڵدەی بدەن). من لێرەدا و پێش روونکردنەوەکە، ناچارم ئان و سات وەڵامێکی بەپەلەی ئەم دوایین قسەیەی بدەمەوە و بڵێم: وانییە برام.. وانییە و تۆ تووشی غەفڵەت بوویت. چونکە ئومێدی مریەم لە رێی گەلاوێژەوە، راست لە ماڵی وەهابدا لەنگەری خستووە و لە ئەنجامدا، ئەوان داڵدەیان داوە و بەدرێژایی ماوەی بەشی دووەم کە مریەمی تێدا بزرە، شوێنی داڵدەدانی، ماڵی وەهابی (جێی چاودێریکردنی دەسەڵاتدارانە). بۆچی ئەم جێیە؟!. چونکە باجێگەی گومانی هەرسێ لاش (دەروێش و سابیر و دەسەڵاتداران) بێ، کە لە بنەڕەتدا بۆ سابیر و دەروێش هێجگار وانییە، بەڵام هیچ لایەکیان توانای ئەوەیان نییە زەفەری پێ بەرن. دیسان بۆچی؟!. چونکە لە پەناگادایەو مەگەر گەلاوێژی بۆ بخرێتە ژێر دارکاریکردنەوە، دەنا ستەمە پێ بزانرێ. ئەمە وام لێ دەکا کە پێ بەجەرگی خۆمدا بنێم و بڵێم: ئەگەر کاك رەئووف خوێنەرێکی نادڵسۆزیشم نەبووبێ، ئەوا گومانم هەیە کە خوێنەرێکی باشی رۆمانەکەم بووبێ!.

ئێستا وا بادەدەمەوە سەر روونکردنەوەکە و رووی قسەم دەکەمە خۆی و دەڵێم: تۆ بڕوانە.. من ئەگەر بمویستایە مانەوەی مریەم وەك کەسێکی سەرەکیی ناو رۆمانەکە بەردەوام بێت (کە دەمویست و لەسەرم پێویست بوو بمەوێ)، دەبوو لە بەشی دووەمدا (بەجەستە نەك بەناووناوبانگ) بزر ببێ. بۆچی؟! لەبەر ئەم هۆیانە:

١– زنجیرەی کارەساتەکانی بەشی یەکەم، بەکۆتاییی خۆیان گەیشتن و بەبەریانەوە نەما بەدەمیانەوە بدرێ. واتە دەبێ حیسابیان یەکالا بکرێتەوە و بەئەنجام بگات. ئەوەی کە لادەکەوێ دەوکەوێ و ئەوەی دەمێنێتەوە دەمێنێتەوە.

٢– لەو یەکالاکردنەوەیەدا، مریەم لەو کەسانەیە کە دەبێ بمێنێتەوە و بەڵام لە وەزعێکی ناهەمواردایە. دەروێش بەپێی تاپۆ رەشەکە بەدوایەوەیە. باوکەی بوودەڵە کەمتەرخەمە. خۆیشی مل بۆ ئەو چارەنووسە نادا.

٣– گەلاوێژ جێگەی ئومێدێتی کە داڵدەی  بدا. بەڵام وەزعی ماڵی خۆیان بۆ ئەم داڵدەدانە لەبار نییە، چونکە جێگەی گومانی دەروێش و سابیرە. بۆیە دەبێ نەیکات، بەتایبەتی کە لەوەبەر لەسەر داڵدەدان لەگەڵ دەروێشدا تووشی گێچەڵ بووە و باوکی لە ئەنجامیدا گیراوە.

٤- ئێستا مریەم دەبێ هیچ شوێنێکی ئاشکرای نەبێ هاواری بۆ ببا (ئاشکرا لەلای خوێنەر) و سووریشە لەسەر ملنەدان بۆ چارەنووسی خۆی.

٥- بەم پێیە زنجیرەی کارەساتەکان وەها سوورِا کە چارەنووسی مریەم (لە منی نووسەر نا، بگرە لە تۆی خوێنەر)، ئاسایی روو لە بزربوون بکا. بۆ نەیکا؟!. ئەوەتا بەشەکە تەواو دەبێت و دیارە تۆی خوێنەری بەتەنگەوەهاتووی چارەنووسی ئەو دەپرسیت: دەی باشە ئەو بەسزمانە روو لە کوێ بکا؟!. ئێ خۆ منی نووسەریش ئەو پرسیارە دەکەم و بگرە بەر لە تۆ کردوومە.

٦- ئینجا ئەگەر خوێنەری باش و رەخنەگری زیرەك و وریا بەوردی سەرنج بداتە زنجیرەی کارەساتەکانی بەشەکە، (لەگەڵ گومانکردنیشدا کە من ئەمیشم مەبەستە)، دەبێ بگاتە ئەو ئەنجامەی کە مریەم ئا ئەوەتا لە ماڵی وەهابی خاڵی گەلاوێژ حەشار دراوە، با بەئاشکراش نەموتبێ و تەنیا ئیشارەتێکم پێ دابێ (بڕوانە ل/١٠٥).

٧- هەروەها کاتێ بەشی دووەمی رۆمانەکە دەست پێ دەکا، با خوێنەریش زۆر تامەزرۆی زانینی چارەنووسی مریەم بێ، بەڵام منی نووسەر هیچ بۆ ئەو مەسەلەیە بەپەلە نیم. ئەو خوێنەرە ئازیزەم (کە منیش ئەوەڵ و ئاخر هەر رەزامەندیی ئەو و خۆشحاڵیی ئەوم بەخوێندنەوەی رۆمانەکەم مەبەستە)، با بۆ زانینی ئەو چارەنووسە کەمێ لە چاوەڕوانیدا بێت. چونکە ئەو بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ، هەر ئەو چاوەڕوانکردنەیە کە دوایی وای لێ دەکات (بەپێچەوانەی تۆوە)، پێم بڵێ ئافەرین بۆ ئەو وەستایەتییەی لە رووی تەکنیکەوە نواندووتە.

٨- دواجار لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، مریەم ئەو بزرکردنە بزر نەکراوە کە تۆ ئاوەها بەتوندی یەخەمی لەسەر بگریت!. ئەی ئەوە نییە کاکی برا، هەر لەو بەشی دووەمدا زەلامێکی لەسەر دەکوژرێ؟!. ئەی ئەوە نییە کوشتنی زەلامەکە (دەروێش)ە و بەدەستی کێش، باوکی مریەم، نیوەی راستی تامەزرۆییەکەی خوێنەر دادەمرکێنێتەوە؟!. ئەی ئەوە نییە (با مریەم خۆیشی لە کایەدا نەبێت) چەند جارێك ناوی دێتە ئاراوە و باسی دەکرێ؟!. (بڕوانە – ل/١٧٢، ١٧٥، ١٩٣).

٩- داوجارتریش، ئەی ئەوە نییە لە بەشی سێیەمدا وەك ئیدامەدانێکی سروشتییانە بەکەسایەتییەکەی لەوەبەری، دێتەوە سەر شانۆی کارەساتەکان و لە سنووری

تەوەرەکەی خۆی و دەوروبەریدا، ئاسایی هەڵدەسووڕێ؟!. ئیتر ئاخۆ بۆچی تۆ گرگر، مەسەلەی ونبوونی مریەمت لێ بووەتە نموونەی نیوە و نیوەچڵی تەوەر لە شاردا؟!. پێم سەیرە!. گوایە هێشتا نازانیت کە ئەمە یەکێکە لە مەرجە زۆر سەرەتاییەکانی ڕۆمان نووسین؟!. من ئەگەر چەند حاڵەتێکی وەها نەخەمە ناو ڕۆمانەکەمەوە (کە لە ژیاندا بەملیۆن لەو بابەتە هەن)، ئەی چۆن بتوانم خوێنەرم تامەزرۆی زانینی ئەنجامی ئەم کارەسات و ئەو بەسەرهات بکەم؟!. ئەی چۆن چۆنی بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکەم تا کۆتایی هانی بدەم؟!. خۆ من وتار و لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرت نانووسم!. خۆ من خوتبە نادەم و پەند و ئامۆژگاری بەگوێدا هەڵنادەم!. من ڕۆمان دەنووسم و لە دوو توێی کتێبێکدا، دەیخەمە بەردەستی ئەو خوێنەرەی کە لە کاتی خوێندنەوەیدا، هەر خۆی و خوای خۆی لە کایەدان. دەنا منی نووسەر و تۆی ڕەخنەگر لەو کاتەدا، راست لە بووەی نەبووانین!.

***

لە کۆتاییدا و قسەی ترم زۆر پێ هەنە بیانکەم. بەڵام کردنیان دەچێتەوە سەر مەسەلەی (سیر و پیاز)ەکە.. دەچێتەوە سەر بابەتی (دەبووایە وا بووایە و وا نەبووایە!) کە من ئەم جۆرە ڕەخنەیە زۆر بەساکار و سەرەتایی دەزانم و وەك لەوەبەر وتم، بۆ قوتابییەکی هونەرەکە دەست دەدا کە هێشتا لە سەرەتای ڕێگەدایە. بێگومان کاك رەئووف زۆر تێبینیی لەم بابەتە دەربڕیون. هەر تەنیا بۆ نموونە: ئەو هاتووە ڕێگەم نیشان دەدا کە گوایە دەبوو سەرەتای دڵدارییەکەی خورشید و ئەختەر، بەگێڕانەوە نەبووایە و هاتووە ئەو گفتوگۆیانەشی بۆ نووسیوم کە دەبوو لەو سەرەتایەدا لە نێوانیاندا بکرایە!!. دەی باشە ئەمە کاری کردەیە؟!.. ئەمە عەیب نییە؟!.. ئەمە (فەزیحەتێك) نییە و لە بواری ڕەخنەی کوردیدا ڕوو دەدات؟!. بۆچی گوایە (کورد واتەنی) خۆم دەستم شکابوو وەهای لێ بکەم؟!. یانی لە پاڵ ئەو هەزاران دێڕە گفتوگۆیانەدا کە بەدرێژایی (٣٩٠) لاپەڕەکەی ڕۆمانەکە نووسراون، لە دەستم نەدەهات زەفەر بەو چەند دێرە پێشنیازکراوەی ئەو بەرم؟!. ئەگەر لەسەری بڕۆم و ریز بەوەرامدانەوەی ئەم جۆرە ڕەخنانەی ئەو (هەندێ لە برادەرەکانی تریشەوە کە لەسەر شاریان نووسی) بگرم، بۆنچزڵیکی زۆر فەزیحەتیتری لەم بابەتە، لووت دەچووزێننەوە!. بەڵێ... ڕەخنەی لە بابەتی (دەبووایە وابووایە و وانەبووایە)، حاڵەتی مامۆستا و قوتابییەکەی لێ دەرچێ، بێبایەخترین جۆری ڕەخنەگرتنە. چونکە

وەرامەکەی دەستوبرد دەوترێ: (نەخێر.. نەدەبووایە وا بووایە و هەر دەبوو وا بووایە). هەروەها چونکە، ئەگەر ئەم جۆرە رەخنەگرتنە دروست بووایە، سەراپای مرۆڤایەتی لە بەرەبەیانییەوە تا ئێستا و بۆ هەتاهەتاییش، بەیەك ڕۆمان یا بەچەند ڕۆمانێك کە بەپەنجەی دەست دەژمێردران دادەکەوت و دەبڕایەوە. خۆ دیارە ئەوانەش، بەپێی ئەو دەستووری (دەبووایە وا بووایە)یە دەنووسران کە چەند ڕەخنەگرێکی شارەزا، یا نەشارەزاش بۆیان دادەنان!!. لە ئەنجامیشدا کار وەها دەکەوتەوە کە هەر لە بنەڕەتەوە پێویستی بەبوونی ڕۆماننووس نەکردایە و ئەو چەند رەخنەگرە، چەند ڕۆمانەکەشیان بنووسیایە و ئیتر ئاو دەهێنرا و دەست دەشۆرا!!.

سەرلەنوێ، لەگەڵ ڕێز و دڵسۆزی و سوپاسمدا، بۆ کاك رەئووف و بۆ برادەرەکانی تریش و لەسەر ئەوەشم نەکردووە کە دڵگرانیی تێ بکەوێ، وەك چۆن لە نووسینەکانی ئەواندا، بۆ منی تێ نەکەوت.

هەولێر – ١٩٨٨/٨/٨

کۆواری بەیان – ژ/ ١٤٧ – ئەیلوولی ١٩٨٨

## هەندێ تێبینی لەربارەی "کات"
## لە ڕۆمانی "توانەوە"دا

گومانی تێدا نییە کە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کات و شوێن لە ڕۆمان نووسیندا، یەکێکە لە بنچینە گرینگەکانی ئەم هونەرە و نووسەر دەبێ لەبارەیانەوە، گەلێ ورد و وریا و سەرنجتیژ بێ، دەنا تێیاندا دەکەوێتە هەڵەوە.

من بەدەم خوێندنەوەی ڕۆمانی "توانەوە"ی برای بەڕێزم غەفوور ساڵحەوە، هەندێ تێبینیم بەتایبەتی لە ڕووی "کات"ەوە لەلا دروست بوون و بەچاکم زانی بۆ سوود لێ بینین بیانخەمە بەرچاو. پێشەکیش پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە کاك غەفوور دەکەم و دەتوانم بڵێم کە بەدڵێکی خۆش و بەرچاوڕوونییەکی تەواوە سەبارەت بە دواڕۆژی ئەم هونەرە لە ئەدەبەکەماندا، ڕۆمانەکەم خوێندەوە. حەزیش دەکەم ئەم تێبینییانەم بەڕوونکردنەوە دابنرێن نەك بەرەخنە.

ئینجا بەر لە هەموو شتێك با ئەوە بڵێم کە کاك غەفوور لە (توانەوە)دا، یەکێ لە شێوە سەختەکانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ (کات)دا هەڵبژاردووە و ناهەقی ناگرم کە تێیدا

تووشی هەڵە ببێ (کە زیاتریش هەڵەی ژمارە و ژمارەکارییە وەك دوایی دەری دەخەم). بێگومان ئەم جۆرە دابڕ نییە لە شێوەی مامەڵەکردنیش لەگەڵ (شوێن)دا. چونکە هەردووکیان پێکەوە، پێوەندییان بەنەخشە هونەرییە گشتییەکەی ڕۆمانەکەوە هەیە، کە بریتییە لە گەڕانەوە لە حاڵی حازرەوە بۆ دواوە. ئەم شێوەیەش ئاشکرایە کە وریاییەکی زیاتری دەوێ وەك لەوەی کات بەبارە ئاساییەکەیدا، لە ڕابردووەوە بەرەو حاڵی حازر بێت.

سا ئێمە بابێین بزانین، حاڵی حازری ڕۆمانەکە کە من ناوی دەبەم بەکاتی زیندوو، کەیە یا چ ساڵێکە؟!. لێرەدا لەبەرئەوەی چەند جارێك بەژمارە ئەمساڵ و ئەوساڵ نووسراوە، یا ئیشارەت بەکارەساتێك دراوە کە ساڵی ڕوودانی ئاشکرایە، دەبێ کاتە زیندووەکە دەستنیشان بکرێ و بزانرێ. یەکەم کەسیش کە دەبێ پێش ئێمە بیزانێ، دەبی نووسەر خۆی بێ.

ئێستا با لێکی بدەینەوە. لە لاپەڕە (٣٩)ی ڕۆمانەکەدا نووسراوە: (تازە مووت لێ هاتبوو. ئێستا بۆ پازدە ساڵی تەمەنی بەفیرۆچووی خۆت دەکرووزێیتەوە. سەرەتای ئەم پازدە ساڵەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٥. هەر بەقوتابێتی لە شاردا بوویتە یەکێك لەوان). ئینجا با ئێمە بپرسین: کوڕ لە کام تەمەندا ئاسایی مووی لێ دێ؟!. دیارە لە ١٦- ١٧ ساڵیدا. سا ئێمە با حەڤدەکە بگرین بەدەستەوە و دەبینین، بەسووکە حیسابکردنێك لەگەڵ ژمارە پازدەکە و ساڵی ١٩٦٥دا دوو ڕاستیمان دەسگیر دەبێ:

یەکەم: تەمەنی (قارەمان) کە کەسی سەرەکیی بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەیە، دەکاتە ١٧+١٥= ٣٢ ساڵ.

دووەم: کاتی زیندووی ڕۆمانەکە دەکاتە ١٩٦٥+١٥=١٩٨٠. واتە قارەمانی تەمەن (٣٢) ساڵە، لەم ساڵەدایە کە هاتووەتە قسە و بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە و دەگێڕێتەوە. ئەمەش (ئەم ساڵی ١٩٨٠یە) ئیتر بواری لێ زیاد و کەمکردنی بەهیچ کلۆجێك تێدا نییە و وا دەکەوێتەوە کە سەری ئەمسەری کاتی ڕۆمانەکەی (واتە حاڵی حازری) بەمێخزنجیرێك تێدا بەسترایەوە. نووسەریش لە ئەنجامیدا، دەبێ لە نووسینی دێر بەدێری ڕۆمانەکەیدا، ئەم ڕاستییەی هەردەم لە بیر و هۆشدا بێ و بەسات لێی غافڵ نەبێ. چونکە هەر هێندەی لێی غافڵ بوو.. هەر هێندەی ژمارەیەکی تر لە نووکی قەڵەمەکەیەوە داڕژایە سەر کاغەز و لەگەڵ ئەم ڕاستییەدا یەکی نەگرتەوە، دەبێتە غەفڵەتێك لە مامەڵەکردن لەگەڵ کاتدا و کار لە کار دەترازێ، وەك چۆن لە (توانەوە)دا قەوماوە!.

بۆ نموونە بابڕوانینە لاپەڕە (٦٩). لێرەدا نووسراوە: (تەمەن ڕواڵ بووی نیوەڕۆیەکی گەرمی ساڵی ١٩٦٧ بوو. تازە یەکەم ساڵی کۆلێجت بوو. لە بەغداوە بەسەردان گەڕابوویتەوە شارەکەتان). چاکە.. با لێکی بدەینەوە.. لەولا (ل/ ٣٩) وتراوە: (هەر بەقوتابێتی لە شاردا...) شار لێرەدا کەرکووکە و ساڵیش ١٩٦٥. وا زانیشمان کە لە ساڵی ١٩٦٧دا، چووە پۆلی یەکەمی کۆلێج. کەوابوو ئەو وەختە لە شاری کەرکووك، لە پۆلی چوارەمی دواناوەندی دابووە. (ئەو کاتە دواناوەندی هێشتا پێنج پۆل بوو نەك شەش).

ئینجا هەر بەوبەری لاپەڕە (٦٩)وە نووسراوە: (ئەو دەمەی گەیشتیتە ڕواڵی، بە ڕۆژ کرێکاریت دەکرد و بەشەو دەتخوێند، تا کۆلێجی یاسات تەواو کرد). بەم پێیە قارەمان، لە ساڵانی ١٩٦٥–١٩٦٧دا قوتابیی دواناوەندی بووە لە کەرکووك. لەوە بەدوایش، تا ساڵی ١٩٧٠– ١٩٧١ وەك قوتابییەکی کۆلێج لە بەغدا بووە. لەوە دواتریش، لە (ل/١١)دا لەبارەیەوە وتراوە: (بەباش زانرا یاخۆ بەباشت زانی ماوەی شەش حەوت ساڵ، بەوجۆرە لەو شارە گەرداوییە وەکو فەرمانبەرێکی بچووك و بێ هیمەت توورِ هەڵبدرێی). دیارە ئەم شەش حەوت ساڵەش قەت نابێ بکەونە دوای ساڵی ١٩٨٠. یەکەم لەبەرئەوەی ڕاستییە زانستییەکەی پێشتر دەستنیشانمان کرد، بەرپەرچی دەداتەوە. دووەمیش چونکە نووسەر خۆی، لە دوا لاپەڕەی ڕۆمانەکەدا ئیشارەتی بەساڵی نووسینی داوە کە وتوویە (کەرکووك – ١٩٨٥– ١٩٨٦). کەوابوو دەکەونە پێش (١٩٨٠) و ئێمە بۆمان هەیە بیخەینە دوای دەرچوونی لە کۆلێج کە دەکاتە ساڵانی ١٩٧١– ١٩٧٨ و با ئەوەش لە بیر نەکەین کە شارە گەرداوییەکە هەر بەغدایە.

ئێستا وا ساڵمان گەیاند بە ١٩٧٨ و قارەمان بەبێ هیچ دابڕانێك، هەر لەناو شاری کەرکووك و بەغدادایە. بۆ دوای ئەوەش لە (ل/١٦)دا دەڵێ: (لە شارە گەرداوییەکە ماوەیەکی کورتە بۆ ئەم شارە گوێزراویتەوە). ئەم شاریشیان لە ڕۆمانەکەدا ئاشکرایە کە هەولێرە. ئێمە لێرەدا با چاو لەوە بپۆشین کە دوو یا سێ ساڵی نێوان ١٩٧٨–١٩٨٠ ماوەیەکی کورت نییە و درێژە. بگرە بابێین لەو غەفڵەتە گەورە و زەقە بدوێین کە لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ کاتدا، لە ڕۆمانەکەدا ڕوو دەدا و لە چەندان شوێندا، بەپێچەوانەی ئەم ریز پێوەگرتنەی لەمەوبەرمان دەکەوێتەوە کە ئەوە بوو ئێمە، (قارەمان)مان لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە هێنا کاتێ قوتابی بوو لە پۆلی چواری

دواناوەندی لە کەرکووك و لەگەڵیدا چووین بۆ بەغدا. لەوێ کۆلێجی یاسامان پێ تەواو کرد و شەش حەوت ساڵیش، وەك فەرمانبەرێکی بچووك لەگەڵیدا ماینەوە. ئینجا گواستمانەوە بۆ هەولێر و ئەوەتا لێرە، بەسەرهاتی ڕابردووی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

بەڵام ئێمە بابڕوانین و وردتری بکەینەوە.. لە لاپەڕە (٣٦)دا وتراوە: (گریانەکەت بۆ پازدە ساڵی بەفیڕۆچووی تەمەنتە. ئەو دەمەی چوویتە ناو– ئەوان – تازە مووت لێ هاتبوو. کەچی کاتێك بەدەستی بەتاڵ و بێ ئەنجام بۆ ناو شارەکەتان گەڕایتەوە، ڕدێنت ماش و برنج بووبوو). هەر بەتەنیا ئەم قسەیە و بەبێ هێنانەوەی هیچ نموونەیەکی تر، وا دەگەیەنێ کە قارەمان لە ساڵی (١٩٦٥)ەوە کە (تازە مووت لێ هاتبوو)، چووەتە ناو – ئەوان – و پازدە ساڵ (پازدە ساڵی بەفیڕۆچوو) لەوێ ماوەتەوە. ئاشکراشە کە ١٥+١٩٦٥، دەکاتە هەمان ئەو ساڵی (١٩٨٠)یەی کە لەوەبەر دەستنیشانمان کرد. سا ئەگەر ئەمە وابێت، ئیتر جێگەی ساڵانی دواناوەندییەکەی کەرکووك و کۆلێجی یاسا و شەش حەوت ساڵە فەرمانبەرییەکەی بەغدا لە کوێدا بکەینەوە؟!. بەداخەوە ئەمە سووکە غەفڵەتێکیش نییە (کە پڕ بەدڵ حەزم دەکرد وابووایە)، تا بڵێین لە دەست دەرچووە و دەکرێ چاوی لێ پۆشرێ. بگرە چەندان جار دێتەوە کایەوە و لێشی زیاد دەبێ. ئەوەتا لە (ل/٤٣)دا نووسراوە: (تازە مووت لێ هاتبوو چوویتە ناو ئەوان. هەرکە گەڕایتەوە ڕدێنت ماش و برنج بووبوو.. هەر لەوێش بوویتە خاوەنی ژن و ماڵ. بەزاوارێوی هاپۆ – محە – ئافتاوی کچە تاقانەی لێت مارە کرد). یا لە (ل/٢٦)دا دەڵێ: (دایکی دلێریش مەبەست ئافتاوە (ح.ع) لەگەڵ وێرانەیی خانووە سووتاوەکەتان، ئێسك و پرووسکی بووە پەینی زەوییەکی بێ ئاوەدانی).

بەم پێیە ئێمە لە ڕۆمانی توانەوەدا، ڕووبەڕووی دوو جۆر کات دەبینەوە کە لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن و لە دەفری ڕۆمانەکەدا جێگەیان نابێتەوە. وەك ئەوەی بۆ نموونە (قارەمان) لە ساڵانی ١٩٦٧–١٩٧١دا لە کۆلێجی یاسا بووبێ لە بەغدا و لە هەمان ئەو ساڵانەدا، لە چیاش بووبێ. یا لە ساڵانی ١٩٧١–١٩٧٨دا، فەرمانبەرێکی رەبەنی پەڕەوازەی شاری بەغدا بێ و لە هەمان کاتدا لەولاش، بەزاوارێوێتی لای هاپۆ – محە – خاوەنی ژن و ماڵ و منداڵ بێ!. ئەوە بوو من لەوەپێش وتم کە کاك غەفوور شێوەیەکی سەختی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کاتدا هەڵبژاردووە. لەبەرئەوە دەبوو پەنای ببردایەتە بەر ژمارە و ژمارەکاری و نەخشەیەکی بۆ ئەو مێژووانە لە بەردەمی خۆیدا دابنایە و لە کاتی نووسیندا، بەراوردی لەگەڵ یەکتردا پێ بکردنایە. چارەسەری

خۆپاراستن لە غەفڵەت لەم حاڵەتانەدا بەوە دەکرێ.

جگە لەو غەفڵەتە سەرەکییە، هەندێکی وردیش هەن کە ئەنجامی سەرەکییەکەن. بۆ نموونە با باس لە (هەتاو)ی کۆنەدەسگیرانی قارەمان بکەین. ئێمە دەزانین ئەوەتا لە هەولێر لە ساڵی ١٩٨٠دا یەکتری دەبیننەوە. ئێستا با حیسابێکی پێش ئەم ساڵەی بۆ بکەین لە (ل/١٠٥)دا وتراوە: (چێشتەنگاوێکی درەنگی ئاخری و ئۆخریی زستانی ١٩٦٠، پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوویت..) ئەمە قسەی هەتاو خۆیەتی. پێشتر لە (ل/٤٤)دا لە زمانی قارەمانەوە کە لە بەغدایە دەبیسین و دەڵێ: (ئەو ڕۆژەی دەنگوباسی زەماوەندی -هەتاو-ت پێ گەیشت. دەمەوئێوارەیەك بوو... تازەکی لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شارە گەرداوییەکەت نەخۆشییەکەت هەوی کردبووەوە). ئاشکرایە شارە گەرداوییەکە بەغدایە. ساڵیش ئێمە دەتوانین هەر کام لە ساڵەکەی کۆلێجی یاسای بۆ دابنێین. بەڵام با پەڕی ئەمپەڕی بگرین.. با ساڵی یەکەمی کۆلێجی بێ کە دەکاتە ١٩٦٧. ئینجا کە شووی کرد خۆ بەلایەنی کەمەوە ساڵێکی پێ دەوێ تا ئەو یەکەم منداڵەی ببێ کە - شانازە - دوای ئەوەش لە (ل/٨٢)دا لە زمانی هەتاو خۆیەوە وتراوە: (شاناز لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدایە). ئەم حەڤدە ساڵە لە (ل/١٢٠)یشدا ئیشارەتی پێ دەدرێتەوە. کەوابوو وا ژمارەی ساڵەکانی تەمەنی هەتاو لە (١٩٦٠) بەدواوە، گەیشتە ٧+١+١٧ کە دەکاتە (٢٥) ساڵ. ٢٥+١٩٦٠ دەکاتە ساڵی (١٩٨٥)، لە کاتێکدا دەبوو بکاتەوە (١٩٨٠) کە وەك وتمان کاتی زیندووی ڕۆمانەکە و ساڵی یەکتر بینینەوەیانە لە هەولێر.

ئەگەر زیاتر ورد ببینەوە، غەفڵەتی گچکەی تریش دەدۆزرێتەوە. بەڵام لە چاو سەرەکییەکەدا، باسکردنیان دەبێتە کارێکی بێهوودە.

لە ئەنجامدا بەپێویستی دەزانم کە هەم بەخۆم و هەم بەبرای بەڕێزم کاك غەفوور و هەموو ئەو برایانەش بڵێم کە بەتەنگ داهێنان و پەرەپێدانی ئەم هونەرەوەن لە ئەدەبەکەماندا: ئەم جۆرە غەفڵەت و مەفڵەتانە نابێ دەستمان ساردی بکاتەوە و دڵمانی لێ بتۆرێنێ. کورد وتوویە: سوار تا نەگلێ نابێ بەسوار. ئێمە باببین بە خاوەنی هەزار، نا پێنجسەد، نا سەد ڕۆمان، ئەوسا من دەڵێم لە سەدەکە ئەم پازدەیەمان نایابن. بەڵام ئێستا کە هێشتا خاوەنی هەشت نۆیەکی بەقەوارە ڕۆمانین، ئەقڵ نایگرێ بتوانین بڵێین: خاوەنی هەشت نۆیەکی نایابین.

١٩٨٩/١/٣٠

## بەبیرهێنانەوەیەکی حکوومەتە خەیاڵییەکەی زێوەر

پێشینانمان وتوویانە قسە هەزارە و دووانی بەکارە، بەڕای من ئەم وتەیە لە پاڵ بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانیدا، دەکرێ سەبارەت بەدوا چارەسەری کێشەی گەلی کوردیش بەکار بهێنرێ، من ناڵێم ئەم کێشەیە بە هەزار جۆر قسەی لێ کراوە، بەڵام خۆ بە دە جۆری لێ کراوە. لەوانە: نکووڵیکردن لە بنەڕەتەوە لە بوونی کێشەکە، بەبەهانەی ئەوەی کە کورد وەك نەتەوە بەشێکە لە فارس یا لە تورك یا لە عەرەب، لەلای ڕەگەزپەرستەکانی ئەو نەتەوانە. یا توانەوە لە ناو ئەو نەتەوانەدا. یا پێوەلکان و پێکەوەژیان بۆ هەتاهەتایە لەگەڵیاندا. یا فەرمانڕەوایی ناناوەندی (لامەرکەزی). یا فەرمانڕەوایی خودموختاری. یا خودموختاری ڕاستینە. یا فیدراڵی کە ئێستا لەم ڕۆژگارەدا وێردی سەر زمانە. یاخۆ کۆنفیدراڵی کە دیارە دەبێتە دروشمی قۆناغی داهاتوو!..

بەڵێ.. ئەمانە هەموو قسەن و کراون و دەکرێن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەگەر بمانەوێ چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەی نەتەوەی کورد بێنینە بەرزەینمان، دەبێ بڵێین: قسە هەزارە و دووانی بەکارە.. ئا، یا نەء. واتە سەربەخۆیی یا نەء. پێکهاتنی قەوارەی سیاسیی تایبەتی یا نەء.. دامەزراندنی حکوومەتی خاوەن ئاڵا و باڵیۆز لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، یا، نەء.. لەم دووانە یەکێکیان بەکارە، کە هەتا ئێستا (نەء)ەکە بووە، ئیتر سا ڕەنگە ڕووەکەی هەر چۆنێك بووبێت. لە کاتێکدا (ئا)یەکە هەر لە بازنەی خەو و خەیاڵدا سووڕاوەتەوە، چ لەلای ئێمەی ئەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم و چ لەلای زێوەری چارەکی یەکەمی سەدەی بیستدا.

زێوەری ناسراو بەشاعیر، لە نووسینێکی ڕۆمانئامێزیدا کە بەڕای من دەکرێ بە نۆڤلێتێك پێناسە بکرێ، لە دەورووبەری حەفتا و پێنج ساڵ لەمەوبەردا، ئەو خەون و خەیاڵەی ئێستای من و تۆ و ئەو و ئەوی لە کەللەدا. بووە، کە گومانم نییە خەون و خەیاڵی پێشتریش بووە و هی داهاتووش دەبێ. سا من لێرەدا هەوڵ دەدەم ئەو خەون و خەیاڵەی کە زێوەری شاعیر نزیکەی سێ چارەکە سەدە لەمەوبەر لە کەللەیدا بووە و دایڕشتووەتە ناو چوارچێوەی نۆڤلێتێکەوە، هیچ نەبێ وەك بەبیرهێنانەوەیەك بەسەرێك و ئەجردانەوەیەکی ئەو شاعیرە ڕووناکبیرە کوردپەروەرە پێشکەوتنخوازە

بەسەرێکی تر، باسێکی لێوە بکەم. بەر لە هەر شتێك با ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە بەبۆچوونی من بەرهەمەکە لە نووسینیدا، هاوسەردەمی (لە خەوما)کەی (جەمیل سائیب) و (مەسەلەی ویژدان، یا چۆن بووم بە خانەدان)ەکەی (محەمەد موختار بەگ)ە، بەڵام بەداخەوە ئەمیان بەپێچەوانەی ئەو دووانەوە، هەلی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی تا دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ی بۆ نەڕەخساوە، هەر لە ناونیشانەکەشییەوە دیارە بۆچی؟!. خۆ وەنەبێ هەوڵیشی بۆ نەدرابێ. هێندەی لەم ڕووەوە پێوەندیی بەخودی منەوە هەبێ، ئەو کاتەی کە پێش ڕاپەڕین لە کۆواری (کاروان)دا کارم دەکرد، برادەرم کاك مەحموودی کوڕی زێوەری نووسەری ئەم حکوومەتە خەیاڵییە، دەستنووسەکەی بە نیازی پرسپێکردن، کە ئاخۆ بواری بڵاوکردنەوەی لە تواناندا هەیە یان نا؟!.

منیش دوای خوێندنەوەی لە وەڵامیدا کوتم: نووسەرانێکی ئەوتۆ بەدەستی ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرییەی بەعس بەفەوت چوون، کە زۆر لەو خەون و خەیاڵەی زێوەر بەنووسین و بڵاوکردنەوە دەربڕیوە. لێرەدا دەبێ ئاماژەیەك بۆ ئەوە بکەم، کە کاك مستەفا ساڵح کەریم هەر لەو دەوروبەرەدا (وەك کاك مەحموود پێمی ڕاگەیاند)، لە ژمارەیەکی کۆواری (بەیان)دا، زیرەکانە کورتە وتارێکی لەبارەیەوە بڵاو کردووەتەوە، کە بەداخەوە تا کاتی ئامادەکردنی ئەم نووسینە، نەمتوانی دەسگیری بخەم.

بەهەرحاڵ من بەڵگەم بۆ هاوسەردەمیی نووسینی حکوومەتە خەیاڵییەکەی زێوەر لەگەڵ (لە خەوما) و (مەسەلەی ویژدان)دا ئەمانەن:

یەکەم: (لە خەوما) لە کاتی نووسینیدا بڵاو کراوەتەوە، کە ساڵی (١٩٢٥)ە و ناوەڕۆکەکەی ڕەخنەگرتنە لە حوکمڕانییەکەی ساڵی (١٩٢٢)ی شێخ مەحموود.

دووەم: گومانم نییە کە زێوەری ڕۆشنبیر و مامۆستا و خوێنەری ئاگەدار لە ڕووداو و کارەساتەکانی سەردەمەکەی، لە خەوماکەی جەمیل سائیبی خوێندووەتەوە. کە بەزنجیرە لەو ساڵەدا لە هەفتەنامەی (ژیان) و (ژیانەوە)دا بڵاو کراوەتەوە. واتە دەکرێ بوترێ کە ئەگەر ئەو لە خەوەکەیدا ڕەخنەی لە حکوومەتەکەی شێخ گرتبێ، ئەوا ئەم بەخەو و خەیاڵ حکوومەتەکەی بەشێوەیەك پێك هێناوە، وەك ئەوەی ناڕاستەوخۆ ویستبێتی بڵێ: کە دەبوو حکوومەتەکەی شێخ

بەمجۆرە بووایە.

سێیەم: لەیەکچوونی زمان و داڕشتن لە هەرسێکیاندا، کە زمان و داڕشتنی ساڵانی بیستەکانە.

چوارەم: هەندێ ئاماژە هەن کە لە نێوان دێرەکانی خودی بەرهەمەکەوە، یاریدەرن بۆ کاتی نووسینی. بۆ نموونە: ئیشارەتدان بەدەستووری حکوومەتی عێراق و حکوومەتی تورکیا، بەنیازی سوود لێ وەرگرتنیان بۆ نووسینی دەستووری حکوومەتە خەیاڵییەکەی. یا پێشنیازکردنی دامەزراندنی (مەلای کۆیە – مەلای گەورە) بەموفتی بۆ حکوومەتەکە.

کەواتە ئەم حکوومەتە خەیاڵییەی زێوەر، کە بەڕای من لە نێوان ساڵانی (١٩٢٥–١٩٣٠)دا نووسراوە، بۆ ماوەی حەفتا ساڵێك بەهۆی باری نالەباریی سیاسییەوە لە حەشاردا ماوەتەوە و تەنیا لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەوە، بواری ڕووناکبینینی بۆ هەڵکەوت، کە بەداخەوە ئەوساش بۆ ماوەی هەشت ساڵ دواکەوت.

ئێستا بابێمە سەر خودی حکوومەتە خەیاڵییەکە و بابزانین چی دەڵێ؟!. تکایە لەگەڵمدا سەرنجدەن.. زێوەر بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

تەحریری خەیاڵ و خەو ئەگەر بێتە حسابی

دەروێش و گەدا شاهە ئەبێ شــاهـ گــەدا بێ

بەر لە هەر شتێك، با ئەم تێبینییانە بخەمە بەرچاو:

یەکەم: ئەوانە دوو دێرن لە شیعرێکی بەناوبانگی (نالی)، کە دوای ئەم تێبینییانە باسی دەکەم.

دووەم: لە چاپکردندا بە هەڵە دراونەتە دەم یەك و وەك دێرە نووسینێکی ئاساییان لێ هاتووە.

سێیەم: بەپێی تێگەیشتنی من، دەبوو وشەی (شاهـ) بۆ ڕاگرتنی کێش بە (شاهیش) بنووسرایە، ئەگەرچی لە دەسنووسەکانیشدا وەها نەهاتبێ. تەنانەت زانای کۆچکردوو مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕانی، دەسکاریی وشەی (شاهـ) یەکەیان کردووە، کە وایان بەڕاست زانیوە (شاهـ و) بێ، لە کاتێکدا لەلای زێوەر (شاهە)یە، کەچی ئیشارەتیان بەو لەنگییەی (شاهـ)ی دووەم

نەداوە کە دەبێ (شاهیش) بێ.

بەهەرحاڵ لە سەرەتادا زێوەر، کە چاکتر وایە بڵێم: کەسی سەرەکیی نۆڤلێتەکە، لە ساتی خوێندنەوە، ئەم دواین دوو دێرەیە، لەو قەسیدەیەی (نالی) کە بە (مەستوورە) بەناوبانگە و سەرەتا دەڵێ:

مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بە حسابی
هاتە خەوم ئەمشەو بەچ نازێك و عیتابێ

دوو دێرەکەی پێشوو کە لێرەدا ئەوانمان مەبەستە، لەلایەن مامۆستا عەبدولکەریمەوە وەها لێکدراوەتەوە:

(ئەگەر بنیادەم حیسابی خەو و خەیاڵ بکات و بینووسێتەوە و بەتەمای بێ بێتە دی، دەبێ گەدا بەپادشا و پادشاش ببێ بەگەدا و، هەموو شتێ ئاوەژوو ببێ، کە ئەوەش هەرگیز نابێ..).

ئێستا با بەدوادا بچین و بزانین، بۆچی زێوەر ئەو دوو دێرە شیعرەی کردووەتە سەرەتا و دەسکەلا؟!. ئەو دوای دوو دێرەکە نووسیویە: (هاوین بوو. لە سلێمانی زۆرم گەرما بوو بێ ئیختیار رووم کردە کوێستان). لێرەدا. تکایە سەرنجدەن.. ئەوی ڕاستی بێ من بەنیاز نیم لەم باسەمدا، لە ڕووی تەکنیکەوە لە بەرهەمەکە بدوێم، چونکە ئاشکرایە کە بەپێوانە لەگەڵ ئێستادا سادە و ساکارە، بەڵام تەنیا دەمەوێ کە لەم دەستپێکردن و سەرەتایەدا، لە ڕووی هونەرییەوە هەقی خۆی بدرێتێ و وەك لایەنێکی گەشی هونەری ئاماژەی بۆ بکرێ بەوەی کە:

یەکەم: بەدوو دێر شیعرەکە و بۆ خوێنەرێك کە بەتەواوی شیعرەکە ئاشنا بێت، ڕادەگەیەنێ ئەو (کە چاکتر وایە بڵێم: کەسە سەرەکییەکە)، ڕوو لەوەیە خەونێك ببینێ.

دووەم: ئەو هێشتا شیعرەکەی بەدەستەوەیە و لە خوێندنەوەیدا گەیشتووەتە کۆتاییەکەی، چونکە دوای ئەو دوو دێرە، تەنیا دوو دێری تری لێ ماوەتەوە.

سێیەم: ئینجا دەنووسێ (بێ ئیختیار ڕووم کردە کوێستان) و بەدوایدا دەڵێ: (لەو خەوەمدا). واتە لێرە بەدواوە خەوەکەی دەست پێ دەکات، کە ئەوی ڕاستی بێت زیندەخەونە نەك خەونی کاتی نووستن.

ئێستا با کورتەیەکیتان بۆ بخەمە بەرچاو. کەسی سەرەکی کە ئەوە دەگێڕێتەوە و

ڕووداوەکانمان بۆ باس دەکا، بەدەم زیندەخەونەکەیەوە دەگاتە کوێستان و لەسەر کانی و ئاوێکی سەر شاخێك وچان دەگرێ. دەبینێ وا لەشکرێك بەدەشتاییدا دەڕۆن. سەرسام دەبێ و دادەبەزێ. دەچێتە سەر ڕێگەیان و دەپرسێ. بەکورتی ئیتر هەر لەشکرە و دێت و دەڕوا. لە ئەنجامدا تێ دەگەیەنرێ کە ئەمانە هەریەکەیان لەشکری یەکێ لە عەشیرەتەکانی کوردە و ڕوو لە شاری (سەردەشت) دەکەن، بەو نیازەی لەوێ کۆ ببنەوە بۆ پێکهێنانی حکوومەتێك بۆ کورد. ئیتر لەوێ کە ئەم (واتە گێڕەرەوە)، وەك ئاگەدار لە هەموو کەین و بەینێك، بەردەوام لە ناو جەرگەی ڕووداوەکاندایە کە بریتین لە:

یەکەم: سەرەتا سەرۆکی عەشیرەتەکان کۆ دەبنەوە.. باسی سەرەکییان هەڵبژاردنی مەزنی مەزنانە. هەن ڕایان وایە کە بە پاشا ناوی ببرێ و هەن دەڵێن: نەخێر.. چاکتر وایە سەرکۆمار بێ، ئەنجام بەلای سەرکۆماریدا دەشکێتەوە، کە ئەمە بێگومان سەرەتایەکە بۆ دیاریکردنی ڕادەی ڕۆشنبیریی دیموکراتییانە، زێوەری حەفتا هەشتا ساڵ لەمەوبەر. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەگەر لە دیاریکردنی ساڵی نووسینی بەرهەمەکەیدا بەهەڵە نەچووبم، ئەو لەژێر سایەی ڕژێمێکی پاشایەتیدا بووە و مووچەخۆرێکی دەوڵەتەکەشی بووە.

دووەم: زێوەر (یا گێڕەرەوە) دەدا بەدەمییەوە و دوای هەڵبژاردنی (خدری خدران ئاغا) ناوێك بەسەرکۆمار، دەچێتە سەر دیاریکردنی سەر وەزیر و وەزیران. سەرکۆمار فەرمان دەدا کە سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر ببێ بەسەرۆك وەزیر و ئەمیش ئەنجوومەنی وەزیران پێك دێنێ، کە بریتین لە شەش سەرۆك عەشیرەت بۆ شەش وەزارەت.

سێیەم: دوای ئەوە ئیتر حکوومەتە خەیاڵییەکەی زێوەر، وەك هەر حکوومەتێکی ساوا و تازەدامەزراوە دەسبەکار دەبێ و بەهاوکاری لەگەڵ ئەنجوومەنی وەکیلان (پەرلەمان) و سەرکۆمار کاروبار بەڕێوە دەبا، کە دوو لە سێ بەشی لاپەڕەکانی بەرهەمەکەی بەرکەوتووە و لە شێوەی پرۆتۆکۆلی کۆبوونەوەکانی هەردوو ئەنجوومەنی وەکیلان و وەزیرانە، بەتایبەتی بانگکردنی سەروەزیر و وەزیران بۆ بەردەم ئەنجوومەنی وەکیلان، بەمەبەستی لێپرسینەوەیان سەبارەت بەکاروبار و بڕیارەکانیان.

چوارەم: دواجار ئەنجوومەنی وەکیلان وەك ئەوەی کۆتا بەو خولەی کۆبوونەوەکانی

بهێنێ، که ئەوەتا سەرکۆمار و سەروەزیر و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەڵبژارد و بەگەڕی خستن و یاسا بنەڕەتییەکانی دانان، ئیتر سەرۆکەکەی خواحافیزی بەجەلالەت مەئاب ڕادەگەیەنێ کە (لە ئێمەوە سەعی غیرەت، لە خوداشەوە تەوفیق و نەسرەت تەمەنا دەکەم).

بەدوایدا زێوەر نووسیویە: (لەو وەقتەیا دەست کرا بەدەهۆڵ و زوڕنا لێدان. لە تەقەی دەهۆڵ و زوڕنا لە خەو ڕاپەڕیم. سەرسام بووم. لە پاش قەدەرێ هاتمەوە هۆش. کە ڕوانیم لەناو جێگەی خۆما ڕاکشاوم. هەناسەیەکم هەڵکێشا. دیسان شیعرەکەی نالیم خوێندەوە.. تەحریری خەیاڵ و خەو..).

کەوابوو زێوەری حەفتا هەشتا ساڵ لەمەوبەری خەڵکی سلێمانی سەر بەکوردستانی عێراق، وەهای بیر کردووەتەوە و وەهای بۆ چووە کە چارەسەری ڕاستینەی کێشەی کورد، هەر ئەوەیە کە ئەو و نەوەکانی پێش ئەو و دوای ئەویش، تا بە دوو ملیۆن ئیمزاکەی ڕاپرسییەکەی ئەو دواییەی نەوەکەی ئێمە دەگات، چارەسەرەکانی تر هەموو کاتین و لە ناچارییەوە بۆ دەگیرێتە بەر. بۆچی؟! چونکە ناحەزان و دوژمنانی چارەسەرە بنەڕەتییەکە، یەکەم: ناحەزان و دوژمنانی هەردەم بالا دەستبوون و بیر و هۆش و هەست و نەستیان بەژەهراوی ئەو بالادەستییە گۆش کراوە و بەجۆرێك پێی قانگ دراون، کە گرێ کوێرەکە یەخەگیری ئەوان دەبێ نەك گەلی کورد، کە قەت بێدەنگ نەبووە و درێغی لە هەوڵدان و قوربانیدان بۆ گەیشتن بەچارەسەرە بنەڕەتییەکە نەکردووە و بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە کەم نین.

ئێستا با لە سیاسەت لابدەم و بێمەوە سەر حکوومەتە خەیاڵییەکەی زێوەر وەك بەرهەمێکی ئەدەبی. بێگومان بەم بارەشدا چەند پرسیارێکی لێ دێتە بەر زەمین، کە لە ئەنجامدا هەر بادانەوەی بەلای سیاسەتدا لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە: بۆچی زێوەر حکوومەتەکە لە شاعیر پێك دێنێ، لە کاتێکدا لە شێوەی پێکهێنانەکەیدا (ئەو پەنابردنە بەر عەشایەرەی لێ دەربکەیت)، ئەو شێوازە دیموکراتییەی بەکار هێناوە، کە ئێستا لەم ڕۆژگارەدا باوە، وەك هەڵبژاردنی پەرلەمان لەلایەن خەڵکەوە، سەرکۆمار لەلایەن پەرلەمانەوە و دیاریکردنی سەرۆك ئەنجوومەنی وەزیران لەلایەن سەرکۆمارەوە و سەلماندنی دەستبەکاربوونیان لەلایەن پەرلەمانەوە؟!. بەڵام بۆچی پەنای بردووەتە بەر پێکهاتەی عەشایەر، کە بیست عەشیرەتی لەناو بردوون و لە نوێنەرەکانیان پەرلەمان پێك دێنێت، کە دەبێ خێرا ئاماژە بەوەش بدەین کە نوێنەرەکان بەهەڵبژاردن

لەلایەن عەشیرەتەکانەوە دەبنە ئەندامی پەرلەمانەکە. بەبۆچوونی من، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەی، کە زێوەر حکوومەتە خەیاڵییەکەی تێدا نووسیوە. ئەو ڕۆژگارە عەشیرەتگەری لە کۆمەڵی کوردەواریدا هێشتا لە هەرەتی دەسەڵاتیدا بووە و باڵی بەسەر هەموو لایەنێکی ژیاندا کێشاوە. بۆیە ئەگەر حکوومەتێك بەڕاستیش بووایە نەك بەخەیاڵ، هەر دەبوو لە پێکهێنانیدا بیانکاتە بەردی بناغە و بینای حکوومەتەکەیان لەسەر هەڵبچنێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نەهاتووە داوونەریتە عەشیرەتگەرییە کۆنەکەی تێدا بەکار بێنێ، بگرە ڕێگەی دیموکراتییەت و بگرە دیموکراتییەتێکی مۆدێرنی تێدا گرتووەتە بەر. واتە عەشیرەتگەرییە باوەکەی ئەو سەردەمەی بەدیموکراتییە مۆدێرنەکە موتوربە کردووە. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو لایەنی خراپی بنیاتنانی حکوومەتەکەی لەسەر بنچینەی عەشیرەتگەری بێ ئاگا نەبووە، چونکە لە زمانی چەکدارییی یەکێك لە عەشیرەتەکانەوە، کە ئەویش خۆی بەرێوە بچێت بۆ کۆبوونەوەکەی پێکهێنانی حکوومەتەکە، دامەزراندنی حکوومەتەکە بەخەیاڵپلاو ناودەبا. کە زێوەر (یاخۆ گێڕەرەوە) دەپرسێ: بۆچی؟!. لە وەڵامدا دەڵێ: (کاکە تۆ شارەزا نیت ئیشی عەشایەر سەرناگرێ. هەرکەسە خۆی بەمەن و نیوەی دادەنێ..).

وەکی تر هۆشیاریی نەتەوایەتی بەشێوە مۆدێرنەکەی، هێشتا سەری هەڵنەداوە ئەگەر کەسان و کۆڕ و کۆمەڵێك سەریان لێی خواربێ، هێشتا نەچووبوونە چوارچێوەی حزبی سیاسیی ڕێکخراوی خاوەن چالاکیی جەماوەرییەوە، کە ئەوە دوای ساڵانێك خەملی و کەوتە چالاکی نواندن.

بەهەرحاڵ لەم بارەیەوە دەتوانین بڵێین کە حکوومەتە خەیاڵییەکەی زێوەر، ئەگەر وەك من بۆی چووم و هەڵە نەبم کە لە دوای شکستخواردنی حوکمدارییەکەی شێخی نەمر لە ساڵی (١٩٢٢)دا و دوای بڵاوبوونەوەی چیرۆکە ڕەخنەئامێزەکەی جەمیل سائیب لە ساڵی (١٩٢٥)دا نووسرابێ، ئەوا بەهەڵسانەوەیەك دادەنرێ لە کۆششکردندا بۆ بەدیهێنانی حکوومەتێکی ڕاستینە بۆ کورد نەك بەخەون و خەیاڵ، بەڵام لە ڕێگەی وشەوە و ڕستەی سەر کاغەزەوە، وەك چۆن کاك نەوشیروان مستەفاش لە لێکۆڵینەوە نایابەکەیدا، بەسەردەمی قەڵەم و موراجەعەت ناوی بردووە، کە ئەوەش بێگومان هەم دەستپێشخەری و هەم سەروەرییەکە بۆ زێوەر.

پرسیارێکی تر کە دێتە کایەوە، سەبارەت بە بەرتەسکیی ڕووپێوی حکوومەتەکەیە. بۆچی لە کوردستانی عێراقدا، تەنیا سلێمانی و هەولێر و دهۆك و لە کوردستانی

ئـێرانـیشدا تـەنـیـا سنـە و مـەهـابـاد؟!. تـۆ بـڵـێیت ئـەو هـەمـوو نـاوچـە کـوردنشیـنـە بەرفراوانانەی تری بەکوردستان نەزانیبێ؟!. ناشێ!. ئەی بۆچی؟!. بەبۆچوونی من دوو هۆ ئەو ڕووپێوەیان ئاوەها پێ تەسك کردووەتەوە:

یەکەمیان: بەرفراوانکردنی بۆ ناوچەکانی تری کوردستان لەو سەردەمەدا، هێندە بـەدوور و بـەزەحـمـەت زانـیـوە، کـە تـەنـانـەت ئـەوێکـی نـووسـەر بـەخـەیـاڵیش نەتوانێ زەفەری پێ ببا. دەنا ئەو نەك تەنیا بێ ئاگا نەبووە لە بوونی ئەو ناوچانەی تر، بگرە لە شوێنێکی بەرهەمەکەیدا باس لەو زوڵمزۆرە دەکا، کە دەرهەق بەکوردی کوردستانی تورکیا کراوە و لە زمانی نوێنەری یەکێ لە عـەشیرەتـەکـانـەوە لـە کـۆبـوونـەوەیـەکـی ئـەنـجـوومـەنـی وەکیلاندا (پـەرلـەمـان) دەڵێ:

– مەجلیسێ ناوی فرەنسای تیابێ لەوێ دانانیشم.

نوێنەرێکی تر دەپرسێ:

– بۆچی لالو؟!.

لە وەڵامدا دەڵێ:

– گوایا ئێوە نەتانشنەفتوە ئەم حکوومەتە (مەبەست حکوومەتی فرەنسایە – ح.ع) چی بەبراکانمان کرد لە شیمالدا؟!. بەواسیتەی شەمەندەفەری فرەنسا، هەزاران لە جوانان و پیران و کچان و ژنان لەژێر سمی وڵاخی تورکەکاندا مەحف بوونەوە. ئـێستـاش بـەفـر و بـارانـی زستـان، خـوێنـی کـوردەکـانـی لـە بـەردی شاخـان پـاك نەکردووەتەوە. من ئەمڕۆ دۆستی لەگەڵ باوەکوشتەی خۆم چۆن بکەم؟!.

ئینجا ئێوە سەرنج بدەنە کاردانەوەی وەزیری لێ پرسراو کە وەك سیاسەتونێك دەڵێ:

– سیاسەتی حکوومەتان وایە. لە ڕۆژێکدا بەملیۆن لەیەك دەکوژن. ڕۆژی دوایی کە مەسڵەحەت کرا، بەیەکەوە لە مەجلیسدا عوشرەت دەگرن.

لە کاتێکدا ئەندامەکەی پەرلەمان کە بەناوی گەلەوە (لێرەدا عەشیرەتەکەی) قسە دەکات لە وەڵامیدا دەڵێ:

– من ئەم سیاسەتە.. ئەم نیفاقە نازانم. مەجلیس هەمووی موافیق بێ، تەنیا من موخالیفم.

ئەندامێکیش لەلای خۆیەوە هاوار دەکات:

– بژی مەردی بەغیرەت.

دووەمیان: ئەو پێوەندییە لەمێژینە ڕاستەوخۆیەی کە بە درێژاییی دوو سێ سەدەی بەر لە نووسینی بەرهەمەکە، لە نێوان ئەو ناوچانەی حکوومەتە خەیاڵییە بەرتەسکەکەدا هەبووە. واتە ئەگەرچی سنوورێکی سیاسی بەردەوام لە نێوان هەردوو بەردا هەبووە، بەری لای سلێمانی و هەولێر و بەری لای سنە و مەهاباد، بەڵام بەردەوامیش پێوەندی و تێکەڵاوی تا ڕادەیەکی ئەوتۆ لە نێواندا هەبووە، کە پێکەوەلکاندنیان ئاسانتر هاتووەتە بەرزەینی زێوەر، وەك لە شوێنەکانی تر.

پرسیارێکی تر کە دێتە کایەوە، سەبارەت بە پایەتەختی حکوومەتە خەیاڵییەکەیە کە گوندی (تورجان)ە. بۆچی تورجان لە کاتێکدا کە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و سنە و مەهاباد هەبن؟!. زێوەر خۆی هیچی لەم بارەیەوە نەوتووە، بەڵام من لە ئەنجامی پرسیارکردنمدا لە کاك (ڕاسان.. ..) و ئەویش لە برادەرێکی کە خەڵکی ناوچەکەیە و لە هەندێ بەدواداچوونی ترمدا بۆم دەرکەوت کە تورجان کۆنە گوندێکە دەکەوێتە نێوان (بۆکان) و (سەقز)ەوە. عەشیرەتی دیبوکریێ کە یەکێك لەو بیست عەشیرەتەی زێوەر حکوومەتەکەی لێ پێك هێناون، لە دەوروبەریدا نیشتەجێن. بەوە بەناوبانگە کە لە ساڵانێکی دێرینەوە مەڵبەندێکی ڕووناکبیری بووە و تا ڕۆژگاری ئێستاشمان هەر وەهایە. ژمارەیەك کەسایەتیی ئاینی و ڕۆشنبیری و سیاسیی تێدا هەڵکەوتوون.

وەکی تر من خۆم بەدووری نازانم، کە ئەو ساڵانەی دوای شکستی حوکمدارییەکەی شێخ مەحموود لەودیو بەسەری بردوون، لەو گوندەدا ژیابێ و ئەوە هانی دابێ بیکاتە پایەتەختی حکوومەتەکەی.

لە کۆتاییدا لەگەڵ قسەکەی پێشینان و لەگەڵ خەو و خەیاڵەکەی حەفتا و پێنج ساڵ لەمەوبەری زێوەر و لەگەڵ هەموو خەو و خەیاڵەکەی هەر تاکێکی گەلی کورددا، لە باکورەوە بۆ باشوور و لە ڕۆهەڵاتەوە بۆ ڕۆئاوای سەرانسەری وڵاتی کوردانـدا دەیڵێمەوە: قسە هەزارە و دووانی بەکارە...

سەرچاوەکان:

١– چیرۆکی حکوومەتی خەیاڵی – زێوەر – چاپخانەی داناز – سلێمانی – ١٩٩٩.
٢– دیوانی نالی – لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا – ١٩٧٦.
٣– مێژووی ئەدەبی کوردی – د. مارف خەزنەدار – بەرگی سێیەم – هەولێر – ٢٠٠٠.
٤– سوارە و پەخشانی کوردی – محەمەد بەهرەوەر – سلێمانی – ٢٠٠٥

تێبینی:

١– ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دانیشتنێکی سیمیناری یەکەمی ڕۆمانی کوردیدا پێشکێش کرا، کە لە ڕۆژانی ٢٧–٢٩/٥/٢٠٠٦ لە هەولێر ساز کرا.

٢– دوای خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکە برای بەڕێزم جەلیل کاکەوەیس ئاگەداری کردم کە ئەویش وتارێکی بەناونیشانی (یەکەمین چیرۆکی هونەری کوردیمان کامەیە) لە ژمارە (٧٨٨)ی ڕۆژی ٩/٥/٩٨٨ی (هاوکاری)دا لە بارەیەوە بڵاو کردووەتەوە.

کۆواری (ئایندە) ژ/٧٧– س/٢٠٠٧

## کامەران و هۆنراوەی نوێ

ئەم لێکۆڵینەوەیە کاتی خۆی بەناوی خوازراوی
(محەمەد سدیق عارف) ەوە بڵاوکراوەتەوە

پێشەکی – بەپێنووسی مستەفا ساڵح کەریم

خوێندەواری خۆشەویست:

ئەمجارە لەسەر داواکردنی نووسەری گەنجی دڵسۆز کاك (محەمەد سدیق عارف) جۆرە نووسینێکی ترت پێشکێش دەکەم کە دەبێ لە هەموو کاتێکدا هەقی خۆی بدرێتێ و جێگەی تایبەتی خۆی بۆ تەرخان بکرێ لە ئەدەبدا، ئەمەش کە دەیڵێم مەبەستم لە «لێکۆڵینەوە»یە.

جا ئەگەر هاتو زانیمان کە شیعر و چیرۆك دوو لقن لە (ئەدەبی ئینشائی) دەبێ ئەوەش بزانین کە (ڕەخنە) و (لێکۆڵینەوە)ش دوو لقن لە (ئەدەبی تەوجیهی[*]) بەڵام

(*) ژمارە دوو کۆواری شەفەق «کورد و شیعر».

کاتێ کە زانیت ئەم دوو بەشە جڵەوگری ئەدەبی ئینشائین و ماوەی ئەوەی نادەن کە لە سنوور لابدا ئەو حەلە بەتەواوی سوودی رەخنە و لێکۆڵینەوەکەت بۆ دەردەکەوێ(**) جا بەو بۆنەیەوە زۆرم پێ خۆش بوو کە (ئەم نووسەرەی ئێستا پاش ماوەیێکی کەم دەست دەکەی بە خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکەی) ئەم بەرهەمە ئەدەبییەی هێنایە کایەوە، چونکە بەڕاستی تا بەری شیعر و نووسین ئاوا بەرەڵا بێ و بێ خاوەن بێ و لێی نەپرسرێتەوە ئێمە ئیشمان خراپە، ئەدەبی کوردی لەم دەورەیدا زۆر پێویستی بە رەخنە و لێکۆڵینەوە هەیە تا چاك و خراپ لێك جیا بکرێتەوە و هەمووی نەبێ بە هەرەمە.

ئەم نامیلەکەیەی کە لە بەردەستتایە رەنگە لە هەندێ بیروڕایدا من لەگەڵیدا نەبم، دەشگونجێ کە تۆش لە هەندێکیدا بیروباوەڕتان یەك نەگرێ، بەڵام هەر چۆنێ بێ ئەمە هەنگاوێکی زۆر پیرۆزە لە – ئەدەبی تەوجیهی –دا، چونکە ئێمە ئێستا جگە لە [شیعر و ئەدەبیاتی] مامۆستای مەزن رەفیق حیلمی هیچ جۆرە (دراسە)یەکمان نییە لە شیعری کوردیدا.

لێرەدا دەمەوێ ئەوەش لە یاد نەکەم کە لەبەرئەوەی نووسەر بەزۆری لەسەر هۆنراوەی کۆن و نوێ دواوە بەلای منەوە دەبووایە نامیلکەکەشی [لێکۆڵینەوەیەك لە هۆنراوەی نوێ] بووایە نەك – کامەران و هۆنراوەی نوێ –، بەڵام دیارە ئەم مەبەستی لەمە ئەوە بووە کە بەزۆری لە شیعرەکانی «کامەران» بدوێ چونکە خۆی دەڵێ: «کامەران نزیکترین شاعیرمانە لە هۆنراوەی نوێ»...

خوێندەواری بەنرخ:

وەکو لە سەرەتاوە وتم: ئەگەر ئەم نامیلکەیە زۆر گەییویش نەبێ دڵنیابە کە کاڵ و کرچ نییە بگرە نووسەرەکەی دڵسۆزانە هەوڵی تێدا داوە و بەپێی دەسەڵاتی خۆی خزمەتی ئەدەبی کوردی کردووە بەتایبەتی بۆیە بەخزمەتێکی باشیشی دادەنێم چونکە – لێکۆڵینەوە –یە، بەڵام من لەم پێشەکییەدا بەچاونووقاندن لەوەی کە کاك «محەمەد سدیق» نووسیویەتی و کە خۆت دەیخوێنیتەوە دەمەوێ لەم هەلەدا بیروباوەڕی خۆم بەرامبەر بەشیعری کۆن و نوێ بنووسم، بەتایبەتی لەبەر ئەوەشە کە لە هەندێ باسی

(**) داخەکەم لای ئێمە تا ئێستا لە (رەخنە) نەگەیشتووین کە ناوی (رەخنە) هێنرا کوتوپڕ تیروتوانج و پلارمان بیر دەکەوێتەوە.

ئەم نامیلکەیەدا کاکی نووسەر هێرش دەباتە سەر (هۆنراوەی کۆن)، کە من لەوەیاندا لەگەڵیدا نیم... لەبەر ئەوە حەز دەکەم کەمێکی ئەم کاتەت تەرخان کەی بۆ خوێندنەوەی ئەم باسەی خوارەوە:

**هۆنراوەی کۆن و هۆنراوەی نوێ:**

تا زەمان بێ و تا گێتی بەرەوپێش بڕوات دەبێ – کۆن و نوێ – هەر هەبێ و لە شێوەی دوو هێزدا کە بەرەنگاری یەك دەبن و دەکەونە زۆرانبازی و تێکۆشانی ئەمیان و پێ لە زەوی چەسپکردنی ئەویان، بەڵام دیارە کە (نوێ) خۆی دەسەپێنێ و (کۆن) بەجێ دەهێڵی لەژێر ڕەوڕەوەی مێژووی تیژتێپەڕا کە هەر بەرەوپێشەوە دەڕوات. بەڵام کە باسی ئەم – کۆن و نوێ –یەمان هاتە سەر هۆنراوە (شیعر) باسەکەمان دەبێ بەجۆرێکی تر لێی بدوێین، چونکە مانای ئەو چەند دێرەی سەرەوە ئەوە نییە کە شیعری کۆن بخەینە پشتگوێ (ئەو هۆنراوە بەنرخانەی کە شاعیرە هونەروەرە نەمرەکانمان هێناویانەتە (وجود))، ئەمە هەروا خۆڕایی نییە کە شیعری کوردی لە هەزاران ساڵەوە هەر بووبێ و هەر مابێ چونکە سامانێکی نەتەوایەتییە و هەرگیز لە بیر نەچووە، جگە لەوەی کە ئەم سامانە شیعرییە کۆنە جێگەی شانازیمانە بە کوردایەتیمان و بە زمانەکەمانەوە تا هەناسەمان تێدا بمێنێ تەنیا ئەوەندەیە هەموو شتێکی تازە تامێکی تایبەتی دەدا بەتایبەتی ئەگەر هاتو شیعریش بوو. ئەو پێشکەوتنەش کە لە شیعردا دیاری داوە یان ئەو گۆڕانەی بەسەریدا هاتووە گۆڕانێکە لە ڕەگوڕیشەوەیە ئەگەر بێتو بەراوردی بکەین لەگەڵ شیعری رابردوومان‌دا بەپێی دابەشکردنی [کلاسیکی] کە دەورەکانی ئەدەبی کوردی لێك جیا دەکاتەوە، هەروەها دەبینین بازدانێکی یەکجار جوانە بەپێی زەمان چونکە بریتییە لە (دینامیکییەتێکی) زیندوو وە بە وشکوبرنگی نەماوەتەوە، بگرە نەرمییەکی ئەوتۆی دەرخستووە، کە بەپێی پێشکەوتن و مێژوو بڕوات لە ناخۆشترین و ڕەشترین ڕۆژماندا.

وە لەبەرئەوەی کە هەردەم ئیمانی بە دواڕۆژ و سەرکەوتن و بەهاری ڕاستی کورد هەبووە، بۆیە توانیویشییەتی بەربەرەکانی جەور و ستەم بکات و هیچ هێزی خۆی لەبەریدا ڕانەگرێ.

ئێمە ئێستاش کە شیعری میری شاعیرانی کورد (مەولەوی) دەخوێنینەوە سەرسام دەبین لەو مانا بەرزانەی کە بەخەیاڵی ئەو بلیمەتەدا هاتووە وە ناچارین کە سەری لە

عاست دابنەوێنین یان، کە سەرنج لە شیعری پیرەمێرد و زێوەر و بێکەس و حاجی کۆیی دەدەین ئەوەندەی کە بڕوامان بەهێز دەبێ کە ئەم جۆرە شیعرانە هەرگیزاو هەرگیز نامرن و چینی دوای ئێمەش هەر بەشانازییەوە شیعری ئەو هەڵکەوتووانە دەبێ بەوێردی سەر زمانیان.

بەڵام ئەوەی کە شایانی باس بێ هۆنراوەی نوێ جیاوازییەکی قووڵی هەیە لەگەڵ هی کۆندا نەك هەر لە ڕووی (شکڵ) و (ئەداء)ەوە بگرە لە رووی بابەت (موضوع) و ناوەخنیشییەوە (مضمون) چونکە شاعیرانی دەوری تازە (خبرە)یێکی تازەیان پەیدا کردووە، وە بەتەجرەبەیەکی پڕ پیتا ڕۆیشتووین، لەبەر ئەوە هیچ سەیر نییە کە بیروباوەڕیان لە شیعرەکانیاندا بەتەواوی لەگەڵ ئەم دەوری خێرایی و سەدەی ئەتۆمەدا بگونجێ، وە شاعیری ئێستاش ئەو مرۆڤەی جاران نییە کە دەبێ لەبەر پلاری زەمان و ترسی ژیان و شیعر بۆ ئاغا و بەگلەری دیوەخانان بڵێ تا کاتی پێ بەرنە سەر، بگرە شاعیری تازە ئەوەیە کە دەبێ بەردەوام پێشڕەو بێ و هەرگیز پێشەنگ بەرنەدا – چونکە ئەگەر هاتو میللەت هەڵگەڕانەوە و بێ باری لێ دێ ناوی دەسڕێتەوە لە مێشکی خۆی دەردەهێنێ.

ئا لەبەر ئەمانە دانانی هۆنراوە بەپێی شێوازی نوێ کە زۆر جیاوازیی هەیە لە کۆن و گوێنەدان بە قافیە و سەیرکردنی مانا بەگرینگییەوە هەمووی بەپێی «ظروفی» ئێستای ژیانمان بوو، وە جیاوازییەکەشی زۆری لە – مضمون–دایە وەکو لەمەوپێش باسمان کرد، کەواتە «هۆنراوەی نوێ» هەرگیز مانای ئەوە نییە، کە ئێمە پشت هەڵدەکەین لە سامانی شیعری کۆنمان ئەو شیعرە کە وتم و دەیڵێم: «کە هەرگیز ئەو جوانییە و ئەو داڕشتنە و ئەو مانایە و ئەو خەیاڵە بەرزەی تێیدایەتی نەفەوتاوە و نافەوتێ!!».

**دواڕۆژی هۆنراوەی کوردی نوێ:**

ئەگەر لەلایەکی تریشەوە بەچاویلەکەیەکی ئەوتۆ سەیری شیعری کۆن بکەین کە وەك تیشکی «ئێکس» بیخاتە پێش چاومان دەردەکەوێ کە بەڕاستی مەسەلەی «دڵداری» و «خەتوخاڵ» و «چاو و برۆ» بەهێزترین شت بووە کە زۆری شاعیرەکان خۆیانیان پێوە خەریك کردووە، هیچ شتێکی تر نەبووە دووریان خاتەوە لە «پەرچەم و گۆنا» بەڵام کە شاعیر لەمەودوا پشوویەکی بە بەردا هاتەوە و کەمێك قووڵتر بیری

کردەوە بۆی دەرکەوت کە «دڵداری» شتێك نییە خۆی تێدا ون بکا و هەموو ئامانجێکی تری لە بیر بەرێتەوە، وە بیروباوەڕێکی ئەوتۆ لە شیعردا دیاری دا کە هەر نووکی قەڵەمیان خستە سەر کاغەز ئەوەیان بەبیردا بێت کە «داری ئازادی بەخوێن ئەو نەدرێ قەت بەر ناگرێ» ئا بەپێی ئەم تێگەیشتنە تازەیە دەستەیەك شاعیری رۆمانسی هاتنە مەیدان و وەك (بێکەس و گۆران و هەردی و دڵدار و شێخ نووری)، لەم دەستەیەشدا «گۆران»ی بلیمەت شۆڕشێکی بەرپا کرد لە شیعری کوردیدا وە بوو بەپێشەنگی شاعیرانی هۆنراوەی نوێ، هەرچەندەلە پێش ئەودا «شێخ نووری» لەم هونەرە تازەیەدا بەشدار بوو، بەڵام سەرکردەی ئەم ئینقیلابە (گۆران) بوو(*).

«هەردی» شاعیریش هەر لەسەر رێوشوێنی ئەو بلێسەی شیعری تا دەهات گەرمتر و بەجۆشتر دەبوو(**) دوا بەدوای ئەم دەستەیەش چینێ شاعیری تر هاتنە مەیدان وەك (ع. ح. ب و کامەران و دیلان) بەڵام کامەران بەتەواوی شیعرەکانی گۆران کاریان کردووەتە سەر شیعری.

ئا بەم رەنگە نەخشەی شتێکی نوێ کێشرا لە ئەدەبی کوردیدا و ناوی نرا «هۆنراوەی نوێ»، ئەو هۆنراوەیەی کە ئاوازێکی مۆسیقیی تایبەتی تێدا هەست پێ دەکەی لە سەرەتایەوە تا کۆتایی، کە هەرگیز توانای ئەوەی نییە وا سەرزار رەخنەی لێ بگری و حوکم بدەی بەسەریدا تا بەوردی تێی نەگەی ئەو هۆنراوەیەی بێگومان دواڕۆژێکی باشی دەبێ لە گێتی ئەدەبی کوردیدا بەپشتیوانێکی زۆریشەوە.

خوێندەواری خۆشەویست! لێرەدا ئەم باسە رامان دەکێشێت بۆ سەر شتێکی تر... ئێمە کە لە شیعری نوێ دەدوێین دەبێ هەموو لایەك ئەوە بزانن کە هەرگیز مەبەستمان لەو (وردە لاواندنەوە)یە و ئەو تیپە ریزکراوانە نییە، کە هەندێك خۆیان ناویان لێ ناوە (شیعری نوێ) و لە راستیشدا شیعر بە (کۆن و نوێ)یەوە بەر لەوانە... چونکە نەیانتوانیوە قافیەی بۆ دابنێن و چەند وشەیەکی سادەی دەستکردیان بە دانەچیرە و زۆر لە خۆکردن نووسیوەتەوە و ناویان ناوە «هۆنراوەی نوێ» بەڵێ، هۆنراوەی نوێ

(*) شیعر و ئەدەبیاتی مامۆستا «رەفیق حیلمی» بەرگی دووەم.

(**) داخەکەم «هەردی» گەلێ شیعری نایابی هەیە و لە (رازی تەنیایی)دا نییە، هەروەکو ئەوەمان لە کیس چووە خۆشی خستووەتە کەنار و ئەم هەموو خوێندەوارانەی بێ بەری کردووە لەو گیانە شیعرییەی کە تێیدایەتی... نازانین کەی و چۆن دەجووڵێ... چاومان چاوەڕوانە.

باشترین گورزه بەدەستەوە بگیرێت لەم ڕۆژانەدا، بەڵام دەبێ ئەوانە باش ئەوە بزانن کە گورزەکەی دەستیان قرچۆکە هاکا تاڵ تاڵ هەڵوەریو بەدەستی بەتاڵ مانەوە.

بەڵام – هۆنراوەی نوێ – کە بەهەموو مانایەك نوێیە پێشەنگی کاروانی ئەدەب دەگرێ و دەڕوات و دەبێ هەر بڕوات بەرەو ئامانجی پیرۆزی کورد، – با گورگیش هەر بلوورێنێ–.

خوشك و برا خوێندەوارەکان:

هاندانی ئەم جۆرە نووسینانە پێویستە چونکە ئەمانەیە کە لە ئەنجامدا دەبنە هۆی تەتەڵەکردنی – ئەدەب –، وە دەبێ هەموو کاتێك ئامادە بین بۆ ئەوەی کە یەکێك دێت لە نووسینەکانمان، یان لە شیعرمان، یان لە چیرۆکان بکۆڵێتەوە و چاك و خراپیان لێك جیا بکاتەوە، دەبێ ئەوەش بزانین کە (رەخنە)ی زانیاری مانای هێرش نییە، (رەخنە)، شەڕەقسە و بەسەر یەکدا خوێندن و یەکتر شکاندن نییە، (رەخنە) تەرازوویەکە بۆ ئەوەی ئەدەبی پێ لە سەنگی مەحەك بدرێ...

وابزانم ئیتر کاتی ئەوە هات کە من بە یەزدانت بسپێرم و دەست بکەیت بەخوێندنەوەی نامیلکەکە.

ئیتر بەئامانج گەیشتنمان و پێشکەوتنی ئەدەبەکەمان ئاواتی هەموو لایەکە...

مستەفا ساڵح کەریم

مامۆستا لە قوتابخانەی مەڵکەندی – سەیوان –

سلێمانی ١٩٥٨/٩/٢٣

## ناتەواوییەکی تری ئەدەبەکەمان(١)

لەم پلەیەی ئەدەبەکەماندا، کە لە سەرەتای ڕاپەڕینێکدایە، دوو شت پێویستە زۆر گوێی بدرێتێ، یەکەمیان روونکردنەوەی رووە رووناکەکانی کە گومانی تێدا نەماوە رووی روونـاکی ژوورەکە شایانی شانازیی گەلی کورد بێ. ئەمەش بوو بووژاندنەوە و

(١) ئەم وتارە هەرچەندە لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە (١٣٥٢)شدا بڵاو کراوەتەوە. بەڵام لەبەرئەوەی پێوەندیی بەم باسەوە هەیە، بەپێویستم زانی دووبارەی کەمەوە.

ژیانەوەی ئەدەبی کوردی، دووەمیشیان دەرخستنی ئەو ناتەواوی و بەرهەڵستییانەی ڕێگەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی پێ دەگرن. کە لە ئەنجامی ئەمیشیاندا بازاڕی گەرم دەبێ، نووسەران دێنە جۆشگری دواندن و بەربەرەکانێ و بەیەکدادان و لە گشت کون و قوژبنێکی ئەدەبەکەمانەوە بەرز دەبێتەوە، ڕەخنە و ڕەخنەگرتنیش پێ دەگەن و دەوری بالای خۆیان دەگێڕن. ئەوسا ڕەش و سپی بەئاسانی لەیەك جیا دەکرێنەوە. چاك و خراپ دەناسرێن.

مەبەستم لەوەیە کە بڵێم: ئەدەبەکەمان لە ئێستەدا، هێندەی پێویستی بەهێنانە بەرهەمی شیعر و چیرۆك هەیە، پترتر پێویستی بەدانانی پەراو هەیە لەبارەی دواندن و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە و دەربڕینی بیروباوەڕدا. چونکە کە جووڵاندنەوەیەك نەبێ لەم بابەتە، ئەدەبەکەمان بەپاڵێوێ و چارەسەرێك بۆ ناتەواوییەکانی دابنێ بەرهەڵستییەکانی سەر ڕێگەی تەختکات، بێگومان وەك نەمامێکی بێ ئاوی وشکهەڵاتووی لی دێ.

بوونی ئەم ناتەواوییە کارێکی گەورەی کردووەتە سەر ئەدەبەکەمان، وە هێندەی تر بە ناخی کەمتەرخەمی و ساردی و وشکیدا بردوویەتییە خوارەوە.

ئایا گەلەکەمان ئەدەبەکەی خۆی چۆن بناسێ؟!. چۆن ڕادەی پێشکەوتن و یا ناتەواوییەکانی بزانێ؟!. وە نووسەر و شاعیرەکانیشمان چۆن دەستنیشانی بکەن؟!. هەروەها چۆن بەبێگانەی بناسێنن و بەچیدا ڕوونی بکەینەوە بۆیان؟!. لە کاتێکدا کە هێشتا چەند نووسراوێکی ئەوتۆمان نەهێنابێتە بەرهەم لەبارەیەوە بدوێ و یەکاڵای بکاتەوە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لێی نزیك ببنەوە و شتێکی لێ بزانن.

من دڵنیام کە بەشێکی زۆری خوێندەوار و بگرە لە ڕۆشنبیرەکانیشمان «دەمیان دەچێتە کلیلە» ئەگەر پرسیارێکیان لێ بکەیت لەبارەی ئەدەب و زوبان و مێژووی نەتەوەکەیانەوە. لە کاتێکدا دوور نییە لەبارەی ئەدەبی گەلەکانی تر زانیارییەکی باشیان ببێ. جا هۆی ئەمە چییە؟ من گوناهی ئەو کەسانە ناگرم، بگرە گوناهـ لە ئەستۆی ئەو ناتەواوییەیە کە لە سەرەوە باسم کرد.

بەڵێ بۆ نەهێشتنی ئەم ناتەواوییە پێویستیمان بەدەیان نووسراوی وەك «مێژووی ئەدەبی کوردی» مامۆستا سەجادی هەیە. دەیانی وەها تا خوێندەوارانی کورد ئەدەبەکەی خۆیانی پێ بناسن و شتێکی لێ بزانن. بەڵام ئاخۆ جگە لە ژمارەیەکی زۆر

کەم لەم نووسراوانە کە بەپەنجەی دەس دەژمێردرێن، چیی ترمان هێناوەتە بەرهەم لەم بارەیەوە؟. کەی تا ئێستا بەدرێژی لێکۆڵینەوەیەکمان خراوەتە پێشچاو لەبارەی شیعری کوردی کۆن و تازەیەوە لە نووسراوێکی تایبەتیدا؟!. وە یا چارەسەر «معالجة»ی چیرۆکی کوردی کرابێ؟!. یاخۆ بە بڵاوی باسێکی کەموکوورِییەکانی ئەدەبەکەمان کرابێ؟!. ئەمانە و زۆر باسی تریش لەم بابەتە، هیچیان نییە و نەبووە و ئێستا بەدەیان باسی ئەوتۆ هەن کە پێویستە لێیان بکۆڵرێتەوە و دەیان نووسراویان لەسەر دابنرێ، کەچی مەیدانی گشت ئەو باسانە چۆڵە و یەکێك نییە رِمبازێنیان تێدا بکات!. پێویستە لایەك لەم ناتەواوییە بکەینەوە. سەرنجێك بدەینە ئەدەبەکەمان، وە لە ئەدەبی گەلەکانی تر ورد ببینەوە و سوودیان لێ وەرگرین، ناتەواوییەکانی دەرخەین و چارەسەریان بکەین. لە هەر سووچێکەوە ماوەی نووسینمان ببێ بنووسین، تا جووڵانەوەیەك لەم جۆرە دەخەینەوە.

## هۆنراوەی نوێ

وێژەش وەك هەموو بارێکی تری ژیان دەگۆڕی، پەرە دەسێنێ و پێش دەکەوی. بناوانی دارِزاوی کۆن هەڵدەتەکێنێ و هی تازەی لە جێ دادەرِێژێ، بەجۆرێك لەگەڵ پێویستییەکانی ئەو دەمەیەدا بگونجێ. چونکە هەر دەمەیەك قەوارەیەکی تایبەتی خۆی هەیە و هی ئەوی پێشووی لێ دەبێتە سپڵی لاورگ.

کە نوێ هات کۆن جێگەی نامێنێ لە کایەدا. مردنی خۆی لە خۆیدا هەڵدەگرێ، چونکە ناتوانێ هەڵسێ بەو پێویستییانەی دەمەی تازە دەیانخاتە ئەستۆی. لەبەر ئەوە خۆشی بێ و ترشی بێ، دەبێ بکشێتە دواوە. دەبێ مەیدان چۆڵ بکا بۆ نوێ، بەپێی یاسای پەرەسەندن (قانون التطور). لەدایکبوونی ئەو نوێیەش، زۆرەملێ و گەرِەلاوژێنی نییە. بگرە ئەو یاسای پەرەسەندنەیە دەیسەپێنێ، وە دەشیچەسپێنێ.

هەروەها ئەو پەرەسەندنەش لە خۆیەوە نایەت. ئەویش هێزێکی دەوێ دروستی بکا، بیجووڵێنێ و بیهێنێتە جۆش. ئەو هێزەش ئادەمزادە، گەلە. کە، گەل جووڵە و هەنگاوی نا بۆ پێشەوە، جۆری ژیانیشی دەگۆڕێ. پێ شدەکەوێ و دەچێتە پلەیەکی ترەوە. ئیتر پلەی پێشووی دەچێتە ئەستۆی مێژوو، وە گەرِاندنەوەی بۆ نییە.

بەڵام خۆ وەنەبێ کۆن هەروا زوو خۆی بدا بەدەستەوە و سووك و ئاسان بەمردنی

هەمیشەییی خۆی رازی ببێ. نەخێر.. بگرە لە سەرەتاوە دەکەوێتە خوگیڤکردنەوە و پەلاماردان. خۆجیرکردنەوە و من نا.. من نا!! ئینجا شین و شەپۆڕ و لنگەفرێ، تا لە ئەنجامدا لەژێر تیشکی رۆژی نوێدا، وەك مۆم دەتوێتەوە.

جا هۆنراوەش (بەشێکە لە وێژە)، بەگۆڕینی ژیان دەگۆڕدرێ، بەپێشکەوتن و پەرەسەندنی، پێش دەکەوێ و پەرە دەسێنێ. وە بۆ ئەوەی ئەم بارەیەمان باشتر لا ڕوون ببێتەوە، با بەکورتی باسێکی چۆنیەتیی پێکهاتنی هۆنراوە بکەین لە بناغەوە، یانی لە بەرەبەیانی ژیانی ئادەمزادا.

ئادەمیزاد لە بەرەبەیانی ژیانیدا، بەر لە هەموو شت ڕووبەڕووی سروشت وەستایەوە. لەبەر ئەوە پەنای بردە بەر ئەفسانە، تا بتوانێ ئەو سروشتە رازی بکا و پێویستییەکانی ژیانی پێ بدا. وەکو ئەگەر بارانی ویست سەمایەك (رقص) پێشکێش بکا کە لاساییی هەورەتریشقە و برووسکە و خرمەخرمی بارانەکەی پێ بکاتەوە!. ئەوسا سروشت بەزەییی پێدا دێتەوە و بارانی بۆ دەبارێنێ. بەمجۆرە دەبینین چۆن هەر لە سەرەتاوە، هونەر پێوەندیی پەیدا کرد، لەگەڵ ئەفسانەدا بێگومان ئەو سەماکردنەش، جووڵانەوە و هاوار و دەنگێکی ئاوازینی تایبەتی لەگەڵ خۆیدا پێك هێنا، یانی سەماکردنەکە ئاوازیشی چووە پاڵ. ئەمە پێش ئەوەی ئادەمیزاد فێری قسەکردن ببێ و زمانێك بۆ خۆی پێك بێنێ. بەڵام وەختێ کە توانی ئەو دەنگ و هاوارە ئاڵۆزاوانەی بەرەبەرە ڕوون بکاتەوە و وشەیان لێ دروست بکا، ئەوسا توانیشی لە کاتی سەماکردنەکانیدا، وشە بخاتە پاڵ یەك و گۆرانییەك بڵێ کە بریتی بێ لە ئاواز بۆ سەماکردنەکەی، یان بریتی بێ لەو دەنگ و هاوارە ئاڵۆزاوانە، وە لەبەرئەوەی ئادەمیزاد لە سەرەتای ژیانیدا، ژیانێکی کۆمەڵی (جماعي) دەژیان، ئیتر گۆرانییەکانیشی هەر بەوەوە نەوەستا، تەنیا لە سەماکردندا بوترێ، بگرە لە کاتی هەڵسان و دانیشتن و ئیشکردنی کۆمەڵیشیاندا دەیانوت. وە لەو گۆرانییانەشیاندا، حەز و ئارەزوو و هیوا و ئاواتە ساکارەکانیان دەردەخست. بەمجۆرە لەو گۆرانییانە، هۆنراوە هاتە کایەوە. وە یاخۆ هۆنراوە، ئەنجامی ئەو سەماکردن و هاوار و دەنگە ئاوازییانە بوو.

کەوابوو هۆنراوە، هەر لە سەرەتاوە بەستراوە بەرەگوریشەیێکی کۆمەلایەتییەوە یانی لەبارەی ناوەڕۆکەوە (المحتوى)، نیشانەیەك بوو بۆ یەکگرتنی ئادەمیزاد لە ئیشکردنی کۆمەڵێدا. وە بۆ هیوا و ئاوات و حەز و ئارەزوویان. وە لەبارەی شێوەشیەوە (الشكل)

ئاواز و لێدانی (الایقاع) لە چۆنیەتیی ئەو ئیشکردن و هەڵسان و دانیشتنەیانەوە وەرگـرت. زۆر دووریش نـەڕۆیـن، تـا ئـێستـاش ئـەو گۆرانییانەی وەرزێرەکـانـی لای خۆمـان، لە وەختی دروێنەدا دەیڵێن، لە ئاواز و لێداندا لەگەڵ چۆنیەتیی ئیشەکەیان دەگونجێ. دوای ئەوەی شتێکمان لە چۆنیەتیی پێکهاتنی هۆنراوە زانی لە بناغەوە، با ئینجا بزانین هۆنراوەی نوێ چییە؟. بۆ، وە چۆن لە بناوانەکانی (قواعد) هۆنراوەی کۆن یاخی بوو؟.

خۆڕزگارکردن لە کۆت و زنجیری (وەزن و قافیە)ی کۆن، یەکێکە لە ئامانجەکانی هۆنراوەی نوێ. با جارێ لەبارەی (وەزن)ەوە بدوێین.

وەکو وتمان: هۆنراوە لە بناغەوە، ئەنجامی پێویستییەکی کۆمەڵایەتیی ئادەمزاد بوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە هەر دەمەیەکدا، شێوەی کۆمەڵەکەی (المجتمع) وەردەگرێ. جا بەم پێیە، ئەگەر هاتو ئەو کۆمەڵە گۆڕا و چووە پلەیەکی لە پێشترەوە، مانای ئەوەیە هۆنراوەش دەبێ لەگەڵیدا بگۆڕێ و شێوەی ئەو دەمە تازەیە وەربگرێ. بەمجۆرە وەزنیش، کە برێتییە لە ئاوازی هۆنراوە، پێویستە بگۆڕدرێ. چۆن؟ ئاوازی هۆنراوەی کۆن لە یەکپارچەییی وەزنەکەیدا بوو. لەبەر ئەمە ئەو ئاوازە رووکەشی و بێ تام دەردەچوو. لە کاتێکدا ئاوازی هۆنراوەی نوێ، بەر لە وەزن و قافیە، لە مانای هۆنراوەکەدا خویایەتی. لە سەرنجی قووڵ و دەربڕینی (تعبیر) بەهێز و گونجاندنی وشەکانی و داڕشتنیاندایە. کەوابێ، ئیتر پێویستی بە وەزنی یەکپارچەیی نییە. یانی شاعیر بۆی هەیە، یاری بەو وەزنە بکا و بەئارەزووی خۆی هەڵی سووڕێنێ. وە لە ئەنجامدا رزگاری دەبێ لەو کۆت و زنجیرەی هۆنراوەی پێی بەسترابووەوە. ئینجا ئەوسا ماوەی دەبێ، چی لە دڵدا بێ، بێ کەموکووڕی دەری بڕێ. وە بێگومان ئەوەشی ئەم جووڵانەوەیەی هێنایە ئاراوە، ئەوەیە کە پێویستە مانا بخرێتە سەروو شێوەوە! بـۆچـی؟ چـونکـە هـۆنـراوەی کۆن بـووبـووە کلك لـە ژیـانـدا... بـووبـووە زوڕنـایـەك و بـۆ چینێکی تایبەتی لێ دەدرا!!. لە کاتێکدا هۆنراوەی نوێ دەیەوێ پەیامێك بگرێتە ئەستۆ. پەیامی هاوبەشیکردن لە زۆرانبازیی ئادەمزاد لەگەڵ ژیان. وە دەیەوێ، لە باتیی ئەوەی بەشان و باهۆی زۆردارێکی خوێنمژدا هەڵدا، بەولاوە چالاکە بەجەرگەدا کە گیانی خۆی بەخت دەکا بۆ نیشتمانەکەی لە باتیی ئەوەی زوڕنا بۆ چینێك لە (خوا پێ داوان) لێ بدا، گۆرانیی شادی و بەختیاری بۆ گەل و نەتەوەکەی بڵێ. لە بی ئەوەی بەدوژمنێکی تایبەتی خۆیدا هەڵبخوێنێ، ئەو رق و کینەیەی وەك تێزاب بڕژێنێتە

چاوی دوژمنی گەلەکەیەوە. ئەمانەیە ئامانجەکانی هۆنراوەی نوێ، کە بێگومان وەزنی کۆن هەر لە بێشکەدا دەیانخنکێنێ و دەبێ لە مێشکی شاعیرە بەسەزمانەکەماندا ژەنگ هەڵبێنن.

وە هەروەها بۆ قافیە، ئێمە وتمان: ئاوازی هۆنراوەی نوێ بەستراوە بە چۆنیەتیی ئیشکردن و هێنانە بەرهەم (الانتاج). وە چۆنیەتیی ئەو کارەساتەی شاعیر لەسەری دەنووسێ. جا لەبەرئەوەی کە ئەمیش (یانی قافیە)، هەر بۆ ئەوەیە دەنگ و ئاوازێکی کاریگەر بدا بەهۆنراوەکە، کەوابوو دەبێ بگۆڕدرێ و وەها بێ نەبێتە بەرهەڵست لە دەربڕینی مانای هۆنراوەکەدا.

ئیتر سا یا جووت، جووت بگیرێ و یا بەیناوبەین، وە ئەگەر هەر ناچاری بوو، ئەو قافیەیە بکرێ بە قوربانی ماناکە و وازی لێ بهێنرێ، یانی هیچ پێویست ناکا، شاعیر لایەکی بیرکردنەوەی تەرخان بکا بۆ هێنانەوەی قافیە.

بەمجۆرە بۆمان ڕوون بووەوە کە هۆنراوەی نوێ پێویستییەکی مێژووییە و خۆی دەسەپێنێ بەسەر ئەم دەمەیەدا کە تێدا دەژین. وە هیچ هێزێك نییە ڕێگەی لەدایکبوون و پەرەسەندنی پێ بگرێ ئەگەرچی ڕێگە پیگرتنیشی تا ڕادەیەك گیری دەدا.

## هۆنراوەی نوێ لە ویژەی کوردیدا

ئاخۆ دەتوانین بڵێین: ئێستا «هۆنراوەی نوێ»، بەمانای ئەو هۆنراوەیەی لە سەرەوە باسمان کرد، لە ویژەی کوردیدا هەیە؟ بێگومان نەء، نییە و پێویستە دان بەمەدا بنێین. وە لە ئێستا بەدواوە چارەسەرێکی ئەم ناتەواوییەمان بکەین. بەڵام لەلایەکی ترەوە، دەتوانم بڵێم: ئەو هۆنراوەی نوێیە، لە ویژەی کوردیدا تۆوی چێنراوە وە ئەگەر پەروەردە بکرێ، زۆری پێ ناچێت سەر دەردێنێ. بگرە ئەوەتا تاکوتەرا سەریشی دەرهێناوە و هەندێ لە شاعیرە گەنجەکانمان ڕوویان تێ کردووە، ئەگەرچی هێشتا ناتەواوی و کەموکووڕیشیان زۆر زۆرە.

بێگومان گواستنەوە لە کۆنەوە بۆ نوێ، بەیەك باز نابێ. ماوەیەکی گوێزانەوەی ڕێگە بەرپاکەری ئەوێ (فترة الانتقال)، جا جێگەی شادمانییە کە بڵێین:

هۆنراوەی کوردی لە دەمێکەوە چووەتە ئەو ماوەی گوێزانەوەیەوە، لەو ماوەیەش بێ کەموکورتی پێویستی سەرشانی خۆی بەجی هێناوە. هەموو بارەیەکی ئامادە کردووە

و ڕێگەی پاك كردووەتەوە بۆ لەدایكبوونی هۆنراوەی نوێ. ئێستا با باسێكی ئەو ماوەی گوێزانەوەیە بكەین.

لە سەدەی نۆزدەمدا، هۆنراوەی كوردی لە گێژەڵووكەی ڕۆمانسییەتدا دەخولایەوە و بینی گرتبوو. گەیشتبووە ئەوپەڕی جۆش و خرۆش و بەتینی. (مەولەوی) رووی كردبووە (تصوف). تەسەووفێكی تێكەڵ بەفەلسەفە. (نالی) و (ناری) (سالم)، ڕوویان كردبووە غەزەل. (شێخ رەزا) پێدا هەڵخوێندن و ستایش.. هتد. كەوابوو ئامانجەكانی هۆنراوەی كوردی، لەو دەمەیەدا، برێتی بوون لە غەزەل و تەسەووف و پێدا هەڵخوێندن و ستایش. ئەمە لەلایەكەوە، وە لەلایەكی تریشەوە هۆنراوەی كوردی، تا ڕادەیەكی بەرز پەیڕەوی هۆنراوەی فارسیی دەكرد. وە ئەمەش لە چەند هۆیەكی كۆمەڵایەتییەوە بوو، كە لێرەدا ماوەی باسكردنیمان نییە.

هۆنراوەی كوردی سەدەی نۆزدەمی بەمجۆرە بردە سەر، بەڵام ئەوەی شایانی باسكردن بێ بۆ ئێمە، لەم ماوەیەدا، دەركەوتنی (حاجی قادری كۆیی) بوو لە ئاسمانی هۆنراوەی كوردیدا.

(حاجی قادر) بەگیانێكی ترەوە، هاتە كۆڕی هۆنراوەوە. لە كاتێكدا شاعیرەكانی تر، هەروەكو وتمان ئامانجی هۆنراوەكانیان بریتی بوون لە (تەسەووف و غەزەل و پێدا هەڵخوێندن و ستایش)، ئەم پەلی هاویشت بۆ بارەی نیشتمانپەروەری و كۆمەڵایەتیش. دەرگەی ئامانجێكی تری لە هۆنراوەی كوردیدا خستە سەرپشت. هەروەكو لە شێوەی نووسینیشدا تا ڕادەیەك دەسكاریی كردووە گۆڕینێكی بەسەر هێنا. ئەمەش بێگومان ئەنجامی ئەو پەلهاویشتنە بوو، بۆ بارەی نیشتمانپەروەری و كۆمەڵایەتی. چونكە نەیدەتوانی، هەر لەسەر ئەو شێوەی كۆنە، هۆنراوەیەكی نیشتمانی، وە یا كۆمەڵایەتیمان بۆ بنووسێ. بەڵگەش بۆ ئەمە، غەزەلەكانییەتی كە ئەم حاڵەتەیان تێدا نابینین، یانی هەر لەسەر لاساییكردنەوە (تقلید) ڕۆیشتووە تێیاندا.

جا ئەم جووڵاندنەوەیەی (حاجی قادر)، سەرەتای ئەو ماوەی گوێزانەوەیە بوو، وە یاخۆ دەتوانین بڵێین: یەكەم هەنگاویەتی . سەدەی بیست هات، سەدەی پێشكەوتن و پەرەسەندن لە هەموو بارەیەكی ژیانەوە. سەدەی بووژاندنەوەی گیانی نەتەوایەتی و ڕاپەڕینی گەلان، تێكۆشان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و ژیانێكی باشتر. پرشنگی ئەم پەرەسندنە بێگومان گەلی كوردیشی گرتەوە، هەروەها لە هەموو بارەیەكی ژیانەوە. كەوابوو دەور گۆڕا و دەمەیەكی نوێ هاتە كایەوە. بەم پێیە هۆنراوەش دەبێ بەرگی ئەو

دەمەیە بکێشێ بەبەردا. بەڵێ ئەمە رووی دا و ئەمجارە شێوەی گشتیی هۆنراوەی کوردی، بووە نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری و کۆمەڵایەتی. ئینجا لەگەڵیاندا دڵداری و جوانیی سروشت و (تصوف). وە شاعیرەکان ئاسۆی بیر و هۆش و عاتیفەیان فراوانتر بوو. لەو گیژەڵووکەی رۆمانسییەتە، قۆناغێکی باش دوور کەوتنەوە، هەروەکو لە شێوەی نووسینیشدا سەربەخۆییەکیان پەیدا کرد و لایان دا لە پەیڕەویکردنی هۆنراوەی فارسی و عەرەبی. وە زۆربەیان لەسەر شێوەی نەتەوایەتیمان هۆنراوەکانیان دادەڕشت وە بەرگێکی ساکاریان بەبەردا دەکرد. لەوانەش (پیرەمێرد) و (ئەحمەد موختار) و (بێکەس) و (زێوەر) و (وەلی دێوانە) و زۆری تریش. بەمجۆرە هەنگاوی دووەمی ئەو ماوەی گوێزانەوەیە نرا، کە تا شەڕی جیهانگیری دووەمی خایاند.

هەنگاوی سێیەمیش، کە ئەو هەنگاوەیە ئێستا هۆنراوەی کوردی پێدا تێ دەپەڕێت لە مامۆستا (گۆران)ەوە دەست پێ دەکا.

بەڕاستی (گۆران) قوتابخانەیەکی تایبەتی لە هۆنراوەی کوردیدا، بۆ خۆی پێك هێنا، ئەگەرچی لە سنووری ئەو ماوەی گوێزانەوەیەش ناچێتە دەرەوە بەڵام دەتوانین بڵێین ئەو ماوەیەی گەیاندە لووتکەی پێگەیشتن و کامڵبوون، وە جۆشی هەڵچوون و بەهێزی.

وە شۆڕشێکی خستە هۆنراوەی کوردییەوە چ لەبارەی مانا و دەربڕین و بیرکردنەوەوە، وە چ لەبارەی شێوەی نووسینەوە. وە بەدوای ئەم شۆڕشەی (گۆران)دا، چینێك شاعیری گەنجی خوێنگەرم، لە ئاسۆی هۆنراوەی کوردییەوە سەریان دەرهێنا کە یەکەم: زۆربەیان کەم و زۆر، ئەو شۆڕشەی گۆران کاری تێ کردوون. وە دووەم: بەبیروباوەڕێکی نوێوە هاتنە کۆڕەوە.

هۆنراوەکانیان لە (ئایدۆلۆجییەتێکی) تایبەتییەوە هەڵدەقووڵێ، بۆ مەبەس و ئامانجێك دەنووسن. لەمانەش (دڵدار) و (بەختیار زێوەر) و (هەردی) و (دیلان) و (هەژار) و (ع. ح. ب) و (کامەران) و (شارەزووری) و (کامل ژیر).

جا ئێستا ئەم هەنگاوی سێیەمە، لووتکەی ئەو ماوەی گوێزانەوەیەیە وە هەر لەم کاتەدا، هەموو پێویستییەکانی سەرشانیشی جێبەجێ کردووە. بەڵام ئەی ئاخۆ بۆ ناتوانین پێی بڵێین: هۆنراوەی نوێ؟ چونکە:

یەکەم: هێشتا خۆی رزگار نەکردووە لە کۆت و زنجیری وەزن و هەر لەسەر وەزنی یەکپارچەیی (التفعیلة الکاملة) دەڕوا و وە ئەوە بوو لە وتاری پێشوومان‌دا، بەدرێژی

باسی ئەم بەندەمان کرد. بەڵام جێگەی شانازییە کە (کامەران) لە چەند پارچەیەکیدا ئەو کۆت و زنجیرەی شکاندووە. بەڕاستی ئەم چەند پارچەیە (ئەگەرچی بەدەریش نین لـە کەموکووڕی) مـژدەی لەدایکبوونی ئـەو هـۆنـراوەی نوێیـەمـان دەدەنـێ کـە ئـێمـە مەبەستمانە و لێی دواین. هەروەها چەند شاعیرێکی گەنجی تریشمان وەك (وەشتی) و (کـامـل ژیـر) هــەوڵــی وتــنــی هــۆنــراوەی نــوێیــان داوە، بــەڵام داخــی گـرانـم تـێیـدا سەرنەکەوتوون، چونکە لام وایە هێشتا باش تێی نەگەیشتوون، وە یاخۆ چەواشەبوون لەو تێگەیشتنەدا. وە من بەدڵێکی پاکەوە و بەنیازێکی دڵسۆزانە، هاوارێکی برایانەیان بۆ دەبەم تا باش لە هۆنراوەی نوێ نەگەن، توخنی نەکەون. تا خوێندەوارانیش دڵ لە (هۆنراوەی نوێ) پیس نەکەن و سڵی لێ نەکەنەوە بەتایبەتی (وەشتی) چونکە (ژیر) لە هـەنـدێکـیـانـدا ئـەوە دەردەخـات کـە دەیـەوێ لـە هـۆنـراوەی (نـوێ) بگـات. وە لـەبـارەی قافیەشەوە، تـا ئـێستـاش هۆنراوەی کـوردی، یـا لـەسەر یـەك قـافـیـەیـی (کـە لـە فەوتاندندایە)، یا بەیناوبەین وە یا لەسەر جووت دەڕوا و، کە ئەمەیان بەشی زۆری شاعیرەکانمان بەکاری دەهێنن، لەوانەش (کامەران). وە دووبارە جێگەی شانازییە هەر لەو چەند هۆنراوە ناوبراوانەی کامەراندا، مەبەستەکەی ئێمە دێتە دی، بەوەی شاعـیـر پـێویستـە خۆی زۆر بـە قافیەوە خـەریك نـەکـات و جـڵـەوی بـۆ شل کـات، وە بەئارەزووی خۆی هەڵی سووڕێنێ.

دووەم: خۆڕزگارکردن لە کۆت و زنجیری (وەزن و قافیە)، بۆ ئەوەیە جگە لەوەی شاعیر بتوانێ چی لە دڵا بێ دەری ببڕێ، یەکەتیەکەیش بدا بەماناکەی. یانی ئەو باسەی لێی دەدوێ پچڕپچڕ و ئاڵۆزاو و ژاکاو نەبێ. بگرە لە سەرەتایەوە تا کۆتایی یەك پارچە و لە یەك قاڵبدا بێت. بەڵام هۆنراوەی کوردی، هەروەکو وتمان لەبەرئەوەی هێشتا رزگاری نەبووە لە کۆت و زنجیری وەزن و قافیە، یەکەتیی ماناشی تێدا نییە.

سێیەم: هـەر لـەبـەر ئـەو دوو هـۆیـەی سەرەوە، تـا ئێستـاش بەتەواوی نەچووەتە ناوجەرگەی گەلەوە. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە دووچاری رووکەشی و نەنگی بـووە. هــەروەکـو لــە خۆخۆییش (الـذاتـیـة) بــە تــەواوی رزگــار نــەبــووە و زۆر لــە شاعیرەکانمان، هێشتا لە سنوورێکی تەسکدا دەنووسن.

ئەمانە ئەو هۆیە بناغەییانە (أساسیة) بوون کە نایەڵن بەهۆنراوەی ئێستامان بڵێین: هۆنراوەی نوێ (بەمانای تەواوی ئەم وتەیە). بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین: تەنیا هەنگاوێکی تر و هۆنراوەی نوێ لە وێژەی کوردیدا دێتە کایەوە.

## هۆنراوەی ڕۆمانسی

لەبەرئەوەی لە لێکۆڵینەوەی هۆنراوەی کامەراندا، پێویستمان بەم باسە دەبێ، با پێشەکی شتێکی لێ بزانین.

سەدەی نۆزدەم، سەدەیەکی ئاڵۆزاوی پڕ ئاژاوەی بیروباوەڕ و ئاینی بوو، کە وەك گێژەڵووکە بە یەکا دەهاتن و بەیەکدا لەگەڵ یەکدا زۆرانبازییان بوو وەك: کلاسیکی و ڕۆمانسی و ڕەمزی و وجوودی و بەرناسی و ڕووداو (واقعی) و (اشتراکی). ئەم ئاینە وێژەییانە، هەموو لەو سەدەیەدا هاتنە کایەوە و تێك هەڵچوون. وە ئەمەش بەرێککەوت رووی نەدا، بەڵکو چەند هۆیەك بوون پێکیان هێنا، لەوانە: شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، شۆڕشی پیشەسازی (صناعي)، جووڵاندنەوەی (إستكشافي)، شۆڕشە دینییەکان و پێشکەوتنی زانست کە ئەنجامی ئەو شۆڕشە پیشەسازییە بوو.

یەکێك لەو ئاینە وێژەییانەی لەو سەدەیەدا هاتە کایەوە هەروەکو وتمان ئاینی ڕۆمانسی بوو. ڕەگوڕیشەی ئەم ئاینەش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم کە (جان جاك ڕۆسۆ) یەکەم کەس بوو، تۆوی چاند و بناغەی دانا لە نووسینەکەنیدا، بەدوایدا (مدام دی ستایل) و (شاتو بریان) پتەوتریان کرد. بەمجۆرە وردە وردە تەشەنەی سەند، تا لە ساڵی (١٨٢٠م)دا چووە هەرەتی گەنجییەتی و جۆشی دەسەڵات و بەهێزییەوە. ئەمەش کاتێ (هیگۆ، لامارتین، موسیە، فینی) لە دەوری گردبوونەوە و گرتییانە ئەستۆ کە بەناوبانگترین شاعیر و نووسەری ئەو دەمەیە بوو لە «فرەنسا»دا، ئیتر هەر لەو ماوەیەدا تەشەنەشی سەندبوو بۆ (ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و ئیتاڵیا و هەموو وڵاتەکانی ئەورووپا). وە بوو بە بەهێزترین ئاینی وێژەیی و چینێك بوێژ و شاعیر و فەیلەسووفی بەرزیان تێدا هەڵکەوت، وەك لە ئەڵمانیا (شیگل و گۆتە و فختە و هاینی و ئادەم میلر). وە لە بەریتانیا (شیلی و کارلیل و تنیس و بارك).

دوای ئەوەی سەرنجێکی مێژووییمان دایە پێکهاتنی ئەم ئاینە ئینجا با بەکورتی باسێکی بیروباوەڕەکانی بکەین:

ئەو نیشانانەی جیای دەکەنەوە لە ئاینەکانی تر ئەمانەن:

یەکەم: کۆڵەکەی یەکەمی ئەم ئاینە خۆپەرستییە (الذاتية) بەڵێ ڕاستە ئادەمزاد دەکاتە

سەرچــاوەی خـۆی. بـەڵام ئادەمزاد بەتاك و تـەنـیـا (الإنسان بـفـردیـتـە). وە بەخەیاڵ و عاتیفە و ویژدانی، نەك بە بیر و هۆش و ئیرادەی! ئادەمزادێکی ئەوێ سەربەخۆ و بەرەڵا. ئەوەی خۆی لای خۆش بێ و ئارەزووی لێی بێ، لە هەست و خەیاڵ و عاتیفەی تایبەتی خۆیەوە هەڵقوولێ، دەری ببڕێ. ئیتر گەل و کۆمەڵ و بەسەرهاتەکانی. وە ئەو ئادەمزادانەی دەوروپشتی، یا هەر هیچ لایان لێ ناکاتەوە وە یا بەپلەی دووەم دێن. بەر لە هەموو شت تاك (الفرد) وە یاخۆ خۆ (الذات) جا ئەوسا کۆمەڵ، بوون و نەبوونی مەبەست نییە! ئەمە (رۆسۆ)یە کە دەڵێ:

«من لەو باوەڕەدام هۆش (العقل) لەگەڵ سروشتی ئادەمزاد ناگونجێ(!!)، وە مرۆڤی هۆشمەند، وەك ئاژەڵ وایە لام (!!). وە من مرۆڤێکم دەوێ ئەم هۆشە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و بەدڵ و هەست و دەروونێکی پڕ لە جوانی و خۆشەویستییەوە بژی».

تا ئەم ڕادەیە دەیانەوێ (کە ویستنێکی پووچ و بێ فەڕە) هەست و عاتیفە زاڵ بکەن بەسەر بیر و هۆشدا و تۆوی خۆپەرستی و کەمتەرخەمی بڵاو بکەنەوە!!.

دووەم: پـەرستـنـی سروشت و جـوانـی کـۆڵـەکـەی دووەمـیـەتـی. بـۆچـی؟ چـونـکـە ڕۆمانسییەکان ئەوانەن کە دەڵێن:

«هـونـەر پێویستـە بـۆ هـونـەر بێت» ئـەمـەش مـانـای ئەوەیە هـونـەر هـیـچ پەیامێکی بەسەرەوە نەبێ و تەنیا بۆ ئەوە بێت، هونەرمەند حەز و ئارەزووی تایبەتی خۆی پێ دەرببڕێ، بۆ دڵنەوایی و ڕابواردنی خۆی. جا هونەر لەلایان کە تەنیا هێندە بێ، ئاخۆ لە چیدا ئەم ئامانجەیان چنگ دەکەوێ؟ بێگومان لە سروشت کە دەریایەکی بێ بنە بۆ خەیاڵە پڕ و پووچەکانیان. لە باوەشی نەرم و نۆڵی سروشتدا، پێڵو دەنێنە سەریەك و هیوا و ئاواتە بێ فەرزەکانیان دەگرنە باوەش!.

سێیەم: هەر ئەو خۆپەرستییە، پاڵیان پێوە دەنێ بۆ گۆشەگیری (الانعزالیة) لە ژیان و چاوخەفاندن لەو ڕووداوەی تێدا دەژین.

بەڵی... ژیانێکی ساغڵەم و تۆز لێ نەنیشتوویان دەوێ. ژیانێك پڕ لە ئاسوودەگی و بەختیاری، دوور لە ئەشکەنجە و ئێش و ئازار. بەڵام هەرکە لە یەکەم جاردا، لووتیان چزا بە ساجی ئاگرینی ئەو ڕووداوە تاڵەیان کە تێدا دەژین، ئیتر خۆیان پێ ڕاناگیرێ، کۆڵ دەدەن و دەبەزن. ئەو ڕووداوەیان دەدەنە بەر تف و لەعنەت و دەدەن لە شەقەی

باڵ و دەفڕن بۆ ئاسمانی خەو و خەیاڵ! بەمجۆرە دەخلیسکێنە زەلکاوی گۆشەگیری و خۆپەرستییەوە.

چوارەم: بەرچاوتاریکی و کرووزانەوە و شین و شەپۆڕیش نیشانەیەکی تری ئەم ئاینەیە، بێگومان ئەو فڕینەیان بۆ ئاسمانی خەو و خەیاڵ، مانای (دوای کڵاوی بابردوو کەوتنە!) هەر خۆیانی بۆ دەکوتن و نایگەنێ! بگەنە چی؟.. لە کاتێکدا ئەوان لە پاڵەوە دانیشتبن و وەك (گای عەلی) خۆیان بلێسنەوە. جا ئـەوساش دەکـەونـە بـە ئەژنۆداکێشان و کرووزانەوە. دەکـەونـە گـریـان و فرمێسکی گەرم ڕشتن. لە دەریای وەڕسی و بێزاریدا دەخنکێن. پەردەیەکی ماتەمی و کەساسی و حەپەساوی دەستیان بەسەردا دەگرێ. دوودڵی و دەم دەمی تەنگیان پێ هەڵدەچنێ. ئیتر ژیانیان لە بەرچاو تاریك دەبێ و سەری دنیایان لێ دێتەوە یەك، وە هێندەی تر بەناخی خۆپەرستیدا دەچنە خوارەوە ئەنجامی ئەو هەموو هیوا و ئاواتە (دون کیشوتیانەیان) بەرچاوتاریکی دەبێ.

پێنجەم: ئەمانە لەبارەی ماناوە، بەڵام لە شێوەی نووسینیشدا، شاعیر کە هەر لە خۆیەوە بۆ خۆی بنووسێ، بێگومان نووسینەکانیشی هەر ئەو ڕەنگ و بۆیە وەردەگرێ. لەبەر ئەوە ڕۆمانسییەکان، هۆنراوەکانیان لە چوارچێوەیەکی ڕازاوە، بە وشەی قەڵەو و وێنە و دیمەنی ناسکۆڵەی پڕ عاتیفە و خەیاڵ و ئاواز و لـێدانـێکـی کـاریـگـەر دادەڕشت. ئـەوی ڕاستـی بـێ لـەبـارەی هـونـەرییـەوە، سوودێکی گەورەیان گەیاند بەهۆنراوەی نوێ.

هەرچۆنێك بێ، ئەم جووڵانەوەیە لە وەختی خۆیدا، هەنگاوێك بوو بۆ پێشەوە لە وێژەدا. چـونکـە ڕاپەڕی بـە ڕووی کـۆنـا و ئـەو بـنـاوانـەی تـا ئـەو وەختـە وێژەی پـێ بـەسترابووەوە لـە بـن و بێخـەوە هـەڵـی تـەکـانـدن. ڕۆمـانسییـەت قـۆنـاغێکـی کـاروانـی پێشکەوتنی وێژە بوو کە هەر دەبووایە پێیدا تێپەڕیایە. وە ئەنجامی ئەو دەمەیە بوو کە تێیدا لەدایك بوو. چونکە لەم دەمەیەدا چینێکی نوێ هاتە کایەوە و کەوتە زۆرانبازی لە کۆڕی ژیاندا ئەویش چینی ناوەڕاست، وەیا بورجوازییەت بوو. جا ئەو جووڵانەوە وێژەییەش کارێك بوو ئەو چینە فڕێی دا. وە یاخۆ دەتوانین بڵێین: لەوانەوە بۆ ئەوان بوو، کەوابوو ئەو نیشانانەی دامان بۆ ڕۆمانسییەت، هەر لە یەك کاتدا نیشانەی هەموو ئەو چینەیە.

# کامەران و هۆنراوەی نوێ

پێشەکی

بەر لە هەموو شت، من لەم لێکۆڵینەوەیەمدا، مەبەستم و نیازم هەر ئەوە نییە لە هۆنراوەی کامەران بدوێم بگرە ئەم کەموکوورِی و بەرهەڵستییانەش دەرخەم کە بوونەتە هۆی لە دایکنەبوونی هۆنراوەی نوێ لە وێژەی کوردیدا تا ئێستاش.

ئەوە بوو لە باسێکی پێشوومان‌دا وتمان: «کامەران یەکێکە لە شاعیرەکانی هەنگاوی سێیەمی ماوەی گوێزانەوە – فترة الإنتقال –» جا کەوابێ، ئێمە کە لە هۆنراوەی کامەران دەکۆڵینەوە، هەر لە یەك کاتدا لە هۆنراوەی هەموو شاعیرەکانی ئەو هەنگاوەش دەکۆڵینەوە چونکە ئەگەرچی کمێکیش جیاوازیی رووکەشی لە بەینیاندا هەبێ، بەڵام لە جەوهەردا بەیەك دەگەن. بێگومان لێکۆڵینەوەیەکیش لەم بابەتە زۆر گیروگرفتی دێتە رِێ، وەك: کزی وێژەی کوردی لەم بارەیەوە، کەمیی سەرچاوە (مصادر) چ لەبارەی هۆنراوەی شاعیرەکانی خۆیانەوە، وە چ لەبارەی کەمی (بگرە نەبوونی) ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەوە.

جا من سەرەرِای ئەم گیروگرفتانەش، وا تەقەلای خۆم هەر دەدەم وە پێویستی سەرشانی خۆم بەجێ دێنم بەوەی:

یەکەم کامەران بەخۆی بناسم و بارەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی هۆنراوەکانی وە یا کەموکوورِییەکانی بدەمە بەر تیشکی رۆژ. دووەم بەخوێندەوارانی گەلی کوردی بناسم و بەپێی توانا و تا رِادەیەك، بیر و هۆشیان ئامادە بکەم بۆ دوارِۆژ. وە سێیەمیش چی لە توانامدا بێت، پێشکێشی بکەم بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی هۆنراوەی کوردی، چونکە (تاقە موویەکیش لە لەشی بەراز بێتەوە هەر باشە!).

لێکۆڵینەوەکەشم دەکەم بە دوو بەشەوە، یەکەمیان بارەی پێشکەوتن لە هۆنراوەی کامەراندا وە دوومیان کەموکوورِییەکانی.

وە لەبەرئەوەی ئێستا کامەران نزیکترین شاعیرمانە لە هۆنراوەی نوێوە، دەبینین منیش لە لێکۆڵینەوەکەمدا هۆنراوەی نوێ دەکەمە ئەندازە، چونکە من دڵنیام لەوەی کامەران لە دوارِۆژێکی زۆر نزیکدا مەشخەڵی هۆنراوەی نوێ هەڵدەکات لە وێژەی کوردیدا.

١

## لەبارەی پێشکەوتن لە هۆنراوەی کامەراندا

کامەران لە پێشەکیی دیوانەکەیدا دەڵێ:

«ئەو نووسینە لە (ئایدۆلۆجییە)کەوە هەڵنەقوولابێ وشکە... بێ سوودە...»

وە لە شوێنێکی تریشدا دەڵێ:

«نووسەر پێویستە هێزێك پاڵی پێوە بنێ بۆ (نووسین). ئەو هێزەش لە ناوجەرگەی کۆمەڵا بێت».

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کامەران خۆشی لەم جۆرە نووسەرانەیە و (ئایدۆلۆجییەتێکی) زانراو (معین) دەکاتە پەیڕەو لە نووسینەکانیدا. یانی پەیامێك دەخاتە ئەستۆی خۆی و دەیەوێ بیهێنێتە دی. ئەمەیە بیروباوەڕی کامەران لەبارەی نووسینەوە. بەم پێیە، بێگومان دەبێ هۆنراوەکانیشی ڕەنگ و بۆی ئەم بیروباوەڕەی بگرن. بەڵێ... (سەرەڕای ئەو کەموکووڕیانەیشی هەیەتی لەم بارەیەوە، وە کە لە شوێنێکی تردا باسی دەکەین) ئەم ڕەنگ و بۆیەیان وەرگرتووە و لەسەر ئەم بناغەیە داڕێژراون.

گوێ لەم چەند دێرەی بگرن کە دەڵێ:

گوێم لە شریخەی لێدانی دارە
قامچی لە پشتی دانمان بێزارە
کە من دڵسۆز بم بۆ سزا دراوە
چۆن بم بەقامچی بۆ ئەو زۆردارە

یاخۆ کە دەڵێ:

شەرت بێ پڕ گەرووی هەستم
ئەم جارەش هەر بۆی هەستم
بەستەیەك بڵێم ئێجگار
گەرم و خۆش بێ بۆ هەژار

کـامـەران لـە چوار دێری یـەکەمدا، بیروبـاوەڕی خـۆیمـان بـۆ دەردەخـا کـە هـەرگـیز (نابێتە قامچی دەستی زۆردار و کسپەی پێ هەڵسێنێ لە جەرگی ئەو سزادراوانەی دڵسۆزە بۆیان) یانی لێرەدا خۆی لەلایەن گرتنی زۆرداران بێ بەری کرد.

بەڵام لە چوار دێری دووەمدا، تەنیا هەر بەوەوە ناوەستێ بەڵێن بدا نەبێتە قامچی دەستی زۆردار بگرە ئەو بەڵێنەش دەدا کە (پڕ گەرووی هەستی، بەستەیەکی ئێجگار گەرم خۆش بڵێ بۆ ئەو سزا دراوە زۆر لێکراوانە و بەختیار و شادمانیان بکات). بێ ئەوەی سڵ لەو دەردیسەری و چەرمەسەرییە بکاتەوە کە لە ئەنجامی وتنی ئەم بەستە گەرم و خۆشەدا دێتە ڕێی.

چونکە کە ئەو دڵسۆز بوو بۆ ئەو سزادراوانە، بێگومان پریشکی ئەو لێدانی دار و قامچییە هاڵاو بۆ ئەویش دێنێ، واتە وەکی تر لە ئەنجامدا ئەویش دەچێتە ریزی ئەو سزادراوانە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا (بەستەی خەم هەرگیز لە دەمی نایە) و وەڕسی و بێزاری تووخنی ناکەون وەك دەڵێ:

کـرێوەی نـاسۆر لـە کـێوی ژیـنـا
لـە گیـان و دڵـی بـێ هـێز و تـینـا
لـوول ئـەخـوا لەناو دەمـی برینا
گریەم دێتە گوێ لە نەغمەی بینا
بەڵام بەستەی خەم لە دەمم نایە
گۆرانیم تەنیا نەغمەی (هیوایە)

بـەڵام لــە هــۆنــراوەی (ئــەستـێرە و مــەل و خــەزان)دا گــوشراوی (عـصـارة) ئـەو بیروباوەڕەی خۆیمان بۆ روون دەکاتەوە کە چۆن (ژیان تێکۆشانە و کۆڵنەدان). جا هەر ئەم بیروباوەڕە رەشە، پاڵی پێوە دەنێن بۆ بەرچاوڕوونی و عەزم و ئیمان بەهێزی و دڵپڕی لە هیوا و ئامانجی، چونکە ئەو مرۆڤەی ئیمان بەوە بێنێ (ژیان تێکۆشانە و کۆڵنەدان) لە کردەوە و رەوشت و خووشیدا نەبی هەر ئەمە باوەڕی بێ. لەبەر ئەوە دەبـینین هـۆنـراوەکـانی، گیـانی سەرکـەوتن و بەرچاوڕوونی و (عـەزم و ئـیمـان) بەهێزییان تێدا دەردەکەوێ.

گوێی لێ بگرن لە (پایزی رووزەرد)دا دەڵێ:

مــن لەناو   دڵــمــا هــەر لالەزارە

هــەمـیشە بــەهــار، ڕۆژی بــەهــارە

ئاسۆی دڵ گەشە ڕووناکە، جوانە

پــڕ لــە ئــاهــەنـگـی خـۆی ژیــانــە

ئەوەی ئەم چەند دێرە هەروا بەڕووتی و ڕووکەشی بخوێنێتەوە وا دەزانێ کامەران هیچ ئەندێشە و ئازارێکی نییە و بەدوورە لە دەرد و سزا و کوێرەوەریی ئەم ژیانە سەختە!. بەڵام نا... ئەوەی ئەم وتانەی پێ دەربڕیوە، بەرچاوڕوونییە، عەزم و ئیمان و بەهێزییە ئەوە تا خۆی وەرامت دەداتەوە و دەڵێ:

ئــەی پــایــز بــەسە هــەڕەشە و نــاڵــە

ئـەم ژیـنـەی ئـەمڕۆ وا تـرش  و تـاڵـە

نــاگــاتــە ئــەوەی مـردن بــخــوازیـن

بـەهـیوای (گەش و ئـاڵـمـان) ئـەنـازین

ئەو هیوا گەش و ئاڵەیە وا لە کامەران دەکات، لە دڵا ژیان لەلای هەردەم ئاهەنگی خۆش و بەهار و لالەزار بێت. چونکە ئیمانێکی بەهێزی بەوە هەیە لە دواڕۆژێکی نزیک وە یا دووردا، ئەگات بەو هیوا گەش و ئاڵەی.

لـە هـۆنـراوەی (زەردەخەنە)دا،  دوای ئــەوەی بــۆمــان بــاس دەکـا کـە چــۆن یــارە شیرینەکەی لە باخی دڵ و ئاسۆی دەروونیدا، بووبووە فریشتەیەکی نازەنین وە لە ئاسمانی یادیدا بە شەوی تریفەی مانگەشەو.. هتد لە ناکاو بە تەلار و پارە و زێڕ تەفرە دەخوا و پشت لەم هەڵدەکات. جا لەم حاڵەتەدا، ئاخۆ کامەران بیروڕای چۆن بێ؟ گوێی لێ بگرە و بزانە:

نـاگریـم..! تـۆ بـگـری بەسـەزمـان

پــەنــا بــەرە، بــەر ئــەشك و ژان

ئــەوسا لــەسەر پــارەی مـردوو

بـگـری، خـۆزگـەت بـە رابوردوو

ئەمە لەبارەی ئەو یارە بێ وەفایەی، بەڵام بۆ خۆشی دەڵێ:

مــــــن وەك پەپوولەی    پایز

ئـەگـەڕێم بـۆ خـونـچـەی ئـازیـز

بـۆ دڵـێك مـن، نـەوەك ئـاڵـتون
بگـرێتــە دڵ، نـاخـی دەروون!

لە کاتێکدا سالم (١٢٢٠–١٢٨٦) هەر لە حاڵەتێکی وادا دەڵێ:

ساغـــری تـــو لـــە بـــادە دایـــم پـــڕ
دڵـی مـن خـاڵـیـە لـە کـەیـف و گـەمـە
بــەهــیــوای رەحــم و مــەیـلـی تـو نـابم
لــە تــەرەف تــۆوە مــن بــەشم ستــەمــە
بوو بەخوێن جەرگ و دڵ بەتیری موژەت
رەنـگـی ئـەشکـم لـە دیـدە وەك بـەقـەمـە
ئــەشکــی نــوقــرەم رژانــە داوێنــی یــار
بــا نــەڵــێ عــاشقــێکــی بــێ درەمــە

بڕوانن هـەر لێرەشدا، ناکۆکییەکی بەینی کۆن و نوێمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. لای (سالم)، لە کاتێکدا پیاڵەی شەرابی یارەکەی دایم پڕ لە بادەیە و بە کەیف و زەوق ڕادەبوێرێ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو یارە هەرگیز حەز و هەستی بەلای ئەمدا ناچێ و بەتەنگییەوە نییە. کەچی ئەم فرمێسکی زێڕینی دەرژێنێتە بەرپێ و جەرگی بۆی دەبێ بەخوێن، کە ئەمەش مانای جڵەو شلکردنە بۆ (عاتیفە) تا ڕادەیەکی نارەوا و ناشیرین.

بەڵام لای کامەران، هەرکە یارەکەی بەڵێنی شکاند و ئەو ناپاکییەی لەگەڵ کرد، لە باتیی فرمێسکی خوێنینی بۆ برێژێ و شین و شەپۆڕی بۆ بکا، سوور، نایە مشتییەوە کە دەبێ ئەوە بەشی هەر ئەشك و ژان و خۆزگە بەرابردوو خواستن بێت. یانی لای ئەم بیر و هۆش زاڵ بوو بەسەر عاتیفەدا. کەوابوو ئەوەیە ڕۆمانسی و ئەمەیە ڕووداو.

هەروەها لە هۆنراوەی (رەهێڵە)دا، باسی کارەکەرێکی جوانی وەك گوڵمان بۆ دەکات کە کوڕی کۆشك و تەلار، دەسی بڕی و دوای ئەنجام، لە شەوێکی ڕەهێڵەدا دەریان کرد.

ئەویش لەگەڵ ناوەخت ڕێی گرتە بەر و پێچایەوە جادەی شار، بێ ئەوەی شوێنێکی مەبەست بێت و بۆی بچێ تا ئێرەی لەگەڵ ئەو کارەکەرە بەم بەدبەختی و چارە ڕەشییە هێنا و وێنەیەك لە ڕووی بۆگەنی و خراپی کۆمەڵەکەمانی خستینە پێش چاو، ئینجا

دوای ئەمە:

هەژارێك فریای کەون.. قەشەنگ
ووتـــی ئـــەی ژنـــی شۆخ و شەنگ
تـــۆزی ئـــاڵــتـــون نـــەنـــیشتـــووە
لـــــەم دڵـــــە پـــــڕ ئـــــارەزووە
هـــا دڵـــم، هـــێلانـــەی تـــۆ بـــێ
جـێی ئـەو رووە جـوانـەی تۆ بێ

ئەمەشیان وێنەیەکی رووناك و پاکی کۆمەڵەکەمانە و دەیخاتە پێش چاومان کە گیانێکی مرۆڤایەتیی بالای تێدا دەردەکەوێ. بەلام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، زاڵبوونی ئەو وێنە رووناکەیە بەسەر ئەو خراپەدا لە ئەنجامدا. سەرکەوتنی مرۆڤایەتی بەسەر پیاوخراپی و داوینپیسیدا. زاڵبوونی ئەو کارەکەرە دەست بڕاوە بەستەزمانە، بەسەر ئەو کۆسپەدا کە (پیاوخراپێکی لە خراپ بوو) هێنایە ڕێگەی.

بەمجۆرە دەبـینین هـۆنـراوەکـانـی کـامـەران لـە (ئایدۆلۆجییەتێکی) تایبەتییەوە هەڵقوولاون وە ئەو ئایدۆلۆجییەتەش لە ناوجەرگەی کۆمەڵەوە هاتووەتە دەرەوە. وە یاخۆ ئەنجامی پێویستییەکی کۆمەلایەتییە، کە کامەران هەستی پێ دەکات.

(ئەمە هەروەکو وتمان سەرەڕای ئەو کەموکوورییانەشی کە هەیەتی). وە کە دەڵێم: سەرەڕای ئەو کەموکوورییانە، وەنەبێ هیچ لە گرینگییان کەم بکەمەوە. چونکە ئەگەر ئەو کەموکوورییانە نەبوونایە، کامەران ئێستا لە پلەیەکی تردا دەبوو!

کامەران لە سەرنجی ورد و دەربڕین (تعبیر)ی بەهێز و مانای قووڵیشدا، دەستێکی بالای هەیە. بگرە بەجۆرێکی ئەوتۆ تێیاندا پێشکەوتووە کە مژدەی (شاعیریەتێکی) پێگەیشتووی کاملمان دەدەنێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا لە هەنگاوی یەکەمیایەتی. سەیری ئەم سەرنجە وردەی بکەن:

خـــۆر لەناو پـــەلـی درەختا
وەك بـگـەڕێ بـەدوای بـەخـتـا
سەرەتـاتکێی ئەکرد لـە گـوڵ
کـەوتـە شنـەشن پـۆپـێ چـڵ

هەمووممان دیمەنێکی وامان بەسەردا رابردووە لەژێر درەختێکدا دانیشتبین، شەماڵ گەڵا و لق و پۆپەکانی بلەرێنێتەوە، ئەو گزنگی خۆرەتاوەش بە مابەینیانا خۆی دەکشێنێ بۆ بن درەختەکە، بکەوێتە هەڵپەرکێ و سەماکردن. بەڵێ هەموو ئەم جۆرە دیمەنەمان دیوە. بەڵام لەلایەکەوە هونەر ئەوەیە کامەران سەرنجی بۆ شتی وا ورد دەچێ کە لەگەڵ ئەوەشدا (بایبی پوولێکە، بەڵام پڕ بەژوورێکە!). وە لەلایەکی تریشەوە، وەنەبێ ئەو سەرنجەمان هەروا بە وشکی بۆ بخاتە ڕوو. بگرە ئەوەتا دەڵێ (ئەو خۆرەتاوەی بەناو گەڵا و لق و پۆپەکاندا دەکشا بۆ بن درەختەکە، دەتوت بەدوای بەختدا دەگەرێ بەڵێ بەدوای بەختدا دەگەڕا و لە ئەنجامدا دۆزیشییەوە، کە گوڵێکی تازەکراوەی نەشمیلە بوو. ئینجا کەوتە سەرەتاتکێ لەگەڵی، وەك دوو دڵدار).

وە ئەم دڵدارییەی گوڵ و خۆرەتاو لە هۆنراوەکانی کامەراندا زۆرجار دووبارە دەکرێتەوە چونکە یەك لەگەڵ یەکدا دەگونجێن و بۆ یەکتر بەجۆشن. یەك جوانی یەکتر دەردەخەن. هەر لە (دیاری)دا دەڵێ:

نەختێ وورشەی ئێوارانی خۆرەتاو

بەسەر پەڕەی گوڵێکی ئالا پژاو

وەیا لە (پایزی رووزەرد)یشدا دەڵێ:

خۆرەتاوی زێڕ، لەسەر گوڵی جوان

بریسکەی ئەدا لە سنگی ئاسمان

لێرەدا گوڵی کردووە بەئاوێنەیەك و ئەو خۆرەتاوەی لە ئاسمانەوە دەڕژێنێتەوە سەری، دیسانەوە بریسکەی دەیداتەوە لە سنگی ئاسمان.

وە یاخۆ لە (جوانی بەهار)دا کە دەڵێ:

وردەشەپۆلی جۆگەلەی بڵاو

ختووکەی بەردە لە کەناری ئاو

سەرنجی بۆ ئەو وردەشەپۆلانە دەچێ، کە لە جۆگەلەیەکی بڵاودا سووکە شەماڵێك پێکیان دێنێ و نەرم نەرم بەرەو کەنار دەبنەوە، وە هەر بە نەرمییەکەوە خۆیان دەدەن لە کەناری ئاوەکە دەڵێی ختووکەی دەدەن و دەیانەوێ بیهێننە پێکەنین. لەلایەکی تریشەوە کامەران هێندە بەوردی ئەم دیمەنەی خستووینەتە پێش چاو، ئاگەداری ئەوەش بووە کە شەپۆلی ورد لە جۆگەلەیەکی بڵاوی هێمندا نەبێ پێك نایەت چونکە

ئەگەر جۆگەلەکە تەسك بێ، ئاوەکە تیژ وروورژم دەبا و شەپۆلەکانیشی قەبە و ئاڵۆزاو و شێواو دەردەچن. ئەوسا لە باتیی ئەوەی ختووکەی کەنارەکە بدەن، سەر و پۆتەڵاکی دەکوتنەوە.

وە یاخۆ سەیری ئەم دەربڕینەی بکەن لە (بووکی لادێ)دا کە دەڵێ:

سووخمەی گورونی گوڵ گەورەش

سنــگــی کــفــی گــرتــە بــاوەش

کامەران ئەگەر تەنیا بیوتایە (سوخمەی گورونی گوڵ گەورەشی کرایە بەر)، دەربڕین (تعبیر)ێکی رووکەشی و لاواز دەردەچوو. بەڵام کە دەڵێ (ئەو سوخمە گورونییە گوڵ گەورەیە، سنگی کفی بووکێی گرتە باوەش)، گیانێکی تری دەکات بەبەردا، تام و کامێکی تری دەداتێ. یانی بەئاشکراتری بڵێین: وێنەی ئەو بووکە لە بەرچاومان (تجسیم) دەکات و هەستێکی بەجۆشترمان دەجووڵێنێ.

وە هەر لەو هۆنراوەیەدا دەڵێ:

کەوای سورمەی خواستەمەنی

پــۆشی ئــەنــدامــی بــەدەنــی

لێرەدا دوو نیشانمان بەتیرێك بۆ دەشکێنێ. یەکەمیان کە چۆن (بووك رازاوەیە، ڕەنگ سەد جۆر) یەکێکیش لەو رەنگانە، کەوای سورمەیە کە (ئەندامی بەدەنی پۆشی). دووەمیشیان وشەی (خواستەمەنی)یە، کە روویەکی تری ئەو زەماوەندەمان بۆ روون دەکاتەوە. رووی هەژاری و بێ دەرامەتیی ئەو بووکە. چونکە ئەو کەوا سورمەیەی پێی رازێنرایەوە، خواستەمەنی بوو.

وە هەروەها لە (جوانی بەهار)دا دەڵێ:

کە شەو دێت، ئاسمان ئەستێرەی جوانی

بــە مشت ئــەکــاتــە نــاو دەمــی کــانــی

ئەمە بەڕاستی ئەوپەڕی سەرنج و وردی و بەهێزییە لە دەربڕیندا. بڕوانن چۆن دیمەنی کانی و ئاوێکی مەنگمان دەخاتە پێش چاو. کە ئەستێرە جوانەکانی ئاسمان، وەك ئاوێنە تێیدا دەبریسکێنەوە. هەروەکو دەربڕینی ئەم مانایەشی بەجۆرێکی زۆر کاریگەر و دڵگیر بۆ خستووینەتە پێش چاو کە دەڵێ:

ئاسمان بەمشت، لەو ئەستێرە جوانانەی دەڕژانە ناو دەمی ئەو کانییە مەنگەوە. ئەم دوو دێرە ئەوەکەی ماموستا (گۆران)مان دەخاتەوە بیر کە دەڵێ:

کانییەکی روونی بەر تریفەی مانگەشەو

لـە بـنـیـا بـلـەرزی مـرواری زیـخ و چـەو

بەڕاستی ئێمە ئەگەر بۆ سەرنجی ورد و دەربڕینی بەهێز و مانای قووڵ بگەڕێین لە هۆنراوەکانی کامەراندا، هێندەیان تێدا دەبینین کە هەرگیز کورتە لێکۆڵینەوەیەکی وەها نایانگرێتە خۆی. چونکە دەتوانم بڵێم: شێوەی گشتی [الطابع العام] هۆنراوەکانی لەم بابەتەیە وە هەر ئەمەشە پاڵم پێوە دەنێ بڵێم «کامەران هیوایەکی روونـاکی دواڕۆژی هۆنراوەی کوردییە». چونکە شاعیرێك لە سەرەتای هۆنراوە وتنیدا و ئەمەندە رادەی سەرنج وردی و بیرقووڵی و دەربڕینی بەهێز بێ، بێگومان دواڕۆژێکی زۆر روونـاك چاوەڕوانی دەکات وە ڕادەی سەرکەوتنی هەر شاعیرێکیش بەم ئەندازەیە دەپێورێت.

وە هـەروەهـا لـەبـارەی پێدا هـەڵدان (وصف) و (تشبـیـە)یشەوە، کـامـەران دووبـارە دەستێکی باڵای هەیە. بەتایبەتی لەو هۆنراوانەیدا کە لە سروشت و دڵداری دەدوێن وەك لە (شەپۆلی زێڕ)دا باسی جوانیی سروشتمان بۆ دەکا لە بەیانییەکی بەهاردا دەڵێ:

چیای رەنگین.

داوێنی نێرگس و گوڵ.

گزنگ لەناو چەما ئارامی گرت.

ئاسمانی شین.

ئەستێرەی زیوی رووی سڕی

شەوبۆیەکی خنجیلانە لە سێبەرا.

پێکەنی سەری هەڵبڕی.

کـامـەران لـەم هـۆنـراوەیـەیدا، دیمـەنی چیـا ڕەنگینەکان و داوێـنـی کـەژی رازاوە بەنێرگس و گوڵمان دەخاتە پێش چاو. ئینجا دەمانباتە سەر ئەوەی چۆن (گزنگ لەناو کۆشی چەما ئارامی گرت) یانی رۆژ هەڵهات و گەیشتە سەرسنگی ئاسمان ئەوسا گزنگەکەی دای لەناو چەم و دۆڵەکان.

بێگومان رۆژ تا بەرز نەبێتەوە ناو چەم و دۆڵەکان ناگرێتەوە. هەروەها بەهەڵهاتنی

ڕۆژ (ئاسمانی شینیش ئەستێرە زیوینییەکانی ڕووی دەسڕێ) یانی ئیتر نابینرێن. ئینجا دەمانباتە سەر دیمەنی ئەو شەوبۆ خنجیلانەیە کە لە (سێبەردا پێ کەنی و سەری هەڵبڕی). بۆچی؟ چونکە شەوی تار بەسەرچوو. ڕۆژ هەڵهات و تیشکە گەرموگوڕەکەی مژدەی بەیانی دایە. بەمجۆرە بە هەڵهاتنی ڕۆژ جوانییەکانی سروشت دەکەونە ڕوو. کامەرانیش بەم پێداهەڵدانە دڵگیرە، ئەو جوانییەمان دەخاتە پێش چاو.

وە هەر لەو هۆنراوەیەدا دەڵێ:

بـاڵـی ئـاڵان لـە گـەردنـم
گـەردنـی ئـاڵ وەکـو هـەتـاو
پرچی زەردێکی نەرمی خاو
چاوی کانی هەستی شیرین
پرشنگی وەك ئەستێرەی شین

بڕوا ناکەم هێشتا شاعیرێکی تری کوردەواری، خەیاڵی بۆ ئەوە چووبێ، گەردنی کیژێك بشوبهێنێتە هەتاو. هەتاو کە ئەوپەڕی مانای بێگەردی و ڕوونیی تێدا دەردەکەوێ. ئەوپەڕی مانای نەرمی و خاوێنی. وە هەر بەمجۆرە، شوبهاندنی چاو بە کانیی هەست وە پرشنگەکانی بەپرشنگی ئەستێرەی شین.

کە دەڵێ: ئەستێرەی شین، ڕەنگە زۆر کەس سەریان سووڕ بمێنێ و بڵێن: ئەستێرەی شین کوا هەیە؟ بەڵێ ئەو کەسانە ناهەقیان نییە، چونکە سەرنجیان بۆی نەچووە، بەڵام هەر یەکێك لەوانە با لە بەرەبەیانی شەوێکی هاویندا، سەرنج بدەنە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمان ئەوسا دەبینن کە ئەستێرەی شین هەیە و شتێکی سەیر نییە بشوبهێنرێتە چاوێکی شین دیسانەوە ئەمە یەکێکی تریشە لە سەرنجە وردەکانی کامەران. وە لە شێوەی نووسینیشدا، هۆنراوەکانی کامەران ئاواز و لێدانێکی (إیقاع) کاریگەر و بەجۆشیان تێدا دەبینرێ کە شێوەیەکی تایبەتیان داوەتێ و لە خوێندنەوەیاندا بەئاشکرا لە هی شاعیرەکانی ترمان جیا دەکرێنەوە. جا ئاخۆ نهێنیی ئەم ئاواز و لێدانە کاریگەرە لە چیدا بێ؟

یەکەم: لەو سەرنجە ورد و دەربڕینە بەهێز و مانا قووڵانەدایە کە لە بەندێکی پێشوومان‌دا لێی دواین.

دووەم: کامەران لە بەکارهێنانی وشەدا شارەزاییەکی تەواوی هەیە و لە جێگەی

خۆیـانـدا بـەکـاریـان دەهـێنـێ. بێگومـان شارەزایـی لـە بـەکـارهـێنـانـی وشەدا دەورێکی بـاڵا دەبینێ لە سەرکەوتنی هـەر شاعیرێکدا. سەیری ئەم چەند دێرەی کامەران بکەن و بزانن چۆن وشەکانی دەڵێی هـەریـەکەیان بەتایبەتی بۆ ئەو شوێنە تاشراوە:

ووردە بەفری، سێبەری مەڵبەندی بەرز، تاسێکی سوور
نـەرمـە پـرشنگـی گزنگـی تـیکـەڵاو، وەك ووردە نـوور
هـەر ئـەڵێی تـاسێکی ئـاڵتونە و لـەسەر گـەردن بلـوور

سێیەم: بەکارهێنانی کوردیی پەتی لە نووسیندا، چونکە بێگومان ئەو وشە بێگانانەی لە زمانەکەماندا هەن بوونەتە هۆی قورسی و لەنگی و شێواندنی، بەتایبەتی لە «هۆنراوە»دا. بۆ نموونە سەیرێکی ئەم بەراوردە بکە لە بەینی چەند دێرێکی (کامەران و تایەر بەگ)دا.

کامەران دەڵێ:

قـــژی خـــاو، قـــژی زەردی کـــاڵ
گـــەردنـــی نـــاسك کـــوڵـــمـــی ئـــاڵ
چـــاو، هـــێلانـــەی ئـــارامـــی دڵ
پەنجەی ناسك، دەسی وەك گوڵ
لار و لانـــــجـــــەی ورد و نـــــەرم
بـــــزە و سەرنـــــجـــــێکـــــی گـــــەرم

تـایـەر بـەگ دەڵێ:

قوربـانـی روخت بم کە شکستی بە قەمەردا
حەیرانی لەبت بم کە رەواجی بە شەکەردا
هـەر لەحظە ئەدەی وەعدی وەصل و نییە ئەصلی
کارت وەکو دنیایە هەر ئەمرۆیە بە فەردا
مەقصودی لەسەر کوشتنی عوشاقی ضعیفە
وەختێ کە دەکا خەنجەری تیژی بەکەمەردا

چوارەم: راستگۆیی لە دەربڕینی سۆز و هەستدا:

بێگومان شاعیر دەبێ بەدڵ و دەروونێکی بەجۆشەوە بکەوێتە نووسین، ئەگینا ئەو نووسینەی ڕەق و وشك و بێتام دەردەچێ. جا کامەرانیش لەبەرئەوەی لە دەروونێکی بەجۆشەوە، هۆنراوەکانیمان بۆ هەڵدەهێنجێ دەبینین لە دەربڕینی سۆز و هەستیدا ڕاستگۆیە.

هەروەکو کاریگەر و گەرموگوڕە بەڵێ... ئەو نهێنییە ئەنجامی ئەمانەیە. وە شاعیر تا لەم بارەیەوە پێشکەوێ، لەبارەی هونەریشەوە لە پێشکەوتندا دەبێ.

جا ئێستا بەهەڵە ناچم ئەگەر بڵێم «کامەران نزیکترین شاعیرمانە لە هۆنراوەی نوێوە. هۆنراوەی نوێ بەمانای هۆنراوەی سەربەست (حر) وەیا بەرەڵا (منطلق).»

کە ئەمەش ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ، خۆشمان بێ و ترشمان بێ، هەنگاوی داهاتووی هۆنراوەی کوردییە وە هەر دەبێ بێتە کایەوە. بگرە ئەوەتا کامەران پێی تێ نــاوە و چەند پارچەیەکی لەم بابەتە بۆ وتوین. وە تا ڕادەیەکی بەرزیش تێیاندا سەرکەوتووە. تەنیا ماوەتەوە سەر ئەوەی کامەران ئازا و چالاك بێ و (لە قسەی ئەم و ئەو نەترسێ).

٢

## کەموکووڕییەکانی هۆنراوەی کامەران

وتمان هۆنراوەی نوێ ئەوەیە لە گەلەوە بۆ گەل بێت. ئەو رووداوەی بۆ روون بکاتەوە کە تێیدا دەژی. بەهەموو بەسەرهات و کارەساتێکەوە وە بیخاتە سەر رێگەی فەوتاندنی کەموکووڕییەکانی ئەو رووداوەی.

هۆنراوەی نوێ ئەوەیە ئادەمیزاد بکاتە سەرچاوەی خۆی، وە ئەو شاعیرەی دەیەوێ لەگەڵ گەل بێ، دەبێ باش بیناسێ بەوەی بچێتە ناو جەرگەیەوە. ئەگینا وەك شەڕوانێکی لێ دێ کە هەرگیز کۆڕی شەڕی نەدیبێ و لافی شەڕوانیی لێ بدا.

کامەرانیش وەك لە پێشەکیی دیوانەکەیدا دەڵێ: (هۆنراوەی نوێ ئەوەیە لەو شتانە بدوێ کە لە ناوجەرگەی کۆمەڵەوە هەڵدەقووڵێ، واتە [واقعی] بێت) دەیەوێ ئەم جۆرە بەرهەمە بێنێتە بەرهەم و لەم جۆرە شاعیرانەش بێ. ئەمە بێگومان زۆر پەسند و جوانە. بەڵام ئاخۆ تا چ ڕادەیەك سەرکەوتووە لەم ویستنەدا؟

ئاخۆ ئەوەی لەو پێشەکییەدا لێی دواوە، لە هۆنراوەکانیدا بەتەواوی و بێ کەموکوڕی هێناویەتە دی؟ من لە وەرامدا کەمێك گیر دەخۆم!!.. چۆن؟

بیر (فکرة)ی هەر باسێك لە تاقیکردنەوەیەك (تجربة) پەیدا دەبێ کە ئەو شاعیرە پێیدا تێپەڕیبێ. وەیا لە یەکێکی تری دیبێ و بەڵام کارێکی کاریگەری کردبێتە سەر دڵ و هەستی. ئەو بیرەش دەبێ بخرێتە بەرگێکەوە (مەبەستم لە شێوەی نووسینە) کە لەگەڵیاندا بگونجێ و پڕ بەپێستی خۆی بێ. چونکە بیر و شێوە (فکرة وأسلوب) یەك یەکتر تەواو دەکەن. ئێستا سەری گوریسەکەمان گرت بەدەستەوە ئینجا دەتوانم بڵێم:

(کامەران باسی هۆنراوەکانی، بەجۆرێکی گشتی، رووداون «واقعی» بەڵام لە شێوەی نووسینیاندا، هەروەها بەجۆرێکی گشتی یا رۆمانسی وە یا رەمزین!) وەك لە هۆنراوەی (ئەی کچە شوان)دا. من کە چاوم بەسەرنووسیاری ئەم هۆنراوەیە کەوت، وا هات بە بیرمدا کە باسی کیژۆڵەیەکی بەرگشڕی سەروپاپەتی جوانکەلە دەخوێنمەوە، کە شوڵکێکی گرتبێ بەدەستەوە و لە نزیك ئاواییەوە، بەدیار چەند سەرێك مەڕ و بزنەوە دۆش دامابێ. هیوا و ئاواتە ساکارە تێکەڵ بەکەساسی هەناسە ساردییەکانی،

ختووكەی هەست و دڵی بدەن. كەچی كە خوێندمەوە نە ئەمە و نە هیچی تری لەم بابەتەوەم نەدی بگرە لەگەڵ ئەوەشدا جەوهەری باسەكە رووی داوە و لە ناوجەرگەی ژیانی كۆمەڵایەتیمانەوە هاتووەتە دەرێ، كەچی خۆم لە ئاسمانێكی رۆمانسیدا دی. گوێی لێ بگرن دەڵێ:

بە ئاوازی شمشاڵەكەت
بە لەرەی لێوە ئاڵەكەش
هەستی خۆیشم بێنە فڕین
بۆ ناو گوڵزار
چەم و نزار
ئاسمانی شین،
یاخۆ دەڵێ:
ئەی بولبولی خۆش ئاوازە
گوێ بگرە لە سۆزی تازە
دیمەنی سروشت ڕەنگاوڕەنگ
جریوەی تۆ زۆر بە ئاهەنگ

ئاخۆ باسی كچە شوانێك دەبێ لەم بەرگەدا بخرێتە پێش چاو؟ نەخێر ئەو باسە بێبەرییە لەم بەرگە ئاڵووالایە. ناگونجێن لەگەڵ یەكتر. من هەرگیز بڕوا ناكەم لە هەموو كوردەواریدا كچە شوانێك لەم بابەتە ببینم. چونكە كە وترا (كچە شوان) مانای ئەوەیە بەناخی كەساسی و سەرگەردانیدا چووەتە خوارەوە. ئەگینا چی داوە لە شوانی. دەشێ بۆ رابواردن و هەڵمژینی هەوای پاكی سروشت بووبێتە شوان؟! ئەگەر كامەران مەبەستی لەمە بێ، ئەوا باسەكەی لە بنەڕەتەوە خەیاڵییە!. بەمجۆرە دەبینین ئەو باسە رووداوەی بە بۆیەی هەمەڕەنگەی خەیاڵ بۆیە كردووە. یانی لە بەرگێكی رۆمانسیدا خستوویەتییە پێش چاو.

هەروەها گوێی لێ بگرن لە (ئەستێرە و مەل و خەزان)دا دەڵێ:

ئەو گوڵەی، خەزان، وەرانی و نەمرد
ئەو دڵەی، ناسۆر، لە هیوای نەكرد

ئـــەو پـــڕیشکـــانـــەی، دامـــردنـــەوە
بـــەڵام هـــەمـــیسان، گـــڕیـــان گـــرتـــەوە

ئـــەو ئـــەستـێرەیـــەی کشا، بـــۆ نـــاو چـــەم
لـــە سەرەمـــەرگا، خـــەنـدەی لـــە سەردەم

ئەو مەلەی، بای وەشت، باڵی هەڵوەران
لـــە بـــەستـــە وتـــن، نـــەکـــەوت لـــە ئـــاسمـــان

وان لـــە نـــاو دڵـــی مـــنـــا مـــیـــوانـــن
چـونکـە نموونـەی (قـەت) کۆڵ نەدانن.

ژیان تێکۆشانە و کۆڵنەدان. ئەمەیە پوختەی ئەم هۆنراوەیە. باسێکە لەو یاسانەی لە ناوجەرگەی گەلەوە هەڵدەقووڵێ. باسێکە وێردی سەر زمانی هەموو گەلێکە بیەوێ بە ئازادی و شادمانی بژی.

بەڵام ئاخۆ کامەران ئەم باسە بەنرخەی لە چ بەرگێکدا بۆ روون کردووینەتەوە؟... گوڵ، ئەستێرە، چەم، مەل، بای وەشت، ئاسمان ئەمانەی بۆ کردووین بەنموونە، بەرەمزی تێکۆشان و بەیەکدادان و کۆڵنەدان لە ژیاندا. هەر وشەیەك، هەر دێڕێك لەم هۆنراوەیە، جگە لە مانای ئاشکرای زۆر مانای تریش دەدا. بەزۆر جۆری تر دەتوانرێ لێك بدرێتەوە. کەوابوو شێوەی نووسینی ئەم هۆنراوەیە رەمزییە.

بێگومان دەمەی رۆمانسی و رەمزی لە دەمێکەوە بەسەرچووە. لەبەر ئەوە بەکارهێنانیان لە ئێستەدا، ئەگەرچی تەنیا لە شێوەی نووسینیشدا بێ لە جێی خۆیدا نییە. ئێمە ئێستا لە دەمەیەکدا دەژین کە وێژە پەیامێکی لەسەر شانە و پێویستە جێبەجێی بکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێویستە لە گەلەوە بۆ گەل بنووسین وە لەو نووسینەشمان تێ بگات. لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم: ئادەمیزاد، ئادەمیزاد.. سەرچاوەی هۆنراوەی نوێیە، وە کامەرانیش لە باتیی ئەوەی گوڵ و ئەستێرە و چەم و بای وەشتمان بۆ بکاتە نموونە، دەبووایە ئەو نموونانەی هەر لە گیانی ئەو گەلە هەڵپچڕیایە!.

ئێستا با بزانین، ئەم رۆمانسی و رەمزییەتە، چۆن خۆیان کوتایە ناو هۆنراوەکانی کامەرانەوە؟. لە کاتێکدا باوەڕێکی تەواویشی بەوە هەیە کە [هۆنراوە پێویستە رووداو

بێ]. وە بێگومان ڕووداویش لەگەڵ ڕۆمانسی و ڕەمزیدا، هەرگیز دانویان پێکەوە ناکوڵێ! زانیمان سروشتپەرستن یەکێکە لە نیشانەکانی ڕۆمانسییەکان. جا من خوانەکا بڵێم: لەبەرئەوەی کامەرانیش زۆر هۆگری سروشتە دەبێ ئەویش ڕۆمانسی بێ، نەخێر.. چونکە ئەگەر ئەوان خۆپەرست بن، ئەم خۆبەختکەرە، (گۆرانیی من، ئەستێرە و مەل و خەزان، زۆر لە بەندەکان)، وە ئەگەر ئەوان گۆشەگیر بن (منعزل)، ئەم لە کۆڕی ژیاندایە (بووکی لادێ، پەنجەی تەزیو، پەنجەی ژیان، ڕەهێڵە، لافاو). وە ئەگەر ئەوان پیشەیان هەر بەرچاوتاریکی و کڕووزانەوە بێ ئەم دڵ پڕ لە هیوا و ئاوات و بەرچاورووننییە (شێوەی گشتی هەموو هۆنراوەکانی).

ئەمانە هەموو بۆمان دەردەخەن – کامەران – لە بیروباوەڕیدا دوورە لە ڕۆمانسییەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ڕادەیەکی ئەوتۆ هۆگری سروشتە کە کردویەتییە هەوێن لە بەشێکی زۆری هۆنراوەکانیدا.

جا ئەم هۆگربوونی سروشتە، وە تا ئەم ڕادەیە، دووری دەخاتەوە لە ژیان، لەو ڕووداوەی تێیدا دەژی. دەبێتە کۆسپ لە دەربڕینی ئەو بیروباوەڕەیدا، وەیا پاڵی پێوە دەنێ بۆ گۆشەگیری لەو بیروباوەڕەی لە هۆنراوەی (یاد)دا دەڵێ:

درەختەکەی، سەر کانییەکەی، باخی چەم
پێ ئەکەنێ، گەڵای ئەڵێن، پڕ بە دەم

لە بیرمانە، منداڵ بوون، لەناو باخا
زەردەی دەمتان، ئەدا بەپشتی داخا

تۆ بنوارە، ئەو کانییە، نازدارە
ئێستەش وێنەی هەردووکمانی تیا دیارە

بۆ بفڕین بۆ سەر کانی و درەختەکانی؟ ئەی بۆ وێنەیەکی ڕووداوی ئەوتۆ نەخەینە پێش چاو کە لە زۆربەی منداڵانی کوردەواری ڕووی دابێ، وەك بڵێین:

«لە بیرتە یارە شیرینەکەم کاتێ منداڵ بووین، لەناو گڵ و خۆڵی کۆڵانەکەماندا، پێکەوە گەمەمان دەکرد و یەکتریمان دەگەوزان وەیا حەماموڵکەیەکمان دروست دەکرد. ئینجا دەستمان دەکردە ملی یەکتر و بەدەوریدا دەخولاینەوە و دەمانوت: حەماموڵکی موودەرکێ!». ئاخۆ ئەم وێنەیە بارەی مرۆڤایەتی بەهێزتر نییە؟ بەڵێ..

بۆچی؟ چونکە ئەگەر لەویاندا تەنیا یادگارێکی رووت و پەتی دەخوێنینەوە، لەمیاندا مانایەکی قووڵ و فراوانتریش هەست پێ دەکەین.

وە لە هۆنراوەی «پەشیمانی»دا دەڵێ:

ووتــــم: بـــە گـــوڵـــی پـــایـــزی وەریـــو
بـە خـونـچـەی وردی نـاو شەپـۆلـی شیـو

بـەو مـەلـە جـوانـەی تـا مـەلا بـانـگدان
بـۆ عـەتـری رووی گـوڵ ئـەیکـا بەگریـان

ووتـم: بـەو تـیشکـەی بـەیـانـی زوو زوو
هـەڵدێ لـە ئـاسۆی روونـاکـی سووربوو

ووتم: بە شەوبۆ کە مات، مات لە دۆڵ
نـەگـەشایـەوە، کـەژ، بوو بـە سەهـۆڵ
ووتم: «پرشنگی نیگاری گەرم و خۆش»
«بـزەی دەمـی تـۆ، گـیـانـە فـەرامـۆش»

کامەران هێندە هۆگری سروشتە، کە وەختێ کچۆڵە جوانەکەی لەدەس چووە، پەنای بردە بەر (گوڵی پایز، خونچەی ورد، مەلی دڵتەنگی گریاو، تیشکی دەم ئاسۆ و شەوبۆی ماتی ناو دۆڵ) و داخی دڵی خۆی لا هەڵڕشتن، بەسەر ئەم هەموو گوند و شارە پڕ مەردمەدا، فڕی فڕی تا خۆی هاویشتە ناو باوەشی سروشتەوە گلەییی خۆی لەوێ هەڵڕشت. ئەمە بێگومان پشتهەڵکردنێکە لە مەردم.

لە (زەردەخەنە)دا دەڵێ:

لـە ئـاسمـانـی یـادمـا بـەشەو
ئەبووی بـەتریفەی مانگەشەو

لـــەگـــەڵ شەمـــاڵـــی، پێدەشتا
یـا، بـای بـزێو، لـەگـەڵ وەشتـا

دڵـی مـن ئـەفـڕی، دۆڵاو دۆڵ
ئەیبڕی، شەخەڵ، دەشتی چۆڵ

کاك کامەران: دڵت بۆ هەڵدەفڕێنیٚ دۆڵاودۆڵ و شەخەڵاوشەخەڵ، بۆ بەئاسمانی شارەکەتدا نایفڕێنی، تا چاوێك بە کەل و قوژبنیدا هەڵخات و بزانیٚ (حاڵ و ئەحواڵی!) دڵانی تر چۆنە؟ دڵی تۆ بێگومان دەبیٚ ئاوێنەی دڵانی تر بێت، نەك ئاوێنەی (دۆڵ و شەخەڵ و دەشتی چۆڵ!!). بەمجۆرە لە هۆنراوەکانی کامەراندا بەدەگمەن دەبینین سروشت نەبووبێتە هەوێن تێیدا. ئەمە جگە لەو بەشەی کە تا گۆشت و ئێسقانیشی هەر سروشتە.

وە لەلایەکی تریشەوە، وەنەبیٚ من ئەوەش بخەمە پشتگویٚ کە گەلی کورد لە باوەشی سروشتێکی رەنگیندا ژیاوە و دەژی. بەڵام ئەمە هیچ کارێك ناکاتە سەر باوەڕەکەی من، چونکە بەهەموو بارێکدا پێویستە هەر ئادەمزاد سەرچاوە بێت..! گەلی کورد خۆی سەرچاوە بێت، نەك سروشتە رەنگینەکەی، وە ئەو سروشتپەرستنەی من لێی دەدوێم، لە جوانی و رەنگینییەوە نایەت، بگرە لە زۆر هۆی ترەوەیە کە لە باسی (هۆنراوەی ڕۆمانسی)دا روونمان کردەوە.

ئەم هۆگربوونی سروشتەیە، شێوەی رۆمانسی و رەمزی دەدا بەهۆنراوەکانی کامەران، لە کاتێکدا لە هۆنراوەی (پەنجەی ژیان و رەهێڵە و پەنجەی تەزیو و بووکی لادیٚ و لافاو)دا ئەم حاڵەتە نابینین چونکە لەمانەدا لە سروشت دوور کەوتووەتەوە و چووەتە ناوجەرگەی گەلەوە ڕستێك ژیانی کۆمەڵایەتیمان دەخاتە پێش چاو کە بێگومان لە کوورەی دەروونی خۆیدا جۆشی داون و گیانی هونەری کردوون بەبەردا.

بەڵام خۆ لە هۆنراوەی (دیاری)دا، ئەم پشێویی شێوەی نووسینەمان بەئاشکرا بۆ دەردەکەویٚ. بڕوانن لەلایەکەوە پلار و توانج دەگرێتە رۆمانسییەکان کە دەڵیٚ:

گریانی زۆر، هەناسەی سارد، ئەشکی خوڕ

خورپەی بزێو، نائومێدی کووت و پڕ

(ئەمانەیە و لەمان قووڵتر... دیاریی دڵدار بۆ یارە نازدارەکەی).

بەڵیٚ...! دیاریی دڵدار بۆ یارەکەی، لای ڕۆمانسییەکان ئەمەیە. بەڵام کامەران لەبارەی دیارییەکەی خۆیەوە دەڵیٚ:

نە ئازارە، نە فرمێسکی دڵ و چاو

نە سوێی برین، نە هەڵڕشتنی زووخاو

زۆر جوانە... زۆر جوانە کە دیارییەکەی خۆی ئەمانە هیچیان نەبێ. ئەی ئاخۆ چی بێ؟.

نــەخــتــێ وورشەی ئــێوارانــی خــۆرەتــاو
بـــەسەر پـــەڕەی گـــوڵــێکـــی ئـــاڵا پـــژاو

ئەو پرشنگە وەکو وورشەی نیگای کاڵ
لەسەر رووی تۆ روومەتێك ناسك و ئاڵ

لـەو کـانـیـیـەی، رەنگی بـەشەو، وەك زیـو
دڵــۆپ دڵــۆپ، لــەو شەپــۆلــەی تــەزیــوە

وەك شەونــمــی ئــەو دوو لــێوە، نــاسکــە
کــە پــڕیــەتــی، لــە تــاسە و، لــە تــروسکــە

هـەروا نـەختێك، لـە زەردەخـەنـەی شیرین
هـی دەمی گەش، یان کەلی ئاسمانی شین

داخی گرانم.. ئەو دیارییە نەبوو کە ئێمە چاوەڕێمان دەکرد، سروشت هەمیسان ئیشی لە کامەران تێك دا. دیارییەکەی ئەمیش ناتەواو دەرچوو، بەڵام هەر دوای ئەمەش دەڵێ:

لەم دیارییانە، لای من، کە ڕەنگینتر بێ
یـــا، لـەمـــانـــە، جوانتر، نازەنینتر بێ

بـــەڵـــێنــێکـــە، کـــە شیـــرازەی ژیـــانـــی
مـــن و تـــۆیـــە... هـــۆنـــیـــمـــەوە بـــە جـوانـــی

ئەگەر دیارییەکەی کامەران تەنیا ئەم بەڵێنە و پێویستییەکانی بووایە، هیچ ناتەواوییەکمان نەدەدی.

بەمجۆرە دەبینین کامەران لە هۆنراوەکانیدا، لەبارەی شێوەی نووسینەوە هێشتا بەلایەکدا ساخ نەبووەتەوە و لە بەینی رووداو و رۆمانسی و رەمزیدا ئەمبەر و ئەوبەر دەکات. یاخۆ بەجۆرێکی تری بڵێین: دەیەوێ لەسەر شێوەی رووداو بڕوا و بەڵام هێشتا خۆی لە رۆمانسی و رەمزی پاك نەکردووەتەوە.

ئـیـنـجـا بـا ئـەم بـاسەش جێ بێڵێن و لـە یەکەیتی مـانـا بدوێین لـە هـۆنراوەکانی

کامەراندا. گەورەترین ناکۆکی لە بەینی هۆنراوەی کۆن و نوێدا، یەکەیتی مانایە. لە هۆنراوەی کۆندا کۆت و زنجیر و وەزن و قافیە، دەبنە هۆی کورت و کوێری و پچڕپچڕی ئەو مانایەی شاعیر مەبەستییەتی. لەبەر ئەوە یەکەتییان تێدا نییە بگرە برێتین لە زۆر وێنە و دیمەنی رازاوەی جوان کە تەنیا چوارچێوەیەکی گشتی نەبێ هیچی تر پێکیانەوە نابەستێ. لە کاتێکدا لە هۆنراوەی نوێدا لە سەرەتاوە تا کۆتاییەك بەدوای یەکدا دێن و یەك یەکتر تەواو دەکەن. ئەمەش بەهۆی رزگاربوونییەوە لە کۆت و زنجیری وەزن و قافیە و گوێدانی بەمانا زیاتر لە شێوە. تا ئێستاش زۆر لەوانەی دوورەوپەرێز وەستاون لە هۆنراوەی نوێ، وا دەزانن مەبەست لە خورزگارکردن لە کۆت و زنجیری وەزن و قافیە، واز لێ هێنانیانە بەتەواوی!!.

بێگومان بەهەڵەچوون، چونکە لەبارەی وەزنەوە، هۆنراوەی نوێش هەر لەسەر ئەو (بەحر)انە دەوترێت کە هۆنراوەی کۆنی لەسەر دادەڕێژرێت. بەڵام تەنیا هێندە هەیە، شاعیری نوێ بەئارەزووی خۆی یاری بەو (بەحرانە) دەکات و هەڵیان دەسووڕێنێ وەك لە هۆنراوەی (ئەی کچە شوان)دا، کە پارچەیەکە لە هۆنراوەی رزگارکراو لە کۆت و زنجیری وەزن و قافیە، لەسەر بەحری (هەزەج) دانراوە، بەڵام لە باتیی ئەوەی خۆی ببەستێتەوە بەو کۆتەی، کە ژمارەی (تفاعیلن)، وە لێدانی (الإیقاع) لە هەموو دێرەکانیدا هەر دەبێ بەقەدەر یەك بن، هێناویەتی دێری یەکەمی بەیەك (تەفعیلە) وە دووەمی بەیەکێك و سێیەمی بەدووان و چوارەمی بەیەکێك و... هتد، هێناوەتەوە. لە کاتێکدا لە سنووری ئەو بەحرەش نەچووەتە دەرەوە. ها ئەوەتا دەڵێ:

ئەی کچە شوان = مەفاعیلن.

هەڵاڵەیی = مەفاعیلن.

ئەی کەنیزەی کەژی کوێستان = مەفاعیلن، مەفاعیلن.

بە شێنەیی = مەفاعیلن.

وە هەروەها هۆنراوەی نوێ خۆی لەو کۆتەش رزگار دەکا، کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەر بەیەك قافیە بێتەوە، وە یاخۆ تێهەڵکێش وەیا جووت جووت بگیرێ. بگرە شاعیر بۆی هەیە بەئارەزووی خۆی ئاڵوگۆڕی (تنوع) بەقافیە بکات. هەروەکو کامەران لە (ئەی کچە شوان)دا بەکاری هێناوە، ئەمەش بێگومان هەر بۆ ئەو مەبەستەی پێشووە کە باسمان کرد. یانی ماوەدان بە شاعیر بۆ دەربڕینی ئەو مانایەی

مەبەستییەتی بێ کەموکووڕی و بەیەکگرتوویی.

ئەوەی راستی بێت، وەزن و قافیە دران بەهۆنراوە، بۆ ئەوەی ئاوازێکی کاریگەری تایبەتی بدەنێ. بەڵام لەلایەکی ترەوە، وەنەبێ تەنیا «وەزن و قافیە» بن ئەو ئاوازە بدەن بەهۆنراوە. وەیا بە جۆرێکی تری بڵێین:

وەنەبێ هەموو قسەیەکی بە وەزن و قافیە هۆنراوە بێ. سەیری ئەم دوو دێرە بکەن:

(عین) چاوە، (حاجب) برۆ، (رأس) سەرە، (ركبة) ئەژنۆ، لێرەدا لە «وەزن و قافیە»دا هیچ کەموکوورییەك نابینرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ناشێ پێی بوترێت هۆنراوە، بۆچی؟.. چونکە وشك و پەتییە، یانی نە هەستێکی بەجۆش، یا لێ وردبوونەوەیەکی قووڵ، یا سەرنجێکی تیژ، وەیا وێنە و دیمەنێکی تەڕ و تامداری تێدا نابینین. ئەو باسەی لێی دەدوێ، هۆنراوە لێی بێبەرییە کەوابوو ئاواز و لێدان بەتەنیا لە «وەزن و قافیە»دا نییە، بگرە لە چۆنیەتیی هۆنینەوەی هۆنراوەکەشدایە.

ئێستا دوای ئەوەی شتێکمان لە وەزن و قافیە و یەکەیتی مانا زانی لە هۆنراوەی کۆن و نوێدا، با بگەڕێینەوە سەر یەکەیتی مانا لە هۆنراوەکانی کامەراندا.

هۆنراوەکانی کامەران لەم بارەیەوە هێشتا زۆر ناتەواون، بگرە دەتوانم بڵێم: ئەو هۆنراوانەی لە سروشت و هەستی تایبەتی خۆی دەدوێن، یەکەیتی مانایان بەهیچ جۆرێك تێدا نابینرێ وەکو لە (جوانی بەهار)دا دەڵێ:

بـــەفـــر ئـــەڕژێتـــە گـــۆڕستـــانـــی شاخ
نـــاوێرێ هـــەرگـــیـــز بـــکـــا ئـــاخ و داخ

ئـــاوی قـــەڵـــبـــەزەی سپـــی ڕەنگاوڕەنگ
لـــە گـــەرووی کـــەژا ئـــەیـــکـــا بـــە ئـــاهـــەنگ

وەخـــتـــێ کـــە تـــاقـــگـــە دێتـــە پـــێکـــەنـــیـــن
مـــەلانـــی بـــزێو دێنـــە هـــەڵـــپـــەڕیـــن

ورشەی پـــەڕەی گـــوڵ وەك ورشەی نـــیـــگـــا
بـــلـــبـــلـــی عـــاشق بـــۆی ئـــەبـــێ شەیـــدا

وە هەروەها تا بەدەمییەوە بڕۆی، هەر وێنە و دیمەنی رازاوەی جوانە و خراونەتە پاڵ

یەك، بێ ئەوەی یەك بەیەكەوە (لەحیم) كرابن وەیا وەكو لە (رەهێڵە)دا ئەو باسەی لێی دەدوێ لە هەموو بارەیەكەوە پەسند و جوانە، بەڵام كامەران نەیتوانیوە ئەو مانایەی مەبەستییەتی بەیەكپارچەیی بیخاتە پێش چاومان بگرە هەر بەچەند دیرێك و پارچەیەكی بۆ روون كردووینەتەوە. ئینجا لە مانای گشتیی ئەو پارچانە، باسەكەمان بۆ دەردەكەوێ. سەیر بكەن دەڵێ:

باران ئەچو بەگژ گردا
لافاو لە ناوقەدی پردا

زریك و هۆڕ چرای ڕەنگین
ئەگریان بەتاو ئەلەرزین

ژنی بەژن و باڵا نازدار
ئەیپێچایەوە جادەی شار

پوزی ناسك، كەمەری تەنگ
بەتكی قوڕاو رەنگاورەنگ

كپ و خەمگین و مات و كۆڵان
لە پڕ، هەورێك ئەیزریكان

لێرەدا هەردوو دێر و وێنەیەكی جیاوازمان نیشان دەدەن. لە كاتێكدا لە هۆنراوەی نوێدا هەر دێرێك لەگەڵ ئەوەی پێشوو ئەوی دواییدا ، پێوەندییەكی یەكسەریان پێكەوە هەیە و وەكو وتمان یەك یەكتر تەواو دەكەن.

جا دوو هۆ هەن كامەران دووچاری ئەو پچڕپچڕییە دەكەن لە مانای هۆنراوەكانیدا. ئەو دوو هۆیەش ئەمانەن:

یەكەم: كامەران تا ئێستاش خۆی دەبەستێتەوە بە كۆت و زنجیری وەزن و قافیەوە، لە كاتێكدا توانایەكی تەواویشی هەیە بۆ خۆرزگاركردن لێیان و سەركەوتنیشی مسۆگەرە. بەتایبەتی ئەگەر هەموو هەوڵ و كۆششێكی ئاراستەی ئەم جۆرە هۆنراوەیە كرد. بەڵگەش بۆ ئەمە هۆنراوە رزگاركراوەكانیەتی لەم كۆت و زنجیرە، كە ئەگەرچی خاڵیش نین لە كەموكوڕی بەڵام تارادەیەكی بەرز

تـێیـانـدا سەرکـەوتـووە. وە ئـەو بـەهـانـەیـەی (حـجـة) بـەدەستـیـیـەوەیـەتـی بـۆ خۆرزگارنەکردنی لـەو کـۆت و زنـجـیـرە ئـەوەیـە کـە دەڵـێ «خـوێـنـدەوارانـی کوردەواری هێشتا پێی رانەهـاتوون و نـایگرنە خۆیـان». منیش بۆ وەرام تەنیا ئەم سەرگوزشتەیەی بۆ دەهێنمەوە:

(جارێکیان هونەرمەندێکی یۆنانی کۆن، دەسەڵاتێکی ئەوتۆی دەبێ کە پیاوێك بەگیر دەهێنێ و لە ژوورێکدا دەیبەستێتەوە. ئینجا دێنێ، بەشێوەیەکی زۆر (دڕندانە!!) دەیسووتێنێ و ئەمە بۆ ئەوەی لەو کاتی سووتاندنەیدا، وێنەیەکی دروست بکا. بەڵێ... لە کاتێکدا ئەو کابرا بەستەزمانە قرچ قرچ دەسووتا، ئەم خەریکی دروستکردنی وێنەکەی بوو. مەردمی شارەکە بەم کردەوە جانەوەرییەیان زانی و وروژان و کردیانە ئاژاوە و هەرا. لەبەر کۆشکی هونەرمەندەکەدا گرد بوونەوە و داوای خنکاندنیان دەکرد. بەڵام ئەویش وێنەیەکی کابرای سووتاوی هێنا و بەپێش دەمی کۆشکەکەدا هەڵی واسی. ئیتر مەردمەکە کە چاویان بەوێنەکە کەوت، خنکاندنی هونەرمەندەکەیان لە بیر چووەوە و کەوتنە چەپڵەلێدان (بـا بژی) بۆی!!).

بەم سەرگوزەشتەیە، ئەو بەهـایانەی کامەران بەتاڵ دەکەینەوە و دەڵێین:

لەگەڵ لەدایکبوونی هۆنراوەی نوێدا لە وێژەی کوردیدا، چینێك لایەنگرانیش لە خوێندەوارانی کوردەواری پێك دێنێ وە تا ئەو لە پێشکەوتندا بێ، ئەم چینەش لە پەرەسەندندا دەبێ وە قەت ناشێ ئێمە چاوەڕوان بکەین تا گەلی کورد دەڵێ: «کوا هۆنراوەی نوێ؟» ئینجا ئێمەش بڵێین: «ها.. ئەوەتا!!» نەخێر.. بگرە دەبێ ئێمە بڵێین: «ها ئەوە هۆنراوەی نوێ». ئینجا ئەویش دەڵێ: «کوا هی تریش؟!».

بەمجۆرە کۆت و زنجیری «وەزن و قافیە» تەنگیان بە کامەراندا هەڵچنیوە و بووەتە ئەوەی نەتوانێ یەکەیتی بدات بەمانـای هۆنراوەکانی و بەپچڕپچڕی وە یا کورت و کـوێری لەدایك دەبـن. کـە دەڵـێم: کـورت و کـوێری. سەیـری ئـەم دوو دێرە بکـەن لە هۆنراوەی (لافاو)دا:

مرد، زەردەخەنە و چاوی جوان

مـرد، دوو مـنـاڵـی بـەسەزمـان

لـە دێڕی یـەکـەمـدا، ئـەوپـەڕی وردی و سەرنـج قـووڵـی و هـەست بـەجـۆشیمـان بـۆ دەردەخا، دێڕێ کە تا بڵێی کاریگەر و گەرموگوڕ. بەڵام لە دێڕی دووەمدا، «قـافیە و

وەزن»، بوونەتە بەرهەڵست لە دەربڕینی ئەو لێشاوی هەستە بەجۆشەی کامەراندا. وە ئەو کڵپە و بڵێسەیەی دێری یەکەم دادەمرکێنێتەوە چونکە:

مرد، دوو مناڵی بەسەزمان

دەربڕینێکی ساردوسڕ و وشکە، وە وا دێتە پێش چاو کە تەنیا بۆ هێنانەوەی «وەزن و قافیە» وتراوە.

دووەم: ئەو باسانەی شاعیر لێیان دەدوێ، پێوەندییەکی تەواویان هەیە بە یەکەیتی ماناوە، باس هەیە مل دەدا بۆ یەکەیتی مانا و باس هەیە نەء. با هەر وەکو وتمان: هۆنراوەکانی کامەرانیش ئەوانەی لە سروشت و هەستی تایبەتی دەدوێن، بەزەحمەت مل دەدەن بەیەکەیتی مانا لەبەرئەوەی دەبینین پچڕپچڕی و پەرت و بڵاوییان زۆر بەئاشکرا تێدا دەردەکەوی. وەك : (جوانیی بەهار و دڵی تەنیا و هێلانەی ئارام بەهار و بۆ شاژنە جوانەکە).

ئامانجی هۆنراوەی لەم دەمەیەدا ئەوەیە لە کارەساتێك بدوێ، وە بیر (فکرة)یەك روون بکاتەوە. وە ئەو کارەساتە وەیا ئەو بیرە دەبێ لە یەك قاڵبدا داڕێژرابێ، سفت چنرابێ و پڕ هۆنرابێتەوە، تا یەکپارچە بێ و سەر و بنی لێك جیا بکرێتەوە، وە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە زنجیرە هاتبێتە خوارەوە بەمجۆرە یەکەیتی ماناشی تێدا دەهێنرێتە دی وە تەنانەت هۆنراوە کۆمەڵایەتییەکانیشی ئەگەرچی لە کارەساتێك وە یا بیرێك دەدوێن، بەڵام هێشتا لە مانادا زۆر پتەو نین و پەرت و بڵاویان هەر تێدا دەردەکەوێت وەك لە (ڕەهێڵە)دا باسمان کرد.

کەوابوو هۆنراوەکانی کامەران، لەبارەی یەکەیتی ماناوە، هێشتا ناتەواون وە چارکردنیشی بەستراوە بەخۆڕزگارکردنەوە لە کۆت و زنجیرەی «وەزن و قافیە» و دوورکەوتنەوە لەو باسانەی مل نادەن بە یەکەیتی مانا.

وە دوا ڕەخنەمان لە کامەرانی بگرین ئەوەیە کە وێنە و دیمەن و دەربڕینی لەیەکچوو زۆر دووبارە دەکاتەوە. ئەگەر دووبارەکردنەوەیە هەر جارەی بەمانایەك بێت، هیچ نەنگییەکی تێدا نییە، بەڵام نەنگی لەوەدایە هەر بەیەك مانا بێتەوە. وەك لە (یاد)دا دەڵێ:

قژی نەرمت وەکو تاڵی خۆرەتاو
لەسەر قۆڵ و شانی سپی پەرش و خاو

وە لە (بۆ شاژنە جوانەکە)دا:

ئـەی وەك پـرشنگـی خـۆرەتـاو
پەرچەمی زەردەی نەرم و خاو

وە لە (گریانی خۆش)دا:

لــە پــەرچــەمــی خـۆرەتـاوی
لە دەست و پەنجەی خەناوی

شوبهاندنی پەرچەم و قژی زەردی بە خۆرەتاو، لەو سێ هۆنراوەیەدا بەکار هێناوە و هەر بەیەك ماناش.

وە هەروەها لە (فریشتە)دا دەڵێ:

چاوی کاڵ ئەگەرچی نەرمە
بەڵام نیگای ئێجگار گەرمە

وە لە (گریانی خۆش)دا:

لـە شەپۆلـی نیگای نـەرم
لە دەمی پڕ تاسەی گەرم

وە لە (بۆ شاژنە جوانەکە)دا:

بــاڵای تــۆ گــەردنــی نــەرم
سەرنجی ورد، تاسەی گەرم

وە لە (هێلانەی ئارام)دا:

لار و لەنجەی ورد و نەرم
بـزە و سەرنـجێکـی گەرم

وە یاخۆ وشەی (شۆخ و شەنگ) لە شەش هۆنراوەدا دووبارە دەکاتەوە، بێ ئەوەی هیچ گۆڕینێك بدا بەماناکانیان.

ئەم جۆرە وێنە و دیمەن و دەربڕینە دووبارەکراوانە، وە بەیەك مانا، لە هۆنراوەکانی کامەراندا زۆر دەبینین. ئەمەش بەلای منەوە، لەوەوە هاتووە کە لە بەرهەمهێناندا (الانتاج) لە دەکا. لێرەدا تووشمان دەبێت بەتووشی باسێکی ترەوە، ئەویش ئەوەیە ئاخۆ نووسەر دەبێت هەرچی بەبیردا هات دەری ببڕێت، وەیا باشترینی؟ بێگومان دەبێ باشترین دەربڕێ، نەك هەموو. چونکە هەر بیر (فکرة)یەك کە بەمێشکی ئەو

نووسەرەدا تیٚ دەپەڕێت، تا نەگاتە رادەی گەیشتن (درجة النضوج)، دەربڕینی ناڕەوایە، وە ئەگەر هاتو دەری بڕی، وەك میوەیەكی نەگەیشتووی ترش و تفت دەردەچیٚ. لەبەر ئەوە نووسەر دەبیٚ چاوەڕوانی گەیینی ئەو بیرەی بكا، ئینجا دەری ببڕێت. جا كامەرانیش (هەروەكو خۆی لە پێشەكیی دیوانەكەیدا (دەریدەخا) لە ماوەی ساڵێك و چەنە مانگێكدا تەنیا لەوانەی لە چاپ درابن، نزیكەی (٤٠) پارچە هۆنراوەی بۆ هێناوینەتە بەرهەم. كە ئەمەش بەڵگەیەكە بۆ ئەو پەلەكردنەی.

وە لەلایەكی تریشەوە، دەتوانین بڵێین: ئەو سامانەشی هەیەتی لە (مفردات)دا، نەیتوانیوە و ناشتوانیٚ، ئەم لێشاوی بەرهەمە بگرێتە خۆی، لەبەر ئەوە دووچاری ئەو دووبارەكردنەوەیە دەبێت. هەرچۆنێك بیٚ، ئەوە مەبەستە، كامەران لای ئاشكرا بیٚ پێویستە شاعیر باشترینی ئەو باسانە دەربڕیٚ كە بەبیریدا دێن نەك هەموویان.

ئیتر ئەمجارەش دەیڵێمەوە كە: «كامەران نزیكترین شاعیرمانە لە هۆنراوەی نوێوە لەبەرئەوە پێویستییەكی مێژوویی كەوتووەتە سەرشان و لەسەریەتی چالاكانە جێبەجێی بكات!».